زانکۆی سـۆران
SORAN
UNIVERSITY

# پێگە و تێدامانی وەرگێڕانی کوردی لە وەرگێڕانی جیهانیدا

## چوارەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی سەنتەری هەندرێن بۆ زمان و توێژینەوەی کەلتووری/ زانکۆی سۆران

٢٨- ٢٩ی ئاداری ٢٠٢١

زانکۆی سۆران
SORAN UNIVERSITY

# پرۆگرامی کۆنفرانسی
## پێگە و تێدامانی وەرگێڕانی کوردی لە وەرگێڕانی جیهانیدا
### چوارەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی سەنتەری هەندرێن بۆ زمان و توێژینەوەی کەلتووری/ زانکۆی سۆران

٢٨ - ٢٩ی ئاداری ٢٠٢١

## ڕۆژی یەکەم
٢٠٢١/٣/٢٨

دەستپێکی کۆنفرانس کاتژمێر (٩:٣٠ - ٩:٥٠) بەیانی

مارشی نیشتمانی و مارشی زانکۆ

وتاری سەرۆکی زانکۆ

وتاری لیژنەی باڵای کۆنفرانس

### پانێڵی یەکەم

بەڕێوەبەری پانێل: پ. د. یادگار لەتیف شارەزووری | شوێن: هۆڵی کۆنفرانسی زانکۆ | کات: ٩:٥٠ - ١٠:٥٠

| | | |
|---|---|---|
| پ. ی. د. دڵشاد زاموا | زانکۆی سلێمانی | ئاستەنگەکانی وەرگێڕان و بە کوردی کردنی دەقە مێخییەکان |
| پ. ی. د. شێرکۆ حەمەئەمین قادر | زانکۆی هەڵەبجە | هەڵسەنگاندنێکی زمانی وەرگێڕانە زانستییەکانی بابەتی ( زانست بۆ هەمووان) ی قۆناغی بنەڕەتی |
| د. پەروین عوسمان مستەفا | زانکۆی سۆران | بەرهەمهێنانی زاراوە زمانەوانییەکان لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە |

پشوو ١٠:٥٠ - ١١:٠٠

### پانێڵی دووەم: ئەدەب و وەرگێڕان

بەڕێوەبەری پانێل: د. شێرکۆ حەمە ئەمین | شوێن: هۆڵی کۆنفرانسی زانکۆ | کات: ١١:٠٠ - ١٢:٢٠

| | | |
|---|---|---|
| پ. د. یادگار لەتیف شارەزوری | زانکۆی سەڵاحەددین | چەمك و زاراوەی ڕەخنەی ئەدەبی - لە نێوان سەقامگیری و ناسەقامگیریدا |
| پ. د. پەخشان سابیر حەمەد | زانکۆی سۆران | وەرگێڕانی شیعر لە نێوان داهێنان و ڕەخنەدا (بە نموونەی وەرگێڕدراوی شیعر لە زمانی عەرەبی بۆ کوردی) |
| پ. ی .د. سەنگەر قادر | زانکۆی پۆلیتەکنیکیی هەولێر | بەربەستەکانی بەردەم وەرگێڕانی شیعر لە دیوانی (مرواری- لآلیء - PEARLS) دا |
| م. نێچیروان جاسم وەلی | زانکۆی سەڵاحەددین | وەرگێڕان بۆ منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا _ئەزموونی لەتیف هەڵمەت بە نموونە |

نانخواردن ١٢:٢٠ - ١:٣٠

### پانێڵی سێیەم: ئاستەنگەکانی وەرگێڕان لە کرمانجیدا

بەڕێوەبەری پانێل: د. سەعید فەقێ | شوێن: هۆڵی کۆنفرانسی زانکۆ | کات: ١:٣٠ - ٢:٣٠

| | | |
|---|---|---|
| DR. KENAN SUBAŞI<br>LOKMAN DIREKÇ | ZANÎNGEHA MARDIN ARTUKLU | WERGERA JI EREBÎ BO FELLÎHÎ Û KURDÎ-GERŞÛNÎ DI KOLEKSÎYONA EDUARD SACHAU DE (ÇÎROKA SED Û ŞÊST Û DUYEM A HEZAR Û YEK ŞEVÊ) |
| Dr. Yakup Aykaç | Zanîngeha Mardin Artuklu | Arîşeya Îdîom û Gotinên pêşiyan di wergêra nêv-kulturî da (Mînakên Kurdî/Kurmancî û Turkî) |
| Sami Çeliktaş | Zanîngela Bîngolê | Analîza wergerên Kurmancî Yên Helbestên Abdulla Peşêw li gor stratejiyên wergera Helbestê yên Andre Lefever |

### پانێڵی چوارەم: زمان و کەلتوور

بەڕێوەبەری پانێل: د. دلشاد زاموا | شوێن: هۆڵی کۆنفرانسی زانکۆ | کات: ٢:٣٠ - ٣:٥٠

| | | |
|---|---|---|
| پ. ی. سەلام ناوخۆش | زانکۆی سەڵاحەددین | گۆڕانکاریی زمانەوانی لە وەرگێڕاندا، بە نموونەی (وێرانەخاك)ی تی. ئێس. ئیلیەت |
| م. یادگار ئیسماعیل سەعید<br>م. کۆڤان ڕزگار دۆلەمەری | زانکۆی سۆران | پاراستنی زمانی ڕەسەن لە ڕێگەی وەرگێڕان |
| هەندرێن | زانکۆی سۆران | وەرگێڕان وەک دۆنادۆنێک لە کولتووری جیهانی |
| مەسعوود بابایی | ب. ڕ. هونەری هەڵەبجە | بایەخی وەرگێڕان لە ناسینی توانستی زماندا |

زانکۆی سۆران
SORAN UNIVERSITY

# پرۆگرامی کۆنفرانسی
## پێگە و تێدامانی وەرگێڕانی کوردی لە وەرگێڕانی جیهانیدا
### چوارەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی سەنتەری هەندرێن بۆ زمان و توێژینەوەی کەلتووری/ زانکۆی سۆران
### ٢٨ - ٢٩ی ئاداری ٢٠٢١

**ڕۆژی دووەم (ئۆنڵاین)**

**دووشەممە**

**٢٠٢١\٣\٢٩**

**پانێڵی پێنجەم: وەرگێڕان لە نێوان زمان و ناسنامەدا**

**بەڕێوەبەری پانێل: د. کاروان کاکەبرا** | ئۆنڵاین | کات: ١٠:٠٠ - ١١:٢٠

| | | |
|---|---|---|
| د. مەسعوود بینەندە<br>د. بەیان کەریمی | زانکۆی کوردستان سنە | بێ بنەمایی زمان و ئیتۆسی وەرگێڕان (ڕۆنانی شوناس و بەرهەمهێنانەوەی ئایدۆلۆژی لە وەرگێڕانی کوردیدا) |
| پ. د. عەبدولواحید موشیر دزەیی | زانکۆی سەلاحەددین | پراگماتیک و وەرگێڕانی ئەلکترۆنی لە پەندی پێشینانداا |
| پ. ی. د. شێروان حوسێن حەمەد | زانکۆی ڕاپەڕین | سنووردارێتی وەرگێڕانی نموونە لە بابەتە زمانەوانییەکاندا |
| پ. د. سەیید ئەحمەد پارسا | زانکۆی کوردستان سنە | شرۆڤە و ناسین و لابردنی کۆسپەکانی سەر ڕێگای وەرگێڕانی تێکستە ئەدەبییەکان |

**پشوو ١١:٢٠ - ١١:٣٠**

**پانێڵی شەشەم: وەرگێڕان لە نێوان زمانی کوردی و ئینگلیزیدا**

**بەڕێوەبەری پانێل: م. یادگار ئیسماعیل** | ئۆنڵاین | کات: ١١:٣٠ - ١٢:٥٠

| | | |
|---|---|---|
| Kazi Hassan Saleh<br>Harem Abdullah Majeed | Charmo University<br>Slemani university | The position of translated books and Kurdish books in Iraqi Kurdistan |
| Rfaai Rashid Mohammad | Erbil Polytechnic University | Terminology Problems in Kurdish Translation |
| Ghareeb S. | University of Sulaimany | Gricean Maxims and their Applications in Written Translation: A Pragmatic approach to reach successful communication: Implications for English-Kurdish Translation |
| Dr. Ahmet KIRKAN | Zanîngeh Mardin Artuklu | Eserê ke tercumeyê Zazakî bîyê hetê zanayîşê açarnayîşî nirxnayîş |

**کاتژمێر ١ ڕاپۆرت و ڕاسپاردەکانی کۆنفرانس**

**ZOOM WEBINAR ID: 831 1085 2221**
**PASSCODE: 12345**

هەریمی کوردستان- عیراق
سەروکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیران
وەزارەتی خویندنی بالا و تویژینەوەی زانستی
سەروکایەتیی زانکوی سوران
بەریوەبەرایەتی کارگیری و خویەتی

إقليم كوردستان- العراق
رئاسة مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
رئاسة جامعة سوران
مديرية الادارة و الذاتية

زانكۆی سۆران
SORAN UNIVERSITY

| | | |
|---|---|---|
| Kurdistan Regional Government- Iraq | Ministry of Higher Education & Scientific Research | Presidency of Soran University |

No:
Date:

ژمارە: ٢/٢/ ١٤٣٨
ریکەوت: ١٧/ ٣/ ٢٠٢١ ی زایینی
٢٧/ ١٢/ ٢٧٢١ ی کوردی

## فەرمانی زانکۆیی

**بابەت: پێکهێنانی لیژنە**

بە پێی ئەو دەسەلاتەی پێمان دراوە بڕیار درا بە:

پێکهێنانی لیژنەی بالای چوارەمین کۆنفرانسی نێودەولەتی سەنتەری هەندرین بۆ زمان و توێژینەوەی کەلتوری بە ناونیشانی (پێگە و تێدامانی وەرگێڕانی کوردی لە وەرگێڕانی جیهانیدا) کە لە ڕۆژانی ٢٠٢١/٣/٢٧،٢٨ لە زانکۆکەمان بەڕێوەدەچێت، لەم بەڕێزانەی کە ناویان لە خوارەوە هاتووە:

| | |
|---|---|
| ١. د. محمد علی حسین | سەرۆکی لیژنە |
| ٢. پ. د. یادگار رسول حمدامین | ئەندام |
| ٣. پ. ی. د. هەلمەت بایز رسول | ئەندام |

سەرۆکایەتی زانکۆی سۆران
دەرکردە
Soran University

د. رشدی صمد عثمان
سەرۆکی زانکۆ بەوەکالەت

وێنەیەک بۆ:

- نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی زانکۆ/ بۆزانین. لەگەل ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری کارگێڕی و دارایی/ بۆزانین. لەگەل ڕێزدا.
- فاکەلتیی ئاداب ـ خۆیەتی/ بۆ زانین و کاری پێویست. لەگەل ڕێزدا.
- کارگێری و خۆیەتی.
- سەنتەری هەندرین.
- دۆسیەی کەسی.
- دەرکردە.
- ناوبراوان.

layla

ناونیشان: هەرێمی کوردستان، هەولێر/ سۆران، شەقامی کاوە تەلەفون: ٠٦٦٣٥٠٨٢٨٩ - ٠٦٦٣٥٠٨٢٨٧
per.directorate@soran.edu.iq

هەریمی کوردستان- عیراق
سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیران
وەزارەتی خویندنی بالا و تویژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتیی زانکوی سوران
بەریوەبەرایەتی کارگیری و خوبەتی

زانکوی سـۆران
SORAN UNIVERSITY

إقليم كوردستان- العراق
رئاسة مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
رئاسة جامعة سوران
مديرية الادارة و الذاتية

Kurdistan Regional Government- Iraq | Ministry of Higher Education & Scientific Research | Presidency of Soran University


ژمارە: ٢/٢/ ١٤٣٧
ریکەوت: ١٧ / ٣ /٢٠٢١ ی زایینی
٢٦ / ١٢ /٢٧٢١ ی کوردی

No:
Date:

## فەرمانی زانکۆیی

**بابەت: پێکهێنانی لیژنە**

بە پێی ئەو دەسەلاتەی پێمان دراوە بریار درا بە:

پێکهێنانی لیژنەی زانستی چوارەمین کونفرانسی نیودەولەتی سەنتەری هەندرین بۆ زمان و تویژینەوەی کەلتوری بە ناونیشانی (پێگە و تێدامانی وەرگیرانی کوردی لە وەرگیرانی جیهانیدا) کە لە رۆژانی ٢٠٢١/٣/٢٧،٢٨ لە زانکۆکەمان بەرێوەدەچێت، لەم بەریزانەی کە ناویان لە خوارەوە هاتووە:

١. پ. ی. د. یادگار رسول حمدامین — سەرۆکی لیژنە
٢. پ. د. امیر رفیق عولا — ئەندامی لیژنە
٣. د. زەفەر ئاجار — ئەندامی لیژنە (زانکوی بینگول)
٤. د. کارمند عبدالله حمد — ئەندامی لیژنە
٥. د. پەروین عثمان مصطفی — ئەندامی لیژنە

هەواڵنامەی کتێب

د. رشدی صمد عثمان
سەرۆکی زانکۆ بەوەکالەت

سەرۆکایەتی زانکۆی سۆران ★ دەرگـــردە ★ Soran University

وێنەیەک بۆ:

- نووسینگەی بەرێز سەرۆکی زانکۆ/ بۆزانین. لەگەل رێزدا.
- نووسینگەی بەرێز یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری کارگێری و دارایی/ بۆزانین. لەگەل رێزدا.
- فاکەڵتیی ئاداب ـ خۆیەتی/ بۆ زانین و کاری پێویست. لەگەل رێزدا.
- کارگێری و خۆیەتی.
- سەنتەری هەندرین.
- دۆسیەی کەسی.
- دەرکردە.
- ناوبراوان.

layla

هەریمی کوردستان - عیراق
سەروکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی بالا و توێژینەوەی زانستی
سەروکایەتیی زانکوی سوران
بەریوەبەرایەتی کارگیری و خوێتی

زانکۆی سۆران
SORAN UNIVERSITY

إقليم كوردستان - العراق
رئاسة مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
رئاسة جامعة سوران
مديرية الادارة و الذاتية

Kurdistan Regional Government- Iraq | Ministry of Higher Education & Scientific Research | Presidency of Soran University

No:
Date:

ژمارە: ٢/٢/ ١٤٣٩
ریکەوت: ٣/١٧/ ٢٠٢١ ی زایینی
٢٧٢١/١٢/٢٧ ی کوردی

## فەرمانی زانکۆیی

**بابەت: پێکهێنانی لیژنە**

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە بڕیار درا بە:

پێکهێنانی لیژنەی کارگێڕی و دارایی چوارەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی سەنتەری هەندرین بۆ زمان و توێژینەوەی کەلتوری بە ناونیشانی (پێگە و ئیدامانی وەرگێڕانی کوردی لە وەرگێڕانی جیهانیدا) کە لە ڕۆژانی ٢٠٢١/٣/٢٧،٢٨ لە زانکۆکەمان بەڕێوەدەچیت، لەم بەڕێزانەی کە ناویان لە خوارەوە هاتووە:

| | |
|---|---|
| ١. م. ی. عبدالصمد محمد سعيد | سەرۆکی لیژنە |
| ٢. پ. ی. د. هەژار احمد عبدالغفور | ئەندامی لیژنە |
| ٣. م. ی. شمال عبدالله عبدالله | ئەندامی لیژنە |
| ٤. م. ی. ارسلان رحمان میرزا | ئەندامی لیژنە |
| ٥. م. ی. هێمن کمال مصطفى | ئەندامی لیژنە |
| ٦. ریژوان خورشید فقی | ئەندامی لیژنە |
| ٧. فهد کریم اسعد | ئەندامی لیژنە |
| ٨. شوان محمد علی | ئەندامی لیژنە |
| ٩. ولات محسن محمود | ئەندامی لیژنە |

سەرۆکایەتی زانکۆی سۆران
دەرکردە
Soran University

د. رشدی صمد عثمان
سەرۆکی زانکۆ بەوەکالەت

وێنەیەک بۆ:
- نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی زانکۆ/ بۆزانین. لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری کارگێڕی و دارایی/ بۆزانین. لەگەڵ ڕێزدا.
- فاکەڵتیی ئاداب - خۆیەتی/ بۆ زانین و کاری پێویست. لەگەڵ ڕێزدا.
- کارگێری و خۆیەتی.
- سەنتەری هەندرین.
- دوسیەی کەسی.
- دەرکردە.
- ناوبراوان.

layla

## وتاری سەرۆکی زانکۆ

**ئامادەبووانی بەڕێز**

**میوانانی خۆشەویست**

بە ناوی سەرۆکایەتی زانکۆی سۆران، زۆر بە گەرمی بەخێرهاتنی هەموولایەکتان دەکەم و، زۆر خۆشحاڵین کە بۆ جارێکی دیکەش لەم سەردەمە پڕ تەنگوچەڵەمەیەی کۆرۆنا، توانیمان لە کۆنفرانسێکی زانستی دیکەدا، کۆمەڵێک توێژەر و ئەکادیمی کورد لە ناوەوەو دەرەوە، لە دەوری یەک کۆبکەینەوە، تا تیشک بخەینەسەر بابەتێکی دیار و گرنگی دنیای کولتوور و رۆشنبیری کۆمەڵگەکەمان. هیوام وایە هەموو لایەکتان سەلامەت و دوورە بەڵا بن و، کاتێکی بەسوود و پڕ لە گەنگەشەی بایەخدار بەسەر ببەن.

هێژایان

ئەگەرچی لە دنیای زانستدا، هەر بابەتێک شیاویی ئەوەی تێدا سەرنجی تایبەتی بخرێتە سەر، بەڵام بێگومان بە سەرنجدان لە بڕگە جیاوازە مێژووییەکان و، هەلومەرجە کۆمەڵایەتی، دەروونی، ئابووری و سرووشتییەکان، هەندێک بابەت رەنگە زیاتر لەوانی تر، پێویست بێ بهێنرێنە رۆژەڤەوە. ئێستای کۆمەڵگەی کوردی، ئێستایەکی ئاوس بە گۆڕانکاری و دابڕانی مێژوویی و مەعریفییە، کە تێیدا تاکی کورد، دەیەوێ بوونی خۆی وەک بکەر لە ناو کایە جیاوازەکاندا نیشان بدا و، خۆی بناسێنێ. وەرگێڕان کە پرسی سەرەکی ئەم کۆنفرانسەیە، بە سەرنجدان لەو پێگەیەی کە لە مێژووی رۆشنبیری، کولتووری و زانستی نەتەوەکاندا هەیەتی، بابەتێکی گرنگی هەنووکەییشە بۆ کۆمەڵگەکەمان، کە دەتوانێ رۆڵێکی گرنگ بگێڕی لە گەیشتن بەو ئامانجەی باسمانکرد. بەڵێ وەرگێڕان، یەکێکە لە گرنگترین ئەو بوارانەی کە دەتوانێ ئاسۆی بیرکردنەوەی تاکی کورد، لە رێڕەوی گەڕان بە دوای ناسنامەی خۆی و بەدیهێنانی ئەو دابڕانە مێژوویی و مەعریفییەدا، کە پێویستییەتی، فراوانتر و بەرهەمدارتر بکات.

بەڕێزان،

رەنگە هەموومان کەم و زۆر لەسەر ئەوە کۆک بین، کە بە خۆشییەوە پرۆسەیەکی بڵاوی وەرگێڕان لە کۆمەڵگەکەماندا لە ئارادایە. بەڵام بەداخەوە لە هەموو بوارەکاندا هاوسەنگ نییە و، هەڵگری کێشەی زۆریشە لە رووی چەندی و چۆنییەوە و، بەمەش تێگەیشتنێکی هەڵەی لەسەر توانستی زمانی کوردی بۆ مامەڵە لەگەڵ وەرگێڕان لە بوارە جیاوازەکان درووستکردووە. وەرگێڕان تەنیا بریتی نییە لە هونەر و زەوق و سەلیقە، بریتی نییە لە زانست و بوارێکی پسپۆڕی، بریتی نییە لە زمانزانین و زمانەوان بوون، بریتی نییە لە شارەزا بوون لە زانست و بوارێکی دیاریکراو، بەڵکو بریتییە لە تێکڕای ئەوانە پێکەوە. بۆیە بەڕاستی وەرگێڕان ئەرکێکی قورسە. ئەم قورسییە بە مانای پاساو بۆ ئەنجامنەدان و ترساندن نییە، بەڵکو بە مانای هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی هەستیاریی و ئیلتزامێکی ئەخلاقی و پیشەییە لای وەرگێڕ، تا بە باشترین ئاست و بە رەوانترین زمان و بە شارەزایانەترین شێوە، بتوانێ ئەرکی گواستنەوەی ئایدیا و بیرەکان بگرێتە ئەستۆ و، دواجار ئەو رۆڵەی کە پێویستە لە بەدیهێنانی گەشەی کۆمەڵایەتی و کولتووریی، بەدیبێنێ. لەم رێگایەوە شوێن و پێگەی هەر هزرێکی داهێنەر، ئیتر لە هەر نەتەوەو زمانێک بێت، دەردەکەوێ .رەنگە ئەمە وێنەی زۆرێک لەو کێشە و کەموکورتیانەمان بۆ بنەخشێنێ، کە بەداخەوە هەنووکە لە پانتایی وەرگێڕانی کوردیدا هەن.

ئێستاش کۆمەڵگەکەمان کە بڕیاری داوە هەنگاو بۆ پێشەوە بهاوێ و لە دنیایەکی فراواندا بە دوای خەونەکانیدا بچێ، بێ ئەملاو ئەولا پێویستی بە وەرگێڕانە. بەڵام وەرگێڕانێک کە ببێتە سەرمایەیەکی

فكری بۆمان، نەک هۆكارێک بۆ تێكدانی زمان و تایبەتمەندییە زمانییەكانمان، كە دواجار كاریگەری لەسەر هزرین و تێگەیشتنمان دەبێ. ئەمەش پێویستی بە شرۆڤە و گەنگەشەی زانستی هەیە، تا سنوورەكانی وەرگێڕان و تایبەتمەندییەكانیی، بە دونیابینییەكی زانستی و بە سەرنجدان لە یاسا زمانییەكانی زمانەكەمان و، هەروەها بە ئاگاداربوون لە بوارە پسپۆڕییە جیاوازەكان و رەهەندەكانی زاراوەسازی و، چۆنیەتی مامەڵە كردن لە دەقە زانیارییەخشەكان لە لایەک و دەقە ئەدەبییەكان لە لایەكی تر، بخاتەڕوو و، بەمەش ئاسۆی وەرگێڕانێكی كاریگەر لە بیاڤی كولتووری كۆمەڵگادا، روونتر بكات. هیوادارین ئەم كۆنفرانسە زانستییە، ببێتە هۆكاری بەرچاوڕوونی زیاتر سەبارەت بە وەرگێڕان و رەهەندە جیاوازەكانی.

لە كۆتاییدا، جێی خۆیەتی زۆر سوپاسی سەنتەری هەندرێن بۆ زمان و توێژینەوەی كولتووری بكەم، بۆ خەمخۆری و ماندوونەناسییان، لە هێنانە بەرباسی ئەم پرسە گرنگە و رێكخستنی ئەم كۆنفرانسە. هەروەها زۆر سپاس بۆ هەموو ئێوە توێژەرانی ئازیز لە ناوەوەو دەرەوە، كە بە ئەركی زانستی خۆتان هەستان و، بوونتان بە كۆنفرانسەكە بەخشی.

**زۆر سوپاس بۆ گوێگرتن و ئامادەبوونتان**

**٢٠٢١/٣/٢٨**

**د. مصلح مصطفی**

**سەرۆكی زانكۆی سۆران**

**بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان**

**ئامادەبوونی خۆشەویست.... توێژەرانی بەڕێز**

بە ناوی لێژنەی باڵای کۆنفرانسەوە، بۆ چوارەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی سەنتەری هەندرێن بۆ زمان و توێژینەوەی کەلتووری بە ناونیشانی (پێگە و تێدامانی وەرگێڕانی کوردی لە وەرگێڕانی جیهانیدا) بەخێرهاتنتان دەکەن، خۆمان بەخۆشحاڵ دەزانین، سەرباری هەموو ئەو کۆسپ و ئاستەنگانەی کە ڕووبەڕومان دەبنەوە، ناوەستین و کاروانی زانسیتی درێژەی هەیە. بە مەبەستی چالاکردنی بەشی وەرگێرانی سەنتەری هەندرێن، کارنامەیەک بۆ پرسی وەرگێڕان ئامادەکراوە. لە دەستپێکی ئەو کارنامەیەشدا کۆنفرانسێکی بۆ پرسی وەرگێڕان بە ئامانجی ڕۆڵبینینی ناوەندە ئەکادیمییەکان بە پێویست زانیوە، بەتایبەتی لەو دۆخەی ئێستاماندا کاری ئەکادیمی بۆ ئەو شەپۆلە بەرفراوانەی ڕاگەیاندن گرنگی خۆی هەیە. دەتوانێت لەهەمبەر ئاڵناگاریی و پێویستییەکانی وەرگێڕان هەڵوەستە بکات. بەو تێگەیشتنەوە وەک پێویستییەک لە قۆناغی ئێستاماندا، وەرگێڕان لە کوردستاندا دەتوانێت ڕۆڵێکی گرنگی ئەو شەپۆڵە کەلتوورییە ببینێت، کە جیهان بناسێت و خۆشی بە جیهان بناسێت. لە سۆنگەی هەستکردن بەو بەرپرسیارییەتییە لە قۆناغەکانی داهاتوودا، پەیڕەوکردنی هەنگاوەکانی کارنامەی کاری وەرگێڕان، لە سەنتەری هەندرێن بە شێوازی جۆراوجۆر درێژەی دەبێت.

ئامادەبوونی بەڕێز...

لە کۆنفرانسی (پێگە و تێدامانی وەرگێرانی کوردی لە وەرگێڕانی جیهانیدا) لە کۆی (٣٣) توێژنەوەی پێشکەشکراو، (٢٢) توێژینەوە بۆ پێشکەشکردنی سمینار پەسەند کراون. ئەو توێژینەوانی کە پێشکەش دەکرێن، لە چوارچێوەی ڕاگەیاندنی تەوەرەکانی کۆنفرانس دان. توێژینەوەکان زیاتر خۆیان لە چوارچێوەی ئاستەنگ و چارەسەرییەکان و پێویستییەکانی وەرگێڕان وەک شوناسێکی کەلتووری بە پێویست زانراون. ئەو توێژینەوانە دەتوانن کەلێنێک بۆ ئەو ئاستەنگ و ئاڵانگارییانەی وەرگێڕان ببین، کە ئەمڕۆ وەرگێڕان لە د ەرووەی زمان و هونەر و ناسنامە و کەلتوور زیاتر وەک بازاڕکرن ڕەواجی پێدەدرێت و مامەڵەی پێوە دەکرێت.

بە پێویستی دەزانم بە ناوی لێژنەی باڵای کۆنفرانسەوە دەستخۆشی و بۆ بەدەنگەوە هاتنی ئەو توێژەرانە بکەین، کە لەو پرسەدا هاوکار و هەماهەنگ بوون، لە ناو ئەو سەختییانەی ڕۆژگاردا هزر و هێزی قەڵەمەکەیان هێشتا بە بڕشتە و کاری زانستی و بەرهەمیان دەڕسکێت. لێژنەی باڵا و لێژنەی زانستی کۆنفرانس، بە پشودرێژییەوە مامەڵەی لەگەڵ ئەو دۆخەدا کردووە، بەتایبەتی خواست و ئارەزووی بەشداربوونی توێژەرانی بۆ ئامادەبوون یان پێشکەشکردنی توێژینەوە سەرپشک کردووە، بەجۆرێک کۆنفرانس لەو دۆخەدا نەبێتە مای نیگەرانی. ئەمڕۆ چوار پانێڵ لە ناو هۆڵی کۆنفرانس ڕووبەڕوو پێشکەش دەکرێن و سبەینێش دوو پانێڵ بە ئۆن لاین پێشکەش دەکرێن.

دووباره بەخێرهاتنی توێژەرانی ئامادەبووی پانێڵەکانی ئەمڕۆ دەکەین، سوپاس بۆ ئە و توێژەرانەش کە خۆیان بۆ پانێڵەکانی ئۆن لاین ئامادەکردووە، بەت ایبەتی زۆر خۆشحاڵین بۆ ئامادەبوونی میوانانی باکووری کوردستان کە ئەمشەو بە زەحمەتیی ڕێگاوە گەیشتە ماڵی دووەمی خۆیان، سۆرانی باشووری کووردستان.

بەهیواین کاروانی زانستی باشتر و باشتر درێژەی هەبێت، کۆنفڕانسی (پێگە و تێدامانی وەرگێڕانی کوردی لە وەرگێڕانی جیهانیدا) کارەکانی بەپێی پلانی بۆ دانراو بەسەرکەووتووی بەڕێوە ببات.

سوپاس بۆ هەموو لایەک

هەڵمەت بایز

بەرپرسی سەنتەری هەندرێن بۆزمان و توێژینەوەی کەلتووری/ زانکۆی سۆران

## توێژینەوەکان


ئاستەنگەکانی وەرگێڕانی دەقە مێخییەکان بۆ سەر زمانی کوردی ..... 1

هەڵسەنگاندنێکی زمانی وەرگێڕانە زانستییەکانی بابەتی (زانست بۆ هەموان)ی قۆناغی بنەڕەتی پۆلی حەوت وەک نموونە ..... 27

بەرهەمهێنانی زاراوە زمانییەکان لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە ..... 48

سەقامگیری و ناسەقامگیریی چەمك و زاراوەی ڕەخنەی ئەدەبی لەناو پرۆسەی وەرگێڕاندا ..... 68

وەرگێڕانی شیعر لە نێوان داهێنان و ڕەخنەدا -بە نموونەی شیعری وەرگێردراوی عەرەبی بۆ کوردی ..... 83

بەربەستەکانی بەردەم وەرگێڕانی شیعر، دیوانی (مرواری) بە نموونە ..... 108

وەرگێڕان بۆ منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا ..... 133

_ئەزموونی لەتیف هەڵمەت بە نموونە_ ..... 133

WERGEREKE JI EREBÎ BO FELLÎHÎ Û KURDÎ-GERŞÛNÎ DI KOLEKSÎYONA EDUARD SACHAU DE (ÇÎROKA SED Û ŞÊST Û DUYEM A HEZAR Û YEK ŞEVÊ) ..... 153

Kêşeya Wergera Îdyom û Gotinên Pêşiyan (Mînakên ji Kurdî û Tirkî) ..... 179

ANALÎZA WERGERÊN KURMACÎ YÊN HELBESTÊN ABDULLA PEŞÊW LI GOR STRATEJIYÊN WERGERA HELBESTÊ YÊN ANDRE LEFEVERE ..... 195

گۆڕانكاریی زەمانەوانی و كلتووری لە وەرگێڕاندا، بە نموونەی "وێرانە خاكی" تی. ئێس. ئیلیەت ..... 217

Preservation of Native Language through Translation ..... 241

بێبنەمایی زمان و ئیتۆسی وەرگێڕان ..... 257

پراگماتیک و وەرگێڕانی ئەلەکترۆنی لە پەندی پێشیناندا ..... 284

سنووردارێتیی وەرگێڕانی نموونە لە بابەتە زمانەوانییەکاندا ..... 298

The Position of Books Written in Kurdish versus Books Translated into Kurdish in the Framework of Polysystems Theory ..... 314

Difficulties in Translating Technical Terminology from English into Kurdish ..... 324

Gricean Maxims and their Applications in Written Translation: Implications for English-Kurdish Translation ..... 357

ZAZAKÎ DE AÇARNAYÎŞ ..... 376

وتارەکان ..... 388

بایەخی وەرگێڕان لە ناسینی توانستی زماندا ..... 388

وەرگێڕان وەک دۆنادۆنێک لە کلتووری جیهانی ..... 401

# ئاستەنگەکانی وەرگێڕانی دەقە مێخییەکان بۆ سەر زمانی کوردی

پ.ی.د. دڵشاد عەزیز مارف زاموا

بەشی شوێنەوارناسی-زانکۆی سلێمانی

dlshadazamua@gmail.com/dlshad.marf@univsul.edu.iq /009647501111340

**پوختە:**

وەرگێڕان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر کارێکی ئاسان نییە، بەهەمان شێوە ئەگەر وەرگێڕان لە زمانێکی مردووەوە بۆ زمانێکی زیندوو بێت ئەوە کارێکی سەختترە. ئەگەر لە ئێستا و داهاتوودا وەرگێڕان لە زمانێکی زیندوو بۆ زمانێکی زیندووی تر لە ڕێگەی ئامراز و ئامێرە ئەلیکترۆنییەکانەوە بکرێت و پێویستیمان بە وەرگێڕ وەک پسپۆڕی و پیشە نەمێنێت، ئەوا هەر پێویستمان بە وەرگێڕ و پسپۆڕی وەرگێڕانی دەقە مێخییەکان و ئەو زمانە مردووە جیاوازانەی کە ئەم دەقانەی پێ تۆمارکراون دەبێت، ئەمە جگە لەوەی میراتێکی تۆمارکراوی هەزاران ساڵەی باپیرانی خەڵکی ئەم ناوچەیەن و زیاتر لە سێ هەزار ساڵ نووسینی سەرەکی خەڵکی ئەم ناوچەیە بووە، بێگومان وەرگێڕی ئەم دەقە کۆنانە ئاستەنگی زۆریان لەبەردەمدایە، نەک تەنها بۆ زمانی کوردی بەڵکو بۆ هەموو زمانە زیندووەکانی جیهان، چونکە ئەو زمانانەی کە ئەو دەقە مێخییانەیان پێ تۆمارکراون ئێستا زمانی مردوون و هیچ کەسێک لە جیهاندا پێیان نادوێت.

لەم توێژینەوەیەدا جگە لە خستنەڕووی کورتە باسێکی چیرۆکی وەرگێڕان و خوێندنەوەی خەتی مێخی و ئەو زمانە کۆنانە، هەروەها باس لەو ئاستەنگانە دەکەین کە لە وەرگێڕان و لێکدانەوەی ئەو دەقە کۆنانەدا دێنەڕێی توێژەران، دەکرێت دەربڕینەکان ڕێکبخرێنەوە؟ ناوی شوێن و کەسەکان و پاشگر و پێشگر لە زمانە کۆنەکاندا چۆن بۆ توێژینەوەی ناوە نوێیەکان سوودیان دەبێت؟ چۆن کار لەسەر وەرگێڕان و زاراوەسازیی ئەو زمانە مردووانە بکەین، چۆن ئەدەبیاتی کۆن وەربگێڕین و لە زمانی کوردیدا دایانبڕێژینەوە؟

**وشە کلیللەکان:** وەرگێڕان، نووسینە مێخییەکان، زمانی کوردی، زمانە مردووەکان.

**پێشەکی**

نووسینی مێخی لە نووسینی وێنەییەوە گەشەی کردووە، شوێنەوارناسان ئەم نووسینەیان ناوناوە مێخی، چونکە گۆشەی هێماکانی وەک مێخ و بزمار دەردەکەون. ئەم نووسینە کۆنترین جۆری نووسینە

لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، سەرەتاکانی لە میسۆپۆتامیا لە شاری ئوروک (وەرکا)ی سۆمەری، و لە شاری ناگار (تل براک) لە خۆرئاوای کوردستان، و جەبەل عەرودا لە نزیک حەلەب و شاری سوسەی عیلامییەکان نموونەی هاوشێوە و هاوسەردەمی دۆزراوەتەوە، سۆمەرییەکان ئەم نووسینەیان لە نووسینێکی وێنەییەوە گەشەپێدا بۆ نووسینی مێخی و زمانی خۆیان پێنووسیەوە، دواتریش بۆ ماوەی زیاتر لە سێ هەزار ساڵ 3500 پ. ز. تا 75 ز. چەندین زمانی کۆن بەم خەتە دەقی نووسینەکانیان تۆمارکردووە وەک زمانی ئەکەدی (هەردوو شێوەزاری بابلی و ئاشووری)، زمانی خوریی، زمانی عیلامی، زمانی حیتی (حثی)، زمانی لوڤی/لووی، زمانی ئورارتی، زمانی فارسی (تێکەڵ لە میدی) کۆن و ئەلفوبێی مێخی کە خورریەکان دایانهێنا، و نووسینی مێخی لە ناوچەیەکی فراوانی خۆرهەڵاتی کۆندا بەکارهێندراوە لە میسۆپۆتامیا و زاگرۆس و ئێران و ئەنادۆڵ و وڵاتی شام و ئەرمینیا و وڵاتانی کەنداو و میسر و تەناتە هەتا قەندەهاری ئەفغانستان بەکارهێندراوە (دەڕواندرێتە نەخشەی ژمارە 1).

نووسینی مێخی هەر لە سەردەمی سۆمەری کۆنەوە هەتا کۆتاییەکانی هەزارەی یەکەمی پ. ز. وەک خەتێک بۆ تۆمارکردنی چەندین زمان بەکارهێندرا، لەو شوێنەی کە دەستپێکرد لە شاری ئوروک و وڵاتی سۆمەر، هەر لەوێش کۆتا دەقە مێخییەکان لە 75 پ. ز. تۆمارکران. شوێنەوارناسان ئەم نووسینەیان ناوناوە نووسینی مێخی، چونکە گۆشەی چەقینی قامیشەکە بۆ نووسینی هێماکان لەسەر تابلێتە قورینەکان بەشێوەی سەرە مێخ و سەرە بزمار دەردەکەوێت. کۆنترین نووسینی مێژووە لە جیهاندا و لە نووسینی وێنەییەوە گەشەی کردووە، نووسینەکە ئەلفبێیی نییە، لە زیاتر لە 500 هێما پێکهاتووە، پاشان کورتدەکرێتەوە بۆ نزیکەی 300 هێما (دەڕواندرێتە وێنەی ژمارە 1). ئەو خەتە بۆ نزیکەی دوو هەزار ساڵ پشتگوێخرا و کەس بە نووسینی مێخی نەیدەنووسی و کەسیش ئەم خەتەی بۆ نەدەخوێندرایەوە، هەتا لە سەدەی نۆزدەدا دووبارە هەوڵدرا بۆ خوێندنەوەی ئەم نووسینە مێخییانە (بۆ زیاتر زانیاری دەربارەی مێژووی ڕێنووسە کۆنەکان و پێشکەوتنی نووسینی مێخی دەڕواندرێتە: مارف زاموا، 2020، ل.97-110).

هەواڵنامەی کتێب




نەخشەی ژمارە 1: سنووری بڵاوبوونەوەی بەکارهێنانی دەقە مێخییەکان و ئەو زمانە جیاوازانەی پێیان نووسراوە. (ئامادەکردنی توێژەر).



وێنەی ژمارە 1: لەبەرگرتنەوەیەکی نوێی سەرەتای نامەیەکی کوواریێ فەرمانڕەوای شاری شوشەڕرا(گردی شمشارە لە دەشتی بتوێن)، کە لەلایەن ئەم فەرمانڕەوا خورریییەوە بە زمانی ئەکەدی نووسراوە. لەم نموونەی نووسینەدا دەبینین چۆن هێماکان گۆشە تیژەکانی دەستپێکی نووسینیان مێخی دەرچووە. (لەبەرگرتنەوە و وێنەگرتنی ئەم دەقە مێخییە لەلایەن شوێنەوارناس زۆزک نوری ئەنجامدراوە).

## 1.یەکەم هەوڵەکانی خوێندنەوەی نووسینە مێخییەکان

لە دوای ئەوەی لە 75 پ. ز. کۆتا دەقە مێخییەکان لە شاری ئوروک و ئەو شارانەی تری باشووری مێسۆپۆتامیا لە سەردەمی یۆنانی و ئەشکانییەکاندا نووسران. (الجميلي، 2005، ص93) ئیدی نووسینی مێخی پشتگوێخرا و بۆ ماوەی دوو هەزار ساڵێک کەس نە پێی دەنووسی و نە دەیخوێندەوە، و لە جێگەی ئەو نووسینە نووسینی ئەلفوبێی ئارامی کە بە درێژایی هەشت سەدە لە سەدەی هەشتەمی پ. ز. ەوە لە مێسۆپۆتامیا و زاگرۆسدا شانبەشانی نووسینی مێخی بەکاردەهێندرا، هەروەها ئەلفوبێی یۆنانی لە دوای هاتنی ئەسکەندەرەوە، و ئەلفوبێی ئەشکانی و پەهلەوی ساسانی کە لە ئارامییەوە گەشەیان کرد جێگەی نووسینی مێخییان گرتەوە. (مارف زاموا، 2020، ل.97–110)

گەریدەی ئیتاڵی پیترۆ دیلا ڤالێ، یەکەم گەریدەی خۆرئاوایی بوو لە گەشتەکەیدا بۆ بابل لە سەدەی 17 زاینیدا ئاماژەی بە نووسینە مێخییەکان کردووە، کە لەسەر خشت و دیوارەکان نووسراونەتەوە و نموونەی ئەو خشتانەی لەگەڵ خۆیدا بردەوە. (بوتيرو، 1990،ص59) بەڵام توێژەری ئەم توێژینەوەیە ساڵانێک لەمەوبەر بۆی دەرکەوت کە یەکەم کەس ئاماژەی بەم نووسینە مێخییانە کردبێت ئەحمەد ئەلقەلقەشەندی لە کتێبەکەیدا (**صبح الأعشى**) ئاماژەی بە نووسینەکانی پاشایانی ئورارتی لە سەر میلەکانی کێلەشین و تۆپزاوە دەکات و دەڵێت:

*لەسەر چیاکە سێ میلی بەردینی لێبوو، درێژی هەر یەکێکیان 10 لەپی دەست دەبوو، پانییەکەیان 7 لەپی دەست دەبوو، لە بەردێکی سەوزباو دروستکرابوون. لەسەر هەر یەکێکیان نووسینێک هەڵکەندرابوو، بە تێپەڕینی کات سڕدرابووەوە. (خەڵکی ناوچەکە) دەڵێن ئەو میلە بەردینانە بۆ ئەوە چەقێندراون لەوێدا تا چیرۆکی ئەوانە بگێڕنەوە کە بە هۆی بەفر و سەرماوە لە هاویندا لەوێ مردوون. ئێستا زەرزاییەکان لەوێ لە دامێنی چیای جەنجەرەین (خەنجەرەین) ئێشکگرانە وەردەگرن و پاسەوانی دەکەن".* (القلقشندي، ج.4، ص 376 )

لە ساڵی 1775ز. نیبوەر لە نووسینە مێخییەکان وردبووەوە و لە هێما جیاوازەکانی ڕوانی، ئەو پێی وابوو بە سێ شێوازی جیاواز نووسراون. لە ساڵی 1802ز. گرۆتفند توانی نووسینێکی شاهانەی مێخی پێرسیپۆلیسی پایتەختی هاخامەنشییەکان لە باشووری ئێران وەک هەوڵێکی سەرەتایی بخوێنێتەوە. (بوتيرو،1990، ص 77–80)

لە سەرەتای چلەکانی ساڵانی سەدەی 19ی زاینیدا ئەفسەری بەریتانی هێنری ڕاولینسۆن خولیای خوێندنەوەی نووسینە کۆنەکانی مێسۆپۆتامیا و زاگرۆسی کۆنی هەبوو. گەشتێکی لە دەشتەکانی مێسۆپۆتامیاوە بۆ چیاکانی زاگرۆس دەستپێکرد و سەردانی ناوچەکانی ڕواندز و شنۆی کرد و لە

هەواڵنامەی کتێب

دەربەندی کێلەشیندا هەوڵی کۆپیکردنی نووسینە مێخییەکەی کێلەشینی دا، بەڵام دواتر تێگەیشت کە ئەم نووسینە گرانە بۆ کارێکی لەو جۆرە، لەبەرئەوە ڕوویکردە چیای بێستون لە خۆرئاوای کرماشان، ڕاولینسۆن چەند جارێک هەوڵیدا کە نووسینە مێخییەکەی پاشا داریوش (دارا)ی یەکەم کە بە سێ زمانی جیاواز و بە خەتی مێخی لەسەر ڕوویەکی بەرزی چیاکە تۆمارکرابوون لەبەربگرێتەوە (کۆپی بکات)، بەڵام جارێکیان پێی خزا و خەریک بوو ژیانی تێدابچێت، لەبەرئەوە هەوڵێکی زۆریدا لەگەڵ چەندین هۆز و کەسایەتیی کوردی ناوچەکە کە هاوکاری بکەن، بەڵام ئەوانیش هاوکارییان نەکرد، تا دواجار کوڕە کوردێکی هەرزەکاری شوان دەبینێت، و ڕازی دەکات کە بە گوریس شۆڕی بکاتەوە بۆ ئەوەی نووسینە مێخییەکان لەبەربگرێتەوە و قەڵەم و کاغەزی دەداتێ و فێری دەکات کە چۆن نووسینە مێخییەکان بنووسێتەوە، بەم شێوەیە ڕاولینسۆن یەکەم کۆپی نووسینە سێ زمانییەکەی بێستون کە بە زمانی ئەکەدی (دیالێکتی بابلی)، زمانی عیلامی، زمانی فارسی کۆن(کە تێکەڵەیەک بوو لە زمانی میدی و فارسی)، ڕاولینسۆن کۆپیکراوی ئەو نووسینەی بردەوە ئینگلستان و هەوڵی خوێندنەوەی دا، بە تایبەت کە فارسییە کۆنەکە ئاسانتر بوو و هێمای ناوە دووبارەکان زوو دەناسرانەوە، بەو شێوەیە یەکەم هەنگاوەکانی خوێندنەوەی خەتی مێخی دەستپێکرد. پاشماوەیەک ژمارەیەک توێژەری ئەورووپی و ئەمریکی هەوڵیاندا برەو بە خوێندنەوەی نووسینە مێخییەکان بدەن، لەبەرئەوە بواری خوێندنەوەی نووسینە کۆنەکان کە بە خەتی مێخی نووسراوە ناونرا ئاشووریناسی (Assyriology)، چونکە لە هەمان ئەو کاتەی کە ڕاولینسۆن سەرقاڵی لەبەرگرتنەوەی نووسینەکانی بێستون بوو( Rawlinson, 1866). لەم کاتەدا هێنری لایاردی بەریتانی لە نەینەوا سەرقاڵی هەڵکۆڵین و گەڕان بوو بە دوای شوێنەوارە دەگمەنەکانی کۆشکەکانی پاشایانی ئاشووریدا، بەو شێوەیە سەرەتا زیاتر گرنگی بە ئاشوورییەکان درا، و بەو شێوەیە لە ساڵی 1857 زاینی کۆمەڵەی ئاسیایی شاهانە لە لەندەن ڕاولینسۆن و سێ زانای تری ڕاسپارد بۆ خوێندنەوەی دەقێکی مێخی کە تازە لە شارەکانی باشووری مێسۆپۆتامیا دۆزرابووەوە و ئەوان لەوەوپێش نەیانبینیبوو، ئەو چوار زانایە توانییان هەر یەکێکیان بە جیا خوێندنەوەیەکی نزیک لەوەی تریان پێشکەش بکەن، لەبەرئەوە خوێندنەوەی نووسینی مێخی ڕاگەیەندرا. (بوتیرو، 1990، ص59-60)

پاش ماوەیەک لە دۆزینەوەی نووسینی مێخی زیاتر لە شوێنەوارەکانی باشووری مێسۆپۆتامیا دەرکەوتن کە هەندێک لە نووسینە مێخییەکان بە زمانێکی کۆنتر نووسرابوون، بەڵام نەدەزاندرا ئەو زمانە چ زمانێکە، تەنانە ئەمە بووە هۆی گفتوگۆی چڕ لە نێوان توێژەرانی ئەو بوارەدا، و تۆرۆدانجنی پسپۆڕی نووسینە مێخییەکان باسێکی سەرنجڕاکێشی ئەم کێشمەکێشەی نێوان توێژەرانمان بۆ دەگێڕێتەوە، کاتێک لە ڕۆژێکی باراناویدا دوو توێژەر لە ڕێگەیان بۆ زانکۆیەکی ئەورووپی هەریەکەیان چەترێکیان هەڵکردووە و پێکەوە بەرەو ناو زانکۆ دەڕۆن و گفتوگۆیانە دەربارەی خوێندنەوە و

وەرگێڕانی دەقێکی مێخی، یەکێکیان سووره لەسەر ئەوەی کە ئەم نووسینەش تەنها بە زمانی ئەکەدی (بابلی-ئاشووری) نووسراوە، بەڵام ئەوی تریان دڵنیایە لەوەی کە ئەمە نووسینێکە بە زمانێکی جیاوازتر نووسراوە، لە کۆتاییدا نەگەیشتنە ئەنجام و هەر لەبەردەم زانکۆ بووە شەڕیان و بە چەترەکانیان لەیەکتریان دەدا. (بوتیرو، 1990، ص86) خۆشبەختانە دواتر توانرا ئەو زمانە کۆنەش بناسرێتەوە و دەربکەوێت کە زمانی سۆمەرییە، و کۆنترین زمانە کە بە خەتی مێخی نووسرابێت.

نووسینە مێخییەکان شێوەیان جۆراوجۆرن و هێماکانیان بە درێژایی سێ هەزار ساڵ لە بەکارهێنانی ئەو نووسین و هێمایانە گۆڕانکاریی زۆریان بەسەردا هاتووە، بە جۆرێک کە بە سانایی ناتواندرێت بەیەکتر بەراورد بکرێن. ئەمە جگە لەوەی ئەو گرووپە زمانانەی کە ئەم خەتەیان پێنووسراوە دەکرێت دابەشبکرێن بەسەر سێ گرووپی سەرەکی وەک **زمانە هەرە کۆنەکان** (سۆمەری، عیلامی، خورری و ئورارتی)، **زمانە سامییەکان** (ئەکەدی: هەردوو شێوە زارەکەی بابلی و ئاشووری)، **زمانە هیندۆئەورووپییەکان**: زمانی حثی (Hittite)، و لوڤی و فارسی کۆن (تێکەڵ لە میدی)، بەکارهێنانی ئەم زمانە جیاوازانە بۆ نووسینی مێخی بووەتە هۆی بەکارهێنانی هەندێک دەنگ و هێمای جیاواز لەو دەنگ و هێمایانەی کە بۆ نووسینی زمانە کۆنەکانی تر بەکاردەهێندرا. (De Van Mieroop, 1999, p.9-13)

## 2. زمانە کۆنەکانی زاگرۆس و باکووری مێسۆپۆتامیا و وەرگێڕەکانی سارگۆنی دووەمی ئاشووری و ئاشووربانیپاڵ:

لە نووسینە مێخییەکاندا، هەر لە سەرەتای هەزارەی دووەمی پ. ز.وە ئاماژە بە وەرگێڕان کراوە، بابلییەکان و کاشییەکان لیستی ناو و زاراوەی جۆراوجۆری سۆمەرییان دروستکردبوو بەرانبەرەکەیان بە زمانی بابلی دەنووسییەوە. هەروەها سارگۆنی ئاشووری بە تایبەت بە دوای کەسێکدا ناردوویەتی لە سنووری وڵاتی زاموا، کە ئەو کەسە ناوی کوبابا-ئیلائی بووە پاشای ئاشووری سارگۆن پێی وتووە وەستا و گەورەی زمانەکان ( *ئێن لیشانی شو-ئو*)، ئەم کەسایەتییە لەگەڵ ئەوەی چەند زمانێکی کۆنی زاگرۆسی زانیوە، لەوانەیە کاری سیخوڕیشی بۆ ئاشوورییەکان کردبێت. ( Marf, 2016, p.70; SAA V 217: 18)

لە کاتی تۆمارکردنی تاڵانییەکانی شاری موصاصیر(ئەردینی)دا، نووسەرە شاهانەکانی سارگۆن باسیان لە سەختی گۆکردن و تۆمارکردنی ناوی هەندێک لە کەلوپەلە تاڵانکراوەکان کردووە، کە نەتوانراوە بە زمانی ئاشووری تۆماریان بکەن. (الجميلي، 2005 ص 92) (دەڕواندرێتە وێنەی ژمارە2).



وێنەی ژمارە 2: دوو نووسەر یەکێکیان بە خەتی مێخی لەسەر تابلێتی قوڕین و ئەوی تریان بە خەتی ئارامی لەسەر پێستە دەنووسێت، لەبەردەمی وەزیرێکی پاشا سارگۆنی دووەمی ئاشووری لەسەربانەکانی شاری موصاصیر (ئاردینی) دێی مجێسەر-سیدەکان تالآنییەکانی شارەکە لە 714پ.ز. تۆماردەکەن، وێنەکە لەسەر دیواربەندی کۆشکی سارگۆن لە شاری دور-شاروکین(خورساباد) هەڵکەندراوە. (Botta & Flandin, 1972: pl.141, Room VIII, slab 4)

ئاشووربانیپاڵ بەم شێوەیە باسی نامەبەرێکی بێگانەی کردووە کاتێک گەیشتووەتە ناو شاری نەینەوا کەس لە زمانەکەی نەگەیشتووە:

*" (نامەبەرێک) گەیشتە سنووری وڵاتی من، کاتێک گەلی وڵاتی من ئەویان بینی، پێیان وت: ئەی بێگانە، تۆ کێیت؟" (ئەو وتی) من لە وڵاتێکەوە هاتووم کە هیچ نامەبەرێک (لەوەوپێش) پێی نەخستووەتە سەر خاکەکەی، (نامەبەرەکەیان) هێنایە بەردەمی من، لە شاری نەینەوا، پایتەختەکەم، بەڵام کەس نەبوو زمانی ئەو بزانێت، لە نێوان زمانەکانی خۆرهەڵات و خۆرئاوادا کە خواوەندی ئاشوور دەسەڵاتی بەسەردا داومەتێی بەسەریاندا، زمانەکەی بێگانە بوو، نەیانتوانی لە زمانەکەی بگەن".* (ساکز، 1999، 184-185)

نووسەرانی شاهانەی سارگۆنی دووەمی ئاشووری لە پایزی ساڵی 714 پ. ز.دا لە کاتی تۆمارکردنی گەنجینە تاڵانکراوەکانی شاری ئەردینی/موصاصیری پایتەختی شانشینی موصاصیر لە ناوچەی برادۆست، بەم شێوەیە باسی ناوی هەندێک لە کەلوپەلەکان دەکەن:

*"120 پارچە برۆنزی گەورە و بچووک (ئودی)، کاری دەستی مسگەرەکانی ناوچەکە بوون، کە ناوەکانیان ئاسان نییە تۆماربکرێن".* (ARAB II, 172, p.96)

لێرەدا نازاندرێت مەبەست لەوەی کە ئاسان نییە ناوەکانیان تۆماربکرێت، زۆری ژمارەیان بووە یان جیاوازیی ناوەکانیان بووە و لە زمانی ئاشووریدا نەتوانراوە لە واتای ناوی ئەو کەلوپەلانەی موصاصیر (ئەردینی) بگەن و ناوەکانیان گۆبکەن و بینووسنەوە، چونکە خەڵکەکەی بە شێوەزارێکی تێکەڵ لە زمانی خورری-ئورارتی قسەیان دەکرد. ئەمەش واتای ئەوەیە کە چەند سەخت بووە لە زمانێک بۆ زمانێکی تر بە خەتی مێخی ناوەکان تۆماربکرێن.

### 3. گەیاندنی پەیام بۆ زمانی بەرانبەر (تۆماری دەقی دوو زمانی و سێ زمانی)

زمانی ئەکەدی (زمانی نێودەوڵەتی و نووسینی خۆرهەڵاتی کۆن) بوو، کە بە زاراوەی ئەمڕۆی توێژەرانی وڵاتانی خۆرئاوا پێی دەگوترێت (*Lingua franca*) واتە زمانی باو، زمانی پرد، زمانی بازرگانی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بوو، و بەم شێوەیە زمانی ئەکەدی لە مێسۆپۆتامیا و زاگرۆسەوە هەتا میسری کۆن بەکارهێندراوە. لە ناوچەکانی زاگرۆسدا زمانی ئەکەدی بە فراوانی بۆ نووسینە شاهانە و ئابوورییەکان بەکاردەهێندرا، بە تایبەت لەلایەن لوللوبییەکان و خوررییەکانەوە.

### 4. یەک هێما و بەکارهێنانی بۆ دەربڕینی چەند دەنگێکی جیاواز:

نووسینی مێخی نووسینێکی هێمایی و لە سەدان هێما پێکهاتووە، جگە لە پیتە بزوێنەکانی وەک ئا، ئو، ئی، ئێ، هەموو پیتە نەبزوێنەکان دەبێت لەگەڵ پیتی بزوێندا دەربکەون، بۆ نموونە لە نووسینی مێخیدا هێمایەک بە تەنیا نییە بۆ پیتی (ب)، بەڵکو ئەم پیتە بە هەشت شێوەی جیاواز لەگەڵ دەنگە نەبزوێنەکاندا هێمای بۆ دروستکراوە، وەک هێماکانی (با، بو، بی، بێ، ئاب، ئوب، ئیب، ئێب) ئەم هەشت هێمایە لە نووسینی مێخیدا بە شێوەی جیاواز تۆمارکراون، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە زۆربەی پیتە بزوێنەکان بەلایەنی کەمەوە لەگەڵ هەشت هێمای جیاواز تۆمارکراون، بێگومان ئەمەش هۆکارێکە بۆ ئەوەی کە خوێندنەوە و وەرگێڕانی نووسینی مێخی کارێکی ئاسان نەبێت. (Marf, et al., 2019, 5)

### 5. سوود و ئاستەنگی هێما دیاریکەرەکان Determinatives لە خوێندنەوەی دەقە مێخییەکاندا

یەکێک لە ئاسانکارییەکان بۆ وەرگێڕانی دەقە مێخییەکان بوونی هێما مێخییە دیاریکەرەکان (العلامات الدالة Determinatives)ە، ئەم هێمایانە لە نووسینی وێنەییەوە گەشەیانکردووە و سۆمەرییەکان دایانهێنا بۆ دیاریکردنی جۆر و ڕەگەزی ناوەکان، کاتێک کە ئێمە دەقێکی مێخی دەخوێنینەوە و ناوێکی تێدا تۆمارکراوە، زۆر بە ئاسانی دەتوانین بزانین ئەو ناوە ناوی مرۆڤە یان شت و شوێن، چ ڕەگەزێکی هەیە، چونکە سۆمەرییەکان ئەم هێما دیاریکەرانەیان داهێناوە، بۆ نموونە لە پێش یان پاش ناوی شار

هێمایەکی مێخی دەنووسرێت کە بە (ئورو) دەخوێندرێتەوە و هەندێک کات لە پاش ناوی شارەکە هێمایەکی تر دەنووسرێت کە بە دەنگی (کی) دەخوێندرێتەوە، بەو شێوەیە بە ئاسانی دەزانین ئەو ناوە ناوی شارێکە. بە هەمان شێوە بۆ ناوی پیاو یان ژن هێمای تایبەت هەیە، بۆ کۆیلە و پاشا، بۆ شاخ و ڕووبار، بۆ جۆری باڵندەکان و ئاژەڵ و ماسییەکان و ڕووەک و میوەکان هێمای جیاواز هەن و هاوکارن بۆ ئەوەی بزانین کە ئەو ناوە تۆمارکراوە ناوی چ کەسێکە، چ ڕەگەزێکە یان چ پلەیەکی هەیە، یان ناوی شتە یان ئاژەڵ یاخود ڕووەکە، بۆ نموونە ئەم هێما دیاریکەرە  کە بە (لوگال) دەخوێندرێتەوە و بە واتای (پیاوی-گەورە/پاشا) دێت و بۆ پاشا بەکارهێندراوە، واتە کاتێک ئەم هێمایە لە پێش ناوی کەسێک دەنووسرێت، ئەوە تێدەگەین کە ئەوکەسە پاشایەک بووە.

بەڵام هەندێک کات وا گومان دەبرێت کە ئەو هێما دیاریکەرە بەشێک بێت لە ناوی کەسەکە و وەک دەنگێکی دووپیتی بخوێندرێتەوە نەک وەک هێما دیاریکەرێک، بۆ نموونە پاشای لوللوبییەکان ئانوبانینی لە هێرشێکی فراوانخوازیدا لە شارەزوورەوە تا سەرپولی زەهاو دەڕوات و لەوێ سەرکەوتنێک لەسەر ڕووی شاخی دەربەندەکە تۆماردەکات و ناوی خۆشی لەگەڵ نووسینێکی 75 دێڕی مێخی بە زمانی ئەکەدی دەنووسێت، لەوێدا ناوی ئانوبانینی بەم شێوە مێخییە تۆمارکراوە:  پسپۆڕان ئەم نووسینەیان بە دوو شێوە خوێندووەتەوە، شێوازی یەکەم ئەوەیە کە هەموو هێماکان بەشێکن لە ناوەکە و ناوەکە بە شێوەی (ئانوبانینی) دەخوێننەوە:




=ئانوبانینی، بەڵام بە شێوەیەکی تریش ئەم ناوە خوێندراوەتەوە، چونکە هێمای یەکەم کە هێمای ئەستێرەیەکە و بە زمانی سۆمەری بە (ئان) دەخوێندرێتەوە و بە واتای ئاسمان و خواوەند و خواوەندی ئاسمانیش دێت، و هەمووکات ئەم هێمایە وەک هێمایەکی دیاریکەر لە پێش ناوی خواوەندەکانەوە دێت بۆ ئەوەی بزانین ئەو ناوەی کە دێت ناوی خواوەندە، بەڵام نەڕامسینی ئەکەدی و پاشایانی بنەماڵەی سێیەمی ئور و هەندێک لە پاشایانی کۆنی زاگرۆس ئەم هێمایەیان بۆ بەپیرۆزدانان و بە خواوەند دانانی خۆیان لە پێش ناوی خۆیان تۆمارکردووە. (رشید 1990، 51-53) لەبەرئەوە یەکێک لە خوێندنەوەکانی تری ئەم ناو و هێمایانە ئەوەیە کە لەوانەیە پاشاکە ناوی (نوبانینی) بووبێت و ئەو هێمای (ئان)ەی پێش ناوەکەی مەبەست لێی پاشای بە خواوەندکراو بووبێت، و هێماکە بە (دینگیر)ی سۆمەری و (ئیلی)ی ئەکەدی خوێندرابێتەوە و ناوەکە بەم شێوەیە بخوێندرێتەوە:



نی -نی -با -نو-دینگر/ئیلو=خواوەند نوبانینی، ئەگەر بەو شێوەیە بێت، ئەوا ئەم پاشا لوللوبییە وەک پاشا نەرامسینی ئەکەدی ئەویش خۆی بە خواوەند داناوە و هێمای خواوەندێکی لە پێش ناوەکەی نووسیوە، تا ئێستا نازاندرێت ئەم خۆبەپیرۆزدانانەی پاشایانی میسۆپۆتامیا لە پاشایانی زاگرۆسەوە وەرگیراوە یان بە پێچەوانەوە بووە.

هەروەها نمونەیەکی تری ئاستەنگی وەرگێرانی هێما دیاریکەرەکان هێمای مێخی (ئورو)ی سۆمەرییە، کە بە زمانی ئەکەدی بە (ئالو) دەخوێندرێتەوە ئەم هێمایە  لە زمانی سۆمەرییدا وەک دیاریکەرێک بۆ ناوی شار بەکاردێت، و بە هێمای دیاریکەری شار دادەندرێت، واتە ئەگەر ئەم هێمایە لە پێش ناوی شوێنێک نووسرابوو، ئەوە واتای ئەوەیە کە ئەم ناوە ناوی شارێکە، بەڵام کاتێک کە ئەم هێمایە لەگەڵ ژمارەیەکی زۆردا نوسرا، ئەوا نابێت وەک شار وەربگێڕێت، بەڵکو لەوانەیە مەبەست لێی ئاوەدانی و لادێ بێت، بۆ نموونە کاتێک کە شالمانیسەری سێیەمی پاشای ئاشووری لە سەدەی 9 پ.ز.دا باس لە لەشکرکێشی سوپای ئاشووری بۆ ناوچەی سۆران و دەڤەری برادۆست دەکات، پسپۆڕان بەم شێوەیە ئەم چەند دێڕەیان وەرگێڕاوە:

*"ئورو زاپاریا ئورو دانوتی-شو شا کورِ موصاصیر ئالیک ئورو زاپاریا ئادی 46 ئور-مێش-نی شا ئورو موصاصیرا). (بەرەو شاری شورەداری زاپاریا لە وڵاتی موصاصیر لەشکرکێشی کرد، شاری زاپاریای گرت، لەگەڵ 46 شاری تر".* (RIMA III, Shalmaneser III A.0.102.14: 178-179).

لێرەدا گرەیسن ئەم نیوەدێڕەی کۆتایی وا وەرگێڕاوە کە هێمای (ئورو) بە واتای شار بێت و 46 شاری تر لەو دەڤەرە داگیرکرابێتن، بەڵام لێرەدا مەبەست لە (46 ئورو) واتە 46 ئاوەدانی و لادێ.

### 6. وەرگێڕانی هەڵەی ناو و ناوەڕۆکی دەقەکان

لەو دەقە مێخییانەی کە بە زمانی ئەکەدی یاخود دیالێکتەکانی ئاشوور و بابلی نووسراون باس لە ناوی شار و چیا و ڕووبار و کەسایەتییەکانی ناوچەکانی زاگرۆس و گەلە کۆنەکانی کوردستان دەکەن، هەندێک لە ناوەکان بە شێوەی برگەیی نووسراون و لە زمانی ئەکەدی و دیالێکتی ئاشووری و بابلیدا دەکرێت واتایان هەبێت یاخود وەربگێڕدرێن، بەڵام لە هەمان کاتدا دەکرێت بە زمانی خەڵکی ناوچەکەش واتایەکی تری هەبووبێت، بە تایبەت ئەو ناوانەی بەشێک لە ناوەکە لە ناوی خواوەندێک پێکدێت، دەکرێت ناوی ئەو خواوەندە، کە بە کارهێندراوە لە زمانی گەلە کۆنەکانی ناوچەکەدا ئەو خواوەندە ناوێکی تری

هەبووبێت، بۆ نموونە ناوی پاشای کاشییەکان کە بە هەڵە دەخوێندرێتەوە و پێی دەگوترێت (کاداشمان-ئێنلیل) لە بنەڕەتدا (کاداشمان-خاربێ)یە، خواوەندی خاربێ لای کاشییەکان خواوەندی ڕەشەبایە، بەڵام ئێنلیل خواوەندی ڕەشەبای سۆمەرییەکان بوو. هەمان شت بۆ ناوی عەشتاری ئەکەدی (بابلی و ئاشووری) ڕاستە و لەوانەیە ئەو ناوە لە ناوچەکانی سنووری خوررییەکان لە کوردستانی کۆندا مەبەست لێی خواوەند (شاوشکا)ی خوررییەکان بووبێت.

هەندێک لە دەربڕینە کۆنەکان لە ناو دەقە مێخییەکاندا بەکارهێندراون بۆ ئەو کۆمەڵگانەی ئەو کاتە دەربڕینێک بوون کە تێگەیشتنیان ئاسان بووە و زۆر پێویستی بە ڕوونکردنەوە نەبووە، بەڵام لەوانەیە لە هەندێک باردا وەرگێڕی ئەو دەقە مێخییانە بۆ زمانی کوردی یان زمانێکی زیندووی تری ئەم سەردەمە تووشی کێشە ببێتەوە لە دەربڕینی هەمان زاراوە و گەڕان بە دوای وشەی گونجاودا، بۆ کۆمەڵگەی کوردەواری و کۆمەڵگەکانی تری خۆرهەڵات لەوانەیە وەرگێرانی هەندێک لەو زاراوە و دەربڕینانە ئاسانتر بن وەک لە وەرگێرانی ئەو دەقە مێخییانە بۆ سەر زمانە خۆرئاواییەکان، چونکە خەڵکی ئەم ناوچەیەی ئێمە لە هەمان ژینگەدا دەژین کە ئەو گەلە کۆنانەی تێدا ژیاوە و لە هەندێک شوێنیشدا هێشتا ژیان بە شێوە سادەکەی جارانی بەردەوامە، لەبەرئەوە وەک هەر وەرگێڕانێکی تر لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر، لێرەدا زیرەکی و بەهرەمەندی و زانیاریی گشتی و تایبەتیی وەرگێڕی دەقە مێخییەکان ڕۆڵ دەبینێت لە ڕوونیی وەرگێڕانەکە و شیکردنەوە و لێکدانەوەی واتاکانیشیدا.

یەکێک لەو نموونانەی تێگەیشتنی توێژەرانی خۆرئاوایی و توێژەرانی وڵاتانی لای خۆمان، بەسەرهاتێکە کە وەک توێژەری ئەم توێژینەوەیە ئامادەی بووم، لە بەهاری ساڵی 2012دا لە زانکۆی لایدن بەشداری کۆرسێکی دەقە مێخییەکان بوو کە پرۆفیسۆر بێرت کاونبێرخ Bert Kouwenberg کۆرسەکەی پێدەوتین، کۆرسەکە تایبەت بوو بە نموونەی هەڵبژێردراوی دەقەکانی ژیانی ڕۆژانەی سەردەمی ئاشووریی نوێ (911-612پ. ز.)، یەکێک لەو دەقانە ڕاپۆرتێکی زۆر کورت بوو، کاهینی گەورەی شار بۆ پاشای ئاشووری نووسیبوو (*پاشای گەورەم، ... دوێنێ ڕێوییەک لە یەکێک لە دەروازەکانی شارەوە خۆیکرد بەناو شاردا و کەوتە بیرەکەی ناوەڕاستی شارەوە...)*، لەکاتی خوێندنەوەی ئەم دەقەدا زۆربەی فێرخوازە خۆرئاواییەکان پێکەنین، یەکێکیان وتی ناردنی ئەم هەواڵە بۆ پاشا شتێکی گەمژانەبووە! منیش بە مامۆستام وت ئەتوانم شتێک بڵێم، وتی فەرموو، منیش وتم بۆ من ئەم ڕاپۆرتە کورتەی کە نووسەرەکە نووسیویەتی زۆر واتادارە و مانای هەیە، وتی چۆن؟ منیش وتم تا ئێستاش لە نیشتیمانی ئێمە ڕێوی هێمای خێرهێنانە، لە کوردەواریدا بە یەکێک کە بەخت یاوەری بێت پێی ئەڵێن (ئەڵێی ڕێوی بەرەوپیریەوە هاتووە) واتە ڕێوی بەرەو ڕووی هاتووە، لێرەشدا نووسەر ویستویەتی مژدەی خۆش بە پاشا بدات، کە ڕێوی ڕووی لە شار کردووە، واتە خێروبێر ڕوو لە شار دەکات! مامۆستا زۆری

پێخۆشبوو کە ئەمەم باسکرد، ئیتر ئەوانیش کەوتنە گێڕانەوەی باسی خێر و شومی، ئەیان وت لێرە پشیلەی ڕەش شومە، بەژێر پەیژە و قادرمەدا بڕۆیت شومە!

نموونەیەکی تر لە وەرگێڕان و تێگەیشتن، فێرخوازێکی کورد و هاوپیشەمان (بڵند شوشە) لە کۆرسی خوێندنی دەقە مێخییەکان لە ساڵی 2014 لە زانکۆی بەرلین، لە کۆرسی پرۆفیسۆری زمانی سۆمەری س. سالابێرگەرW. Salaberger دا، دەقێکیی مێخی باشووری مێسۆپۆتامیایان خوێندبوو کە قەرزلێکراوێک شکات دەکات لە قەرزدارەکە و دەڵێت ئەوەندە شیقڵ (مسقاڵ) زیوی منی خواردووە. فێرخوازە کوردەکە وتی هەموو تەلەبەکان پێکەنین وتیان مامۆستا ئەو دەقە بە هەڵە نووسراوە، چۆن زیو دەخورێت؟! مامۆستاش کەوتە گومانەوە، بەڵام بڵند شوشە وتبووی مامۆستا هیچ گومانی ناوێت، دەقەکە ڕاست و ڕەوانە، لە نیشتیمانی ئێمە ئێستاش یەکێک پارەی یەکێک زەوت بکات، کاتێک شکات دەکات دەڵێت (پارەکەمی خواردووە)، بەو شێوەیە تێدەگەین کە چەند گرنگە ئێمەی خەڵکی ئەم نیشتیمانە خوێندنەوە و لێکدانەوەی ئەو دەقە کۆنانە بکەین، چونکە لە هەمان ژینگەدا دەژین و هەندێک دەربڕین و باوەڕی کۆمەڵایەتی بە میراتی لەناوماندا ماوەتەوە.

یەکێک لەو نموونانەی کە لێرەدا جێی ئاماژەیە، وەرگێڕانی دێڕێکی لەشکرکێشییەکەی ئاشوورناسرپاڵی دووەمە بۆ وڵاتی زاموا لە ساڵی 882 پ. ز.دا، لەو دەقەدا ئاشورناسرپاڵ دەڵێت: (*کور سیپیرمێنا شا گیم مونوس.مێش*)، ئەم دەقە کە بە شێوەی لۆگۆگرامی سۆمەری بەشێکی تۆمارکراوە و دەقەکە خۆی بە دیالێکتی ئاشووری نوێ کە بەشێکە لە زمانی ئەکەدی نووسراوە. ئەم دەقە دوو وەرگێڕانی تەواو جیاوازی بۆکراوە، لە ساڵی 1926دا لەکەنبیڵ بەم شێوەیە وەریگێڕاوە: (*لە وڵاتی سیپیرمێناوە کە خەڵکەکەی وەک ژن قسە دەکەن*). (ARAB I, 456, p.153.) بەڵام گرەیسن لە ساڵی 1991دا وەرگێڕانێکی جیاوازتری بۆ ئەم دەقەکردووە، ئەویش بەم شێوەیە: (*لە وڵاتی سیپیرمێناوە کە خەڵکەکەی وەک ژن قژ و پرچیان دەبەستن*). ( RIMA II, Ashurnasirpal II A.0. 101.1, 72-76, (p.207.

لێرەدا دوو خوێندنەوەی تەواو جیاوازمان هەیە، پیاوانی خەڵکی ناوچەیەک وەک ژن قسە بکەن، جیاوازە لەوەی پیاوانی ئەو ناوچەیە قژ و پرچ و کەزییان وەک ژن ببەستن، لێرەدا دەبێت پشت بە هونەر ببەستین، وەک دەبینین لوللوبییەکانی دەرکەوتوو لەسەر میلی سەرکەوتنەکەی نەڕامسینی ئەکەدی و نەخشەکەی دەربەندی گاوری دوو سەدە دواتر ئەوە نیشاندەدەن، کە جەنگاوەرانی لوللوبی قژیان کردووە بە پرچ/کەزی و لەدواوە بە یەک پرچ هۆنیویانەتەوە، ئەم دوو دیمەنە و چەندین دیمەنی تری هاوشێوە کە پرچی لوللوبییەکان نیشاندەدات، ئەوە دەسەلمێنین کە بۆ سوپای ئاشووری شتێکی نامۆ بووە کاتێک بینیویانە پیاوانی ناوچەیەکی وڵاتی لوللوبی پرچیان وەک ژن دەبەستن و نووسەری

شاهانەش ئەم تێبینییەی تۆمارکردووە، کەواتە دەبێت وەرگێرانی دووەم پەسەند بکەین و بگەینە ئەو ئەنجامەی کە لوللوبییەکان پرچیان وەک ژن بەستووە. (Marf 2016, p.55)

**6. ناوی شوێن و کەسەکان و پاشگر و پێشگر لە زمانە کۆنەکاندا چۆن دەکرێت بۆ توێژینەوەی ناوە نوێیەکان سوودیان لێببینن؟ چۆن کار لەسەر وەرگێران و زاراوەسازیی ئەو زمانە مردووانە بکەین؟**

پاشگر و پێشگرەکان یەکێکن لە تایبەتمەندیی تۆمارکردنی ناوەکان لە دەقە مێخییەکاندا، ناوی شوێن و کەسەکان، ڕەگەزی کەسەکان، ناوی شتەکان هەریەکێک لەم ناوانە بەپێی زمانە کۆنەکان لە دەقە مێخییەکاندا پێشگر و پاشگری تایبەتیان بۆ داندراوە و تۆمارکراون، ئەم پاشگر و پێشگرانە لەلایەکەوە هاوکارن بۆ جیاکردنەوەی ناوەکان و جۆرەکانیان و ڕەگەزیان لەیەکتری، بەڵام لەلایەکی ترەوە، ئاستەنگیان دروستکردووە بۆ ناسینەوەی بنەچەی زمانی ناوەکان، چونکە هەندێک کات پێشگر یان پاشگری زمانێکی تر دەچێتە سەر ناوی شوێنێک یان کەسێک لە زمانێکی تردا، ئەم حاڵەتە لە زۆر نموونەی ناوی شوێنە خوررییەکاندا لە ناوچەکەدا دووبارە بووەتەوە، کە زۆرێک لە ناوە خوررییەکان پاشگر یان پێشگری ناوی شوێن لە زمانی ئەکەدییان وەرگرتووە، وەک شاری ئاررون لە دەقەکانی شمشارەدا ناوی هاتووە، کە پاشگری ئەکەدی تەمویم بە شێوەی (ئیم) یان (ئوم)ی بۆ زیادکراوە و پێی وتراوە Arrunim ئاررونیم. (بۆ زانیاری زیاتر دەڕواندرێتە:.(Mohammed, 2019, pp.38, 162)

**7. هەڵکۆڵەر(نەحات)ە نەخوێندەوارەکان**

هونەری هەڵکۆڵینی نووسین لەسەر ڕووی بەردینی چیاکان یان میلە بەردینەکان بۆ یەکەمجار لە مێژوودا لە چیاکانی زاگرۆس و دەشتەکانی مێسۆپۆتامیادا دەستپێکرد، چەندین نەخشی سەر ڕووی چیاکان هەیە کە پاشایانی زاگرۆسی کۆن و پاشایانی مێسۆپۆتامیا بۆ یادگاریی سەرکەوتنەکانیان لەسەر ڕووی چیاکان تۆماریان کردوون. جێی ئاماژەیە، پاشایانی کۆنی مێسۆپۆتامیا و زاگرۆس زۆربەیان نووسەری دیوانی کۆشی خۆیان هەبووە، کە خەتی مێخییان بە باشی زانیوە و زیاتر لە زمان و دیالێکتێکیان زانیوە.

یەکێک لە سەختترین کارەکانی وەرگێرانی دەقە مێخییەکان نووسینی سەر ڕووی چیاکانن، چونکە لە هەندێک باردا، نووسەری شاهانەی دیوانی کۆشکی پاشاکانی زاگرۆس زۆر بە سەختی پێدەگەیشتن و دەبوونە نووسەری شاهانە، و دەبوو کۆچ بکەن بۆ قوتابخانەکانی فێربوونی نووسینی مێخی لە شارە سەرەکییەکانی مێسۆپۆتامیا، لەبەرئەوە لە زاگرۆس خوێندەوار و نووسەر کەمتربوون بە بەراورد بە شارە سەرەکییەکانی مێسۆپۆتامیا، بەهەمان شێوە ئەو نووسەرانە وەک پێویست ڕاهێنانیان نەکردبوو

بۆ هەڵکەندنی نووسین لەسەر ڕووی چیاکان، بۆ نموونە لە نەخشی بێلوله. ( Postgate & Roaf, (1997), pp.143-155)

کاتێک پاشایەکی شانشینی سیمورووم لە دەربەندی بێلولەی باکووری خۆرهەڵاتی گەرمیان لە خۆرهەڵاتی دەربەندیخان لەسەر ڕووی ئەو چیایە داوا لە هونەرمەند (نەحات)ێک دەکات پەیکەرێکی یادگاریی سەرکەوتنی بۆ تۆماربکات، نەحاتەکە پەیکەرێکی گونجاو و مەبەستداری بۆ دروستدەکات، بەڵام ئەم هونەرمەندە لە بەجێهێنانی داواکاریی دووەمی پاشادا سەرکەوتوو نابێت، ئەویش کاتێک داوای لێدەکات کە نووسینێکی شاهانەی بۆ تۆماربکات، نەحاتەکە نووسینەکە تۆماردەکات، بەڵام وادیارە نەخوێندەوار بووە و نووسەری شاهانەی پاشاکەی بێلوله نووسینەکەی لەسەر تابلێتێکی قوڕین بۆ نووسیوەوە و، نەحاتەکەش نووسینەکەی بردووەتە سەر چیاکە و لەوێ لە تەنیشت پەیکەرەکەوە نووسینەکەی تۆمارکردووە، بەڵام بە شێوەی هەڵکەندن و نووسینەوەی وێنەکە نا، بەڵکو بە شێوەی هەڵکەندن و وێنەکێشانەوەی نووسینەکە، ئەو نەحاتە هەوڵیداوە نووسینەکە وێنە بکێشێتەوە، سەرەتا ئەو هێڵ و چوارچێوانەی بە نارێکی کێشاون، هەروەها نەیزانیوە کە دێڕەکان لە نووسینەکە زیاترن، لەبەرئەوە چەند دێڕێک لە خانەکانی کۆتاییدا هەر بە بەتاڵی ماونەتەوە. ئەم نووسینە لەگەڵ ئەوەی زۆر بە باشی ماوەتەوە، بەڵام تاکە نووسینی زانداوی سەر ڕووی چیاکانی زاگرۆسە کە تا ئێستا بە ڕوونی نەخوێندراوەتەوە، تەنانەت ناوی پاشاکە بە چەند شێوەیەکی جیاواز دەخوێندرێتەوە وەک (تاردوننی) یان (لیشیرپیراننی)، چونکە ئەوەی هەڵیکەندووە لەسەر ڕووی چیاکە نەخوێندەوار بووە، هێما مێخییەکانی کێشاوەتەوە، لەبەرئەوە نزیکی هەیە لە نێوان بەشێکی گەورە لە هێما مێخییەکان، لەبەرئەوە تا ئێستا نەتواندراوە بە تەواوەتی خوێندنەوەیەکی ڕوون و ئاشکرا و وەرگێڕانێکی دروست بۆ ئەم نووسینە بکرێت.

بە هەمان شێوە لە دێی کانی دەربەند لە خۆرئاوای کۆیە نووسینێکی مێخی لەسەر تاشەبەردێک لەلایەن هاوڵاتییانی ئەو دێیەوە دۆزرایەوە و لە ساڵی 1972 ڕادەستی مۆزەخانەی عێراقی لە بەغداد کرا، (Abadah, 1974, pp.77-79.) نووسینەکە بەشی خوارەوەی نەخشی سەر تاشە بەردێکە کە لەوانەیە بۆ ڕازاندنەوەی کۆشکێکی ناوچەکە بەکارهێندرابێت، لە سەر بەردەکە بەشی خوارەوە قاچی کەسێک لەگەڵ بەشێک لە خوارەوەی کراسەکەی دەردەکەوێت کە پێدەچێت جلێکی ئاودامانی درێژبووبێت لەو جلانەی کە لە سەدەی 9 تا 7پ. ز. لە ناوچەکەدا بەکاردەهێندران. نووسینەکە بە هەمان شێوە لەبەرئەوەی لەلایەن نەخشهەڵکەن (نەحات)ێکی نەخوێندەوارەوە لەسەر ئەو بەردە هەڵکەندراوە بە باشی ناخوێندرێتەوە، هەرچەندە نووسینێکی ڕوونە، لەبەرئەوە تا ئێستا بە تەواوەتی نەخوێندراوەتەوە، چونکە نەخشهەڵکەنەکە خۆی نەخوێنەوار بووە و ئەو نووسینەی بۆی نووسراوەتەوە و ئەم دەبوو بە شێوەیەکی ڕاست لەسەر بەردەکەی بنووسێتەوە، نەیتوانیوە بینووسێتەوە، بەڵکو هاتووە

وێنەی نووسینەکەی کێشاوەتەوە و هەڵیکەندووە، بەو شێوەیە هێماکان تێکەڵبوون. ئەمەش یەکێکە لەو گرفتانەی کە ڕووبەڕووی وەرگێڕی دەقە مێخییەکان دەبێتەوە. (وێنەی ژمارە 3)



وێنەی ژمارە3: میلێکی بەردین لە سنووری کۆیە دۆزراوەتەوە لە مۆزەخانەی عێراقییە لە بەغداد، بۆ دەوروبەری سەدەی 8 پ. ز. دەگەڕێتەوە، ئەو هەڵکۆڵەرە هونەرمەندەی ئەم میلەی دروستکردووە و نووسینە مێخییەکەی نووسیوە شارەزای نووسینی مێخی نەبووە، و خوێندەوار نەبووە، لەبەرئەوە هێماکانی لەبەرگرتووەتەوە و وێنەی کێشاون و ئێستا نووسینەکە بە ئاسانی ناخوێندرێتەوە. وەرگیراوە لە Abadah, 1974, pp.77-79

### 8. وەرگێڕانی دەقی شکاو:

نووسینی مێخی یەکێکە لە کۆنترین نووسینەکانی جیهان و مێژووی مرۆڤایەتی، یەکێک لە خاڵە بەهێزەکانی مانەوەی دەیان و سەدان هەزار دەقی مێخی لە مێسۆپۆتامیا و زاگرۆس و خۆرهەڵاتی کۆن، بریتییە لەوەی کە ئەم نووسینە بە زۆری لەسەر تابلێتی قوڕین و خشتی قوڕ نووسراوەتەوە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی نەفەوتێک و لەناونەچێت، ئەمە جگە لەوەی ئەگەر ئەو نووسینە وەک نووسینی ئارامی و ئەلفوبێکانی تر لەسەر پێستە یان وەک نووسینی هیرۆگلیفی میسرییەکان لەسەر کاغەزی قامیش (پاپیرۆس) بنووسرایە، ئەوا زۆربەی دەفەوتا و لەناودەچوو، چونکە ئاووهەوای ناوچەکانی مێسۆپۆتامیا و زاگرۆس باران و شێی هەیە، جگە لەوەی لە ناو قوڕەکەیدا پێکهاتە جیاوازەکان دەبنە هۆی داخوران و فەوتاندنی تەواوەتی ئەو مادە ئەندامییانەی وەک پێستە و کاغەز، ئەمەش هۆکارێکە بۆ

ئەوەی زۆربەی نووسینی مانناپی و میدییەکان لە سەدەی هەشتەم–شەشەمی پ. ز.دا فەوتاون، چونکە ئەلفوبێی ئاراميیان بەکاردەهێنا و لەوانەشە جگە لە ئەلفوبێکە نووسینی مێخیشیان لەسەر پێستە نووسیبێت، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی ئەم نووسینە بفەوتێت و لە ناوبچێت، بەمەش بە دەگمەن نووسینەکانیان دەدۆزرێتەوە. لەلایەکی ترەوە، نووسین لەسەر خشتی قوڕ بووەتە هۆی پاراستنی نووسینەکە لە دووبارە بەکارهێنانەوە، چونکە قوڕ لە هەموو شوێنێک دەستدەکەوێت و خشت و تابلێتی نووسراو ناکرێت دووبارە بۆ نووسین بەکاربهێندرێتەوە، چونکە تەڕکردنەوە و کڕاندنی نووسینەکە و هەڵکەندنەوەی نووسین لەسەری کارێکی سەختە و نووسینەکەش جوان دەرناچێت و باش نانووسرێت، لەبەرئەوە شێلانی قوڕ و ئامادەکردنی تابلێتی قوڕینی نوێ ئاسانتر و جوانتر بووە لە دووبارە بەکارهێنانەوەی خشت و تابلێتی نووسراوی کۆن.

ئەگەر خشتە قوڕەکان و تابلێتەکان باش سوور بکرانایەتەوە، ئەوا نووسینەکانیان زۆر بە باشی دەپارێزران و تەنانەت ئاو و شێ کاری تێنەدەکردن، بەڵام ئەگەر باش لە کوورەی تایبەتدا سوورنەکرانایەتەوە، ئەوا بەشێک لە نووسینەکان بە تێپەڕینی کات تێکدەچوون و گۆشەکانیان هەڵدەوەران، لەبەرئەوە لە کاتی دۆزینەوەی نووسینە مێخییەکاندا دەبێت پێش ئەوەی هەوا و تیشکی خۆر و شێ بەر خشت و تابلێتە نووسراوەکان بکەوێت بە مادەی کیمیایی تایبەت چارەسەر بکرێن.

یەکێک لەو کێشانەی ڕووبەڕووی وەرگێڕی نووسینە مێخییەکان دەبێتەوە، ئەوەیە کە ئەو شوێنەوارناسانەی نووسینە مێخییەکان دەدۆزنەوە باش چارەسەری مەیدانی بۆ ئەو خشتە قوڕین و تابلێتانە ناکەن، ئەمەش دەبێتە هۆی هەڵوەرینی گۆشەی نووسینەکان، ئەمەش لە گردی شوێنەواری کونارە ڕوویداوە، ئەم گردە شوێنەوارییە لە ڕۆخی ڕووباری تانجەرۆ لە بەشی خۆرئاوای شاری سلێمانی لەلایەن تیمێکی بیانی هەڵکۆڵینی تێدا ئەنجامدراوە و شارێکی کۆنی لوللوبییەکانی تێدا دۆزراوەتەوە، لەگەڵ دۆزینەوەی دەیان نووسینی مێخی کە مێژووەکەیان بۆ دەورووبەری 2200 پ. ز. دەگەڕێتەوە، بەڵام نووسینەکان لە کاتی دۆزینەوەیاندا بە باشی نەپارێزراون و چارەسەرنەکراون. بەهۆی ئامادەبوونی کەسانی پسپۆڕ بە هەڵگرتنەوەی تابلێتی مێخی، ئەمەش بووەتە هۆی هەڵوەرینی بەشێک لەو نووسینانەی کە لەم شوێنەوارە گرنگە دۆزراونەتەوە، و تا ئێستا تیمەکە وەرگێڕانی ئەو دەقانەیان بڵاونەکردۆتەوە لەگەڵ ئەوەی چەند ساڵێکە ئەم دەقانە دۆزراونەتەوە، بێگومان ئەم کەمتەرخەمییە زیان بە وەرگێڕانی دەقەکان دەگەیەنێت، دەبێتە هۆی تێکدانی ئەو دەقانەی کە زیاتر لە چوار هەزار ساڵە ئەم خاکە بۆ ئێمەی پاراستبوو. (Kepinski & Tenu 2014: 4-19)

لەبەرئەوە بە شێوەیەکی گشتی نووسینی سەر تابلێت و خشتە قوڕینەکان یەکێکن لەو ئاستەنگانەی ڕووبەڕووی وەرگێڕی دەقە مێخییەکان دەبێتەوە، بەهۆی باش نەپاراستنی نووسینە مێخییەکان هەم لەو

شوێنانەی کە لێی بەجێماوە، هەم لەو کاتەی کە دەدۆزرێتەوە. دەبێت ئەوەش بڵێین شوێنەوارناسی بەختەوەر ئەو شوێنەوارناسەیە کە کۆشکێک یان پەرستگەیەک یان کتێبخانەیەکی نووسینی مێخی قوڕین سووتێندراو دەدۆزێتەوە، چونکە جیاواز لە کتێبخانە و دەستنووسەکانی تر، خشت و تابلێتی مێخی زۆربەی کات لە کاتی سووتاندنی ئەو شوێنانەدا خشتەکان و تابلێتەکان زیاتر و سووربوونەتەوە و پتەو دەبن و باشتر دەپارێزرێن.

## 9. جیاوازیی زمانی نووسەری دەق، یان زمانی دەقی نووسراو لە ناوی شوێن و کەسەکانی ناوچەکان:

یەکێک لە کێشە سەرەکییەکان بۆ تێگەیشتن لە ناوی شوێن و کەسەکانی ناوچەکانی زاگرۆس و باکووری مێسۆپۆتامیا کە زۆربەی کات بە زمانێکی جیاوازتر لە سۆمەری و ئەکەدی (شێوەزارەکانی بابلی و ئاشووری) دەئاخاوتن، لەبەرئەوە کاتێک کە پاشایانی سۆمەری، ئەکەدی، بابلی و ئاشووری هێرشیان دەکردە سەر ئەم ناوچانەی کوردستان، گەلانی گوتی، لوللوبی، خورری، ئورارتی، بە زمانی خۆیان ناوی شاخ و شار و میر و پاشاکانی خۆیان ناوناوە، بەڵام نووسەرانی شاهانەی داگیرکەر بەردەوام بە پێی زمانی خۆیان ئەو ناوانەیان تۆماردەکرد، لەبەرئەوە هەندێک لە پیتی وشەکانیان دەگۆڕی بەپێی ئەوەی کە خۆیان لێی تێدەگەیشتن یان بەپێی ئەو پیتانەی کە لە زمانی خۆیاندا هەیان بوو، بۆ نموونە لە زمانی خوررییەکاندا پیتی (ژ) هەبووە، بەڵام کاتێک ئەکەدی و ئاشوورییەکان ناوی شار و کەسە خوررییەکانیان تۆمارکردووە، یان تەنانەت کاتێک خوررییەکان خۆشیان بە خەتی مێخی و زمانی ئەکەدی نووسینێکیان تۆمارکردووە، لەبەرئەوەی ئەکەدییەکان و ئاشوورییەکان هێمای مێخییان بۆ (ژ) نەبووە، ناچاربوون هێمای مێخی دەنگی پیتی (ز)یان دەنگی (ص) بەکاربهێنن، بۆ نموونە ئێمە گومان دەبەین ناوی شار و شانشینی موصاصیر (کە شوێنەوارەکەی دەکەوێتە دێیەکانی مجێسەر و سیدەکان) لە بنەڕەتدا ناوەکە (موزازیر) یان (موژاژیر) بووبێت و بەڵام کاتێک ئاشوورییەکان بە خەتی مێخی و شێوەزاری ئاشووری تۆماریان کردووە بە شێوەی (موصاصیر) تۆماریان کردووە، تەنانەت کاتێک پاشایانی ئورارتی لەسەر میلەکانی تۆپزاوە و کێلەشین بە هەردوو زمانی ئورارتی و ئاشووری تۆمارکردووە، لە ئاشوورییەکەیدا نووسیویانە شاری (موصاصیر) و لە نووسینە ئورارتییەکەیدا بە شێوەی (ئەردینی) تۆمارکراوە. (CTU A 3-11; A 10-5; Marf 2016, p.81) لەوانەیە ئورارتییەکان ئەم دەنگی پیتی (ص) یان لە ئاشوورییەکانەوە وەرگرتبێت و بێگومان کەمێک سوکتر لە پیتی (ص) گۆیانکردووە و وتوویانە. ئەم شێوازە لە پیتگۆڕینی ناوەکان لە زۆربەی بارەکاندا بۆ وەرگێرانی ناوی شوێن و کەسەکان و تێگەیشتن لە وشەسازیی و واتاکانیان کێشەی دروستکردووە، ئەمە جگە لەوەی کێشەیەکیشە بۆ تێگەیشتن و بەراوردکردنی ئەو شار و شاخ و ڕووبارانە بە ناوی شوێنەوار و شاخ و ڕووبارەکانی ئێستا ئەگەر لە زمانە کۆنەکانی ناوچەکەوە بە میراتی مابێتنەوە، ئەوا بە شێوەی زمانە کۆنەکانی ناوچەکە ماونەتەوە نەک بەو شێوەیەی کە لە نووسینە ئەکەدی و

ئاشوورییەکاندا تۆمارکراون، بەو شێوەیە ناوی چەندین ڕووبار و چیا و شوێنەوار هەیە لە ناوە کۆنەکانەوە سەرچاوەی گرتووە، بەڵام ئێمە نەمانتوانیوە بۆ توێژینەوەکانمان سوودیان لێوەربگرین و بیانناسینەوە و بەراوردیان بکەین بە ناوە کۆنە تۆمارکراوەکان، چونکە بە زمانێکی تر لە کاتی خۆیدا تۆمارکراون و بە شێوە ڕەسەنە کۆنەکەیان تۆمارنەکراون. ئەمەش یەکێکە لەو گرفتانەی دێنە بەردەم وەرگێرانی نووسینە مێخییەکان. (بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی ناوی شار و ڕووبار و شاخەکان و کێشەکانی تۆمارکردنیان دەڕواندرێتە(Mohammed, 2019

## 10. میراتی ناوە دێرینەکان و گۆڕانکاری بەسەر پیت و وشەکاندا

وەرگێڕی دەقە مێخییەکان کاتێک ناوی شار و شاخ و ڕووبارە کۆنەکان لە دەقە مێخییەکاندا دەخوێنێتەوە و دەیەوێت بەراوردی بکات بە ناوی ئەو شار و شاخ و ڕووبارانەی ناوچەکە، دەبێت لە شێوازی خواستنی وشەی کۆن یان وشەی بێگانەکان بۆ ناو زمانی کوردی شارەزابێت و هەروەها لە شێوازی وەرگرتنی ئەو وشانە و گۆڕانکارییەکان لە پیتەکانی ئەو وشانەدا شارەزایی هەبێت. توێژەر بۆی دەرکەوتووە کە لە زمانی کوردیدا ئەو ناوە کۆنانە و ناوە بێگانەکان بە زمانی کوردی بە پێی چەند یاسایەکی پیتگۆڕین لە زمانی کوردیدا گۆدەکرێنەوە، بۆ نموونە ئوربیلیوم یەکێکە لە شارە هەرە دێرینەکانی کوردستان و باکووری میسۆپۆتامیا کە نزیکەی پێنج هەزار ساڵە وەک شارێکی ئاوەدان ژیان و شارستانیەت تێیدا بەردەوامە. ئەم شارە لەلایەن خوررییەکانەوە لە سەرەتای هەزارەی سێیەمی پێش مەسیحدا دروستکراوە. (MacGinnis, 2014.) شارەکە بە چەند شێوازێکی جیاواز ناوی لە تۆمارە مێخییەکاندا هاتووە و دواتر هێدی هێدی گۆڕانکاری بەسەر ناوەکەدا هاتووە و بووە بە (هەولێر)، ئەم ناوی (هەولێر)ە هەر لە هەمان ئەو ناوە کۆنانەوە سەرچاوەی گرتووە و ناوی (ئوربیلوم)، ئوربێل، ئەربائیل، ئەربیرا، هەربیرا، ئەربێرا، ئەربیل، ئەروێل، هەروێل، هەولێر. ( Speiser, (1928), (p.2; Marf (2015), 132–1138 لەگەڵ چەند گۆڕانێکی زمانەوانی و وشەسازیی کوردی ئەم شێوەیەی ئێستای وەرگرتووە. بۆمان دەردەکەوێت هەر ناوێکی کۆن کە بە دەنگە بزوێنەکان دەستپێدەکات، ئەوا کاتێک دوای تێپەڕینی هەزاران ساڵ ئەو ناوە بە میراتی هاتووەتە زمانی کوردیی ئێستاوە و کورد زمانان بۆ ناوی هەمان شوێن بەکاریدەهێننەوە، ئەوا دەنگە بزوێنەکانی ئەو وشانە لە زمانی کوردیدا دەگۆڕدرێن بۆ دەنگی (**ه**)، واتە ناوی (**هەولێر**) هەر لە هەمان ناوی ئوربیلوم و ئوربێل و ئەربائیلەوە هاتووە، و دەنگی بزوێنی (**ئ**) گۆڕاوە بۆ دەنگی (**ه**)، ئەمە جگە لەوەی ڕێبازی پاش و پێشکردنی دەنگەکانی (**ڕ**) و (**ل**) لە (**ئوربێل**)ەوە گۆڕاوە بۆ (**هەولێر**)، ئەم کردارە لە ڕووی وشەسازییەوە پێی دەوترێت (*metathesis*) ئەمە جگە لەوەی کە دەنگی (**ب**) گۆڕاوە بۆ دەنگی (**و**) بەو شێوەیە لە جێگەی دەنگی (**ب**) لە ناوی (**ئوربێل**) دەنگی (**و**) بەکارهێندراوە، و ناوی هەولێر هەر لە ناوە کۆنەکەیەوە سەرچاوەی گرتووە.(.(Marf (2015), pp.138

بە هەمان شێوە ناوی شاخی (**ئەنداڕوتو**) و ناوی کەسی (**ئەندار‌یا**) لە سەدەکانی 9-7پ. ز.دا لە تۆمارە مێخییە ئورارتی و ئاشوورییەکاندا بە میراتی هاتووەتە ناو زمانی کوردییەوە و گۆڕاوە بۆ (**هەندرێن**) و ئێستا ناوی چیای (**هەندرێن**) لە هەمان ناوە کۆنەکە ە(**ئەنداڕوتو**) هاتووە و دەنگی بزوێنی (**ئە**) گۆڕاوە بۆ (**هە**). ئەم لێکدانەوەیەش بۆ ناوی شاری **خیپتون**(**حەفتون**) کە گۆڕاوە بۆ (**هاودیان**) دەریدەخات کە لە زمانی کوردیی ئەمڕۆدا ناوە کۆنەکان کە بە دەنگەکانی (**ح**) و (**خ**) لە زمانە کۆنەکاندا گۆکراون لە زمانی کوردیدا دەگۆڕدرێن بۆ دەنگی (**ه**). (Marf (2015), pp.129-141) ئەمەش هاندەر دەبێت بۆ خوێندنەوە و تێگەیشتن لە دەقە مێخییەکان بە تایبەت میراتی ناوە کۆنە تۆمارکراوەکان لە نووسینە مێخییەکاندا.

## 11. وەرگێڕانی دەقی ساختە:

بازاڕی قاچاخچێتی یاخود بازاڕی ڕەشی بازرگانیکردن بە شوێنەوارە کۆنەکان و کەلەپوورییەکانەوە یەکێکە لە بازاڕە پڕ برەوەکان لە جیهاندا، و لە دوای مادە هۆشبەرەکان یەکێکە لە پڕقازانجترین بازاڕی قاچاخچێتییەکان. قاچاخچییەکان زۆر کات بە یارمەتی پسپۆڕان دەقە مێخییەکان ساختە دەکەن، شوێنەوارناسان هەردەم دەبێت بە گومانی زۆرەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو پارچە شوێنەوارانەدا بکەن کە لە ڕێگەی بازاڕەکانەوە یان لە ڕێگەی پۆلیس و هاوڵاتییانەوە دەگاتە مۆزەخانەکان، چونکە لە زۆربەی کاتەکاندا دەکرێت پارچەی شوێنەواری ساختەبن، تەنها لە کاتێکدا دەبێت، کە دۆزینەوەی ئەو پارچە شوێنەوارە لە شوێنێکی شوێنەواری تایبەتدا ساغبکرێتەوە و شوێنی دۆزینەوەکەی دیاریبکرێت، ئەمەش هەر ڕێژەیەک لە گومان دەهێڵێتەوە، ئەگەر دەقە مێخییەکە لە لایەن پسپۆڕێکی دەقە مێخییەکانەوە بە هاوکاری قاچاخچییەکان ساختەکرابێت، ئەوا سەخت دەبێت ئەوە ساغبکرێتەوە و دەبێت وەرگێڕانی دەقە مێخییەکان کە سەرچاوەکەی ڕوون نییە گومانی زۆر بکەن و بە وریاییەوە وەرگێڕان بکەن تا بتوانن هەڵەکانی ڕێنووس و زمانەوانی لەو دەقانەدا بدۆزنەوە و ساختەیی ئەو دەقانە پشتڕاست بکەنەوە، بێگومان توێژەری پسپۆڕ و شارەزا ئەم ساختەکارییانەیان بەسەردا تێناپەڕێت.

سیسیل میشێلی فەڕەنسی، کە خۆی پسپۆڕی نووسینە مێخییەکانە و سەرۆکی کۆمەڵەی نێودەوڵەتی پسپۆڕانی نووسینە مێخییەکان، کە بە کۆمەڵەی ئاشووریناسی (Assyriology) ناسراوە، توێژینەوەیەکی نوێی دووروودرێژی دەربارەی دەقە مێخییە ساختەکان و مێژووی ساختەکردنی دەقی مێخی نووسیوە. (Michel, (2020), pp.25-60) لەم توێژینەوەیەیدا، سیسیل میشێل باس لە دوو جۆر دەقی ساختە دەکات، دەقێک کە لە کۆندا ناوەڕۆکەکەی بۆ مەبەستێک ساختەکراوە، بەڵام لێرەدا وەرگێڕی دەقی مێخی هەر دەقێکی شوێنەواری مێخی کۆن وەردەگێڕێت، و تەنها ئەوەیە ناوەڕۆکەکەی

و گێرانەوەی ڕووداوێکی مێژوویی یان ناوەڕۆکی گرێبەستێکی بازرگانی و ئابووری لەکاتی خۆیدا ساختەکراوە، ئەمەش هەر وەک شوێنەوار دەقێکی ڕەسەنە و دەبێت لە مۆزەخانەکان بپارێزرێت و نمایشبکرێت و توێژینەوەی لەبارەوە بکرێت، بەڵام جۆری دووەمی دەقی ساختە ئەوەیە کە قاچاخچییەکی ئەم سەردەمە بۆ مەبەستێکی مادی یان مەستێکی سیاسی و نەتەوەپەرستی و ئایینی و هۆکاری تر دەقێک ساختە بکات و شتێکی نوێ بە شێوازی کۆن بنووسێتەوە، ئەمەیان وەک شوێنەوار مامەڵەی لەگەڵ ناکرێت و ناوەڕۆک و دەقەکەش ساختەن. بێگومان سیسیل میشێل باس لەو تابلێتە ساختانە دەکات کە گەیشتوونەتە ئەوروپا، بەڵام پسپۆڕانی کوردی نووسینە مێخییەکان نەک دەقی ساختە بەڵکو دەقی نیوە ساختەشیان بینیوە.

**وەرگێرانی دەقی نیوەساختە،** یەکێک لەو کێشانەی ڕووبەڕووی وەرگێڕی دەقە مێخییەکان دەبێتەوە بە تایبەت لە دوای ساڵی 2003وە کاتێک کە بەشێکی زۆر لە ناوچە شوێنەوارییەکان و شارە کۆنەکانی مێسۆپۆتامیا بە تایبەت شارەکانی سۆمەری و بابلی و ئاشووری ڕووبەڕووی تاڵانکردن و هەڵکۆڵینی نایاسایی بوونەوە، قاچاخچییەکان چەندین فێڵ و تەڵەکەی جیاوازیان بەکارهێنا بۆ ئەوەی زۆرترین سوود لە بەبازاڕکردنی کەلوپەلە دۆزراوەکان ببینن، بۆ نموونە کاتێک نووسینێکی مێخیی گرنگ دەدۆزرایەوە، بە یارمەتی کەسانی شارەزای هاوکاری قاچاخچییەکان، چەندین دەقی هاوشێوە لەبەریدەگیرایەوە و کۆپی دەکرا، هەندێک کات دەقەکان شکاو بوون، بۆ ئەوەی وەک دەقی ساغ بفرۆشرێن، دەهاتن پارچەیەک دەقی مێخی ساختەیان بۆ دروستدەکرد و پێوەیان دەلکاندن، لەبەرئەوە ئەم حاڵەتانە ڕووبەڕووی وەرگێرانی دەقە مێخییەکان دەبوونەوە لە کاتی خوێندنەوە و وەرگێرانی دەقە مێخییەکاندا، بۆ نموونە کاتێک مۆزەخانەی سلێمانی ژمارەیەکی زۆری پارچە شوێنەواری لەسەر بودجەی حکومەت لە بازاڕەکانی قاچاخچێتیی شوێنەوار لە ناو عێراقدا کڕییەوە، شوێنەواری زۆر گرنگ و دەگمەنی دەقە مێخییە جۆراوجۆرەکانی وەک بەشێک لە داستانی گلگامێش و چەندین دەقی شاهانە و ئابووری و ئەدەبی و ئایینی تێدابوو، بەڵام لە نێو ئەو پارچانەشدا، دەقی مێخی هەیە، کە بەشێکی ساختەیە و لکێندراوە بە دەقێکی مێخی ڕاستەقینەوە، ئەمەش گرفتی بۆ ئەو توێژەرانە دروستکردووە کە تێزی دکتورا و ماستەرنامەکانیان دەربارەی ئەو دەقە نەخوێندراوانە بوو و ئەمان یەکەم وەرگێران و خوێندنەوەیان بۆ دەکردن، خۆشبەختانە توێژەرانی کوردی پسپۆڕی خەتە مێخییەکان توانییان بەسەر ئەم ئاستەنگەدا زاڵ ببن و ساختەکارییەکان بدۆزنەوە.

## 12. چۆن ئەدەبیاتی کۆن وەربگێڕین و لە زمانی کوردیدا دایانبڕێژینەوە؟

ئەدەبیاتی کۆنی مێسۆپۆتامیا، زاگرۆس و خۆرهەڵات ئەدەبیاتێکی نزیکە لە ئەدەبیاتی گەلە کۆنەکانی ناوچەکە، لەبەرئەوە پسپۆڕانی خەتی مێخی لە کاتی وەرگێرانی دەقە مێخییەکاندا پێوستە هەوڵبدەن ناو

و زاراوەی ناوچەکە بۆ کاری وەرگێران بەکاربهێنن، نەک ئەو زاراوانە دووبارە بکەنەوە کە نووسەرە خۆرئاواییەکان لە زاراوە گریکی و لاتینییەکانەوە وەریانگرتوون. وەرگێرانی دەقی ئەدەبی یەکێکە لە گرانترین وەرگێرانەکانی دەقە مێخییەکان، لەبەرئەوە لە ئاستێکی زمانەوانیی بەرزدا بەو زمانە کۆنانە نووسراون، و چەندین ناو و زاراوەیان بەکارهێناوە کە بۆیەکەمجارە یان زۆر بە دەگمەن بەکارهێندراون.

لە کوردستانی باشووردا تا ئێستا ئەوانەی بە تەواوەتی خۆیان بۆ پسپۆری نووسینە مێخییەکان و خوێندنەوەی دەقە مێخییەکان ساغکردۆتەوە و کاری وەرگێرانی ڕاستەوخۆیان لەو دەقە مێخییانەوە بۆ زمانی کوردی و زمانە زیندووەکانی عەرەبی و ئینگلیزی و فەرەنسی و ئەڵمانی ئەنجامداوە ژمارەیان لە پەنجەکانی هەردوو دەست تێپەڕناکات، ئێمە بۆ ئەم توێژینەوەیە ڕاپرسییەکمان بۆ ئەو توێژەرانە ڕێکخست و بەداخەوە لەبەر کەمیی دەرفەت تەنها سێ بەڕێزیان توانییان وەڵامبدەنەوە[1]. ئەمەش ئەنجامی ڕاپرسییەکەیە:

**1. لەو پرسیارەی (ئەو دەقە مێخییانەی کە تا ئێستا خوێندووتنەوە بە چ زمانێکی کۆن نووسرابوون؟)**

وەڵامەکە: تەنها دەقی سۆمەری(50%) و دەقی ئەکەدی(50%)یان وەرگێڕاوە.




**2. لەو پرسیارەی (ئەو دەقە مێخییانەی کە تا ئێستا خوێندووتنەوە لەسەر بەرد، خشتی بیناسازی، یاخود تابلێتی قوڕین نووسرابوون؟)**

وەڵامەکە:75% نووسینە مێخییەکانی سەر تابلێتی قوڕینیان وەرگێڕاوە و 25% بەشداربوون لە وەرگێرانی دەقە مێخییەکانی سەر خشتی قوڕین. جێی ئاماژەیە نووسینە مێخییەکەی پاشا ئیدی(ن)–سین، پاشای شانشینی سیمورڕوم کە لەسەر میلە بەردینەکەی غەریب هەڵەدنی

[1] دەمەوێت زۆر سوپاسی پسپۆڕانی نووسینە مێخییەکان بەڕێزان (د. ئاری خەلیل مەنمی، د. ئەردەڵان خۆشناو و م. ئارام سەنگاوی) بکەم کە کاتی خۆیان تەرخانکرد بۆ وەڵامدانەوەی ئەم ڕاپرسییە. توێژەر.

نووسراوە، یەکێکە لەو نموونانەی نووسینی مێخی سەر بەرد کە لەلایەن توێژەرانی کورد (کۆزاد محەمەد و رافیدە قەرەداغی)یەوە لە ساڵی 1997 یەکەم هەوڵی خوێندنەوەی بۆ دراوە. (Ahmed 2012, pp.230-240)




3 .لەو پرسیارەی (ئەو دەقە مێخییانەی کە تا ئێستا خوێندووتنەوە ناوەرۆکەکەیان باس لە چی دەکەن و چ جۆرە دەقێک بوون؟)

وەڵامەکە: 50% دەقی جۆراوجۆر، 25% دەقی کارگێری، 25% دەقی ئابووری.




هەروەها هەر لەو راپرسییەدا توێژەران باسیان لە بوونی دەقی ساختەکراو کرد، کاتێک لە رێگەی دەستبەسەراگرتنی پارچە شوێنەواری قاچاخەوە پۆلیس رادەستی مۆزەخانەی دەکات، توێژەران دەقی ساختەیان لەناو ئەو دەقانە و ئەو دەقانەش کە مۆزەخانەکان دەیکڕنەوە بۆ ئەوەی نەچێتە دەرەوەی

ولات، بەلام دەقی ساختەی تێدابووە، و ئەم توێژەرانە توانیویانە لە دەقە ڕەسەنەکان جیایان بکەنەوە. هەروەها باس لە گرفتەکانی وەرگێران لە زمانە مردووەکانەوە بۆ زمانی کوردی و کێشەی وەرگێڕانی ناوەڕۆک و وەرگێڕانی دەربڕینەکانیش بۆ هەندێک لە توێژەران تاڕادەیەک ئاستەنگ بووە.

## ئەنجام

بە پلەی یەکەم ئاستەنگی سەرەکیی وەرگێڕانی دەقە مێخییەکان بریتییە لەوەی خوێندنەوەی دەقێکی مێخی کە بە زمانێکی کۆنی مردوو نووسراوە و لەم سەردەمەی ئەمڕۆماندا ئەو زمانە مردووە و زیاتر لە دوو هەزار ساڵە هیچ مرۆڤێک قسەی پێنەکردووە، ئەمەش کارێکی سەختە، چونکە دەنگەکان بە تەواوەتی لەناوچوون. لەبەرئەوە خوێندنەوە و ڕێکخستنەوەی ڕێزمانی زمانە کۆنەکان و داڕشتنەوەی دەقەکان بۆ وەرگێران بۆ زمانی کوردی یان هەر زمانێکی تری سەردەم هیچ کات ڕێژەیەکی سەد لە سەد بە دەستەوە نادات. هەرچەندە لە ئێستادا پێشکەوتنی بەرچاو لە خوێندنەوەی زمانی ئەکەدی (و شێوەزارەکانی بابلی و ئاشووری) بەدیدەکرێت و دوای ئەوانیش زمانی سۆمەری، پاشان زمانی عیلامی و حاتی و فارسی کۆن، و دوای ئەوانیش زمانی خورری و ئورارتی، بەلام هەر یەکێک لەم زمانانە جارێ زۆریان ماوە بە تەواوەتی ڕوونببنەوە و دەقەکانیان بە دڵنیاییەوە وەربگێڕدرێت. بوونی زاراوەی سۆمەری لە دەقە مێخییەکانی زمانەکانی تردا، وەک وشە و زاراوەکانی زمانی لاتینی وایە لە زمانە ئەوروپییەکاندا، چۆن بەبێ گەڕانەوە بۆ لاتینی ناتواندرێت لە زۆر زاراوەی زمانە ئەوروپییەکان تێبگەین، بەهەمان شێوە زاراوە و لۆگۆگرامەکانی سۆمەری لە زۆربەی دەقە مێخییە تۆمارکراوەکان لە زمانەکانی تردا بوونیان هەیە و دەبنە ئاستەنگ لە تێگەیشتنی تەواوەتیی دەقەکان وەک خۆی.

خوێندنەوەی دەقە مێخییەکان یەکێکە لە سەختترین خوێندنەوەی تۆمارە کۆنەکانی مێژووی مرۆڤایەتی، مامەڵەکردن لەگەڵ نووسین و زمانێکی مردوو بۆ وەرگێڕان زۆر سەختترە لە وەرگێڕان لە زمانێک بۆ زمانێکی تر. ئەم نووسینە کۆنانەش زۆربەیان لەسەر تابلێتی قوڕین نووسراون و بەشێکی لەسەر خشت و بەرد و سەر ڕووی چیاکان تۆمارکراون.

جۆراوجۆریی ئەو زمانانەی کە بە نووسینی مێخی نووسراون یەکێکە لە کێشە سەرەکییەکان لە تێنەگەیشتن لە ناوەڕۆکی دەقەکان. هەندێک لە دەقە تۆمارکراوەکان هەرچەندە بە زمانێکی کۆنی ناسراو نووسراون و بە خەتی مێخی تۆمارکراون، بەلام ناتواندرێت بە تەواوەتی بخوێندرێنەوە، بەهۆی کێشەی نەخشهەڵکەن (نەحات)ەکانی ئەو سەردەمە، کە هەندێکیان خوێندەوارییان نەبووە و نووسینە مێخییەکانیان وێنەکێشاوەتەوە، و هێماکانیان دوور و نزیک تێکەڵ بەیەکترکردووە.

کێشەی لۆگۆگرامەکان، یەکێک لەو کێشانەی کە ئاسان نییە چارەسەربکرێت، چونکە بۆ نموونە ناوی شارێک، رووبارێک یان چیا، یاخود پاشایەکی کۆنی زاگرۆس ئەگەر بە خەتی مێخی و زمانی سۆمەری یاخود ئەکەدی تۆمارکرابێت ئەوا بێگومان خوێندنەوەکەی ناکرێت دروستبێت، چونکە دەکرێت ئەو هێمایە لە زمانی خەڵکی ناوچەکەدا دەنگێکی تری هەبووبێت یان بۆ نموونە ناوی پاشایەک پێکهاتووە لە دوو برگە و برگەیەکیان ناوی خواوەندێکە، ئەو خواوەندە لەوانەیە لە زمانی خەڵکی ئەو ناوچەیەدا بە شێوەیەکی تر ناوەکەی گۆبکرێت و ناوێکی تری هەبێت.

کێشەی تێگەیشتن لە ناوەڕۆکی دەقەکان و نەشارەزایی وەرگێرە بیانییەکان لە ژینگە و ژیانی سادەی کۆمەڵگەکانی خۆرهەڵات بووەتە هۆی سەپاندنی هەندێک وەرگێران و خوێندنەوەی دەنگ و هێما کە گومانی لەسەرە و کاریگەری لەسەر وەرگێڕ و پسپۆرانی ناوخۆیی دەبێت.

یەکێک لە ئاستەنگەکانی تر، شکانی دەقەکانن، بە تایبەت ئەو دەقە مێخییانەی کە لەسەر تابلێتی قوڕین نووسراون، ئەمەش ئاستەنگ بۆ وەرگێڕی دەقەکان دروستدەکات و زۆرکات لەو شوێنەدا کە زانیارییە گرنگەکانی تێدایە دەقەکە شکاوە، ئەمەش بووەتە هۆی لەدەستدانی چەندین زانیاریی مێژوویی و جوگرافی و ئەدەبی و ئایینی کۆن.

ئاستەنگێکی تری خوێندنەوەی دەقەکان، ڕێزمانی ئەو زمانە کۆنانەیە کە تا ئێستا بە تەواوەتی ڕوون نین. ئەمە جگە لە دەستخەتی نووسەرە جیاوازەکان کە هەندێک جار بە تایبەت لەسەر تابلێتە قوڕینەکان ئاستەنگ بۆ وەرگێران و خوێندنەوەی دەقەکان دروستدەکەن.

هەروەها هەندێک لە نەخشهەڵکەن (نەحات)ەکان، کاتێک نووسینێکی شاهانەیان لەسەر چیایەک یان بەردێک هەڵکەندووە، لەبەرئەوەی نەخوێندەواربوون، نەیانتوانیوە ئەو نووسینەی لە لایەن نووسەرێکی شارەزاوە لەسەر تابلێتی قوڕین بۆیان نووسراوە بە شێوەیەکی ڕاست لەسەر ڕووی بەردەکە هەڵیبکەنن، لەبەرئەوە بە تەواوەتی ناخوێندرێنەوە، وەک نووسینەکانی سەر نەخشی بێلولە و میلەکەی کانی دەربەند. ئەمە جگە لەوەی هەندێک کات دەبێت خوێنەرانی دەقە مێخییەکان ئاگاداریی ئەو دەقانە بن کە لە بازاڕی قاچاخچییەکانەوە دەگاتە مۆزەخانەکان، چونکە هەندێک دەق ساختە دەکرێن، یان بەشێکیان ساختە دەکرێت.

لە کاتی وەرگێرانی دەقە مێخییەکاندا دەبێت هەردەم وەرگێڕ بیر لەوە بکاتەوە کە دەقێکی زۆر کۆن وەردەگێڕێت و دەبێت بە خەیاڵ بچێتە ئەو سەردەمە بۆ ئەوەی تێبگات کە ناوەڕۆکی ئەو دەقانە چ واتایەک دەدەن، هەروەها دەبێت وەرگێری دەقەکان شارەزاییەکی باشی لە ژیانی ڕۆژانەی لادێکانی

هەوالنامەی کیبیر

ڕابردووی هەبێت، بۆ ئەوەی لە زۆر لایەنی ژیانی کۆن تێبگات، و ئەو زاراوانە بەکاربهێنێت کە لە کوردەواریدا زاراوەی تایبەتن بۆ ئەو وشە و زاراوە کۆنانە.

## لیستی سەرچاوەکان:

### سەرچاوە کوردییەکان:

زاموا، دلْشاد عزیز مارف، (2020)، "ڕێنووسە کۆنەکانی زاگرۆس و کاریگەرییان لەسەر ڕێنووس و زمانی کوردی هاوچەرخ"، *گۆڤاری شنروێ*، ژمارە 1، بەرگی 1، هاوینی 2020، سوید، لا97-110.

### سەرچاوە عەرەبییەکان:

بوتيرو، جان، 1990، الكتابة-العقل-الآلهة، ترجمة: الأب البير أبونا، بغداد.

الجميلي، عامر، 2005، الكاتب في بلاد الرافدين القديمة، دمشق.

رشيد، فوزى، 1990، نرامسين، ملك جهات العالم الأربع، الموسوعة الذهبية، ج.2، بغداد.

ساكز, هاري، قوة آشور، ترجمة: عامر سليمان، بغداد.

القلقشندي، أحمد، *صبح الأعشى في صناعة الإنشاء*، بيروت، ج4.

### سەرچاوە بیانییەکان:

- Abadah, K. M., 1974 “New Objects Acquired by the Iraq Museum,” Sumer 39: 77-79.
- Ahmed, Kozad, M., 2012, *The Beginnings of Ancient Kurdistan (c.2500-1500 BC) AHistorical and Cultural Synthesis, PhD dissertation*, Leiden University.
- Botta P. E., & Flandin, E. N., 1972 Monum nt d Ninivé/ dé ouv rt t dé rit, I-II(1849/50), Biblio Verlag, Osnabrück, Paris.
- Grayson, A. K., 1991 *Assyrian Rulers of the Early First Millennium BC 1 (1114-859 BCE) (The Royal Inscriptions of Mesopotamia, Assyrian Periods II/I)*, Toronto - Buffalo – London. = RIMA II.
- Grayson, A. K., 1996 *Assyrian Rulers of the Early First Millennium BC 2 (858-745 BCE) (The Royal Inscriptions of Mesopotamia, Assyrian Periods III),* Toronto - Buffalo – London. = RIMA III.
- Kepinski C., Tenu A. 2014, Kunara, ville majeure de la haute vallée du Tanjaro (Irak, Kurdistan, province de Souleymanieh), Revue d’archéologie de l’Orient ancien hors série n°1, 4-19.
- Lanfranchi, G. B., and S. Parpola, 1990 *The Correspondence of Sargon II, Part II: Letters from the Northern and Northeastern Provinces, State Archives of Assyria V*, Helsinki University Press. = SAA V.
- Luckenbill, D. D., 1926 *Ancient Records of Assyria and Babylonia*, I, Chicago. = ARAB I.
- Luckenbill, D. D., 1927 *Ancient Records of Assyria and Babylonia*, II, Chicago. = ARAB II.
- MacGinnis, John, 2014, A City from the Dawn of History: Erbil in the Cuneiform Sources, Oxbow Books.
- Marf, DLshad A., (2015) “Re-identifying the city of Hiptunu town and the Andaruta mountain,” Akkadica 136/2: 127-140.
- Marf, DLshad, 2016, Cultural Interaction between Assyria and the Northern Zagros, PhD Dissertation, Leiden University.
- Marf Zamua, DLshad A., et al., 2019, the Invention and Practice of Writing in the Ancient near
- East, Glasgow University.
- Marf Zamua, DLshad A., et al., 2019, the Invention and Practice of Writing in the Ancient near
- East, Glasgow University.

- Michel, Cécile, (2020), "Cuneiform Fakes: A Long History from Antiquity to the Present Day," *Fakes and Forgeries of Written Artefacts from Ancient Mesopotamia to Modern China*, De Gruyter, pp.25-60. 2020, ff10.1515/9783110714333-002ff. ffhal-03088820f.
- Mohammed, Khana, A., 2019, Hurrian Toponyms in the Regions between the Tigris and the Lower Zab (2350-612 B.C.), MA Thesis, submitted to the council of College of Arts, Salahaddin University-Erbil.
- Postgate, N., & Roaf, M., (1997), "The Shaikhan Relief," al-Rāfidān, vol. 18, pp.143-155.
- Postgate, N., & Roaf, M., (1997), "The Shaikhan Relief," al-Rāfidān, vol. 18, pp.143-155.
- Postgate, N., & Roaf, M., (1997), "The Shaikhan Relief," al-Rāfidān, vol. 18, pp.143-155.
- Rawlinson, H.C., 1866, *The Cuneiform Inscriptions of Western Asia, Bd. I: A Selection from the historical Inscriptions of Chaldeaa, Assyria, et Babylonia; Bd. II: A Selection from the Miscellaneous Inscriptions of* Assyria; Bd. III: A Selection from the Miscellaneous Inscriptions of Assyria, 1861 / 1866.
- Salvini, M., 2008 *Corpus dei testi urartei*, vols. I-IV. Le iscrizioni su pietra e roccia, Docuementa Asiana 8. Roma: Istituto di studi sulle civiltà dell' egeo e del vicino oriente. = CTU.
- Speiser,E. A., 1928"Southern Kurdistan in the Annals of Ashurnasirpal and Today,"*AASOR* 8 (1926-1927): 1-41.
- Van De Mieroop, Marc, 1999, C*uneiform Texts and the Writing of History (Approaching the Ancient World)*, London.

هەوالنامەی کتێب

## bstacles in translating the cuneiform texts into Kurdish Language.

Dr.DLshad A. Marf Zamua

Archaeology Department, Sulaimani University dlshadazamua@gmail.com

**Abstract:**

This paper deals with the obstacles that faced Assyriologists in translating the ancient records from the dead languages to modern languages, in particular to Kurdish language. What are the main issues in translating, and reading the ancient texts? The issue of determinatives, the logograms, the fake texts. How the archaeological and artistic evidence can help us in translating enigmatic expressions in these ancient records? The paper supported with several examples of issues in translating words, names, expressions, determinatives and logograms. Also, the paper supported with charts and a data collected from the Kurdish Assyriologists and how they decode the enigmatic expressions, and what are the main obstacles in reading the cuneiform texts.

**Keywords:** Cuneiform texts, dead languages, translation, Kurdish language.

# هەڵسەنگاندنێکی زمانی وەرگێڕانە زانستییەکانی بابەتی (زانست بۆ هەموان)ی قۆناغی بنەڕەتی پۆلی حەوت وەک نموونە

پ. ی. د. شێرکۆ حەمەئەمین قادر
زانکۆی هەڵەبجە
sherkohamaamin@gmail.com

**پێشەکی**

وەرگێڕان، وەک زانست و وەک هونەر پانتاییەکی گەورەی لە بواری زانستی و ئەکادیمی و کلتووری و... تاد گرتووەتەوە. بەهۆی وەرگێڕانەوە میراتی زانستی و ئەزموونی پێشکەوتن و داهێنانی بوارە جیاجیاکان، نەوە دوای نەوە بۆ هەنوکەی کۆمەڵی مرۆڤایەتی ماوەتەوە. ئاڵوگۆڕی زانیاری و کلتووری و کارلێک و هاوئاهەنگیی نێوان نەتەوەکانی جیهان هەر بەهۆی وەرگێڕانەوەیە، جا ئەم وەرگێڕانە پێش داهێنانی نووسین و خوێندەواری و وەرگێڕانی ڕاستەوخۆ و زارەکی بووە و دوای داهێنانی زمانی نووسینیش لە ڕێگای تێکستی نووسراوەوە بووە. وەرگێڕان سەرەتای ئەو لێکنزیکبوونەوەیە بوو کە ئێستا جیهانی وەک یەک یەکەی کۆمەڵایەتی وابەستە بەیەکدییەوە لێکردووە. وەرگێڕان لەگەڵ بایەخە گرنگەکەی، بەدەریش نییە، لە زیان و بەلاڕێدابردنی ئەو پەیام و تێگەیشتنەی لە زمانی یەکەمەوە دەگاتە زمانی دووەم، بۆیە لەگەڵ پشتیوانیکردن و تەرخانکردنی سەرچاوەی مرۆیی و ماددی، پێویستە بەردەوام ڕەوتی وەرگێڕان و بەرهەمە وەرگێڕدراوەکان لەژێر تیشکی ڕەخنە و هەڵسەنگاندندا بن.
توێژینەوەکە هەوڵێکە بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو بابەتە زانستییانەی، کە لە پڕۆگرامی خوێندنی قۆناغی بنەڕەتیدا دەخوێندرێن. لە توێژینەوەکەدا پەیرەوی ڕێبازی (نموونە شیکاری پەسنکارانە) کراوە.
لایەنی زمانی و زانستیبوونی بابەتە زانستییەکان و تایبەتمەندیی زمانی کوردی و لەخۆگرتنی زانستەکە بۆ بونیادی وێنەی هزری و چەسپاندنی زانیارییەکان لە فەرهەنگی ئاوەزیی زمانی کوردیدا دەبێتە کێشەی توێژینەوەکە و لە چوارچێوەی دوو بەشدا هەوڵی چارەسەری بۆ دەدرێت، بەم جۆرە:
بەشی یەکەم: لایەنی تیۆری کارەکە پێکدێنێت، کە تیۆرەکانی وەرگێڕان و تایبەتییەکانی زمانی کوردی و شێوازی وەرگێڕانی بابەتی زانست باسکراوە.
بەشی دووەم: لایەنی کارەکیی توێژینەوەکەیە، لە ڕێی هەڵسەنگاندنی نموونەکانەوە ئاستی زانستی و زمانی وەرگێڕانەکان شیکراوەتەوە.
لە کۆتاییشدا، لیستی سەرچاوەکان و ئەنجامە بەدەستهاتووەکان خراونەتەڕوو.

**وشە کلیلییەکان:** وەرگێڕان، زمانی وەرگێڕان، زمانی زانست، وەرگێڕانی زانستی.

**بەشی یەکەم**

### ١-١:  سەرەتا

ئەم بەشە بۆ خستنەڕووی پێناسەی وەرگێران و تیۆرەکانی و پەیوەندیی وەرگێران بە زمانەوانییەوە، بەپێی پێویستیی توێژینەوەکە و کەڵکی ئامانجەکەی تەرخاندەکەین.

### ١-٢:  پێناسەی وەرگێران

لە سادەترین ناساندنیدا (وەرگێران جێگۆرکێی نواندنی دەقێکە، لە زمانی یەکەمەوە، بۆ زمانی دووەم، بە هاونواندنی، لە زمانی دووەمدا) (Bell and Candlin, 1991: 6). وەرگێران، پێناسەی جۆراوجۆری لە بارەوە نووسراوە، بە لەبەرچاوگرتنی ناوەڕۆکی توێژینەوەکە و بابەتەکانی چەند پێناسەیەک وەردەگرین و رای خۆمانی، لەبارەوە دەخەینەروو، بەمشێوەیە:

_ نیدا دەنووسێت:  (وەرگێران، دۆزینەوەی نزیکترین هاوواتایە، بە ئەو زمانەی، کە وەرگێرانی پێ دەکرێت). (سەفارزادە، ٢٠٠٥:  ٢٥)

وردبوونەوە لەم پێناسەیە ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە گەیاندنی واتای بابەتی وەرگێردراو، مەرجی سەرکەوتنی کردەی وەرگێرانە، کە تێگەیشتن لە واتا گەیاندنی مەبەستە.

_ نیومارک (Newmark) دەنووسێت: (وەرگێران، شارەزایی و لێزانینە و هەوڵدانە بۆ لێکدانەوە و وەرگواستنەوەی پەیامێک یان نووسراوێک، لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر) (عەلاف، ٢٠٠٩: ١٨)

نیومارک، لەم پێناسەیدا، هەردوو لایەنی شارەزایی و سەلیقە و گەیاندنی ناوەڕۆکی، لەبەرچاوگرتووە، بەم پێیە وەرگێر دەبێت شارەزایی، لە هەر دوو زمانەکەدا هەبێت و بتوانێت، بە باشی واتا  و مەبەست بگوازێتەوە، واتە وەرگێران لای نیومارک هونەر و  زانستە.

_ وەرگێران، بریتییە لە وەرگێرانی بابەتێک، لە زمانی بنەڕەت بۆ زمانێکی دیکە (مەبەست) بە شێوەیەک، کە ئەو بابەتە (ڕستە، گرێ، سەرجەمی بەرهەمێک) لەسەر خوێنەر یان گوێگری زمانی مەبەست،  هەر ئەو کاریگەرییەی هەبێت، کە بابەتە بنەڕەتییەکە،  لەسەر خوێنەر یان گوێگری زمانی بنەڕەتی هەیەتی. (حوسێنی، ١٩٩٠: ٣٠)

کاتێک لەم پێناسیە وردەبینەوە، دوو لایەنی بە بنەما گرتووە، وەرگێران، لە نێوان دوو زماندایە، کە زمانی بنەڕەت و زمانی ئامانجە، بنەمای دووەمیش کاریگەریی وەرگێرانەکەیە لەسەر وەرگر بەهەمان ئەندازەی ئەوەی، کە بە زمانی بنەڕەتی وەریدەگرێت، بەم پێیە مەرجی وەرگێرانی سەرکەوتوو، ئەوەیە کە واتا و مەبەست بە جۆرێک بگوازرێتەوە، کە کاریگەریی تەواوی هەبێت، وەک ئەوەی بە زمانی بنەڕەتی خوێندبێتییەوە یان وەریگرتبێت.

_ وەرگێران، هونەرێکی جوانە،  واتای گواستنەوەی وشە و واتا  و شێوازەکان دەگەیەنێت، لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر، خوێنەری دەقە وەرگێردراوەکە هەست، بە ڕوونیی دەقە وەرگێردراوەکە بکات، هەوەک چۆن خوێنەری زمانی سەرچاوە هەستی پێ دەکات. (سفا خلوسی، ١٩٥٦: ١١)

هەواڵنامەی کتێب

نووسەر، لە سێ بنەماوە سەیری وەرگێڕان دەکات، هونەر، گواستنەوەی واتا و شێواز، ڕوونی لە گواستنەوەی دەقەکەدا، لە زمانی بنەڕەتەوە بۆ زمانی ئامانج.

ئاشکرایە، ڕوونی و ڕەوانی شێوازی نووسین و دەربڕینی هەر بابەتێک مەرجێکی بنەماییە، بۆ کردەی تێگەیشتن و گەیاندنی پەیامی نووسەر، کەسی وەرگێڕیش دەبێت، ئەم بنەمایە، لە بەر چاوبگرێت.

وەرگێڕان، وەک هەر بابەتێکی تری بواری مرۆیی پێناسە و لێکدانەوەی زۆری، لە بارەوە نووسراوە، ناکرێت و پێوسیتیش نییە، هەموویان لێرەدا بنووسینەوە، بەڵام دوای سەرنجدان و خوێندنەوەی پێناسەکان، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە سەرباری جیاوازی و لێکچوونیان، بەڵام دەکرێت، چەند بنەمایەک وەربگرین، لەوانە:

١_ وەرگێڕان، لە نێوان زمانی بنەڕەت و زمانی ئامانجدایە.

٢_گەیاندن یان گواستنەوەی ناوەڕۆک و مەبەستی دەقەکە یان گوتنەکە.

٣_ ڕوونی لە وەرگێڕاندا، وەک ئەوەی لە زمانی بنەڕەتدا هەیە، هەر بەو شێوەیەش دوای وەرگێڕان، لە زمانی ئامانجدا هەبێت، بۆئەوەی کردەی تێگەیشتن و گواستنەوەی پەیام، بە باشی ڕووبدات.

بەشی دووەمی توێژینەوەکە، پراتیکیی ئەو مەرج و بنەمایانەیە، لە کتێبی زانست بۆ هەموانی قۆناغی بنەڕەتی، کە وەرگێڕانی بابەتە زانستییەکانە، هەوڵدەدین ئاستی سەرکەوتوویی وەرگێڕانەکان بخەینەڕوو.

**١-٣: تیۆرەکانی وەرگێڕان**

پێشەکەوتنی کۆمەڵ و زانست و دنیای ئەمڕۆ، بە جۆرێکە هەموو بوارەکان تیۆری تایبەتی خۆیان هەیە، لە مڕۆدا وەرگێڕانیش، وەک بوارەکانی زمانەوانی و ئەدەبیات و.... تیۆری تایبەتی خۆی هەیە، کە لە خوارەوە، دەیانخەینەڕوو:

١_ وەرگێڕانی وشە بە وشە:

ئەم وەرگێڕانە، بریتییە لە کردەی گواستنەوەی واتا و پێکهاتەی ڕێزمانی لە زمانی بنەڕەتەوە بۆ زمانی ئامانج، بە جۆرێک هەموو یەکەیەکی زمانی بەرانبەر یەکە زمانییە هاوشێوەکەی، لە زمانی دووەمدا دەوەستێت، وشە بە وشە، ڕستە بە ڕستە.... ئەم وەرگێڕانە، بۆ خوێنەری ئاسایی بێسوودە و بەڵام، بۆ پسپۆڕێک، کە بیەوێت شارەزای ڕێزمان و پێکهاتەی زمانی بنەڕەت بێت، بەکەڵکە.

ئەم جۆرە وەرگێڕانە ئاساییە، بەڵام پێویستی بە شیکردنەوەی زۆر هەیە.

یوجین نیایدا، لە کتێبی بەرەو زانستی وەرگێران دوو جۆر وەرگێڕان دەستنیشاندەکات، لە زمانی سەرچاوە یان بنەڕەتەوە بۆ زمانی ئامانج، ئەویش دۆزینەوەی هاوواتای دەقەکە جۆری یەکەمە و دۆزینەوەی هاوواتای بزۆزیش جۆری دووەمە، کە ئەمەیان هەوڵدەدات، هەمان کاریگەریی دەقی سەرچاوە، لە زمانی ئامانجدا بێنێتەکایەوە. (میشل ئیستینۆف، ٢٠١٧، ٧٢)

٢_ وەرگێڕانی واتا بە واتا:

لەم وەرگێڕانەدا، وەرگێڕ زیاتر هەوڵدەدات، واتای دەقی سەرچاوە وەربگێڕێت، بەبێ ئەوەی شارەزایی، لە ڕێزمان و پێکهاتەی زمانیی زمانی سەرچاوە یان بنەڕەتدا هەبێت، بەڵام مەرجە شارەزایی تەواوی، لە ڕێزمانی زمانی ئامانجدا هەبێت، چونکە دەقەکە بەپێی دەستوور و ڕێزمانی زمانی ئامانج دادەڕێژێتەوە.
لەم ڕوانگەوە (ڤینی و داربلینی) دەڵێن: وەرگێڕ پێویستە فکر و هەست وەربگێڕێت، نەک وشە. (میشل ئیستینۆف، ٢٠١٧، ١١٥)
ئەم جۆرەی وەرگێڕان، بۆ خوێنەر سوودبەخشە و بە پێچەوانەی وەرگێڕانی وشە بە وشە گرنگی بە ڕستە دەدرێت.
٣_ وەرگێڕانی گێڕانەوە:
ئەم تیۆرەی وەرگێڕان بیرۆکەی دەقی زمانی سەرچاوە وەردەگرێت و بیرۆکەی خۆی تێکەڵدەکات و فروانی دەکات و بە زمانی ئامانج دەینووسێتەوە.
شاعیر و چیرۆکنووس و ئەدیب و نووسەرەکان بەراورد بە کەسانی تر کەڵکی گەورەیان، لەم وەرگێڕانە وەرگرتووە، چونکە بەپێی ڕای شارەزایانی ئەم بوارە، دارشتنەوەی سەرلەنوێ باشترینە و لەگەڵ ئەوەی پێکهاتەی زمانی سەرچاوە دەپارێزرێت، لەگەڵ ئەمەشدا دارشتنەوەیەکی نوێ پەیدادەبێت، بەڵام ڕۆمان یاکۆپسن سەبارەت بە وەرگێرانی شیعر، داهێنان بە بنەمادەگرێت و دەڵێت: تەنیا گواستنەوەی داهێنەرانە، لە توانادایە. (میشل ئیستینوف، ٢٠١٧، ٨٣)
٤_ وەرگێڕانی لێکدانەوەیی (تەفسیری):
ئەم تیۆرە زیاتر بۆ دەقە گران و کۆنەکان بەکاردێت، بە گشتی جگەلە پرۆسەی وەرگێڕان لێکدانەوە، بۆ دەقەکان دەکات و باری سەرنجی لەبارەوە دەخاتەڕوو.
٥_ وەرگێڕانی کورتکردنەوە:
هەر کاتێک وەرگێڕ بزانێت، تەواوی دەقی زمانی سەرچاوە پەیوەندی، بە وەرگری زمانی دووەم زمانی ئامانجەوە نییە، پەنا دەباتە بەر کورتکردنەوە و کرتاندنی ئەو بەشانەی، کە دەزانێت، وەرگری زمانی دووەم زمانی ئامانج کەڵکی لێ وەرناگرێت، لەبەر هەر هۆیەک بێت. بەم جۆرە وەرگێڕانە دەوترێت، وەرگێڕانی کورتکردنەوە.

**١-٤: پرۆسەی وەرگێڕان:**

وەرگێڕان کردەیەکی فرەلایەنە و خاوەنی تیۆر و بنەمای خۆیەتی، ئەم کرداری وەرگێڕانە، وەک پرۆسەیەک سەرەتا و ئامانج و کۆتایی هەیە.
سەرتا دەستنیشانکردنی دەق یان دەربرینی سەرچاوەیە، لەگەڵ ئامانجی وەرگێڕ ئایا هەر تەنیا ئامانج ئاگادارکردنەوەیە، لە بوونی دەقێک، لە زمانی سەرچاوەدا یان جوانناسییە؟
هەموو کردارێکی وەرگێڕان خۆی، لە خۆیدا پرۆسەیە و بە چەند هەنگاوێک ئەنجامدەدرێت، لە هەندێک باردا پەیوەندییان، بە تیۆرەکانی وەرگێڕانیشەوە هەیە.

هەنگاوەکانی پرۆسەی وەرگێڕان، دەکرێت، بەمشێوەیە؛ بە کورتی دەیانخەینەڕوو:

١_ وەرگێڕان و دەربڕینی سەرلەنوێ

لێرەدا وەرگێڕ گۆڕانکاری لە وشەکاندا دەکات، ئایا وشەی هەمان مەبەست بەکاردێنێت، یان وەک خۆی وشەکان دەنووسێتەوە، ئەمە زۆر جار نالۆجیکیبوونی واتایی ڕستەی لێ بەرهەمدێت، وەک:

_ ئۆدیب، دەیوسیت، لەگەڵ ژۆکاست هاوسەرگیری بکات.

_ واتە:  ئۆدیب، دەیوسیت، لەگەڵ دایکی هاوسەرگیری بکات.

بێگومان ئەم گۆڕانکارییە ئاسایی نییە و ڕێگەپێدراو نییە، چونکە نالۆجیکیبوونی ڕستەی لێ بەرهەمدێت، کە سەرئەنجام مەرجێکی دروستی ڕستەکە لەدەستدەدات.

٢_ جێگۆڕکێکردن و گۆڕینی دەربڕین:

دەق یان دەربڕینی سەرچاوە دەکرێت، بۆ چەند یەکەیەکی بچوکتر دابەش بکرێت، کە بە یەکەکانی وەرگێڕان دادەنرێن.

ئاسایی یەکەکان، لە هەردوو زماندا یەکسانن، بەڵام دابەشکردنیان جیاوازن، لێرەدا ئایا وەرگێڕ هاوواتای یەکەکان دەدۆزێتەوە یان دەیانگۆڕێت؟ چ جۆرە پەیوەندییەک دروستدەکات؟

٣_ وەرگێڕان یان گۆڕینی فۆڕم:

لێرەدا مەبەست لەوەیە، ئایا وەرگێڕ لە پرۆسەی وەرگێڕاندا پەیرەوی وەرگێڕانی وشە بە وشە یان گۆڕینی فۆڕم دەکات؟ بە تایبەتی لە هەندێک دەربڕینی میتافۆڕی و مەبەست و واتای جیاوازدا پێویستی بە گۆڕینی فۆڕم هەیە، هەتا لەگەڵ کلتووری کۆمەڵی زمانی ئامانجدا بگونجێت.

بەمجۆرە دەبینین، کۆی ئەو هەنگاوانەی لە کردەی وەرگێڕندا ئەنجامدەدرێن، پرۆسەی وەرگێڕان پێکدێنن.

Induction پرۆسەی هەڵهێنجانی پوختەیەکە، لە گشتەوە.

deduction پرۆسەی لێکدانەوە و شیکردنەوەیە، لە پوختەیەکەوە.

Abduction پرۆسەی بازدانە بەسەر ئەو زانیارییانەی کە شیکرنەوەیان بۆ ناکرێت.

هەر لە پرۆسەی وەرگێڕاندا سێ چەمک بەشداری کارایان هەیە، ئەوانیش ( Abduction, induction, deduction)

سیانە گوزارەی Peirce بۆ تێگەیشتن و هەستکردن بە هەموو شتێک لە ناویشیاندا شارەزایی وەرگێڕ گرنگن.

induction لە وردەکارییەوە دەستپێدەکات و بەرەوە گشت دەچێت، هەروەها deduction لە پرەنسیپە گشتییەکانەوە دەستپێدەکات و بەرەو وردەکارییەکان و شیکردنەوەیان دەچێت.

گوزارەی Abduction لەوەوە هات کاتێک Peirce هەستیکرد، کە دووانەکەی دیکە لە وەرگێڕاندا بەس نین، و ناتوانن لە وەرگێڕاندا بیری تازە دابهێنن. هەردوو گوزارەکە پێویستییان بە ماددەی خاوی دیکە هەیە.

لە وەرگێڕاندا دەکرێ گوزارەی سێیەم بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا، بە کوردراندن ناوبنێین، بۆ نموونە لە وەرگێرانی وشەیەکی وەک (Democracy)دا کورد تەنها بە گوێرەی یاسا دەنگییەکانی خۆی دایڕشتۆتەوە، چونکە لە بەرانبەریدا وشەیەکی کوردی جێگەی نەگرتۆتەوە. بڕوانە ( Robinson, 2019, 87)

**١–٥: وەرگێڕانی زانستی:**

ئێمە دەزانین، ڕۆژانە زانستەکان بەرەوپێشدەچن و بەرەو پسپۆڕیی ورد دەڕۆن، هەر زانستێکیش خاوەنی وشە و زاراوە و دەربڕینی تایبەتی خۆیەتی، واتە زمانی زانستی لە زمانی ئەدەبی جیاوازە، لە ڕاستیدا زانست قەرزاری زمانە، چونکە خودی زمان هۆکاری هەڵگرتن و گواستنەوە و فێربوونی زانستەکانە.

کتێبی بنەماکانی وەرگێران چەند بنەمایەکی دەقی زانستی دیاریکردووە، کە پێویستە، لە پرۆسەی وەرگێڕاندا بایەخی پێبدرێت، چونکە دەقی زانستی، لە ژێر هەژموونی کەسدا نییە، بەڵکو بنەما و چوارچێوەی زانستیی دیاریکراو و جێگیریان هەیە، کە ئەمانەن:

١_ لە وەرگێڕانی دەقی زانستی ناوەڕۆک گرنگە و پێویستە ڕەچاوی ناوەڕۆک بکرێت.

٢_ دەقی زانستی کورت و سنووردار و مەبەستدارن، پێویستە چەمکە زانستییەکان بناسێنرێن و تایبەتییان دیاریبکرێت.

٣_ زاراوەی دەقی زانستی سنووردارن و زمان لەم دەقانەدا، تەنیا بۆ دەربڕینی یەک بابەت، تەرخان دەکرێن و هەموو لکێکی زانستی خاوەنی فەرهەنگی تایبەتیی خۆیەتی.

٤_ شێوازی نووسین و دەربڕینی زانستی وەک شێوازی هونەری و ئەدەبی جۆراوجۆر نییە.

ئەم بنەمایانە گرنگن و پێویستە وەرگێڕ، لە کاتی وەرگێڕانی دەقی زانستیدا، لەبەرچاویان بگرێت، واتە پێویستە جگە لە شارەزایی زمانەوانی پسپۆڕی بوارە زانستییەکەش بێت، هەر ئەمەش دژواریی وەرگێڕانی زانستییە.

بە گشتی ئەم دوو خاڵە گرنگن:

١_ وەرگێڕ زمانی زانستەکە، بزانێت.

٢_شارەزایی بوارە زانستییەکە بێت. (محمود حدادی، ١٣٧٠: ٨٢)

**١-٦: وەرگێران و زمانەوانی:**

کرداری وەرگێڕان، لە نێوان دوو زماندایە، کە هەریەکەیان سەرباری بوونی خاڵی ناوکۆیی بەڵام جیاوازی و سیمای تایبەتیی خۆیان هەیە، هەر بۆیە پشکی زمانەوانی، لە وەرگێڕاندا زۆر و بەبایەخە.

وەرگێڕان پێش ئەوەی تایبەتبێت بە کەسانی پسپۆڕ و شارەزا و وەرگێڕ، لەخۆیدا کردەیەکی زمانییە و گواستنەوەی بیر و پەیامێکە، لە زمانی سەرچاوە و بۆ زمانی ئامانج.

پەیوەندیی نێوان وەرگێڕان و زمانەوانی هێند پتەوە، هەموو پێشکەوتنێکی زمانەوانی لە وەرگێڕاندا ڕەنگدەداتەوە، بە جۆرێک دەتوانرێت (تیۆرەکانی وەرگێڕان)، بۆ دوو بەشی سەرەکی پۆلێنبکرێت، ئەو تیۆرانەی لە سەر بنەمای زمانەوانی ڕاوەستاون، ئەو تیۆرانەی زمانەوانییان تێپەڕاندووە، بەڵام لە کاتی پێویستدا سوودی لێ وەردەگرن). (میشل ئیستینۆف، ٢٠١٧، ١٩)

زمانەوانی زانستی لێکۆڵینەوەیە لە زمان بە شێوەیەکی گشتی هێما و نیشانە زمانییەکانیش یەکەی سەرەکی زمان و پەیوەندی مرۆڤن، زمان بە گشتی سیستەمێکی نیشانەییە، لەم ڕوانگەوە یاکۆپسن دەڵێت: وەرگێڕان پەڕینەوە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە نییە، بەڵکو پەڕینەوەیە، لە سیستەمێکی نیشانەییەوە بۆ سیستەمێکی نیشانەیی تر. (میشل ئیستینۆف، ٢٠١٧: ٢٠)

بەوردبوونەوە لەو پەرەگرافانەی سەرەوە و خودی کردەی وەرگێڕانیش، هاوکات لە ڕوانگەی زانستییەوە، دەسەڵاتی زمانەوانی لە وەرگێڕاندا زۆر و بەبایەخە، بە جۆرێک دەکرێت، وەرگێڕان وەک باسێکی زمانەوانیی گشتی دابنرێت، لەم بارەشەوە چەندین کتێب و وتار دانراون.

**بەشی دووەم:**

**٢-١: سەرەتا**

دوای ئەوەی، لە بەشی یەکەمدا چەند بنەمایەکی تیۆری پێویستمان خستنەڕوو، لە بەشی دووەمدا سەرەتا وەرگێڕان لە ڕوانگەی زمانەوانی و پاشان هەڵسەنگاندنی زمانەوانیی وەرگێڕانە زانستییەکان باس دەکەین و پاشتر بە نموونەی کتێبی زانستی بۆ هەموانی پۆلی حەوتی بنەڕەتی لایەنی کارەکی و هەڵسەنگاندنی زمانی، لە ئاستە جیاوازەکاندا شیدەکەینەوە و سەرنجەکان، لەبارەیانەوە دەخەینەڕوو.

**٢- ٢: وەرگێڕان، لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە:**

کەسی وەرگێڕ کردەیەک لە نێوان دوو زماندا یان دوو دەربڕیندا ئەنجامدەدات، کە دەشێت نووسراو یان زارەکی بن، بەمپێیە خودی وەرگێڕان کردەیەکی زمانییە و پێویستە وەرگێڕ شارەزاییی تەواوی ئاستەکانی هەردوو زمان، زمانی سەرچاوە و زمانی ئامانج بێت.

لەم بارەوە گوتەی وەرگێڕی گەورە دەڵێت: (کەسێک، کە زمانی بیانی نازانێت، هیچ لە زمانەکەی خۆی نازانێت، بەمپێیە زانینی زمانی زگماکی بەکردەوە زانینی زمانێکی ترە)، (میشل ئۆستینۆف، ٢٠١٧، ٢٠)

واتە وەرگێڕانی سەرکەوتوو ئەوەیە، کە سیستەمی کارکردنی ئاستەکانی هەر دوو زمان، بە باشی بزانێت و دەسەڵاتی تەواوی بەسەریاندا هەبێت.

**٢-٣: مەبەست لە هەڵسەنگاندنی زمانیی وەرگێڕانە زانستییەکاندا:**

ئەگەر وەرگێڕان بەشیک بێت لە زمانەوانیی گشتی و کردەی وەرگێڕانیش خۆی، لە خۆیدا کردەیەکی زمانی بێت، کەواتە هەڵسەنگاندنی زمانی بەو مانایە دێت، کە وەرگێڕ چەندە سەرکەوتووانە کارەکەی، لە ڕوانگەی ئاستە جیاوازەکانی زمانەوە ئەنجامداوە، چونکە هەر کەموکورتییەک، لە کردەی وەرگێڕاندا، ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر گواستنەوەی بیر و پەیامی زمان یان دەقی سەرچاوە بۆ زمانی ئامانج دەبێت و بەمەش ناتوانرێت مەبەستی کارەکە بپێکێت و ئەنجامی هەبێت.

لەم توێژینەوەیدا لێرە بەدواوە، وەرگێڕانە زانستییەکانی بابەتی زانست بۆ هەموانی پۆلی حەوتی بنەڕەتی هەڵدەسەنگێنین و سەرنجەکانی لەبارەوە لە ئاستە زمانییە جیاوازەکاندا دەخەینەڕوو.

**٢-٤: ئاستی ڕێنووس:**

ڕێنووس، واتە وێنەی نووسینی دەنگەکانی زمان، بە شێوەیەکی دروست. بە واتایەکی تر، ڕێنووس دروستنووسینی دەنگەکانی زمان و وشەکانی زمانە، لە چوارچێوەی زمانی نووسیندا، کە زمانی نووسین پێوەی پابەنددەبێت.

ڕێنووس، لە دوو بەش پێکدێت:

١_ شێوازی نووسینی پیت و وشەکان

٢_ خاڵبەندی

١_ شێوازی نووسینی پیت و وشەکان

هەرچەندە ڕێنووسی کوردی، بەراورد بە ڕێنووسی زمانەکانی تر کێشەی کەمی هەیە، کەچی کتێب و نووسراوەکانی حکومەت کێشەی جۆراوجۆریان هەیە، وەک:

_ نەنووسینی پیتە نەبزوێنی (ی) کە بۆ جیاکردنەوەی دوو پیتی بزوێن پێویستە، هاوکات یاسایەکی فۆنۆلۆژیی زمانی کوردیشە، کە دوو پیتی بزوێن بەدواییەکدا نایەن، بەڵام لە کتێبی زانست بۆ هەموانی پۆلی حەوتی بنەڕەتی پەیڕەوی ئەم یاسا فۆنۆلۆژییەی زمانی کوردی نەکراوە، وەک:

_ ئەو زیندووە: ئایا وانیە؟ (زانست بۆ هەموان، ٢٠١٩: ٣)

لە کتێبەکەدا، بەو شێوەیە نووسراوە، بەڵام دەبوو (وانیە) بە دوو (ی) بنووسرایە، چونکە بەپێی یاسای فۆنۆلۆژیی زمانی کوردی دوو بزوێن بەدواییەکدا نایەن و هەر کات ئەم حاڵەتەبوو، پێویستە، بە پیتێکی نەبزوێن، لە یەکتری جیابکرێنەوە، واتە دەبوو بەمجۆرە بنووسرایە:

_ ئەو زیندووە: ئایا وانییە؟

با، لە نموونەیەکی تر وردبینەوە، کە لە لاپەڕە ٨ ی کتێبەکەدا هاتووە:

_ هەڵچونە گرکانیەکان . . . . ل ٨

لەم نموونەیەشدا، لەبەرئەوەی کۆتایی وشەی گرکان، بە پیتی (ی) بزوێن هاتووە، لەدوای ئەویش مۆرفیمی ڕێزمانی (ـەکە) ناسراوی هاتووە، کە سەرەتاکەی بە (ە) بزوێنی کورت دەستپێدەکات، لە زمانی کوردیشدا دوو بزوێن بەدوایەکدا نایەن، کەواتە دەبوو، بەمجۆرە بنووسرایە:

_ هەڵچونە گرکانییەکان...

بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە، هەمان پێکهاتەی ڕێزمانی، کە گرێی ناوی (ڕەوشتە فیزیاییەکان، ڕەوشتە کیمیاییەکان)ە بە جۆرێکی تر و بە دروستی نووسراون، بەمشێوەیە:

_ ڕەوشتە فیزیاییەکان _ ڕەوشتە کیمیاییەکان

ئەمەش دەربڕی ئەو ڕاستییەیە، کە پەیڕەوی یاساکانی ڕێنووسی زمانی کوردی نەکراوە و هەڕەمەکی وەرگێرانە زانستییەکان داڕێژراونەتەوە و نووسراون.

_ نووسینی دوو واو، لە بەری ئەوەی، بە یەک واو بنووسرێت، وەک:

_ ڕوونی دەکاتەوە بۆچی زیندەوەران . . . . . . . (زانست بۆ هەموان، ٢٠١٩: ١٠)

ئاوەڵناوی(ڕون) بە دوو واو(وو) وای درێژ نووسراوە، ئەم وشەیە، لە هەردوو باری پێکهاتە و خویندنەوەشەوە، ناکرێت بە واوی درێژ (وو) بنووسرێت، لەیەک برگە پێکهاتووە، بەمشێوەیە:

برگە (ڕون)

| کۆنسۆنانت | ڤاوڵ | کۆنۆسۆنانت |
|---|---|---|
| ڕ | و | ن |

واتە دەبێت، بەمشێوەیە بنووسرێت:

_ ڕونی دەکاتەوە بۆچی زیندەوەران ...

هەر لەچێوەی پەیوەستنەبون و پەیڕەونەکردنی یاساکانی ڕێنووسی زمانی کوردی، سەرنجی ئەم نمونەیە دەدەین:

_ پێویستە گەڕان بەدوای سەرچاوەی نوێ ی وزەدا . . . (زانست بۆ هەموان، ٢٠١٩: ١٣)

لە زمانی کوردیدا، بەپێی یاساکانی ڕێنووسی زمانی کوردی هەرکاتێک (ی) خستنەسەر چووە سەر ئەو وشانەی، بە (ی، ێ) کۆتاییان دێت، ئەوا بۆ ئاسانی خوێندنەوە و نووسین، پێویستە بەدوای وشەکەوە بلکێت بەمجۆرە:

_ پێویستە گەڕان بەدوای سەرچاوەی نوێی وزەدا...

لەم نموونەیە لە سەرجەم کتێبە وەرگێردراوەکان و کتێبی زانست بۆ هەموانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتیدا زۆرە.

ئەمانە و دەیان وشە و ڕێنووسی تر، کە بەهەڵە نووسراون، پێوسیتییان بە ڕاستکردنەوەیە.

نووسینی مۆرفیمی بەندی پاشگر و پێشگر، یەکێکی ترە لەو گرفتانەی، کە بە دوو شێوە نووسراون، ئەمەش سەرلێشێواندن لای قوتابی دروستدەکات، با لەم دوو نمونەیەی لاپەڕە ٧٤ ، ٧٥ :

_ لەژێر زەوی هەڵدێن . . . . .  (زانست بۆ هەموان، ٢٠١٩: ٧٤)

_ کاریان لێ ناکات یان زیانیان پێ دەگات . . .  (زانست بۆ هەموان، ٢٠١٩: ٧٥)

وردبوونەوە و بەراوردکردنی ئەم دوو نمونەیە، کە لە یەکەمیاندا پێشگری وشە داڕێژی (هەڵ_) بە بناغەکەوە لکاوە (هەڵدێن) کە ئەمەیان دروستە، بەڵام لە نموونەی دووەمدا دیسان پێشگری وشە داڕێژی (لێ_، پێ_)، لەگەڵ بناغەکەدا هاتوون، کەچی بەجیا، لە بناغەکە و کردارە داڕێژراوەکە نووسراون، کە ئەمەی دووەمیان نادروستە.

لە دوو لاپەڕەی جیا و هەمان وشەی داڕێژراو، بە یاسای:

پێشگر + بناغە (ڕەگی کردار)

کەچی بە دوو ڕێنووسی جیاواز نووسراون، ئەمەش لە ئەنجامدا هەڵەی نووسین لای قوتابی بەرهەمدێنێت و لەگەڵی دەمێنێتەوە و لەسەری بەردەوامدەبێت.

هەر لە بواری نووسیندا، گرفتی نووسینی وشەی لێکدراو لایەنێکی تری گرفتی کتێبە وەرگێڕدراوەکانە، بۆ نموونە:

_ زەویناسی

_ کەش ناسی

_ گەردون ناسی    (زانست بۆ هەموان، ٢٠١٩: ١٣)

_ کەشناسی    (زانست بۆ هەموان، ٢٠١٩: ١٤)

وشەی لێکدراوی (زەویناسی) هەمان پێکهاتە و یاسای دروستبوونی هەر دوو وشەی لێکدراوی (کەش ناسی، گەردون ناسی) هەیە.

بناغە (وشەی سادە)   + بناغە (وشەی سادە)

بەڵام لە نموونەی یەکەمدا زەویناسی بەسەریەکەوە نووسراوە، بەڵام هەر دوو وشەی کەش ناسی و گەردون ناسی بەجیا نووسراون، کە دەبوو بەسەریەکەوە بنووسرانایە:

| هەڵەنووسین | ڕاستنووسین |
| --- | --- |
| کەش ناسی | کەشناسی |
| گەردون ناسی | گەردونناسی |

ئەوەی جیاگای سەرنجە، وەک زۆر جیاوازیی تری ناو کتێبە وەرگێڕدراوەکان، هەمان وشەی لێکدراوی (کەشناسی) لەو لاپەڕەیە و دواتر لاپەڕە (١٤) بەمجۆرە (کەشناسی)بەسەر یەکەوە نووسراوە.

لێرەدا قوتابی ئەو پرسیارەی لا دروستدەبێت، کام شێوازی نووسینەیان ڕاستە؟ لە کۆتاییشدا سەرلێشێوان لای قوتابی دروستدەکات و لەگەڵیشیدا دەمێنێتەوە.

هەر لە چوارچێوەی شێوەی نووسینی وشەی لێکدراودا، با لەم نموونانەی خوارەوە وردبینەوە:

هەواڵنامەی کتێب

_ تێبینی کردن، ل٢٣، نیشان دەدات، ل١٤٤، شەق دەبات، وێران دەبێت ل١٤٥: (زانست بۆ هەموان، ٢٠١٩)

لە ڕوانگەی ئەو ڕاستییەی، کە وشەی لێکدراو هەر چەندە، لە دوو بناغە یان زیاتر پێکدێت، بەڵام وشەی لێکدراو یەکسانە بە پێکهاتەیەک، بۆیە پێویستە کەرتەکانی بەسەر یەکەوە بنووسرێن، وەک:

| **هەڵەنووسین** | **ڕاستنووسین** |
| --- | --- |
| تێبنی کردن | تێبینیکردن |
| نیشان دەدات | نیشاندەدات |
| شەق دەبات | شەقدەبات |
| وێران دەبێت | وێراندەبێت |

بەمجۆرە، دەبینین لە نووسینی وشەی لێکدراویشدا هاوشێوەی وشەی دارێژراو و نووسینی پیتەکان هەڵە و کەموکورتی زۆر هەیە، کە ئەمە چەند نموونەیەکن، چەند بارە دەبنەوە.

شێوەی نووسینی ئامرازی پەیوەندیی ناسادە (وشەی ئەرکی) کە لە فۆرمی پاشگر و پێشگردان، ئەمیش بە دوو شێوە و ڕێنووسی جیاواز نووسراون، ئەمە بەڵگەی نەبوونی پەیڕەوی یاسای ڕێنووس و دروستنووسییە، لای وەرگێڕانە زانستییەکاندا، با لەم نموونەیە وردبینەوە، لای ڕاست بە دروستی نووسراون و کەرتی دووەمی ئامرازە پەیوەندییەکە، بە وشەکەوە لکێنراوە، کە ئاوەڵکردار دروستدەکات (لە جیهاندا)، بەڵام لای چەپ کەرتی دووەمی ئامرازەکە، بە وشەکەوە نەلکێنراوە (زەوی دا) و هەمان پێکهاتەشیان هەیە، بەمەش لای چەپ بەهەڵە دادەنرێن.

_ هەڵچونی گڕکانەکان لەجیهاندا، لە رووی زەوی دا (زانست بۆ هەموان، ٢٠١٩: ١٥٠)

ئەم دوو شێوە نووسینە، کە یەکەمیان بە دروستی نووسراوە و دووەمیان بە هەڵە، لە دوو دێڕی بەدوایەکدا هاتووی هەمان لاپەڕەدان، ئەمەش سەرلێشواندن لای قوتابی دروستدەکات.

ئەوەی جێگای سەرنجە هەمان گرێی ئاوەڵکرداری، کە هەمان دانە زمانییەکانی لای ڕاست دروستیانکردووە، لە لاپەرە ١٥١ واتە یەک لاپەرە دواتر، کەچی بە هەڵە نووسراوە و کەرتی دووەمی ئامرازەکە، واتە پاشگرەکەی بە وشەکەوە نەلکێنراوە، بەمجۆرە:

_ لە ژوری گرتاوەکەوە بە درزەکانی توێکڵی زەویدا

بەمجۆرە و دوای خستنەڕووی نموونەکان، لە کتێبی زانست بۆ هەموانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی دەردەکەوێت، کە هەڵە و کەموکورتی، لە ئاستی ڕێنووس و دروستنووسیندا هەیە.

٢_ خاڵبەندی

نووسین، گوتنێکە لە بری ئەوەی بە قسە دەرببڕدرێت، بە نووسین دەخرێتەڕوو، وەک چۆن، لە گوتندا مرۆڤ ئاماژە و دەست و دەموچاو و هێز و ئاواز بەکاردێنێت و سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی گوتن و بار گۆڕین دیاریدەکات، هەر بەو جۆرەش، لە زمانی نووسیندا، هێما و خاڵبەندی بەکاردەهێنرێت.

بێگومان چەوت بەکارهێنانی نیشانەکانی خاڵبەندی، لە بەکارنەهێنان و دانەنانی خراپترە، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە، لە کتێبی وەرگێڕانە زانستییەکاندا، زۆر بەدەگمەن نەبێت، بەکارنەهێنراوە، بە گشتی لە کۆتایی پەرەگرافەکاندا خاڵ دانراوە، یان لە هەندێک شوێندا کۆما یان فاریزە دانراوە.

واتە پەیڕەوی بەشی دووەمی خاڵبەندی نەکراوە، ئەمەش کەموکورتییەکی گەورەیە، کە نووسین بەبێ نیشانە و هێماکانی خاڵبەندی بنووسرێت.

### ٢–٥: ئاستی زاراوەکان

وشە، دانەی سەرەکی و بنەڕەتیی زمانە، بەڵام بەهۆی گۆڕان و بەرەوپێشچوونی کۆمەڵ و داهێنان و زۆر بابەتی تریش هەموو زمانێک پێوسیتی بە ڕۆنان یان وەرگرتن یان داتاشینی وشە و زاراوەی نوێ دەبێت.

فەرهەنگی هەموو زمانێک پێکدێت، لە (فەرهەنگی بنەڕەتی، وشە وەرگرتن، زاراوە داتاشین) وەرگێڕان ڕێگایەکی دیاری ڕۆنانی وشەی نوێ و داتاشینی زاراوەی نوێیە، بە تایبەتی وەرگێڕانی زانستی کە زیاتر زاراوەی نوێی دەوێت.

هەر چەندە زمانی کوردی زمانێکی دەوڵەمەندە، نیو سەدە زیاترە کتێبی زانستی قوتابخانەکانی پێ نووسراوەتەوە و دیالێکتی جۆراوجۆری هەیە، بەڵام تا ئێستا، لە ڕووی زاراوەی زانستییەوە کەموکورتی هەیە و فرەزاراوەیی و ڕێکنەکەوتن، لەسەر زاراوەیەک، بۆ بوارێک هەیە. (قادر فتاح ئەحمەد، ٢٠١١: ٦٥)

وەرگێرانە زانستییەکانی کتێبی قوتابخانەکانیش ژمارەیەک زاراوەی تێدا بەکارهاتووە. لەم بەشەدا ئاستی گونجانی زاراوەکان، لەگەڵ ناوەڕۆکەکەیان و داڕشتنی ڕێزمانییان هەڵدەسەنگێنین.

سەبارەت، بە ناوەڕۆکی زانستی زاراوەکان دوای وەرگرتنی ڕای چەند پسپۆڕێکی بوارە زانستیەکانی (کیمیا، فیزیا، زیندەوەرزانی) پێناسەکان کورتن و پێویستییان بە ڕوونکردنەوەی زیاترە، بە دوور نازانرێت، ئەم کورتییەی پێناسەکان کاریگەریی نەرێنی، لەسەر ناوەڕۆک و کردەی تێگەیشتن لای قوتابی دروستبکات.

### ٢–٦: ئاستی ڕستە

ئاستی ڕستە، مەبەستمان لەوەیە کە ئایا وەرگێڕانە زانستییەکان و داڕشتنەوەیان و چاپکردنیان، لە شێوەی کتێب، کە ڕۆژانە قوتابی لەبەردەستیدایە و سەیری دەکات و دەیخوێنێتەوە، چەند ئەم وەرگێڕان و داڕشتنەوانە پابەندی یاساکانی ڕێزمانی کوردی و یاساکانی ڕیزبوونی کەرەستەیان کردووە؟ چونکە هەر هەڵە و کەموکورتییەک لای قوتابی دەمێنێتەوە و لە ئاستی ژێرەوەی یادگەیدا، بە ئاسانی ناسڕدرێتەوە.

هەموو زمانێک، بۆ ڕیزکردنی کەرەستەکانی و ڕۆنانی ڕستە، وەک گەورەترین دانەی ڕێزمان یاسای تایبەتی خۆی هەیە، لەگەڵ بنەمای یاسای گشتی، کە تاڕادەیەک، لە هەموو زمانەکاندا پەیڕەودەکرێت، بۆ نموونە بکەر و بەرکار و کردار هەن.

زمانی کوردی پەیڕەوی، لەم یاسایە دەکات:

بکەر + بەرکار + کردار

واتە کردار حوکمی ڕستە دەکات و کۆتایی ڕۆنانەکە دەگرێت و ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی، لە هەڵبژاردنی کەرەستەکانی پێش خۆی هەیە.

هەر لادان و پەیڕەونەکردنێک نادروستی ڕێزمانی بەرهەمدێنێت، کە بەکارهێنەرانی زمان توشی هەڵەی زمانی دەکات، بە تایبەتی ئەگەر لە کتێبی قۆناغی بنەڕەرتیدا بێت، وەک ئەوەی لە بابەتە زانستییە وەرگێڕدراوەکانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی و پۆلەکانی تریشدا بەدیدەکرێت، ئەمەش لەگەڵ قوتابی دەمێنێتەوە و ڕاستکردنەوەی ئاسان نابێت.

بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر و سەلماندنی ئەوانەی سەرەوە و هەڵە ڕێزمانییەکانی ناو کتێبی زانست بۆ هەموانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی سەرنج، لەم نموونانەی خوارەوە دەدەین:

_ لە وردبینی ئەلکترۆنیدا، ئەلیکترۆنەکان بەکاردەهێنرێن بۆ بەرهەم هێنانی وێنەی گەورەکراو.

(زانست بۆ هەموان، ٢٠١٩، ٢٤)

ئەم ڕستەیە پەیڕەوی یاسای ڕیزبوونی کەرەستەی لە زمانی کوردیدا نەکردووە، لەم ڕستەیەدا، لەبەرئەوەی کرداری ڕستەکە بکەرنادیارە، بۆیە دەبێت، ڕیزبوونی کەرەستەکانی بەمشێوەیە بێت:

جێگری بکەر + ئاوەڵکردار + کردار

بەڵام ئەم ڕیزبوونە پەیڕەونەکراوە و بە جۆرێکی تر داڕێژراوە، کە دەبوو بەمجۆرە بێت:

_ ئەلیکترۆنەکان، لە وردبینی ئەلکترۆنیدا بۆ بەرهەمهێنانی وێنەی گەورەکراو بەکاردەهێنرێن.

هاوکات پێویستە وشەی لێکدراوی (بەرهەمهێنان) بەسەریەکەوە بنووسرێت، نەک بەجیا، وەک ئەوەی، لە ڕستەی ناو کتێبەکەدا نووسراوە.

بۆ دەرخستنی هەڵەی ڕێزمانی و نادروستی ڕێزمانیی زیاتر، با لە چەند نموونەیەکی تر وردبینەوە.

_ لەساڵی ١٩٦٣ بازرگانی هۆڵەندی ڤان لیڤنهۆک ئەو وردبینەی کە خۆی دروستی کردبوو بەکارهێنا بۆ بینینی دڵۆپە ئاوی گەرم. (زانست بۆ هەموان، ٢٠١٩: ١٦٥)

ئەم نموونەیەش، وەک نموونەی پێشوو، لە ڕیزبوونی کەرەستەکاندا هەڵە و ناڕێکی هەیە و دەبوو بەمجۆرە بێت:

_ ڤان لیڤنهۆکی بازرگانی هۆڵەندی، لەساڵی ١٠٦٣ دا ئەو وردبینەی، کە خۆی دروستی کردبوو، بۆ بینینی دڵۆپە ئاوی گەرم بەکاریهێنا.

جگە لە نارێکیی ڕێزکردنی کەرەستەکانی ڕستەکە، کەرتی دووەمی ئامرازی پەیوەندی ناسادە(دا) کرتێنراوە، کە دەبوو بنووسرێت و پێش هەموو ئامرازێکی پەیوەندی و لێکدەر، لە ڕووی خاڵبەدنییەوە، دەبێت کۆما یان فاریزە دابنرێت، کە دانەنراوە.

جگە لە نارێکی و نادروستیی لە ڕیزکردنی کەرەستە زمانییەکان، لە ڕۆنانی ڕستەدا، لایەنێکی تری زمانی کوردی ڕێککەوتنی نێوان بکەر و کردارە، لە ڕستەی زمانی کوردیدا، کە کردار حوکمی ڕستە دەکات و پێویستە، لە ڕووی کەس و ژمارەوە، بکەر و کردار ڕێکبکەون.

ـ ...بەڵام زۆربەی مشەخۆرەکان نابنە هۆی مردنی خانەخوێیکەیان لەبەرئەوەی پشتی پێ دەبەستێت بەپێچەوانەش دەبێت بەدوای خانەخۆێ یەکی تردا بگرێت. (زانست بۆ هەموان، ٢٠١٩، ٧٧)

بکەری ئەم ڕستە ئاڵۆزە گرێی ناوی (مشەخۆرەکان)ە، کە بەمشێوەیە دروستبووە:

ناو + مۆرفیمی بەندی ناسراوی ەکە + مۆرفیمی بەندی کۆ ان

لەبەرئەوەی بکەری ڕستەکە کەسی سێیەمی کۆیە، کەواتە دەبێت، کرداری ڕستەکەش، لە ڕووی کەس و ژمارەوە، لەگەڵ بکەر ڕێکبکەوێت و جێناوی کەسی سێیەمی کۆ وەربگرێت، بەڵام ئەوەی لە ڕستەکەدا دەبینرێت، ئەم ڕێککەوتنە زمانییە نەکراوە و کرداری ڕستەکە جێناوی کەسی سێیەمی تاکی وەرگرتووە (بگرێت) کە لە ڕووی کەس و ژمارەوە، لەگەڵ بکەری ڕستەکە ناگونجێت و ڕێکناکەون، جگەلەمەش هەڵەی ڕێنووسیش هەیە و لەبری (بگەڕێن) نووسراوە (بگرێت) پێویستە ڕستەکە، بە شێوەیەکی ڕێزمانی بەمجۆرە بنووسرێتەوە:

ـ ...بەڵام زۆربەی مشەخۆرەکان نابنە هۆی مردنی خانەخوێیەکەیان، لەبەرئەوەی پشتی پێ دەبەستێت، بەپێچەوانەشەوە دەبێت، بەدوای خانەخوێیەکی تردا بگەڕێن.

جگە لە هەڵەی ڕێزمانی و ڕێکنەکەوتنی بکەر و کرداری ڕستەکە گرێی ناوی (خانەخوێیەکان) دوو جار و بە دوو ڕێنووسی جیاواز نووسراوە، کە هەر دووکیان هەڵەن (خانەخوێیکە) و (خانە خوێ یەک) لەبری ئەوە بەمشێوەیە (خانەخوێیەکە) دروستە بنووسرێت.

ـتوخمەکان پۆلێن دەکرێن بۆ سێ جۆر بەپێی ڕەوشتە هاوبەشەکانیان کە ئەمانەن:

(زانست بۆ هەموان، ٢٠١٩، ٢٠٦)

وربوونەوە، لەو نموونەیەی سەرەوە، کە ڕستەیەکی ئاوێتەیە و لە شاڕستە و پاڕستە پێکهاتووە، ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە:

ـ پەیرەوی یاسای ڕیزبوونی کەرەستە، لە زمانی کوردیدا نەکراوە.

ـ خاڵبەندی و ڕێنووسی ناتەواوە و کەموکورتی تێدایە.

پێویستە ڕستەکە بەمجۆرە دابڕێژرێتەوە و ناپەسەندیی ڕێزمانی و کەموکورتیی خاڵبەندی و ڕێنووسی تێدا چارسەربکرێت:

ـ توخمەکان، بەپێی ڕەوشتە هاوبەشەکانیان بۆ سێ جۆر پۆلێندەکرێن، کە ئەمانەن:

بەمجۆرە، ڕستەکە لە ڕووی ڕۆنان و ڕێنووس و خاڵبەندییەوە تەواوە و یاساکانی ڕێزمان و ڕێنووس و خاڵبەندیی زمانی کوردی تێدا پەیڕەوکراوە. لایەنی گەیاندنی مەبەست و واتاش ڕوونتر بۆتەوە و قوتابیش، بە شێوەیەکی ڕەوان دەیخوێنێتەوە بە ئاسانی وەریدەگرێت، کە لە ئەنجامدا زانیارییەکە، بە تەواوی دەگات و ئامانجی پەروەردە و خوێندنەکەش باشتر دەپێکێت.

ئەم چەند نموونەیە دەربڕی ئەو ڕاستییەن، کە لە پرۆسەی وەرگێڕانە زانستییەکان و داڕشتنەوەی دەق و دەربڕاوەکاندا بە تەواوی پەیڕەوی یاسا ڕێزمانییەکانی زمانی کوردی نەکراوە، ئەمەش کاریگەریی دوولایەنە لای قوتابی و مامۆستا دروستدەکات. لە لایەکەوە، واتا و مەبەست و زانیارییەکان باش ناگات. لەلایەکی تریشەوە، هەڵەی ڕێزمانی و ڕێنووسی و خاڵبەندی بە جۆرێک لای قوتابی گەڵاڵەدەبێت و بۆ ماوەیەکی درێژ لە مێشکیدا دەمێنێتەوە و بە ئاسانی ناتوانرێت، گۆڕانی بەسەردابێت. سەرئەنجام کاریگەریی لەسەر دروستنووسین و چەسپاندنی زمانی ستانداردیش دەبێت.

**٢-٧_١: ئاستی واتا:**

زمان وەک یەکەیەکی تێکچڕژا و یەکگرتوو، زمانەوانەکان بە مەبەستی لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی بۆ ئاستەکانی (دەنگ، ڕێزمان، واتا) دابەشیانکردووە.

ئاستی واتا، بە هەردوو وەچە ئاستی واتا و پراگماتیک، لە پرۆسەی وەرگێڕاندا گرنگی و بایەخی خۆیان هەیە، بە جۆرێک یەکێک لە تیۆرەکانی وەرگێڕان، کە وەرگێڕانی تەفسیرییە یان وەرگێڕانی واتایی (کۆرش سەفەوی، ١٣٧١، ١٦) گواستنەوەی واتایە، هاوکات کێشەیەکی سەرەکی پرۆسەی وەرگێڕانیش گواستنەوەی واتایە، لە نێوان زمانی سەرچاوە و زمانی ئامانجدا، چونکە لە کۆتاییدا ئامانجی کردەی دەربڕین و نووسین گەیاندنی واتایە، لە نێوان قسەکەر و گوێگردا، یان نووسەر و وەرگردا، ئەگەر گواستنەوەی زانیارییەکە، بە شێوەیەکی ناڕێک بڕوات، ئەوا کردەی تێگەیشتن ڕوونادات و وەرگێڕانەکە سەرکەوتوو نابێت.

چەند نموونەیەکی کتێبی زانست بۆ هەموانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی دێنینەوە و هەڵسەنگاندنی واتاییان بۆ دەکەین:

_ زەویناسی: زانستێکە دەکۆڵێتەوە لەبەشە ڕەقەکەی زەوی و وەهەرشتێک پەیوەندی بەلێکۆڵینەوەی بەشە ڕەقەکەی زەویەوە هەبێت بەشێکە لەزەویناسی. (زانست بۆ هەموان، ٢٠١٩، ١٣)

ئەم پێناسەیە، ناڕێکیی واتایی تێدایە، شێوازی داڕشتنەوەی ڕستەکان بەجۆرێکە، وەرگر، لە کاتی خوێندەوەیدا ماندوودەبێت و سەرئەنجام کاریگەری لەسەر کردەی تێگەیشتن دەبێت.

سەرنجبدەن، لە کۆتایی پێناسەکەدا نووسراوە (بەشێکە لەزەویناسی) بەڵام خودی پێناسەکە باسی زەویناسییە و ناونیشانەکە زەویناسییە، کەواتە چی بەشێکە، لە زەویناسی؟ ئایا گونجاوە، بنووسرێت یان بوترێت، زەویناسی بەشێکە، لە زەویناسی؟

یان ئەمە مەبەستی، لەوەیە کە لێکۆلینەوە، لە بارەی (بەشە ڕەقەکەی زەوی) بەشێکە، لە زەویناسی؟ ئەگەر بەمجۆرەش بێت، دیسان زۆر نارێکیی واتایی تێدایە.

جگە لە شێوازی دارِشتنەوەی و نارِێکیی واتایی، لە ڕووی ڕێنووس و خاڵبەندی و ڕیزکردنی کەرەستە زمانییەکانیشەوە هەڵەی تێدایە، ئەمەش بە ڕۆڵی خۆی نارِێکیی واتایی بەرهەمهێناوە، پێویستە بەمجۆرە دابرِێژرێتەوە:

_زەویناسی: زانستێکە، لە بەشە ڕەقەکەی زەوی دەکۆلێتەوە، یان هەر بەشێک، کە پەیوەندی بەوەوە هەبێت. ئەم بەشە ڕەقەی زەویش بەشێک لە زانستی زەویناسی پێکدێنێت.

نموونەیەکی تری نارِێکیی واتایی، کە سەرئەنجام کاریگەری لەسەر کردەی تێگەیشتن دەبێت:

_ئەلیکترۆنەکان Electrons تەنۆکەی پێکهێنەوی گەردیلەیە. بارگە نێگەتیڤە. ئەلیکترۆنەکان دەکەونە ناوچەیەکی دەوری ناوک پێی دەڵێن هەوری ئەلیکترۆنی و بارستایی زۆر بچوکە لەچاو بارستایی پرۆتۆن و نیوترۆن ... (زانست بۆ هەموان، ٢٠١٩: ٢٦٦)

دارِشتنی ئەم پێناسەیە بە جۆرێک نارِێکیی واتایی تێدایە، کە ناتوانرێت، بە شێوەیەکی ڕوون و ڕەوان واتا بگەیەنێت، وەرگر ماندوودەکات و کاریگەری لەسەر کردەی تێگەیشتن دروست دەکات، بۆ نموونە (پێکهێنەوی) بە واتای چی دێت؟ ئایا هەڵەی چاپە یان بە چ واتایەک بەکارهاتووە؟

جگە، لە نارِێکیی واتایی، لە ڕووی ڕێزمانیشەوە هەڵەی تێدایە، بۆ نموونە بکەری ڕێزمانی (ئەلیکترۆنەکان) کۆیە بەڵام کرداری ڕستەکە تاکە. کە بەشێوەی کرداری ناتەواو دەرکەوتووە (گەردیلەیە) تەنیا ڕەگی کرداری ناتەواو، بۆ کاتی ئێستا (ە) دەرکەوتووە، واتە ڕێککەوتن، لە نێوان بکەر و کرداردا، لە ڕووی ژمارەوە نییە و ڕیزبوونی کەرەستەکانیش ناتەواوە و کردار لە کۆتاییدا نییە، سەرباری هەڵەی ڕێنووسی و خاڵبەندی، کە لە دەقەکەدا هەن، پێویستە بەمجۆرە دابرِێژرێتەوە:

_ ئەلیکترۆنەکان Electrons تەنۆکەی پێکهێنەری گەردیلەن، کە بارگە نێگەتیڤن و دەکەونە دەوری ناوک، کە پێی دەڵێن هەوری ئەلیکترۆنی، کە لەچاو پرۆتۆن و نیۆترۆن بارستایی زۆر بچوکە.

ئەم چەند نموونەیە، بەشێکی کەمی کەموکورتیی واتایی وەرگێرانە زانستییەکانی ناو کتێبی قوتابخانەکانە، کە دەتوانرێت سەدان نموونەی تر بنووسرێن، کە هەموویان لە ئەنجامدا، کاریگەری لەسەر کردەی تێگەیشتنی قوتابی دروستدەکەن.

_ جێبەجێکردنی چەمکەکان: چۆن دروست بوونی بنکی دەریاییکی تازە لێک دەدەیتەوە لە ناوەندی زەریا بەهۆی دوورکەوتنەوەی دوو پلێتی تەکتۆنیەوە؟ (زانست بۆ هەموان، ٢٠١٩، ١٣٥)

بەهۆی ئەوەی هەڵەی ڕێنووسی هەیە و پەیرەوی یاسای ڕیزبوونی کەرەستە زمانییەکانیش نەکراوە و دانەکان، لە شوێنی خۆیاندا دانەنراون، بۆ نموونە دەبێت، کردار لە کۆتاییدا بێت، ئەم ناپەسەندیی ڕێزمانییە، نارِێکیی واتایی بەرهەمهێناوە، کە هەنگاوی یەکەم خوێندنەوەی گرانکردووە و هەنگاوی دووەمیش کاریگەری لەسەر کردەی تێگەیشتن لای قوتابی داناوە.

بۆئەوەی ناپەسەندیی ڕێزمانی و ناڕێکیی واتایی چارەسەربکرێت و بە شێوەیەکی ڕەوان بخوێنرێتەوە و کردەی تێگەیشتن لای قوتابی ئاسان بکات، دەبێت بەمجۆرە بنووسرێت:

_ جێبەجێکردنی چەمکەکان: دروستبوونی بنکی دەریاییکی تازە، لە ناوەندی زەریا بەهۆی دوورکەوتنەوەی دوو پلێتی تەکتۆنییەوە چۆن لێکدەدیتەوە؟

**٢_٧_٢: هەڵەی وەرگێران**

دوای بەراوردکردنی چەند نموونەیەکی دەقە ئینگلیزی و عەرەبی و کوردییەکان بەیەکترییەوە، ئەوە دەردەکەوێت، کە هەڵەی وەگێران هەیە و ئەمەش کاریگەری، لەسەر لایەنی واتایی و کردەی تێگەیشتن دەبێت، وەک:

_physical Sciences

Physical sciences is the study of matter energy.it is divided into two sciences: Chemistry and physics.

_ العلوم الفيزيائية

تختص العلوم الفيزيائية بدراسة المادة و الطاقة و العلاقة بينهما: وهي تنقسم الى علمين هما: علم الكيمياء و علم الفيزياء.

_ زانستە فیزیاییەکان

زانستە فیزیاییەکان گرنگی دەدات بە لێکۆڵینەوەی مادده و وزە و پەیوەندیی نێوانیان ئەمیش دابەش دەبێت بۆ دوو کردار ئەوانیش کیمیازانی و فیزیازانیە.

(زانست بۆ هەموان، ٢٠١٩، ١٥)

دوای وردبوونەوە، لە دەقەکانی سەرەوە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە :

١_ گونجاوتر و پەسەندتر بوو، کە لەبری (زانستە فیزیاییەکان) (زانستە سروشتییەکان) بەکاربهاتایە، چونکە دواتر دەڵێت: بۆ هەرد و بەشی کیمیازانی و فیزیازانی دابەش دەبێت، کەواتە ئەوە (زانستە سروشتییەکان)ە، کە بۆ ئەو دوو زانستەی تر دابەش دەبێت.

٢_ لە دەقە ئینگلیزی و عەرەبییەکەشدا وشەی (ساینس و عیلم) بەکارهاتووە، کەچی، لە وەرگێڕانە کوردییەکەدا، لە بری (زانست) (کردار) بەکارهاتووە، کە ئەمەش هەڵەیە و دەبوو وشەی (زانست) بەکاربێت.

هەر لە هەمان لاپەرە، بەمجۆرە پێناسەی فیزیازانی نووسراوە:

_ فیزیازانی: ئەو زانستیە، کە گرنگی دەدات بە لێکۆڵینەوەی مادە. بەڵام هەندێک جار گرنگی دەدات بە لێکۆڵینەوەی وزە و کاریگەری لەسەر مادە.

بەراوردکردنی ئەم دەقە وەرگێردراوە، بە دەقە ئینگلیزییەکە، پەسەندترە، بەمجۆرە بنووسرایە:

_ فیزیازانی: ئەو زانستەیە، کە گرنگی، بە لیکۆڵینەوەی مادە دەدات، هەروەها گرنگیش بە لیکۆڵینەوەی وزە و کاریگەری، لەسەر مادە دەدات.

_figure 2 The atoms of the elements iron are similar wherever the iron is, in a meteor, or in an iron pan.

_ شكل ٢ ذرات عنصر الحديد متشابهة اينما كان الحديد: في نيزك, ام في مقلاة من الحديد.

_ شێوەی ٢ گەردیلەکانی توخمی ئاسن لە هەر کوێیەکدا هەبێت، وەک یەکن: لەسەر ئەستێرەکان یان لە ئاوێتەیەکی ئاسندا. (زانست بۆ هەموان، ٢٠١٩: ٢٠٤)

دوای بەراودکردنی دەقە ئینگلیزی و عەرەبییەکە، بە وەرگێڕانە کوردییەکە، دەردەکەوێت، کە وشەی (pan) (مقلاة) بە (ئاوێتە) وەگێڕدراوە، ئەمەش هەڵەیە، چونکە وێنەی (تاوە) لەگەڵ دەقەکە، وەک هۆکاری ڕوونکردنەوە دانراوە، دەبوو، بەمجۆرە بێت:

_ شێوەی ٢ گەردیلەکانی توخمی ئاسن، لە هەر کوێدا هەبێت، وەک یەکن: لە نەیزەکدا بێت یان لە تاوەیەکی ئاسندا بێت.

_what is Matter

What do you have in common with a toaster, a steaming bowl of soyp,or a bright neon sing?

You are probably thinking that this is trick question. It is hard to imagine that a person has anything in common with a kitchen appliance, hot soup, or a glowing neon sing.

مادە چییە؟

ئەو شتە هاوبەشەی نیوان تۆ و فرنی نانێک یان لە نێوان تۆ و دەفرێکی شۆربای گەرم هەڵمی لێ بەرزدەبێت؟ یان لە نێوان تۆ و گڵۆپێکی نیۆنی داگیرساو چییە؟

لەوانەیە براوبکەی لە پشت ئەم پرسیارانە فێڵێک هەیە بەوردی دەزانی چۆن پەیوەندی هاوبەش لە نێوان مرۆڤ و شۆربای گەرم یان گڵۆپی داگیرساو یان کەل وپەلی چێشتخانە هەیە. (زانست بۆ هەموان، ٢٠١٩: ١٦٤)

ئەم وەرگێڕانە زانستییە، دوای ئەوەی هەر دوو دەقەکە زمانی سەرچاوە _ زمانی ئینگلیزی و زمانی ئامانج _ زمانی کوردی، بەیەکتری بەراورد دەکەیت، جگە لە هەڵەی ڕێنووسی و ڕێزمانی و خاڵبەندی، دەردەکەوێت، وەرگێڕانی وشە بە وشە پەیرەوکراوە، کە ناڕێکیی دارشتنی بەرهەمهێناوە، لە ئەنجامیشدا

کاریگەری لەسەر کردەی تێگەیشتن و گران وەرگرتن، لای قوتابی و خوێندکار دروست دەکات، پەسندتر و رێکتر بوو، وەرگێرانی واتایی پەیرەوبکرایە و بەمجۆرە دابرێژرایەتەوە:

_ ئەو هاوبەشییە چییە؟ کە لە نێوان تۆ و فرنێک، دەفرێکی شۆربا، یان گلۆپێکی نێونی ڕووناکیدا هەیە؟ لەوانەیە وا بیربکەیتەوە، کە ئەمە پرسیارێکی فێڵ ئامێزە، ئەوە بەدووردەزانرێت، کە هاوبەشییەک، لە نێوان مرۆڤ و کەلوپەلی چێشتخانە و شۆربای گەرم و گلۆپی نێوندا هەبێت؟

ئەم چەند نمونەیە، بەشێکن لەو نارێکیی واتایی و هەڵەی وەرگێرانەی، کە لە ژمارەیەکی زۆر لە وەرگێرانە زانستییەکانی کتێبی قوتابخانە و خوێندنگاکاندا بەدیدەکرێن. هەموویان دوای گرانی خوێندەوەیان کاریگەری لەسەر کردەی تێگەیشتن لای قوتابی دروستدەکەن و پێویستە چارەسەربکرێن.

## ئەنجام

لێکۆڵینەوەکە، بەم ئەنجامانەی گەیاندین:

١_ وەرگێرانی زانستی، لە وەرگێرانی دەقەکانی تر گرانترە، چونکە جگە، لە شارەزایی هەر دوو زمانەکە، پسپۆڕیی بوارە زانستییەکەشی دەوێت.

٢_ هەڵە و کەموکورتیی وەرگێڕانە زانستییەکان، لە کتێبی زانست بۆ هەموانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی لە هەموو ئاستەکانی رێنووس، خاڵبەندی، ڕێزمان و پەیڕەونەکردنی یاساکانی ڕستەسازی و ڕیزبوونی کەرەستە، لە زمانی کوردیدا، بە ڕێژە و ئاستی جیاواز دەبینرێن. ئەمەش کاریگەری لەسەر کردەی تێگەیشتن لای قوتابی دروستدەکات.

٣_ هەڵەی زمانی هەر چۆن بێت، بە تایبەتی ڕێنووس و ڕێزمان، لە مێشکی قوتابی قۆناغی بنەڕەتیدا، جێگیردەبن و تاماوەیەکی درێژ لای دەمێننەوە و گۆڕینیان ئاسان نابێت و وەک ڕاستیی زمانی لای تۆماردەبن.

٤_ لایەنێکی باشی ئەم وەرگێڕانە زانستییانە، دانانی فەرهەنگۆکێکی زانستییە، لە کۆتایی کتێبەکاندا، کە خزمەتی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زانستیی زمانی کوردی دەکات، بەڵام جگە لە هەڵەی زمانی، لە ڕووی زانستیشەوە کورتن و ڕوونکردنەوەی زیاتریان پێویستە.

٥_ بەگشتی، بۆ ئەم جۆرە وەرگێڕانە زانستییانە، وەرگێڕانی واتایی پەسەندە، بەڵام لە وەرگێرانی بابەتە زانستییەکانی قۆناغی بنەڕەتی کتێبی زانست بۆ هەموان پەیڕەوی وەرگێرانی وشە بە وشە کراوە، ئەمەش کاریگەری، لەسەر ناوەڕۆک و گەیاندنی پەیام و کردەی تێگەیشتن لای قوتابی و خوێندکار دروستدەکات.

## پێشنیاز و ڕاسپاردە

هەڵەی زمانی و ناڕێکیی واتایی، لە وەرگێڕانە زانستییەکان و کتێبی زانست بۆ هەموانی پۆلی حەوتەم وەک نموونە، ئاوێنەی کتێبەکانی تریشە، ئەمە سەرباری کورتیی ناوەڕۆکی زاراوە زانستییەکانیش، بۆیە پێشنیاز، بۆ وەزارەتی پەروەردە دەکەین:

پسپۆڕی زمانەوانی و زانستی، بە وردی بەسەر کتێبەکاندا بچنەوە و هەڵەی زمانەوانی و زانستی چارەسەربکرێت، ئەمەش لە خزمەتی لایەنی زانستی و کردەی تێگەیشتنی قوتابی و بنیادنانی زمانی ستانداردیشدا دەبێت.

## سەرچاوەکان

**یەکەم: بە زمانی کوردی:**

1. ئەکادیمیای کوردی، ٢٠١٠، ڕاسپاردەکانی کۆنفرانسی بەرەو ڕێنووسێکی یەکگرتوی کوردی، چاپی دووەم، هەولێر.
2. عەلاف، پەروین عوسمان مستەفا، ٢٠٠٩، واتا و وەرگێڕان، چاپی یەکەم.
3. سەفارزادە، تاهیرە، ٢٠٠٥، بنچینەکانی وەرگێڕان، وەرگێڕانی قادر وریا، چاپی یەکەم، سلێمانی.
4. ڕۆژان نوری عەبدولا، ٢٠١٣، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی، چاپی دووەم.
5. حوسێنی، ڕەزا سەید، ١٩٩٠، وتوێژ، گۆڤاری ئەدەبستان، ژ: ١.
6. قادر فتاح ئەحمەد، ٢٠١١، وەرگێڕان (پێناسە، بنەما، جۆر و مێژوو) چاپی یەکەم.
7. میشیل ئۆستینۆڤ، ٢٠١٧، وەرگێڕان، تیۆرەکانی وەرگێڕان، پرۆسەی وەرگێڕان، وەرگێڕانی: فەرشیدا شەریفی، چاپی یەکەم.
8. وریا عومەر ئەمین، ٢٠٠٤، چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم.

**دووەم: بە زمانی عەرەبی:**

1. سفاء خلوصی، فن الترجمة في ضوء الدراسات المقارنة، وزارة التربية و الاعلام، بغداد.

**سێیەم: بە زمانی فارسی:**

2. کورش سفوی، ١٣٧١، حفت گفتار درباره ترجمه، چاپ اول.
3. محمود حدادی، ١٣٧٠، مبانی ترجمه، چاپ اول.

**سێیەم: بە زمانی ئینگلیزی:**

1. Bell, R.T. and Candlin, C., 1991. Translation and translating: Theory and practice (Vol. 298). London: Longman.
2. Robinson, D., 2019. Becoming a translator: An introduction to the theory and practice of translation. Routle.

هەولێرنامەی کتێب

_ نمونەکان، لە کتێبی زانست بۆ هەموانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی، چاپی کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی، چاپی سیازدەهەم، ٢٠١٩ وەرگیراون.

**خلاصة البحث**

هذا البحث يحمل عنوان (التقيم اللغوي لترجمة المواد العلمية) كنموذج كتاب العلم للجميع للصف السابع الاساسي.

يتكون هذا البحث من فصلين مع المقدمة و أهم النتائج مع قائمة المصادر و المراجع.

الفصل الاول: يناقش الجانب النظري و يحتوي بعض التعاريف الخاصة بالترجمة و نظرياتها مع اهمية اسس النص العلمي و علاقة علم اللغة بالترجمة.

الفصل الثاني: يناقش الجانب العملي ويقوم بالتقيم اللغوي في المستويات من الكتابة و النحو و المعنى و المصطلحات.

في النهاية, عرضنا اهم النتائج مع قائمة و المراجع مع التوصيات الخاصة لوزارة التربية.

**Abstract**

This research is entitled (Linguistic evaluation of the translation of scientific materials) as a model for the book "Science for All" for the seventh grade.

This research consists of two chapters with an introduction and the most important findings with a list of sources and references.

The first chapter: discusses the theoretical side and contains some definitions of translation and its theories, with the importance of the Principles of the scientific text and the relationship of linguistics to translation.

The second chapter: discusses the practical side and makes the linguistic assessment in the levels of writing, grammar, meaning and terminology.

In the end, we presented the most important results with a list of references with the recommendations of the Ministry of Education.

# بەرهەمهێنانی زاراوە زمانییەکان لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە

**د. پەروین عوسمان مستەفا**
بەشی زمانی کوردی، فاکەڵتیی ئاداب، زانکۆی سۆران
parwenhalaf@gmail.com

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە لە ژێر ناونیشانی (**بەرهەمهێنانی زاراوە زمانییەکان لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە** )دایە، کار لە سەر چۆنییەتی وەرگێرانی زاراوە زمانییەکان دەکات، بەتایبەتی زاراوە وەرگێڕدراوەکان لە زمانی ئینگلیزیدا، کە لە ئاستی دەنگسازیدا لەلایەن توێژەرانی کوردەوە بەکارهێنراون.

توێژینەوەکە لە ژێر ڕۆشنایی ڕێگاکانی دروستکردنی زاراوەدا هەوڵ دەدات، زاراوە وەرگێڕدراوەکان لە ئاستی دەنگسازیدا شیبکاتەوە و تێیدا وەڵامی چەندین پرسیاربداتەوە، وەک:(**تا چەند توێژەرانی بەشی زمانی کوردی لەئاستی دەنگسازیدا سوودیان لە وەرگێرانی ئەم زاراوە زمانیانە بینیوە؟** و **چۆن لە ڕێگەی وەرگێرانەوە زاراوەیان بەرهەمهێناوە؟ چ ڕێگەیەکی بەرهەمهێنانی زاراوەسازکردنیان بەکار هێناوە و چۆن دایان ڕشتۆتەوە؟**

**ڕێباز و سنوری توێژینەوە:** توێژینەوەکە سوود لە ڕێبازی پەسنی وەرگیراوە و سنوورەکەش بریتییە لە شیکردنەوەی ئەو زاراوە وەرگێڕدراوانەی لەئاستی دەنگسازی، کە لەزاری کرمانجی ناوەڕاست لە توێژینەوەکاندا بەکار هێنراون

بە پێی ئەنجامی توێژینەوەکە دەرکەوتووە، کە توێژەران بۆ بەرهەمهێنان و دارشتنەوەی زاراوە وەرگێڕدراوەکان زیاتر سوودیان لە ڕێگای( دارشتن و لێکدان )ەوە وەرگرتووە.

ناوەرۆکی توێژینەوەکەش، جگە لە پێشەکی، لە دوو بەش پێکدێت، لەکۆتاییدا ئەنجام و پێشنیاز و ڕاسپاردە و وشەکلیلییەکان و لیستی سەرچاوەکان لەگەڵ کورتەی توێژینەوە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتە ڕوو.

**وشەکان کلیلییەکان:** بەرهەمهێنان، زمانی، زاراوە، وەرگێران، دەنگسازی.

هەولێرنامەی کتێب

# 1-پێشەکی

**1-1.ناونیشانی توێژینەوە**

ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە (**بەرهەمهێنانی زاراوە زمانییەکان لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە** )یە، کار لە سەر چۆنییەتی وەرگێڕانی زاراوە زمانییەکان دەکات، بەتایبەتی زاراوە وەرگێڕدراوەکان لە زمانی ئینگلیزی لە ئاستی دەنگسازیدا.

**1-2.ڕێباز و سنوری توێژینەوە:** توێژینەوەکە سوود لە ڕێبازی پەسنی وەرگیراوە و سنوورەکەش بریتییە لە شیکردنەوەی ئەو زاراوە وەرگێڕدراوانەی لەئاستی دەنگسازی، کە لە زاری کرمانجی ناوەڕاست لە توێژینەوەکاندا بەکارهێنراون

**1-3.گرفتی توێژینەوە:** لە کردەی وەرگێڕانی زاراوەدا ئەوەی دەبێتە گرفت نەبوونی زاراوەکە خۆیەتی لەو زمانەی بۆی وەردەگێردرێت(زمانی ئامانج)، چونکە وەرگێڕانی زاراوە پێوستی بەتێگەشتنێکی زانستی باشی زاراوە لە بوارە زانستییەجیاوازەکاندا دەبێت، بە نموونە (زاراوەکانی زمانی – دەنگسازی)، هۆکارێکی تریش هەبوونی هەوڵی تاکەکەس لە وەرگێڕان و بەرهەمهێنانی زاراوە زمانییەکە لە توێژینەوەکاندا، یەکنەبوونی توێژەرانی کورد لە وەرگێڕانی زاراوە و بەرهەمهێنانیان لە زمانی کوردیدا.

1-4. گرنگی ئەم توێژینەوەیەش لەوەدایە، لە ڕێگەی ئەم پرسیارانەوە، وەک : (**تا چەند توێژەرانی بەشی زمانی کوردی لەئاستی دەنگسازیدا سوودیان لە وەرگێڕانی ئەم زاراوە زمانییانە بینیوە؟** و **چۆن لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە زاراوەیان بەرهەمهێناوە؟ چ ڕێگەیەکی بەرهەمهێنانی زاراوەسازکردنیان بەکار هێناوە و چۆن دایان ڕشتۆتەوە؟)**. هەروەها، ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات وا لە توێژەرانی کورد بکات، کە لە بەرهەمهێنانی زاراوەدا سوود لە چۆنییەتی وەرگێڕانی زاراوە زمانییەکان بە تایبەتی لە (ئاستی دەنگسازی) وەربگرن.

1-5. **ئامانج و هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە :** ئامانج لە هەڵبژاردنی زاراوە زمانییەکان بە تایبەتی لە (ئاستی دەنگسازی) د ائەوەیە:

1-چۆن کار لە سەر چۆنییەتی وەرگێڕانی زاراوە زمانییەکان بکرێت.

2- ئامانجی هەوڵی گۆڕینی ئاڕاستەی وەرگێڕانی زاراوە زمانییەکان بەرەو یەکبوونیان لە زمانی کوردی(زمانی ئامانج )دەدات.

3- فەرهەنگێکی زاراوەیی زانستی بۆ توێژەران ئامادە ببێت و ببێتە بنەمایەکی زانستی لەبەردەم توێژەرانی کورد.

**1-6. ناوەڕۆکی توێژینەوە:** جگە پێشەکی لە دوو بەش پێکدێت، لەکۆتایدا ئەنجام و پێشنیاز و ڕاسپاردە ولیستی سەرچاوەکان لەگەڵ کورتەی توێژینەوە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتە ڕوو.

# بەشی یەکەم

## 2- بەرهەمهێنان و وەرگێڕانی زاراوە

### 2-1سەرەتا

زاراوەسازی، یەکێکە لە بوارە زانستییەکانی زمانی و گرینگی زاراوەش لە توێژینەوە زانستییەکاندا بەپێویستییەکی زانستی دادەنرێت، پەیوەندییەکی بەهێزیش لە نێوان زاراوە و وەرگێڕاندا هەیە، هەردووکیان سەربە زمانی کارەکین(Applied linguistics) . وەرگێڕانی زاراوەش بریتییە لە گواستنەوەی زاراوە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر و بەگرینگترین ئاریشەی وەرگێڕان دادەنرێت، چونکە ڕەگەزە سەرەکییەکانی زاراوە، دەبێت بەهەمان چەمک و واتاوە لەگەڵ زمانی سەرچاوەدا هاوتا بکرێت.

زاراوەسازی(Terminology) "ئەو زانستەیە کەوا لە پەیوەندی نێوان چەمکە زانستییەکان و زاراوەکانی زمان، کە ئەو چەمکانە دەردەبڕن، دەکۆڵێتەوە"( وەسمان 40:2004).

زاراوە(Term)هێمایەکی زمانیی تایبەتە بە پسپۆڕ(بوار)ێکی دیاریکراو، لەسەر دوو بنەما بەرهەمدەهێنرێت، وەک: ئاماژە(ناو-form) و ناولێنراوەکەشی بریتییە لە(واتا-definition) و (بۆچوون-concept) و (چەمک-Notion) و "وەسفێکی زمانیشە بۆ وێناکردنێکی هزر(یوسف وغلیس 2008 :27).

(لویك دویکیر )، لە کتێبی(Enter singe uet concept)دا دەڵێت: "زاراوە ئاماژەیەکی زمانیی پسپۆڕی(تەکنیکی، زانستی)یە و سەربە زمانە و چەمکەکەشی بۆ بیر دەگەڕێتەوە. کەواتە دوایی بەرهەمهێنانی زاراوە لە مێشکدا پێی دەگوترێت(conceptualization)، کە پرۆسەیەکە لەڕێگەی ئەمەوە چەمکەکان بەرهەم دەهێنرێن. "( کلودلوم2012 :18)

لەلایەکی ترەوە (ئیزۆ-iso ) پێی وایە "زاراوە ڕەمزێکە ئاماژە بۆ چەمکێکی دیاریکراو دەکات و لە چەند دەنگێک پێکهاتووە وەک وشەیەک، دەستەواژەیەک خۆی دەنوێنێت لە بوارێکی پسپۆڕیدا بەکار دەهێنرێت"( حوسین 7:2014)

هەروەها (زاراوە)، بریتییە لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی زاراوەسازی (جرجانی) لە کتێبی(التعریفات)چوار بنەمای بۆ زاراوە دیاریکردووە، کە ئەمانەن:( الجرجاني 1985: 44-45).

1-زاراوە بریتییە لە ڕێکەوتنی کۆمەڵە کەسێک بۆ ناونانی شتێک بەناوی ئەوشتەی لە زمانی یەکەم بۆی دەگوازرێتەوە و بەرهەمهێنانی واتاکەی لەسەر بنەمای هاوتا بوون و گونجان لە نێوان هەردوو زمانەکەدا دەبێت.

2-ڕێککەوتنی کۆمەڵە کەسێک لەسەر دانانی گوتەیەک بەهەمان واتاوە.

3- بەرهەمهێنانی شتێک لە واتای زمانێکەوە بۆ واتای زمانێکی تر بۆمەبەستێکی دیاریکراو.

4-گوتنێکە لە نیوان دوو میللەت(زمان) دیاریکراوە.

دەکرێت بڵێین لە کاتی توێژینەوەدا، زاراوە بەپرۆسەیەکی داهێنەرانەی پسپۆڕی دادەنرێت و توێژەران بەکاری دەهێنن، هەر لەم ڕوانگەیەوە بەرهەمهێنانی زاراوە پێویستی بەم سێ بنەمایە دەبێت، وەک:

1-دەبێت زانیارییەکی ورد بۆ ئەوشتە هەبێت، کە ناوی لێدەنرێت.

2-دەبێت توانستی زمان و زانینی یاساکانی زمان و فەرهەنگ و ڕێگاکانی دەربڕینی زاراوەکان هەبێت.

3-پسپۆڕ و توێژەران بیرکردنەوەیەکی زانستی فراوانیان لە بارەی زاراوەوە هەبێت، تا بتوانرێت خاڵی یەکەم و دووەم بەیەکەوە ببەسترێتەوە.

## 2-2.پەیوەندی نێوان چەمک و زاراوە

چەمک- Concept – Notion"چەمک پێکهاتەیەکی وێناکراوە لە واتایەکی هزری پێکدێت و پەیوەندی مەبەستیەتی لەگەڵ زاراوەدا هەیە، کە واتایەکی زمانی بەرهەمدەهێنن" (المیساوي2013 :15).

زاراوەش وەک ئاماژەیەکی زمانیی بۆ ئەو چەمک و یەکە ئاماژانە دەگەڕێتەوە، کە گوزارشت لە چەمکەکە دەکەن، وەک زانستی ئاماژەکان و ئەو زاراوانەی لەسەر چەشنی (هێما- ڕەمز) بونیاد دەنرێت . لەلایەکی ترەوە " پەیوەندییەکی لۆجیکی لە نێوان چەمک و زاراوەدا هەیە و زاراوەکانیش مەرجیان بۆ دانراوە، کە دەبێت کۆرەزامەندی لەسەر بەرهەمهێنانی زاراوەکە هەبێت، وەک(ڕوون و ورد بێت ،کورت و درکاندنی ئاسان بێت)"( أحمد: 1،2000).

هەروەها بۆ پەیوەندی نێوان زاراوە لەگەڵ چەمکدا( ممدوح محمد) پێی وایە "زاراوە وشەیەکە یان کۆمەڵە وشەیەکە لە زمانێکی تایبەتی زانستی یان تەکنیکی، کە ڕەنگە ئەو زاراوەیە لە زمانەکەیەوە بۆی مابێتەوە، یان بۆ دەربڕینی چەمکێک وەری گرتبێت، کە ئەمەش مەبەستی شتێکی ماددی دیاریکراو بگەیەنێت"( خسارة17:2008).

دەکرێت بڵێین پەیوەندی چەمک بە زاراوەوە پەیوەندی ناو بە ناولێنراوەکەیەتی و زۆربوونی چەمکەکانی زاراوەیەک تێکەڵاوییەک لە نێوان بۆچوون و چەمکەکان دروست دەکات، چونکە زاراوە سەرەتا ڕێککەوتنە لەسەر چەمکی ناولێنراوەکە و دەبێت ناوەکەش بۆ هەر چەمکێک واتایەکی هەبێت

## 3-2.پەیوەندی نێوان وشە و زاراوە

پەیوەندی نێوان وشە و زاراوە لەوەدایە، کە وشە سەر بەزمانێکە و گشتییە و پێویستی بەدەوروبەرێک هەیە تا واتاکەی تێدا دیاری بکرێت، چونکە وشە واتاکەی لە خودی خۆیدا هەڵنەگرتووە و واتای ڕاستەقینە و واتای خواستراوی هەیە و هەموو خەڵک بەکاریان دەهێنێت، بەڵام " واتای زاراوە تایبەتییەکانی چەمک دیاری دەکەن، کە گوزارشت لە زاراوەکە دەکەن و لەگەڵ چەمکەکانی تر لەهەمان بواری پسپۆڕیدا و ئەم زاراوانەش لەلایەن کەسانی پیسپۆڕ لەوبوارەدا بەکاردەهێنرێت" (هنري بیجوان، فلیپ تواردن2009 :24)، بەڵام "وشە بۆ ئاماژە پێکردنە لە شتەکان و بۆگوزارشتکردن لە کردە و بار و هەڵچوونییەکان بەکاریان دەهێنن و گرینگترین تایبەتییەکانیشی بریتین لە هاوواتایی و فرەواتایی و واتای ئاماژەیی و واتای دەوروبەر"( عبد العزیز 197:2000).

دەکرێت بڵێین زاراوە بەچەند هەنگاوێک تێدەپەڕێت، لە وێناکردنەوە بۆ چەمک تا لەفەرهەنگدا تۆماردەکرێت، بەڵام وشە بەپسپۆڕی دەکرێت و لە سیاقەکەی خۆی دوور دەخرێتەوە و دەبێتە زاراوە، ئەم تێکەڵاویەش لە(وێناکردن ، چەمک، زاراوە، وشە)لەزمانەوانیدا بەیەکێک لە ئاریشەکانی بەرهەمهێنانی زاراوە دادەنرێت. هەروەها زاراوە وشەیەکە یان کۆمەڵە

وشەیەکە لەدەرەوەی پسپۆرییەکی تایبەتدا بوونی نییە، چونکە سەر بە بوارێکی تایبەتە و بریتییە لە ئاماژەیەکی زمانی تایبەت، کە ئاماژەکەش پەیوەندی بە ئاماژەبۆکراوەکانی تردا هەیە.

## 2-4.بەرهەمهێنان(Productivity)

زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە لە چەند یەکەیەک پێکهاتووە، وەک( دەنگ، وشە، واتا، ...)ئەمانەش بەسروشتی خۆیان لە زمانێکدا توانای گەشەکردن و پێشکەوتنی زاراوەکان دەردەخەن ، ئەم چەمکەش پێی دەگووترێت(**بەرهەمهێنانی زاراوە**).

بەرهەمهێنانی زاراوە(Productivity of term)[2] پرۆسەی دۆزینەوەی وشەیەکی نوێیە بەپێی ئەو پێوەرە زمانییەی بۆی دەگوازرێتەوە لەگەڵ ڕەچاوکردنی گشت یاسا ڕێزمانییە تایبەتییەکانی زمانەکە و زاراوە نوێیەکە بەرهەمدەهێنرێت.

لە زمانی کوردیشدا چەند بە وردی مامەڵە لەگەڵ زاراوە زمانییەکاندا بکرێت و بە پێی یاساکانی ئەو زمانە دابڕێژرێتەوە لە کاتی بەرهەمهێنانی زاراوەدا زیاتر لە ڕاستییە زانستییەکان نزیکتر دەبێتەوە.

## 2-4-1.جۆرەکانی بەرهەمهێنانی زاراوە زمانییەکان

زمانەوانی(Linguistics’) " ئەو زانستەیە، کە لە زمان دەدوێ و سروشتی کۆمەڵایەتی و ئەرکی پێکهاتەی ناوەوەی، دەستووری کارکردنی، پێشکەوتنی مێژوویی و دابەش بوونی زمانانی دیاری کراو ڕوون دەکاتەوە"( حاجی مارف 184:2014)

لە بەرهەمهێنانی زاراوەی زمانەوانیدا بە پلەی یەکەم ئاریشەکانی زاراوە لە نێو زمانەوانەوانیدا چارەسەر دەکرێن، بەتایبەتی ئەو ئاریشانەی، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە بابەتەزمانییەکانەوە هەیە، وەک: (دارشتن، لێکدان، خواستن، یان وەرگێرانی زاراوە ). بەرهەمهێنانی زاراوە زمانییەکانیش بە پێی چەمک و یەکە فەرهەنگییەکان بەدوو ڕێگە دروست دەکرێت:

یەکەم/ **بەرهەمهێنانی ڕەمەکی**: لەم جۆرەدا، بەرهەمهێنانی زاراوە مەبەستدار نییە، چونکە ئەگەر زاراوەکە پێویست نەبوو زیان بە زمانەکە دەگەیەنێت و نابێتە هۆی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ، بەڵکو وەرگێران و بەرهەمهێنانی زاراوەیەکی نوێ دەبێت بە پێی پێویستییەکانی زمانەکە بێت، کە لە بوارێکی پسپۆری تایبەتدا بەکاردەهێنرێت.

دووەم/ **بەرهەمهێنانی دەستکرد**: بەرهەمهێنانی زاراوەیی مەبەستدارە لەنێوان کۆمەڵە کەسانێک یان دامودەزگا و ڕێکخراوێکدا لە کاتی نووسیندا پشتی پێدەبەسترێت و لەسەر بنەمایەکی زمانیی و ڕێزمانی دەکرێت، کە دەبن بەسێ جۆر:( الخالدي 131:2012)

ا)**بەرهەمهێنان بە گۆڕانی دەنگ**: ئەم جۆرە بەرهەمهێنانی زاراوەیە زیاتر لە زمانی زارەکیدا بەکاردێت، لە زمانی کوردیشدا دەبێت بەپێی یاسای فۆنۆلۆجی زمانی کوردی دەنگەکان گۆبکرێن، چونکە زمانی کوردی خاوەن دەنگ و فۆنیمی تایبەت بەخۆی هەیە .

(2) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: خۆشناو، سامی حوسێن (2017: 4-5).

ب)**بەرهەمهێنان بە گۆڕانی ڕێزمانی(ئاستی وشەسازی)**:ئەمجۆرەیان بە سێ شێوە دەکرێت، وەک:

1- دارشتن (**Derivation**): دارشتن یەکەیەکی فەرهەنگی نوێیە بە پێکهاتەیەکی ڕێزمانی (مۆرفیمی بەندن مۆرفیمی وشەدارێژ). واتە "پێکهێنانی وشەیەکی نوێ ، لەسەر بنەمای وشەکانی فەرهەنگی بنەڕەتی بەهۆی زیادکرنی یەکێک لە ئەفێکسەکان بۆ سەر ڕەگێک، یان بناغەیەک وشەیەکی نوێ بە واتایەکی نوێ دروست دەبێت"( عەبدولڕەحیم 25:2014).

2- لێکدان(compounding):ڕێبازی لێکدان بەرهەمهێنانی یەکەیەکی فەرهەنگی نوێیە بە لێکدانی دوو یەکەی سەربەخۆ، یان زیاتر دروست دەکرێت.

3- وەرگرتن(خواستن(borrowing): "ڕێبازی وەرگرتن یان خۆماڵیکردن یان کوردانذن پێویستە هەر لەکاتی پێویستیی و ناچاریدا بێت، هیچ زمانێک بە ڕەمەکی و لە خۆوە بەبێ پلان وشە وەرناگرێت"( عەبدوڵلا ، مستەفا32:2011)

لەلایەکی تر "وەرگرتن بە یەکێک لە ڕێگاکانی سازکردنی وشە لە زمانی کوردیدا دادەنرێت و دەیان وشەی بیانی لە زمانەکەماندا بەرچاو دەکەوێت "( عەبدولڕەحیم 9:2014)

لەتوێژینەوە زمانەوانەکانیشدا بە پێی پێویستی توێژینەوەکە زاراوەیەک وەردەگێردرێت و لەرێگەی ڕێبازی وەرگرتن و خواستنی وشەی بیانییەکەوە ئەو کەلێنەی، کە لە زمانی کوردی بۆ زاراوەکە هەیە فۆرمێکی نوێی بۆ دادەڕێژرێتەوە، بۆ ئەمەش دوو ڕێباز لە وەرگرتنی زاراوە پێرەو دەکرێت، وەک:

1- وەرگرتن و گواستنەوەی زاراوە بیانییەکە وەک خۆی(بە بێ دەستکارییەوە)، وەک:
- Phonology- فۆنۆلۆجی.

2- وەرگرتن و گواستنەوەی زاراوە بیانییەکە وەک خۆی(بە دەستکارییەوە)، وەک:
- Phonetic process- پرۆتێستی فۆنەتیکی.

**جۆرەکانی بەرهەمهێنانی زاراوە لەم هێلکارییە خراوەتەڕوو:**




هێلکاری ژمارە(1)جۆرەکانی بەرهەمهێنانی زاراوە

## 5-2.وەرگێڕان و بەرهەمهێنانی زاراوە

پەیوەندییەکی زمانی بەهێز لە نێوان وەرگێڕان و زاراوەدا هەیە. وەرگێڕانی زاراوەی زمانەوانیش بە گرینگترین ئاریشەی وەرگێڕانی زاراوە دادەنرێت، لەسەر توێژەر پێویستە ڕەگەزەسەرەکییەکانی زاراوەکە بەهەمان واتاوە لەگەڵ زمانی ئامانج(زمانی توێژینەوە) هاوتابکات.

### 2-5-1.وەرگێڕان( Translation)

وەرگێڕان یەکێکە لە ڕێگە بنەڕەتییەکانی بەرهەمهێنانی زاراوە و" بریتییە لە گواستنەوەی بۆچوون و گوتەکان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر لەگەڵ پاراستنی گیانی دەقە سەرچاوەکە" (ابراهیم 7:2006)

هەروەها وەرگێران" پرۆسەیەکی داهێنەرانەیە، چونکە وەرگێر شت لە هزری خۆی دەخاتە سەر دەقەکە" (عەبلاف5:2007).

لە کردەی وەرگێڕاندا دەبێت دوو زمانی بنەڕەتی هەبن:

زمانی یەکەم: زمانی سەرچاوە(**Source Language**) دۆزینەوە و دەربڕینی واتا.

زمانی دووەم: زمانی ئامانج(**Target Language**)شیکردنەوەی واتا و گواستنەوەی دەقەکەیە(**Larson: 1984: 4**)
وەرگێڕانی زاراوە: بریتییە لە گواستنەوەی یەکەیەکی زمانی لەزمانی سەرچاوە(بیانی) بۆ زمانی ئامانج(خۆماڵی)، ئەم گوستنەوەی زاراوەیەش کاتێک دەبێت، کە لە نێو زمانی ئامانجدا هەندێک چەمک و واتا زاراوەی گونجاو نەبێت،

هەوالنامەی کتێب

توێژەران بۆ پێویستی توێژینەوەکەیان ناچاردەبن پەنا ببەنە بەر وەرگێڕانی زاراوە لە زمانیکی تردا. ، هەر لەم ڕوانگەیەوە لە ڕێگەی وەرگێرانەوە بەرهەمهێنانی زاراوەی زمانی بەتایبەتی زاراوەکان لە ئاستی دەنگسازیدا پێویستی بەم سێ بنەمایە دەبێت، وەک:

1-ئەو وشە و زاراوە زانستییە بیانییانەی هەن و لە کوردیدا بەرانبەریان نییە، وەک خۆیان بمێننەوە(تاهیر 292:2012).

2-هەوڵ بدرێت لە ڕووی چەمک و واتاوە گونجاندیکی تەواو لە وەرگێڕانی زاراوەکاندا بکرێت.

3- وەرگێڕانی زاراوەکان لە هەردوو زمانەکەدا پێویستە لەسەر بنەمای هاوتاکردنی زاراوەکان بێت.

## 2-5-2.جۆرەکانی وەرگێڕان

(**ڤینای و داربلنیە**)، جۆرەکانی وەرگێڕانیان بۆ دوو جۆر دیاریکردووە و وەرگێڕانی ڕاستەوخۆ لەگەڵ وەرگێڕانی ناڕاستەوخۆ ، وەرگێڕانی ڕاستەوخۆ "بریتییە لە گواستنەوەی یەکەکانی وەرگێڕان بەهەمان یەکە لەزمانی ئامانجدا ئەمەش بەپێی چەمک و پێکهاتە لەنیوان هەردوو زمانەکەدا دەبێت، بەڵام لە وەرگێڕانی ناڕاستەوخۆدا وەرگێر ناچار دەبێت گۆڕانکاری لە پێکهاتە و گواستنەوەی چەمک و یەکەکانی وەرگێڕان بەپێی زمانی ئامانج بکات"( Jean-Paul Vinay, Jean Darbelnet1995, **p:14**).

لەوەرگێڕانی زاراوەشدا دەکرێت سوود لەمجۆرانەی وەرگێڕان وەربگیرێت:

یەکەم:**.وەرگێڕانی ڕاستەوخۆ-DIRECTES TRANSLATION**

وەرگێڕانی ڕاستەوخۆ دەوستێتە سەر گواستنەوەی زاراوەبیانییەکانی زمانی سەرچاوە بۆسەر زمانی ئامانج، وەک:

**1-خواستن(وەرگرتن):** "خواستن جۆرێکە لە وەرگێڕانی ڕاستەوخۆ و سادەترین شێوازی وەرگێڕانە"( کومیساروف 2010: 205)

خواستن واتە بەکارهێنانی وشەیەکی بیانی بۆ گوزارشتکردن لە زمانی ئامانج بەهەمان واتا و دەربڕین لەگەڵ پاراستنی شێوازی زاراوەکە لەزمانی سەرچاوەدا ، ئەم جۆرە شێوازەش کاتێک لەلایەن وەرگێر بەکاردەهێنرێت، کە نەتوانرا لەزمانی ئامانج هاوتاکەی بدۆزرێتەوە هەربۆیە چەندین وشە لەڕێگەی خواستنەوە هاتونەتە نێو زمانی کوردییەوە، دەکرێت ئەو وشە و زاراوانەی لە زمانی سەرچاوە بۆ زمانی ئامانج دەگوازرێنەوە بە دوو شێوە وەربگێردرێن:

**ا-خواستنی بەخورتی:** بریتییە لەو وشە و زاراوانەی لە زمانی سەرچاوەدا وەک خۆیان دێنە ناو زمانی ئامانج بەبێ هیچ دەستکاریی و گۆڕانکارییەوە، وەک:( گرافیم-grapheme)

**ب-خواستنی بەئارەزوویی:** بریتییە لەئەو وشە و زاراوانەی، کە وەرگێر بە ئارەزووی خۆی لە زمانەکەی خۆیدا هاوتایان بۆ دەدۆزێتەوە، وەک:( مەلاشووی دواوە – poste palate ).

لە وەرگێڕانی ڕاستەوخۆ (بەکوردیکردن)دا لە زمانی ئامانجدا بۆشاییەک لە چەمکە نوێیەکەدا دروست دەبێت و ناتوانرێت گوزارشت لە هەمان چەمک بکات، کە لەزمانی سەرچاوەوە وەرگێردراوە، وەک:

ا)**کۆپیکردنی زاراوە**:جۆرێکە لە خواستن و وەرگێرانی ڕاستەوخۆ، کە زاراوەیەک ڕاستەوخۆ لە زمانی سەرچاوەوە وەردەگێردرێتە سەر زمانی ئامانج بە بێ دەستکاری کردنەوە، بۆنموونە:(لۆگۆگراف –logograph).

ب) **فراوانکردنی زاراوە**:بە واتافیزیکییەکەی بریتییە لە فراوانکردنی زاراوەکە بە وشەیەک یان زیاتر لە زمانی وەرگیراو(زمانی سەرچاوە)واتە وشەکان لە زمانی ئامانجدا زیاتر دەبن، بۆنموونە::

- پوکانەوەی زمان(مردنی زمان)=attrition

پ)**گونجان**: گونجاندنی زاراوە لە زمانی ئامانج(کوردی) بەهەمان ڕێگەی زاراوە لەگەڵ دەربڕینێکی جیاوازدا دەکرێت لە زمانی کوردیش بۆ وەرگێڕانی زاراوەکان دەبێت پەنا بۆ گونجاندن ببەین.وەک: پاشگر– prefix

2– **وەرگێڕانی حەرفی(وشە بە وشە):** وەرگێڕانی وشە بە وشە(حەرفی) جۆرێکە لە خواستن، کە تێیدا ناو لێنراوەکە بەبێ ناوەکە لە زمانی سەرچاوە بۆ زمانی ئامانج دەگوازرێتەوە بۆ ناوە خواستراوە نوێیەکە و پشت بە ئاماژە بنەڕەتییەکە دەبەستێت.

وەرگێڕانی وشە بە وشە، بەلای (**ڤینای و داربلنییە**)ییەوە بریتییە "لە گواستنەوە لە زمانی سەرچاوە بۆسەر زمانی ئامانج بۆ وەدەستهێنانی دەقێکی باش بە پێی ئاستی ڕێزمان وپێکهاتەکان و ئاستی واتایی ئەمەش بە پەیوەست بوونی وەرگێر بە هەردوو زمانەکەوە دەکرێت و دەبێت بەپێی یاسای ڕێزمانی زمانی ئامانج هاوتابوونی واتاکان بکرێت، چونکە کلتوری هەروڵاتێک لەگەڵ ئەوی تردا جیاوازە."(Jean-Paul Vinay, Jean Darbelnet,1995 p:14)

لە وەرگێڕانی زاراوە لە ڕێگەی( وشە بە وشە)وە پێویستە وەرگێڕ پێرەوی ئەمانە بکات:

1–کەلک وەرگرتن لە وشە وەک یەکەیەکی وەرگێران و لەبەرچاوگرتنی وشەکان لە زمانی سەرچاوەدا.

2– واتای بنەڕەتی زاراوەکان وەربگێڕدرێت.

3– دەبێت لە زمانی ئامانجدا بەشێوەیەک زاراوەکان لە گەڵ زمانی سەرچاوەدا بگونجێندرێت تا لەگەڵ واتای زاراوەکەدا هاوتابێت.

**جۆرەکانی وەرگێڕانی زاراوەکان لەم هێلکارییە خراوەتەڕوو:**

هەواڵنامەی کتێب




هێلکاری ژمارە(2) جۆرەکانی وەرگێڕانی زاراوەکان

## دووەم: وەرگێڕانی ناڕاستەوخۆ – INDIRECTES TRANSLATION

### ا-**جێگۆڕکێ**- Transposition

جێگۆڕکێ "بریتییە لە گۆڕینەوەی بەشێکی دەقەکە بەبێ گۆڕینی واتا و پەیامی نێودەقەکە، لێرەدا دوو جۆر **جێگۆڕکێ** هەیە، وەک **جێگۆڕکێی**بە(خورتی ) و( بەئارەزوویی)" (سبول ٢٠٠٥:٧٧)

لە جێگۆڕکێی بەخورتیدا ناکرێت وەرگێرانەکە وشەبەوشەیی بێت، چونکە لەزمانی ئامانجدا دەبێتە هۆی گۆڕین و شێواندنی واتاکەی، بەڵام لە جێگۆڕکێی بەئارەزوویی وەرگێڕ بۆی هەیە کام ڕێگە ئاسانە بۆ گەیاندنی واتا بەکاریان بهێنێت ، واتە بەئارەزوی خۆی واتاکەی دەگۆڕێت، بەلاّم نابێت کاربکاتە سەرواتاکەی لەدەقی زمانی سەرچاوەدا. ئەم جۆرە شێوازە پێچەوانەی وەرگێرانی ڕاستەوخۆیە، چونکە وا لە وەرگێر دەکات یەک شێواز هەڵبژێرێت ئەو شێوازەش، کە لە فەرهەنگدا تۆمارکراوە، هەروەک چۆن لەزمانی ئامانجدا هەیە.

**ب: هاوتابوون**–Equivalence

هاوتابوون لەکردەی وەرگێراندا کلیلی کردنەوەی پرۆسەکەیە" چونکە ناتوانرێت بەبێ هاوتابوون لەنێوان زمانی سەرچاوە و زمانی ئامانجدا کردەی وەرگێران ئەنجام بدرێت"( عەللاف 13:2009).

### 2-6وەرگێر – زاراوەساز

**وەرگێر:** ئەوکەسەیە، کە توانای وەرگێرانی کەرەستە زمانییەکانی لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر هەیە، هەردوو زمانەکە بەباشی دەزانێت و زانیارییەکی باشی لەو بوارەی، کە کاری تێدەکات هەیە.

**زاراوەساز:** کەسێک، یان گروپێکن، کە لە ڕێگەی یەکە زمانییەکانەوە زاراوە دادەڕێژن و بنەماکانی زاراوە دارشتن پێرەو دەکەن و ڕەچاوی ئەو بوارە زانستییە دەکەن، کە تایبەتە بە چ پسپۆرییەکی زمانی و زانستییەوە .لێرەدا توێژەر، وەک وەرگێرێک لە توێژینەوەکەیدا ڕووبەڕووی چەندین زاراوەی زمانیی دەبێتەوە، کە بەزمانێکی بیانی داڕێژراون و هەوڵ دەدات لە زمانەکەی خۆیدا زاراوەیەکی نوێی بۆ بەرهەم بهێنێت.

بۆبەرهەمهێنانی زاراوە توێژەر دەبێت بگەڕێتەوە سەر ئەو زاراوە زمانیانەی، کە لە زمانی سەرچاوەدا داڕێژراون و چەمکەکانیان تێبگات و لە هزری خۆیدا ئامادەی بکات و ئینجا وەری بگێڕێتە سەر زمانی توێژینەوەکەی(زمانی ئامانج).کەواتە پەیوەندی نێوان کردەی وەرگێران و زاراوەسازکردن پەیوەندییەکی تەواو کارییە و هەردووکیان ئامانجیان پێشکەوتنی زمانەکەیە لەڕێگەی وەرگێران و دارشتنەوەی زاراوەکانە لە زمانی ئامانجدا.

### بەشی دووەم

## 3-بەرهەمهێنان و وەرگێرانی زاراوەی زمانی لە ئاستی دەنگسازیدا

### 3-1. سەرەتا

بەرهەمهێنان و دانانی زاراوەی زمانی یەکێکە لە ئاریشە گرنگەکانی زاراوەسازی کوردی لەلایەن توێژەرانی کورد بەتایبەتی بەرانبەر دانانی چەمک و زاراوەی نوێ لە ئاستی دەنگسازیدا، دەنگسازیش " ئەو زانستەیە، کە لێکۆڵینەوە لە دەنگەکانی زمان دەکات و بایەخ بە گوتن، نەک نووسین دەدات"( سەعید 239:2011) .

زاراوەکانی دەنگسازی بەشێوەیەکی دیاریکراویش تایبەتن بەجۆرەکانی دەنگسازی، وەک: یەکەم(فۆنەتیک-phonetic)، دووەم (فۆنۆلۆجی-phonology ). باس لە درکاندنی دەنگ و سیفاتی دەنگەکان و دیاردەی گۆڕانە دەنگییەکان لە ڕێگەی یاسادەنگییەکانەوە دەکات.

### 3-2.بەرهەمهێنانی زاراوەکانی دەنگسازی لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە

لێرەدا هەوڵ دەدرێت ئاریشەی هەندێک لە زاراوە وەرگێردراوەکان لە توێژینەوەزانستییەکاندا لە ئاستی دەنگسازی لە ڕێگەی وەرگێرانەوە بەپێی ڕێبازەکانی زاراوەسازی ڕوونبکرێتەوە، وەک:

**3-2-1. نموونەی وەرگێرانی زاراوەی کوردی و ناکوردی(بیانی) لەیەک کاتدا بە هەمان چەمک و واتاوە، وەک لە خشتەی ژمارە(1) خراوەتە ڕوو**

هەموو نامەی کتێب

| زاراوەیەک لە زمانی سەرچاوە(بیانی) | زاراوەیەک لەزمانی ئامانج(کوردی) |
|---|---|
| Thorax | قەفەزەی سینگ |
| Labial | لێوی |
| Stress | هێز |
| Palate | مەلاشوو |
| Intonation | ئاوازە |
| Stop | وەستان |
| Pitch | لەرە |

**خشتەی ژمارە(1) وەرگێرانی زاراوەی کوردی وناکوردی بە هەمان چەمک و واتاوە**

بە پێی خشتەی ژمارە(1) وەرگێرانی هەندێک لە زاراوەی دەنگسازی بە پێی چەمک و واتاوە لەیەکترەوە نزیکن، واتە پێویستە بۆ هەر چەمکێک یەک زاراوەی سەربەخۆ هەبێت.

**2-2-3 .نموونەی وەرگێرانی زاراوەیەکی بیانی بەرانبەر چەند زاراوەیەک لەزمانی کوردیدا، ، وەک لە خشتەی ژمارە(2) خراوەتە ڕوو**

| زاراوەیـــــەک لـــــەزمانی سەرچاوە(بیانی) | چەند زاراوەیەک لە زمانی ئامانج(کوردی) | سەرچاوە |
|---|---|---|
| Assimilation | وێک چواندن، گۆڕین | حاجی مارف 85:2004 |
| | گونجان، تەبایی | عەلی 19:2005 |
| | تواندنەوە | قادر 7:2016 |
| | ئیدغام | ئەمین14:2009 |
| | وێکچون | مەحویی33:2008 |
| Voiced | ئاوازەدار | حاجی مارف 14:2004 |
| | دەنگدار | مەحویی265:2008 |
| | ژێدار | ئەمین49:2009 |

| | | |
|---|---|---|
| | گڕ | سعید 253:2011 |
| | گڕ، ژێدار | عەلی 221:2005 |
| Affricate | کۆسپەک، خشۆک | حاجی مارف 326:2004 |
| | ئەفریکێت، دەربازگرەکان، بەخشەگرەکان | عەلهی 10:2005 |
| | گرتن، دەربازی کتوپڕی | هەورامی 54:1974 |
| | تێکەڵاو، نیمچەگر | عەلی 10:2005 |
| | دەنگی خشۆک | سەعید 258:2011 |
| Secondary stress | قورسایی خستنە سەری لاوەکی | مەحویی 274:2008 |
| | هێزی دووەمی ناسەرەکی | حاجی مارف 416:2004 |
| Voiceless | کەم دەنگ | هەورامی 26:1974 |
| | کپ | سەعید 253:2011 |
| | بێ ژێ | ئەمین 52:2009 |
| Syllable **Structure** | 1)پێکهاتەی برگە | موسا 134:2009 |
| | 2) دروستەی برگە | مەحویی 263:2008 |
| Syntactic **Structure** | ڕۆنانی ڕستەیی | موسا 135:2009 |

هەواڵنامەی کتێب

**خشتەی ژمارە(2) وەرگێرانی زاراوەیەکی بیانی بەرانبەر چەند زاراوەیەک لەزمانی کوردیدا**

یەکێک لە ئاریشەکانی بەرهەمهێنانی زاراوەی زمانی کوردی بوونی (هاووانا– synonym) یە ، واتە چەند وشەیەک بۆ یەک واتا لە وشە وەرگێردراوەکەدا بەکاردەهێنرێت، لە وەرگێرانی زاراوەدا ناکرێت چەند زاراوەیەک بۆ یەک واتای زانستی زاراوەیەک دابنرێت.

بە پێی خشتەی ژمارە(2) وشەی( Structure) بە سێ فۆرم وەرگێردراوە، وەک(پێکهاتە، دروستە، ڕۆنان) ، کەواتە لە وەرگێرانی ئەم زاراوانەدا نابێت بە شێوەیەکی ڕەمەکی بێت، چونکە بۆتێگەیشتن لە چەمکی ڕاستەقینەی زاراوەکە دەبنە بەربەست لەپێش ئەو توێژەرانەی، کە تازە دەست بە نووسینی توێژینەوە لە زمانەوانیدا دەکەن، هەر بۆیە پێویستە زاراوەکان یەکبخرێن و هەوڵی ڕێکخستنی زاراوەکان بدرێت، تا ببێتە هەنگاوێکی بنەڕەتی بۆ داڕشتن و بەرهەمهێنان زاراوەیەکی نوێ لە زمانی کوردیدا.

**3-2-3. نموونەی بەکوردیکردنی زاراوە، وەرگێرانی بەشێک لە زاراوە بیانییەکە و بەشێکی تر بە زمانی کوردی، ، وەک لە خشتەی ژمارە(3) خراوەتە ڕوو**

| زاراوە لەزمانی سەرچاوە(بیانی) | وەرگێران(کوردی + بیانی) | سەرچاوە |
|---|---|---|
| Vowel nasalization | بە لووتیکردنی **ڤاوڵەکان** | مەحویی112:2008 |
| Vowel triangle | سێگۆشەی **ڤاوڵ** | سەعید255:2011 |
| Semi-Consonant | دەنگە **کۆنسنانتەکان** | عەلی29:2014 |
| Phonetic value | بەهای **فۆنەتیکی** | مەحویی81:2008 |
| **زاراوە لەزمانی سەرچاوە(بیانی)** | **وەرگێران(بیانی+کوردی)** | **سەرچاوە** |
| Palatal Consonant | **کۆنسنانتی** ئاسمانە | فەرهادی319:2013 |
| Complex- segments | **سەگمێنتی** ئاڵۆز | مەحویی41:2008 |
| Experimental phonetics | **فۆنەتیکی** ئەزموونگەریی | حاجی مارف273:2004 |
| Generative phonology | **فۆنۆلۆژی** بەرهەمهێنان | مەحویی112:2008 |

**خشتەی ژمارە(3) وەرگێرانی بەشێک لە زاراوە بیانییەکە و بەشێکی تر بە زمانی کوردی**

بەپێی خشتەی ژمارە(3) بۆمان دەردەکەوێت، کە توێژەران لە داڕشتن و بەرهەمهێنانی زاراوە دوو ڕێگایان پێڕەو کردووە ، وەک:

یەکەم: بەشی یەکەم لە وشە وەرگێردراوەکە کراوە بە کوردی و بەشەکەی تریش هەروەک خۆی لە زمانە بیانییەکەدا وەرگیراوە و بە فۆنتی کوردی داڕێژراوەتەوە، بۆنموونە (**Vowel nasalization**) بەرانبەر(**بە لووتیکردنی ڤاوڵەکان**).

دووەم: بەشی دووەم لە وشە وەرگێردراوەکە کراوە بە کوردی و بەشەکەی تریش هەروەک خۆی لە زمانە بیانییەکەداوەرگیراوە و بە فۆنتی کوردی داڕێژراوەتەوە، بۆنموونە(**Complex- segments**) **بەرانبەر(سەگمێنتی ئاڵۆز)**.

**4-2-3.نموونەی وەرگێران(فراوانکردنی زاراوە)، زیادکردنی وشەیەک یان زیاتر بۆ زاراوە (کوردی)ئامانج، وەک لە خشتەی ژمارە(4) خراوەتە ڕوو**

| زاراوەیەک لەزمانی سەرچاوە(بیانی) | زیادکردنی وشەیەک یان زیاتر بۆ زاراوەکە لە زمانی کوردی(ئامانج)دا | سەرچاوە |
|---|---|---|

| | | |
|---|---|---|
| bail- labial | دەنگەکانی سازگەی هەردوو لێو | هەورامانی 52:1974 |
| Cardinal vowels | سیفەتی ڤاوڵە سەرەکییەکان | سەعید 255:2011 |
| Stress | قورساییخستنەسەر | مەحویی 52:2008 |
| Umlaut | هێنانە پێشەوەی ڤاوڵەکانی پشتەوە | مەحویی VII:2008 |
| Auto segmental phonology | فۆنۆلۆژی ئازاد لە سەگمێنت | مەحویی 41:2008 |

**خشتەی ژمارە(4) وەرگێران(فراوانکردنی زاراوە)، زیادکردنی وشەیەک یان زیاتر بۆ زاراوە (کوردی)ئامانج**

بەپێی خشتەی ژمارە(4) بۆمان دەردەکەوێت، کە توێژەران لە وەرگێرانی هەندێک زاراوەدا ڕێبازی فراوانکردنی زاراوەیان بە کارهێناوە، بۆ هەر زاراوەیەک لە زمانە بیانییەکەدا چەند وشەیەکیان بۆ زاراوە کوردییەکە بەکارهێناوە، ئەمەش لەڕووی چەمکەوە زۆر فراوانترە لە زاراوە بیانییەکە و شێوازێکی شیکرنەوەی بە خۆیەوە گرتووە، وەک:( **bail- labial**) بەرانبەر(**دەنگەکانی سازگەی هەردوو لێو**)ئەمەش وا لە خوێنەر و توێژەرانی تر دەکەن بەدوای پێناسەی وشەکە بگەڕێن و بگەڕێنەوە سەر واتای زاراوەبنەڕەتییەکە لە زمانی سەرچاوەدا ، وەک لە وشەی(**umlaut**) کە وەرگێڕدراوە بۆ(**هێنانە پێشەوەی ڤاوڵەکانی پشتەوە**) زۆر لە وشەی زمانی سەرچاوە زیاترە و زیاتر ڕوونکردنەوەی بۆکراوە

**3-2-5. نموونەی وەرگێرانی زاراوە لە ڕێگەی دارشتنەوە، وەک لە خشتەی ژمارە(5) خراوەتە ڕوو**

| زاراوەیەک لەزمانی سەرچاوە(بیانی) | وەرگێرانی زاراوە لە ڕێگەی دارشتنەوە | سەرچاوە |
|---|---|---|
| Uvula | زمانۆچکە، گەروویی | مەحویی 93:2008 |
| Phone | دەنگیلە | مەحویی 265:2008 |
| Alveolar | پووکی | مەحویی 86:2008 |
| Voiced | ئاوازەدار | حاجی مارف 286:2014 |
| Affricate | کۆسپەک | حاجی مارف 308:2014 |
| Labial | لێوەکی | حاجی مارف 264:2014 |
| Oral | زاری | ئەمین 49:2009 |
| Stressed | هێزدار | سەعید 259:2011 |
| Un stressed | بێ هێز | سەعید 259:2011 |

**خشتەی ژمارە(5) وەرگێرانی زاراوە لە ڕێگەی دارشتنەوە**

دارشتنی زاراوە بە یەکێک لە رێبازەکانی بەرهەمهێنانی زاراوە دادەنرێت، بە پێی یاسای رێزمانی زمانی ئامانج دادەرێژرێتەوە بە پێی خشتەی ژمارە(5) تویژەران هەندێک لە زاراوەکان وەردەگێرنە سەر زمانی کوردی بەپێی وشە دارشتن لە زمانەکەدا دای دەرێژنەوە، بۆنموونە: وشەی(**Uvula**) کراوە بە(**زمانۆچکە**)، کە پێکهاتووە لە **[زمان+ ۆچکە]واتە [ ناو+ پاشگر]** ، یان وشەی بە( **گەروویی) پێکهاتووە لە[گەروو+ یی]**.

**3-2-6. نموونەی وەرگێرانی زاراوە لە رێگەی لێکدانەوە ، وەک لە خشتەی ژمارە(7) خراوەتە روو**

| زاراوەیەک لەزمانی سەرچاوە(بیانی) | وەرگێرانی زاراوە لە رێگەی لێکدان لە زمانی ئامانج(کوردی) | سەرچاوە |
|---|---|---|
| Phone | دەنگە زمانی | حاجی مارف157:2004 |
| Vocal gourds | دەنگەژێ | حاجی مارف158:2004 |
| Interdental | نێوددانی | حاجی مارف326:2004 |
| Phonetics | دەنگسازی | سەعید 239:2011 |
| Vowel quadrilateral | چوارلای ڤاوڵ | سەعید255:2011 |
| Harelip | کەروێشکەلێو | سەعید268:2011 |
| Pitch | پلەدەنگ | سەعي:260:2011 |

**خشتەی ژمارە(6) وەرگێرانی زاراوە لە رێگەی لێکدانەوە**

بە پێی خشتەی ژمارە(7) وشە وەرگێردراوەکان لە رێگەی لێکدانەوە[3] لە زمانی کوردی زاراوەکان بەم شێوەیە بەرهەم هێنراون، بۆنموونە:

1- Phone: **دەنگە زمانی**، بە پێی یاسای وشەی لێکدراو { **ناو+ ناوبەند +ناو+ پاشگری(ی)** } بەرهەم هێنراوە.
2- harelip : **کەروێشکەلێو** بە پێی یاسای وشەی لێکدراو { **ناو+ ناوبەند +ناو**} بەرهەم هێنراوە.

**3-2-7. نموونەی وەرگێرانی حەرفی(وشە بە وشە)ی زاراوە لە ئاستی دەنگسازیدا ، وەک لە خشتەی ژمارە(8) خراوەتە روو**

| زاراوەیەک لەزمانی سەرچاوە(بیانی) | وەرگێرانی حەرفی(وشە بە وشە)ی زاراوە لە زمانی ئامانج(کوردی) | سەرچاوە |
|---|---|---|

(3) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: عبداللە، ڕۆژان نوری (2007: 155-176).

| | | |
|---|---|---|
| Hard palate | مەلاشووی ڕەق | سەعید264:2011 |
| Throat | ئەوک | حاجی مارف66:2004 |
| Speech organs | ئەندامەکانی ئاخاوتن | فەرهادی32:2013 |
| Secondary stress | هێزی دووەم | ئەمین285:2009 |
| Liquid sounds | دەنگە ڕژاوەکان | مەحویی78:2008 |
| Syllable structure | پێکهاتەی بڕگە | موسا139:2009 |

**خشتەی ژمارە(7) وەرگێرانی حەرفی(وشە بە وشە)ی زاراوەلە ئاستی دەنگسازیدا**

بە پێی خشتەی ژمارە(8) دەرکەوتووە، کە ئەو زاراوانەی بە ڕێگە وەرگێرانی حەرفی هاتوونەتە نێو زمانی کوردییەوە وشە بە وشە بە هەمان چەمک و واتاوە وەرگێردراون و لە نێوتوێژینەوەکاندا بەکارهێنراون، بۆنموونە: زاراوەی(**Hard palate**) وەرگێردراوە بۆ(**مەلاشووی ڕەق**)، یان زاراوەی(**Secondary stress**) بۆ(**هێزی دووەم**)

## ئەنجام

1- بۆ وەرگێرانی زاراوە لە زمانێکی ترەوە، مەرجی سەرەکی ئەوەیە، ئەو زاراوەیەی وەردەگێردرێت لە زمانی کوردیدا کەلێنێک پربکاتەوە.

2- بە پێی خشتەی ژمارە(2) : لە وەرگێرانی زاراوەدا، پێویستە بەرانبەر هەر زاراوەیەکی بیانی هەوڵبدرێت تەنیا یەك زاراوەی کوردی هەبێت و تا دەکرێت، دوور بکەوینەوە لە هاوواتایی و دوانەیی لە زاراوەدا، زاراوەکانی بواری دەنگسازیی یەکبخرێن و بۆ یەك چەمکی زانستی و یەك زاراوەی زمانیمان هەبێت .

3- ئەو زاراوانەی لە زمانی ئینگلیزی بۆ زمانی کوردی وەرگێردراون دوای گۆڕینی ڕۆنانی فۆنۆلۆجی دەتوانرێت وەک فۆرمێکی کوردی بەکاربهێنرێت.

4- توێژەر، وەک وەرگێڕ پێش ئەوەی زاراوەکە وەربگێڕێتە سەر زمانی کوردی دەبێت هەردوو زمانەکە باش بزانێت و چەمک و واتای زاراوەکە باش تێبگات، یان پێناسەکەی باش بخوێنێتەوە ئینجا وەریان بگێڕێت.

5- لە خشتەی ژمارە (8)هەشتدا دەرکەوتووە، کە وەرگێڕانی حەرفی(وشە بە وشە) تا ڕادەیەک بۆهەندێک لە زاراوەی زمانی( دەنگسازی) گونجاوە و کاری نەکردۆتە سەر واتاکەی لە هەردوو زمانەکەدا.

## پێشنیاز و ڕاسپاردە

1-بۆ چارەسەرکردنی وەرگێران لە ڕێگەی چەند زاراوەیەکەوە پێویستە لیژنەیەکی زانستی لەسەر ئاستی بەشەکانی زمانی کوردی لە گشت زانکۆکانی هەرێمی کوردستان هەبێت و هەوڵی دانانی فەرهەنگێکی زمانی بدرێت.

2- توێژەران دەبێت هەوڵی گۆڕینی ئاراستەی وەرگێرانی زاراوە زمانییەکان بدەن و بە پێی چەمک و واتاوە زاراوەکان دابرێژنەوە و لە هەوڵی تاکەکەسی دووربکەونەوە.

# سەرچاوەکان

## سەرچاوە کوردییەکان

– تاهیر، شەهاب شێخ تەیب (2012)، بنەما و پێکهاتەکانی زاراوە لە زمانی کوردیدا، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی.

– حاجی مارف، ئەورەحمانی (2014)، فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

– حوسین، جوانە ئەحمەد (2014) زاراوە و واتای زاراوە لە واتادا(ڕۆژنامەی کوردی کرمانجی خواروو 2000-2010)، نامەی دکتۆرا، سکولی زمان، زانکۆی سلێمانی.

– خۆشناو، سامی حوسێن (2017)، بەبەرهەمیی پرۆسەی لێکدان لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سۆران، فاکەڵتیی ئاداب.

– خۆشناو، شێروان حوسێن (2016)، توانای مۆرفیمی بەند لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ و ڕاپەڕاندنی ئەرکی سینتاکسیدا، دەزگای چاپ و بەخشی نارین، هەولێر.

– سەعید، یوسف شەریف (2011)، زمانەوانی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی یەکەم، هەولێر.

– عەبدوڵلا، بەکر عومەر و مستەفا، عەبدولجەبار (2011)، سنوری کێڵگەی واتایی لە وشەی بێگانە و ڕەنگدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی(B)، ژ.31.

– عبدالله، ڕۆژان نوری (2007)فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، چاپی یەکەم، سلێمانی.

– عەللاف، پەروین عوسمان مستەفا (2009)، واتا و وەرگێران، نامەی ماستەر(بڵاوکراوە)چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

– عەبدولڕەحیم، عوسمان کەریم (2014)،وشەی زمانی کوردی و ڕێگاکانی دەوڵەمەندکردنی (نامەی ماستەر )، سکولی زمان– زانکۆی سلێمانی، نامەی ماستەر(لا 23)

– وەسمان، محەمەد (2004)، گیروگرفتەکانی زاراوە دانان لە زمانی کوردیدا، هەولێر.

## سەرچاوە عەرەبییەکان

– أحمد، علي توفيق (2000)، في المصطلح العربي (قراءة في شروطه وتوحيده)، بحث منشور في مجلة التعريب، ع 20 ،جامعة اليرموك، قسم اللغة العربية .

– ابراهيم، عبداللة عبدالرازق (2006) الترجمة المبادىء و التطبيقات، دار النشر الجامعات، القاهرة، مصر.

– الجرجاني، الشريف (1985)كتاب التعريفات، تحقيق: ابراهيم الابياري، دار الكتاب العربي، ط1، بيروت.

– الخالدي، هشام (2012)، صناعة المصطلح الصوتي في اللسان العربي الحديث، دار الكتب العلمية، بيروت– لبنان.

– الميساوي، خليفة (2013) المصطلح اللساني و تأسيس المفهوم، منشورات الاختلاف، دار الامان، الجزائر، ط1

–خسارة، ممدوح محمد(2008) علم المصطلح و طرائق وضع المصطلحات،دار الفكر المعاصر للطباعة و النشر و التوزيع.

–سبول، عهد شوك(2005)، الترجمة الادبية بين النظرية والتطبيق، بيروت، لبنان.

– عبد العزيز، محەمەدی حسن (2000)،المصطلح العلمي عند العرب، دار الهاني للطباعة، الكويت.

– كلودلوم، ماري (2012)، علم المصطلح مبادىء و تقنيات، ترجمة:ريما بركة، المنظمة العربية للترجمة، ط1، بيروت– لبنان.

كوميساروف، فيلين ناعوموفيتش ، علم الترجمة المعاصر، ترجمة:عماد محمود حسن طحينة،مراجعة:نسيمة بوصلاح،ط1،ابو ظبي: هيئة ابوظبي للثقافة و التراث،2010

– هنري بيجوان وفيليب تواورن(2009)، المعنى في علم المصطلحات، ترجمة ريتا خاطر، المنظمة العربية للترجمة، توزيع مركز دراسات الوحدة العربية،ط1، لبنان.

– يوسف و غليس(2008)، اشكالية المصطلح في الخطاب النقدي العربي الجديد، منشورات الاختلال، ط1، الجزائر.

### سەرچاوە ئینگلیزییەکان

**-** Jean-Paul Vinay , Jean Darbelnet ,( **1995**) **<u>Comparative Stylistics of French and English: A methodology for translation</u>,** John Benjamin's Publishing Company - Amsterdam

-Larson, M.L (1984) <u>Meaning – based translation a guide to cross Language equivalence</u>: London: All university press of America books.

### سەرچاوەی نموونەکان

– ئەمین، وریا عومەر(2009)ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر

– حاجی مارف، ئەورەحمانی (2004)، بەرهەمە زمانەوانییەکانم(نووسین و وەرگێڕان)،بەرگی دووەم (کتێب و نامیلکە)، سلێمانی

– .......................(2014)، فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

– عەلی، تالیب حوسێن(2005)، فەرهەنگی زاراوەکانی دەنگسازی(ئینگلیزی– عەرەبی– کوردی)، لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەیی ژمارە(28)، چاپی یەکەم، هەولێر.

– ...................(2014)،زانستی زمان و زمانی کوردی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی یەکەم، هەولێر.

– فەرهادی، عاتف عبدالله (2013)، هەندێ لایەنی دەنگسازی، چاپخانەی هاشم، هەولێر.

– قادر، عادل ڕەشید (2016)، کاریگەری زمانی عەرەبی لەسەر یاساکانی فۆنۆلۆژیی زمانی کوردی، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین،vol.3 – no.6.

– مەحویی، محەمەدی (2008)، فۆنەتیک و فۆنۆلۆژی، بەرگی یەکەم، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

– مەحویی، محەمەدی (2008)، فۆنەتیک و فۆنۆلۆژی، بەرگی دووەم، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

– موسا، عەبدولوەهاب خالید (2009) ،هێز و ئاوازە لە دیالێکتی کوردیي ژووروودا، بڵاوکردنەوەی ئەکادیمییای کوردی، هەولێر.

– هەورامانی، محمدامین (1974) فۆنەتیکی زمانی کوردی، چاپخانەی (دار الجاحظ)، بەغدا.

## ملخص البحث

هذا البحث الموسوم بـ(إنتاج المصطلحات اللغوية عن طريق الترجمة)، يعمل على كيفية ترجمة المصطلحات اللغوية، ولا سيما المصطلحات المترجمة من اللغة الإنجليزية المتعلقة بمجال علم الأصوات، استخدمها الباحثون الكورد.

وفي ضوء الأساليب المستخدمة في صناعة المصطلحات، يحاول البحث تحليل المصطلحات المترجمة في مجال علم الأصوات من أجل الحصول على إجابة لمجموعة من الأسئلة تشمل: (مدى استفادة الباحثين في قسم اللغة الكوردية من ترجمات تلك المصطلحات اللغوية المتعلقة بعلم الأصوات ، وكيفية إنتاجهم للمصطلحات عن طريق الترجمة ، والطريقة التي اتبعوها في إنتاج المصطلحات وكيفية قيامهم بإعادة صياغتها).

وقد تمَّ استخدام المنهج الوصفي في كتابة البحث، وشمل حدود البحث المصطلحات المستخدمة في مجال علم الأصوات. إذ ينقسم محتوى البحث إلى فصلين، فخُصِّص الفصل الأول للجانب النظري، أمَّا الفصل الثاني فيناقش من خلال جداول إنتاج المصطلحات ومشاكل ترجمتها وتفسيرها، وفي الختام عُرض أهم النتائج التي توصل إليها البحث وقائمة بالمصادر، مع ملخص للبحث باللغتين العربية والإنجليزية.

الكلمات المفتاحية: الإنتاج ، اللغويات ، المصطلحات ، الترجمة ، علم الأصوات.

# سەقامگیری و ناسەقامگیریی چەمک و زاراوەی ڕەخنەی ئەدەبی لەناو پرۆسەی وەرگێڕاندا

پ.د. یادگار لەتیف شارەزووری – کۆلیژی زمان – زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر

yadgar.jamsheer@su.edu.krd

## پێشەکی:

بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی، هەردەم ژیارێک لە هەموو بوارە مەعریفی و زانستی و ئابووری و سەربازییەکاندا باڵادەستبووە، کاریگەریی ڕاستەوخۆ یاخود ناڕاستەوخۆی ئەرێنی یاخود نەرێنی لەسەر ڕۆشنبیریی گەل و نەتەوەکانی تر هەبووە، لەم ناوەندەدا وەرگێڕان یەکێک بووە لە کاریگەرترین هۆکارەکانی بڵاوبوونەوەی زانست و مەعریفە، ژیاریی باڵادەست لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە هەوڵیداوە هەژموونی هەمە چەشنەی خۆی باڵادەستبکات بەسەر گەل و نەتەوەکانی دیکەدا، لە هەمان کاتیشدا گەل و نەتەوە پاشکەوتووەکانیش هەوڵیانداوە لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە بەهرەمەند لە گەشە و پێشکەوتنی ژیاریی باڵا ببن.

سەردەمانێک بوو زمانی لاتینی زمانی باڵای جیهانی بوو، پاشتر زمانی عەرەبی لە سەردەمی گەشانەوەی ژیاری ئیسلامیدا بوو بە زمانی زانست و مەعریفە و ئەدەب، بەرهەمە نووسراوەکان وەردەگێڕدرانە سەر زمانی لاتینی و پاشتر زمانە ئەورووپییەکان. لە سەدەی هەژدە و نۆزدەشەوە زمانی فەرەنسی و پاشان زمانی ئینگلیزی بوونە زمانی زانست و مەعریفە، ئەمەش کارێکی وایکرد وەرگێڕان لەم دوو زمانەوە ببێتە پێداویستییەکی ژیاری و زانستی، لەم پێناوەشدا جووڵەیەکی وەرگێڕان پەیدا بوو کە تا ئێستا بەردەوامی هەیە.

سەرەڕای گرنگیی کاری وەرگێرانی ئەکادیمی، بەڵام بەهۆی سەرەتایی کارەکە و نەبوونی تێگەیشتنی تەواو بۆ بوارە وەرگێردراوەکە و نەبوونی دامودەزگای یەکگرتووی نیشتیمانی و ئەنجامدانی وەرگێران لە چەند زمانێکەوە نەک لە یەک زمانەوە، وەک وەرگێران لە زمانەکانی ئینگلیزی و فەرەنسی و ئەڵمانییەوە، بەو پێیەی ئەم سێ زمانە زمانی زانست و مەعریفەی هاوچەرخن، گرفتی پەرتەوازەیی و کاڵوکرچی بۆ وەرگێران بە گشتی و داڕشتنی زاراوەی یەکگرتووی چەسپاو بە تایبەتی، دروستکردووە. گەر ئەم گرفتە بۆ جووڵەی وەرگێران لە زمانی عەرەبی یاخود فارسی یەک جار کاریگەریی نەرێنی دروستبکات، ئەوا بۆ جووڵەی وەرگێران لە زمانی کوردیدا کاریگەرییە نەرێنییەکە چەندین کەرەتە، چونکە ئێمە بە شێوەیەکی بەرچاو وەرگێران لە زمانی عەرەبی و فارسییەوە بۆ سەر زمانی کوردی ئەنجامدەدەین، بەرهەمە مەعریفی و ئەدەبی و زانستییەکان لەو دوو زمانەوە وەردەگرین، کە خودی ئەو دوو زمانەش بە شێوەیەکی نیمچە ڕەها زانست و مەعریفە لە زمانە زیندووەکانی وەک ئینگلیزی و فەرەنسی وەردەگرن، ئەمەش لە وێنەکێشان دەچێت لەسەر وێنەی کێشراو نەک لەسەر وێنەی ڕاستەقینە، یاخود بە دەربڕینی ئەفلاتون لاساییکردنەوە دەبێت لەسەر لاساییکراو.

جگە لە گرفتی جۆراوجۆری سەرچاوەی وەرگێران، گرفتێکی مەزنتر و ترسناکتر بەرۆکی زمان و ڕۆشنبیریی کوردی گرتووە، ئەویش نەبوونی دامودەزگای نیشتیمانیی وەرگێڕانە، لە هەموو کوردستاندا

تاکە ناوەندێکی وەرگێرانمان نییە، کە لەسەر بنەمای زانستی کتێبی وەرگێردراو هەڵبژێرێت و بە بەرچاوڕوونییەکی باشەوە کاری وەرگێڕان ئەنجامبدات. ئەوەی هەیە و ئەوەی کراوە کاری تاکەکەسی بووە، ئیتر ئایا وەرگێڕانی ڕاستەوخۆ بووبێت، یاخود لە چوارچێوەی نووسیندا بووبێت، کە نووسەر پێویستی بە پشتبەستن بووە بە سەرچاوەی زانستی بۆ بەهێزکردنی لایەنی زانستیی بەرهەمە نووسراوەکەی. ئەم پەرتەوازەییە ئەوەندی تر پرۆسەی زاراوەسازی لە زمان و ئەدبی کوردیدا پەرتەوازە و نایەکگرتوو کردووە.

یەکێکی تر لەو گرفتانەی بەرۆکی زمان و ڕۆشنبیریی کوردی گرتووە، ئاریشەی ڕاستەقینەشی بۆ سەر یەکگرتوویی زمانی کوردی و بۆ جووڵەی وەرگێڕان و کاری زاراوەسازی دروستکردووە، گرفتی جیاوازیی شێوەنووسینە، لە بەشی باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان پیتی لاتینی بەکاردەهێنرێت، لە بەشی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش پیتی عەرەبی بەکاردەهێنرێت، ئەم جیاوازییە مەترسیی گەورەی بۆ زمانی کوردی و بەرهەمی مەعریفی و ئەدبی کوردی و وەرگێرانی کوردی دروستکردووە و دروستدەکات، ڕەهەندەکانی نایەکگرتوویی زمانی کوردی قوڵتر دەکاتەوە.

لە ڕوانگەی گرنگیی ئەم بوارە و بە مەبستی دیاریکردنی ئاریشەکانی بەردەم زاراوەسازی، ئەم توێژینەوەیە دابەشکراوە بەسەر ڕێخۆشکەرێک و دوو تەوەرەی سەرەکیدا:

تەوەرەی یەکەم: **چەمک لە نێوان سەقامگیری و ناسەقامگیریدا**

تەوەرەی دووەم: **زاراوە لە نێوان سەقامگیری و ناسەقامگیریدا.**

## ڕێخۆشکەر:

لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیستەوە ڕەخنەی ئەدەبی وەرچەرخانی زۆر گەورەی بە خۆیەوە بینی، لەژێر کاریگەریی میتۆدی زانستە پەتییەکاندا و لەژێر کاریگەریی ئاراستە گۆڕینی فەلسەفە لە گرنگیدان بە بابەتە بوونییە هەمەکییەکان، بۆ مرۆڤ و پەیوەندییە جیاوازەکانی ژیان و بەهۆی دەرکەوتنی فەلسەفەی ڕەخنەیی لەسەر دەستی فەیلەسووفی ئەڵمانی (ئەمانۆیل کانت) **(أسس الفلسفە: 70)**، ڕەخنەی ئەدەبی دەستبەرداری کاری سەرپێیانە و ڕەخنەی سۆزکاری بوو، کاری ڕەخنەیی لە سەرەتاکانی سەدەی بیست بە دواوە ڕێچکە و ڕێبازی زانستییانەی گرتەبەر، چونکە سەردەمەکە سەردەمی گەشەسەندنی فراوانی زانست و ڕۆشنبیری بوو، ئیتر نەدەکرا ڕەخنەی ئەدەبی دیلی داوی گریمانە و بڕیاری سەپێنراوی دوور لە گیانی ئەدەبی و ڕوانگەی زانستیی ورد ببێت. (دیتشس، 1967: 442 – 443)

لەم مێژووە بە دواوە بەردەوام قوتابخانە و ئاراستە و میتۆد و تیۆری ڕەخنەیی جۆراوجۆری خاوەن پاشخانی زانستی یاخود زمانەوانی یاخود فیکری و فەلسەفی دەردەکەون، هەر لەم سەروبەندەدا ڕێبازی ڕۆمانتیکی سەرهەڵدەدات و کاریگەریی خۆی بەسەر تیڕوانیی ئەدەبی و داهێنانی شیعری و ئاراستەی ڕەخنەییدا بەجێدەهێڵێت و لە پێناو لێکۆڵینەوەی زانستیانەدا؛ کاری ئەدەبی دابەشدەکات بەسەر (ڕووخسار و ناوەڕۆک)دا ئەویش لەژێر کاریگەریی مەنهەجی زانستە پەتییەکانی وەک بیرکاری و

ئەندازە و کیمیا و فیزیا و ئەوانی تردا. (راغب، 2003: 469) پاشان لەژێر کاریگەریی ڕەوتی زانستی و تەوژمەکانی بزاڤی ڕۆمانتیکیدا، ڕەخنەی مێژوویی و ڕەخنەی کۆمەلایەتی پەیدادەبن، دواتر ڕەخنەی دەروونی لەژێر کاریگەریی قوتابخانەی شیکاریی دەروونیدا دەردەکەوێت. هەر یەکێک لەم سێ میتۆد کە بە میتۆدە ڕێڕەوییەکان (سیاقییەکان) یاخود دەرەکییەکان ناسران، کۆمەڵە چەمک و زاراوەیەکیان هەڵگرتبوو، بێ تێگەیشتن لەو چەمک و زاراوانە و بێ ئاگابوون لە سنووری جیاکەرەوەی نێوانیان، ئەستەمە لە سروشتی خودی میتۆدەکان تێبگەین.

لە سەر و بەند و لە پاش ئەم تەوژمە ڕەخنەییە مەنهەجییەدا، دوو قوتابخانەی ڕەخنەیی گرنگ سەریانهەڵدا؛ یەکەمیان لە ڕووسیا بوو بە ناوی (قوتابخانەی فۆرمالیستە ڕووسەکان) و ئەوی تریان لە ئەمریکا بوو بە ناوی (قوتابخانەی ڕەخنەی نوێ). هەر یەک لەم دوو قوتابخانەیە خاوەن کۆمەڵە چەمک و زاراوەیەکی ڕیکخراوی زانستی بوون.

لە پاش شەستەکانی سەدی بیستەوە بۆ جارێکی تر ڕەخنەی ئەدەبی چووە ناو قۆناغێکی دیکەوە و وەرچەرخانی گەورەی بەخۆوەبینی، لەژێر کاریگەریی پێشکەوتنەکانی بورای زمانناسی و وەک پەرچەکردارێک دژ بە کوشتنی ڕۆحی ئەدەب و دوورکەوتنەوە لە سروشتی ئەدەب کە لەسەر دەستی ڕەخنەی ڕێڕەوییدا (دەرەکی) ڕوویدا، کۆمەڵە میتۆدێکی دەقی (ناوەکی) سەریانهەڵدا و گۆڕانکاریی ریشەییان لە بواری دەقناسی و شیکار کاری دەقی ئەدەبیدا هێنایەکایەوە، سیستەمی چەمک و زاراوەسازیی ئەم میتۆدانە زۆر چڕتر و ئاڵۆزتر و بەرفراوانتر بوون لەوەی کە لە پێش خۆیاندا هەبوو، لەم سەروبەندەدا پێشگری زانست درایە پاڵ ڕەخنەی ئەدەبی وەک: زانستی شێواز (Stylistic) و زانستی ئاماژە (Semiology یاخود Semiotics) و زانستی گێڕانەوە (Narratology) و زانستی نووسین (grammatology). لێرە بەدواوە، لەژێر کاریگەریی زانستی زمانەوانیی سوسێردا زاراوەکانی: بنەما (Structure) و نیشانکار / دال (signifier) و نیشانکراو / مدول (signified) و زمان وەک سیستەم (The language) و زمان وەک بەکارهێنان واتە قسەکردن (parole) و بەرودواهاتن (diachronic) و هاوکاتی (synchronic) و شیکار Analysis و دەق text و سیستەمی زمانەوانی (Linguistic system) و بە شێوەیەکی گشتی، پەیوەندی پێکهاتەکانی ئەم سیستەمە لەگەڵ یەکتردا، بوونە زاراوەی هاوبەشی ڕەخنەی دەقیی.

سەرەرای ئاوابوونی خۆری میتۆدە دەقییەکان بە شێوەیەک لە شێوەکان لەگەڵ ئاوابوونی خۆری مۆدێرنەدا و سەرەرای هاتنەئارای کۆمەڵێک میتۆد و ئاراستەیەکی ڕەخنەیی کە بە پاش دەقی یاخود پاش بنەماگەرایی یاخود پاش مۆدێرنە ناسران و خۆیان بە پێچەوانەی ڕەوتی کاری میتۆدە دەقییەکان دانا، ئەم زاراوانە هەر بە چەسپاوی مانەوە، بەڵام گۆرانکاری لە سنووری کارکردنیان و تێڕوانین بۆیان و چۆنیەتیی هەڵسوکەوتی ڕەخنەییانەدا ڕوویدا، بۆ نموونە هەڵوەشانەوەگەرایی deconstruction کاری لەسەر هەمان بنەمای (Structure) و نیشانکار / دال (signifier) و نیشانکراو / مدول (signified)کرد، بەڵام بە پێچەوانەی سوسێر و بنەماگەرا و شێوازگەرا و سیمیۆلۆژییەکانەوە لەگەڵیدا جووڵایەوە، **دریدا** نەهات **سوسێر** ئاسا دال و مەدلول بە دوو ڕووی یەک دراو تەماشابکات، بەڵکو لەسەر بنەمای دالێکی زمانەوانی بەرانبەر کۆمەڵە مەدلولێکی لەبننەهاتوو کاری ڕەخنەیی خۆی سازدا.



هەوڵنامەی کتێب

(بڕوانە: دریدا، 2008: 22 و 42 – 49) بەم شێوەیە چەمکێکی نوێ بۆ دال و مەدلول لە ڕەوتی ڕەخنەیی پۆست مۆدێرنەدا هاتەئاراوە. ئەم گۆڕانکارییە بەسەر تێکڕای زاراوە و چەمکەکانی تریشدا هاتووە، بۆ نموونە دریدا کار لەسەر دوانەی زمان وەک سیستەم و زمان وەک بەکارهێنان ناکات، لەبری ئەمە چەمکی نووسین یاخود زانستی نووسین (grammatology) دێنێتەئاراوە و لە شوێنی قسەکردنی دادەنێت. لێرە بە دواوە؛ چەمکی دەسەلاتی دەق کۆتایی پێدێت و چەمکی دەسەلاتی وەرگر یاخود خوێنەر دێنێتەئاراوە و بە دوای خۆیدا زاراوەی خوێندنەوە و خوێنەر بە جۆرە جیاوازەکانییەوە دێنە مەیدان. (سوسیر، 1985: 130 – 140)

لەم پرۆسە ئاڵۆزەدا، ئەگەر وەرگێڕان کاری تاکەکەسی بێت و ئەو کەسەش پسپۆڕی وردی بوارەکە نەبێت و نەیتوانی بێت بچێتەوە سەر بناوانی چەمک و سەرچاوەکان، ئەوا کرداری وەرگێڕان تووشی ئاڵۆزی و کاڵ و کرچی دەبێتەوە.

## تەوەرەی یەکەم: چەمک لە نێوان سەقامگیری و ناسەقامگیریدا

چەمک (Concept) لە بنەمادا وێنایەکی ناو مێشکمانە دەربارەی بوویەکی دەرەکی یاخود ناوەکی. لە بواری زانستی زاراوەشدا بە کۆمەڵە بیروبۆچوونێکی گرێدراو بە شتێکی دیاریکراوەوە، پێناسەکراوە، مەبەستیش لێیان ڕوونکردنەوە و دیاریکرنی بابەتە پێشکەشکراوەکەیە، بوونی چەمک و داڕشتنیشی پشت بە شیکارکردنی کۆمەڵێک لە بنەما و زانیاری تایبەت بە بابەتێکی دیاریکراو دەبەستێت، لە پێناو ڕۆڵبینین لە ڕوونکردنەوەی زۆرێک لەو چەمکانەی گرێدراوی ئەو بیرانەن. بەهۆی ئەم ڕەهەندەوە، دەتوانین بڵێین چەمک واتایە، بیرێکی گشتییە، کۆمەڵە خەسڵەت و تایبەتمەندییەکی ڕوونکەرەوەی واتایەکی گشتییە. (القاسمي، 1985: 213)

زانایانی بواری زانستی زاراوە دەڵێن چەمک دامەزراوەیەکی عەقڵی، فیکرییە، لە شتێکی دیاریکراوەوە پەیدابووە. بە واتایەکی وردتر، چەمک پاڵفتەی بیر و بۆچوون و تیۆر و فەلسەفە مەعریفییەکانە، هەندێک جاریش ئەنجامی ئەزموون و کارکردنە لەناو ڕێڕەوە مەعریفی و فیکرییەکەیدا. (الحمد، 2005: 169)

چەمک کۆمەڵێک تایبەتمەدنی هەیە، بەهۆیەوە لە زاراوە جیادەکرێتەوە، کەمیی ژمارە یەکێکە لە تایبەتمەندییە هەرە دیارەکانی، چونکە ژمارەی چەمک لەبەر وابەستەبوونی بە چەند بابەتێکی هەمەلایەنە و چەند بوارێکی زانستیی گشتگیرەوە زۆر سنووردارە بە بەراورد لەگەڵ زاراوەدا، ئەمەش وایکردووە چەمکەکان گشتگیر بن، چونکە چەمک بە شێوەیەکی گشتی پشت بە کۆتا ئەنجامەکان دەبەستێت، کۆتا ئەنجامی لێکۆڵینەوە تازە یاخود کۆنەکان، هەندێک جاریش چەمک پشت بە ئەزموونی توێژەر و ئەو زانیارییانەی هەیەتی لەسەر بابەتەکان دەبەستێت، فرەیی و کەڵەکەبوونی زانیارییەکانیش ڕێگرە لە گۆڕانکاریی خێرا لەناو چەمکەکاندا، مەگەر ئەنجامی نوێ و تیۆری نوێ دەربکەوێت.

چەمکەکان بەهۆی گشتگیری و هەمەلایەنی و ئاوێتەبوونیان لەگەڵ زۆر لایەنی فیکری و زانستی و مەعریفی هەمەچەشنەدا، پرۆسەی سەقامگیرییان دوورخایەنە، هەندێک جاریش پێکهاتەی چەمکەکان لە بزاوتدا دەبن و گۆڕانکاریی بەردەوام بەسەر ڕەگەزەکانیدا دێت، وەک چۆن ئەم دیاردەیە لەگەڵ

چەمکەکانی تیۆری ئەدەب و ڕەخنەی پراکتیکیدا دەبینین. بۆ نموونە؛ جیاوازییەکی دیار لە نێوان تویژەران و پسپۆڕانی بواری ڕەخنەی ئەدەبیدا هەیە؛ لە پێناسەی (ڕەخنەی پراکتیکی) و دیاریکردنی چەمکەکەی، هەندێک بە ڕەخنەی پراکتیکی ناو دەبەن، هەندێکی تریش بە ڕەخنەی شیکاری و هەندێکی تریش بە ڕەخنەی نوێ. هۆکاری ئەم جیاوازییەش لەلای هەندێک لە تویژەران بۆ دوو هۆکاری سەرەکی دەگەڕێتەوە: یەکەمیان: سروشتی سەرچاوەی ڕۆشنبیریی تویژەران و مەنهەجەکانیان لە لێکۆڵینەوە و ڕەخنەدا. دووەمیان: جیاوازیی تێڕوانین دەربارەی کرۆکی ئەدەب و ئامانج و هۆکاری. ئەمەش وای لە (ڕینییە ویلییک) کرد لە پێناسەی ڕەخنەی پراکتیکیدا بڵێت؛ بریتییە لە ئاراستە گۆڕینی ئەزموونەکان بۆ جۆرێک لە مەعریفە. (حمادة، 1982: 7)

هەمان بوار واتە (ڕەخنەی پراکتیکی) لەلای هەندێک ڕەخنەگران بە ڕەخنەی شیکاری یاخود میتۆدی شیکاری یاخود ڕەخنەی نوێ یاخود قوتابخانەی ڕەخنەی نوێ ناسرا. ئەم نایەکانگیری و فرەییە لە ڕەهەندێکی بەشیدا قەتیس نامێنێت، بەڵکو پەلدەهاوێت بۆ کایە ئەدەبی و ڕەخنەیی و فیکرییە گەورەکانی وەک (تازەگەری و پاش تازەگەری)، کە لەگەڵیدا چەندین دەستەواژە و دەربڕینی وەک (نوێخوازی/ پاش نوێخوازی و مۆدێرنە/ پاش (پۆست) مۆدێرنە و مۆدێرنیزم/ پاش (پۆست) مۆدێرنیزم و مۆدێرنێتە و پاش (پۆست) مۆدێرنێتە و پاش بنەماگەرایی) بەکاردێت، ئەمیش بەهۆی جۆراوجۆریی سەرچاوەکانی چەمکەکە و جۆراوجۆریی وەرگرتن و نەبوونی دامودەزگای نیشتمانییەوە ڕوودەدات.

هەندێک جار نەچەسپاویی چەمکەکان؛ جگە لەم هۆکارانەی باسکران، بۆ کاروانی چەمەکەکان دەگەڕێتەوە لەناو ڕەوتی ڕەخنەی ئەدەبی و وەرگێڕاندا، لە سەرەتادا چەمکەکان بە هۆی نامۆیی و ڕەگدانەکوتاوییان لەناو ڕۆشنبیریی وەرگێراندا، بە کاڵ و کرچی و ناتەواوی تەرجومە دەکرێن، بۆ نموونە چەمکی ڕەخنەی ئەدەبی، کە لە زمانی عەرەبیدا هەر لە سەدەی سێیەمی کۆچییەوە دەستەواژەی (النقد)ی بۆ بەکارهاتووە، لە بنەمای زمانەوانیی عەرەبیدا ئەم وشەیە بە واتای دراو و پارەدان و جیاکردنەوەی دراوی دروست لە ساختە بەکارهاتووە، لەلای ئەورووپییەکانیش دەبینین وشەکە Krinein لە چوارچێوە هونەرییەکەیدا هاوتای ئەم واتایەیە، لە زمانی گریکیشدا وشەی criticism بەکارهاتووە کە بە واتای بڕیاردان یاخود زۆر تێڕوانین دێت. (آرون، 2012: 1207 – 1209)

لەم کلاورۆشنەوە دەستەواژەکە خزاوەتە ناو بواری ڕەخنەی ئەدەبییەوە هەر لە سەردەمی ڕەخنەی سەرپێییەوە دەستەواژەکە بۆ جیاکردنەوەی شیعری جوان و پەسەند لە شیعری ناشیرین و ناپەسەند بەکارهاتووە، بە درێژایی سەدەکان ڕەخنەی مەنهەجیش بۆ هەمان واتا بەکارهاتووە، پاشان لەم سۆنگەی جیاکردنەوە و ناسینەوەی باش لە خراپەوە واتای زمانەوانیی وشەکە گۆڕاوە، واتای بەکارهێنانەکەی وەرگرتووە، واتە ڕەخنەگرتن بە مەبەستی دەرخستنی لار و لوێری دەقەکان، ئێمەش لە زمانی کوردیدا کتومت ئەم دوایین واتایەمان وەرگرتووە، بۆیە تا ئێستاش کەسی ئاسایی واتای ڕەخنەی ئەدەبی بە ڕەخنەگرتن و زەقکردنەوەی لایەنی قەڵبی بەرهەمەکان تێدەگات.

ئەم خاڵە بەرەو قسەکردن لەسەر ئەو گۆڕانانەی بەسەر پێکهاتەی چەمکەکاندا دێت، ئەمانبات. بۆ نموونە؛ چەمکی ڕەخنەی ئەدەبی وەک ئێستا ئاماژەمان بۆی کرد نەک لە ڕەخنەی عەرەبیدا، بەڵکو لەلای ئەورووپییەکانیش بە واتای جیاکردنەوەی باش لە خراپ لە زۆر بواردا بەکارهاتووە، (آرون، 2012:

1207 – 1209) بەڵام پاشتر وردە وردە و بە تایبەت لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەوە گۆڕانکاریی بنچینەیی بەخۆوەبینیوە، ئەمەش وای لێکردووە پێناسەی ڕەخنەی ئەدەبی بەپێی سەردەم و قۆناغ و قوتابخانە و مەنهەجەکانی ڕەخنەی ئەدەبی جیاواز بێت.

یەکێکی تر لەو چەمکە گشتییە فراوانانەی کە بەردەوام پێکهاتە و سروشتی ڕەگەزەکانی لە گۆڕاندان چەمکی تیۆری ئەدەبە؛ کە لە پرنسیپەکانی ئەدەب و پۆلێنکردن و ڕەگەز و پێوەرەکانی دەکۆڵێتەوە، ئەمەش وای لێدەکات پێناسەی تیۆری ئەدەب لە سەردەمێکی ئەدەبییەوە بۆ سەردەمێکی تری ئەدەبی جیاواز بێت، لەسەر بنەمای پێکهاتە چەسپاو و گۆڕاوەکانی، پێناسەی تیۆری ئەدەبی کوردی لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەوە زۆر جیاوازترە لەو پێناسەیەی ئێستا بۆی دەکەین، ئەم قسەیە ڕاستر و وردترە بۆ تیۆری ئەدەبی نەتەوە خاوەن دەوڵەت و پێشکەوتووە خاوەن زمانە زیندووەکان، چونکە بەردەوام ڕەگەز و جۆری ئەدەبی نوێ لە ناویدا دێتەئاراوە. ئەم تێڕوانینە بۆ تیۆری ڕەخنەی ئەدەبیش ڕاست و دروستە، بەو پێیەی کاری شیکاری و خوێندنەوە بۆ بەرهەمێکی ئەدەبی دیاریکراو دەکات، ئەو پێناسەیەی بۆ تیۆری ڕەخنەی ئەدەبی دەکرا لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیستدا لە کاتی سەرهەڵدانی میتۆدە ڕەخنەییەکان و لە پێش سەرهەڵدانیدا، زۆر جیاوازە لەو پێناسەیەی ئێستا بۆی دەکەین، بەهۆی ئەو پێشکەوتنە بەرفراوانەی بوارەکە بەخۆیەوەبینیویەتی. بە هەمان شێوەی تیۆری ئەدەب؛ پێکهاتەی تیۆری ڕەخنە بەهۆی بزاوت و بەرەوپێشچوون و گۆڕانکاریی بەردەوامی، سنوورەکەی دەگۆڕێت و هەندێک پێکهاتە لە گرنگییدان دەکەون و هەندێک پێکهاتەی تر دێنەپێشەوە، لە سەرەتاکانی بەرەوپێشچوونی ڕەخنەی ئەدەبی لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیستدا، ڕەگەزەکانی سۆز و بیر و خەیاڵ و پاشان هاوسەنگیی دەروونی و هاوتایی بابەتی Objective correlative و یەکبوونی ئۆرگانیزمی Organic unity بنچینەی کاری ڕەخنەیی ئەو سەردەمە بوون، بەڵام ئەم ڕەگەزانە لە پاشاندا ئەو گرنگیدانەیان لەدەستدا، یاخود لەناو میتۆدە ڕەخنەییە نوێخواز و پاش نوێخوازەکاندا شوێن بزر بوون. لەبری ئەوانەدا کۆمەڵە چەمکێکی وەک دەق و بنەما و پەیوەندی زمانی، بوون بە بنەمای ڕەخنەی ئەدەبی، بەڵام بەهۆی جووڵە و بەرەوپێشچوونی بەردەوامی پرۆسەی ڕەخنەی ئەدەبییەوە؛ ئەم چەمکەش خۆی لە سێریانێکی زۆر لە یەکتر جیاوازدا بینییەوە، لە سەرەتای سەرهەڵدانی ڕەخنەی زانستیانە و لە کاتی گەشەسەندنی میتۆدە دەرەکییەکانەوە، تێگەیشتن لە دەقی ئەدەبی بەسترابوویەوە بە تێگەیشتن لە هەموو لایەنە مێژوویی و کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانی داهێنەرەوە، بۆ تێگەیشتن لە دەق دەبوایە لە دەروازەی پان و پۆڕی زانستەکانی مێژوو و کۆمەڵناسی و دەروونناسی بدرێت، دەق بە تەنیا توانای خۆبەیانکردنی نەبوو، لە کاتی شیکاریشدا ڕووبەرێکی زۆر تەسکی بۆ تەرخان دەکرا. بە پێچەوانەی ئەم هەڵسوکەوتکردنە، میتۆدە دەقییەکان، کاریان لەگەڵ دەقدا وەک جیهانێکی تەواو سەربەخۆی بێ نیاز بە هیچ ڕەهەندێکی دەرەکی کرد، کاری شیکارییان لە دەستنیشانکردن و پەسنکردندا کورت دەکردەوە. پاشتر دەق لەلای میتۆدە پاش دەقییەکاندا وەک ئامرازێکی تەمبەڵ تەماشادەکرا – لەبری بەپیرۆزکردنی و سەپاندنی باڵادەستییدا – کە هەردەم پێویستی بە هاوکاریی خوێنەرەکەی هەیە. (إيكو، 2005 : 56 و87)

یەکێکی تر لەو چەمکە فراوانە گشتگیرانەی کە بەردەوام گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، چەمکی جوانییە، کە زۆرێک لە وەرگێڕ و توێژەران هەر (ئەستاتیکا Aesthetics)ی بۆ بەکاردەهێنن، لە سەردەمی گریکەکانەوە تێڕوانین بۆ ئەم چەمکە لە گۆڕاندابووە، بەپێی جۆراوجۆریی قوتابخانە فەلسەفی و فیکری و ڕەخنەییەکان کە لێیان کۆڵیوەتەوە. پێش ئەوەی چەمکی جوانی و جوان بگوازرێتەوە بۆ ناو بواری ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبییەوە، فەیلەسووفەکان لێیان کۆڵیوەتەوە، تێڕوانینیشیان دەربارەی جیاواز بووە، جیاوازییەکانیشیان لە ئاستێکدایە پێناسەیەکی ڕوونی گشتگیرمان لەبارەیەوە چنگ ناکەوێت.

سەرەتای قسەکردنی مەنهەجییانە لەسەر چەمکی جوانی بۆ سوکرات (399 پ. ز.) دەگەڕێتەوە، سوکرات جوانی بە باشە و بە سوودەوە گرێدا، پێی وابوو ئەو شتەی سوود بە مرۆڤ بگەیەنێت و چاکە و بەرژەوەندی و دادی بۆ دەستەبەربکات، بە جوان دادەنرێت، بەمەش سوکرات جیاوازییەکی وای نەکرد لە نێوان هونەرە کردارییەکان و هونەرە جوانەکاندا، ئەم تێڕوانینە لە سەردەمی نوێدا لەلای پراگماتیزەکان دووبارە کاری لەسەر دەکرێت و دەبێتە پێوەری کارکردن و وەرگرتن. کەچی ئەفلاتۆن (348 پ. ز.) لە ڕوانگەیەکی زۆر گشتگیرەوە تەماشای بابەتەکەی کرد و هەموو بوونی بەسەر سێ بەشی سەرەکیدا دابەش کرد، ئەوانیش: ڕاستی و چاکە و جوانی بوون. **(أفلاطون، 2017: 78 – 80)** و **(کونزمان، 2001: 12)** بەڵام ئەرستۆی قوتابیی ئەفلاتۆن لە گۆشەنیگای پەیپێبردنی هەستییەوە بۆ شتەکان، لە چەمکی جوانی دەڕوانی، ئەو هەستەکانی بە دەروازەی زانین دانا، لەدەستدانی هەر هەستێکی بە لەدەستدانی زانستێک دانا، **(الطویل، 19، 1958: 133)** لەگەڵ گرنگیدان بە ڕێکخستنی پەیوەندیی ناوەکی پێکهاتەکان، ئەوەی ئەرستۆ بە ڕێکی و ڕێکخراو ناوی برد. لەوانەیە هۆکاری سەرەکی دەرکەوتنی کارە هونەرییەکانی گریک و یۆنانییەکان – بە تایبەت لە بواری هونەری پەیکەرتاشیندا – لەسەر شێوە و جۆری ڕێکخراو و بەشە هاوشێوە و هاوئاهەنگەکانی، بۆ ئەم گرنگیدانەی ئەرستۆ بە ڕێکخستن و جوانکاری بگەڕێتەوە، هەر لەو سەروبەندەدا چەمکەکانی هاوشێوەیی و هاوسەنگی و ڕێکوپێکی و گونجاوی سەریانهەڵدا و جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە کە جوانی لە شتە بەرجەستە بینراوەکاندا ئەو کاتە بوونی دەبێت، کە بەشەکانی هاوتەریب و ڕێک و ڕێکخراو بن. هەر لەم ڕوانگەوە، ئەرستۆ لە کتێبی (هونەری شیعر)دا گرنگیی زۆری بە ڕەهەندی هەستپێکراوی بینراو دا لەگەڵ بوونی گونجاویی لە نێوان بەشەکاندا. هەر لەبەر گرنگیی ڕەهەندی شێوازەوە ئەرستۆ لە کتێبی (هونەری شیعر)دا لەسەر شێوازی لاساییکردنەوە و گرێچنەی شانۆگەریی و یەکبوونی ڕووداو و کات و شوێن، ڕاوەستا. **(ئەرستۆ، 1983: 93 – 141)** پاشان لەسەر دەستی هەردوو فەیلەسووفی ئەڵمانی (بومکارتن– 1762 ) و (کانت – 1804) چەمکی جوانی ئاڵۆزیی و بەرفروانی بەخۆیەوەبینی. گرێدانی جوانی بە ئاکارەوە یەکێکە لە مەرجەکانی کاری جوان لەلای کانت. **(کونزمان، 2001: 145)** پاشان هیگل کاری زیاتری لەسەر ئەم بوارە کرد و ڕەوتی ڕەخنەی ئەدەبیش سوودی لەم پەرەسەندنانە بینی و لە شەستەکانی سەدەی بیستدا ئاراستەیەکی ڕەخنەیی بە ناوی (ئیستاتیکای وەرگرتن) دەرکەوت و لە حەفتا و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو پەرەی سەند، ئەم ئاراستە ڕەخنەییە بە شێوەیەکی گشتی کاری ئەدەبی بەسەر دوو جەمسەردا دابەشدەکات؛ یەکێکیان، جەمسەری هونەرییە artistic و ئەوی تریان، جەمسەری ئیستاتیکاییە esthetic ، جەمسەری هونەری پەیوەندی بە تایبەتمەندییە ناوەکییەکانی دەقەوە هەیە، هەرچی جەمسەری ئیستاتیکایە ئەوا وابەستەی خوێندنەوەی دەق و

بەدەرخستنی واتاکانی و بنەماکانیەتی. جەمسەری هونەری تایبەتە بە دەقی بەرهەمهاتوو لەلایەن داهێنەرەوە. جەمسەری دووەم، تایبەتە بە چالاکییەکانی خوێنەر. (**تیلر، 1992: 133**) و (**تومبكنز، 1999: 113**)

## تەوەرەی دووەم: زاراوە لە نێوان سەقامگیری و ناسەقامگیریدا:

زاراوە (Term) بریتییە لە ڕێکەوتنێکی زمانەوانی لەسەر بنەمای دەستەواژەیەکی دیاریکراو، کە لە نێوان کۆمەڵە کەسێکی تایبەتمەند لە زانستێکی دیاریکراوەوە، لە چوارچێوەی پرۆسەیەکی زانستیدا لەسەری ڕێکدەکەون و کاری لەسەر دەکەن، ئەمەش وای کردووە پێناسەیەکی وردتری بۆ بکرێت و بە وەسفکردنی زمانەوانیی چەسپاو بۆ شتێکی دیاریکراو، دابنرێت. ڕێککەوتنی پسپۆڕان و چەسپاوییەکەی ڕۆڵ لە ڕوونکردنەوەی واتای زاراوەدا دەبینێت، تا وایلێدێت لە نێوان پسپۆڕانی زانستێکی دیاریکراودا باو و ناسراو و کارپێکراو دەبێت، هەر ئەمەش وایکردووە بوترێت کە زاراوە و پرۆسەی زاراوەسازی بەردی بناغەی هەموو زانستێکە، زاراوە و پرۆسەی زاراوەسازی کاریگەریی ئەرێنی زۆر باشی لەسەر دامەزراندنی زانستەکان و پێشخستنی زمانەکان و بەرفراون کردنیان هەیە. (**بن مالك، 2000: 7**) هەموو زانستێکیش خاوەن کۆمەڵە زاراوەیەکی ڕێکخراوە، گەر بێ ئاگا بین بەرانبەریان، ناتوانین سەر لەو زانستە دەربکەین و لێی تێبگەین (**التهانوي، 1996: XXVIX و 1/ 1**).

زاراوەسازی لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەوە قوڵبوونەوە و پێشکەوتنی زۆر گەورەی بە خۆیەوە بینی، لە سییەکانی سەدەی بیستیشەوە لەسەر دەستی ئەندازیاری نەمساوی (ئۆگێن فۆستەر 1898 – 1977) بوو بە زانستێکی سەربەخۆ، کاری لە پێشینەی ئۆگێن فۆستەر بریتیبوو لە یەکخستنی زاراوەکان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا، پاشان توێژەری ڕووسی (د. س. لوت) کاری زیاتری لەسەر ئەم بوارە کرد و خۆی بۆ تەرخان کرد، تا وایلێهات بواری زاراوەسازی ببێتە زانستێکی تەواو سەربەخۆ و بە ناوی (زانستی زاراوە یاخود زاراوەناسی **Terminology**). ئەم بوارەش تازەترین بواری زمانەوانیی کارەکییە (applied) ( کە کار لەسەر بنەما زمانەوانییەکانی زانستی زاراوە دەکات و لە پەیوەندیی نێوان چەمکە زانستییەکان و زاراوە زمانەوانییەکان دەکۆڵێتەوە، ئەم زانستە پەلوپۆی هاوێشتووە بۆ ناو زانستەکانی زمان و مەنتیق و ئای تی و زۆرێک لە زانستەکانی تر، ئەم تێکەڵبوون و ئاوێتەبوونە وای لە هەندێک توێژەر کردووە، (زانستی زاراوە) بە (زانستی زانستەکان) دابنێن. (**حجازي، د. ت: 19**) و (**وغليسي، 2008: 21 – 29**)

هەندێک لە توێژەران زانستی زاراوەی هاوچەرخیان بەسەر چوار قۆناغدا دابەشکردووە: (وغليسي، 2008: 48).

1-بنەماکان لە ساڵی 1930 – 1960

2-دامەزراندن لە ساڵی 1960 – 1975

3- تەقینەوە لە ساڵی 1975 – 1985

4- ئاسۆ فراوانەکان لە ساڵی 1985.

بواری زاراوەسازیی ڕەخنەی ئەدەبیش بەشێکە لەم پرۆسە گشتگیرە، بەڵکو سەرەتاکانی دامەزراندنی زۆر کۆنترە و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئەفلاتوون و ئەرستۆ، کۆمەڵە زاراوەیەکی وەک (لاساییکردنەوە و ئیلهام و خاوێنکردنەوە و دیمەن و کاراکتەر) هەر زوو بوونە کۆڵەکەی چەسپاوی بواری ڕەخنەی ئەدەبیی ئەوسا و تا ئێستاش بەردەوامییان هەیە. لە سەردەمی ڕەخنەی نوێ و هاوچەرخیشدا کۆمەڵە زاراوەیەک هەر لە بناوانەوە چەسپان و ئەم چەسپان و جێگیربوونەشیان لەسەر چەسپاندنیان لەناو پرۆسەکانی وەرگێڕاندا ڕەنگیدایەوە، بۆیە کۆمەڵە زاراوەیەکی وەک: نامۆکردن Estrangement و بنەما Structure و پارادیم Paradigma و دوالیزمە دژ بەیەکەکان و شیعرگەرایی Poetics و دانان و هەڵبژاردن یاخود تەوەرەی دانان و تەوەرەی هەڵبژاردن The horizontal axis and vertical axis و گوتار Discourse و شێواز و نیشانکار و نیشانکراو (دال و مەدلول) و تەئویل Hermeneutics و هاوکاتی Synchrony و بەرودواهاتن Diachronic دەقی کراوە و دەقی داخراو و ئاسۆکانی چاوەڕوانی Horizon Expectation و جەمسەری هونەری و جەمسەری ئێستاتیکایی و کۆمەڵەی ڕاڤەکەران Interpretive Communities و پەراوێز و سڕینەوە الشطب erasure و مەدلولی سەرئاوکەوتووی ئازاد و جیاوازیی difference و خوێندنەوە و جۆرەکانی خوێنەر و ڕەخنەی ڕۆشنبیری Cultural Criticism و ڕەخنەی پاش کۆلۆنیالیزمی Post-colonial criticism و تیۆرەکانی وەرگرتن Recipient theories بوونە کۆڵەکەی کاری ڕەخنەیی.

سەرەڕای مێژووی دوور و درێژی ڕەخنەی ئەدەبی و زۆریی ژمارەی زاراوەی چەسپاو لەناویدا؛ بەڵام بەهۆی زیندوویی و بوارەکە و بەرەوپێشچوونی و بەردەوامیی پرۆسەی وەرگێڕان؛ بواری زاراوەسازی بەردەوام ڕووبەڕووی زاراوەی نوێ دەبێتەوە، ئەمەش کارێکی وا دەکات توێژەران هەردەم خۆیان لە بەردەم زاراوەی نوێ و ناچەسپاودا ببیننەوە.

ناجێگیربوونی زارەوە لە پرۆسەی وەرگێڕاندا بۆ دوو هۆکاری سەرەکی دەگەڕێتەوە، هۆکاری یەکەم بۆ ناجێگیریی ئەو جۆرە زاراوانە لەناو ژینگە مەعریفییە ڕەسنەکەی خۆیاندا دەگەڕێتەوە، هۆکاری دووەمیش بۆ کرداری وەگێڕان و نەبوونی دەزگای نیشتیمانیی سەرتاسەری دەگەڕێتەوە. لەم ڕووەشەوە، وەرگێڕان لە زمانی کوردیدا پڕ کێشەترین بزاڤی وەرگێڕانە لەناو بزاڤی وەرگێڕانی گەلانی دەوروبەرماندا، لەبەر نەبوونی زمانێکی یەکگرتووی کوردی و شێوە نووسینێکی یەکگرتوو، سەرەڕای کێشەکانی بندەستی و قەدەغەکردنی زمانی کوردی لە بەکارهێنان و پێنووسین. جگە لەم گرفتانە، فرەیی سەرچاوەی لێوەرگرتن و وەرگێڕان، گرفتێکی ترە لە گرفتە هەرە سەختەکانی بەردەم بزاڤی وەرگێڕانی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی.

یەکێک لەو زاراوانەی دووچاری ناجێگیری بووەتەوە لەبەر هەردوو هۆکارەکە، زاراوەی (سیمیۆلۆژیایە)، کە لە وەرگێڕان و نووسینە کوردییەکاندا بە (سیمیۆلۆجیا و زانستی سیمیۆلۆژیا و سیمیۆتیکا و زانستی نیشانە و سیمیۆلۆژی) وەرگێڕدراوە. هۆکاری ئەم فرەییەش وەکو وتمان هەم بۆ بوونی گرفت لە بزاڤی وەرگێڕان و نووسینی کوردیدا و هەم بۆ کۆنی و بوونی گرفت لە سەرچاوە و ژینگەی یەکەمی ئەم زاراوە دەگەڕێتەوە. وەک ڕەگ و ڕیشە؛ زاراوەکە دەگەڕێتەوە بۆ زمانی یۆنانی کۆن، لە وشەی Sémion یاخود Sémaine وەرگیراوە، کە ئەمیش بۆ خودی خۆی لە وشەی

Sémo بە واتای نیشانە یاخود هێما هاتووە، سەرەڕای ئەم کۆنی و ڕەگ داکوتاوییە، زاراوەکە پاش چەندین سەدە جێگیربوونی بەخۆیەوەبینی، ئەفلاتوون زاراوەی (semiotike) شانبەشان لەگەڵ زاراوەی (Grammatike) بەکارهێناوە، بە واتای فێربوونی خوێندنەوە و نووسین، ئەم بەکارهێنانەش هاوتەریبە لەگەڵ فەلسەفە یاخود هونەری بیرکردنەوە، پێدەچێت سمیۆتیکای یۆنانی تەنیا ئامانجی پۆلێنکردنی هێمای بیر بووبێت بە مەبەستی ئاراستەکردنی لە دووتوێی مەنتیقێکی فەلسەفیی فراواندا (توسان، 2000: 37). پاشان ئەم زاراوەیە بۆ چەندین سەدە دیارنامێنێت، دواتر لەلای (جۆن لۆک )ی فەیلەسووفی ئینگلیزی (1632- 1704ز) سەرهەڵدەداتەوە، لۆک لە دەوروبەری ساڵی 1690 دا زاراوەی (semeiotike) بە واتایەکی نزیک لە واتای وشەکە لەلای ئەفلاتوون بەکاردەهێنێت.

لە ساڵی 1752 ز. بەدواوە زاراوەی (semiology) لەناو بواری پزیشکیدا بە واتای لێکۆڵینەوەی ڕێک لە نیشانەکانی نەخۆشی بەکاردەهێنرێت وەک هاوتایەکی دیکە بۆ زاراوەی (symptomatology)، هەردوو زاراوەکە لەناو یەک هۆبەی پزیشکیدا بۆ ناسینەوەی نەخۆشی لە ڕێگەی نیشانە دیار و نادیارەکانییەوە بەکارهێنراوە. ئێستا لە ناوەندە پزیشکییەکاندا (symptomatology) بریتییە لە زانستی نیشانەکانی نەخۆشی.

لە سەرەتاکانی سەدەی بیستدا زاراوەی (Semiology) لەلای (Charles Sanders Peirce)ی فەیلەسووفی پراگماتیکی سەرهەڵدەدات، هەر لە هەمان مێژوودا لە ئەوروپا و لەناو ڕۆشنبیریی فەرەنسیدا زاراوەی (Sémiotique) لەلای (فەردیناند دی سۆسێر F de Saussure)ی زانای بواری زمانناسی نوێ لە کتێبی (دروس في الألسنية العامة) مژدەی لەدایکبوونی وەک زانستێکی سەربەخۆ ڕادەگەیەنرێت.

ئەم دوو بەکارهێنانە کارێکی وایکرد بەکارهێنان و وەرگێرانی ئەم زاراوەیە ئاڵۆز بێت، ئیتر هەندێک لە توێژەران زاراوەی سیمیۆلۆژیا و هەندێکی تریان زاراوەی سیمیۆتیک و هەندێکی تر زاراوەی (زانستی هێما)یان بەکارهێنا. هەندێک لە وەرگێڕ و توێژەرانی عەربیش لە بری ئەو سێ بەکارهێنانەدا، لە بەر ڕەگداکوتاویی وشەکە لە زمانی عەرەبیدا، کە لە قورئانی پیرۆزدا بەکارهاتووە لە ئایەتی (سيماهم في وجوههم من أثر السجود / سورة الفتح، الآية 29)؛ زاراوی (سیمیائیات)یان بەکارهێنا.

هەندێک لە توێژەران ئەم زاراوانە بە یەک واتا بەکاردەهێنێن، هەندێکی تریش وردەکاری دەکەن لە بەکارهێنانیاندا، بۆ نموونە لە (القاموس الموسوعى الجدید)دا هەردوو نووسەر (دیکرۆ و سشایفر) هەردوو زاراوەی سیمیۆلۆژیا و سیمیۆتیک پێکەوە بەیەک واتا بەکاردەهێنن، لەگەڵ زیادکردنێکدا کە زۆر لە کرۆکی واتاکە ناگۆڕێت، ئەویش بەکارهێنانی (سیمیۆلۆژیایە) لە بواری توێژینەوەی هێما و ڕێڕەوە تەئویلییەکاندا **(دیکرو و سشایفر، 2007: 193 – 194)**. بەڵام قاموسی (جۆرج مۆنان) هەندێک جیاوازی دەکات لە نێوان ئەم دوو زاراوەیەدا، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە سیمیۆتیک هاوتای سیمیۆلۆژیایە و سەر بە ڕۆشنبیریی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە، بە تایبەتی لەلای (چارلس پێرس)، هەندێک جاریش زاراوەکە وردتر بۆ ئاماژە پێدان بۆ سیستەمێک لە ئاماژە نازمانەوانییەکان بەکاردەهێنرێت، وەک هێماکانی هاتوچۆ، لە بەرانبەریشدا زاراوەی (سیمیۆلۆژیا) دەدەنە پاڵ ڕۆشنبیریی

ئەورووپی و کورتی دەکەنەوە لە چوارچێوەی ئاماژە زمانەوانییەکاندا. لەمەوە تێدەگەین کە (سیمیۆتیک) لە بنەڕەتدا بەرهەمێکی ڕۆشنبیریی ئەمریکییە و بەشێکە لە کۆمەڵە چەمکێکی فەلسەفیی فراوان و هێما نازمانەوانییەکان، لە کاتێکدا (سیمیۆلۆژیا) بەرهەمێکی ڕۆشنبیریی ئەورووپییە و نزیکترە لە هێما زمانەوانییەکان و بواری زمانناسی بە شێوەیەکی گشتی، بە بەراورد بە هەر بوارێکی تر. یەکەمیان کۆنتر و لە ڕووی بابەتەوە فراوانترە لە دووەمیان، سەرەڕای جیاوازیی شوێنی سەرهەڵدانیان.

زۆربەی زانایان- سەرەڕای ئەم وردەکارییانە - بە شێوەیەکی گشتی جیاوازی لە نێوانیاندا ناکەن و وەک هاوتا بەکاریاندەهێنن، هەندێک جار سیمیۆتیک و هەندێک جار سیمیۆلۆژیا بەکاردەهێنن و خۆیان بەو وردە جیاوازییانەوە نابەستنەوە، بە تایبەتی پاش ئەوەی سیمۆلۆژیا یاخود سیمیۆتیک وەک زانستێکی سەربەخۆی پەلۆپۆ هاوێژەوە بۆ زۆر بوار، نەمایەوە، بەڵکو لەناو ڕەخنەی ئەدەبیدا لە شەستەکانی سەدەی بیستەوە وەک میتۆدێکی ڕەخنەیی سەربەخۆ دەرکەوت و شوێنی کەموکوڕییەکانی بنەماگەرایی گرتەوە. (عناني، 1996: 150 – 160)

ئەم نایەکانگیری و فرەییە دابەزی بۆ خوارەوە بۆ ئاستی ئامرازی ڕەخنەی ئەدەبی و میتۆدە ئەدەبییەکان، بەهۆی ئاگادارنەبوون لە بنەمای گەشەی میتۆدە ڕەخنەییەکان، زۆرجار ئامراز و میتۆد تێکەڵ بەیەک دەکرێت، وەک چۆن ئەم تێکەڵبوونە لەگەڵ شیکارکردندا دەبینرێن؛ زۆر توێژەر هەر لە پێشەکیی لێکۆڵینەوەکەیەوە دەڵێت، میتۆدەکەم میتۆدێکی شیکارییە، لە کاتێکدا شیکار میتۆد (مەنهەجی ڕەخنەیی) نییە، بەڵکو ئامراز یاخود کردارێکە هەموو مەنهەجەکان پشتی پێدەبەستن، لەگەڵ جیاوازیی سروشتی شیکارکردن بە جیاوازیی سروشت و بنەمانی مەنهەجە ڕەخنەییەکان، هۆکاری ئەم لێتێکچوونەش بۆ تێنەگەیشتن لە بنەماکان و وردنەبوونەوە لە ئەو ڕێڕەوە دەگەڕێتەوە کە (قوتابخانەی ڕەخنەی نوێ)ی لەناودا دەرکەوت، بەوپێیەی زاراوەی ڕەخنەی نوێ New Criticism براوە بە باڵای کۆمەڵە ڕەخنەگرێکی ئەنگلۆ سەکسۆنی، ئەم ڕەخنەگرانە لە سییەکانی سەدەی بیستەوە تیۆرسازییان بۆ بەرهەمی ئەدەبی کرد و پێیان وابوو کاری ئەدەبی بنەمایەکی هەمەکییە، هەر لەو ڕوانگەشەوە شیکاری جێگریان بۆ کرد و دووپاتی سەربەخۆیی بەرهەمی ئەدەبییان کردەوە و زمانی ڕۆژانەی بەکارهاتوویان لە زمانی شیعری جیاکردەوە و گرنگیی تایبەتیان بە بنەمای دەقەدا، کردیانە تەوەرەی شیکارییە ڕەخنەییە ئەدەبییەکان (آرون، 2012: 1231 1209). بەرهەمی ئەدەبیشیان نەبەستەوە بە مێژوو و کۆمەڵگە و گرێ دەروونی و پاڵەپەستۆ دەروونییەکانەوە (ويليك، 2000: 151). بەهەمان شێوە تێکەڵبوون لە نێوان چەمکی ڕەخنەی بابەتییانە و (قوتابخانەی ڕەخنەی بابەتی Thematic Criticism)دا، دەبینین.

یەکێک لەو بوارانەی کە چەمک و زاراوەکانی لە وەرگێرانی کوردیدا بەدەست ناجێگیری دەناڵێنێت بواری (گێڕانەوەناسی)یە، سەرەڕای ئەوەی خودی زانستەکە Narratology بە هەردوو باڵەکەیەوە (گێڕانەوەناسیی زمانەوانی The linguistic narrative) و (گێڕانەوەناسیی سیمیۆلۆژی Narrative Semiotics یاخود Narrative semiology) لە کوردیدا بەرانبەری (گێڕانەوەناسی) بۆ بەکاردەهێنین و تا ئاستێکی باڵا زاراوەکە یەکگرتووە لە نێوان توێژەرانی بوارەکەدا، بەڵام زاراوەکانی

وەک گێڕانەوە (Narration) و چیرۆک (story) و گوتاری گێڕانەوەیی (Narrative discourse) (*) و چەقی ڕوانین (focalization) و خێرایی (speed) و چەندبارەکردنەوە (frequency) و دووری (distance) و دەستەواژە / شێوەی دارشتن – شێوازی دەربڕین (mode) و دەنگ (Voice) و گێڕەوە (Narrator) و بۆ گێڕەوە (Narrate) و ئەرکەکانی گێڕەرەوە (Functions of narrator) و هاندانەکان (Motives) و چوارگۆشەی سیمیۆلۆژی (The semiotic square) بکەری گێڕانەوە ( Act ant) و خوێنەری ناوەخن (The Implied Reader) و دانەری ناوەخن (Implied author) و ڕێکدانان (order) و ڕێکدانانی بە دوایەکدا هاتن (chronological order) و بەردەوامیی (duration) و خێراکردن (acceleration) و خاوکردنەوە (deceleration – slow – down) و هەر چوار جۆرەکەی خێراکردن و خاوکردنەوە: (دیمەن یاخود هاوکاتی isochrones و وەستان یاخود وەسف Pause و کورتە یاخود پوختە summary و بڕین یاخود بازدان (ellipsis – cut – .omission) (جینیت، 2000: 54. و جوف: 2012: 70 – 72) ئەمانە هەموویان کۆمەڵە زاراوەیەکن پێویستە کاری زۆریان لەسەر بکرێت و بە ڕێکخراوی و زانستییانە و بە پشتبەستن بە سروشتی زمانی کوردی و بنەما و بنچینەکانی دارشتنی زاراوە و بە هاودەنگیی توێژەران و بە وریاییەکی زمانەوانیی تەواوە بەرانبەری کوردی بۆ دابنرێت.

## ئەنجامەکان:

1–چەمک و زاراوەکان بنەمای هەموو زانستەکانن، لە سەدەی نۆزدەوە بەهۆی ئەو وەرچەرخانە گەورەیەی لە ڕەوتی ڕەخنەی ئەدەبیدا ڕوویداوە، چەمک و زاراوە و کارکردنی ورد لەسەریان بوونەتە بەردی بناغەی ڕەخنەی نوێ و هاوچەرخ، ئەمەش وای لە توێژەران و پسپۆڕانی بوارەکە کردووە بەردەوام فەرهەنگی تایبەتی لەسەر بنووسن.

2–سەرەکیترین ئاریشەی بەردەم ناجێگیریی چەمک و زاراوەکان لە ڕەخنەی ئەدبی کوردیدا، نەبوونی دەزگایەکی نیشتیمانییە بۆ وەرگێران، هەروەها ئەنجامدانی وەرگێرانە لە زمانی دووەم یاخود سێیەمەوە، بۆ نموونە زۆربەی وەرگێرە عەرەب یاخود فارسەکان بەرهەمەکانی ئومبرتو إیکۆ ڕاستەوخۆ لە زمانی ئیتاڵییەوە وەرناگێڕن، بەڵکو لە ڕێگەی وەرگێڕانی بەرهەمەکانییەوە بۆ سەر زمانی ئینگلیزی ئەم کارە ئەنجام دەدەن، هەروەها نایەن ڕاستەوخۆ بەرهەمەکانی هایدیگەر یاخود گادامێر یاخود یاوس لە ئەڵمانییەوە وەرگێڕن، بەڵکو لە زمانی ئینگلیزی یاخود فەرەنسییەوە وەریدەگێڕن، زۆرجار وەرگێڕی کوردی دێت بەرهەمی ئەم ڕەخنەگر و بیرمەندانە لە عەرەبییەوە یاخود لە فارسییەوە وەردەگێڕێتە سەر زمانی کوردی، بەمەش بە چەند هەنگاوێک چەمک و زاراوەکان لە ژینگەی ڕەسەنی خۆیان دووردەکەونەوە.

( پێکەوە لە هەردوو زاراوەی (Narrative discourse) و گوتاری گێڕانەوەیی (story(*) چیرۆک ( ) وەرگێراوە کە فۆرمالیستە ڕووسەکان (Sujet)، و مەبنای گێڕانەوە (Fableمەتنی گێڕانەوە ( دایانڕشت.

## پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی:

شهد النقد الأدبي الحديث تحولات كبيرة في التنظير والإجراء العملي منذ بدايات ظهوره وإلى يومنا هذا، إذ تعود البدايات المنهجية للنقد الأدبي إلى زمن ازدهار الفلسفة اليونانية، فقد ظهر أول كتاب نقدي منهجي مع الفيلسوف الإغريقي (أرسطو)، وقبله نجد صياغة مفيدة لنظرية نقدية في كتاب الجمهورية لأفلاطون. ومع تطورات عصر النهضة والتنوير والحداثة، دخل النقد الأدبي في مسارات جديدة، وتحوّل إلى علم له منظومته الاصطلاحية الدقيقة، ونظرياته المتعددة، إلاّ أنّه بسبب جدة بعض المفاهيم والمصطلحات وبسبب تعدد مصادر المعرفة وطبيعة الترجمة، لم تستقر جميع المفاهيم والمصطلحات الأدبية استقراراً تاماً، وهذا ما جعل الباب مفتوحاً أمام الباحثين والمترجمين لتدارك هذا الخلل، وإزالة العقبات أمام تثبيت حدود المفاهيم والمصطلحات.

تحاول هذه الدراسة أن ترصد مظاهر عدم استقرار المفاهيم والمصطلحات في النقد الأدبي، ومن أجل الوصول إلى غايتها العلمية، قُسم البحث إلى تمهيد ومبحثين، خُصّص التمهيدُ للحديث عن رحلة النقد الأدبي الحديث وطبيعة مصطلحاته ودور الترجمة في تثبيت أركان المفاهيم والمصطلحات أو خلخلتها. وجاء المبحث الأول بعنوان (المفاهيم بين الاستقرار وعدم الاستقرار)، وحمل المبحث الثاني عنوان: (المصطلحات بين الاستقرار وعدم الاستقرار).

## Research Summary

Literary criticism has come a long way, and has witnessed great transformations, as the systematic beginnings of literary criticism go back to the time of the flowering of Greek philosophy, as the first systematic critical book appeared with the Greek philosopher (Aristotle), and before that we find a useful formulation of a critical theory in Plato's book The Republic. With the developments of the Renaissance, the Enlightenment and modernity, literary criticism developed great developments, and turned into a science that has its own precise idiomatic system and its multiple theories, but because of the multiplicity of sources of knowledge, and due to the nature of translation, not all literary concepts and terminology have fully stabilized, and this is what made the door open to Scientific attempts to overcome this cognitive and scientific barrier.

This research monitors this scientific and cognitive phenomenon, and in order to reach its scientific goal, the study was divided into an introduction and two studies, the introduction is devoted to talking about the journey of modern literary criticism and the nature of its terminology and the role of translation in fixing or defecting the pillars of concepts and terminology. The topic was titled (Concepts between stability and instability), and the second topic was titled: (Terms between stability and instability).

هەواڵنامەی کتێب

## لیستی سەرچەوەکان:


1- أرسطو، فن الشعر، ترجمة وتقديم وتعليق: دكتور إبراهيم ماده، المكتبة الأنجلو المصرية، 1977.

2- آرون، بول، دينيس سان، جاك آلان فيال، معجم المصطلحات الأدبية، ت: د. محمد حمود ، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت – لبنان، 2012.

3- أفلاطون، جمهورية أفلاطون، ترجمة: حنا خباز، مؤسسة هنداوي للتعليم والثقافة، جمهورية مصر العربية، 2017.

4- إيكو، أمبرتو، 6 نزهات في غابة السرد، ت: سعيد بنكراد، المركز الثقافي العربي، الدار البيضاء، المغرب، بيروت، لبنان، ط1، 2005.

5- بن مالك، رشيد، قاموس مصطلحات التحليل السيميائي للنصوص عربي – إنجليزي – فرنسي، دار الحكمة، الجزائر، 2000.

6- التهانوي، محمد بن علي، موسوعة كشّاف اصطلاحات الفنون والعلوم، ، تقديم وإشراف ومراجعة: د.رفيق العجم، تحقيق: د.علي دحروج، نقل النص الفارسي إلى العربية د.عبدالله الخالدي، الترجمة الأجنبية: د.جورج زيناتي، مكتبة لبنان- بيروت، ط1، 1996.

7- توسان، برنار، ماهي السيميولوجيا، ، ت: محمد نظيف، ط2، إفريقيا الشرق، المغرب، 2000.

8- توم، جين.ب، نقد استجابة القاريء من الشكلانية إلى ما بعد البنيوية، ت:حسن ناظم وعلي حاكم، مراجعة وتقديم:د.محمّد جواد حسن الموسوي، المجلس الأعلى للثقافة- القاهرة 1999.

9- تيلر، سوزان، النص والقاريء، حوار مع فولفغانغ ايزر، قامت بإجرائه: سوزان تيلر، ت:محمّد درويش، مجلة الأقلام، العدد:1-2، السنة السابعة والعشرون، كانون الثاني- شباط ، بغداد- 1992.

10- جينيت، جيرار، خطاب الحكاية– بحث في المنهج، ، ت: محمد معتصم، وعبدالجليل الأزدي وعمر حلي، المجلس الأعلى للثقافة-القاهرة، ط2، 2000.

11- جوف، فانسون، شعرية الرواية، ، ت: لحسن حمامة، دار التكوين، دمشق-سوريا، 2012.

12- حجازي، محمود فهمي، الأسس اللغوية لعلم المصطلح، ، دار غريب، القاهرة، د.ت.

13- الحمد، علي توفيق، المصطلح العربي، شروطه وتوحيده، مجلة جامعة الخليل للبحوث، المجلد الثاني، العدد الأول، 2005.

14- حمادة، إبراهيم، مقالات في النقد الأدبي، دار المعارف، القاهرة، 1982.

15- دريدا، جاك، في علم الكتابة، ت: أنور مغيث و منى طبلة، المركز القومي للترجمة، القاهرة، ط2، 2008.

16- دورتية، فرانسوا دورتيه، معجم العلوم الإنسانية، ت: د. جورج كتورة، كلمة ومجد المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، أبو ظبي، الإمارات العربية المتحدة، ط 2، 1432هـ - 2011م.

17- ديتشس، ديفيد، مناهج النقد الأدبي، ترجمة: د. محمد يوسف نجم، ط1، دار صادر للطباعة والنشر، 1967م.

18- ديكرو، أزوالد و ستشايفر جان ماري، القاموس الموسوعي الجديد لعلوم اللسان، ت: منذر عياشي، المركز الثقافي العربي، بيروت - الدار البيضاء، ط2، 2007.

19- راغب، نبيل، موسوعة النظريات الأدبية، د. نبيل راغب، الشركة المصرية العالمية للكتب، لونجمان، مصر، 2003.

20- الطويل، توفيق، أسس الفلسفة، مطبعة دار المعارف بمصر، ط 3، 1958.

21- عناني، محمد، المصطلحات الأدبية الحديثة – دراسة ومعجم إنجليزي – عربي، الشركة المصرية العالمية للنشر – لونجمان، بيروت – لبنان، ط1، 1996.

22- كونزمان بير، فرانز- بيتر بوركارد، فرانز فيدمان أطلس dtv الفلسفة مع 115 لوحة بيانية ملوّنة ، اللوحات الملوّنة من إعداد أكسل فايس، ت: د.جورج كتورة، المكتبة الشرقية، بيروت - لبنان، 2001.

23- القاسمي، علي، مقدمة في علم المصطلح، دار الشؤون الثقافية، بغداد، 1985.

24- وغليسي، يوسف، إشكالية المصطلح في الخطاب النقدي العربي الجديد، منشورات الاختلاف، الجزائر العاصمة – الجزائر و الدار العربية للعلوم - ناشرون، بيروت – لبنان، ط1، 1429هـ - 2008م.

25- ويليك، رينية الهجوم على الأدب، ، ت: حنا عبود، دمشق – سوريا، ط1، 2000.

هەوالنامەی کتێب

# وەرگێڕانی شیعر لە نێوان داهێنان و ڕەخنەدا –بە نموونەی شیعری وەرگێڕدراوی عەرەبی بۆ کوردی

د. پەخشان سابیر حەمەد

زانکۆی سۆران /فاکەڵتیی ئاداب

Pakhshan.hamad@soran.edu.iq

## پێشەکی

وەرگێڕانی ئەدەبی بە شێوەیەکی گشتی و وەرگێڕانی شیعر بە تایبەتی خاڵێکی گرنگی وەرگێڕانە، بەوەی بەرهەمەکان دەگەیەنێتە ئاستێکی باڵا و بازنەی ناساندنی فراوانتر دەکات. وەرگێڕان بەرهەمەکە لە پانتاییە جوگرافییەکەی ڕزگاردەکات و دەیخاتە نێو ڕۆشنبیرییەکی گشتگیر، هەر لەبەر ئەوەیە وەرگێڕان بە درێژایی مێژووی سەرهەڵدانی هەوڵی نزیککردنەوەی نەتەوەکان و ڕۆشنبیرییە هەمەجۆرەکان دەدات، ئەگەر وەرگێڕان نەبووایە شاعیرە داهێنەرەکان سنووری وڵاتەکەی خۆیان تێنەدەپەڕاند، ئەمەش ڕۆڵی گرنگی وەرگێڕان لە دروستکردنی پردێکی پەیوەندیی پتەو دەگەیەنێت، بە تایبەتی بەوەی وەرگێڕان کردارێکی هزری و داهێنراو و زانستییە، کە لە وەرگێڕانی شیعردا داهێنان زیاتر و چێژبەخشین کارامەتر دەبێت.

تاکو ئێستاش جگە لە وەرگێڕان ئامرازێکی تر نییە کە پێویستییەکانی مرۆڤ لە زانین و ناسینی ئەوی دیکە تێربکات، وەرگێڕانە کە بووەتە سەرچاوەی گواستنەوەی بەها و ڕەوشتە و جوانییەکانی نێو ڕۆشنبیرییە جۆراوجۆرەکان. ئەم لێکۆڵینەوەیە کە بۆ (وەرگێڕانی شیعر لە نێوان داهێنان و ڕەخنەدا _ بە نموونەی شیعری وەرگێڕدراوی عەرەبی بۆ کوردی) تەرخانکراوە، سروشتی بابەتەکە ڕێبازی (شیکاری_ڕەخنەیی)خواستووە و ئامانجیەتی هەڵسەنگاندنێک بۆ جۆری وەرگێڕانەکان و پێوانەکردن و بەراوردکردنیان لە هەردوو زمانی عەرەبی و کوردیدا بخاتەڕوو،بە مەبەستی ناساندنی ڕۆشنبیری و مەعریفە جیاوازەکانی نێو هەردوو زمانەکە، گرفتی سەرەکی. لێکۆڵینەوەکە هەوڵدانە بۆ گەیشتن بە وەڵامی ئەم پرسە لە مێژینەیەی نێو جیهانی وەرگێڕان لە نێو ڕۆشنبیری کوردیدا، ئەویش بریتییە لەوەی ئایا دەقە شیعرییە وەرگێڕدراوەکان دەبنە بەشێک لە زمانی ئامانج، یا هەروەک جەستەیەکی نامۆ لە نێویدا دەژین و دەمێننەوە.

لێکۆڵینەوەکە جگە لە پێشەکییەک، دوو تەوەرەی لەخۆگرتووە: یەکەمیان تاوتوێی (وەرگێڕانی شیعر و شیعرییەت لە دووتوێی ڕەخنەدا) دەکات و دووەمیان باس لە (وەرگێڕانی شیعر لە زمانی عەرەبی بۆ

کوردی_داهێنان و ئاستەنگەکان) دەکات، لە کۆتاییدا ئەنجام و پەراوێز و سەرچاوەکان دەستنیشانکراون.

وشە کلیلییەکان: وەرگێڕان، شیعرییەت، ڕەخنە، بەهای جوانیناسی، داهێنان.

**تەوەرەی یەکەم/ وەرگێڕانی شیعر و شیعرییەت لە دووتوێی ڕەخنەدا**

بوونی وەرگێڕان بەڵگەیە بۆ بوونی ویستێکی ڕۆشنبیری و تێگەیشتن لەوی دی و ناسینی ڕۆشنبیرییەکەی. (وەرگێڕانی دەقێکی دیاریکراو مانای گواستنەوەیە لە جیهانێکی ڕۆشنبیری بۆ جیهانێکی تر، نەک تەنیا گواستنەوە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر). (برهون،2002: 173)

لێکدەرەوەکان/تەئویلییەکان پێیانوایە کە وەرگێڕان بەو وەسفەی گواستنەوەی واتایە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر، لە ڕاستیدا (تەئویل/ لێکدانەوە)یە و وەرگێڕیش (لێکدەرەوەیە/ مؤول)ە، کاتێک وەرگێڕان دروستدەبێت، واتە تێگەیشتن، تێگەیشتنیش فراوانبوون دروستدەکات، بۆیە دەبێتە وێنەیەکی گفتوگۆ لە نێوان وەرگێڕ (لێکدەرەوە/ مؤول) و دەقەکە، (أحمد،1993: 58_59) بە تایبەتی کە یەکێک لە ئەرکەکانی وەرگێڕان ئەرکێکی لێکدەرەوەییە/ تەئویلییە، لەپاڵ ئەرکەکانی تری چەشنی (ئەرکی ڕەمزی، ئەرکی جوانیناسی، ئەرکی زمانی، ئەرکی مەعریفی... هتد).

لە کاتێکدا وەرگێڕان پێویستییەکی شارستانێتییە، خاڵی بەیەکگەیشتنی بیرە مرۆڤایەتییەکانە و لە کاری وەرگێڕاندا دوو کەس بەشداریدەکەن و بڕیارەکانیان بەدەستە، کە هەریەکێکیان زمانێکی تایبەتی دەوردراو بە ڕۆشنبیرییەکی تایبەتی دەنوێنن، وەک لەم هێڵکارییەدا ڕاقەکراوە.




لەبەرئەوەی وەرگێڕان پرۆژەیەکی شارستانییە بۆ چالاککردنی ئاڵوگۆڕیی مەعریفە لە نێوان زمانەکاندا، بۆیە دەبێتە مایەی پێشخستنی ڕۆشنبیریی لەنێو کۆمەڵگەکاندا ئەمە لەلایەک. لەلایەکی ترەوە،

(وەرگێران بایەخدانە بە گرنگیی پەیوەندییە ڕۆشنبیری و ژیارییەکانی نێوان گەل و نەتەوە جیاوازەکان و دەبێتە هۆی بەرفراوانبوون و قوڵبوونەوەی ئاسۆی مەعریفی و دنیابینی و تێگەیشتنی جیاواز، لە وەرگێڕاندا چەمکی هەستکردن و قەبووڵکردنی ئەویدیکە دەبێتە بەشێک لە ئاکامە جوانەکان). (عەبدوللا: سایتی دەنگەکان) سەرنجڕاکێشانی دەقەکە و گرنگییەکەی بۆ زمانی مەبەست وا لە وەرگێڕی خاوەن زمانی ڕەسەن دەکات، بەهۆی وەرگێڕانەوە بیخاتە قاڵبی زمانەکەی خۆیەوە، واتە (هونەری وەرگێڕان لەوکاتەوە دەستپێدەکات کە وەرگێڕ خۆی لەنێو دەقەکەدا یا بەرهەمەکەدا دەدۆزێتەوە و هەستی ئەوەی لا دروستدەبێت وەک ئەوەی خۆی نووسیبێتی). (سورینییان،1979: 27) لە چوارچێوەی وەرگێڕانی ئەدەبی بە گشتی و شیعر بە تایبەتی، تاوتوێ و گفتوگۆی چڕ و ورد لەنێو ڕەخنەی ئەدەبیدا بەدیدەکرێت، کە زۆرجار دوو بەرە و سەنگەری دیار دروستدەبن، بەرەی یەکەم: بیرۆکەی ئەوەی شیعر ئەستەمە وەربگێڕدرێت، لایان بۆتە بڕیارێکی تۆکمە و جگە لەم بیرۆکەیە بڕوایان بە شتێکی تر نییە، ئەمەش زیاتر لەو کەشە تەلیسماوییەدا سەریهەڵداوە، کە دەوری شیعری داوە، لە ئاکامی خەیاڵ و جوانییە دیاریکراوە شیعرییەکەی لە قاڵبی زمانە ڕەسەنەکەی خۆیدا و هێشتنەوەی هەر لەو قاڵبەدا بە باشتر زانراوە بە بەراورد بە وەرگێڕانی، بۆیە تا ماوەیەکی زۆر ئەدەبی وەرگێڕانی شیعر بەدیناکرێت، ئەگەر چی ڕەگەزە ئەدەبییەکانی تری وەک، ڕۆمان و چیرۆک و شانۆگەری... هتد، لە بازنەیەکی فراواندا بایەخیان پێدراوە و وەرگێڕدراون، ئەم دیاردەیە نەک تەنیا بۆ ئەدەبی کوردی، دەشێت، بەڵکو بۆ ئەدەبی تریش ڕاستە.

شاعیری فەڕەنسی بیار لیریس ( pierre leyris) دەڵێت: "وەرگێڕانی شیعر کارێکی ئەستەمە، وەک چۆن دوورکەوتنەوە لە وەرگێڕانیشی هەر کارێکی ئەستەمە". (بقنە،2015)

واتە ناشێت بەهۆی هەر هۆکارێکیشەوە بێت، واز لە وەرگێڕانی شیعر بهێنرێت، ئەگەرچی ناتوانرێت نیشانەکەیشی بە تەواوەتی بپێکێندرێت. محمد بنیس (١٩٤٨) گەیشتووەتە ئەوەی بڵێت:

(شتێکی بەدیهییە کە وەرگێڕانی شیعر نیمچە ئەستەمە، بەڵام ئەستەمیش پلەی هەیە). (بینیس،1994: 71) پلەدارکردنی ئەستەمی هەلێکی باشە بۆ بواردان بە وەرگێڕانی شیعر و ڕەخساندنی هەل لە بەردەم وەرگێڕدا بۆ کارکردن لەسەر شیعر و هەڵبژاردن و وەرگێڕانی، چونکە هێشتنەوەی شیعر لە چوارچێوەی ئەو زمانەی پێینووسراوە، بازنەی بڵاوبوونەوەی وەک خۆی دەهێڵێتەوە و پەیام و جوانییەکانی ناگاتە گوێی مرۆڤایەتی و دەشێت تەمەنی هێندە نەبێت، بەڵام ئەوە وەرگێڕانە بازنەی مانەوەیان تێکدەشکێنێت و بە مرۆڤایەتییان دەناسێنێت و ناسنامەیەکی باڵاتریان پێدەبەخشێت، چونکە (زمانی وەرگێڕان دەکەوێتە نێوان زمانی یەکەم (زمانی ڕەسەن) و زمانی دووەم (زمانی مەبەست)، ئەو زمانە زمانی یەکەم نییە، لەبەر ئەوەی هەر خۆی وەرگێڕان واتای گواستنەوە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی

دیکە دەگەیەنێت، بەلاّم گومانی تێدا نییە کە هەندێ خەسلّەتی زمانی یەکەم هەلّدەگرێت، کاتێ لە زمانی دووەم نزیکدەبێتەوە، ئەوا خەسلّەتەکانی بە تەواوی لەگەلّ خەسلّەتەکانی ئەم زمانە هاوتا نین، کەواتە وەرگێران زمانێکی تایبەتی هەیە و دەبێ لە زمانی یەکەم و دووەم جیایبکەینەوە. (حسين القزاز،2013: 125)

لە کاتێکدا وەرگێرانی ئەدەبی ڕێگایەکی یەک ئاراستە نییە، چونکە بزووتنەوەی وەرگێرانی یەک ئاراستەیی بزووتنەوەیەکی ناتەواو و خەوشدارە، ئەو ئەدەبەی زمانەکەی تەنیا زمانی ئامانج بێت، واتە وەربگێردرێت بۆی و لەوەوە وەرنەگێردرێت، (دەشێ بلّێین زمانی کوردی بەم شێوەیە، زیاتر بابەتی بۆ وەردەگێردرێت، نەک لێیەوە وەربگێردرێتە سەر زمانی تر، کە دوای ڕاپەرینی ١٩٩١ ئاسۆکانی بەردەم وەرگێران فراوانتر بوون)، ئەوا ئەدەبێکی پێشوازیکەرە و نانێردرێت، دواتر ئەدەبێکی پاشکۆدارە و پەیوەندیی تەندروست و هاوسەنگی لەگەلّ ئەدەبەکانی تردا نییە (عبود،1995 :7) پیتەر نیومارک (peter) 1916_2011 (Newmark)) پرۆسەی وەرگێران لەسەر سێ دووانە بنیاد دەنێت، کە بریتین لە: ( نیو مارک،1986: 121)

١/ ڕۆشنبیریی ڕەسەن و ڕۆشنبیریی بێگانە.

٢/ زمانی سەرچاوە و زمانی مەبەست.

٣/ نووسەر و وەرگێڕ و سێبەری خوێندنەوە.

هەر لەبەرئەوەشە کە وەرگێران پشت بە زیاتر لە تیۆرێک دەبەستێت. بە مەبەستی پێکانی ئامانجەکەی، وەرگێڕ لە پرۆسەی وەرگێراندا بە هەموو توانایەکییەوە هەولّدەدات هاوتاییەک لە نێوان دەقی ڕەسەن و وەرگێرانەکەیدا دەستەبەربکات. هەرچەندە (هاوتاییەکی ڕەها لە نێوان زمانەکاندا نییە، وەرگێرانی وردیش کە بە شێوەیەکی تەواوبێت بەدیناکرێت). (نیدا، ؟: 303) هەر زمانێکدا کێشی شیعری تایبەت و مۆسیقای شیعری تایبەت بە خۆی هەیە، هەولّدان بۆ سەپاندنی کێشی شیعری لە زمانە ڕەسەنەکە بۆ زمانە مەبەستەکە، هەولّێکە بۆ داواکارییەک کە ئەستەم بێت، (حسن، 1986: 120) چونکە شیعر وابەستەی زمانە، لەبەرئەوەی لە چوارچێوەی زمانەکەدا مامەلّەی لەگەلّدادەکرێت، لە کاتێکدا وەرگێران بووەتە ناوەندێکی گرنگی ئەدەبی بۆ پێشخستنی ئەدەبیات و خودی زمانەکەش، تەنانەت بووەتە هۆی دەرکەوتنی ژانری ئەدەبیی نوێ و بلاّوبوونەوەی لە پانتاییەکی فراواندا.

نموونەی چوارینەکانی (عومەری خەیام) (1048_1131 ) کە لە ڕێگەی وەرگێرانەوە بە جیهاندا بلاّوبووەتەوە، ئەو نەتەوانەی هونەری چوارینیان نەبوو سوودیان لێوەرگرت، سەرسامی (فیتزجیرالد) (1809_1883) و پەیوەستبوونی بە چوارینەکانی خەیام لە ڕێگەی وەرگێرانەوە، مانەوەی بەرهەمەکە

هەولێرنامەی کتێب

و بڵاوکردنەوەی لە پانتاییەکی فراوانتری پێبەخشی. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە (دەبێ وەرگێڕ ئەم بابەتانە وەرنەگێڕێ کە نایورووژێنن و پێویستە بەپێی توانا خۆشەویستی لە نێوان وەرگێڕ و ئەو دەقەی وەریدەگێڕێ هەبێت، (نیدا، ؟: 294) لەپاڵ ئەوەشدا هێشتا ژیانکردنی دەقە وەرگێڕدراوەکە لەسەر زەوی زمانی مەبەست و پێشوازیلێکردنی کارێکی تاڕادەیەک سەختە، بەهۆی ئەو شەپۆڵە دەنگی و ڕیتمی و پێکهاتەییانەی شیعر و گونجانیان بەپێی زمانی دەقەکە لە زمانە ڕەسەنەکەیدا، سەرباری کەشە دەروونییە تایبەتییەکەی دەقەکە، ئەمانە بەسەریەکەوە و چەندین لایەنی تری قووڵایی دەقەکان کۆسپی زیاتر لەبەردەم وەرگێڕدا دروستدەکەن، بەڵام هەرناشێت وەرگێڕانی شیعر فەرامۆشبکرێت، لەبەرئەوەی وەرگێڕان ڕێڕەوێکە لەپاڵ دەقەکاندا هەنگاودەنێت و بە هەناسەی بوونی ئەوان دەژی و پەرەدەسێنێت.

هەرچەندە هەموو وەرگێڕانێک بۆشاییەک بەجێدێڵێت، بەڵام ڕێژەی زۆری و کەمیی بۆشاییەکە دەکەوێتە سەر توانای وەرگێڕ و ڕادەی دەستەڵاتی بەسەر هەردوو زمانەکەدا، بە مەبەستی گەیاندن یا گواستنەوەی بڕێکی زۆر یان بڕێکی دیاریکراو لە بەها گوزارشتی و شیعری و شێوازی دەقەکە بۆ نێو زمانی مەبەست. واتە (بە شێوەیەکی گشتی هەردوو لایەنی دەنگی و دەلالی بەیەکەوە پشتگیریی یەکتری لە شیعردا دەکەن، بە جۆرێک ناتوانرێت یەکێکیان لەوەی تر جیا بکرێتەوە، ئەمە ئەو هۆیەیە کە وا دەکات ئەرکی وەرگێڕانی شیعر ئەرکێکی ئەستەم بێت). (بودوخە،2010: 28)

هەر بەپێی ئەم بنەمایەیە (جۆن کۆهین)(1919_1994) دەگەیەنێتە ئەوەی کە پێیوایە: (وەرگێڕان لە کرۆکی بابەتی قەسیدە، شیاوە، بەڵام وەرگێڕانی شێوەیی یا ڕوخساری بابەتێکی نەشیاوە) (کوهن،2000: 57)، چونکە شێوە پەیوەستە بە دەنگ و ئەو ڕەمزە دیاریکراوانەی کە هەر دەنگێک لە هەر زمانێکدا ئەو شێوەیە دروستدەکەن، ئەمە لەلایەک و لەلایەکی ترەوە، کێش و سەروای شیعریش پەیوەستن بە ڕیتمی دەنگەکان و ڕێکخستنیان و سیستەمی کارکردنیان بەندە بە زمانە ڕەسەنەکەوە. هەموو ئەمانەن کە شیعریەت و چۆنیەتیی شیعریەتەکە دەخەنەڕوو و دیاریدەکەن، بۆیە (جاکوبسن) (1896_1982) دەڵێت: (شیعر ئەو لایەنەیە کە لە وەرگێڕاندا ونیدەکەین) (فاطمه الطبال،1993: 79)، مەبەستی (جاکوبسن) ونکردنی خودی شیعر نییە، بەڵکو شیعریەتە لە زمانی ئامانجدا، کە ئەو قورسایی و چێژبەخشینەی نامێنێت وەک ئەوەی لە زمانی سەرچاوەدا هەیەتی.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە لە وەرگێڕانی شیعردا ناوەڕۆک سەنگی زیاتری لە ڕوخسار هەیە، لە کاتێکدا ناشێت ناوەڕۆک و ڕوخسار لە یەکتری جیابکرێنەوە و یەکێکیان بەسەر ئەوی تردا زاڵبکرێت، تەنیا لە حالەتێکدا نەبێت، کە ناوەڕۆکەکە بە تەواوەتی بخرێتە چوارچێوەی ڕوخسارێکی تازەوە، بەم کردارە ناپاکی لە وەرگێڕاندا دروستدەبێت، ئەگەرچی لایەنی جوانی و چێژبەخشینەکەشی زیاتربێت، بە تایبەتی کە شێوە یان ڕوخسار پەیوەستە بە شێوازی خستنەڕووی بابەتەکان، بۆیە (میشال ڕیڤایتر)

گەیشتە ئەوەی پێشنیازی ئەوە بکات، ئەرکی شێوازگەری بە زاراوەی ئەرکی شیعریەت بگۆڕدرێت. (ریفاتیر،1999: 11)

ڕەوانبێژی بەشێکی گرنگی شێواز دروستدەکات و لە کاتی وەرگێرانی شیعردا ڕەوانبێژییەکە دەکەوێتە ژێر هەڕەشەیەکی زۆری ڕوخسارەکەی بە گشتی و ناوەڕۆکەکەی بە تایبەتی، بابەتێکی وەکو (ڕەگەزدۆزی) کە پەیوەستە بە شێوەی هێنانەوەی ئەو وشانەی لە ڕواڵەتدا وەکو یەکن و لە واتادا جیاواز، ئەگەر بەم شێوەیە بێت ڕەگەزدۆزیی تەواو دروستدەبێت. ئەمە تەنیا تایبەتە بە زمانی ڕەسەن. ئەمە لە کاتی وەرگێڕاندا وەک خۆی نامێنێتەوە و ڕەگەزدۆزی دروستنابێت، بۆ ڕەگەزدۆزیی ناتەواویش بەهەمان شێوە. ئەگەر لە ڕواڵەت و واتادا وەکویەکبوون، ئەوا دووبارەکردنەوە یان پاتکردنەوە دروستدەبێت، لە کاتی وەرگێڕاندا هەمان وشە بەکاردەهێندرێتەوە و شیاوە، بەڵام بابەتێکی وەکو (خواستن) (بەسەر وەرگێڕاندا یاخی دەبێت، لەبەر ئەوەی ئەو ئیحایانەی لێیەوە بەرهەمدێن، پەیوەستە بە زمانە ڕەسەنەکە، سروشتی ئیحا سروشتێکی دیاریکراو نییە یا دیاریکردنی سەختە. وەرگێڕانیش تەنیا ئەو شتانەی ئاشکرا و دیاریکراوە دەگوازێتەوە گەر ویسترا ئیحا لە وەرگێڕاندا دیاریبکرێت، گیان و چالاکییەکانی وندەکات). (بودوخە،2010: 58) ئیحایەکان جۆرێک لە تەمومژیش دروستدەکەن، سەرباری تەمومژیی خودی شیعر بەخۆیشی، ئەمانە گشت کۆسپ لە بەردەم وەرگێڕانی شیعردا دروستدەکەن، هەرچەندە (دیارە زمانی دووەم یان زمانی مەبەستیش زۆر جوانیی تێدایە کە لە زمانی یەکەم یان زمانی سەرچاوەدا نییە، ئەگەر وەرگێڕ بە ڕاستی وەرگێڕ بێت، دەزانێ چۆن لەم جوانییانە کەڵک وەرگرێ و دەقێک بخولقێنێ کە ئەگەر نووسەرەکە بەو زمانەی نووسیبایە، هەر ئاوای دەنووسی). (مجاور_تاپۆ،2014: 38)

واتە هەموو ڕێگاکان دەمانباتەوە سەر وەرگر یان خوێنەر، چ کاتێک ئەوان وەرگێرانەکەیان پەسەندکرد و هەستیان بە نامۆیی دەقە شیعرییەکە نەکرد، ئەوا وەرگێڕانەکە سەرکەوتووە و پێچەوانەکەشی ڕاستە. حافظ ابراهیم ((١٨٧٢-١٩٣٢) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە دەقی ڕەسەن و وەرگێڕدراو ناشێت وەک کەسێکی شۆخ و شەنگ و خەیاڵەکەی لە ئاوێنەدا بێت، بۆیە هەموو وەرگێڕانێک جۆرێک لە ناپاکی یان ناپاکیکردن لە دەقی ڕەسەن لەخۆدەگرێت. (العرب،2006: 41) ئەو دەقەی لە زمانی ڕەسەن و سەرچاوەوە ڕاستەوخۆ وەرناگێڕدرێت، دووجار ڕووبەڕووی ناپاکی دەبێتەوە، جارێکیان لە کاتی گواستنەوەی لە زمانی ڕەسەنەوە بۆ زمانی ناوەند و جارێکی تر لە وەرگێرانی لە زمانی ناوەندەوە بۆ زمانی ئامانج، بەمەش زیانی شێوازی و جوانی و تەنانەت دەلالی_ناوەڕۆک دووهێندە دەبێت و دەبێتە مایەی گۆڕینی کارێکی ئەدەبیی جیهانی خاوەن چۆنیەتییەکی جوانی و هزری لە پلەی یەکەم بۆ کارێکی ئەدەبیی پلە سێ. (عبود،1995: 130) بۆیە وەرگێران لە زمانی ناوەندەوە یەکێکە لەو گرفتە سەختانەی هەمیشە لە بەردەم وەرگێڕاندا دروستدەبێت،

کتێبخانەی هەولێر

تەنیا لە یەک حاڵەتدا نەبێت، کە زمانی ناوەند ببێتە یارمەتیدەر، وەرگێڕ ڕاستەوخۆ پشت بە زمانی ڕەسەن ببەستێت، تەنیا زمانی ناوەند بکاتە پاڵپشتێک بۆ ئەنجامدانی کارەکەی و ئاگالێبوونی، ئەگەرنا شێوازی شیعر و چۆنیەتیی دەربڕینی هەستەکانی جۆرێک لە تایبەتمەندی تێدا بەدیدەکرێت، کە تاڕادەیەک ببێتە مایەی سەرنجی وەرگێڕ و تێرامانی لە کاتی گواستنەوەیدا بۆ زمانی ئامانج هەروەک (کازاغراند) دەڵێت: (مرۆڤ زمان وەرناگێڕێت، بەڵکو ڕۆشنبیری وەردەگێڕێت، ئەمەش پڕۆسەیەکی سەختە بۆ وەرگێڕ، لە زۆربەی کاتدا گرفتەکان جیاوازییە ڕۆشنبیرییەکانی نێوان دوو زمانە دیاریکراوەکە بەرهەمدەهێنێت). (کحیل،؟: 54)

هەروەها تەنیا زانینی زمانێکی دیاریکراو نابێتە یارمەتیدەر بۆ ئەنجامدانی پڕۆسەیەکی گرنگی وەک وەرگێڕان، بەڵکو تێگەیشتن و ناسینی کۆی ڕۆشنبیریی هەڵگری زمانەکە، وەرگێڕی سەرکەوتوو دروستدەکات، سەرباری تێگەیشتن و زانینی تەواوی زمانەکەی خۆی. (بۆیە دەوری وەرگێڕ لەم حاڵەتەدا دەوری ئەو میانچییەیە کە گەرەکیەتی دوو لای گفتوگۆیەک لێکدی نزیکبخاتەوە و بیانگەیەنێتە لێکدی حاڵیبوون). (عارف،2010: 184) ئاکامی لێکدی حاڵیبوونەکە، لە لایەن خوێنەرەوە بڕیاری لەسەر دەدرێت.

لە وەرگێڕانی شیعردا ڕەوت و ڕێچکەی جۆراوجۆر هەیە، وەک: وەرگێڕانی فۆنۆلۆجی، وەرگێڕانی وشە بە وشە و دەقا و دەق. وەرگێڕانی کێشدار، وەرگێڕانی بە پەخشان، وەرگێڕان بە شیعری قافیەدار، وەرگێڕان بە شیعری بێقافیە و وەرگێڕانی هێرمۆنەتیکی. (عارف،2010: 188)

هەرچەندە لە وەرگێڕانی کێشداردا ئەستەمە هەمان کێشی خۆی بێت، بەڵکو کێشی شیعر بەپێی زمانی ئامانج دەگۆڕێت. بۆ شیعری قافیەداریش بەهەمان شێوە.

(ئەوەی زۆر گرنگە ئەوەیە کە وەرگێڕانەکە بە هەرجۆرێک لە جۆران بووبێتەوە بە شیعر، چونکە زۆرن ئەو وەرگێڕانەی کە بە زمانێکی تەقریریانە شیعر تەرجومە دەکەن و ڕۆح و شیعریەتی قەسیدەکە دەکوژن). (بەرزنجی،2012: 40) تەنانەت وەرگێڕانی شیعر بە پەخشانیش شێواندنێک لە بەرهەمەکە چێدەکات، ئەمەش لە ئەستۆی وەرگێڕدایە، کاتێک پەلە  لە وەرگێڕاندا دەکات، یا پێیوایە هەقی تەواوی دەقەکەی داوە، هەرچەندە (وەرگێڕ هاوزەمان تەنیایە تەنیاش نییە، وشە هاوزەمان هەمان وشەیە و هەمان وشەش نییە، ئەو کتێبەش کە لە ئەنجامی وەرگێڕانەوە بەرهەمیدەهێنن هاوزەمان بێگانەیە و خۆماڵیشە و دەبێتە هۆی دەوڵەمەندکردنی کلتووری خۆماڵی). (حەسەن، سایتی دەنگەکان)

لەگەڵ هەموو ئەو بیرورا جیاوازانەی خستمانەڕوو، بزوتنەوەی وەرگێڕانی ئەدەبی بە گشتی و شیعر بە تایبەتی بەردەوامە و بەردەوامیش دەبێت، ئەگەرچی لە سەر ڕێگای وەرگێڕان و گەیاندنی بە جەماوەری

زمانی ئامانج هەندێک لە شیعریەت وندەبێت، بەڵام هەرچەندێک بگات بە مەبەستی ناسین بایەخی خۆی دەبێت.

## تەوەرەی دووەم/ وەرگێڕانی شیعر لە زمانی عەرەبی بۆ کوردی_داهێنان و ئاستەنگەکان

لەگەڵ ئەوەی شیعر لە خودی پرۆسەی وەرگێڕاندا زۆرترین گفتوگۆی لەبارەوە کراوە، بەڵام سەرسامی و سەرنجراکێشان و ناوبانگی هەندێک بەرهەم هەموو سنوورەکانی پرۆسەکەی تێپەڕاندووە و بووەتە خولیای بەشێک لە وەرگێڕەکان و بوێرانە مامەڵەیان لەگەڵ ئەم جۆرە دەقانەدا کردووە، لە نێوان ئەوەی وەرگێڕ شاعیر بێت، یا تەنیا وەرگێڕ، بە بازنەیەکی ئاڵۆز دەوردەدراوە، بە هۆی بوونی بیرورڕا و تێڕوانینی هەمەجۆر لەم بارەیەوە.

(ڕۆحی شاعیرانە بۆ وەرگێڕ پێویستە، نەک ئەوەی شیعری دانابێ، یان کێشی عەرووزی بزانێت، لە وەرگێڕانی شیعردا دەبێ دەستت زۆر کراوە بێت، واتە لە واقیعدا دەبێ سەر لە نوێ بنیادنانەوە بکەیت، دەنا دەیشێوێنی و کەش و هەوایەکی جوان بە چەند ڕستەیەکی ئاسایی دەگۆڕی، وەرگێڕانی شیعر کارێکی ناسەرکەوتووە، من قەت پێشنیاری ناکەم)، (افشار،2012: 45) بەڵام شیعریش پێویستی بە پەڕینەوە هەیە، ئەگەر چی برێک جوانیشی لێوندبێت.

هەرچەندە شاعیری ئەمەریکی (ڕوبیرت فرۆست Robert Frost) (1874 – 1963) گەیشتووەتە ئەوەی بڵێ: (ئەوەی لە وەرگێڕانی شیعردا دەفەوتێ و وندەبێت خودی شیعرە). (بکار،2001: 57)

کە مەبەستی (فرۆست) ونبوونی شیعرییەتە، بەڵام ئەمە لە هەموو کاتێکدا وا نییە، لەبەر ئەوەی خودی وەرگێڕانەکە دەوەستێتە سەر توانای وەرگێڕ و فەرهەنگە ڕۆشنبیری و مەعریفییەکەی، چونکە (دەقێکی شیعری دیاردەیەکی سفک و سیحراوی و خەیاڵاوی و ئاهەنگدار و پڕ لە خوازە و و ئیماژە، هەر کات وەرگێڕ هەر کام لەوانە لەیاد بکات و بەهەندیان وەرنەگرێ, تەواوی پێکهاتەی دەق لەبەر یەک دەترازێ و وەرگێڕدراوەکە یەکێتیی خۆی لەدەستدەدات)، (حیکمەتی، 2010: 137) ئەمە تەمومژ لە وەرگێڕانی شیعردا دروستدەکات، بە تایبەتی کە کەشی دەوردراوی شیعر کەشێکی کراوەیە بە واتای خەیاڵ ئامێزێکی بێسنوورە، بۆیە مەلەکردن لە نێو ئەم خەیاڵەدا پێویستی بە وەرگێڕێکی کۆکەرەوەی ورد هەیە، کەواتە هەرخۆی شیعر تێکەڵەیەکە لە خەیاڵ و خوازە و مۆسیقا کە هەوڵی دروستکردنی کاریگەرییەکی دیاریکراو لەسەر وەرگر دەدات.

قوربانیدان بەهەر پێکهاتەیەکی دەقەکە لە زمانە ڕەسەنەکەیدا، ئەگەرچی کەمیش بێت، دەبێتە مایەی کەمبوونەوەی کاریگەرییەکەی، چونکە ڕێژەی کاریگەریی بەرهەمێکی دیاریکراو بەندە بە زمانە ڕەسەنەکەی و چۆنیەتیی دارشتنی بە پێی ڕێسا زمانی و ڕۆشنبیری و مەعریفییەکانی نێو زمانەکە و

هەموو ئەو تایبەتمەندییانەی لە نێویدا بەدیدەکرێت، کە زۆرجار ستراتیژیەتی قەرەبووکردنەوەش ناتوانێت بە فریای دەقەکە بکەوێت، چونکە (دەقی ئەدەبی لە کاری خەیاڵکردن و بنیادی زمانی کە ئەرکەکەی لە لەخۆگرتنی جیهانێکی دیاریکراو پێکدێت. لە پاڵ گوزارشتکردن لێی بە هەموو نهێنییەکانیەوە، بەمەش خاوەندارێتیی نهێنییەکانی زمان دەبێتە خاوەندارێتییە شاراوەکانی جیهان لەنێو دەقەکەدا، هەر ئامەدەنەبوونێکی مەعریفیی وردی زمان، دەبێتە مایەی کەمیی گوزارشتەکە، لە ئاکامی ئەمەدا لە گواستنەوەی خەسڵەتەکانی زمانی دەقە ڕەسەنەکە شکست دێنێ). (بکار،2001: 12)

ئەگەر دەقی ئەدەبی سستمێکی زمانی خاوەن تایبەتمەندی دیاریکراو بێت، ئەوا لە شیعردا، زمانەکە چڕتر دەبێتەوە لە لایەکەوە و تایبەتمەندییەکانیشی شاراوەتر دەبن لە لایەکی ترەوە.

سەرنجدانی جیهانی وەرگێڕانی ئەدەبی لەنێو کورددا دەبینین (وەرگێڕانی بابەتێکی فارسی بۆ کوردی چەند خۆش دێتە دەستەوە، کەچی عارەبی بۆ کوردی وا نییە، ئەگەرچی زیاتر بەسەر عەرەبیدا زاڵیش بین، ئەوا نزیکی نەریتی کورد و فارسە ئەو ئاسانکارییە دەکا، جگە لە خزمایەتیی نێوان ئەو دوو زمانە). (کاکە وەیس،2009: 160)

لەگەڵ ئەوەشدا زمانی عەرەبی ناوەندێکی فراوانی وەرگێڕانی بۆ کوردی دروستکردووە، ئەگەرچی زمانی کوردی و زمانی عەرەبی سەر بە دوو خێزانی زمانی جیاوازن و ئاینی ئیسلام و دراوسێتی و تێکەڵاوی نزیکیانی کردۆتەوە، هۆکارەکانی وەرگێڕانی زیاتر لە زمانی عەرەبییەوە بۆ زمانی کوردی بریتین لە:

1. هۆکاری ئاینی: لە ڕێگەی ئیسلامبوونی کورد، زمانی عەرەبی ڕۆڵێکی زیاتری بینی، تەنانەت بەشێک لە شاعیرە کلاسیکییە کوردەکان شیعریشیان بەم زمانە نووسیوە و زمانی عەرەبی بۆتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ بەرهەمەکانیان.

2. هۆکاری پەروەردەیی: خوێندن بە زمانی عەرەبی و بایەخدان بەم زمانە و خوێندنی لە پاڵ زمانی کوردیدا قورساییەکی دیاریکراوی دروستکردووە.

3. هۆکاری کۆمەڵایەتی: بەهۆی تێکەڵبوونی کورد لەگەڵ عەرەب لە چەندین ڕووی کۆمەڵایەتی و دروستبوونی پەیوەندی و پەڕینەوەی وشە و زاراوە و دەستەواژە... هتد، سەرباری ئاشنابوونی کورد بە کلتووری عەرەبی.

4. هۆکاری هونەری: لە ڕێگەی گۆرانی و مۆسیقا، کە پردێکی پتەوی ئاڵوگۆڕی ڕۆشنبیرییە.

5. هۆکاری دەروونی: ئەم هۆکارە دوو جەمسەری دژبەیەکن، جەمسەرێکیان لە ئاکامی نەبوونی متمانە بە خودی زمانی زگماک و پەسەندکردنی زیاتری زمانی عەرەبی و زاڵکردنی بەسەر زمانی کوردیدا، جەمسەرەکەی تریشیان پێچەوانەی جەمسەری یەکەم لە ئاکامی دەرخستنی توانا و ڕووبەڕووبوونەوە و جەختکردنەوە لە سەر ناسینی ئەوی دیکە سەریهەڵداوە.

6. هۆکاری ڕامیاری: بە هۆی بوونی کێشە و پێویستبوون بە چارەسەر لە ڕێگەی گفتوگۆ، گەلێک جار شەڕ و شۆڕیش، وەرگێرانی بابەتە ڕامیارییەکان بە مەبەستی ئاشکراکردنی بیرۆکە و پلان و ڕێڕەوی سیاسەتکردنیان بەرامبەر نەتەوەی کورد و کاردانەوەکانی کورد بەرامبەر ئەم سیاسەتە.

7. هۆکاری ئەدەبی: ئاشنابوون بە بەشێکی ژانرە نوییەکانی نێو ئەدەبیات بە گشتی، کە لە ڕێگەی زمانی عەرەبییەوە هاتوونەتە نێو زمانی کوردی، لە پاڵ ڕەوتە تازەکانی نێو شیعر.

هۆکاری تەندروستیش یەکێکە لەو هۆکارانەی بەشداری لە نزیکبوونەوەی زمانی کوردی و عەرەبیدا دەکات، بەوەی لیستی نێو داوودەرمان و چەندین بابەتی تر بە زمانی عەرەبییە، ئەگەرچی د. عیزەددین مستەفا ڕەسول پێیوایە (هیچ پێویست ناکا لە عەرەبییەوە شت وەربگێرین چونکە ڕۆشنبیریی کوردستانی عێراق عەرەبی دەزانێت و پێویستییان بەوەیە ئاگاداری بیری ڕۆژئاوا بکرێن). (نەبەز، 1972: 2)

هەر یەک لەمانە ڕۆڵی لە ئاڵوگۆری ڕۆشنبیریی نێوان ئەو دوو زمانە هەبووە، ئەگەرچی کورد زیاتر لە پێشوازی زمانی عەرەبیدا بووە، نەک پێچەوانەکەی، ئەگەر وەرگێران لە گشت بوارەکاندا ئەرکێکی قورس بێت بۆ وەرگێرەکە ئەوا بۆ شیعر چەندین جار قورسترە، چونکە شیعر ڕووداوێکە لە زماندا ڕوودەدات، ڕووداوێک کە لە زمانێکدا و بەهۆی وشەکانی ئەو زمانە بە باری مانایی تایبەت بە خۆیان، کە سەرچاوەی لە فەرهەنگی ئەو خەڵک و کۆمەڵگەیەدایە کە بەو زمانە دەدوێن، بە پێی یاسا و ڕێسا ڕێزمانییەکانی ئەو زمانە، کە سنووری گەمەکان دیاریدەکات، ڕوودەدات، کە هەرگیز ناتوانێت لە زمانێکی دیکەدا و بە وشەگەلی دی و لە چوارچێوەی یاسا و ڕێسای ڕێزمانی جیاوازدا دووبارە بکرێتەوە. (کەریمی،2006: 7)

بۆ نموونە لە کاتی وەرگێرانی شیعری (كل عام وأنت حبيبتي) کە کراوەتە (هەموو ساڵێک هەر تۆ خۆشەویستی منی)(*). لە برگەی (4)ەمدا هاتووە:

ولأنني أحبك          لەبەر ئەوەی خۆشم دەوێیت

أحمل تصريحاً خاصاً من الله      مۆڵەتی تایبەت خواوەندم هەڵگرتووە

| | |
|---|---|
| بالتجول بين ملايين النجوم | بۆ گەشتکردن بە ناو ملیۆنان ئەستێران |
| (دیوانی نزار قبانی ل 78 | (دیوانی نزار : ل 79) |

سیستەمی ڕێزمانی و پێکهاتەی کەرەستەکانی هەر زمانێک تایبەتمەندیی زمانەکەن و دەبێت بە پێی ئەو تایبەتمەندییانە دەقەکە دووبارە دابڕێژرێتەوە، لە کوردیدا کاتێک ئامرازی (ان)ی کۆکردنەوە دەچێتە سەر وشەیەک، وشەکە خستنەپاڵ بوو ئەوا یەکێکیان (ان)ەکە وەردەگرێت، ناشێت (ملیۆن ئەستێرە) هەردووکیان کۆبکرێنەوە و بووترێت (ملیۆنان ئەستێران)، خوێندنەوەیشی قورس و بێزارکەرە، هەروەها (تصریحاً خاصاً) دەبێتە (مۆڵەتێکی تایبەت). یا لە بڕگەی (5)دا هاتووە:

| | |
|---|---|
| لن نشتري هذا العيد شجرة | ئەم جەژنە درەخت ناکڕین |
| ستكونين أنت الشجرة | تۆ درەخت دەبیت و |
| وسأعلق عليك | منیش خۆزگە و نوێژەکانم پیاهەڵدەواسم |
| أمنياتي وصلواتي | لەگەڵ دوعا و چراوگەکانی فرمێسکم |
| وقناديل دموعي | |
| (دیوانی نزار :ل 78) | (دیوانی نزار :ل 79) |

لە کوردیدا ناوترێت (تۆ درەخت دەبیت) ئەمە وەرگێڕانێکی لاوازە، بەڵکو دەوترێت (تۆ دەبیە درەخت و)، خاڵێکی تری پەیوەست بەم کۆپلەیە (منیش خۆزگە و نوێژەکانم پیا هەڵدەواسم) دوو ڕیزی شیعرەکەی (نزار)ی کردۆتە یەک لە کاتێکدا لە شیعرەکەی (نزار) دا (پیا هەڵدەواسم) بۆ هەردوو ڕیزەکەی دواوەیەتی، کە وەرگێڕ هەم دوو دێڕەکەی کردۆتە یەک و هەمیش وشەی (لەگەڵ) و (نزا)ی بۆ زیاد کردووە، لە کاتێکدا ئەگەر (صلواتي) بەرانبەر بە (نزا) دانابێت، ئەوا وشەی (نوێژ) زیادە، ئەگەر (صلواتي) بەرانبەر بە(نوێژ) دانابێت، ئەوا (نزا)کە زیادە و پێویست ناکات، هەرچەندە (نوێژ) بریتییە لە نزا و پاڕانەوە بە مەبەستی بەدەستهێنانی ڕەزامەندی، شیاوتر دەبوو گەر بەو شێوەیە داڕشتبا:

ئەم جەژنە درەخت ناکڕین

تۆ دەبیتە درەخت و

منیش خۆزگە و نزاکانم و

چراوگەکانی فرمێسکمی

پیا هەڵدەواسم

یا هەندێک زاراوەو بابەتی سۆفیگەری وەکو خۆی داناوەتەوە :

| | |
|---|---|
| إلى أن وصلت لحال التجلي | تا گەیشتمە حاڵی تەجەللی و |
| وحال التماهي | تەماهی |
| وحال الحلول | حاڵی حلوڵ |
| وحال الفناء | حاڵی فەنا |
| وما زلت أجهل ما الفرق | کەچی تا ئێستاش نازانم جیاوازی چییە |
| ما بين رائحة الجسد الأنثوي | لەنێوان بۆنی لەشی مێینە و بۆنی کەستنا(ل155) |
| ورائحة الكستناء ص154 | |

(الكستناء) لە فەرهەنگی (المعجم الوسيط)دا هاتووە، کە لە ڕەگەزی بەڕووداپە، نیشاستەی زۆرە و بەرگێکی ئەسمەری تۆخی هەیە، لەسەر ئاگر دەبرژێت و دەبێتە مایەی بڵاوبوونەوەی بۆن و بەرامەیەکی خۆش، لە هەندێک شوێنی تر ڕێک بەرانبەر (شاهبلوط) شابەڕوو هاتووە. لە هەمان شیعردا هاتووە:

| | |
|---|---|
| دخلت مدرسة العشق | چوومە ناو فێرگەی عەشقەوە |
| خمسين عاما | بۆ پەنجا ساڵ |
| ومنها خرجت بخفي حنين | کەچی هەر بە دەست بەتاڵی هاتمەدەر |
| اخذت بدرس التصوف صفرا | لە وانەی تەسەوفدا سفرم وەرگرت |
| ودرس التقشف صفرا | لەوانەی تەقەشوفیش سفر |
| ودرس الغرام الرومنسي صفرا (ص156) | لەوانەی ئەوینی ڕۆمانیش هەر سفر (ل157) |

(خفی حنین) کە لە نێو ڕۆشنبیری عەرەبیدا بۆتە پەندێکی باو و بڵاو، دەوترێت (رجع بخفی حنین) یا (لقد عاد بخفی حنین)، (حنین) ناوی ئەو کەسەیە کە پێڵاوی دروستکردووە، ئەم پەندە بەو مەبەستە دێت، کاتێک کەسێک لە بەدیهێنانی کارێکی دیاریکراو شکستدەهێنێت، یان کەسێک خۆی لە پێناو سەروەت و سامانەکەی ماندوونەکات، لێیوندەبێت، بە شێوەیەکی خوازەیی بە گەڕانەوە بە نائومێدی دێت، بۆیە وەرگێڕانی بە (دەستبەتاڵی) لایەنە خوازەییەکەی پەندەکەیە و دەبوو وەرگێڕ لە پەراوێزدا

بەسەرهاتی (حنین) بگێڕێتەوە، چونکە ئەگەر وەرگر وەرگر پاشخانێکی ڕۆشنبیری باشی نەبێت وا دەزانێت وەرگێڕانی (خفی حنین) بە واتای دەستبەتاڵی دێت، کە ڕاستەوخۆ ئەم واتایە ناگەیەنێت، هەروەها (التقشف)ی وەکو خۆی هێناوەتەوە (الغرام الرومانسی) کردۆتە (ئەوینی رۆمانش) دەکرێت هەڵەی چاپ بێت، ئەگەر (کاری وەرگێڕان بە دەستی کەسانێک ئەنجامبدرێت، کە بە ڕووحی زمانی کوردی ئاشنا بن، دەستەواژە و ڕستەی ناکوردی ناساز و نامەفهوم لە خۆوە و بە دوور لە هەر میتۆدێکی زانستانە دروستنەکەن، ئەوا کارێکی زۆر بەسوود دەبێت)، (عارف،2010: 121) چونکە ئەرکی وەرگێڕ خوڵقاندنی دەقێکە بە تەواوی کوردی بێت. لە بڕگەیەکی دیکەدا هاتووە:

واجعل نهدک... قطعة جوهر — مەمکت دەکەمە پارچەیەک گەوهەر

وبالوهم ازرع شعرک دفلی — بە وەهم دەڕوێنم ژاڵە و

وقمحا..ولوزا..وغابات زعتر (ص70) — گەنم و بادەم و باغی زەعتەر... ل ٧١.

وەرگێڕ وشەی (شعرک) بەبێ هۆکارێکی دیاریکراو لایبردووە، (غابات زعتر) بە (باخی زەعتەر) وەرگێڕاوە، لە کاتێکدا (باخ) بۆ داری بەرهەمداری وەکو میوەجات بەکاردەهێندرێت، نەک بۆ زەعتەر، چونکە زەعتەر بەرانبەرەکەی لە کوردیدا هەیە (جاترە)یە، و (غابە) لە کوردیدا (دارستان) و جاترەش گیایەکی بۆن خۆشی خۆڕسکە، بۆ هەندێک خواردنی کوردەواری بەکاردێت ئێستا چێندراویشی هەیە، ئەمانە خەوش و کەموکوڕی لە وەرگێڕانەکەدا دروستدەکەن، لە شیعری (رسالە من تحت الماء)دا کۆمەڵێک دێر بوونەتە مایەی سەرنج و تێرامان وەک لە کۆپلەی یەکەمی شیعرەکە لای دوو وەرگێڕ هاتووە، یەکەمیان (دیاری عەلی) و دووەمیان (ئازاد بەرزنجی)یە بەم شێوەیە:

ان کنت صدیقي

ساعدني، کي أرحل عنک

أو کنت حبیبي

ساعدني کي اشفي منک

لو اني أعرف

ان الحب خطیر جدا_ما احببت

لو اني اعرف

ان البحر عمیق جدا، ما أبحرت

لو اني أعرف خاتمتي

ما كنت بدأت (قبانی،2001: 319)

ئەگەر تۆ خۆشەویستمی
یارمەتیم بە تا لێت دوورکەومەوە
یاخو ئەگەر پزیشکمی یارمەتیم بە
تاوەکو لێت چاک ببمەوە
گەر دەمزانی خۆشەویستی
ئەوەندە زۆر ترسناکە خۆشەویستیم نەدەکرد
گەر دەمزانی کەوا دەریا
زور زور قولە گەشتم تیایدا نەدەکرد
گەر کۆتاییم دەزانی
ئەوا دەستم پێنەدەکرد...(43)

ئەگەر بەڕاستی هارِیمی
یارمەتیم بە
بتوانم دوورکەومەوە لێت
یاخود ئەگەر خۆشەویستمی
یارمەتیم بە
چاک ببمەوە لە عەشقی پڕ ژان و بە سوێت
گەر دەمزانی عەشق هێند مەترسیدارە
قەت خۆشەویستیم نەدەکرد
گەر دەمزانی دەریاکەش ئەمەندە قوڵ و شەپۆڵدارە
قەت دەریاوانیم نەئەکرد
گەر کۆتایی خۆم دەزانی
هەرگیز دەستم پێ نەئەکرد (قبانی،2017: 44_45)

ئاراستەی شیعرەکە، جارێک بە (خۆشەویستمی) و جارێکی تر بە (هاوڕێمی) وەرگێڕدراوە، ئاساییە چونکە لە دەقە عەرەبییەکانیش هەردووکیان بەدیدەکرێن. (بە ڕاستی) لە وەرگێڕانەکەی (ئازاد بەرزنجی) زیادە، چونکە (ان كنت) بە واتای (ئەگەر تۆ) دێت و هیچ وشەیەکی تێدا نییە کە دەلالەتی (بە ڕاستی) تێدا بێت، (ان) ئامرازی مەرجە، هەروەها (ساعدني كي اشفى منك)ی کردۆتە (چاک بمەوە لە عیشقی پڕ ژان و بە سوێت) تەنیا وشەی یەکەمی نەبێت، ئەوانی تر زیادەی وەرگێڕە، هەروەها (ما) بۆ (نفی) بەکاردەهێندرێت، واتا ئەنجامنەدانی کارەکە، کە لێرەدا ئەنجامنەدانی خۆشەویستییە، بۆیە (ما) بەرانبەر (قەت) کە لە عەرەبیشدا (قط) (ظرف زمان)ە بۆ (أبديه بمعنى مطلقا) دێت بۆ بەکارهێنانی (قەت)ەکانی تریش بە هەمان شێوە، کە (هەرگیز)یش بە واتای (قەت) دێت، لە شوێنی خۆیدا بەکارنەهاتووە، کە دەبێتە ئاوەڵکاری کات.

لە کۆپلەی دووەمدا دەڵێت:

اشتقت اليک فعلمنى

ان لا أشتاق

علمنى

كيف أقص جذور هواک من الأعماق

علمنى

كيف تموت الدمعه فى الأحداق

علمنى-كيف يموت القلب

وتنتحر الأشواق......... الأعمال الكاملة، ص٣١٩

لە وەرگێڕانە كوردییەكەدا هاتووە:

پەرۆش بووم فێرم بكەی

پەرۆش نەبم

زۆر بە پەرۆشم بۆ دیدارت

فێرم بكە

ئیتر هەرگیز بیرت نەكەم

فێرم بكە

چۆن ڕەگ و ڕیشەت لە ناخما

بنبڕ بكەم

فێرم بكە با بزانم

فرمێسك چۆن

لە گلێنەی چاوا ئەمرێ

فێرم بكە كە چۆن فرمێسك دەمرێ لەناو

چاوەكانا

فێرم بكە چۆن خۆشەویستی دەمرێ و

حەزەكان خۆیان دەكوژن (دیوانی نزار، ل ٤٣)

فێرم کە چۆن

دڵ سارد و سڕ ئەبێتەوە

پەرۆشی و حەز بۆ دیدارت

لەسەر دەستی خۆی ئەکوژرێ (کاتێ کە من،. ل٤٥)

لە نێوان ئەم دوو وەرگێڕانەدا جیاوازی بەدی دەکرێت، کە دەگەڕێتەوە بۆ ئاست و دید و چێژوەرگرتنی هەریەک لە وەرگێڕەکان لەم دەقە و دووبارە داڕشتنەوەیان. لە ڕیزی یەکەمی وەرگێڕانەکەی (ئازاد بەرزنجی) وشەی (زۆر) زیادکراوە، (ان لا أشتاق)، (ان) بە واتای (هیچی تر) دێت، یا لەمەولا دەست بکەم بە بیرنەکردنت، واتە داهاتوویە، لە ڕستەی (فێرم بکە با بزانم)، (بابزانم) زیادەیە، (دڵ ساردوسڕ ئەبێتەوە) لەبری (دڵ چۆن دەمرێ) لە کوردیدا ناوترێت (دڵی سارد و سڕ) بەڵکو دەوترێت (دڵی مردووە) (تنتحر) خۆی کوشتنە، دوو وشەی (پەرۆشی و حەز) لە بری یەک وشە (الاشواق) بەکارهاتوون، ئەمەش دەبێتە (حەشو)، هەروەها (بۆ دیدارت )زیادە، لەم کۆپلەیەدا وەرگێڕانەکەی (دیاری عەلی) گونجاوترە و چەندین دێڕی تری وەک:

_ان كنت نبيا ص 319 — پێم بڵێ... ئەگەر پەیامبەری ل٤٦

_فانا لا اعرف فن العوم ص٣١٩ — چونکە نازانم مەلەکەم ل ٤٦

ڕستەیەکی زۆر ئاساییە و شیعرییەتی تێدا بەدی ناکرێت، چونکە جوانییەکەی لە بوونی هونەرەکەدایە.

_ يجرجرني- نحو الاعمق ص٣٢٠ — بەرەو قوڵایی دەریاکەم ئەبا ل٤٦

لە کاتێکدا (يجرجرني)، ڕاکێشانە نەک بردن دوو کرداری جیاوازن.

| | |
|---|---|
| أخاف ان أقول للتى أحبها | من ئەترسم بەرامبەر تۆ |
| أحبها | عەشقم گوزارشت لە خۆی کا |
| فالخمر فى جرارها | چونکە شەراب وەختێ ڕژایە جامەوە |
| تخسر شيئا | بەرامەی خۆی لەدەست ئەدا ل٣٩ |

عندما نصبها ص ٢٦٧

وەرگێڕ ئاراستەیەکی ناڕاستەوخۆی کردووتە ڕاستەوخۆ، بە واتای (ئەو)ی کردۆتە (تۆ)، بەم کارەی بڕێکی زۆری جوانیی شیعرەکەی لەدەستداوە، زیادکردنی (من) دیسان لە بەرژەوەندیی وەرگێڕانەکەدا نییە، دەکرا بیوتایە:

دەترسم بەوەی خۆشم دەوێیت بڵێم

خۆشم دەوێیت

_ صباح الخير يا قديستي الحلوة ص٢٥٥ بەیانیت باش ئەی قەدیسە نازدارەکەم ل١٠٨

(قدیس)ی وەکو خۆی داناوەتەوە. یا: لەسەر ئیسکی کبریائم ڕاوەستاوە... ل108 (کبرياء) بە هەمان شێوە وەکو خۆی داناوەتەوە، یا: (يا مال الشام يا مالی) ل109،یا: (يا طيره طيری يا حمامه)109،یا: کە لە بەیتولمالدا هەن ل122، کە یەکەمیان پێشەکیی گۆرانییەکی بەناوبانگە لە (قدود حلبيه) لە شیعری (عمر الحلبی)یە و لەسەر مەقامی (راست) (أبو خليل القبانی)ئاوازی بۆ داناوە و لە سالی (1972) وتراوە، چەندین کەسی وەک: صباح فخری، ودیع الصافی وتوویانەتەوە. دووەمیشیان لە لایەن (ابو خليل القباني) نووسراوە و ئاوازی بۆ دانراوە، هەرچەندە لە هەندێک شوێندا تەنیا ئاوازەکەی دەخەنە پاڵی و شیعرەکە بۆ فۆلکلۆر دەگەڕێننەوە. دەبوو وەرگێڕ لە پەراوێزدا بە وردی ڕونیبکاتەوە. لە وەرگێڕانی شیعرێکی (ئەدۆنیس (** –١٩٣٠)یشدا هاتووە:

| | |
|---|---|
| هو ذا انا | ئەوە منم |
| أخرج و فی سلالتی كعطر ورده | وەک گوڵێک لە گیانەڵا دابێت |
| تكاد أن تموت | لە زنجیرەی باب و باپیرانم دەردەچم |
| أتموج و أتعدد | شەپۆڵ دەدەم و دەژمێردرێم |
| أشبه بالنحل وأصنع شهدی الخاص | لە هەنگ دەچم و هەنگوینی تایبەتیم دروست دەکەم |
| وهاهی الحياة باردهة و اقل | ئەوەیش ژیان سارد و کەمترە لەوەی |
| من أن تكون جرحا | |
| لا أری غير الات تتزاحم | |
| (أدونيس،1996: 536 ) | کە برینێک بێت چ نابینم ئامێر نەبێت ئاپورە دەکەن |

(چیایی،2005: 10)

بەرانبەر (سلاله) لە زمانی کوردیدا (ڕەچەڵەک) هەیە، چ پێویست دەکات ڕستەیەکی لاوازی بۆ بەکاربهێندرێت، (وەک گوڵێک) نییە، بەڵکو (وەک بۆنی گوڵێک) کە دوو شتی جیاوازن و پێناسەی گوڵ لە بۆنەکەیدایە، کاتێک سیس دەبێت بۆنەکەی کەم یان هەر نامێنێت...

(گیانەڵا) مردن نییە، هەروەها (تکاد) دەبێتە هێندەی نەماوە بمرێت، لە هەندێک دێڕ وەرگێڕانی وشە بە وشە ئەنجامدراوە و لە هەندێکی تر لە سەرچاوەی دەقە ڕەسەنەکەی دوورخراوەتەوە و سنووری ڕستە شیعرییەکان تێکەڵکراون.

_ أخرج من سلالتي ص٥٣٧ لە زنجیرەی باب و باپیرانم دەردەچم ل١٠

_ لاأريد أن أستمسك ص٥٣٧ نامەوێ بگیردرێم ل١٠

کورد ناڵێت (بگیردرێم) بەڵکو دەڵێت (بگیرێم) یان (دەستگیر بکرێم) هەرچەندە لە وەرگێڕانی شیعردا وەرگێڕ ناتوانێت تەواو پابەندی دێڕە شیعرەکان بێت، گەر خۆیشی شاعیر نەبێت، یان چێژێکی شیعری بەرز و ڕۆشنبیرییەکی شیعریشی نەبێت. زەحمەتە بتوانێت ئەو شیعریەت و ئەو ڕۆحە شیعرییە بخولقێنێتەوە کە لە دەقە ڕەسەنەکەدا هەیە، هەر بۆیە ئاماژە بە وەرنەگیرانی شیعر دەکرێت، لە کاتێکدا (گرنگترین شت لە وەرگێڕانی شیعر بۆ سەر زمانێکی تر پاراستنی ڕۆحی شیعری و وێنە و گەر کرا تەکنیکە شیعرییەکانی تریشە، لە دونیاشدا تەرجەمەی جوانی شیعریش زۆرن و تەرجەمەکردنی شیعر مەحال نییە)، (بەرزنجی، 2012: 99) لە شیعری (ضوء الشمعة)ی ئەدۆنیس کە شیعرێکی دوور و درێژە و بەپێی (أبجد هوز حطي كلمن) داڕێژراوە، لەبری ئەمە وەرگێر تەنیا ئەستێرەی بۆ داناوە، کە دەبێتە مایەی شێواندن، چونکە شاعیر کە شیعرەکەی بەم شێوەیە داڕشتووە، ئامانجێکی هەبووە، ئەمە لە لایەک. لە لایەکی ترەوە، هیچ هۆکارێک نییە بۆ لابردنی و (د)یشی کردۆتە دوو بەش لە کاتێکدا یەک کۆپلەیە. لە کۆپلەی (و)دا ئەدۆنیس دەڵێت:

الحلم شاطئو خەون کەناری ناخودایەکە

لسفينه ترسو ناکەوێتە ڕێ

مع ذلك أنتمى الى الحلم 197ص لەگەڵ ئەوەشدا من سەر بە خەونم... ل13

وەرگێڕانێکی وشە بە وشەیە، بۆیە هەست بە بێهێزیی دەقەکە دەکرێت، زیادکردن و کەمکردنیش ئەگەر لە حاڵەتی زۆر پێویست و لە خزمەت دەقەکە لە زمانی مەبەست نەبوو، کاریگەرییەکی پێچەوانەی دروستدەکات. (محەمەدی قازی) دەڵێت: (ئەگەر ڕستەیەک نووسرابوو (ئەم خانووە بەرزە، بەڵام

وەرگێڕ کە وەریدەگێڕێت بۆ (ئەو خانووە زۆر بەرزە)، ئەوە بەخیانەت و ئەمانەت نەپارێزی دادەندرێت). (عەلی،2015: 80)

_ لایعرف الفشل ص١٩٨ تێشکان نازانێت ل١٤

یەکێک لەو خاڵانەی پاڵپشتیی وەرگێڕانی شیعر لە عەرەبییەوە بۆ کوردی دەکات، ئەوەیە کە (باشترین وەرگێڕان ئەوەیە زۆر لە دەقەکەوە نزیکبێت و یەکسەر لە زمانی زگماکەوە کرابێت... تا بەرهەمەکە زیاتر ئەم زمان و ئەو زمانی پێ بکرێت پتر دەشێوێت و نرخی ئەدەبی دەدۆڕێنێت، تا لە ئاکامدا وای لێ دێ ناناسرێتەوە). (گەردی،1978: 85)

شیعری (لحن غجری) (مەحمود دەرویش) (1941–2008) بە پێی هاوتاسازیی نێوان هەردوو دەقەکە لە زمانی ڕەسەن و زمانی ئامانجدا دەخەینەڕوو، بە ئامانجی دەستنیشانکردنی جیاوازییەکان.

شارع واضح شەقامێکی ڕوون و

وبنت کچێک

خرجت تشعل القمر هاتەدەرێ مانگ و

وبلاد بعیده .......................

وبلاد بلا أثر(أمین،2008: 201) وڵاتە بێ پاشماوەکان بسووتێنێ (چیایی،2005: 37)

وەرگێڕ (تشعل)ی بە واتای (بسوتێنێ)بەکارهێناوە، لە کاتێکدا (تشعل) بە واتای (پێکردن)یش دێت، هەروەها (بلاد بعیدة)ی فەرامۆشکردووە، (أثر) بە واتای (نیشانە)ش دێت. جوانی و بەرزیی ئەم شیعرەی مەحمود دەرویش لە کۆتاییەکەیدایە، کە هەموو قورساییەکەشی دەکەوێتە سەر کاتێک دەڵێت:

واقتربنا من النهر لە ڕوبار نزیک بووینەوە

انتهت رحلة الغجر گەشتی قەرەجان تەواو بوو

وتعبنا من السفر ص٢٠٢ ماندووبوین لە سەفەر ل٣٨.

مەبەست هەبوونی دەوڵەت و جێگیربوون و نەمانی ئاوارەییە، ئەو واتایەی کە لە عەرەبییەکەدا بەدیدەکرێت، لە کوردییەکەدا ونبووە، بە تایبەتی کە لە دەقە ڕەسەنەکەدا کۆتاییەکانی پیتی (ر)ە، ڕیتم و مۆسیقایەکی جوانی پێ بەخشیوە و شیعریەتی پێداوە، بەڵام ونبوونی شیعریەتەکەی لە کوردییەکەدا بۆ

ئەوە دەگەڕێتەوە کە ڕوخسار لە کاتی وەرگێڕاندا زۆرترین زیانی بەردەکەوێت، تەنانەت ناتوانرێت بە قافیەیەکی دیاریکراوەوە ببەسترێتەوە.

شیعری (الطلاسم)ی ایلیا ابو ماضی (1889_1957)، کە ئەزموونی دەروونێکی پڕ لە ترسە، گومان لە هەموو شتێک دەکات و ناگاتە هیچ شتێک، قۆناغێکی گومان تێپەڕدەکات تا بگاتە قۆناغێکی تر، تا لەگەڵ کۆتاییەکەی، قۆناغێکی گومانی نوێ دەستپێبکات، بەمشێوەیە بەردەوام دەبێت، تا لە کۆتاییدا حاڵەتێکی پێویست بەرجەستەدەکات، لە ئاکامی نەزانینی حەقیقەتی کاروبار و شتەکان (محمود، 2005: 352)

سەرسامبوونی دڵدار(1918_1948) بە (ئیلیا أبو ماضی) کە (پێشەنگی شاعیرانی تاراوگەیە و شیعرەکانی هەڵگری سیما هزرییەکانە کە بە سەر زۆربەی ئەزموونی شاعیردا زاڵە، لە دیاردەکانی سروشت و بوونەوەرە زیندووەکان، هاوکێشەی بابەتیی دروستکردووە، تێیدا تێڕوانینە هزری و هەڵوێستە دەروونییەکانی بەرامبەر بە ژیان و مرۆڤ بەرجەستەکردووە )، (حسین،2007: 110) کە هەڵگری بیری وردی فەلسەفی و ڕامانیی قووڵن و کاریگەرییەکی زۆری نەک تەنیا بەسەر شیعری عەرەبییەوە هەیە، بەڵکو ڕەنگدانەوەی هزر و دەربڕینە جوانیناسییەکانی لە نێو شیعری کوردیشدا مایەی سەرنجە، ئەمە پاڵی بە (دڵدار )*** ناوی شیعری (الطلاسم) (أبو ماضی،2004: 156)، و (البحر) (أبو ماضی،2004: 157)، (زەریا) کە 21 کۆپلەیە وەربگێرێت و لە نێوان کۆپلەکاندا هەمان دەستەواژەی (لست أدری) هەیە بە هەمان شێوەی شیعری (الطلاسم) و (الطلاسم) یشی وەک خۆی داناوەتەوە، بەبێ وەرگێران و تەنیا یەک کۆپلەی (الدیر) (أبوماضی،2004: 161_164) بە (کلیسا) لە کۆی (9) کۆپلە وەرگێراوە، ئینجا (دڵدار) لەبەرچی تەنیا ئەم کۆپلەیەی وەرگێراوە، یا هەمووی وەرگێراوە و ونبووە، نازانرێت. د. مارف خەزنەدار دەڵێت: دڵدار ئەم شیعرەی بە پەخشان گۆڕیوەتە سەر زمانی کوردی، بەڵام بێتام و بۆیە و هەر لە ئوسلوبی دڵدار ناکا. (خەزنەدار،2007)

شێوازی پرسیاری لەم شیعرەدا بەکارهێناوە، (150) (کاری ڕانەبردوو)ی بە داهاتوویەکی تاریک داپۆشیووە، لە پاڵ (14) (پرسیاری ناڕاستەوخۆ)ی وەک: قل، تکلم، اخبرنی، اسال... (محمود،2005: 355)، لە بەرانبەردا خوێنەری عەرەبیش پێویستی بە پێناسەی ناو و شوێن و دیاردە و ڕووداوی تایبەت و پەیوەست بە ڕۆشنبیریی کوردی هەیە، هەموو ئەمانە لە نێو شیعردا پێویستییان بە ناساندن لە پەراوێزدا هەیە، بە مەبەستی گەیاندنی کرۆکی چەمک و بابەتی شیعرەکان، کە زۆرجار لە هەندێک بەرهەمی وەرگێڕدراودا بەدیناکرێن****.

ئەم حاڵەتە یان کۆسپ دروستدەکات یان وەرگر بە ڕێگای تایبەتی خۆیەوە دەیاندۆزێتەوە. وەک: (مەم و زین، بیستون، سەیوان، فەرهاد، لاوک، ئەحمەدی خانی، هەندرێن...هتد).

هەوالنامەی کتێب

## ئەنجامەکان

پەیوەندییەکی بەتین زمانی کوردی و عەرەبی بە یەکەوە دەبەستێتەوە، لە ئاکامی کۆمەڵێک هۆکار لە سەرووی هەموویانەوە هۆکاری ئاینی، ئەمە وایکردووە وەرگێڕانیش لە نێوان ئەم دوو زمانە پتەوتر بێت بە بەراورد بە زمانەکانی تر، گرنگترین ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە بریتین لە:

_وەرگێڕانی شیعر پێویستییەکی جوانیناسییە و توانای وەرگێڕ لە گواستنەوەی بڕی شیعریەتەکە دیاریدەکات، هەر لادانێک لە شیعریەتەکە لادانە لە خودی وەرگێڕانەکە، تەنانەت هەندێک داهێنانیش کە وەرگێڕی شاعیر ئەنجامیبدات بە زیان بە دەقە وەرگێڕدراوەکە دەشکێتەوە، واتا بەرانبەری و هاوتابوونی دەق پەسەندترینی وەرگێڕانەکانە.

_کەرەستە و پێکهاتە مەعریفییەکانی نێو شیعر لە کاتی وەرگێڕاندا پێویستییان بە پەراوێز و ڕوونکردنەوەی تەواو هەیە، بە مەبەستی دەرخستنی جیاوازیی ڕۆشنبیری و زمانیی هەردوو زمانەکە، وەک: ناوی شوێن و کەسایەتییە تایبەتییەکان و پەند و ئیدیۆم و دەربڕینە کۆمەڵایەتی و کلتووری و پەیوەست بە دابونەریت و بیرکردنەوەی نەتەوە و بیروباوەڕەکانیان.

_ زۆربەی ئەو گرفتانەی لە نێو وەرگێڕانەکاندا بەدیدەکرێت لە ئاکامی ڕەچاونەکردنی ئەم خاڵانەیە:

1_بەکارهێنانی پێشگر و پاشگر و چۆنیەتیی گۆڕینی وشە و واتاکانیان.

2_ناو و جیاکردنەوەی لە بابەتی تر.

3_چۆنیەتی بەکارهێنانی (کار) و شوێنی بەکارهێنانیان بە پێی سیاقی ڕستە شیعرییەکان.

4_بیروباوەڕە تایبەتییەکانی نێو زمانی سەرچاوە و هاوتاکردن و بەرانبەرکردنیان لە زمانی ئامانجدا.

5_ڕەچاوکردنی پێش و پاشخستنی وشەکان و چۆنیەتیی ڕیزکردنیان.

6_ بوونی نێر و مێ و ڕەچاوکردنیان.

7_ئامرازەکان و ڕۆڵیان لە ڕۆنانی ڕستە شیعرییەکاندا. ئەمە و جگە لە خاڵبەندی و چۆنیەتیی مامەڵەکردن و گواستنەوەیان بۆ شوێنی گونجاو لە زمانی ئامانجدا.

_ خوێندنەوەی بابەتە ڕەخنەییەکانی پەیوەست بە پرۆژەی وەرگێرانەکە هەنگاوەکانی سەرکەوتنی وەرگێرانەکە ڕادەگەیەنێت و یارمەتی دارشتنەوەی دەقەکە دەدات و پارێزگاری لە گواستنەوەی کۆی بەهای جوانیناسی و شیعریەت دەکات.

_زۆربەی وەرگێرەکانی شیعر لە کوردیدا شاعیرن، ئەمەش کاریگەریی لە سەر جۆر و چۆنیەتیی وەرگێرانەکان کردووە، هەرچەندە بێ کەموکورتی نین. چونکە دەقی شیعری لە ڕەگەزی واتایی و شێوازگەریی پێکدێت، شاعیر تێگەیشتنی تەواوی بۆ ئەم کەرەستانە هەیە.

## پەراوێزەکان

* بڕوانە: دیوانی نزار قبانی، شاعیری گەورەی عەرەب (عەرەبی_کوردی)، وەرگێرانی: دیاری عەلی، چ2، چاپەمەنی چوار چرا، سلێمانی، ل72_73.

** ئەدۆنیس ناوی (علی احمد سعید)ە و بە ڕەچەڵەک سوورییە و لە ساڵی 1986 ەوە لە فەرەنسا دەژیت.

*** بۆ نموونە بڕوانە: 1_شێرکو بێکەس، انت سحابة فامطرک، مختارات شعرية، ترجمة و تقديم: دانا احمد مصطفى، السليمانية،2004.

2_کمال حسين غمبار، قصائد کردية مترجمة و مقالات نقدية، مطبعة الحاج هاشم، ط1، اربيل،2011.

## سەرچاوەکان

– برهون، د. رشيد (2002)، الترجمه ورهانات العولمة والمثاقفة، مجله عالم الفكر، الكويت، ع١، المجلد ٣١، سبتمبر.

– احمد، محمود سيد(1993)، الهرمنيوطيقا عند جادامر، دار الثقافة، مصر.

– عەبدوڵلا، عەبدولموتەلیب،نابێت وەرگێر لە پێناو بە پیرۆز و بەرز ڕاگرتنی زمانی خۆی، زمانی ئۆرگیناڵ لەکەدار بکات، سازدانی: شۆرش غەفووری، ئینتەرنێت، سایتی دەنگەکان.

– ک. سورينيان، س. كلورين، فل. روسيلس (1979)،فن الترجمة، ترجمة: د. حياة شرارة، دار الحريه للطباعة، بغداد.

– بقنه، د. شريف (2015)،تسلق قمة جبل الجليد (شهادة فى الترجمة الشعرية)، جريدة عكاظ، العدد4978، الاثنين،2 فبراير.

– بنيس، محمد (1994)،كتابه المحو، دار توبقال للنشر، ط1، الدار البيضاء.

هەواڵنامەی کتێب

– حسين القزاز، محمد عبد على (2013) الترجمهة لغة العصر وابداع الفكر، مجلة جامعة الكوفة، العدد الحادى و الثلاثون.

– عبود، د. عبده (1995)،هجرة النصوص-دراسات فى الترجمة الادبية و التبادل الثقافى، منشورات اتحاد دار الكتاب العرب.

– نيومارک، بيتر (1986)، اتجاهات فى الترجمة، ترجمه د. محمود اسماعيل صينى، دار المريخ للنشر، المملكه العربيه السعودية.

– نيدا، اوجين البيرت (؟)، نحو علم الترجمه،ترجمه ماجد النجار، مطبوعات وزاره الاعلام، العراق.

– حسن، محمد عبدالغنى (1986)، فن الترجمه فى الادب العربى، دار و مطابع المستقبل، القاهره.

– بودوخه، د. مسعود (2010)، الاسلوبيه و خصائص اللغه الشعريه، عالم الكتب الحديث للنشر و التوزيع، اربد، الاردن.

– كوهن، جون(2000)، النظريه الشعريه، ترجمه احمد درويش، دار غريب، القاهره.

– فاطمة الطبال، بركه(1993)، النظريه الالسنيه عند رومان جاكوبسن، المؤسسه الجامعيه للدراسات و النشر والتوزيع، ط١، بيروت.

– ريفاتير، ميشال (1999)، معايير التحليل الاسلوبى، ترجمه، حميد الحمدانى، منشورات سال، الدار البيضاء، المغرب، مقدمه المترجم.

– مجاور (تاپۆ)، ڕەزا کەریم(2014)، بنەماکانی وەرگێڕان، چاپخانەی موکریانی، چ١، هەولێر.

– العرب، د. محمود (2006)، اشكاليات ترجمه معانى القرآن الكريم (اللغه والمعنى)، نهضه مصر، ط1، القاهره.

– كحيل، د. سعيده (؟)،نظريات الترجمه-بحث فى الماهية والممارسة.

– عارف، حەمەکەریم(2010)، خیانەتی حەڵاڵ-چەند پەیڤێک دەربارەی وەرگێڕان و وەرگێڕ، چ١، چاپخانەی سایە، سلێمانی.

ـ بەرزنجی، ئازاد (2012)، وەرگێڕان لە گفتوگۆدا، وتووێژ سەبارەت بە وەرگێڕان و هەندێ مەسەلەی دی، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

– حەسەن، حەمە سەعید، لەبارەی هونەری وەرگێڕانەوە، سایتی دەنگەکان، www.dengekan.com.

– افشار، مهدی (2012)،سی سال وەرگێڕان،لە فارسیەوە: ک. ج. هەڵودەدا، گۆڤاری ڕامان،ژ(177) .

– بکار، د.یوسف (2001)، الترجمە الادبیە،اشکالات و مزالق،المؤسسة العربیة للدراسات و النشر.

– حیکمەتی، کەریم (2010)،بایەخی وەرگێڕان،گۆڤاری ڕامان،ژ(161).

– کاکە وەیس، حەکیم (2009)وەرگێڕان،یان وەگەڕاندن؟،گۆڤاری ڕامان، ژ(140).

– نەبەز، جەمال (1972)،وەگێڕان هونەرە،چ2،بەشی کوردی،کۆلیجی ئادابی زانستگەی بەغدا،د.عیزەدین مستەفا ڕەسول پێشەکیەکەی بۆ نووسیوە، بەڵام وەرگێڕان بۆ خوێنەر ئەنجام دەدرێت،نەک بۆ ڕۆشنبیر و زمانزانان،هەرچەندە ئەوانیش بە جۆرێک لە جۆرەکان سوود لە وەرگێڕان دەبینن.

– کەریمی، کامبیز (2006)،چوارەدە سەرۆک کۆماری شیعر(هەڵبژاردەیەک لە شیعری شاعیرانی سەدەی بیستەم)،دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس،هەولێر،لە پێشەکیەکە وەرگیراوە کە (عەتا نەهایی) نوسیویەتی.

– قبانی، نزار (2001)،الأعمال الکاملە، منشورات نزار قبانی، ط 15،بیروت_باریس.

– قەبانی،ک نزار (2017)، کاتێ کە من تۆم خۆش ئەوێ (هەڵبژاردەیەکی شیعریی)، وەرگێڕانی: ئازاد بەرزنجی، چ1، ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە،سلێمانی.

– أدونیس (1996)،الأعمال الشعریە الکاملە_3_مفرد بصیغە الجمع و قصائد اخری، دار المدی، دمشق.

– چیایی، عیسا (2005)،(هەڵبژاردن و وەرگێڕان)، لە ژێر ئاسمانی شیعردا، چ1، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

– عەلی، مستەفا سەعید (2015)، بەبێ وەرگێڕان جیهان مێژوویەکی نییە، گۆڤاری ڕامان، ژمارە(216).

– گەردی، عەزیز(1978)، ئەدەبی بەراوردکاری، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد.

– أمین، سامر محیی الدین (2008)، روائع من قصائد محمود درویش(حیاتە، شعرە)ط1، دار کنوز المعرفە للنشر و التوزیع، عمان.

هەواڵنامەی کتێب

- محمود، د. عبد الباسط (2005)، دراسه فی لغه الشعر عند ایلیا ابو ماضی، دار طیبه للنشر و التوزیع،القاهره.

_ حسین،- د. مسلم حسب (2007)،جمالیات النص الادبی_دراسات فی البنیه و الدلاله، ط1، دار السیاب، لندن.

- أبو ماضی، ایلیا (2004)،الاعمال الشعریه الکامله، دار العوده، بیروت.

- خەزنەدار، د. مارف(2007)، مێژووی ئەدەبی کوری، بەرگی چوارەم.

- د. عبدالباسط محمود، دراسه فی لغه الشعر، ص355

## ملخص البحث

تأثرت اللغة و الأدب والثقافة الكوردية باللغة و الأدب والثقافة العربية، و خير دليل على ذلك حركة الترجمة الأدبية بشكل عام و ترجمة الشعر بشكل خاص من العربية و اليها، و تعد الترجمة نشاط ثقافي، لأن الترجمة ليست مجرد عملية لغوية بل نقل لكل الأبعاد و القيم الموجودة في النص و ان المترجم يخلق خلال نقله للنص من اللغة المصدر الى اللغة الهدف، لغة ثالثة لا يشبه أي من اللغتين، فالمترجم قد يكون قادرا على أن يترجم الشعر في اللغة المصدر (العربية)الى نص شعري بكل معنى الكلمة (خاصة اذا كان المترجم شاعرا) في اللغة الهدف (الكردية)، ولكن ليست بجمال الشعرية المحيطة بالشعر في اللغة المصدر، لأن نقل الصورة الشعرية و الاسلوب بالذات أمر صعب، و ان اللغتين ليستا من عائلة لغوية واحدة، بل ينتسبان الى عائلتين لغويتين مختلفتين، اللغة العربية لغة حركية على عكس اللغة الكردية، الى جانب وجود التذكير و التأنيث و كثرة المرادفات، و عند صياغتها في اللغة الاخرى، لا يمكن نقل كل القيم الجمالية و الشعرية، حتى لو ترجمت النص الشعري أحسن من الأصل، لذلك خصصنا البحث ل(ترجمة الشعر بين الابداع و النقد _دراسة نقدية لبعض ترجمات شعرية من العربية الى الكوردية)، والذي يتكون من مبحثين، يتناول المبحث الأول: (ترجمة الشعر والشعرية في ثنايا النقد)، و يناقش المبحث الثاني: (ترجمة الشعر من اللغة العربية الى الكوردية _الابداع و العقبات)، و أخيرا عرض نتائج البحث و الحواشي و المصادر و ملخص البحث باللغتي العربية و الانجليزية.

الكلمات المفتاحية: الترجمة، الشعرية، القيم الجمالية، النقد، الابداع.

# بەربەستەکانی بەردەم وەرگێڕانی شیعر، دیوانی (مرواری) بە نموونە

سەنگەر قادر شێخ محمد حاجی

زانکۆی پۆلیتەکنیک- هەولێر

کۆلێژی تەکنەلۆجی هەولێر

Sangar.haci@epu.edu.iq

- **پوختە**

بە گەڕانمان لە کتێبخانەی کوردیدا بەدوای ئەو بەرهەمانەی لە زمانی کوردییەوە وەرگێڕدراونەتە سەر زمانانی بێگانە، ئەوا ئەنجامەکە زۆر دڵخۆشکەر نییە و ژمارەی دەقە ئەدەبییە وەرگێڕدراوەکان لەچاو دەوڵەمەندیی ئەدەبی کوردی زۆر نین. ئەو بەرهەمانەی وەرگێڕدراون لەڕووی چۆنیەتیی وەرگێڕانەوە لەیەک جیاوازن، هۆکاری ئەم جیاوازییەش دەکرێ جۆری ئەدەبەکە بێت، دەشکرێ خودی دەقەکە بێت و ئاسایيشە ئەگەر وەرگێڕەکە هۆکار بێت.

دیوانی (مرواری)• کە بە زمانی کوردی لە لایەن (سەربەست مەجید خۆشناو)•• هۆنراوەتەوە و وەرگێڕدراوەتە سەر هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی، لە زۆر شوێندا تارادەیەکی باش وەرگێڕانەکە جوانییەکانی تێکستەکەی گواستووەتەوە، بەڵام لە زۆر شوێنیشدا بەربەستە زمانی و کلتووری و شێوازی و ئەدەبییەکان بوونەتە ڕێگر و نەیانهێشتەوە ئەو جوانییانەی لە تێکستە کوردییەکەدا هەن، بگوازرێنەوە بۆ هەمان تێکست بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی. ئەمەش تارادەیەکی زۆر ئاسایی وەردەگیرێ، چونکە وەرگێڕانی شیعر سەختترین جۆری وەرگێڕانە.

- **وشەی کلیلی**: (شیعر، بەربەست، وەرگێڕان، زمان، کەلتور، هایکۆ)

• سەربەست مەجید خۆشناو، لەدایکبووی ساڵی ١٩٦١ و بەکالۆریۆسی لە جیۆلۆجیا هەیە. شاعیر و نووسەرە و دوو دیوانی هایکۆی هەن، یەکەمیان بەناوی (هەبین) کە لە ساڵی (٢٠١٨) چاپبووە و هی دووەمیش بەناوی (مرواری) کە لە ساڵی (٢٠٢٠) چاپبووە.

•• دیوانی (مرواری) لەساڵی (٢٠٢٠) بە هەرسێ زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی چاپ کراوە. وەرگێڕانە عەرەبی و ئینگلیزییەکەی لە لایەن (موحەممەد حوسێن موهەندیس) کراوە.

- **پێشەکی**

وەرگێڕانی ئەدەبیات بە گشتی و شیعر بە تایبەتی، مێژوویەکی دووروودرێژیان هەیە، وەرگێڕ و ڕەخنەگرانی بواری ئەدەبیاتی کردووەتە سێ بەرەی جیاواز. هەیانە بە تەواوی ئەوە ڕەتدەکاتەوە کە شیعر لە زمانێکەوە وەربگێڕدرێتە سەر زمانێکی دیکە و هەشیانە کارەکە بە مەرج قبوڵ دەکات و

کەمێکیش پێیانوایە وەرگێڕانی شیعر وەک وەرگێڕانی هەر بابەتێکی دیکە، ئاساییە، هەرچەندە ئەوانیش دان بە هەبوونی بەربەست لەبەردەم وەرگێڕانی شیعر دادەنێن.

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (بەربەستەکانی بەردەم وەرگێڕانی شیعر، دیوانی (مرواری) بە نموونە)یە، کە دیوانەکە لە لایەن (سەربەست مەجید خۆشناو) هۆنراوەتەوە، لە سێ لایەنی جیاواز کە بریتین لە (بەربەستە زمانییەکان، بەربەستە ئەدەبی و جوانییەکان، بەربەستە کلتوورییەکان) لە وەرگێڕانی شیعر دەدوێ و دیوانی (مرواری)ش وەکو نموونەی توێژینەوەکە وەرگیراوە.

توێژینەوەکە دەستنیشانکردنی گرفتە زمانییەکان کە دێنە بەردەم وەرگێڕ لە کاتی وەرگێڕانی شیعرێکدا لە ئاستی دەنگسازی و وشەسازیدا بە ئامانج گرتووە، هەروەها سەختیی وەرگێڕانی جوانییەکانی شیعر تیشکی خراوەتە سەر و بە نموونە ئەوە ڕوونکراوەتەوە کە ئەگەر شاعیر لە گواستنەوەی جوانیی کۆپلە شیعرێک یان تەواوی شیعرێکیشدا سەرکەوتوو بێ، ئەوا هێشتا شیعر هەن گواستنەوەی تەواوی جوانییەکانی ئەستەمە.

## ١- پێناسە و جۆرەکانی وەرگێڕان:

### ١-١ پێناسەی وەرگێڕان:

ئەگەرچی کاری وەرگێڕان ئاڵۆزە و وەرگێڕ دووچاری سەختیی زۆر دەبێتەوە لە کاتی وەرگێڕانی بابەتێکدا، بەڵام پێناسەکردنی بەشێکی کەمی ئەو ئاڵۆزییەی بەرکەوتووە. سادە و ڕەوانترین پێناسەی وەرگێڕان بریتییە لەوەی وەرگێڕان "بریتییە لە کرداری گۆڕینەوەی موفرەداتەکانی تێکستێکی ڕەسەن بۆ هاوشێوەکانیان لە زمانێکی دیکەدا"، (حسن، ١٩٧٠: ١١) کەواتە ئێمە لە هەموو کارێکی وەرگێڕاندا، بە لایەنی کەم پێویستیمان بە دوو زمانی جیاواز دەبێ و یەکەمیان زمانی دەقە ڕەسەنەکەیە کە پێی دەگوترێ (زمانی لێ وەرگێڕدراو – Source Language) دووەمیشیان (زمانی بۆ وەرگێڕدراو – Target Language)ە. وەرگێڕ دەبێ لە زمانی بۆ وەرگێڕدراو بە دوای وشە و زاراوەی گونجاودا بگەڕێت، تا بتوانێت هەمان ئەو بیرانە بگرێتەخۆ کە دەقە لێوەرگێڕدراوەکە لەخۆیگرتوون، کەواتە وەرگێڕان بریتیشە لە "گواستنەوەی بیرەکان لە زمانی (سەرچاوە)وە بۆ زمانی (ئامانج)، جا زمانەکە نووسراو بێ یان زارەکی، زمانەکە پیتی هەبن بۆ نووسینەوە یان ئەمەی نەبێ". (Tisgam، ٢٠١٤: ٥١٢)

ئەمەش واتای ئەوەیە، مەرج نییە زمان تەنیا بنووسرێتەوە، ئینجا بتوانین وەریبگێڕین، بەڵکو قسەکردنی زارەکی و دەقی زارەکیش وەردەگێڕدرێن.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئایا زانینی دوو زمانی جیاواز بەسە بۆ ئەوەی کەسێک ببێتە وەرگێڕ؟ بێگومان وەڵامی ئەم پرسیارە نەخێرە، چونکە زانینی دوو زمانی جیاواز پێویستە و هەنگاوی یەکەمی وەرگێڕانە، کە ئەگەر ئەم هەنگاوە نەبێ، ئەوا وەرگێڕانیش نابێ، بەڵام ئەمە هەموو شتێک نییە، بەڵکو وەرگێڕانی دروست، پێویستی بە تێگەیشتن و گواستنەوەی بیرەکان هەیە و دەشبێت ئەوەی دەقەکە وەردەگێڕێ توانای ئەوەی هەبێت فیکرەکان بە شێوەیەکی دروست لە زمانی بۆ وەرگێڕدراودا جێ بکاتەوە. "وەرگێڕان کارێکی داهێنەرانەیە، چونکە پێویستی بە هەستێکی هونەریی کاریگەر هەیە لە لایەن

وەرگێڕەوە کارەکە هەر ئەوەندە نییە، وەرگێڕ دوو زمانی جیاواز بزانێ، زمانی ڕەسەنی دەقەکە و ئەو زمانەی بۆی وەردەگێڕێ، بەڵکو دەبێت ئەمە تێپەڕێنێ و ئاشنای فیکرە سەرەکییەکەی دەقەکە بێت، چونکە وەرگێڕ پێویستە نووسەرێکی باش بێت". (الزلزلی، ٢٠١٣: ١٣)

ئەم جۆرە جێکردنەوەیەش کە داهێنان و دەستڕەنگینی تێدایە، جۆری جیاوازی وەرگێڕان دێننە پێشەوە. زۆربەی وەرگێڕ لەسەر ئەو باوەڕەن کە "وەرگێڕان دوو ڕێگای هەن و سێیەمیان نییە، یەکەمیان وەرگێڕانی وشە بە وشەیە و دووەمینیشیان وەرگێڕانی واتایە. من وای دەبینم کە ڕێگای سێیەمینیش هەیە کە وەرگێڕانە بە دەستکارییەوە"، (حسن، ١٩٧٠: ٢٦) ئەم جۆرانەی وەرگێڕانیش پشت بە بیرکردنەوەی جیاواز دەبەستن کە هەندێکیان دۆزینەوە و بەکارهێنانی وشەی هاوشێوەیان لە زمانە بۆ وەرگێڕدراوەکە بەلاوە گرنگە و هەندێکیش خۆ لە سنووری وشە دەپەڕێننەوە و گواستنەوەی فیکرەکانیان بەلاوە گرنگە و هەشیانە دەیانەوێ ئەو فیکرانەی کە دەشیگوازنەوە، لەگەڵ زمان و کەلتوری زمانی بۆوەرگێڕدراو بیگونجێنن و لەمەشەوە چۆنیان بوێ ئاوا دەستکاری دەقەکان بکەن.

## ٢- وەرگێڕانی شیعر

### ٢-١ وەرگێڕانی شیعر لە نێوان کران و نەکراندا

وەرگێڕان پرۆسەیەکی وردی بەراورد و گواستنەوە و ڕاگرتنی هاوسەنگییە لە نێوان دوو زمانی جیاوازدا کە یەکێکیان دەقە ڕەسەنەکەی پێ نووسراوە و ئەوەی دیکەشیان بە تەنگ ئەوەیە هەموو ئەوەی لە دەقە ڕەسەنەکەدا گوتراوە و خراوەتەڕوو، بە زمانێکی دیکە بیخاتەوەڕوو.

گومانی تێدا نییە، چونکە وتار و بابەتە زانستییەکان ڕازاندنەوە و وشە ئارایی و هەڵبژاردنی وشەیان زۆر بە کەمی تێدایە، لە توانادایە ئاسانتر وەربگێڕدرێنە سەر زمانێک، بەڵام ئەدەبیات سەختتر وەردەگێڕدرێ، چونکە زمانی ئەدەبی زمانێکی جیاوازە، وەک ئەوەی ڕەگەز و توخمە پێکهێنەرەکانیشی جیاوازن. لەناو ژانرە ئەدەبییەکانیشدا جیاوازی هەیە، بۆ نموونە وەرگێڕانی داستان یان شیعر زۆر سەختە، ئەگەر مەحاڵ نەبێ، چونکە کێش و سەروا و هونەرە ڕەوانبێژییەکان زۆر بە چڕی دەبینرێن، بەڵام لە ڕۆمانێکی واقیعی یان چیرۆک یان حیکایەتێک کارەکە کەمێک لە سەختی و بەربەستەکانی بەردەمی کەمدەبێتەوە، "وەرگێڕانی بابەتە ئەدەبییەکان زۆر مەترسیدارترن لە وەرگێڕانی کارە زانستییەکان، چونکە وەرگێڕ دەبێت وشە هەڵبژێرێ و بیخاتە ناو ڕستەی واتادار و چاودێری بکات و تەواوی واتاکە بگوازێتەوە. دەربڕینی جوان دەبێت بە دەربڕینی جوان بگۆڕدرێتەوە و هەر کەسێک کاتێک دەقە ڕەسەنەکە دەخوێنێتەوە هەست بە چی دەکا، دەبێ لە کاتی خوێندنەوەی دەقە وەرگێڕدراوەکەش هەست بە هەمان شت بکا". (عوض، 1969: 29)

وەرگێڕی باش ئەوەیە کاتێک ئەو دەقەی وەریگێڕاوە، دەیخوێنینەوە نابێ هەست بەوە بکەین کە دەقەکە وەرگێڕدراوە، دەبێت بە ڕوون و ڕەوانی خۆبەدەستەوەبدات و چێژ و جوانیی دەقە ڕەسەنەکەش لەخۆبگرێ. ئەمەش بەو ئاسانییە نییە و ڕەنگە بۆ کارێکی زانستی یان ڕۆمانێک ئاسایی بێت، بەڵام بۆ شیعر و ئەو دەقانەی زمانی شیعرییان تێدا بەرجەستەیە، سەختە. ئەو سەختییەش لای هەندێک بیرمەند

هەواڵنامەی کتێب

و ڕەخنەگر بووە بە مەحاڵ و پێیانوایە، نابێت شیعر وەربگێڕدرێ. دیارترین کەسیش لەمبارەیەوە (جاحزە)، ئەو دەڵێ: "شیعر وەرناگێڕدرێ، ناشکرێ بگوازرێتەوە، چونکە کێش و هۆنینەوە و جوانییەکەی لەدەستدەدات"، (هارون، ١٩٤٥: ٧٦) (جاحز) بە ڕوونی دژی وەرگێڕانی شیعرە و هۆکاری ئەمەش بۆ دوو بابەت دەگێڕێتەوە کە یەکەمیان لەتوانادانەبوونی وەرگێڕانی کێشی شیعرە و ئەوەی دیکەشیان جوانییەکەیەتی کە هەردووکیان وەک دوو دیارترین بەربەستی بەردەم وەرگێڕانی شیعر لە شیعری کۆن ئامادەن و لە شیعری نوێشدا گواستنەوەی جوانییەکان بەربەستە هەرە دیارەکەیە.

ئەم ڕوانینە هەم وایکرد گروپێک لە ڕەخنەگر و وەرگێڕ بچنە سەر ئەو باوەڕەی کە شیعر وەرناگێڕدرێ و هەم بە شێوەیەکی گشتیش کاریگەری هەبوو لەسەر وەرگێڕان بۆئەوەی بە ئاسانی دەست بۆ وەرگێڕانی شیعر نەبەن و ئەمەش بووە هۆی ئەوەی لە ڕووی چەندێتییەوە شیعری وەرگێڕدراو کەم بن.

گروپێکی دیکەی وەرگێڕ و ڕەخنەگر ئەوانەن کە باوەڕیان بە وەرگێڕانی ئەدەبیات بە گشتی و شیعر بە تایبەتی هەیە، بەڵام مەرج بۆ ئەمە دادەنێن، "ئەو وەرگێڕەی کاری هونەری وەردەگێڕێت، هەر ئەوەندەی بەس نییە کە زۆر بە باشی ئەو زمانە بزانێت کە لێی وەردەگێڕێت لەگەڵ ئەو زمانەی کە بۆی وەردەگێڕێت، بەڵکو دەبێت لە ڕووی هونەرییەوە زۆر باش خۆی ئامادەکردبێت بۆ ئەو ماددە هونەرییەی وەریدەگێڕێت"، (حسن، ١٩٧٠: ٢٥) کەواتە مەرجی یەکەمی وەرگێڕی دەقە ئەدەبی و هونەرییەکان ئەوەیە وەرگێڕ دەبێت خاوەنی پاشخانێکی باش بێت لەبارەی بابەتی ئەو دەقەی وەریدەگێڕێت و ئەمەش بۆ هەموو جۆرە دەقێک ڕاستە، چونکە ئەگەر وەرگێڕ پاشخانێکی مەعریفیی باشی لەبارەی بابەتی دەقەکە نەبوو، ڕەنگە لە وەرگێڕاندا بەهەڵەدا بچێت و نەتوانێت بە دروستی دەقەکە وەربگێڕێت.

مەرجێکی دیکە کە بۆ وەرگێڕانی شیعر دانراوە ئەوەیە وەرگێڕ دەبێت خاوەنی (مەلیکەی شیعر) بێت، ئەمەش واتای ئەوەیە، وەرگێڕی شیعر دەبێت خۆی لەتوانایدا هەبێت شیعر بنووسێت. ڕەنگە ئەمە مەرجێکی تاڕادەیەک لەجێ بێت و کەمێک لەو بارە سەختەی سەر وەرگێڕانی شیعر کەمبکاتەوە، بەڵام دووبارە بێ گرفتیش نییە و دەکرێت ئەم دوو گرفتەش لەم دوو پرسیارەدا چڕ بکەینەوە:

"(أ) ژمارەی ئەو وەرگێڕانە چەندە کە مەلیکەی شیعرییان هەیە؟ (ب) ئایا ناکرێ مەلیکەی شیعر شمشێرێکی دووسەرە بێت: بەو واتایەی، ئایا ئەو وەرگێڕەی کە شاعیریشە، لێهاتووتر نییە لە بەکارهێنانی خەیاڵ لە هەندێک حاڵەتدا تا ئەو پلەیەی دووریبخاتەوە لە مەبەستە ڕەسەنەکەی شاعیر؟" (حداد، ٢٠٠٦: ٣٥٩) وەڵامی پرسیاری یەکەم ئەوەیە، ئەمانە ژمارەیان کەمە و لەو ژمارە کەمەش کەمتر دەستیان بۆ وەرگێڕانی شیعر بردووە، بەڵام ئەوەندەی لە ئەدەبی کوردی وەدیاردەکەوێ ئەو وەرگێڕانەی کە خۆیان شاعیرن و شیعریشیان وەرگێڕاوە، تاڕادەیەکی باش لە وەرگێڕانەکاندا سەرکەوتوو بوون. کێشەکە لێرە کۆتایی پێ نایێ، بەڵکو لە وەرگێڕانی شیعر لە لایەن شاعیران مەترسییەکی دیکە هەیە، کە بریتییە لەوەی شاعیران خۆیان خەیاڵی شیعرییان هەیە و ڕەنگە لە کاتی

وەرگێرانی شیعردا ئەو خەیاڵە زەفەریان پێ ببا و دووررتر بیانبا لەوەی کە شیعری دەقە ڕەسەنەکە گوتوویەتی و دواجار ئەمەش بە خراپی بەسەر وەرگێرانەکەدا دەشکێتەوە.

**دەرگای ئەستێرەیان داخست،**

**نێزەیان ئامادەیە -**

**پێڵو**

**أوصدوا أبواب النجوم،**

**رماحهم مهيأة -**

**الأجفان**

**They closed paradise's doors,**

**Their spears are ready-**

**Eyelids (مرواری،٢٠٢٠: ١٠٢)**

لەم شیعرەدا ئەوە تێبینی دەکرێ کە وەرگێر خۆی شاعیر نییە، چونکە هەست بە کەموکوورییەک لە وێنەی شیعرەکەدا دەکرێت و ئەگەر وەرگێر خاوەنی پاشخانێکی مەعریفیی باش بووایە لەبارەی شیعر و وێنەی شیعرییەوە، ئەوا ئەو کەموکوورییە لە شیعرەکە دەرنەدەکەوت. وێنەکە بەمشێوەیەیە، شاعیر چاوی یاری بە ئەستێرە چواندووە و برژانگەکانیشی بە نێزە و کە یار دایاندەخات مانای وایە ئامادەیە بۆ شەڕ. لە وەرگێرانە عەرەبی و ئینگلیزییەکەدا، چاو کۆکراوەتەوە و بەمەش شیعرەکە ئەو جوانییەی تێدا نییە کە لە تێکستە کوردییەکەدا هەیە.

(محەمەد عەبدولغەنی حەسەن) ڕێ بە وەرگێران دەدا، بەڵام بە مەرجی ئەوەی "تا دەکرێ خۆمان دوور بگرین لە وەرگێرانی دەربرینێکی بێگانە بە ڕستەیەک کە هەندێکجار لەوانەیە کورتبڕی تێدابێ و هەندێکجاریش درێژدادڕی. بۆ وەرگێران کورتبڕییەک کە ڕەوانبێژی لەگەڵ بێ مەرجە تا وەرگێرانەکە دروست و باش بێت"، (حسن، ١٩٦٦: ١٨٥) ئەمەش بەشێوەیەک لە شێوەکان ڕێگا لەبەردەم وەرگێری شیعر ئاوەڵا دەکا تا بتوانێ، ئەگەر سنووردراریش بێ، دەستکاری شیعر بکات و بەپێی پێویست کورت و درێژی بکاتەوە و بێگومان ئەگەر کورتبڕییەکەش لەڕێی بەکارهێنانی هونەرەکانی ڕەوانبێژییەوە بێت، پەسندترە.

ئاڵۆزییەکانی وەرگێرانی شیعر بەردەوامن و لەگەڵیشدا مەرجەکانیش زیاتر دەبن، "وەرگێرانی ئەدەبی کاری هەموو وەرگێرێک نییە کە تەنیا زمان بە باشی بزانێ، بەڵکو دەبێ هەستێکی هونەری و چێژێکی ئاستبەرزی هەبێ و هەروەها عاشقی ئەدەب بێت و نووسینی خۆش بووێ و دەبێ ئەمەشی بە شێوەیەک لە شێوەکان تێیدا ڕەنگبداتەوە، ڕەنگە هەر لەبەر ئەمەش بێت، هەندێک ناوەندی وەرگێرانی جیهانی مەرجی ئەوەیان هەیە هەرکەسێک بیەوێ ببێتە وەرگێری ئەدەبی دەبێ یان پێشتر نووسەر

هەوالنامەی کتێب

بووبێ، یان ئێستا لەسەر نووسین بەردەوام بێت". (یمینە، ٢٠١٧:٢١٧) نووسەر یان شاعیرێک کە خۆی لەناو دونیایەکەیە و خاوەنی چێژێکی تایبەتییە و هەستی هونەری هەیە، باشتر دەتوانێ لە دونیای تێکستە ئەدەبییەکە تێبگا و پتر شارەزای وردەکارییەکانە. سەرەڕای ئەمانەش "پێویستە وەرگێڕ لە کاتی کاری وەرگێڕاندا باوەڕ بە بنەمای لەدەستدان و وەدەستخستن بێنێ، بەو پێیەی شیعر هەندێک کات بەشێکی زۆری واتا و دەلالەتەکانی لەدەستدەدات و هەندێککاتیش وەدەستیاندەهێنێ. وەرگێڕی دەستڕەنگین ئەو وەرگێڕەیە کە هەوڵی وەرگێڕانی وشە بە وشە نادات کە بەربەستە لەبەردەم شیعر، بەڵکو ئەو وەرگێڕەیە کە هەموو هەوڵی خۆی دەدا تا ڕێژەی وەدەستخستن و لەدەستدان بگەیەنێتە کەمترین ڕێژە". (عائشە، ٢٠١٩: ١٩٩)

وەدەستخستن و لەدەستدان ئەو دوو چەمکەن لە وەرگێڕان کە هەرچەندە دژن، بەڵام وەرگێڕ دەبێت بەیەکەوە هەوڵی کەمکردنەوەیان بدات، چونکە لە کاری وەرگێڕاندا نە وەدەستخستن و زیادکردن باشە و نە کەمکردنەوە و لابردن، بەڵکو وەرگێڕ دەبێت تا دەکرێ ئەم دووانە کەمبکاتەوە و تێکستەکە وەکو خۆی بهێڵێتەوە.

ئەم وەک خۆ هێڵانەوەیەی تێکست بە جۆرێک لە داهێنان دادەنرێ، کەواتە لە وەرگێڕان داهێنانیش جیاوازە، چونکە لەبارە ئاساییەکەیدا داهێنان کاتێک دێتە ئاراوە کە شتێک زیاد بکرێ، بەڵام لێرە داهێنان ئەوکاتە دەبێت کە هەموو شتەکان وەک خۆی بگوازیتەوە و گواستنەوەش بە قۆناغ دەبێت، "کاتێک شاعیرێک شیعرێک وەردەگێڕێ، سەرەتا وەرگێڕانێکی وشە بە وشە دەکات، تا کەرەستەیەکی خاوی دەستدەکەوێ و پاشان دەیکاتە زمانێکی پاراوی ڕەوان، پاشان کاری تێدا دەکات و هەستەکان لە ناخی پەنگدەداتەوە و بیرۆکەی تایبەت بەخۆی دێنێتە ناوەوە و دەیخاتە قاڵبێکی دیاریکراو، وەک ئەوەی خۆی لە بنەڕەتدا شیعرەکەی هۆنیبێتەوە". (حسن، ١٩٧٠: ٣٨) ئەمەش واتای ئەوەیە وەرگێڕانی وشە بە وشە بە تەنیا بە کەڵکی وەرگێڕانی شیعر نایێ و تەنیا هەنگاوی یەکەمە و دواتر دەبێ دابڕێژرێتەوە.

**٣- بەربەستەکانی بەردەم وەرگێڕانی شیعر**

**٣-١ بەربەستە زمانییەکان**

هیچ ئەدەبێک نییە لە دەرەوەی زمان بێت، هەرچی ئەدەبە، جا چ سەرزارەکی بێت، یان نووسراو کرۆک و ماددە سەرەکییەکەی زمانە، کەواتە بوونی ئەدەب بە زمانەوە بەستراوەتەوە، بۆیە ئەدەب لەڕێی زمانەوە دووجار پەیوەندی لەگەڵ وەرگێڕاندا دروستدەکات، جارێکیان لەو ڕووەوە کە وەرگێڕان ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە زمانەوە هەیە و زمانێک وەردەگێڕێتە سەر زمانێکی دیکە و جارێکی دیکەشیان لەبەرئەوەی ئەدەب لە زمان دروستبووە، وەرگێڕ دەبێت ئەدەبیاتیش بگوازێتەوە. بەو واتایەی جارێکیان زمانەکە دەگوازێتەوە و جاری دووەمیش ڕەگەز و پێکهێنەرەکانی دیکەی ئەدەبیات. ئەمەش هۆکارێکی سەختی وەرگێڕانی زمانی ئەدەبیاتە.

**بە بووکی،**

**دێنە دنیاوە –**

**پەپوولە سپییەکان**

**يأتين إلى الدنيا،**

**وهن عرائس –**

**الفراشات البيضاء**

They come to the world;

As bridegrooms-

White butterflies (مرواری، ٢٠٢٠: ٢٠)

ئەم شیعرە، شیعرێکی ناسکە و لێکدانەوەیەکی جوانی دیاردەیەکی سروشتییە و لەبەرئەوەی زمانێکی سادە و ڕەوانیش بۆ نووسینی بەکارهێنراوە، وەک دەردەکەوێ، بە جوانی وەرگێڕدراوە و دەکرێ بڵێین بەشی هەرە زۆری جوانییەکانی گوێزراونەتەوە زمانی بۆ وەرگێڕدراو.

فاولێر (Fowler) دەڵێ: "ئەدەب بریتییە لە بەکارهێنانی ئەفرێنەرانەی زمان"، (حداد، ٢٠٠٦: ٣٥١) ئەمەش جەختکردنەوەیە لەوەی لە زۆرینەی دەقە ئەدەبییەکان زمان لە زمانی ڕۆژانە جیاوازە، بە تایبەتی زمانی شیعر کە پڕیەتی لە وشەئارایی و دووبارەکردنەوەی دەنگ و وشە کە ئەمانە بەربەستی ڕشت (جدی)ن لەبەردەم وەرگێڕانی شیعردا.

ڕازاندنەوە و هەڵبژاردنی بە مەبەستی وشە و بەکارهێنانی وشەی هاودەنگ (ڕەگەزدۆزی) کێشەن لەبەردەم وەرگێڕانی شیعر، چونکە مەرج نییە ئەو وشانەی کە لە زمانێکدا هاودەنگن لە زمانی بۆ وەرگێڕدراوادا هەمان ئەو وشانە هاودەنگ بن و بەمەش وەرگێڕانەکە دەبێتە هۆکاری ئەوەی شیعرەکە بەشێک لە جوانییەکانی لەدەستبدات.

ئەمە بۆ دووبارەکردنەوەی دەنگیش ڕاستە کە زۆربەی کات ڕیتمێکی خێرا و ئاوازێک دەداتە شیعرەکە. ئەو دەنگانەی شاعیرێک هەڵیاندەبژێرێ و لە دێڕە شیعرێک دەیانخاتە پاڵ یەک، بۆ وەرگێڕ سەختە لە زمانی بەرانبەر ئەو وشانە بدۆزێتەوە کە هەمان دەنگیان تێدابێ و بۆ هەمان واتاش بەکاربێن.

**شەونمی شەرم،**

**تنۆک تنۆک لەسەر نێوچاوان -**

**کچ لە ژوان**

**ندى الحياء،**

**على الجبين قطرة قطرة -**

**الفتاة في الملقى**

The dews of decency,

A drop and a drop on the forehead-

A girl on a date (مرواری، ٢٠٢٠: ٧٧)

لەو هایکۆیەی کە بە کوردی نووسراوە، بەدواییەکداهێنانی هەردوو وشەی (شەونم) و (شەرم) کە هەردووکیان بە پیتی (ش) دەستپێدەکەن، هەم جوانییەکی داوە بە گرێکە و هەمیشە ڕیتمی دەربڕینەکەی خێراتر کردووە، لە دووبارەکردنەوەی وشەی تنۆک تنۆکیش هەمان کار کراوە. لە هەردوو وەرگێڕانەکەدا نەتوانراوە ئەو جوانی و ڕیتمە بپارێزرێ کە لە تێکستە ڕەسەنەکەدا هەیە بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە دووبارەکردنەوەی دەنگی (ش)ەوە هەیە.

**هەمووت جوانە،**

**برۆت، چاوت، باڵات، ناوت –**

**دایک دەدوێ**

**كل ما فيك جميل،**

**حاجباك، عيناك، قدك، إسمك –**

**الأم تتكلم**

All of you is beautiful,

Your brows, eyes, build, name-

Mother is speaking. (مرواری، ٢٠٢٠: ١٣٨)

لە لەتەدێری دووەمدا هەم دووبارەبوونەوە هەیە و هەم ڕەگەزدۆزیی ناتەواو کە هەم جوانی و هەم ڕیتمێکی خێرای بە شیعرەکە داوە. وەک تێبینی دەکرێ لە وەرگێڕانە عەرەبییەکەدا تەنیا دووبارەبوونەوەی دەنگ گوازراوەتەوە و لە ئینگلیزییەکەشدا هیچ شوێنەوارێکی دووبارەبوونەوەکە نابینین.

بەربەستێکی دیکە بریتییە لە جیاوازیی ڕەگەزی کە دێتە بەردەم وەرگێڕ. مەبەست لە جیاوازیی ڕەگەزی بریتییە لە هەبوونی (نێر و مێ) لە هەندێک زماندا و نەبوونی لە هەندێک زمانی دیکەدا. بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا نێر و مێ نییە، بەڵام لە زمانی ئینگلیزی هەیە، بۆیە لە کاتی وەرگێڕاندا ئەمە دەبێتە بەربەست و زۆرجاریش ناتوانرێ تەواوی واتاکە بگوازرێتەوە.

**وتی بەڵگەم هەیە،**

**وتم بەڵگەی ناوێ .**

**شێتە عاشق**

**قالت لدي دليل،**

**قلت لا يعوزه الدليل .**

**العاشق مجنون**

**She said: “I have evidence,”**

**I said: “not needed-”**

**The lover is lunatic.** (مرواری، ٢٠٢٠: ١٣)

(وتی) لە زمانی کوردیدا دەکرێ بۆ نێر بەکاربێت و دەشکرێ بۆ مێ بەکاربێت، بۆیە نێر و مێیایەتی لەناوخۆیدا هەڵگرتووە، هەرچی هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی، مۆرفیمەکانی ڕەگەز دیارن و جیاوازیی تەواو هەیە لە نێوان نێر و مێدا. وەرگێر وایداناوە (وتی) کچێک گوتوویەتی، بەلام لە کۆنتێکستەکەدا لە هیچ شوێنێکدا ئاماژەیەک نادۆزینەوە ئەوەی لێ هەڵبهێنجین کە قسەکەر مێیە.

هەروەها " زمانەکان خاوەن لۆجیکی تایبەت بەخۆیانن و شێوازەکەشیان ڕێگای تایبەت بەخۆی هەیە، کە پێویستە بخرێنەڕوو و لێکبدرێنەوە، ئەمەش نەک لەبەر ڕۆشنایی لۆجیکی گشتیدا، بەڵکو لەبەر تیشکی لۆجیکی زمانی و بەکارهێنانی زمان، هەروەها لەبەر ڕۆشنایی ئەو هۆکارە دەروونییانەی کە ڕەنگە قسەکەر یان گوێگر پێی کاریگەر بێت، بە شێوازێکی زمانیی تایبەت"، (حسن، ١٩٧٠: ٣٦) لێرەدا لەبەردەم سێ بەربەستی دیکەی زمانین کە بۆ وەرگێر لە کاتی وەرگێڕاندا دەبنە گرفت، ئەوانیش ئەو لۆجیکەی هەر زمانێکی پێ دەناسرێتەوە و ئەو وشە و ڕستە و دەربڕینانەی هەڵگری پەیامی دەروونین و ئەو شێوازە زمانییەی تێکستەکەی پێ نووسراوە.

لۆجیکی زمان بریتییە لە ڕێکخستنی دەنگ و وشە و ڕستە و دەربڕینەکان و چۆنیەتیی خستنە پاڵییەکی وشەکان و دانانی وشەیەک لە جێی وشەیەکی دیکە... هتد. بێگومان ئەمەش لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە جیاوازە. هەروەها لە ڕووی دەروونی و کاریگەرییە دەروونییەکانیش وشەکان جیاوازییان هەیە، بۆ نموونە وشەی ئەنفال لە کۆمەڵگەی کوردی واتای کارەسات و نەهامەتی و کوشت و بڕ و تاڵانکردن دەگەیەنێت، بەلام هەمان وشە لە کۆمەڵگەیەکی عەرەبی واتای سەرکەوتن و پابەندبوون بە ئاین دەگەیەنێت و لە کۆمەڵگەی نەرویجیش واتایەکی ئەوتۆی نییە.

ئەمە ئەگەر بۆ وشە ڕاست بێت، ئەوا بۆ ڕستەش هەر ڕاستە کە بە لایەنی کەم لە دوو ڕووەوە بەربەست دروست دەکات کە بریتین لە "کۆکردنەوە و ناڕوونیی بنیاتی ڕستە" (Hariyanto، ٢٠٠٣: ٤) کۆکردنەوە خۆی لە چۆنیەتیی خستنەپاڵیەکی وشەکان دەبینێتەوە کە ئەمە لە شیعردا گرفتێکی گەورەیە، چونکە شاعیر گەلێک جار بە مەبەست سیستەمی ڕستەسازی تێکدەشکێنێ، تا خۆی بکاتە خاوەنی

شێوازیکی دیاریکراو لە بەکارهێنانی زماندا. هەروەها لێلێی ڕستەکانیش گرفتن بۆ وەرگێڕی شیعر، چونکە بەشێکی باشی ڕستەکانی شیعر بەهۆی پێکهاتەی ڕستەسازییان دوو واتا دەدەن، بەڵام لە کاتی گواستنەوەیان بۆ زمانی بۆ وەرگێڕدراو واتایەک لەدەستدەدەن.

**دایکی شەهید دەگریێ،**

**کڕ نابێتەوە -**

**بارانی زستانێ**

**أم الشهيد تنوح،**

**هو لا يستكين -**

**مطر الشتاء**

**Martyr's mother whines,**

**They won't stop-**

**Winter's rains (مرواری،٢٥:٢٠٢٠)**

جوانی ئەم هایکۆیە لەوەدایە شاعیر کاری (کڕنابێتەوە)ی هەم بۆ ڕستەی سەرەوە داناوە و هەم بۆ ڕستەی خوارەوە، واتە هەم دایکی شەهید کڕنابێتەوە و هەم بارانی زستانێ، بەڵام لە وەرگێڕانە عەرەبی و ئینگلیزییەکەدا، کارەکە تەنیا بۆ ڕستەی خوارەوە کەڵکی لێ وەرگیراوە و دەربڕینی سەرەوە کاری تێدا نییە.

**کە دەگاتە ناو ئاو،**

**بە شەپۆل گەیشتن ڕادەگەیێنێ -**

**بەرد**

**حين يبلغ الماء،**

**يعلن بالموج عن خبر الوصول -**

**الحجر**

When it reaches water,

Announces the arrival by waves-

Stone (مرواری، ٣٠:٢٠٢٠)

لە زمانی کوردیدا ڕستەی (بە شەپۆل گەیشتن ڕادەگەیەنێت)، ڕستەیەکی لێڵە و دوو واتا دەگەیەنێ کە یەکەمیان واتای ئەوەیە دەگاتە شەپۆل و دووەمیشیان بە واتای لەڕێی شەپۆلەوە گەیشتنی خۆی ڕادەگەیەنێ، بەڵام لە وەرگێڕانە ئینگلیزی و عەرەبییەکەدا تەنیا واتای دووەم دەدات و واتای یەکەم لەدەستدراوە.

زۆرینەی هەرە زۆری زمانەکانی جیهان لە زیاتر لە زار و شێوەزارێک پێکدێن کە ئەمە ئەگەر بۆ زمانەکە بە ئەرێنی بکەوێتەوە، چونکە دەوڵەمەندی دەکات، ئەوا لە کاتی وەرگێڕاندا دەبێتە بەربەستێکی ڕشت و ڕاستەقینە، چونکە کاتێک شاعیرێک وشەی زار یان شێوەزارێکی دیاریکراو دێنێتە ناو شیعرەکەی، بێگومان ئەرکێک یان پەیامێکی پێ دەسپێرێ کە یەکێک لە مەبەستەکانی "دەرخستنی تایبەتمەندیی گرووپێکی تایبەت یان کۆمەڵگەیەکی دیاریکراوە"، (Abdulkader، ٢٠١٩: ٢٨٦) بەڵام ئەمە ئەستەمە لە زمانی (بۆ وەرگێڕدراو)دا هاوشێوەی بدۆزرێتەوە.

**خەو بە ژیان دەبینم،**

**لەسەر پێخەفەکەم وشکیان دەکەمەوە .**

**گورەباغ**

**أحلم بالحياة،**

**سأجففهن على سرير نومي .**

**الورود الجورية**

I’m dreaming of life,

I’ll desiccate them on my bed-

Damask roses (مرواری، ٢٠٢٠: ٨٣)

(گورەباغ) لە شێوەزارێکی دیاریکراوی زمانی کوردی بەکاردێ، بۆیە وەرگێڕانی وەک خۆی و بە هەمان ئەو واتایەی هەڵی دەگرێ، مەحاڵە و وەرگێڕ بە ناچاری وشە باوەکەی هەردوو زمانەکەی بەکارهێناوەتەوە.

**گاجووت: توند پێت دامەگرە،**

**ڕەنگە ژێرپێت شارێک بێت .**

**مێروستان**

**أيا ثور الحراثة: لا تدعس الأرض بقوة،**

**ربما هناك مدينة أسفل حوافرك .**

**مدينة النمال**

Oh! Plowing ox, don’t tread on the earth fiercely,

There might be a city under your hoofs-

Ant colony (**مرواری، ٢٠٢٠: ١٨٣**)

(مێروستان)یش هاوشێوەی (گورەباغ) لە شێوەزارێکی دیاریکراوی زمانی کوردی بەکاردێ و لە بنەچەشدا خۆی هەڵەیەکی باوە، وەرگێر هاتووە ئەم هەڵە باوەی بە هەڵەیەکی دیکە وەرگێڕاوە و کردوویەتی بە (شارە مێروو)، لەکاتێکدا وشەکە بە واتای (مێروولە)دێ، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی سەرتاپای هایکۆکە بە هەڵە وەربگێڕدرێ.

شێوازی ئەو زمانەی تێکستەکەی پێ نووسراوە گرفتێکی دیکەی بەردەم وەرگێڕە، چونکە دەیان شێوازی جیاواز هەن بۆ نووسینەوەی تێکستێک کە ئێمە لێرە باسیان ناکەین، چونکە ئەمانە گرفتی ئەدەبی بەردەم وەرگێڕانن. ئەو زمانەی لە تێکستێک بەکاردێ دەکرێ سادە بێت و دەشکرێ ئاڵۆز بێت، هەروەها زمانی دەق لەوانەیە ئاسان بێت و ڕەنگیشە قورس بێت، لە هەمانکاتدا زمانی دەقمان هەیە پڕیەتی لە ڕازاندنەوە و ڕەوانبێژی و زمانیشمان هەیە پتر لە واقیع نزیکە و کەمتر پشتی بە ڕەوانبێژی بەستووە. ئەمانە هەموویان ڕەنگە لە زمانی نووسینی دەقە (لێوەرگێردراو)ەکە بە شێوەیەک بێت کە کاتی گواستنەوەی بۆ زمانی (بۆ وەرگێڕدراو)ەکە بەشێک لە جوانی و بەشێکی واتاکەشی لەدەستبدات.

گواستنەوە (Displacement) خۆی گرفتێکی دیکەی بەردەم وەرگێڕە کە بریتییە لە "بەکارهێنانێکی داهێنەرانەی زمان و وشەکان و پێکهێنەرەکان و وێنەکان، بەکارهێنانێک کە لە قاڵبی باو دەربچێت و خەسڵەتێک وەربگرێ کە هەر ئەو هەیبێ، بەمەش گواستنەوە دەبێتە دیارترین بەربەست کە دێتە ڕێی وەرگێڕ بۆ تێگەیشتن بە وردی لەو دیاردە شێوازییە". (عائشە، ٢٠١٩: ١٩٤) بێگومان ئەمەش بە هەموو وەرگێڕێک ناکرێ و دەبێ شارەزای ئاست و ئەو هونەرانە بێت کە لە زماندا هەن.

**هەوێنی شیعرە،**

**دەڕژێتە ئەودیوی چیا .**

**زەردە**

**إنه خميرة الشعر،**

**ينساب خلف الجبال .**

**الغسق**

It’s poetry’s sourdough,

Flowing behind highlands-

Dusk (مرواری، ٢٠٢٠: ١٢)

(هەوێنی شیعر) لە شیعری کوردیدا بە شێوەیەکی ئاسایی بەکاردێ و گرفتێکی نییە، بەڵام نە لە زمانی عەرەبی و نە زمانی ئینگلیزیش ئەو دەربڕینەیان تێدا نییە، بۆیە ئەمە لای خوێنەرێکی عەرەب یان ئینگلیز نامۆ دەردەکەوێ.

### 2-3 بەربەستە ئەدەبییەکان

هەر تێکستێکی ئەدەبی، جا شیعر بێ یان هەر ژانرێکی دیکە هەم لە ڕووی فۆرم و هەم لە ڕووی ناوەڕۆکەوە چەندین لقی لێ دەبنەوە، کە شاعیر یان نووسەر لە کاتی نوسین و هۆنینەوەیاندا لەبەرچاویان دەگرێ، تا دواجار جوانترین دەق پێشکەشی خوێنەرانی بکات. وەرگێریش کاتێک ئەو دەقە وەردەگێڕێ دەبێ هەوڵبدا بچێتە شوێنی نووسەر یان شاعیر و هەموو ئەو توخم و تەکنیک و کەرستانەی جوانکاری کە بەکارهاتوون لەناو تێکستە (بۆ وەرگێڕدراو)ەکەی شوێنیان بکاتەوە.

### 1-2-3 بەربەستە ئەدەبییەکان لەڕووی فۆرمەوە

فۆرمی شیعر بە گۆڕانی سەردەم و ڕێبازە ئەدەبییەکان و خودی شاعیرەکەش دەگۆڕێ، هەبوونی خودی فۆرمەکە و ئەو گۆڕانکارییەی بەسەریشیدا هاتوون خۆیان بەربەستن لەبەردەم وەرگێڕاندا. "لەناو ئەو بەربەستانەی کاردانەوەیان لەسەر وەرگێر هەیە ئەوەیە کە دەقی ئەدەبی خاوەنی تایبەتمەندییەکی دیارە کە فۆرمی شیعرە و یەکێکە لە گرنگترین ڕەگەزی پەیامەکە و پێویستە بگوازرێتەوە، هەر ئەوەندە بەس نییە کە واتا بگوازێتەوە، بەڵکو دەبێ فۆرم و ئیقاع و شێوازیش بگوازێتەوە". (مفیده، ٢٠١١: ٤٣) گواستنەوەی فۆرم شارەزاییەکی باشی دەوێ، بەڵام سەرەرای شارەزاییش هێشتا وەرگێڕانی فۆرمی شیعر لە سەختترین کارەکانە و هەندێکجاریش مەحاڵە. بۆ نموونە کاتێک شیعرێکی کلاسیکی کوردی وەردەگێڕدرێتە سەر زمانی عەرەبی، کارەکە دەوەستێتە سەر شارەزایی وەرگێڕەکە، کە ئەگەر شارەزایی لە کێشی شیعری کلاسیکی هەبێ، ئەوا ئاسانتر دەتوانێ شیعرەکە وەربگێڕێ، بەڵام ئەگەر هەمان شیعر وەربگێڕینە سەر زمانی ئینگلیزی، ئەوا مەحاڵە بتوانین کێشی شیعرەکە وەک خۆی بگوازینەوە، چونکە هەردوو کێشەکە بە تەواوی لە یەکدی جیاوازن. هۆکاری ئەمەش ئەوەیە "زۆربەی زمانەکان خاوەنی کێشی شیعریی تایبەت بەخۆیانن و مۆسیقایەکی تایبەتیان هەیە، بۆیە هەوڵدان بۆ سەپاندنی کێشی شیعری لەو زمانەی لێی وەردەگێڕدرێ بۆ ئەو زمانەی بۆی وەردەگێڕدرێ، پێی دەگوترێ هەوڵدان بۆ گونجاندنی کارێکی مەحاڵ، یان نەکردە". (حداد، ٢٠٠٦: ٣٦٠)

دیوانی (مرواری) لەبەرئەوەی بە شێوەی هایکۆ نووسراوە، لە وەرگێڕانی کێشەکەی کێشەیەکی ئەوتۆ نایێتە پێشەوە.

هەواڵنامەی کتێب

ئەمە بۆ سەرواش ڕاستە، بەربەستی هەرە دیاری بەردەم وەرگێڕانی شیعر سەروایە، "ژمارەیەکی زۆر بەربەست هەن لەبەردەم وەرگێڕانی شیعردا، یەکەمین و دیارترینیان سەروایە" (Abdulkader، ٢٠١٩: ٢٨٧). جۆری ئەو سەروایانەی لە شیعری نەتەوەیەک بەکاردێن، جیاوازن لە جۆری سەروای نەتەوەیەکی دیکە، بۆیە سەرواش ناکرێ بە ئاسانی وەربگێڕدرێ و پێویستی بە شارەزایی و لێهاتوویییەکی باش هەیە.

**بەرەبەیانە،**

**بووکەخۆر بەڕێوەیە ـ**

**خۆشخوانە  شالوور**

**إنه انبلاج الفجر،**

**عروس الشمس قادمة ـ**

**العندليب في صداح**

It’s dawning,

Sun’s bride is coming-

Nightingale is warbling. (**مرواری**، ٢٠٢٠: ٨٠)

**٣-٢-٢ بەربەستە ئەدەبییەکان لە ڕووی ناوەڕۆکەوە**

لە ڕووی ناوەڕۆکیشەوە ئەو بەربەستانەی کە دێنە بەردەم وەرگێڕ ئەگەر زیاتر نەبن لە بەربەستە فۆڕمییەکان، ئەوا کەمتر نین. یەکێک لە ڕەگەزەکان کە زۆرجار دەبێتە بەربەستیش (هەست و سۆزە)، "هۆکاری ئەوەی کە وەرگێڕانی ئەدەبی ئاڵۆزە ئەوەیە کە تەنیا بریتی نییە لە گواستنەوەی وشە و چەمکە ڕووتەکان، بەڵکو بە شێوەیەکی تایبەت بریتییە لە کردەی گواستنەوەی هەست و سۆزەکان کە لەناو کاری ئەدەبیدا هەن". (یمینە، ٢٠١٧: ٢١٦) بە دڵنیاییشەوە گواستنەوەی هەست و سۆزەکان ئاسان نییە و وەرگێڕ پێویستی بەوەیە زمانی دەقە (لێوەرگێڕدراو)ەکە زۆر بە باشی بزانێ، تا لە ڕێگەی خوێندنەوەی چەندین بارەی شیعرەکە لەگەڵی تێکەڵ ببێت و هەمان ئەو هەستەی لەلا دروست بێت کە شاعیر لە کاتی هۆنینەوەی شیعرەکەدا لای دروست بووە، بەڵام ئەمە ئاسان نییە، چونکە "شیعر تا ڕادەیەکی زۆر خودییە و لای وەرگریش، لە ئاستێکدا کە گاڵتەی پێ ناکرێ، خودییانە لێکدەدرێتەوە. بەو پێیەی وەرگێڕ بە پلەی یەکەم وەرگری دەقەکەیە، ئەوا شیعرەکە بە شێوەیەک لێکدەداتەوە کە بەدەر نییە لە خودێتی و ڕەنگە ئەمەش بەرەو هەڵەی ببا و هەڵەکەش بەردەوام بێت تا دەگاتە قۆناغی پێکهێنان لەناو ئەو زمانەی بۆی وەرگێڕدراوە". (حداد، ٢٠٠٦: ٣٥٦)

لەمەی سەرەوە دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە لە وەرگێڕاندا هەر هەست و سۆزی شاعیر و پرسە خودییەکانی شاعیر گرنگ نین، بەڵکو هەست و سۆزی وەرگێڕیش گرنگن، چونکە خوێنەر کاتێک دەقێک دەخوێنێتەوە وەکو خوێنەر کاریگەریی دەقەکەی بەسەرەوە دەبێت، جا ئەگەر بێت و وەرگێڕ شیعرەکە لە هەنگاوە سەرەتاییەکاندا بە دروستی نەخوێنێتەوە، ئەوا سەرەنجام وەرگێڕانەکەی بە کەموکووڕییەوە دەبێت:

**دەریایەکی نەرمە**

**ڕۆح مەلەوانی دەکا-**

**زەردەخەنە**

**بحر هادیء**

**الروح تسبح-**

**البسمة**

Sea is quite,

Soul is swimming-

The smile (مرواری، ٢٠٢٠: ١٠٣)

خوێندنەوەی وردی وشەکان و کۆی تێکستەکە وایکردووە، وەرگێڕ وشەی نەرم بە (هادیء) و (quite) وەربگێڕێت، ئەگینا ئەگەر وا نەبوایە و کارەکە بە ئاگاییەوە نەکرابا، ئەوا لە هەردوو وەرگێڕانەکەدا (نەرم) بە (لین) و (Soft) وەربگێڕێت.

تایبەتمەندییەکی دیکە کە شیعر هەیەتی و لە هەمان کاتدا دەشبێتە بەربەست لەبەردەم وەرگێڕدا ئەوەیە "شیعر لە دیارترین ئەو تێکستانەیە کە فاکتەری ئینتیمایان تێدایە بۆ ئەو سەردەمەی تێیدا پەیدابووە، بە جۆرێک ئەو ئینتیمایە بەربەستی تایبەت بۆ وشە و وێنە و شێواز و پەسندکردنی کێشێک لە بەرانبەر کێشێکی دیکەدا و ڕەگەزی دیکەش دروست بکا کە بە گۆڕانی کات ئەوانیش دەگۆڕێن". (حداد، ٢٠٠٦: ٣٥٨) هەبوونی ئینتیما بۆ سەردەم لەلایەن دەقەوە بەو واتایە دێ کە دەق هەڵگری کۆی ئەو فۆرم و بابەتانەیە، کە لە سەردەمی هاتنەئارای دەقەکەدا لە ئارادابوون، لەگەڵ ئەو هۆکارانەی بوونەتە مایەی پەیدابوونی دەقەکە. ئەمەش بە شێوەیەک لە شێوەکان بەربەستە، چونکە ڕەنگە وەرگێڕ شارەزای ئەو سەردەمە نەبێ کە دەقەکەی لێ هاتووەتە ئاراوە، یان وەرگێڕ نەتوانێ تەواوی ئەو ڕەهەندە مێژووییانە بگوازێتەوە کە دەقەکە لەگەڵ خۆی هەڵیگرتوون. دواجار لێکەوتەی ئەمەش دەبێتە هۆی نەپاراستنی ڕۆحی دەق و ئەو مەعریفە و چێژەی دەق لە دووتوێیدا هەڵیگرتووە ئەو بەربەستانەی دێنە پێش و کێشەکانیش "خۆیان لە دەستنیشانکردنی ئەو "بەرامە" و "ڕۆح"ە دەبیننەوە، جا چ لە وێنەیەکی شیعریدا

هەواڵنامەی کتێب

بێت یان لە بنیاتی شیعرەکە یان لە دوورکەوتنەوە لەو شێوازە باوەی هەیە، یان چوونەناویەک لەگەڵ دەقەکانی دیکە لەڕێی دەقئاوێزان، یان لە هەموو ئەو بابەتانەی باسمان کردن". (عائشه، ٢٠١٩: ١٩٧)

**دەستنوێژە شیعر،**

**بۆیان هەڵناگیرێ–**

**سەگ و جەللاد**

**الشعر وضوء،**

**ليس بمقدورهما الاحتفاظ به–**

**الكلب والجلاد**

Poetry is Wudu,

Two will braek it –

The dog and the hangman (**مرواری، ٢٠٢٠: ٢٢٠**)

ئەم هایکۆیە کە هەڵگری ڕەهەندی ئاینی و کۆمەڵایەتییە، لە کاتی وەرگێڕانیدا بۆ سەر زمانی عەرەبی، کێشەیەکی ئەوتۆی نەهاتووەتە بەردەم و خوێنەری شیعرەکە بە زمانی عەرەبی بە ئاسایی لێی تێدەگا و ئاساییش وەریدەگرێ، بەڵام خوێنەری شیعرەکە بە زمانی ئینگلیزی لە کاتی خوێندنەوەی تووشی شۆک دەبێ، چونکە لە دیدی ئەو هەرگیز نابێ سەگ و جەللا بخرێنە یەک خانەوە و بەیەکەوە پۆلێن بکرێن و هەردووکیان بە نموونەی خراپە بهێندرێنەوە.

وەک گوتمان نەگواستنەوەی ڕەهەندەکانی سەردەمی دەق کێشەیە و کێشەی نەگواستنەوەی ڕۆحیەتی دەقیش بەدوای خۆیدا دەهێنێ، جاری واش هەیە وەرگێڕ هەوڵ دەدا تا دەکرێ ڕەهەند و ڕۆحیەتی دەق بگوازێتەوە، بەڵام هێشتا کەموکوڕی لە وەرگێڕانەکەیدا هەیە، ئەمەش زیاتر لەو دەقانەدا بەدی دەکرێت کە سەرەڕای ئینتیمایان بۆ سەردەمی خۆیان لە هەندێک دەربڕین و فیکردا ئەو سەردەمە باز دەدەن و دەیەیەک یان چەند دەیەیەک ئەولاتر دەڕۆن، ئەمەش گرفتێکی دیکەیە لە بەردەم وەرگێڕی شیعر بە تایبەتی و ئەدەبیات بە گشتی.

**٣-٢-٣ بەربەستە ئەدەبییەکان لە ڕووی ڕەوانبێژییەوە**

ڕەوانبێژی و جۆرەکانی بە شێوەیەک لە شێوەکان هەموو کات و بە درێژایی مێژووی شیعر لەناو شیعردا ئامادەییان هەبووە، بەڵام ئەمە بۆ وەرگێڕ بەربەستێکی گەورەیە، چونکە "لە شیعردا خوازە و ڕەگەزدۆزی و دووبارەکردنەوەی دەنگەکان ناتوانرێ بگوازرێنەوە بۆ زمانە بۆ وەرگێڕدراوەکە" (Abdulkader، ٢٠١٩:٢٨٦) ئەمانەش هەریەکەیان هۆکارێک یان زیاتری هەیە. خوازە وەرناگێڕدرێ، لەبەرئەوەی مەرج نییە ئەوەی لە زمانێکدا دەبێتە خوازە لە زمانێکی دیکەدا خوازە بێت، یان مەرج نییە

ئەوەی لە شیعری سەردەمێکی دیاریکراودا وەک خوازە باوە و خەڵک پێی ئاشنایە، لە شیعرە بۆ وەرگێردراوەکەش وابێ.

**گوڵ ڕوان،**

**بە زەویدا پرژان -**

**ماچی عاشقان**

**نبتت الورود،**

**إنتثرت في الأرض -**

**قبلات العشاق**

Roses sprouted,

Scattered on the ground-

Kisses of lovers (مرواری، 2020: 135)

(گوڵ ڕووان) لە زمانی کوردیدا دوو واتای هەن، یەکێکیان واتا (گوڵ ڕوێندران یان چێندران) ئەوەی دیکەش واتا (ئەوانەی ڕوویان و دەموچاویان وەکو گوڵە) و بەم پێیەش بێ ئەم هایکۆیە دوو واتای جیاواز دەدات، بەڵام لە وەرگێڕانەکەیدا خوێنەر تەنیا یەک واتای دەستدەکەوێ.

ڕەگەزدۆزیش هاوشێوەی خوازە بەربەستە و بگرە سەختتریشە، چونکە هونەری ڕەگەزدۆزی لە دوو وشە دروست دەبێ کە هەمان گۆکردنیان هەیە، بەڵام واتایان جیاوازە، ئەمەش مەحاڵە لە دوو زمانی جیاوازدا هاوشێوەی بدۆزرێتەوە و بۆیەش وەرگێڕانی شیعری کلاسیکی زۆر سەختە، چونکە پڕیەتی لە ڕەگەزدۆزی.

سەرەڕای خوازە و ڕەگەزدۆزی "بە زۆری شاعیر پشت بە درێژدادڕی و دووبارەکردنەوە بە هەموو جۆرەکانییەوە دەبەستێ، کە ئەمەش لە هەموو شت پتر بەربەستە لە بەردەم وەرگێڕانی شیعر"، (حداد، ٢٠٠٦: ٣٦٤) ئەمانەش بۆیە کێشەن، چونکە کاتێک شاعیر لە شیعرەکەیدا پەنا بۆ درێژدادڕی دەبا مەبەستێکی هەیە و کە کورتیشی دەکاتەوە بەهەمان شێوە. هەندێکجار وەرگێڕ بەناچاری و بەبێ ئەوەی هیچ پەیامێکی هەبێت، یان وەرگێرانی شیعرەکە جوانتر بکات، بەشێکی شیعرەکە یان درێژدەکاتەوە یان کورت و ئەمەش بە خراپی بەسەر وەرگێڕانەکەدا دەشکێتەوە.

**بەسەر باوە،**

**خلیسکانێ دەکەن -**

**گەڵا وەریوەکان**

**على جناحات الريح،**

**يمرحن بلعبة التزحلق -**

**أوراق شجر متساقطة**

On the wings of the wind,

They play the roll-down game-

(مرواری، 2020: 56) Fallen leaves.

لە وەرگێڕانە عەرەبییەکەیدا هەرسێ وشەی (جناحات، لعبة، شجر) زیادکراون و لە شیعرە ڕەسەنەکەدا نین و وەرگێڕ ئەمەی بە ناچاری کردووە، چونکە زیادنەکردنیان کەموکوڕی تێکستەکەی لێدەکەوتەوە.

وێنەی شیعری و دەقئاوازێن، دوو بابەتی دیکەن کە پرسی وەرگێڕانی شیعر ئاڵۆزتر دەکەن. وێنەی شیعری پتر پەیوەندی بە زەوق و چێژی کۆمەڵگاییکەوە هەیە بۆ پرسی جوانی و جوانبینی، بۆیە مەرج نییە ئەوەی لای کۆمەڵگایەک وێنەیەکی شیعری جوان بێت، لای کۆمەڵگای زمانە (بۆ وەرگێڕدراو)ەکەش بەهەمان شێوە بێت "ئەوکاتەش ئەم جۆرە وێنە شیعرییانە لای وەرگر نامۆ دەدەکەون و ئینجا وەرگێڕ پەنادەباتە بەر کرداری گۆڕین و وادەکات وێنە هونەرییەکە لەگەڵ چێژە جوانییەکان بۆ وەرگر بگونجێن"، (عائشە، ٢٠١٩: ١٩٦) ئەمەش ئەگەر خیانەتیش نەبێت لە دەق، ئەوا بریتی نییە لە دەقە ڕەسەنەکە، چونکە وەرگێڕان ئەوەیە تۆ بێی بە هەمان ئەو کەرستەیەی لە زمانە (لێوەرگێڕدراو)ەکە شیعرەکەی پێ هۆنراوەتەوە، شیعرێک لە زمانە (بۆ وەرگێڕدراو)ەکە بنیاتبنێیتەوە، ئەگەر ئەوە نەکرێ، ڕەنگە شیعرەکە شیعرێکی جوانتریش دەربچێ، بەڵام نابێتە وەرگێڕدراوی ئەو شیعرەی کە هی دەقە ڕەسەنەکەیە.

**کانیاو بووژانەوە،**

**بنار پڕ بوو لە جووڵە –**

**مێگەل زا**

**دبت الحياة في الينابيع،**

**السفوح اكتظت بالحراك –**

**موعد إنجاب قطيع الأنعام**

Springs revived,

Versants are filled with motion-

(مرواری، 2020: 40) Time for herds to give birth

کاتێک شیعرە کوردییەکە دەخوێنێتەوە، هەستدەکەی ئەوەی بەردەستت شیعرە و دیمەنێکی بەهاریمان پێشکەش دەکرێ، بەڵام لە وەرگێرانە عەرەبی و ئینگلیزییەکەدا، بە تایبەتی لە ڕستەی سێیەمیدا، هەست ناکەی ئەوەی دەیخوێنیتەوە ئەدەبیشە، نەوەک شیعر.

هەر ئەو جیاوازییە ئەدەبییەی نێوان دوو کۆمەڵگایە وا دەکات زۆرجار لەبری وەرگێرانی شیعرێک، شاعیر لە پەراوێزی شیعرەکەیدا دەنووسێت، ئەم شیعرەم بەکاریگەریی فلان شیعر نووسیوە، بەمەش هەم ئازادی دەداتە خۆی کە شیعرەکەی خۆی بەو شێوەیە بهۆنێتەوە کە دەیەوێ و هەم خۆشی لەو بابەتە ڕزگاردەکات کە تۆمەتبار بکرێ بەوەی شیعرێکی دزیوە، یان شیعرێکی بە خراپی وەرگێڕاوە.

دەقئاوێزان گرفتێکی ڕشتی دیکەیە کە لە کاتی وەرگێرانی شیعردا دێتە بەردەم شاعیر. دەقئاوێزان لە چەند ڕوویێکەوە دەبێتە کێشە بۆ وەرگێر، جاری وا هەیە دەقئاوێزانەکە هی دەقی زمانێکی دیکەیە و وەرگێڕدراوە، شاعیریش دێ و جارێکی دیکە وەریدەگێڕێتەوە بۆ سەر زمانی سێیەم، ئەمە بەشێکی زۆری واتا و جوانییەکەی لەدەستدەدات. جاریش وایە هی هەمان زمانی لێ وەرگێڕدراوە، بەڵام ئەو دەقئاوێزانە لە زمانی بۆ وەرگێڕدراودا هیچ واتایەکی نییە، یان هەمان ئەو واتایە نادا کە شاعیر بە مەبەستەوە وەریگرتووە. گواستنەوەی مەبەست و جوانییەکانی دەقئاوێزان پێویستی بە وەرگێرێکی زۆر لێهاتوو هەیە، بەڵام ئەوەندە بەس نییە و دەبێ وەرگریش "خاوەنی کارامەییەکی بەرزی زمانی بێ و زانیاریی زانستیی فراوانیشی هەبێ، تا ئامادەی بکا بۆ ئەوەی سەرچاوەی دەقئاوێزانەکە بزانێ جا ئایەتێکی قورئانی بێ یان دێڕە شیعرێک یان هێمایەکی ئەفسانەیی. هەروەک لەسەر وەرگێریش پێویستە لەڕێی ئاماژەکانی دەقئاوێزانەکە جۆری دەقەکە بپارێزێ و هەمان ئەو هەڵوێستەش بگوازێتەوە کە نووسەری دەقە ڕەسەنەکە ویستوویەتی لەڕێی دەقئاوێزانەوە بیگەیەنێ". (عائشە، ٢٠١٩: ١٩٧) ئەمەش بەو واتایە دێ کە هەردوولا، هەم وەرگێر و هەم خوێنەر، خاوەنی پاشخانێکی مەعریفیی باش بن، ئەمەش پرسەکە هێندەی دی سەخت دەکا، چونکە بابەتەکە تەنیا پەیوەندی بە وەرگێڕەوە نییە و خوێنەریش دەبێتە بەشێک لە پرۆسەکە.

### 4- بەربەستە ئەدەبییەکان لە ڕووی جوانیناسییەوە

هەنگاوی کۆتایی و ئەرکی هەرە دیاری وەرگێری شیعر بریتییە لە پاراستنی تەواوی ئەو جوانییەی لە دەقە لێوەرگێڕدراوەکەدا هەیە، بەڵام دووبارە ئەمەش کارێکی ئاسان نییە، چونکە "ئەرکە جوانیناسییەکەی کارەکە پێویستە تیشکبخاتەسەر جوانیی وشەکان، ڕەوانبێژی، زمانی خوازە ...هتد. (Hariyanto، ٢٠٠٣: ١٤). جوانی لەناو دەقی شیعریدا دابەش دەبێ و شتێکی بەرجەستە نییە کە بڵێین لێرەدا جوانی هەیە و لەم بەشەیدا نییە، هەرچەندە جارناجارێک هەست بەوە دەکەین مەزراندنی وشەیەک یان هونەرێک جوانتر کاری بۆ کراوە لە وشە یان هونەرێکی دیکە، بەڵام لە شێوە گشتییەکەیدا جوانی هی کۆی دەقەکەیە.

**ماندوو بووە،**

**لەسەر پەیژە پشوی دەدا .**

**بەفر**

مُتعَبٌ هو،

يأخذ قسطاً من الراحة على درجات السلم -

الثلج

He’s tired,

Takes a break on stair treads-

Snow (مرواری، 2020: 58)

لە دەقە کوردییەکەدا ئەم شیعرە پڕ وردەکارییە، دوو واتای جوانی هەن، یەکێکیان ئەوەیە بەفر ماندوو بووە و دەیەوێ پشوێک لەسەر پەیژە بدا و ئەوەی دیکەشیان (ئەو) کە کەسێکە، ماندوو بووە و دەیەوێ پشووێک بدات و بە هەمان شێوەش بەفر، بەڵام لە وەرگێڕانە عەرەبی و ئینگلیزییەکەدا تەنیا واتای دووەم گوازراوەتەوە و واتای یەکەم دیار نەماوە.

ئەمە ئەگەر بۆ فۆرم ڕاست بێ، ئەوا بۆ ناوەڕۆکیش ڕاستە و ئەوە هەر فۆرم نییە کە شیعر جوان دەکات، بەڵکو بەشێکی جوانییەکانی شیعر بەر ناوەڕۆک و پەیام و مەغزاکەی دەکەون، بۆیە گرنگە قەناعەت بەوە بکەین کە "بەها جوانیناسییەکان و حەقیقەتی شیعر خۆیان لە ڕێکخستنی وشە و دەنگەکان دەبیننەوە، هەروەها لە درککردنیشدا. ئەو بەها جوانیناسییانە واتایەکی سەربەخۆیان نییە، بەڵکو لەگەڵ واتا جیاوازەکانی دیکەی دەقەکە واتا دەدەن" (Hariyanto، ٢٠٠٣: ١٥ )، کەواتە بۆ وەرگێڕانی شیعر هەم لەبەرچاوگرتنی واتا و پەیامی شیعر گرنگە و هەموو وەرگێڕانی فۆرم و شێوەی شیعرەکە.

خاڵێکی دیکە کە وەرگێڕ پێویستە لە ڕووی جوانیی شیعرییەوە بەهەندی هەڵبگرێ، سەردەمی جوانییەکەیە، چونکە چێژی مرۆڤ گۆڕاوە و سەردەمێک شتێکی پێ جوانە و بە تێپەڕینی کات ئەو شتەی کە پێشتر پێی جوان بووە، لای کرێت دەبێ و دواتر جۆرێکی دیکەی شیعری لا جوان دەبێ، بۆیە وەرگێر دەبێ ئەمەی لەبەرچاو بێت کە ڕەنگە "شیعرەکە ڕەنگدەرەوەی چێژێکی جوانیناسانەی باو بێ لە ماوەیەکی دیاریکراوی مێژوودا و مەرج نییە ئەو کاتە بێ کە وەرگێڕ تێیدا بڕیار لەبارەی وەرگێڕانەکە دەدات"، (حداد، ٢٠٠٦: ٣٥٨) بۆیە ناکرێ وەرگێڕ بە چێژە جوانیناسییەکەی ئێستای شیعرێکی کۆن وەربگێڕێ و بە پێچەوانەشەوە.

### 5- بەربەستە کلتوورییەکان

بەربەستە کلتوورییەکان هەم پەیوەندییان بە وەرگێڕەوە هەیە و هەم بەو دەقەی وەریدەگێڕێ. ئەوەی پەیوەندی بە وەرگێڕەوە هەیە دووسەرەیە، جاری وا هەیە خۆی لەناو کلتووری زمانی (بۆ وەرگێڕدراو)دا پەروەردە بووە و شارەزاییەکی باشی لێی هەیە، بەڵام باش شارەزای کلتووری زمانی

(لێوەرگێردراو) نییە و جاری واش هەیە بە پێچەوانەیە. گرفتی کلتوور ئەوەیە دەبێت وەرگێر خۆی لەناو کۆمەڵگا کلتوورییەکە ژیا بێت، ئینجا بە تەواوی شارەزای هەموو کون و قوژبنەکانی دەبێت.

وەرگێران "دەروازەی پەرینەوەی نێوان شارستانیەت و کلتوورەکانە. وەرگێر هەروەک (پۆشکین)ی شاعیری رووس وەسفیان دەکا، ئەسپی رۆشنگەرین" (یمینە،٢٠١٧:٢١٥)، ئەم ناسناوە پر بە پێستی وەرگێری باشە، چونکە وەرگێری باش بابەت و دەقی باش هەڵدەبژێرێ و زۆرباش وەریاندەگێرێت. ئەم باشییەی وەرگێران کاتێک دێتە بەرهەم کە وەرگێری بابەتەکانی دیکە و "وەرگێری ئەدەبی زانیارییکی سۆسیۆ- کلتووری هەبێ تا رێ بە وەرگێر بدا خۆشییەکان و هەست و سۆز و خۆشەویستی یان هەر هەستێکی دیکە کە لەناو تێکستە رەسەنەکەدا هەیە، بگوازێتەوە". (یمینە، ٢٠١٧: ٢١٦) گواستنەوەی بەرامە و هەرچی هەست و سۆزی ناو شیعر هەیە، کارێکی ئاسان نییە، بەڵام ئەگەر وەرگێر لێهاتوو بێت، ئەوا بەسەر بەشێکی زۆری ئەو بەربەستانە زاڵدەبێت کە دێنە پێشی، هەرچەندە هەندێک بەربەستی کلتووری هەن تێپەڕاندنیان ئێجگار سەختە.

سەرچاوەی بەشێک لە ئاڵۆزییەکانی وەرگێران لە کلتوورەوەیە و لەبەرئەوەی کلتووریش هەمەرەنگە، بۆیە بەربەستە کلتوورییەکانیش زۆرن،" هەندێک دەربرین و زاراوە هەن کە لە توانادا نییە لابدرێن، بۆیە بەناچاری دەبێ گونجاوترینیان لە زمانی بۆ وەرگێردراو بۆ هەڵبژێردرێ تا هاوسەنگییەکە تێکنەچێ. بەکارهێنانی زاراوەی ناروون و شێوەزارێکی تایبەت بە گروپە خەڵکێک ئەمانە کێشەن بۆ وەرگێر، زۆرجاریش وشەکان کە بەکاردێن لە واتا فەرهەنگییەکەیان دووردەکەونەوە، بۆیە لەم حاڵەتەدا کۆنتێکستەکە لەبەرچاودەگیرێ". (Abdulkader، ٢٠١٩: ٢٨٦) هەڵبژاردنی وشەی گونجاو و لەبەرچاوگرتنی کۆنتێکستی دەق هۆکاری کەمکردنەوەی ئاڵۆزییەکانی دەقن، بەڵام بە دڵنیاییەوە "وەرگێرانی دەقی ئەدەبی، هەر بریتی نییە لە گەران بەدوای بەرانبەرەکە لە فەرهەنگی زمانیدا، بەڵکو بابەتەکە پەیوەندی بە درککردنێکی قوڵ و تێگەیشتن لە پێداویستییەکانی بارودۆخەکە هەیە". (یمینە،٢٠١٧: ٢١٤) ئەم تێگەیشتنەش زیاتر پەیوەندی بە هەموو ئەو رەهەندە کلتوورییانە هەیە، کە لە دەقەکەدا خراونەتەروو.

دیارترین ئەو رەهەندە کلتووریانەی کە زۆر بە زەقی دەبنە کێشە لە کاتی وەرگێران، ئەمانەن"

1 – کەسایەتییە مێژووییەکان.
2 – جلک و بەرگێکی دیاریکراو.
3 – خواردنێکی تایبەت.
4 – گۆرانی.
5 – هێما ئاینییەکان.
6 – پەند" (حداد، ٢٠٠٦: ٣٦١-٣٦٣) وەرگێرانی ئاماژەکان سەختە، ئەگەر ئاماژە زۆربن، دەکرێ وەرگێر لەسەرەتادا ئاماژە بە ئاماژەکان بدا. بەو واتایەی لە سەرەتای دەقەکە یان لە کۆتایی یان لە پەراوێزی دەقەکە روونکردنەوە لەبارەی ئەو چەمک یان دەربرینە بدا کە وەرگێر خۆی دڵنیایە وەرگرەکەی لێی تێناگا.

**بۆ مەلای دانەهێنا،**

**ئاهەنگی بەربەیانە .**

**مەستە شالوور**

**لم يخضع للمؤذن،**

**إنها حفلة السحر .**

**العندليب مخمور**

She doesn't give in to the muezzin,

It's dawn's party-

The boozy nightingale ( **مرواری، 2020: 53**)

بەکارهێنانی وشەی (مەلا) و گۆڕینی بە وشەی (مؤذن) تارادەیەک ڕێی تێدەچێ، بەڵام بەکارهێنانی هەمان وشە (muezzin) لە وەرگێڕانە ئینگلیزییەکەدا جۆرێک لە ئاڵۆزی بۆ خوێنەری تێکستەکە دروست دەکا و دەبێ بەدوای ئەوەدا بگەڕێ، مەلا و شالور چی بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە.

هەندێکی دیکە لەسەر ئەو باوەڕەن "کاتێک دوو زمان پاشخانە کلتوورییەکەیان بە تەواوی لەیەک جیاوازبێ، ئەوا وەرگێڕ ناچارە هەندێک لەو وشە و زاراوانەی دەبنە بەربەست لەبەردەم وەرگێڕان، لایان بدات" (Abdulkader، ٢٠١٩: ٢٨٦)، بەڵام ئەمە زۆر پەسند نییە، چونکە وەرگێڕان لە باشترین حاڵەتی خۆیدا بەشێک لە واتا و لە جوانییەکانی دەقەکە لەدەستدەدات، جا ئەگەر بێت و وەرگێڕ بەدەستی خۆی هەندێکی لێ لابدا و وەرینەگێڕێ، ئەوا ڕێژەی گواستنەوەی پەیام و جوانییەکانی دەقەکە زیاتر دەبێ و بە خراپی بەسەر وەرگێڕانەکەدا دەشکێتەوە.

بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین ڕخنەگر، بە تایبەتی لە شیعردا، نە کورتکردنەوەیان پێ پەسندە و نە درێژکردنەوە و نە لادان، بەڵام لە هەندێک حاڵەتدا نەرمی دەنوێنن، بۆ نموونە "ئەگەر هاتوو وەرگێڕ بەرەوڕووی هەندێک بنەمای عەقیدەیی بووەوە کە بێڕێزی تێدابێ بۆ ڕۆڵەکانی ئەو زمانەی وەرگێڕانەکەیان بۆ دەکرێ"، (حسن، ١٩٧٠: ٣٩) یان "هەندێک وشە هەن کە لە شیعرێک بەکارهاتوون، ڕەنگە لە کاتی وەرگێڕانیان لە زمانەکەی دیکەدا پەسند نەبن" (Abdulkader، ٢٠١٩: ٢٨٨)، لەمجۆرە بارودۆخانەدا وەرگێڕ دەکەوێتە نێوان دوو بەرداش، یەکێیان شیعرەکەیە و ئەوەی دیکەشیان کلتوور و کۆمەڵگا، ئەگەر ئەو بەشە وەربگێڕێ کە عەقیدە و باوەڕی وەرگرەکانی لەکەدار دەکا، ئەوا لای وەرگرەکانی کێشەی بۆ دروست دەبێ و ئەگەر وەریشیان نەگێڕێ، شیعرەکە نیوەچڵ دەردەچێ.

**سەحرایە،**

**نەدارێکی لێیە نە ئاو .**

**هەتیوی**

إنه صحراء،

لا شَجَرَ فيها ولا ماء .

اليُتْمْ

It’s the desert,

No trees no water-

Orphanhood (مرواری، 2020: 43)

لەم نموونەیەدا شاعیر وشەی (بیابان)ی بەکارهێناوە، کە لە شیعرە کوردییەکەدا شوێنی خۆی گرتووە و بێ کێشەیە، بەڵام لە عەرەبییەکەدا کە وەریگێڕاوە گرفت دروست بووە، چونکە لە شیعرە کوردییەکەدا خەسڵەتێکی خراپ دراوەتە پاڵ بیابان کە لە کۆمەڵگەی عەرەبیدا کارەکە بەمشێوەیە نییە و بیابان لای ئەوان شوێنی ژیان و زۆرجاریش شوێنی چێژوەرگرتنە.

بێجگە لەمانە شتی دیکەش هەن کە یان وەرناگێڕدرێن، یان ئەگەر وەریشبگێڕدرێن لە دەقە وەرگێڕدراوەکەدا واتایەکیان نابێت، لەوانە "پەند کە پەیوەستن بە کلتوورەوە و ناتوانرێ بە سەرکەوتوویی وەربگێڕدرێن بۆ سەر زمانێک کە کلتوورەکەی جیاوازبێت. بە هەمان شێوە ناوی گژوگیا و درەختەکان، باڵندە و مێشوولەکانی ناوچەیەکی دیاریکراوی جوگرافی، یان ساتێکی دیاریکراو لە مێژوودا، ئەمانە هەموویان ڕەنگە لە زمانی بەرانبەردا هاوشێوەیان نەبێت". (Abdulkader، ٢٠١٩: ٢٨٦)

**بەهاران،**

**بەیەکەوە شین دەگێڕن -**

**هەور و هەڵەبجە**

**في فصول الربيع،**

**يقيمان المأتم معاً -**

**السحاب ومدينة حلبجة**

In spring seasons,

They hold funeral ceremonies jointly-

Clouds and Halabja (مرواری، 2020: 43)

بەدڵنیاییەوە کاتێک تاکێکی کورد گوێی لە ناوی (هەڵەبجە) دەبێت، ئەو کاریگەرییەی ئەو ناوە لەسەری دروست دەکا، زۆر زیاترە لەو کاریگەرییەی کە لای عەرەب یان تورک یان فارسێک دروستی دەکا، بۆیە کاتێک ناوەکە وەردەگێڕدرێتە سەر یەکێک لەو زمانانە، ئەوا بەشێک لەو کاریگەرییەی لەدەستەدات و ئەمەش گرفتە لە وەرگێڕاندا، بەڵام گرفتێک کە هیچ تاوانی وەرگێڕی تێدا نییە.

## ئەنجام

1. ئەو بەربەستە زمانییانەی لە وەرگێڕانی دیوانی مرواریدا هاتوونەتە پێش وەرگێر، بریتین لە بەربەستی دەنگی و وشەی فرەواتا و هەبوون و نەبوونی ڕەگەز لە هەرسێ زماندا و لێڵی ڕستە و بەکارهێنانی شێوەزاری جیاواز.
2. بە شێوەیەکی گشتی فۆرم نەبووەتە بەربەستێکی ڕشت لەبەردەم وەرگێڕانی شیعردا، چونکە بە شێوازی هایکۆ نووسراوە، بەڵام لەوەی کە پەیوەندی بە سەرواوە هەیە، لە زۆر لەو هایکۆیانەی کە سەروادارن، وەرگێڕانەکەیان نە ئاسان بووە و نە نموونەییش.
3. ڕەگەزدۆزی و خوازە و درێژدادڕی و دووبارەبوونەوە دیارترین بەربەستی ڕەوانبێژین لە بەردەم وەرگێڕانی دیوانی مرواریدا.
4. بەربەستە جوانیناسییەکانی بەردەم وەرگێڕانی دیوانی مرواری خۆیان لە سەختیی وەرگێڕانی دیمەن و دەربڕین و وێنەی شیعری جوان دەبیننەوە کە لە زمانی کوردیدا هەم چێژبەخشن و هەم جوان، بەڵام لە زمانی عەرەبی یان ئینگلیزی بەو شێوەیە نین.
5. لە دیوانی مرواریدا هێمای ئاینی و ناوی شوێنی تایبەت و ناوی دار و گوڵ و پەلەوەری وا هەن کە بوونەتە بەربەستی ڕشت لە بەردەم وەرگێڕاندا، چونکە لە کلتوور و کۆمەڵگەی زمانی بەرانبەردا نین.

## سەرچاوەکان

### دیوان:


1. خۆشناو، سەربەست مەجید، (٢٠٢٠)، مرواری (هایکو)، چاپی یەکەم، چاپخانەی جەنگڵ، تاران.


### سەرچاوە بە زمانی عەرەبی:


2. حداد، سلمى د. (2006)، لماذا يعزف المترجمون عن ترجمة الشعر؟ حلول لمشاكل تناصية، مجلة جامعة دمشق، المجلد 22، العدد (3-4).
3. حسن، محمد عبدالغني، (1966)، فن الترجمة، الدار المصرية للتأليف والترجمة والنشر.
4. حسن، أ.د. عبدالحفيظ محمد، (1970)، قضية ترجمة الشعر، دار الثقافة العربية، القاهرة.
5. الزلزلي، د.حسن سرحان جاسم، (2013)، مشكلات الترجمة الادبية، دار المأمون للترجمة والنشر، بغداد.
6. عائشة، دوبالة، (2019)، تحديات ترجمة الشعر بين النظرية والتطبيق، مجلة الدراسات الثقافية واللغوية والفنية، العدد(4)، المانيا- برلين.
7. عوض، د.محمد، (1969)، فن الترجمة، معهد البحوث والدراسات العربية، مصر، 1969.
8. هارون، عبدالسلام، (1945)، تحقيق (الحيوان)، ج1، طبعة مصطفى البابلي الحلبي.

9. يمينة، د. بشى عجنال، (2017)، اشكاليات الترجمة الادبية في العصر الحديث، مجلة اشكالات، مجلد:6، عدد:3.

سەرچاوە بە زمانی ئینگلیزی:

10. Abdulkader, Thassim Beevi (2019), Difficulties and problems faced by the translator while translating poem/poetry, Vol. 19: January.
11. Hariyanto, Sugeng. (2003), Problems in Translating poetry, Indonesia.
12. Tisgam, Khalida H. (2014), Translating Poetry: Possibility or Impossibility?, J. of College of Education, Vol. 25(2).

**الملخص**

اذا قمنا بعمل احصائية بعدد المؤلفات المترجمة في اللغة الكردية الى اللغات الأجنبية، نجد أن النتيجة مؤسفة، ذلك أن عدد النصوص الأدبية المترجمة فيها مقارنة بما يزخر به الادب الكردي قليل. ويعود السبب في تنوع أساليب النصوص المترجمة الى نوعية الأدب المترجم، أو النص ذاته، أو في بعض ألاحيان الى المترجم نفسه.

ديوان (مرواری- لآليء) ترجم الى اللغتين العربية والانجليزية. وكان المترجم موفقا في مواضيع ولكن من مواضيع اخرى لم يوفق والسبب في ذلك هو الاختلافات اللغوية والثقافية والأسلوب الادبي للنص المترجم، مما افقد النص جماليته. ويعد هذا شيء طبيعي، ذلك ان ترجمة نصوص الشعرية تعد من اصعب انواع الترجمات. وبالتالي أدى الى فقدان خصائص نص الادبي عند الترجمة.

**Abstract**

If we count those pieces that have translated from Kurdish language to other foreign languages, the result will not be so hopeful, we see that the number of translated texts compare with richness of Kurdish literature are not much. The reason for the variety of styles of translated texts is due to the quality of the translated literature, the text itself, or sometimes to the translator himself.

(Mrwari-Pearls) as a Haiku poems translated into Arabic and English. The translator was successful in translating some texts, but in others no. The reason behind that is language, cultural and literary style of the translated text, which made the text lose its aesthetic. This is natural, as the translation of poetic texts is one of the most difficult types of translation. Consequently, it led to the loss of the properties of the literary text upon translation.

# وەرگێڕان بۆ منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا

## _ئەزموونی لەتیف هەڵمەت بە نموونە_

نێچیروان جاسم وەلی

زانکۆی سەلاحەددین_ کۆلیژی زمان

**پوختە:**

ئەدەب وەک بەشێکی بنەڕەتی لە ڕۆشنبیری و کلتووریی کۆمەڵگەکان پشکی گەورەی لە وەرگێڕان بەردەکەوێت. لەو نێوانەشدا ئەدەبی منداڵان وەک بەشێکی کارا و کاریگەری ئەدەب سوودی لە وەرگێڕان بینیوە. وەرگێڕانی بابەتە ئەدەبییەکانی منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا, بە بەراورد بە ئەدەبی گەوران کەمتر بایەخی پێدراوە, ئەو کەسە وەرگێڕانەی کار بۆ وەرگێڕانی بەرهەمە ئەدەبییەکانی منداڵان دەکەن لە پاڵ کاری گەوران و لە پەراوێزدا کاریان لە وەرگێڕانی بەرهەمە ئەدەبییەکان بۆ منداڵان کردووە. لەتیف هەڵمەت یەکێکە لەو کەسە وەرگێڕانەی, لە مەیدانی وەرگێڕان بۆ منداڵانیش ئەسپی خۆی تاوداوە و خزمەتی کردووە. بۆیە ئەم توێژینەوەیە لە بەرهەم و ئەزموونی وەرگێڕانی ئەو وەرگێڕە, لە وەرگێڕانی شیعر و چیرۆک دەکۆڵێتەوە و تاوتوێیان دەکات.

**وشە کلیلییەکان:** وەرگێڕان, ئەدەبی منداڵان, ئەدەبی کوردی, لەتیف هەڵمەت

**پێشەکی:**

ئەدەبی منداڵان وەک بوارێکی گرنگی ئەدەبی و ڕۆشنبیری لە دونیای ئەمڕۆدا پێویستییەکی زۆری بە وەرگێڕان هەیە, بە جۆرێک منداڵانیش وەک گەوران لە ڕێگەی ئەدەبەکەی خۆیانەوە, کەم تا زۆر ئاگادار و ئاشنای ئەدەب و ڕۆشنبیری و خەون و ڕوانینی منداڵانی نەتەوە و کلتوورەکانی دیکە دەبن. ئەدەبی منداڵانی کورد دەمێک ساڵە ویستوویەتی لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە پەنجەرەیەکی دیکە بەسەر ئەدەبەکەیدا بکاتەوە و لەوێوە دەنگ و ڕەنگی ئەدەبی منداڵانی میللەتانی تر بگەیەنرێت بە چاو و گوێی منداڵانی کورد. ئەوانەی لەم لایەنەوە هەنگاویان ناوە و هەوڵیانداوە, بە گشتی لە چوارچێوەی هەوڵی تاکەکەسی بووە, یەکێکیش لەو کەسانەی ڕۆڵی لەو بوارەدا هەبووە لەتیف هەڵمەتی شاعیرە, کە ویستوویەتی لە پاڵی شاعیری, وەک وەرگێڕێکیش خزمەت بە منداڵان بکات.

لەو سۆنگەیەوە ویستمان ئەم توێژینەوەیە, کە بە ناونیشانی (**وەرگێڕان بۆ منداڵان _ ئەزموونی لەتیف هەڵمەت بە نموونە**_)یە و تایبەت و تەرخان بکەین بۆ تاوتوێکردنی ئەزموونی لەتیف هەڵمەت وەک وەرگێڕی ئەدەبی منداڵان و تیشکخستنەسەر ئەو بەرهەمە ئەدەبییانەی بۆ منداڵانی کوردی وەرگێڕاوە و لە ڕووی ناوەڕۆک و ڕوخسارەوە شرۆڤەیان بکەین.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** سوود لە میتۆدی وەسفیی شیکاری وەرگیراوە, بە واتای ئەوەی ئەم بابەتە وەسفی دیاردەکانی بابەتی توێژینەوەکە دەکات, هەوڵی پێناسەکردنیان دەدات و دەیەوێت لە چوارچێوەی شیاوی خۆیدا دایبنێت. پاشان زانیارییەکانی ناو توێژینەوەکە شیدەکاتەوە و ئەو هۆکارانەی دەوری ئەو بابەتەیان داوە, ڕاڤەدەکات. تا بگات بە ئەنجامی خوازراو.

**سنوور و کەرەستەی توێژینەوەکە:** بریتییە لەو شیعر و چیرۆکە وەرگێڕدراوانەی لە کتێبی (دیوانی منداڵان)دا بڵاوبوونەتەوە.

**ئامانجی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت ئاوڕ بە لای بوارێکی گرنگی وەرگێڕان لە ئەدەبی کوردیدا بداتەوە, ئەویش وەرگێڕانە بۆ منداڵان. لەوێوە تیشکبخاتەسەر ئەزموونی لەتیف هەڵمەت وەک وەرگێڕێکی بواری ئەدەبی منداڵان.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی و دوو بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی لێکۆڵینەوە پێکهاتووە, بەم جۆرە:

بەشی یەکەم:

تەوەری یەکەم: چەمکی وەرگێڕان و ئەدەبی منداڵان

تەوەری دووەم: وەرگێڕان بۆ منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا_ کرمانجی ناوەڕاست

بەشی دووەم:

تەوەری یەکەم: ناوەڕۆک و ڕوخساری شیعرە وەرگێڕدراوەکان

تەوەری دووەم: ناوەڕۆک و ڕوخساری چیرۆکە وەرگێڕدراوەکان.

لە کۆتاییشدا ئاماژەمان بە گرنگترین ئەنجامەکانمان داوە و لیستی سەرچاوەکانمان تۆمار کردووە.

## بەشی یەکەم

## تەوەرەی یەکەم: چەمکی وەرگێڕان و ئەدەبی منداڵان

وشەی وەرگێڕان لە زمانی کوردیدا لە فەرهەنگەکاندا بەمجۆرە هاتووە: ((ئاوەژوکردنەوە, ژێروڕوکردن, پاچڤەکردن)) (هەژار, ١٣٨٤, ٩٢٠), هەروەها بە واتای ((هەڵگێڕانەوەی شت, تەرجەمەکردن)) (شێخ محەمەدی خاڵ, ٢٠١٧, ٦١٤) دێت.

سەبارەت بە چەمکی وەرگێڕان و پێناسەکردنی, ئەوا بە گشتی ئەم چەمکە وەک کردارێکی نێو زمان وێناکراوە, بۆیە لە پێناسەیەکی وەرگێڕاندا هاتووە, کە ((وەرگێران دیاردەیەکە لە دیاردەکانی زمانی ئادەمیزاد)). (یۆئیل یوسف, ١٩٨٤, ١٧) چیەتیی وەرگێڕان لە گواستنەوەی واتایە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە, بۆیە وەرگێڕان وەک پرۆسەیەک ((وەرچەرخاندنی هزرێکە بە زمانێک بۆ هزرێک بە زمانێکی تر, هەروەها وەرچەرخاندنی دەقێکە بە هۆی دەقێکی ترەوە لە پێناو بەدەستهێنانی ئاست و بەهای هونەریی دەقە بنەڕەتییەکە)). (پەروین عوسمان, ٢٠٠٩, ٢١) ئەم پرۆسەیە لە نێوان دوو زماندایە, بە واتای ئەوەی ((بریتییە لە چەمکێک لە زمانێکەوە_ کە پێی دەڵێن زمانی سەرچاوە ( Source Language) _ بۆ زمانێکی تر_ کە پێی دەڵێن زمانی مەبەست ( Target Language)_ بە چەشنێ کە لە باری فۆرم و پێوانەی زمانی و ڕێزمانییەوە, نزیکترین پەیوەندیی بە زمانی یەکەم (سەرچاوە)ی دەقەکەوە هەبێت)). (ڕەزا کەریم, ٢٠١٤, ١١) زمانی سەرچاوە ئەو زمانەیە کە دەقەکەی لێیەوە لێوەردەگێڕدرێت و زمانی مەبەست, ئەو زمانەیە دەقەکەی بۆ وەردەگێڕدرێت.

وەرگێڕان یەکێکە لە پایە گرنگەکانی بزاڤی زانستی و کلتووری و ڕۆشنبیریی هەر کۆمەڵگەیەک و پردی گواستنەوەی زانیاری و ئەزموون لە نێوان کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە ڕۆدەنێت,

لەبەرئەوەی لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە بە ((مێژوو و بە ئاسەوارە فیکری و فەلسەفی و هونەری و ئەدەبییەکانی ئەوانی دیکە ئاشنادەبین و وانەی مەعریفی و ئیبداعییان لێوە فێردەبین)). ( ئازاد بەرزنجی, ٢٠١٢, ٧) ئەمەش دەبێتە یارمەتیدەرێکی باش لە بنیادنانی گوتاری ڕۆشنبیری و کلتووری.

وەرگێڕانی دەقی بوارێک لە وەرگێڕانی دەقی بوارێکی دیکە جیاوازە. بە جۆرێک لە کاتی وەرگێڕانی بابەتێکی زانستی یاخود هزری زیاتر مامەڵە لەگەڵ زمانێک دەکەین, کە زاراوە و چەمکی زانستیی دیاریکراوی لەخۆیگرتووە و چوارچێوەی وەرگێڕان سنووردارە و ڕووبەری گوزارشتکردن تەسکە, بەڵام لە کاتی وەرگێڕانی دەقێکی ئەدەبی زیاتر ((ڕووبەڕووی زمانێک دەبینەوە کە بە پلەی ئەرکێکی ئیستاتیکی بەجێدێنێت. واتە تواناکانی زمان لە کاری ئیبداعیدا چڕدەبێتەوە و لە بالاترین شێوەیدا خۆی دەنوێنێت و لێرەدا زمان ئامرازێک نییە بۆ گەیاندنێکی ڕاستەوخۆی ئایدیا و چەمک, بەڵکو زمان خۆی دەبێتە ئامانجی خۆی)). (ئازاد بەرزنجی, ٢٠١٢, ١٦_١٧) ئەمە ئەوە دەگەیەنێت لە چوارچێوەی دەقی ئەدەبیدا ((وەرگێڕان کردارێکی زمانی و کارێکی ئەدەبییە)) (میشل ئۆستینۆف, ٢٠٠٧, ٧٥) و وەرگێڕان دەبێتە پرۆسەیەکی داهێنەرانە لای وەرگێڕ و لە داڕشتنەوەی دەقە وەرگێڕدراوەکە ڕەنگدەداتەوە.

ئەم جۆرە لە وەرگێڕان لە خانەی ڕێبازی وەرگێڕانی داهێنانکارییە, کە تێیدا وەرگێڕ ئەو هزر و ناوەڕۆکەی لە دەقی سەرچاوەدا هەیە وەردەگێڕێتە سەر زمانی ئامانج. ئەمەش هەر تەنیا گواستنەوەی واتا نییە لە نێوان هەردوو زمانەکەدا, بەڵکوو دەبێت وەرگێڕ سەلیقە و توانای ئەدەبیی خۆی بخاتە گەڕ و داهێنان لە دەقە وەرگێڕدراوەکە بکات, کەواتە ((بەرهەمهێنان و داهێنان دوو تەوەری بنچین لە وەرگێڕانی داهێناندا, هەر کاتێک وەرگێڕ بیەوێت بیر و بۆچوونی دەقی سەرچاوە بگەیەنێتە خوێنەر, دەبێت شارەزاییەکی باشی لەبارەی کەسایەتیی نووسەر و ئەو سەردەمەی نووسەری تێدا ژیاوە, هەبێت)) (پەروین عوسمان, ٢٠٠٩, ٩٣). ئەم جۆرە وەرگێڕانە بە گشتی تایبەتە بە ((تەرجەمەکردنی کاری ئەدەبی, جا هەرچییەک بێت, لە داستان و ئەفسانەوە بیگرە تا مەتەڵۆکە و لایلایە و بەند و باڵۆرە... تاد. بە بۆچوونی شارەزایانی جیهانی تەرجەمە, ئەم جۆرەیان بە باڵاترین و شکۆدارترین جۆری تەرجەمە دادەندرێت)) (فازیل شەورۆ, ٢٠٠٥, ١٦٠). ئەو داهێنانە لە وەرگێڕانی دەقە ئەدەبییەکاندا دەکرێت, جا ئەو دەقە وەرگێڕدراوە تایبەت بێت بە ئەدەبی گەوران یان هی ئەدەبی منداڵان بێت, ناخ و دەروون دەخرۆشێنن و چێژ و خۆشی و جوانی بە وەرگر دەبەخشن.

ئەدەبی منداڵان وەک بەشێک لە ئەدەب ((بریتییە لەو کۆمەڵە وتە جوانانە کە چێژ و خۆشییەکی پڕ مانا بە دەروونی منداڵان ببەخشێت و هۆش و سۆزیان بۆ لای ئەو مانایە ڕاکێشێت, ئیتر ئەو وتانە بە هۆنراوە و شیعر بن یان بە پەخشان)). (حەمەکەریم هەورامی, ٢٠٠٥, ١٥) ئەدەبی منداڵان ئەو بەرهەمانەیە هەست و سۆزی منداڵان بەرەو خۆی کێش دەکات و گوزارشت لە دونیا تایبەتییەکەی

ئەوان دەکات. ئەو ئەدەبەیە ((لە لایەن ئەو شاعیر و ئەدیبانەوە کە ئەزموون و تاقیکردنەوەی دەوڵەمەندییان لە بواری پەروەردەکردنی منداڵاندا هەیە و لە نزیکەوە بە هۆی کاری پەروەردەییی خۆیانەوە توانیویانە بە کونج و کەلەبەرەکانی ناخی منداڵاندا شۆڕببنەوە و دەزانن پێویستییە هەستی و نەستییەکانی زارۆکان لە کوێدایە, چی بۆ منداڵان دەنووسرێت)). (هیمدادی حوسێن, ٢٠٠٢, ٢١). کەواتە زۆر گرنگە وەک چۆن نووسەرانی ئەدەبی منداڵان پێداویستی و خواستە هەستی و نەستی و ژیرییەکانی ژیانی منداڵان لە نووسینی دەقە ئەدەبییەکاندا لەبەرچاودەگرن, بە هەمان شێوە گرنگە وەرگێڕەکانیش لە وەرگێڕانی دەقە ئەدەبییەکانی تایبەت بە منداڵان, ڕەچاوی تایبەتمەندییەکانی ئەدەبی منداڵان بکەن. دەکرێت گرنگترین ئەو تایبەتمەندییانەی لە وەرگێڕانی ئەدەبی منداڵاندا هەن لەم خاڵانەدا بخەینەڕوو:

١_ ئەو دەقە وەرگێڕدراوەی ئەدەبی منداڵان ((لەگەڵ بەهاکاندا بگونجێت و لە چوارچێوەی ئەو بەهایانەدا بێت کە لە ئەدەبی منداڵاندا پێڕەودەکرێن))، (حەمەساڵح فەرهادی, ٢٠١٣, ١١) ئەو بەهایانەش ((بریتییە لەو زانیاری و بیروباوەڕ و هونەر و ئەخلاق و یاسا و داد و نەریت و ئەو هەموو کردەوە و پیشە و خوو و ڕەوشتانەی کە مرۆظ لە کۆمەڵگەیەوە وەریان دەگرێت)). (یوئێل یوسف عەزیز, ١٩٨٤, ١٠٤) ئەمەش یەکێکە لە ئامانجەکانی وەرگێڕان بۆ منداڵان, کە زانیاری و کلتوور و ڕۆشنبیریی منداڵان لە کۆمەڵگەیەکەوە بگوازێتەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە. بۆ ئەم مەبەستە کۆمەڵێک بەها هەن و لە بابەتەکانی ئەدەبی منداڵان هەستی پێ دەکرێت, وەک بەهای زانستی, نیشتمانی, ئاکاری, کۆمەڵایەتی... هتد, بۆیە وەرگێڕی دەقی ئەدەبی منداڵان پێویستە ئەو بەهایانەی کۆمەڵگەکەی خۆی لەبەرچاو بێت و لە هەڵبژاردن و وەرگێڕانی دەقەکە ڕەچاوی بکات.

٢_ لە ڕووی زمانەوە ((بە زمانێکی پاراو بنووسرێت, واتە منداڵ زیاتر فێری زمانەکە بکات, نەک سەری لێ بشێوێنێت. وشەکانی ئاسان بن و لە فەرهەنگی منداڵانەوە هەڵقوڵا بن)). (حەمەساڵح فەرهادی, ٢٠١٣, ١١) وەرگێڕانەکە بە جۆرێک بێت, کە ڕوونی و ڕەوانی بە دەقەکەوە دیاربێت و ئەوەندە سیمای وەرگێڕانی پێوە دیارنەبێت, بە تایبەتی دەقەکە بۆ منداڵانە, وا دەخوازێت سادەیی لە زمانەکەدا و بێ گرێ و گۆڵی لە دەربڕیندا ڕەنگبداتەوە.

٣_ ئەو دەقەی وەردەگێڕدرێت ((لەگەڵ قۆناغەکانی گەشەکردنی منداڵدا بگونجێت))، (حەمەساڵح فەرهادی, ٢٠١٣, ١١) چونکە هەر قۆناغێک تایبەتمەندیی خۆی هەیە و پێویستیی خۆیشی هەیە. بە گشتی تەمەنی منداڵی دابەش دەبێت بۆ:

((أ_ لە سێیەمینساڵییەوە تا شەش ساڵی (قۆناغی سەرەتای منداڵیەتی)

ب_ لە شەش ساڵییەوە تاکو نۆ ساڵی (قۆناغی ناوەندیی منداڵیەتی)

پ_ لە نۆ ساڵییەوە تا دوازدە ساڵی (قۆناغی کۆتاییی منداڵیەتی))). (ئیبراهیم ئەحمەد شوان, ٢٠١٨, ١٤)

لەبەر ئەوە وەرگێڕ لە وەرگێڕانەکەی گرنگە جیاکاری لە نێوان ئەو قۆناغانەدا بکات و لە ڕووی زمان و داڕشتن و موفرەدات و واتاوە هەر کام لەو قۆناغانەدا بە هەند وەربگرێت, چونکە ئاستی گەشەی زمان و دەربڕین و گەشەی ژیری لە هەر کام لەو قۆناغانەدا جیاوازییان هەیە.

٤_ ئەگەر دەقەکەی زمانی سەرچاوە درێژ بێت, دەکرێت لە کاتی وەرگێڕانی بۆ زمانی ئامانج کورت بکرێتەوە, تا لەگەڵ سەلیقە و چێژی ئەدەبیی منداڵدا بگونجێت, ئەم جۆرە وەرگێڕانە لە چوارچێوەی وەرگێڕانی کورتکردنەوەیە و لە وەرگێڕانی کورتکراوەدا ((دەقە سەرچاوەکە کورت دەکرێتەوە بە لابردنی کەرەسە پێکهاتووەکانی نێو دەقەکە لە (وشە_ ڕستەکان) و بەخشینی ناوەڕۆکێکی واتایی بە دەقە کورتکراوەکە. وەرگێڕ ئەو دەقەی مەبەستیەتی کورتی دەکاتەوە, بەڵام دەبێت ناوەڕۆک و چەمکی بابەتەکە بپارێزێت)). (پەروین عوسمان, ٢٠٠٩, ٩٣) حەوسەڵە و توانای خوێندنەوە و گوێگرتنی منداڵ وەک گەوران نییە, بۆیە کاتێک وەرگێڕ هەستی بەوە کرد و بینی لە دەقی سەرچاوەدا درێژدادڕی کراوە و زیاد لە پێویست بابەتەکە درێژ بووەتەوە, ئەمەش دەبێتە هۆی وەڕەزبوونی وەرگری منداڵان, ئەوا دەقەکە کورتدەکاتەوە و لەمەش زیرەکی و لێهاتوویی وەرگێڕ دەردەکەوێت.

٥_ یەکێکی دیکە لەو لایەنانەی لە وەرگێڕانی بەرهەمە ئەدەبییەکانی منداڵان دێتە کایەوە و بە ئاستی خۆی خزمەت بە دەقە وەرگێڕدراوەکە و وەرگر دەکات, گۆڕینی ناوی پاڵەوان و کارەکتەرەکانی نێو دەقەکە و ناوی شوێنەکانی ناو دەقەکەیە, چونکە کاتێک ناوی پاڵەوانەکە لەو جۆرە ناوانە دەبێت, کە بە گوێی منداڵەکە ئاشنایە و لە کۆمەڵگەی خۆیدا هەیە, ئەوا ئەو کات منداڵ خۆی لە نێو دەقەکە دەبینێتەوە و سەرنجی ئەوە نادات دەقێکی وەرگێڕدراوە, بەڵکوو وا هەست دەکات لە بنەڕەتەوە دەقێکە بۆ ئەو نووسراوە. وەرگێڕی زیرەک و ئاگادار لە دونیای منداڵان جاری وا هەیە ئەو ناوانە دەگۆڕێت. هەروەها جاری وایە وەرگێڕ لە کاتی گۆڕینی دەقێک لە زمانی سەرچاوەوە بۆ زمانی مەبەست ژانری دەقەکە دەگۆڕێت, بە واتای ئەوەی ئەگەر ژانرەکە لە زمانی سەرچاوە چیرۆک بێت ئەوا وەرگێڕ لە زمانی مەبەست دەیکاتە شیعر. ئەمەش لەوەوە دێت وەرگێڕ پێیوایە ئەو جۆرە وەرگێڕانەی ئەو و داڕشتن و پێکهاتەی زمانی وەرگێڕانەکەی لەگەڵ ئەو ژانرەدا زیاتر گونجاوە, کە لە زمانی مەبەستدا بۆی هەڵبژێردراوە.

## تەوەرەی دووەم: وەرگێڕان بۆ منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا

ئەدەبی منداڵانی کورد وەک ئەدەبی گەوران بە ئەدەبی سەرزاری (فۆلکلۆری) دەستپێدەکات. لە ئەدەبی سەرزاریی کوردیدا کۆمەڵێک دەق بەرچاو دەکەون, کە تایبەتن بە منداڵان یاخود دەقەکان گوزارشت لە دونیای منداڵان دەکەن و سوود بە منداڵان دەگەیەنن ئەمانەش هونەرەکانی شیعر و پەخشان لە گۆرانی, یاری, مەتەڵ, حەکایەت, ئەفسانە... هتد لەخۆدەگرن و دەبنە بناغە و بنچینەیەک بۆ سەرهەڵدانی ئەدەبی نووسراو.

سەرەتاکانی سەرهەڵدانی ئەدەبی نووسراوی منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا بە ((ئەدەبی فێرکردن دەستی پێ کردووە)). (ئیبراهیم ئەحمەد شوان, ٢٠١٨, ٩٣) ئەم جۆرە ئەدەبە ئەدەبێکی گشتییە بۆ گەوران و منداڵان نووسراوە و بە مەبەستی فێرکردن نووسراوە و بە زۆری لە قاڵبی هۆنراوە (نظم)دایە و ((مەبەستە گشتییەکەشی فێرکردنە و هەر کەسێک ئومێد دەکا تێی بگات, چونکە لە بازنەی سوودبەخشین و ڕەواییدا دەخولێتەوە. پرۆسەی سوودوەرگرتن لە ڕێگەی ئەزبەرکردن یان گوێگرتن ئەنجامدەدرێت, بۆ ئەوەی ئاستی ڕۆشنبیریی وەرگری پێ بەرز بکرێتەوە)). (ئەحمەد قەرەنی, ٢٠٠٨, ٢٨) ئەوەی لەم جۆرە هۆنراوەیەدا بە ئامانج دەگیرێت فێرکردنە, لەبەرئەوەی فێرکردنیش لە تەمەنی منداڵییەوە دەستپێدەکات, بۆیە شاعیرانی کورد بیریان لە نووسینی چەشنێک هۆنراوە کردەوە لە پاڵ ئەوەی ئەرکی فێرکردن بەدیدەهێنێت, بە پلەی یەکەم بۆ منداڵانیش نووسرابێت, بۆیە یەکێک لەو بەرهەمە پێشەنگانەی لە خانەی ئەدەبی فێرکردندایە (((نەوبەهارا بچووکان)ی ئەحمەدی خانییە, کە لە ١٠٩٤ی کۆچی بەرانبەر ١٦٨٣عیسایی بە شیعر هۆنیویەتییەوە و بریتییە لە فەرهەنگێکی عربی_ کوردی بۆ ئەوەی مناڵانی کوردی پێ فێری زمانی عەرەبی بکات))، (ئیبراهیم ئەحمەد, ٢٠١٨, ٦٥) ئەوەتا خانی دەڵێت:

(زوج و رجل) چ مێر و ژن (مرأة)ە و (زوجة)ە و (نسا)

(والد) بابە, و (والدة) دا, و (شقیق) و (أخ) برا   (تەحسین ئیبراهیم, ٢٠١٨, ١٨)

هەر لەو چوارچێوەیەدا بەرهەمێکی دیکە هەیە, کە لە خانەی شیعری فێرکردن (هۆنراوە)دایە, ئەویش فەرهەنگی (ئەحمەدی)یە, کە شێخ مارفی نۆدێ بۆ کاک ئەحمەدی کوڕی نووسیوە, سەرەتای فەرهەنگەکە بەمجۆرە دەستپێدەکات:

(( (رأس) سەرە (عین) چاوە

(بدن) قالب (إسم) ناوە

(أنف) لوتە (حاجب) برۆ

(فخذ) ڕانە (ركبة) ئەژنۆ )) (مەحموود ئەحمەد محەمەد, ٢٠١٥, ١٨)

ئەم دوو فەرهەنگە, کە لە خانەی ئەدەبی فێرکردندانە و سەرەتایەکن بۆ دەستپێکردنی ئەدەبی منداڵانی کورد.

لە سەرەتاکانی سەدەی بیستدا, لەگەڵ نوێکردنەوەی ئەدەب و شیعری کوردیدا, ئەدەبی منداڵانیش ڕێچکەی تایبەتی خۆی وەرگرت, لە گۆڤاری کوردستان لە ئەستەنبوڵ (١٩١٩) ((بۆ یەکەمجار شاعیرێک بە ناوی (زینۆ) پارچە شیعرێک بە ناونیشانی (دەلالیا زارۆکان) بۆ منداڵان دەنووسێت)). (ئیدریس عەبدوڵلا, ٢٠٠٤, ٢٧) سەبارەت بە چیرۆکی منداڵان، ئەوا بۆچوونێک پێیوایە: ((یەکەم چیرۆک بۆ منداڵان نووسرابێت چیرۆکی (کەڵەکۆک)ە لە نووسینی (عیسا عەلی)، ئەو چیرۆکە ساڵی ١٣٤٥کۆچی لە یەکی شەعبانی (١٩٢٤) لە چاپخانەی زاری کرمانجی چاپکراوە)) (نەوزاد عەلی, ٢٠٠٦, ٣٦). کەواتە لە بیستەکانی سەدەی ڕابردووەوە ئەدەبی منداڵانی کورد وەک نووسین لە ئەدەبی کوردیدا دەرکەوتووە و ڕۆژنامەگەریی کوردی لەو لایەنەوە ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لە بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکان و بووەتە سەکۆیەک بۆ نیشاندانی ئەدەبەکە.

سەرەتاکانی ئەدەبی وەرگێردراو بۆ منداڵان و بە تایبەتی شیعری وەرگێردراو بۆ منداڵان لای ئەو شاعیرانە دەردەکەوێت, کە شیعریان بۆ گەوران نووسیوە, لەوانە:

پیرەمێرد (١٨٦٧_١٩٥٠) چەند شیعرێکی بۆ منداڵان وەرگێڕاوە و شیعرەکان لە فۆرمی چیرۆکە شیعرن و درێژن و لە یەکێک لە شیعرەکاندا، کە بە ناونیشانی (مەیموون و دارتاش)ە, دەڵێت:

((پیاوێکی دارتاش مەیموونێکی بوو

بۆ هەموو ئیشێک لەگەڵیا ئەچوو

هۆگری بووبوو لای هەڵوەستابوو

مەیموون شاگرد بوو دارتاش وەستا بوو)) (محەمەد ڕەسوول هاوار, ٢٠٠٧, ٤٠٩)

ئەو زمانەی پیرەمێرد پێی وەرگێڕاوە, زمانێکی ڕوون و کوردییەکی پەتییە, ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئەو زمانەیە, کە لە نووسینی شیعر و وەرگێڕانی بۆ گەوران بەکاریهێناوە.

زێوەر (١٨٧٥_١٩٤٨) ئەم شاعیرە جگە لەوەی شیعری جۆراوجۆری بۆ گەوران نووسیوە, بەڵام لە بواری وەرگێڕان بۆ منداڵانیش, یەکێکە لەو وەرگێڕە پێشەنگانەی ڕۆڵێکی بەرچاوی بینیوە, لەو بارەوە دەڵێت: ((لە کتێبی "سیر الأطفال" حیکایەتی منداڵان و هێندێ کتێبی (قرائة)م تەرجەمە کردووە بە کوردی

هەواڵنامەی کتێب

بۆ هەموو منداڵانی مەکتەب, لازمە ئەم شیعرانە لەبەر بکەن, چونکە نەصیحەت و ئەخلاق تەئسیر لە رۆحیش ئەکا و گەورەش ببی ئەو تەئسیرە هەر ئەمێنێ)). (مەحموود زێوەر, ٢٠٠٩, ٢٣١) زێوەر مەبەستی وەرگێرانی ئەو شیعرانەی, کە بۆ منداڵان وەریگێراوە دەخاتەڕوو, کە بۆ کتێبەکانی قوتابخانە وەری گێڕاوە لەو لایەنەوە نزیکەی ٣٠ شیعری بۆ منداڵان وەرگێڕاوە. لە یەکێک لەو شیعرانەدا, کە بە ناونیشانی (باوک)ە, دەڵێت:

((ئەی بابە ئەی نوور نەظەر

زۆر حەقی تۆم کەوتووەتە سەر

هەر تۆی کە داوتە تەربییەم

دائیم بە صەد خوێنی جگەر)) (مەحموود زێوەر, ٢٠٠٩, ٢٣١)

لەم شیعرەدا دەبینین بەشێکی بەرچاوی وشەکانی عەرەبییە و لە زۆربەی شیعرەکانیش هەر بەو جۆرەیە, چونکە زمانی باوی نووسینی ئەو سەردەم و هەروەها زمانی نووسین بۆ منداڵانیش تێکەڵەیەک بووە لە کوردی و زمانانی دیکە بە تایبەتی عەرەبی.

بێکەس (١٩٠٥_ ١٩٤٨) ئەم شاعیرە جگە لەوەی شیعری بۆ منداڵان نووسیوە, شیعریشی بۆ منداڵان وەرگێڕاوە, کە لە فۆرمی ئۆپەرێتدایە بە ناونیشانی (شوان و مەڕەکانی) و وەرگێڕ دیالۆگی لە نێوان شوان و مەڕەکاندا دروستکردووە, ئەمەش خولقاندنی کەشێکی ئەدەبییە, کە لەگەڵ حەزی منداڵان یەک دەگرێتەوە:

((شوان:

مەڕەکانم چەند جوانن

چەند بە کەڵک و بەسەزمانن

بڕۆن... بڕۆن... بۆ ئەولایە

زۆر لەوەڕی چاکی تیایە)) (محەمەد مەلا کەریم, ٢٠١١, ١٨٩)

بەختیار زێوەر (١٩٠٨_١٩٥٢) ئەم شاعیرەش جگە لەوەی خۆی شیعری بۆ منداڵان نووسیوە, کۆمەڵێک شیعری بۆ منداڵان وەرگێڕاوە. بەختیار زێوەر ناوی ئەو شاعیرانەی نووسیوە, کە شیعرەکانیانی وەرگێڕاوە. شاعیر شیعری (كرتي ما احلاها)ی محەمەد بەهجەت ئەسەری وەرگێڕاوە, کە لە وەرگێڕانیدا دەڵێت:

((تۆپەکەم شیرینە شکڵی

شەکرە سێویکە خڕ و جوان

سێوەکە ئەخورێ بەلام ئەو

بۆ گەمە ئەیهێنمە مەیدان)) (مەحموود زیوەر, ٢٠٠٣, ٥٥)

دلدار (١٩١٨_١٩٤٨) شیعرێکی بە ناونیشانی قەل و ڕێوی وەرگێڕاوە و وەک خۆی لە دیوانەکەی نووسیویەتی:

((یەک لە پەندە خۆشەکانی ((لاظۆنتین)) شاعیری ئێسک سووکی فەرەنسەییە کردوومە بە کوردی

ڕۆژێ لە ڕۆژاندا قەلێ

ڕاوەستابوو لەسەر چڵێ

سەلکێ پەنیری لە دەنووک

گرتبوو, بیخوا لە هەلێ)) (عبدالخالق علاءالدین, ١٩٨٥, ١٩٠)

سەبارەت بە وەرگێرانی چیرۆک بۆ مندالان لەم لایەنەوە ڕۆژنامەگەری ڕۆلێ گرنگی بینیوە. لەوانە: لە گۆڤاری دەنگی گێتیی تازە حسێن حوزنی موکریانی چیرۆکێکی مندالانی بە دەستکارییەوە بە ناوی (جوجەڵە)وە لە سالی ١٩٤٤ وەرگێڕاوە و بلاویکردووەتەوە. (شوکریە ڕەسول, ٢٠٠٣, ١٦١)

لە کۆتاییەکانی دەیەی شەستی سەدەی ڕابردوو, چیرۆکی مندالان بە شێوەی کۆمەڵە چیرۆک کەوتە بەر دیدی مندالان ئەویش لەو کۆمەڵە چیرۆکەی ((نووسەرەکەی (ئەنگیل کرالیچیف)ە, لە بولغارییەوە کراوە بە تورکی و مامۆستا شوکور مستەفا لە تورکییەوە کردوویەتی بە کوردی. بریتییە لە (١١) چیرۆک لەسەر ڕووی (٨٦) لاپەڕە نووسراوە)) (محەمەد ڕەحیم, ١٩٨٤, ٧٨). پاشان لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو بلاوکردنەوەی چیرۆکی وەرگێردراو تەکانێکی باشی بەخۆیەوە بینی, لەوانە: بلاوکردنەوەی چیرۆکی (گورگ و سەگ)ە کە صەباح غالب کردوویەتی بە کوردی. (ئاریان ئیبراهیم, ٢٠٠٥, ٤٧٤) هەر لەو سالانەدا گۆڤاری بەیان لە سەرەتای دەرچوونییەوە گۆشەیەکی تایبەتی هەبوو بە ناوی (چیرۆک بۆ مندالان), نووسەری ئەو گۆشەیە (ن. ع) بوو لە هەموو ژمارەیەک چیرۆکێکی بەکەڵکی وەرگێڕاوە. (محەمەد ڕەشید, ٢٠٠٩, ٢٩)

لەو سالانە نووسەرانی وەک: فەرەیدوون عەلی ئەمین, موحسین جوامێر, عەزیز گەردی... هتد چیرۆکیان بۆ مندالان وەرگێڕاوە.



هەوالنامەی کتێب

ئەوەی جێگەی سەرنجە هەرکام لەو کەسە وەرگێڕانە زیاتر خەریکی وەرگێڕانی ژانرێک بوون و لەو بوارەدا خۆیان قاڵ کردووەتەوە و پێی ناسراون.

## بەشی دووەم

ئەو بەرهەمانەی لەتیف هەڵمەت (*) بۆ منداڵانی وەرگێڕاوە لە دوتوێی کتێبێکدا بە هاوبەشی لەگەڵ بەرهەمە داهێنراوەکانی خۆی بە ناوی (دیوانی منداڵان) بڵاویکردووەتەوە. ئەم کتێبە شیعر و چیرۆکە وەرگێڕدراوەکانی لەخۆگرتووە. لە ڕووی فۆرمەوە جیاوازن, هەیانە درێژە و هەشیانە کورتە. لە لایەنی ناوەڕۆک و مەبەستیشەوە هەمەڕەنگی پێوە دیارە, ئەمەش بۆ شارەزایی و ئەزموونی وەرگێڕ دەگەڕێتەوە, کە وەرگێڕ پێش ئەوەی وەرگێڕ بووبێت, شاعیری منداڵان بووە و بە جۆرێک ئاوێتە و ئاوێزانی دونیای منداڵان بووە, کە خۆی دەڵێت ((بەشێکی زۆری منداڵیتیم لە ناخی خۆمدا پاراستووە, لەو ڕوانگەیەوە کەوتمە نووسین بۆ منداڵان, نابێت لە ڕوانگەی گەورە بۆ منداڵ بنووسین, دەبێت لە ڕوانگەی منداڵیی خۆمانەوە بۆ منداڵ بنووسین, هەرچیم بۆ منداڵ نووسیوە لە ڕوانگەی منداڵیی خۆمەوە نووسیومە و بوومەتەوە بە منداڵ)). (شەمێران سلێمان, ٢٠١١, ٧٩) ئەم جۆرە مامەڵەکردنەی لەتیف هەڵمەت لەگەڵ بەرهەمی داهێنراوی خۆی, لە وەرگێڕەکانی بۆ منداڵانیش ڕەنگیداوەتەوە. هەوڵیداوە تەنیا بە شێوەیەکی ئاسایی دەقەکان وەرنەگێڕێت, بەڵکوو لە بەرهەمهێنانەوە و داڕشتنەوەی دەقەکاندا داهێنان بکات, ئەمەش چ لە دەقی شیعری بێت, یان لە دەقی چیرۆک بێت.

## تەوەرەی یەکەم: ناوەڕۆک و ڕوخساری شیعرە وەرگێڕدراوەکان

وەرگێڕ لە وەرگێڕانی شیعرێکدا بە ناونیشانی (ئاسمان), کە هی منداڵێکی (٩) ساڵانە, بەمجۆرە وەری گێڕاوە:

((ئاسمان هەتا بڵێی بەرزە

زستان هەر بارانە و تەرزە

ئاسمان هەتا بڵێی شینە

هاوین هەتاوی بەتینە)) (لەتیف هەڵمەت, ٢٠١٣, ١٦٩)

وەرگێڕ دەقێکی هەڵبژاردووە بە دونیای منداڵاندا ئاشنایە و ئەو دیاردە سروشتییانەی لە ژینگەی چواردەوری منداڵدایە و شاعیر لەسەر بنەمای کێشی هەشت بڕگەیی (٤+٤) هۆنیوەتەوە و مۆسیقای خۆشیی بە شیعرەکە داوە.

یەکێک لەو شیعرە وەرگێڕدراوانەی وەرگێڕ, کە سەلیم بەرەکات نووسیویەتی, وەرگێڕ بە ناونیشانی (نێرگز) وەری گێڕاوە. ژانری دەقی زمانی سەرچاوە (چیرۆک)ە, بەڵام وەرگێڕ لە زمانی مەبەست لە چوارچێوەی شیعر (چیرۆکە شیعر) داڕشتووەتەوە و ناواخن و واتای گشتیی دەقی چیرۆکەکەی کردووە بە شیعر. ئەمەش لە ڕووی ڕێبازی وەرگێڕانەوە بە وەرگێڕانی واتایی دادەنرێت, کە لەم جۆرە وەرگێڕانەدا ((چەمک و ناوەڕۆک و واتای گشتیی دەقە سەرەکییەکە بۆ زمانی ئامانج وەردەگێڕدرێت)). (پەروین عوسمان, ٢٠٠٩, ٩٠) وەرگێڕ لە سەرەتاکەی بەمجۆرە دەستپێدەکات:

((نێرگز کچێکی جوان بوو

قژ درێژ و نیان بوو

تەواو لەخۆبایی بوو

هۆگری بوغرایی

وتی جوانترم لە گوڵ

لە باڵندەی پۆپەی چڵ)) (لەتیف هەڵمەت, ٢٠١٣, ١٨١)

وەرگێڕ باسی لەخۆباییبوون و خۆبەگەورەزانینی کردووە و سەرزەنشتی ئەو کردار و ڕەفتارەی کردووە. وەرگێڕ جگە لەوەی دەقەکەی وەرگێڕاوە و ناوی نێرگزیشی بەکارهێناوە, کە ناوێکی کوردییە, ئەمەش بۆ ئەوەی منداڵ زیاتر هەست بەوە بکات, کە دەقەکە دەقێکی خۆماڵییە. هەرچەندە تێبینی ئەوە دەکەین چەمکەکانی لەخۆباییبوون و بوغرایی لە فەرهەنگی ئاوەزی منداڵدا تەواو ڕوون نییە، بۆیە باسکردنی نەشیاوە، یان دەبوو لە شیعرەکەدا بە شێوازی منداڵانە سەرزەنشتی لەخۆباییبوونی تێدا بوایە, هەروەها زمان و شێوازی شیعرەکەش هی منداڵ نییە, بەڵام لەبەرئەوەی شیعرەکە وەرگێڕاوە و شاعیر زیاتر گرنگیی بە گەیاندنی مانا داوە و کەمتر بە لای داڕشتن و پێکهاتەی شیعرەکەوە چووە, بۆیە شیعرەکە بەم جۆرە کەوتووەتە بەرچاوان.

وەرگێڕ لە وەرگێڕانی شیعرێکی وەرگێڕدراوی دیکە بە ناوی (ماڵ) دەڵێت:

وتمان ماڵی حاجی لەقلەقە ئەمە

ماسیمان دی لە ئاودا دەکا گەمە

وتمان ماڵی ماسی لە ڕووباردایە

ماڵی گوڵیش لەسەر لقی داردایە)) (لەتیف هەڵمەت, ٢٠١٣, ٤٣٨)

ناوەڕۆکی ئەم شیعرە گوزارشت لە دونیای منداڵان دەکات, بەوەی باس لەو ئاژەڵانە دەکات, کە لای منداڵ خۆشەویستن. لە ڕووی زمان و دەربڕینەوە وشەکان بە دونیای منداڵ ئاشنان. وەرگێڕ وشە و ڕستە شیعرییەکانی بە جۆرێک داڕشتووە, کە سیمای وەرگێڕانی پێوە دیار نەبێت و ڕستە شیعرییەکان وا نووسراون, کە سەلیقە و ئەزموونی شاعیری پێوە دیارە.

وەرگێڕ جگە لە وەرگێڕانی ئەو شیعرانەی, کە گەوران بۆ منداڵان نووسیویانە, کۆمەڵێک شیعریشی, کە منداڵان بۆ منداڵان نووسیویانە, وەریگێڕاون. وەرگێڕ شیعری (خۆر حەزی لە گاڵتە نییە), کە منداڵێکی تەمەن شەش ساڵان بە ناوی (سیسل) نووسیویەتی بەم جۆرە وەریگێڕاوە:

خۆر پیر بووە

تیشکەکەی ڕەنگە زەردەکەی خۆی

لەدەستداوە

لەبەر ئەوەی حەزی لەوە نییە

گاڵتەی پێ بکرێ

لە جۆشی تووڕەیی دا

سوور هەڵگەڕاوە )) (لەتیف هەڵمەت,٢٠١٣, ٤٩١)

وەرگێڕ لە وەرگێڕانی ئەو شیعرانە بە پلەی یەکەم جەختی لەسەر گواستنەوەی مانا کردووەتەوە, واتە ئەوەی پێی دەوترێت شیعری سەروادار, بەو جۆرە داینەڕشتووە, بەڵام لە وەرگێڕانی ئەو دەقەدا, جگە لەوەی توانیویەتی بە جوانی واتاکە بگەیەنێت, لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕووی ڕوخسارەوە وشەکانی (لەدەستداوە, سوور هەڵگەڕاوە), کردووە بە سەروا, کە جۆرێک لە مۆسیقای بە شیعرەکە داوە.

لە شیعرێکی دیکەی وەرگێڕدراودا, کە منداڵێکی تەمەن حەفت ساڵان بە ناوی (ئەلیکسەندەر) نووسیویەتی و وەرگێڕ بە ناونیشانی (ئارەزوو) وەریگێڕاوە:

((زۆر حەز دەکەم

لە هەورێکدا بژیم

ماڵەکان

کێڵگەکان و

دەریاکان

دەبینم

خەڵک زۆر بە بچکۆلەیی دێنە بەرچاوم)) (لەتیف هەڵمەت,٢٠١٣, ٥٠١)

ئەو وێنەیەی لەو شیعرەدا خراوەتەڕوو وێنەیەکە گوزارشت لە دونیای منداڵان دەکات, لەبەرئەوەی وەرگێڕ وای دەبینێت منداڵ ((حەزی لەوەشە بڵێی منداڵێک سواری پاسکیلێک بوو و پاسکیلەکە لە خۆیەوە فڕی بە ئاسماندا)). (شەمێران سلێمان, ٢٠١١, 80) بۆیە ئەو وێنە خەیاڵییە بەشێکە لە حەز و خولیای منداڵان و هەروەها بۆ گەورانیش دەشێت و ئەوانیش بە هەمان شێوە مەیلیان بۆ ئەو وێنە شیعرییانە هەیە.

هەواڵنامەی کتێب

**تەوەرەی دووەم: ناوەڕۆک و ڕوخساری چیرۆکە وەرگێردراوەکان**

وەرگێڕ جگە لە وەرگێڕانی شیعر بۆ منداڵان, چیرۆکیشی بۆ منداڵان وەرگێڕاوە. ئەو چیرۆکانەی هەڵیبژاردوون, ڕەنگدانەوەی خەون و خولیاکانی منداڵانە و لە ژینگەی منداڵەوە سەرچاوەیان گرتووە. وەرگێڕ لە چیرۆکێکی وەرگێڕدراو بە ناوی (منداڵ و باران) بەم جۆرە لە پێشەکییەکەیدا هاتووە:

((ئەحمەد منداڵێک بوو هەتاو و چۆلەکە و هەور و درەختی خۆشدەویست, خۆر زەوی ڕووندەکاتەوە, چۆلەکە دەفڕێ و گۆرانی دەڵێ: هەور باران دەبارێنێ درەختیش منداڵ دارینەن و سەرێکی سەوز و جوانیان هەیە, زستان و هەورە ڕەشە پڕ لە بارانەکانی هات.

زەوی بە هەوری گوت: خاک و خۆڵەکەم زۆر تینووە و زۆریش پێویستی بە بارانەکەتە.

گوڵەباخ وتی: ئەگەر بێتو باراناوێکی زۆر نەخۆمەوە گوڵم ناپشکوێ.

چۆلەکە وتی: بارانەکەت پەڕ و باڵم دەشۆرێ و دەمبزوێنێ)) (لەتیف هەڵمەت, ٢٠١٣, ١٢٣)

وەرگێڕ لەو وەرگێڕانەی, لە ڕووی زمان و دەربڕینەوە بێ گرێ چیرۆکەکەی بۆ منداڵان دارشتووە. هەروەها لە ڕووی ناوەڕۆکەیشەوە ئەو دیاردانەی لە چیرۆکەکەدا هاتوون لە هەتاو و چۆلەکە و زەوی

و گوڵەباخ... هتد لە سنووری و دونیای منداڵاندایە و لەبەرچاوی منداڵن و بە منداڵ ئاشنان, بۆیە منداڵ دەتوانێت بە ئاسانی وەریانبگرێت و خۆی تیدا ببینێتەوە.

چیرۆکێکی دیکە, کە وەرگێڕ وەریگێڕاوە بە ناونیشانی (جوتیار و هەژدیها)یە. وەرگێڕانی چیرۆکێک بەم ناونیشانە لە لایەن منداڵەوە سەرنجڕاکێشە و وای لێ دەکات حەزی لە خوێندنەوە و گوێگرتنی بێت. سەرەتای چیرۆکە وەرگێڕدراوەکە بەمجۆرە دەست پێدەکات:

((جوامێر جوتیارێکی ئازا و چاونەترس بوو... ڕەنگی لە ڕەنگی ئەو خاکە دەچوو کە دەیکێڵا, دەست و بازووشی لەو داربەڕووانەی دەکرد کە لە نێوان تاشە بەردی شاخەکاندا دەڕوێن)) (لەتیف هەڵمەت, ٢٠١٣, ٢٠٤).

بە سەرنجدان لە سەرەتاکەی چیرۆکەکە تێبینی ئەوە دەکەین, وەرگێڕ لە وەرگێڕانی چیرۆکەکە و داڕشتنەوەی بە زمانی کوردی (زمانی مەبەست) داهێنانی کردووە, چیرۆکەکەی بەرهەمهێناوەتەوە و تایبەتمەندیی کوردی پێ بەخشیوە, بە جۆرێک ناوی پاڵەوانی چیرۆکەکەی ناو ناوە (جوامێر) و هەروەها ئەو سروشتەی باسی کردووە ڕەنگدانەوەی سروشتی کوردستانە لە نموونەی (داربەڕوو) و (تاشەبەردی شاخ).

هەر لەم چیرۆکە وەرگێڕدراوەدا باسی ئەفسانە کراوە وەک لە چیرۆکەکەدا هاتووە ((شەڕی جوامێر و هەژدیها چەند هەفتەیەکی خایاند... هەر چەند سەرێکی دەپەڕاند سەرێکی دیکە لە جێگەی سەرەبڕاوەکە دەڕوایەوە... جوامێر چونکە تەنیا بوو ماندووبوو هەژدیهای حەوت سەر هەلی وەدەست هێنا و کەڵبەی لێگیرد)) (لەتیف هەڵمەت,٢٠١٣, ٢٠٥). وەرگێڕ پێی وایە ناوەڕۆکی ئەم چیرۆکە وەرگێڕاوە لەگەڵ بیر و دەروونی منداڵدا کۆک و تەبایە, بۆیە دەڵێت: ((منداڵ بوونەوەرێکە مێشک و دەروونی بۆ ئەوە دەشێت لەگەڵ هەموو زانست و باروودۆخەکاندا بگونجێ لەبیرمان نەچێ منداڵ ئەفسانەی زۆر پێ خۆشە)). (شەمێران سلێمان, ٢٠١١, ٨٠)

وەرگێڕ لە چیرۆکێکی دیکە, کە بە ناونیشانی (گەڕانەوەی مەل) وەریگێڕاوە, باس لە مەلێک دەکات, کە ڕەشەبا پەڕەکانی هەڵوەراندووە و باڵندەیەکی گۆشتخۆر هێرش دەکاتە سەری و ئەو مەلە بەرگریی لە خۆی دەکات تا هاوڕێکانی دەگەنە فریای, بۆیە وەرگێڕ لە چیرۆکەکەدا وەها هاتووە: ((هەموویان بە جارێ ڕوویان لە مەلە ڕووتەکە کرد و باڵدارە گۆشتخۆرەکەیان ڕاونا و هەریەکە بە دەنووکی خۆی پەڕێکی لە بن باڵی کردەوە و بە دەنووکەکانیان ئەو پەڕانەیان لە سینگ و باڵی مەلە ڕووتەکەدا چەقاند و مەلی ڕووتە پەڕ و باڵی بە لەشی خۆیەوە دی دای لە شەقەی باڵ و لەگەڵ هەموو هاوڕێکانیدا کەوتەوە فڕین)). (لەتیف هەڵمەت,٢٠١٣, ١٣١)

لەم چیرۆکە وەرگێردراوەدا, یەکێک لەو بەها گرنگانەی, تێیدا باسکراوە, بەهای کۆمەڵایەتییە, کە خۆی لە هاوکاری و یارمەتیدان و گیانی پاڵپشتی و هاورێیەتی دەبینێتەوە, ئەمە جگە لەوەی وەرگێران و دارِشتنەوەی بە جۆرێکە, وەک دەقێکی داهێنراو دەردەکەوێت.

[41] بۆ یەکەم جار وەك دیاری ژمارە (41)ی گۆڤاری (ڕۆشنبیری) بڵاوکرایەوە.
[42] لە ساڵی 2006 " بزاڤ " لەگەڵ سێ شاکاری دی ئیلیەت لە نامیلکەیەکدا بڵاویکردەوە.
[43] اشعار تی. اس. ئیلیەت در زبان فارسی، مطالعات زبان و ترجمه، ساڵ 47،شماره 1، (بهار 1493)، 19-36

دەرەوە کە زۆر ئاگایان لە شیعری کوردی نییە، هۆکاری کەمیی وەرگێڕی کوردە، شیعری کوردیان وەک پێویست بۆ ئینگلیزی، فەرەنسی، ئەلمانی، ئیتالی... هتد وەرنەگێڕاوە.

**دەقی وێرانە خاک**

دەقی وێرانە خاک بەرهەمی ئەدەبی و هزری و کلتووریی دوای یەکەمین جەنگی جیهانییە، بە دروستی ئەو دەقە شیعرییەی ئیلیۆت لە ئۆکتۆبەری ساڵی (1922) بڵاوبۆوە، لە مانگی دواتری هەمان ساڵدا دووبارە بڵاوکرایەوە. ئیلیۆت ( 1888_–1965) بەر لەوەی بڵاویبکاتەوە داوای لە ئێزرا پاوەند ( 1885 _ –1972) کرد بۆی بخوێنێتەوە. ئێزرا چەندان گۆڕانکاری لە (وێرانە خاک)دا کرد، بە جۆرێک ئامۆژگاری ئیلیەتی کرد (800) دێرەکە بکرێتە (433) دێر، ئەویش وەیکرد. (بلووم 2007: 19–22) لە بەرانبەردا ئیلیەت شیعرەکەی پێشکەش بە (ئیزرا پاوەند) کرد.

شیعری وێرانە خاک لە پێنج بەش پێکهاتووە:

: the burial of the death[44] ناشتنی مردووان.

– 'A Game of Chess' – یاریی شەترەنج[45]

'The Fire Sermon –ئامۆژگاریی ئاگر[46]

–'Death by Water'–مەرگ بە ئاو " خنکان "[47]

–What the Thunder Said'–ئەوەی بروسکەکە گۆتی[48]

ئاشنابوونی کورد بە ئیلیەت و وێرانە خاک

دەقی "وێرانە خاک" هەر چەند هێشووە وشەیەک نییە، بەڵکو لە پشتەوەی ئەو وشانە چەندان بیرۆکە ئامادەگییان هەیە، بە جۆرێک لە دوای یەکەمین جەنگی جیهانی مەرگی ڕۆحی ڕۆژئاوا دەبینێت..

[44] لەو بەشەدا ئیلیەت ئامۆژگاری ئادەمیزاد دەکات باوەڕ بە خوا بێنن هەروەها پیشاندەدات کە مرۆڤی نوێ مرۆڤێکی بۆشە لە ڕووی ڕووحیەوە مردووە!

[45] لە دوو دیمەندا ئاماژە بە (سێکس) دەکات: ا.سێکسی زۆرەملێی فیلمۆل: فەشەلی ڕۆمانسیەتی سەردەم و هاوسەرگیری و هۆڤانیەت و توندوتیژیی ئەڤینی. دیمەنی دووەم گفتوگۆیەکی دوو ژنە لە باڕێکی بچکۆلانە لە کاتێکی داخراو، ئەمەش ئینئێکزیبیلیتی لە نێوان ئەڤین و مەرگ نیشان دەدات.

[46] ئەم بەشە پڕ وەسف و بەراورکارییە، ئیلیەت جەخت لەسەر بیرۆکەی مەرگ دەکات بەوەی مرۆڤی سەردەم بەدەرە لە ڕۆمانسی و هەست، چونکە بۆتە ئامێرێك.

[47] ئەم بەشە کورتترین بەشە، ئیلیەت داوا لە مرۆڤ دەکات "فێلباس" کۆك بوو، ئێستا مردووە

[48] ئیلیەت ئاماژە بە مەرگ دەکات، بەڵام بە هیوایە ڕێگایەك بدۆزێتەوە ڕزگاری ببێت. ئیلیەت باوەڕی بە دووبارە لەدایکبوونەوەی مەعنەویەت لە (وێرانە خاك) هەیە.

## گۆڕانکاری لە وەرگێڕان

پرۆسەی گۆڕانکاری بە تایبەتی گۆڕانکاریی زمانەوانی لە وەرگێڕاندا مێژوویێکی زۆر کۆنی نییە، ئەمە نەک تەنیا لەناو کورددا، بەڵکو لە ڕۆژئاواش.
وەرگێڕان جۆری هەیە، پرۆسەی (گۆڕانکاریی زمانەوانی –shifts in translation) لە وەرگێڕاندا لە پەنجاکان کەوتوتە ناو پرۆسەی وەرگێران (فەتحی 2019:603)، بەڵام لە ناوەڕاستی شەستەکاندا (کاتفۆرد 1965: 73) پێناسەیەکی زمانەوانی بۆ چەمکی "گۆڕانکاریی زمانەوانی" لە وەرگێڕاندا کرد بەوەی بریتییە لە هەندێ گۆڕانی زمانەوانیی بچووک کە لە پرۆسەی وەرگێڕاندا لە تێکستی زمانی دەق بۆ زمانی ئامانج، ڕوودەدات.
جگە لە پێناسەکەی کاتفۆرد بۆ گۆڕانکاری لە وەرگێڕاندا، چەندان پێناسەی تری بۆ کراوە، لەوانە:

(یوجین نیدا 1964: 156-159) باوەڕی وایە هیچ گونجانێکی ڕەها لە نێوان دوو زماندا نییە، یانی دوو وەرگێڕانی ورد و تەواو لە نێوان دوو زمان نییە. ئەو مەبەستیەتی بڵێت: دوو جۆری بەرانبەر یەک هەیە، ئەویش ڕواڵەتی و داینامیکییە، ئەوی یەکەم جەخت لەسەر (پەیام): لە فۆرم و ناوەڕۆک دەکاتەوە، هەرچی دووەمە لە سەر پرانسیپی کاریگەریی هاوواتایی –هاوسەنگیی دامەزراوە. (نیدا) پێشنیازی هەندێ تەکنیکی لە وەرگێڕان کرد کە بریتین لە زیادکردنەکان، سڕاوەکان (لادراوەکان)، دۆزینەوەی ئەلتەرناتیڤ لە هەردوو زماندا.
جیاوازیی (زمانی دەق) و (زمانی بۆ وەرگێڕدراو) وایکردووە (گۆڕانکاری لە وەرگێڕان) دروستببێت. کاتفۆرد 1965 گۆڕانکاری لە وەرگێڕاندا بەم شێوەیە پێناسە دەکات: "دوورکەوتنەوە لە گونجانی ڕواڵەتی لە زمانی دەق بۆ زمانی وەرگێڕدراو". کاتفۆرد لە ڕووی سینتاکسییەوە گۆڕانکاری بۆ دوو جۆری سەرەکی لە کاتیگۆریا (پۆلێنکاری شتانێک ئەدگاری هاوبەشیان هەبێت) دابەشدەکات:
أ. ئاستی گۆڕانکاری
ب. گۆڕانکاریی کاتیگۆری
ئەوەی یەکەم کاتێک ڕوودەدات ئایتمێکی زمانیی دەق لە زمانی بۆ وەرگێڕدراو لەسەر ئاستی جیاواز هەبێت، هەرچی گۆڕانکاریی کاتیگۆرییە، چوار جۆری هەیە کە بریتین لە:
1. گۆڕانکاریی یەکە
2. گۆڕانکاریی پێکهاتە
3. گۆڕانکاریی بەشەکانی ئاخاوتن
4. گۆڕانکاریی ئینترا- سیستەم (فەتحی 2019: 605-606)

لە لایەکی تر (تۆری 1995: 56_57) باوەڕی وایە گۆڕانکاری لە وەرگێڕان جۆرێکە لە (لادان) لە وردی – adequacy ئەمە وەک دیاردەیەکی جیهانییە و ناکرێ لێی دووربکەوینەوە. (تۆری) دوو جۆری گۆڕانکاری لێکجیادەکاتەوە:

أ. گۆڕانکاریی ناچاریی
ب. گۆڕانکاریی ئاسایی
ئەوەی دواوە (جۆری دووەم) زۆربەی گۆڕانکارییەکانی وەرگێڕان پێکدەهێنێت، (زوارت)، بە پێچەوانەی (تۆری)–یەوە پڕۆسەکە زۆر کەمدەکاتەوە بەوەی وەرگێڕ دەتوانێت دەستبەرداری بێت یا هەر فەرامۆشی بکات و لێی دووربکەوێتەوە!
بە دیتنی زوارت 1989 و 1990 گۆڕانکاری لە وەرگێڕاندا لە دوو ئاست دروست دەبێت: (مایکرۆ–پێکهاتە) و (ماکرۆ–پێکهاتە). ئاستی مایکرۆ–پێکهاتە بریتییە لە ئاستی ڕستە و پارستە و گرێ، لەو سێیانە گۆڕانکاری لە وەرگێڕان، لە ئاستەکانی (سیمانتیکس_ واتاسازی) و (پراگماتیکس_مەبەستناسی)[49] و (ستالیستیکس _ شێوازگەری) دروست دەبێت، هەرچی ئاستی ماکرۆ–پێکهاتەیە، ئاستی واتایە (فەتحی و ئەدیب 2019: 608).
گۆڕانکاریی زمانەوانی لە دەقی (وێرانەخاک)دا هەر هەموو دەقەکە ناگرێتەوە، بەڵکو بەشی یەکەم، ناسراو بە (ناشتنی مردووان).
بەشی یەکەم (80) نیوەدێڕی کورت و درێژە.

**بەشی سێیەم**

گۆڕانکاریی زمانەوانی[50] لە وەرگێڕان لە دەقی "وێرانە خاک"دا

هۆکاری هەڵبژاردنی دەقی "وێرانە خاک" و وەرگێڕانی لە لای عەتا قەرەداغی بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە، لەوانە دەقەکە جیهانبینیی ڕۆژئاواییە، نەک هەر تەنها ئینگلیزی. ئیلیەت (دەقنووسی وێرانە خاک) وەک نوێنەری هەموو ڕۆژئاوا دەردەکەوێت، چونکە بیرۆکەی (دانتی) ئیتالی و (بودلێر)ی فەرەنسی...هتد لە دەقی (وێرانە خاک) تەوزیف کراون. کاتفۆرد لە–1965، وەک داهێنەری "گۆڕانکاری لە وەرگێڕاندا، باوەڕی وابوو کە پڕۆسەکە بریتییە لە دەربازبوون لە وەکیەکیی فۆرمالی لە نێوان هەردوو زماندا (زمانی دەق و زمانی بۆ وەرگێڕدراو) هەرچی پۆپۆڤیک –ە پێناسەکەی بەم شێوەیە دەکرد: واتای دەقەکە لە زمانی ڕەسەن و وەرگێڕدراو هەمان شت بگەیەنێت سەرەڕای جیاوازییەکانیان.
زوارت –1989 باوەڕی وابوو ئەو گۆرانکارییانە لە وەرگێڕان لە سەر دوو ئاست بەرپا دەبن (مایکرۆ) و (ماکرۆ).

Waste land
I. The Burial of the Dead

April is the cruellest month, breeding

[49] دکتۆر ڕەحیم سورخی لە وەرگێڕانی کتێبی (جۆرج یول)لە بارەی پراگماتیکەوە، وشەی پراگماتیکس بە (مەبەستناسی) تەرجومە دەکات.
[50] گۆڕانکاریی زمانەوانی لە هەندێ توێژینەوە بە (گۆڕانکاریی ڕێزمانی) ناوزەدکراوە، بەڵام بە ڕای توێژەر چەمکی زمانەوانی هەر ڕێزمانی نییە، بەڵکو پرسی کلتووریش لە زمان تاوتوێ دەکات، بۆیە ئێمە پرسی زمانەوانی-مان بە دروستتر زانی لە ڕێزمانی.

Lilacs out of the dead land, mixing

Memory and desire, stirring

.Dull roots with spring rain

Winter kept us warm, covering

Earth in forgetful snow, feeding

.A little life with dried tubers

Summer surprised us, coming over the Starnbergersee

,With a shower of rain; we stopped in the colonnade

,And went on in sunlight, into the Hofgarten

.And drank coffee, and talked for an hour

Bin gar keine Russin, stamm' aus Litauen, echt deutsch

.

,And when we were children, staying at the arch-duke's

,My cousin's, he took me out on a sled

,And I was frightened. He said, Marie

.Marie, hold on tight. And down we went

.In the mountains, there you feel free

I read, much of the night, and go south in the winter

قەرەداغی ئەو بەشە  بەم شێوەیە وەردەگێڕێت:

مردووناشتن

کتێب هەواڵنامەی

نیسان دژوارترین مانگە، گوڵە زەنبەق
لە خاکی مردووەوە سەردێنێ، یاد و ئارەزوو
تێکەڵاوی یەکتر دەکات، ڕەگی سست
بە بارانی بەهار دەژێنەوە.
زستان بە گەرمی هێشتینەوە، زەوی
بە بەفری بیرچوونەوە پۆشی، ژیانی کورتی
بە بۆدرِنی خاک خۆراک دا
هاوین سەرسامی کردین کاتێ بە خورزمی باران
دای بە سەر (ستارنبرگیرس)دا، ئێمە لە دالانەکەدا ڕاوەستاین
پاشان لە ژێر تیشکی خۆردا بەرەو (هۆڤگارین) ڕێگامان کرد.
قاوەمان نۆشی و بۆ ماوەی کاتژمێرێک قسەمان کرد،
من هەرگیز ڕووس نیم، خەڵکی لیتوانیا و بە ڕەگەز ئەلمانیم.
کاتێ منداڵ بووین لە کۆشکی ئەرکیدۆک ماینەوە،
ئامۆزاکەم لەسەر خلیسکانە هێنامییە دەرێ
من ترسام، ئەو گووتی، ماری،
ماری توند خۆت بگرە، پاشان هاتینە خوارێ،
لە چیاکان، لەوێ هەست بە ئازادی دەکەیت.
من زۆر کاتی شەو دەخوێنمەوە، لە زستانیشدا دەچم بۆ باشوور.

**وەرگێڕانی ناونیشانی دەقە شیعرییەکە**

ناونیشان خۆی دەقێکە دوورە لە سینتاکس و ئاڵۆزیی مۆرفۆلۆژی، بەڵکو بە زۆری نزیک لە سیمیۆلۆژی و پراگماتیکی (چونکە لەدایکبووی کۆنتێکست_ە)، چونکە خودی شیعرەکە شیعرێکی هزری و ئاڵۆزە هەر تەنها هێشووە وشە نییە.

لە وەرگێڕانی ناونیشانی شیعرەکەوە قسە لەسەر وەرگێڕانەکەی قەرەداغی دەکەم:
(ژمارە) زۆر و کەمکردن لە نێوان هەردوو دەقدا (دەقی ڕەسەن) و (دەقی وەرگێڕدراو)دا یەکێک لە پرانسیپەکانی پرۆسەی "گۆڕانکاری لە وەرگێڕان"دا پێکدەهێنێت[51]. (قەرەداغی) وەک (زامدار) ناونیشانی شیعرەکەی بە "وێرانە خاک" وەرگێڕاوە.
هادی محەمەدی لە کتێبی (ئیکسیری وشە)دا ڕەخنە لە وەرگێڕانەکەی (زامدار) و (قەرەداغی) دەگرێت، چونکە (زامدار) و (قەرەداغی) ناونیشانی دەقەکەی ئێلیەتیان (waste land) بە "(وێرانە خاک) تەرجومەکردووە" (مەحمودی 2012:115)، پاساوی مەحمودی بۆ هەڵەی زامدار و قەرەداغی لادانە لە سترەکچەری زمانی کوردی، بۆیە ئەو وا زەن دەبات "خاکی وێران"

[51] هەندێ جار ئەو کەمکردن و زۆرکردنی وشە لە نێوان دوو زمانەکە فێڵێکە وەرگێڕ دەیکا بۆ ئەوەی خوێنەر گومانی لێنەکات (سۆفی 2021:136)

دروستە بۆ waste land (مەحمودی، ل114). پاساوەکەی مەحمودی لە جێی خۆی نییە، چونکە "خاکی وێران" و "وێرانە خاک" هەڵگری یەک واتا نین. ئەو باوەڕی وایە ئاوەڵناو لە زمانی ئینگلیزیدا لە پێش ناو دێت لە کوردیدا لە پاش ناو دێت (مەحمودی، ل114-115). ئەوەی تەواو شارەزای زمانی ئینگلیزی بێت، کۆمەڵە ئاوەڵناوێک لە ئینگلیزیدا هەن، کە بە (a) دەستپێدەکەن لە پێش ناو هەرگیز نایەن:

Awake , aloof-

ئاوەڵناو لە کوردیدا هەرگاڤ وەک زمانی فەرەنسی نییە، بەوەی لە دواوەی ناوبێت، بۆ نموونە

قوتابی زیرەک --- étudiant intelligent

-سەربازی ئازا-----soldat courageux

لە ڕاستیدا هەندێ جار ئاوەڵناو لە کوردی لە پێش ناو دێت بە واتای جیاواز، وەک:

_سووره گوڵ

-کەچەڵ حەسەن

-شێرە پیاو

_سەختەڕێ

-_گەرمە هەواڵ[52]

وێڕای ئەمەش زمانزانێکی وەک دکتۆر بەختیار سەجادی 1381 لە لاپەڕە (81)، سجادی و روستمی 1393 ، waste land بە "وێرانە خاک" وەردەگێڕێت هەروەها فەرهاد شاکەلی 2016 زمانزان و شاعیر لە لاپەڕە (303) وشەی "وێرانە" لە پێش ناو بەکاردێنێ لە "وێرانە ڕاز"!

لە لایەکی ترەوە، چەنددها ئاوەڵناوی تر لە ئینگلیزی وەک فەرەنسی وان (لە دوای "ناو" دێت):

-the president elect–سەرۆکی هەڵبژێدراو[53]

the law martial–دادگای سەربازی

The secretary general–سکرتێری گشتی

وێڕای ئەو هەموو ڕاستییە، ڕاستییەکی کلتووری بۆ وەرگێرانی ناونیشانەکە هەیە، ئەویش "زەوی بەیار" ە، یان هەر "بەیار"، ئەوەش مەبەستەکەی ئیلیەت ە، هەندێ لە وەرگێرە عەرەبەکان و فارسەکان ناونانیشانەکە بە "الارض الیباب" و "دشت سترون" وەردەگێڕن.

لە لایەکی تر، ئەو وەرگێرانە بەشێک لە گۆڕاکاری لە وەرگێران پێکدێنێت: دوو وشە لە زمانی تێکست بکەیە یەک لە زمانی ئامانج، لێرەش دەتوانین بێژین هەموو وەرگێڕەکانی دەقەکەی ئیلیەت ئاگادار نین لە پرانسیپەکانی گۆڕانکاری لە وەرگێراندا.

[52] گەرمە هەواڵ بە واتای هەواڵی نوێ و تازە!

[53] وەك ئەوەی لە ئەمریکا هەیە، هەڵبژاردن لە نۆڤێمبەر دەکرێ، بەڵام سەرۆکی دەرچوو لە مانگی کانوونی دووەم دەبێتە سەرۆکی وڵات.

هەواڵنامەی کتێب

ئاوەڵناوی waste هەموو کات بە مانای "خاپوور، وێرانە" نایەت، بەڵکو ئەوە (ناو)ەکەی دوای ئاوەڵناوەکەیە مانا بە (ئاوەڵناو)ەکە دەبەخشی، چونکە گرێکە "گرێی ناویە" نەک گرێی ئاوەڵناوی !بۆ نموونە لە گرێی

- wastebasket تەنەکەی زبڵ
- wastepaper basket تەنەکەی کاغەزی بێ کەڵک (فڕێدراو)
- waste pipe بۆری پیسایی

ئاوەڵناوی (waste) واتای تر وەردەگرێت.

کۆنتێکستی سینتاکسی و پراگماتیکی و وەرگێڕانی قەرەداغی

کۆنتێکستی سینتاکسی و پراگماتیکی هەتا کلتووری بەشێک لە پرانسیپەکانی گۆڕانکاری لە وەرگێڕان پێکدێنێت.

قەرەداغی بەشی یەکەمی شیعرەکەی ئیلیەت، کە بە ناوی I. The Burial of the Dead بە مردوو ناشتن وەردەگێڕێت. خۆ لادان لە هەندێ پێکهاتە وەک ئەوەی لە پێشوو دەکرا تەنیا واتای پێکهاتەکە یا دۆزینەوەی بەرانبەر یەکێ لە وەرگێڕانی گشتییە، بەڵام ئەو لادانەی قەرەداغی کردوویەتی گۆڕانکاریی واتای گرێیەکەیە، ئەمەش دوورە لە پرانسیپەکانی گۆڕانکاری لە وەرگێڕان.

لەم کۆنتێکستەدا وشەی the dead "خۆی کۆ"یە، بۆیە ناشتنی مردووان ڕاستر و دروستترە لە "مردوو ناشتن".

ئیلیەت لە کۆپلەی یەکەم present participle بەکاردەهێنێت، کەچی عەتا قەرەداغی ئەو شێوەیە بە (دەمکاتی ڕانەبردووی سادە) وەردەگێڕێت، گۆڕانکاریی دەمکاتێک بۆ دەمکاتێکی تر بەشێک لە پرانسیپەکانی گۆڕانکاری لە وەرگێڕان پێکدێنێت.

نیسان دژوارترین مانگە، گوڵە زەنبەق
لە خاکی مردووەوە سەردێنێ، یاد و ئارەزوو
تێکەڵاوی یەکتر دەکات، ڕەگی سست
بە بارانی بەهار دەژێنەوە.

ئیلیەت لە خۆڕا وشەی cruelestی بەکارنەهێناوە، لە لایەکی تر نیسان خۆی مانگێکی دژوار نییە، بەڵکو مانگێکی (دڵڕەق)–ە، چونکە بۆتە هۆی گیانلەدەستدانی چەندان کەس، وەک هەر لەو مانگە پاپۆڕی تایتانیک لە 15ی نیسانی 1912 نقووم بووە؛ شەڕی ئەهلی ئەمریکا لە (19)ی نیسانی 1775 ڕوویداوە، لە کۆتایی هەمان مانگدا لە ساڵی 1789 جۆرج واشنتن بۆتە سەرۆکی ئەمریکا!

قەرەداغی وشەی lilacs[54] بە گوڵە زەنبەق تەرجومە کردووە، لێرەدا قەرەداغی (زەمبەق) کردۆتە (زەنبەق)! لە ڕاستیدا لە کوردیدا وشەی lilac نە (گوڵە زەمبەقە پۆترکاوی) زامدار و نە

[54] مەحمود زامدار بە گوڵە زەمبەق و مەحمودی بە "یاس" تەرجومە کردووە.

(گوڵە زەنبەق[55]ی قەرەداغی و نە (یاس) هادی محمەدییە، بەڵکو پشتئەستوور بە فەرهەنگە کوردییەکان (لەیلاق) و (گوڵە لەیلان)–ە.
لەلایەک قەرەداغی dull roots بە "ڕەگی سست" وەردەگێڕێت، بەڵام لە کوردیدا دەڵێت "ڕەگ وشکبووەکان" لە لایەکی تر ئەم گرێیە بە (تاک) تەرجومە دەکات، بەڵام کردارەکە بە (کۆ): "بە بارانی بەهار دەژێنەوە!" ئەمەش دوورکەوتنەوەیە لە دیاردەی کۆنکۆرد_–ڕێکەوتن[56].
گۆڕینی دەمکات یەکێکە لە سیماکانی پرۆسەی "گۆڕین لە وەرگێڕان"، بەڵام قەرەداغی لەمەدا سەرکەوتوو نەبووە، ئەو گۆڕینەی قەرەداغی بە گوێرەی پرانسیپەکانی "گۆڕین لە وەرگێڕان"دا نییە، چونکە ئەو گۆڕانکارییە ڕێزمانییەی قەرەداغی بە ئارەزوو بووە هەر جارێک بۆ دەمکاتێک دەکات.
چونکە جارێک present participle ی گۆڕیوە بۆ؛ ا. ڕانەبردووی سادە
جارێکی تر بە ب. ڕابردووی سادە.
بۆیە دەبینین جارێک قەرەداغی ئەو شێوەیە بە "ڕانەبردووی سادە یا بەردەوام" تەرجومەکردووە، بەڵام خۆی لەگەڵ سێ کرداری تر وەک breeding u mixing u feeding لە ئینگلیزی دەمکات و کات دەرناخەن!
لەم کۆپلەیەدا April بەشی نیهادە breeding بەشی گوزارەیە بە بێ ناو بەشی گوزارە بەڕێوە دەبات: واتە تەرجومەکە ئاوای لێدێ:
نیسان بێ بەزەییترین مانگە،
لە زەوی مردوو گوڵی لەیلاق دەڕوێ
بیرەوەری و ئارەزوو
دەست لە ملی یەکتر دەکەن
ڕەگە وشکبووەکان
بە بارانی بەهار زیندوودەبنەوە.
ئەم کۆپلەیەی خوارەوە:

Winter kept us warm, covering

Earth in forgetful snow, feeding

.A little life with dried tubers

بەم شێوەیە وەرگێڕراوە:

---
[55] Lily !واتای گوڵە زەمەق و زنبەق، شلێر دێ
[56] Concord —ڕێککەوتن بریتییە لە ناوی کۆ لەگەڵ کرداری کۆ بە پێچەوانەش هەروەها ئەو ناوانەی دەلالەت لە مۆنث دەکەن پێویستە ئاوەڵناویش مۆنث بێ، وەك لە فەرەنسی و عربی.
-وردة جميلة - Jolie rose
- جميل-joli

زستان بە گەرمی هێشتینەوە، زەوی
بە (بەفری بیرچوونەوە) پۆشی، ژیانی کورتی
بە (بۆدرِنی خاک) خۆراک دا

قەرەداغی لەم کورتە کۆپلەیەدا هەمان شت دووبارە دەکاتەوە شێوەی present participle دەکاتە دەمکاتی جیا وەک دەمکاتی ڕابردووی سادە: هێشتینەوە، پۆشی، خۆراک دا... کەچی لە کۆپلەی پێشوو کردیە "سەردێنێ"، "تێکەڵاوی یەکتر دەکات، دەبوژێنێ"، کە هیچیان ڕابردووی سادە نین، وەردەگێڕێ، هۆیەکەش ناڵێت!

لەو کۆپلەیەی سەرەوەدا قەرەداغی چەند هەڵەیەکی کلتووری دەکات:

1. forgetful snow بە (بەفری بیرچوونەوە) تەرجومە دەکات، کەچی لە کوردیدا –کەڤی (بەفری ماوە) هەیە، ئەو بەفرەی مرۆڤ بە ئاستەم دەستی پێدەگات، نەک (بەفری لە بیرچوونەوە)!

کەڤی: بەفری ماوە لە شوێنی سەخت، ئەو بەفرەی مرۆڤ بە ئەستەم دەستی پێ دەگات: (موئەیەد تەیب) لە شیعرێکدا لە دیوانی (ئاگر و بەفر) دەڵێ:

دەمەوێ ببمە بەفر، ببمە کەڤی

موحسین قۆچانی شاعیر لە شیعری بەفر یا لە ڤێرێ، ل61 ی چەند ڕامانێک بۆ (بەفر) دەکات، یەکێ لەوانە بەفر بە(داگیرکار) دادەنێت، چونکە بەفر دادەپۆشێت، و بەفر بە داگیرکار دەشوبهێنێت و وەڵێت:

هەلۆ...

ئەسمانێمە یێ ئازری

جار یێ ڤێرێ یا رادهێنێت

ژ هەلما وی دچیتن گورِی

هندەک جارا دکەت گرِی

...............................

بەفرێ نهال یێن پرِ کرین

داوەتێن مە یێن برِ کرین

2. Dried tubers بە (بۆدرنی خاک) وەردەگێڕێت، دەزانین شوێنی (بۆدرنی خاک) و (لاسکی وشکهەڵاتوو) دوو شوێنی جیاوازن!

3. Feeding بە "بە خۆراک دا " وەردەگێڕیت. لە ڕواڵەتدا ئەو وەرگێڕانە بەشێک لە پرانسیپەکانی گۆڕانکاری لە وەرگێران پێکدێنێت، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو لادانەی قەرەداغی لە زمانی کوردی قەبووڵکراو نییە، چونکە کورد  وشەی (خۆراک) وەک (ناو)، بەکاردێت، نەک (کردار) بۆ نموونە:

-_خۆراکمان نەماوە.

-_ مۆسیقا خۆراکی گیانە.

بەڵام کرداری (خۆراک دا) کوردی نییە! قەرەداغی دەیتوانی هەم یەکێک لە پرانسیپەکانی گۆڕانکاری لە وەرگێران بەکاربێنێت، ئەویش گۆڕینی بەشەکانی ئاخاوتن-ە لە (ناو)ەوە بۆ (کردار)، هەم ئەو هەڵە گەورەیەش نەکات بە خورتی وشەی  (خۆراک) بکاتە کردار (خۆراک دا)

شیعرەکە ئەوهای لێدێت:

زستان گەرممان دەکاتەوە

بەفر زەوی لە نێو کەڤیدا دادەپۆشێ

کورتە ژیانی بە لاسکی وشکهەڵاتوو دەبەخشێ

قەرەداغی ئەم بەشەی شیعرەکەی ئێلیەت، بەم شێوەیە دەکاتە کوردی

Summer surprised us, coming over the Starnbergersee

,With a shower of rain; we stopped in the colonnade

,And went on in sunlight, into the Hofgarten

.And drank coffee, and talked for an hour

هاوین سەرسامی کردین کاتێ بە (خوڕزمی باران)
دای بە سەر (ستارنبرگیرس)دا، ئێمە لە دالانەکەدا ڕاوەستاین
پاشان لە ژێر تیشکی خۆردا بەرەو (هۆڤگارین) ڕێگامان کرد.
قاوەمان نۆشی و بۆ ماوەی کاتژمێرێک قسەمان کرد،
من هەرگیز ڕووس نیم، خەڵکی (لیتوانیا) و بە ڕەگەز  (ئەلمان)-یم.

هەواڵنامەی کتێب

لێرە هەڵەی سیمانتیکی و دەستەواژەیی، پێکهاتەیی ڕێزمانی هەیە، بۆ نموونە

1. Shower –تاوە باران، پرژە نەک ڕێژنە بە (خوررزمی باران) وەردەگێڕێت.
2. Coming over the Starnbergerse with a shower of rain بە "کاتێ بە خوررزمی باران دای بە سەر (ستارنبگیرس) دا". لێرەدا لێڵییەک لە پێکهاتەکە دروستبووە! خۆی شیعرەکە بریتییە لە: هاوین سەرسامی کردین: بەوەی لەو وەرزەدا خەڵکی ستارنبرگیریس بە تاوە بارانێک بەسەر کردەوە، ئەو تاوە بارانە وایکرد ئێمە خۆمان لە بندیواری (یان ساباتی) نێو بیناکان مەلاس بدەین، لە پاشان کە بارانەکە وەستا بەرەو (هۆفگارتن) لە ژێر تیشکی ڕۆژ هەنگاومان نایەوە! قاوەیەکمان خواردەوە، سەعاتێک قسەمان کرد.

لێڵی لێکسیکی و پارادۆکسی کۆنتێکستی

هەردوو دیاردەی "لێڵی" و "پارادۆکسی کۆنتێکستی" وامانلێدەکەن وەک نادرۆف باوەڕمان بە وەرگێڕانی شیعر نەبێت. (محەمەدی 2012:103). قەرەداغی ئەم کۆپلە شیعرەی ئیلیەت وەک خوارەوە وەردەگێڕێت:

,And when we were children, staying at the arch-duke's
,My cousin's, he took me out on a sled
,And I was frightened. He said, Marie
.Marie, hold on tight. And down we went
.In the mountains, there you feel free
I read, much of the night, and go south in the winter

لە وەرگێڕانی ئەم کۆپلە شیعرە، قەرەداغی هەردوو لێڵی: لێڵی لێکسیکی – lexical ambiguity و لێڵی پێکهاتەیی – structural ambiguity:

کاتێ منداڵ بووین لە (کۆشکی ئەرکیدۆک) ماینەوە،
ئامۆزاکەم (لەسەر خلیسکانە هێنامییە دەرێ)
من ترسام، ئەو گوتی، ماری،
ماری توند خۆت بگرە، پاشان (هاتینە خوارێ)،
لە (چیاکان)، لەوێ هەست بە ئازادی دەکەیت.
من زۆر کاتی شەو دەخوێنمەوە، لە زستانیشدا دەچم بۆ باشوور.

دووبارە قەرەداغی چەندان هەڵەی سیمانتیکی و کلتووری کردووە، لەوانە

1. Arch-duke بە کۆشکی ئەرکیدۆک وەردەگێڕێت [57]
2. Sled بە خلیسکانە وەردەگێڕێت.
3. Down we went بە "هاتینە خوارێ"

[57] نازناوی شازادەکانی ئۆترییش –نەمسای کۆن-بوو. archduke محەمەدی بە ئارچدۆك تەرجومەی کردووە، ل130 لە پەڕاوێز، ل163 دەڵێت:

4. Mountains بە "چیاکان" وەردەگێرێت!

Arch-duke 's کۆشکی گەورە، پارێزگار (دوق)، کۆشکی یا ماڵی ئامۆزاکەم (ئەو لە من گەورەتر بوو یا ئەو کوڕ بوو من کچ)! sled: گالیسکەی بەفرینە بە سەگ یا ئەسپ ڕادەکێشرێت کەچی قەرەداغی بە "خلیسکانە" وەریگێڕاوە! قەرەداغی هەر خۆی بە هەڵە دەخاتەوە دەڵێت: "پاشان هاتینە خوارێ" لە چی هاتنە خوارێ لە خلیسکانە یا گالیسکە؟!

جگە لە ئۆتۆمبیل، لە کوردی دەتوانی لە شتی تریش "بێیە دەرێ"، بۆ نموونە:

– لە شاییەکە هاتەدەرێ... یانی شاییەکەی جێهێشت.

گەر down we went بە "هاتینە خوارێ " وەرگێڕاوە، ئەو دەیتوانی بۆ ڕزگاربوون لە لێڵیی لێکسیکی و پێکهاتەیی بیگوتبا

بەرەو خوارێ غلۆربووینەوە

چونکە گالیسکە لەسەر بەفر غلۆردەبێتەوە

Mountain گەر تاک بوو بە چیا، شاخ، کەژ وەردەگێڕدرێت، بەڵام لە دوو حاڵەتدا بە "زنجیرە شاخ" دێت:

1. گەر (کۆ) بوو وەک شیعرەکەی ئیلیەت!

2. لە پاش خۆی of هەبوو

In the mountains , there بە: لە چیاکان، لەوێ ... وەرگێڕاوە: لە ڕاستیدا "لەوێ" مەبەستی "زنجیرە شاخەکان" –ە، کەواتە پێویست نییە.

زمانی ئینگلیزی زیاتر زمانێکی ئەنافۆریک– (anaphoric)[58]

ئەو بەشەی شیعرەکەی زەوی بەیار، ئیلیەت چەند ئاماژەیەک بۆ (داروخان) و (ونبوون) بە هۆی یەکەمین جەنگی جیهانییەوە دەکات چەندەها ئاماژەی بۆ هەرەسی عاتیفی و سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتی لەخۆگرتووە.

ئۆوین لە چامەی (سروودێک بۆ لاوی ونبوو) وا وێنای کوژراوانی یەکەمین جەنگی جیهانی دەکات کە چۆن وەک مێگەڵ بەرەو جیهانی ون پێ لە پێ دەدەن، لە بریتی زەنگی کەنیسە دەنگی تورەیی تفەنگ، لە جیاتی نوێژ هەڵبەز و دابەزی هاژەی چەکە ئۆتۆماتیکییەکان دەبنە دوا نوێژی بەرەی جەنگ:

چ زەنگێکی پێشوازی لێبدرێت:

بۆ ئەوانەی وەک مێگەڵ کەوتوون؟!

تەنیا تورەیی دڕندانەی تفەنگەکان نەبێت!

تەنیا هاچە و خێرا تەقاندنی کلانکیکۆف نەبێت

هەر ئەو دەنگانەن،

هەواڵنامەی کتێب

[58]) بەشە (Crystal 1992 , p.19 ژێدەر ئەنافۆریکیی بریتییە لەو پەیوەندییە ڕێزمانییەی کاتێك یەکەیەکی زمانەوانی ئاماژە بۆ ناوی پێش خۆی دەکات ئاخاوتنی "جێناو" ژێدەر لە "ناو"ی پێش خۆی وەردەگرێت وەك شیعرەکەی ئیلیەت:
In the mountains , there
کەچی زمانی کوردی زیاتر کاتافۆریکیە: ڕاناو "جێناو" پێش ناو دێت:
(لەوێ، لە نێو شاخەکان) و نەك (لە نێو شاخەکان، لەوێ)

دەتوانن نوێژە خێراکەیان بۆ بکەن (بەکر 2005: 25).

دیمەنی جەنگ ئیلیەتی تەواو هەراسان کردووە، چونکە وێنەی دارمانی ئەخلاقی ئەوروپا دەخاتەڕوو (قەرەداغی 2009: 16). (ساسۆن) شاعیرێکی ترە دوای (ئۆوین) زۆر شیعری دەربارەی کارەساتەکانی جەنگی جیهانی نووسیوە:

لاوان وەڵام دەدەنەوە:
بەڵێ کەسمان وەک پێشوو نەماوین
(جۆرج) هەردوو قاچی لەدەستچوو
(بیل) تەواو کوێر بوو
(جیمی) بەسەزمان سیەکانی پێکراون و
خەریکە دەبێتە مردوو
(بێرت)یش تووشی سفلس بوو
تۆ مرۆڤێ نادۆزیەوە و لەوێ بووبێ
گۆڕانێکی بەسەردا نەهات بێ

وەک لە پێشەوە گوتمان لە پرۆسەی گۆڕانکاری لە وەرگێراندا هەندێ گۆڕانکاریی زمانەوانی و ڕێزمانی لە زمانی ئامانج دەکرێت، بەڵام مانای دەق نابێ گۆڕانکاری بەسەردابێت. لەم بەشەدا قەرەداغی بە ناوی گۆڕانکاریی هەندێ بەشە ئاخاوتن، واتای وشەکانیشی گۆڕیوە:

What are the roots that clutch, what branches grow
,Out of this stony rubbish? Son of man

قەرەداغی بەم شێوەیە وەریدەگێڕێت:
ئەم ڕەگە لێک ئاڵاوانە چین، کام لقانە
لەم پیساییە بە بەردبووەدا گەشە دەکەن؟ نەوەی مرۆڤ
تۆ نە دەتوانی بدوێی، نە پێشبینی بکەیت...

تیۆری میس–_ ترانسلێتینگ mistranslating "وەرگێڕانی هەڵە" و "کۆلۆکێیشنی نائاسایی"– odd collocation

هەڵە لە وەرگێڕاندا زۆر پێناسەی بۆ کراوە، لەوانە بریتییە لە هەر هەڵەیەک کە لە زمانی ئامانجدا ڕوودەدات، سەرچاوەی ئەو هەڵەکردنە دەگەڕێتەوە بۆ نەزانی، یان کێماسی لە بەکارهێنانی بنەماکانی وەرگێڕان، هەروەها هەڵەی میسۆدۆلۆجی ( Delisle et al 1999: 189 and (Hansen 2010: 385

خودی (کۆلۆکێیشن) بریتییە لە پێکەوەهاتنی دوو وشە یا زیاتر لە یەک تێکستدا ( Sinclair 1991: 71)

هەرچی کۆلۆکێیشنی نائاسایی (بیژی) –ـیە بریتییە لە پێکەوەهاتنی دوو وشە یان زیاتر کە بە شێوەی سروشتی پێکەوە نایەن. دەقی وێرانەخاک یەکێکە لەو دەقانەی، کە وەرگێڕانی زۆری لە فارسی و کوردی بۆکراوە، بەڵام بە قسەی سەجادی و ڕستمی 1393 هەموو وەرگێڕانی جیاواز و ساکارسازین.

لەو ڕوانگەوە قەرەداغی کەوتوتە هەڵەی زۆرەوە بەوەی بەشەئاخاوتنی (کرداری) کردۆتە (ئاوەڵناو).

ئیلیەت لە نیوە دێڕی یەکەم کرداری داناوە، بەڵام قەرەداغی کردارەکەی لاداوە، هەردوو کرداری clutch و grow کردووتە یەک یا کرداری ڕەگ داگرتووی کردۆتە ئاوەڵناو: لێک ئالاو "ئیلیەت پرسیار لەو ڕەگانە دەکا کە ڕەگیان داکوتاوە هەروەها دەپرسی ئەوە چ جۆرە لقانێک (چڵ)یکن لەم پیسایيە بەردینە دەڕوێن؟ قەرەداغی هاتووە وشەی stony "بەردەڵان لە سروشت "بەردین لە شیعر" بە "بەبەردبوو" وەردەگێڕێت، ئەوەش واتای وشەکە نادات

ئیلیەت دەستەواژەی (or)، یان،ی بەکارهێناوە، بەڵام قەرەداغی کردویەتی بە neither ….nor، لە ئینگلیزیدا کرداری ئەو دوو جۆرە لە یەک جیاوازن هەتا لە ڕووی واتاوەش لە یەک جیان.

چین ئەو ڕەگانەی ڕەگ دادەکەوتن،

چ " چڵ"یکن؟

لەم پیسایيە بەردینە دەڕوێن؟

You cannot say, or guess, for you know only
,A heap of broken images, where the sun beats
And the dead tree gives no shelter, the cricket no relief

گەلۆ[59] تۆ ناتوانی هیچ بڵێی یا بۆی بچی

چونکە تۆ تەنیا گۆمەتێ

لە وێنەی تێکشکاو دەناسی

کە ڕۆژ لێیان دەدا

داری مردوو هیچ پەناگەیەک نابەخشێ

سیسرکە هیچ تەناهی

بەڵام جگە لە هەڵە لە وەرگێڕان دیاردەی کۆلۆکێیشنی نائاسایی _ odd collocation لە وەرگێڕانەکەی قەرەداغی هەیە. ل18

قەرەداغی هەڵە لە واتای سیمانتیکی و پراگماتیکیی وشەی " cricket" دەکات، لە ل17 وشەکە بە "قالۆنچە" وەردەگێڕێت. لە هەردوو فەرهەنگی ئازادی، ل238 و فەرهەنگی مەورید، ل136 وشەکە بە (سیسرک) وەرگێڕدراوە. هەروەها لەو کۆنتێکستەدا لە ڕوانگەی کۆلۆکێیشنی نائاسایی وشەکە بە واتای (سیسرک) دێت، نەک (قالۆنچە):

[59] ***Son of man*** is an expression in the sayings of Jesus in Christian writings, including the Gospels, the Acts of the Apostles and the Book of Revelation. The meaning of the expression is controversial.
دەستەواژەیەك دەلالەت لە وتەکانی مەسیح لە نووسراوەکانی مەسیحی هەیە.

Rubbish---cricket

پیسایی ---سیسرک

قالۆنچە لە (پیسایی) ناژیت، بەلام سیسرک لە (پیسایی) دەژیت، بە واتای هاوکێشەی قالۆنچە_ پیسایی کۆلۆکێیشنی نائاسایی پێکدێنێت!

بە پێچەوانەوە لایەنێکی باشی وەرگێڕانەکەی قەرەداغی ئەوەیە جیاوازی لە نێوان (stone و – rock دەکات, ئەو دوو وشەیە لە یەک جیاوازن:

| | |
|---|---|
| Rock"تاشە بەرد –_گابەرد | Stone" بەرد" |
| گەورە یا گەورەتر | بچووک |
| سێبەری هەیە | سێبەری نییە |
| هەڵگرتنی سەختە، هەڵناگیرێت | هەڵدەگیرێ |
| دەبتە " پەناگە " | نابێتە " پەناگە " |

قەرەداغی ئەو جیاوازییە ڕەچاو دەکات هەردووکیان بە "بەرد" وەرناگێرێ، لە ڕووی کلتوورییەوە هەردووکیان لێکجیادەکاتەوە و بۆ هەر یەکەیان وشەی خۆی بەکاردێنێت هەروەها کۆلۆکێیشنی دروست:

سێبەری (تاشەبەرد)، نەک سێبەری (بەرد)

(تاشە بەرد)ی سوور نەک (بەرد)ی سوور

بەلام لە کۆنتێکستەکەدا دەگەینە ئەو ڕاستییەی بەردی وشک- the dry stone وەرگێڕانی وشە بە وشەیە، ئیلیەت مەبەستی "بەردەلانە" خوڕە خوڕی ئاوی لێنایەت. لە لایەکی ترەوە، ئەو دەنگەی ئاو لە بەردەلان بە "هاژە" دێت گەر لە دەرەوە بێت: ڕستەی لە ژێر ئەم تاشە بەردە سوورەدا تەنیا سێبەر هەیە لەگەڵ واتای ئەو نیوە دێڕە

Only,

There is shadow under this red rock

بەم واتایە دێ:

تەنیا و تەنیا سێبەر لە ژێر ئەم تاشە بەردە سوورەدا هەیە. لە لایەکی تر یەکێ لە واتاکانی rock بە واتای پەناگە دێت.

قەرەداغی

The wind is blowing fresh)

Home too

**هەڵەی کلتووری لە زمانی ئامانجدا**

چەندان وشە و گرێ لە وەرگێڕانەکەی قەرەداغیدا دەلالەت لە ساکارسازی دەکەن بە وتەی (سەجادی) و (ڕستمی). "بای سارد" وەرگێڕانێکی فەرهەنگییە بۆ ئەو نیوە دێرەی سەرەوە کورد لە بریتی بای سارد، شنەبا، بای شەماڵ بەکاردێنێت، ئەو جۆرە بایە دەلالەت لەسەر سازگاریی

(با) دەکەن، دۆزینەوەی "بەرانبەری کلتووری" لە وەرگێراندا گرنگیی زیاتری هەیە لە وەرگێرانی فەرهەنگیی _ قامووسی.

My Irish, child,
Where are you staying)

قەرەداغی، ل18 لە وەرگێرانی ئەو دوو نیو دێرە بەم شێوەیە وەردەگێڕێت:

ئەی رۆڵە ئێرلەندییەکەم
تۆ لە کوێ چاوەڕێ دەکەیت؟

لە ئینگلیزی وشەی child بە واتای "رۆڵە" نایەت، بەڵکو بە واتای "منالّ" دێت، وشەی sonny یا گرێی my son بە واتای "رۆڵە" دێت!

لە کوێ دەمێنیەوە؟ نەک "لە کوێ چاوەڕێ دەکەیت؟"

وەک وەلامێک بۆ هەردوو پرسیاری توێژینەوە:

1. وەرگێرانەکەی عەتا قەرەداغی نا–هونەرییە، نا–شیعرییە، چونکە وەرگێڕ خۆی شاعیر نییە، شاعیر بوون مەرجە بۆ وەرگێرانی دەقی شیعری؟
2. شارەزابوون لە هەردوو (زمانی سەرچاوە) و (زمانی بۆ وەرگێردراو) بەسن بۆ ئەوەی ببیە وەرگێری شیعر؟

ئەوەی یاکوبسن پێیدەڵێت "بە ئەدەبیبوون – _literariness_ " لە وەرگێرانەکەی قەرەداغی زۆر کاڵبۆتەوە، بە واتای زانینی جووت زمانەکە هاریکار نەبووە تا دەقەکەی ئیلیەت بە زمانی کوردی دارێژێتەوە، زۆربەی توێژەران لە پێناسەی وەرگێران دەنووسن: وەرگێران دووبارە نووسینەوەیە بە زمانی ئامانج... زامدار، چونکە خۆی شاعیر بووە هەروەها شارەزاییەکی زۆرباشی لە وشەی کوردی هەبوو، دەقەکەی ئیلیەتی بە جۆرێک بە کوردی کردووە، بە قسەی شاعیرێکی وەک "هاشم سەراج" کارێکی زۆری لە زمانی شیعری نۆژەنی کوردی کردووە.[60]
قەرەداغی خۆی شاعیر نییە، بۆیە نەیتوانیوە شیعرەکەی ئیلیەت بە زمانی شیعری بکاتە کوردی یا هەر بە دروستی بۆ کوردی وەریبگێڕێت.

قەرەداغی زۆر کتێبی ئەدەبی و سیاسی و مێژوویی بۆ کوردی وەرگێراوە، بەلام خۆی وەرگێری شیعر نییە، بۆیە تەواو سەرکەوتوو نەبووە لە وەرگێرانی شیعرەکەی ئیلیەت.

گۆرانکاریی لە وەرگێراندا شوێنی بزرکردنی "واتا" نییە، چونکە بێ وەرگێرانی "واتا" لە کلتوورێکەوە بۆ کلتوورێکی تر، وەرگێران هیچ واتای نامێنێت، ویرای دۆزینەوەی واتای دەق لە کلتوورەکەی تردا، کاری زمانەوانی ئەنجامدەدا بەوەی کلتووری هەردوو زمان لە وشە و گۆرانە زمانەوانییەکاندا دەدۆزێتەوە.

قەرەداغی 2009:12 خۆی دان بەوە دەنێت لە وەرگێرانی یەکەم، ئەوەی لە گۆڤاری (سەردەم) بلاوبۆوە هەڵەی لە وەرگێرانی وێرانەخاک کردووە، ئەوەی 2009 ش بەدەر نییە لە هەڵە لە بەر

[60] هەڵە سیمانتیکییەکانی زامدار هەندێکی دەگەڕێتەوە بۆ وەرگێری عەرەبی

چەند هۆیەک کە گرنگترینیان ئاڵۆزیی زمان و بنیادی زمان و وێنە زەینی و هەستییەکانی دەقەکەیە...

**ئەنجامگیریی**

وەرگێڕانی شیعر بە تایبەتی شیعری وەک (وێرانە خاک)، گەر ئەستەم نەبێت، زۆر دژوارە، چونکە لە پەنای زۆربەی وشە و دەستەواژە و ڕستەکانیدا چەندان بیرۆکە هەن.
بە قەناعەتەوە دەڵێم لە ئاست وەرگێڕانی دەقی (وێرانە خاک) تەنیا دوو ستراتیژی لە حەوت ستراتیژیەکەی (ئاندرێ لیڤەرێ 1992) ئامادەگی هەیە، ئەویش شیعری وەک وێرانە خاک بە (پەخشان) وەربگێڕدرێت یا بە شێوەی "شیعری ئازاد-" وەربگێڕدرێت.
وەرگێڕانەکەی عەتا قەرەداغی بە شێوەی شیعر، هەر کێماسیی واتایی لەخۆناگرێت، بەڵکو ئەدەبییوونیش دەکوژێت، ئەمەش بە هۆی ئەوە بووە؛ ئەو خۆی شاعیر نییە، بۆیە زۆربەی وشەکانی ناسک یا شیعری نین. بە قسە و وتەی توێژەران پرۆسەی شیعر بە شیعر وەرگێڕان سەخت و دژوارە: "وەرگێڕانی شیعر وەکو ئەوەیە کە بولبولێک بکوژی بۆ گۆشتەکەی".
لە لایەکی ترەوە، جگە لە هەڵەی زمانەوانی، کە زۆرن، هەڵەی وشە لە کۆنتێکست هەروەها هەڵەی کلتووری بەشێک لە وەرگێڕانەکەی داگیرکردووە، بۆیە وەرگێڕانەکەی قەرەداغی بە وتەی سەجادی و ڕستمی لە دەرەوەی ساکارسازی نییە.


## Abstract

The concept of 'shifts in translation' is a process of translating the text from the source language into the target language. The linguistic factor has its role in this process. Before 1950s the translation dealt with ' meaning ' and ' equivalence ' , but after Catford –_1965 published the idea of ' shift in translation ' , the process of translation involved or entered the world of .linguistics

The current paper focuses on the various principles including order of words , .parts of speech , number , and tenses

The main reasons behind this title goes back to the reality that Eliot's text , waste land , is one of  world master pieces , translated into Kurdish many times from 1977 to 2009 , but what made the researcher(to) read the text due

to shift in translation principles was because of many reasons including the complex text and its language, no Kurdish translator gave the sufficient picture of the text to Kurdish readers.

This paper holds certain aims including 1. Showing the linguistic and cultural .shifts in translating literary text like waste land

2.making Kurdish be familiar to the process of shift in translation.

Shift in translation is unavoidable , i.e the translator can not avoid because of different structures , cultures of both source and target languages.

In this paper the researcher is supposed to arrive some conclusions , one of them is that Qaradaghi 2009 , the translator of Waste land , committed not only certain linguistic errors in translating the text but also some cultural ones.

کتێبی هەوالنامەی

**ئەو سەرچاوانەی سودیان لێبینراوە**

A.In English language

Bloom, H. (2007), Bloom's Guides T.S. Eliot's The Waste Land. Bloom's Literary Criticism. New York.

Catford, J. C. (1978). ***A Linguistic Theory of Translation: An Essay on Applied Linguistics***. London: Oxford University Press.

Catford`s shifts model of translation: A drama based critical inquiry Article · January 2011 CITATIONS 4 READS 9,100 1 author: Some of the authors of this publication are also working on these related projects: New ways of literary analysis and literary translation View project Amin Karimnia Islamic Azad

University 91 PUBLICATIONS 225 CITATIONSGurusinga, J. (2011). ***The cultural Shifts in Translation Studies***.

http://www.scribd.com/doc/54792965/The-Cultural-Shift-in Translation-

Studies

Crystal , David 1992 An Encyclopedic Dictionary of language and languages. .Oxford: Blackwell

Delisle et al 1999 Translation Terminology. Amsterdam.

Hansen , G. 2010 Translation ' errors'. Amsterdam.

Popovic, A. (1970). ***The concept 'shift of expression' in Translation*** in

Zwart, K. M. (1989-1990). ***Translation and Original: Similarities and***

***Dissimilarities, I-11*** in Target 1:2 (1989), 151-18. John Benjamins Publishing Company.

Sinclair , J. 1991 Corpus , Concordance , Collection. Oxford:oxford university press.

Company

B. in Kurdish language

ئیلیەت، ت.س 2006 وێرانە خاک. چاپی دووەم. وەرگێرانی لە عەرەبییەوە مەحمود زامدار. هەولێر: لە بڵاوکراوەکانی بزاڤ.

ئیلیەت، ت. س. 2009 وێرانە خاک. وەرگێرانی لە ئینگلیزیەوە: عەتا قەرەداغی. سلێمانی: لە بڵاوکراوەکانی پاشکۆی ڕەخنەی چاودێر.

بەکر، سەلام ناوخۆش 2005 ڕەخنە و ڕۆمان. هەولێر: چاپخانەی منارە.

تەیب، موئەید 2009 ستران و بەفر و ئاگر. چ3، دهۆک: لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی جزیری.

محەمەدی، هادی 2012 ئێکسیری وشە. سلێمانی: چاپخانەی بینایی.

سەجادی، بەختیاری 2009 وەرگێڕانی شیعری ئینگلیزی، سنە: لە بڵاوکراوەکانی زانکۆی کوردستان (سنە).
سۆفی، کەریم 2021 ڕەخنەی وەرگێڕان، هەولێر: لە بڵاوکراوەکانی موکریانی.
شاکەلی، فەرهاد 2015 دیوانی شاکەلی، سنە: لە بڵاوکراوەکانی (مانگ).
دیوانی موئەید تەیب ( ستران و ئاگر و بەفر)
قۆچان، محسن2009 ل بەرسفکا مە بەفر دباریت. دهۆک: ژ وەشانێن ئێکەتیا نڤیسەرێن کورد – دهۆک.
فەرهەنگی ئازادی 2006 (ڕەشید قەرەداغی.
فەرهەنگی مەورید: ئینگلیزی –کوردی 2010 (دکتۆر محمد عمر).

هەواڵنامەی کتێب

# Preservation of Native Language through Translation

Assistant Lecturer: Yadgar Ismail Said

yadgar.said@soran.edu.iq

Lecturer: Kovan Rizgar Mustafa

kovan.mustafa@soran.edu.iq

Soran University

## Abstract:

According to UNESCO, "every two weeks a language disappears." This means that culture and identity die with it as well. Native languages have been spoken for thousands of years and many are losing their survival battle to imposed languages in Post-Colonial Regimes and nations states and some even die due to globalization. This paper aims to prove that translation can preserve a native language and grant it its place amongst the leading languages of the world. Even though Kurdish native language is under political and cultural threat, it's yet to reach its place amongst world-leading languages. According to many linguists and thinkers, the preservation of indigenous and native languages is vital not only for the sake of language itself but also for preserving native and local identities and culture. Nowadays, international languages are becoming more and more inescapable; however, this should not necessarily be the reason to disuse native language. Some countries use the translation of recent books written in international languages as an effective means to empower the native language and inform the new information in it. The paper will use the mixed methods in its analysis and data collection from both lingual and cultural perspectives; also the descriptive methods have been performed by using the percentage formulae.

**Keywords:** Language; native language; translation; Kurdish.

**پوختە:**

بە پێی زانیارییەکانی ڕێکخراوی یونیسکۆ، لە هەر دوو هەفتەیەک زمانێک لەنێودەچێت. ئەمە ئەوەش دەگەیەنێت کە لەگەڵ هەر زمانێک فەرهەنگ و ناسنامەکەش لە دەست دەچێت. زمانە خۆجێیە و ڕەسەنەکان هەزاران ساڵە قسەیان پێدەکرێن و بەکاردێن، بەڵام لە ژێر هەژموونی زمانە سەپێندراوەکان و زمانی نتەوە سەردەستەکانی ڕژێمەکانی دوای کۆڵۆنیالیزم و دەوڵەتە نەتەوەییەکان لە ژێر هەڕەشەی لەنێوچوونن، ئەمە سەرەڕای هەژموونە جیهانگەرییەکان. ئامانجی ئەم تویژینەوەیە پشتراستکردنەوەی ئەوگریمانەیە کە ئاماژە بەوە دەدات کە دەکرێت زمانە ڕەسەنەکان لە ڕێگەی وەرگێڕانی دەقە سەردەمییەکانی زمانە زیندووەکان بپارێزرێن و پێگەیان لە ئاستی زمانە جیهانییەکان لەدەست نەدەن. زمانی کوردی لە ژێر هەڕەشەی نەمانە، هەرچەندیشە کوردی زارەوە و شێوەزاری زۆرە، بەڵام بەهۆی لاوازی فەرهەنگی وەرگێڕان کەوتۆتە ژۆر هەڕەشە. هەرچەندە ئەو زمانە ڕەسەنە دێرینە لە ژێر هەژموون و هەڕەشەی زمای داگیرکار و نەتەوەی سەردەستە، تا ئێستاش نەگەیشتوەتە ڕادەیەی زمانە باڵادەستە نێودەوڵەتیەکان. بە پێی خەمڵاندنی بیرمەند و هەڵسەنگاندنی توێژەران، پاراستنی زمانە ڕەسەنەکان نەک تەنیا بۆ و لە پێناو زمان گرنگە، بەڵکو، لە پێناو پاراستنی فەرهەنگی کوردی و ناسنامەی کوردە. هەندێک لە وەرگێڕ و تاڕاددەیەک وڵاتانیش، لە ڕێگەی وەرگێڕانی دەقە هەنووکەییەکان و بابەتە گەرموگوڕە زانستی و هونەرییەکان زمانی خۆیان زیندوو دەکەنەوە. لەم توێژینەوەیەدا و لە ڕوانگەی زمانەوانی و فەرهەنگییدا هەردوو شێوازی بیردۆزی چۆنیەتی چەندێتی بەکاردەهێندرێن و شیکردنەوە بۆ گریمانە زمانەوانییەکان دەکرێت ، هەروەها ڕێگای وەسفی شیکاری بەکارهاتوون بە بەکارهێنانی ڕێژەی سەدی بۆ شیکردنەوەی زانیارییەکان.

**چەمکە سەرەکییەکان:** زمان، زمانی ڕەسەن، وەرگێڕان، کوردی

## Introduction

The survival of languages relies on several factors such as political status, legal foundations, a vast number of speakers and users, media and popular culture, education, and translation. What makes translation far more effective in preserving the mother tongue or any language for that matter is that it exposes the indigenous community to new information and cultural development through various channels. On the other hand, lack of translations of the most recent works in any field will oblige speakers of a local language to learn a foreign language. In doing so, they not only learn a new language with all sets of beliefs and lingual rules, but they also start to lose self-respect and disuse their mother language. It could be argued that such a negative phenomenon will result in the deterioration of the indigenous language because the language will lose its scientific value and its cultural prestige and legitimacy.

The translation is a process of not only word or sentence conceptualization and sense-making in the target language, but it is a sophisticated process of homogenizing or localizing information from the source language to the target language. This process is well-conducted if there is little or no damage to the aim at first and preserving homogenous language too without ‘distortion’.

Nevertheless, translation is a transcultural process by which information is a cultural transmission from the source language to the target language (Bandia, 2007). If this is not conducted disproportionately, the translation in the target language will become a hegemonic translation. In other words, when a text is translated, it is advised that there should be cultural assimilations and appropriation in the target language.

Moreover, Smoking (1999) argues that traditional and indigenous communities have grave concerns about their language and culture. She emphasizes the fact that such people have tried their best to preserve their language and culture. She also believes families may play a decisive role in the preservations of their language and culture. However, the grave concern in such a case is that the new generation may disvalue their ancestral language and culture. Arguably, evolved translation of new input and information will put people on the same route as people from technologically advanced nations. The translation here familiarizes natives with sophisticated input or ideas that are groundbreaking in various fields. In this case, the translation will help boost self-esteem and self-respect amongst native and indigenous speakers.

In brief, this paper will focus on the available literature on how the language of an indigenous nation or any nation for that matter can be preserved through translation. The paper will analyze available literature on the above issue concerning translation. It will discuss what theorists and other researchers argue and claim to preserve the indigenous and local languages through translation. More importantly, the paper will explain Kurdish translators' stance on the above topic and the necessity of a systematized translation of information from source languages into Kurdish in both tasks of translating meaning and preserving Kurdish languages. Mason and Talcott (1999) argue that translation holds the semantic value of languages. This, as it discusses, also indicates that translation does not only keep the mother tongue or indigenous or homogeneous language alive, but it also serves it by creating new words from the target language too, which has a direct influence on the enrichment of the mother language, Kurdish in this case.

## Review of Literature

## Translation as a powerful tool to preserve languages

According to *The United Nations Permanent Forum on Indigenous Issues* (2021), colonial and hegemonic powers are direct threats that endanger indigenous nations and their language.

Accordingly, languages spoken by the natives of specific geography that are ruled by a foreign or non-native authority will result in the decay of language and culture of the subordinate nations. This is partly due to the political and juridical decrees that enforce assimilation and other discriminatory regulations that bring local languages to the brink of extinction. On the other hand, this process of assimilation and appropriation maximizes the risks of endangerment of indigenous mother languages spoken by minorities. In some cases, this is worse, especially in communities where the mother language of such indigenous people is not taught at schools and children no longer learn from their parents. Arguably, this issue is similar to what the Kurds undergo in Iran and Turkey, where Persian and Turkish are imposed in schools and education by the mother language is denied. Such discriminatory laws of assimilation, Persifying and Turkification are an extension of Arabization that Kurds underwent in both Iraq and Syria under the fascist Arab Socialist Party (BAATH) before 2003 and 2011.

Moreover, indigenous languages in such communities need much attention from the United Nations and global powers. The cultural heritage of humankind relies on multiculturalism and pluralism that requires the preservation of any form of human experience. However, there are other barriers for a community like the Kurdistan Region (KRG), like the factors related to neo-colonialism and globalization. Some schools use English as the language of education and instruction for almost all of the subjects. Arguably this phenomenon will further endanger Kurdish and other indigenous languages spoken in the region. This requires much concern like translating new information from other languages into Kurdish to boost the chances of its survival and preservation. Translation could play a significant role in translating from Kurdish and into Kurdish or any other language for that matter. Translation has boosted the popularity of languages and it is more important, specifically in arts, science, and commerce. Hence, translation is a means through which the target language can flourish in art, science, and medicine where they seem to be more common in dominant languages like English or French. It also promotes inter-linguistic communications and encourages research and discoveries (Patil cited in Sawant, 2013).

Nevertheless, the preservation of language is not entirely for the sake of language, but the preservation of knowledge. This can be through an endogenous process via education. Arguably, education can help empower ingenious languages through translated knowledge (Kouega, 2017). It could be stated that basic and secondary school material makes more sense to pupils in mother tongues than in foreign languages. Translators and translation of teaching curriculum will serve local

هەوالنامەی کتێب

objectives of nations that do not have independence or have a fragile political status. This could also be an effective approach for nations that cannot resist globalization. Daud (2018) argues that teaching math and sciences in mother tongue is far more effective, just like Japan and China. Thus, this requires a great deal of effort in the field of translation, which can be encouraged by governments and cultural entities of any related authority.

Sawant (2013) argues that translation is an effective way by which a language can be preserved. To him, especially in the case of India, translation can play a major role in serving indigenous languages. Sawant also claims that translation becomes a bridge between different cultures and languages by which languages can be renewed through the translation of art, science, and literature. Thus, he argues that translation is increasingly booming in India and beyond and translation industries compete over more work. Translation directly serves the local languages, but it will also provide thousands of stable jobs for the community in a sensitive time where work opportunities are rare and competitive.

Besides, translation results in the creation of new words. The paper will provide a list of some of the samples in section two, but more importantly, language gaps or expressions that cannot be easily translated can easily pave the way for the creation of compound nouns or words to stand as an alternative, especially in a process that requires both lingual and social precocious and conscious knowledge of both languages. However, if the translation is not conducted well and thoroughly creation of new words could be mind-blowing (Bandia, 2007).

## Methodology and Research Design

This research was conducted by using mixed methods. Quantitative and qualitative-descriptive methods have been used considerably. This research uses a quantitative survey distributed among the Kurdish translators/interpreters from different places and positions and areas of interest. Two of the questions in the survey pertain to the qualitative methods whereby participants should have their contributions. To have consistency and credibility, participants were chosen randomly from different institutional settings and different ages. The main research questions are:

1. Does translation play any influential roles in saving and developing a native language?
2. Which type is used more, Foreignization or Domestication when translating into Kurdish?

## Research hypotheses

1. Researchers hypothesize that all the participants accept the notion that through translation, a language can be developed and prevented from extinction.
2. Researchers hypothesize that the Domestication type is to be used the most.

## Samples of the Study

To collect data from participants, the researchers chose twenty-eight translators in different cities and towns of KRG. Five participants live outside Kurdistan, namely, in Sweden, the UK, and the US. The participants were from different demographic cases. They were from a diverse academic background, age, gender, occupation, experience years of translation, and areas of interest. Twenty participants were postgraduate, five were graduate, and three were undergraduate (See appendix A1).

Eleven participants were above 35 years of age, thirteen were between 30 to 35, and four were between 25 to 30 (See Appendix A2). Twenty-two participants were male and six participants were female (See Appendix B1). Additionally, nine of them had more than ten years of translation experience, ten participants had around three years of experience, and nine had 4 to 6 years of experience (See Appendix B2). The source languages they have been working on are English, Arabic, Persian, German. English was the most commonly translated language among all the other source languages (see appendix A).

هەواڵنامەی کتێب

## Instruments and Procedures

A quantitative and qualitative survey was used as the only instrument of this empirical research. The survey was composed of three demographic and nine research questions (see appendix A). The survey was distributed electronically via an online link. Some of the survey questions required the participants to choose among the options, while some other questions required written answers from the participants. In fact, in some sections (or questions) of the survey, participants could also write their responses in Kurdish. Participants were given enough time for them to submit their responses.

## Data Analysis and Results

The research data was collected from the participants through a quantitative and qualitative survey and a descriptive method was used to analyze and interpret them. The responses were given numbers and calculated based on percentage formulas that are supported by different charts for further clarity.

| Gender | Number of Frequency | Percentage |
|---|---|---|
| Male | 22 | 78.6% |
| Female | 6 | 21.4% |
| Total | 28 | 100% |

**Question 1.** What are the new words you have created when translating into Kurdish?

| | |
|---|---|
| ئاسانکار/ئاسانکەر | Facilitator |
| پێڕەو/پێڕۆ | System |
| شێواز | Mechanism |
| دەمپۆش/دەوپۆش | Mask |
| ژیانئاوا | Die |
| باشرێکخراو | Fine-tuning |
| مەودادۆز | Range finder |
| سێگۆشەی مەرگ | Fatal tunnel |
| تێنووس | Notebook |
| سەرهێل | Online |
| کاژێر | Hour |
| وێنەی گشتیکراو | Stereotype |

**Table 1: The New Words Created by Kurdish Translators**

**Question 2.** How many Kurdish new words do you think you have created?

| Number of Frequency | Percentage | Number of words |
|---|---|---|
| 7 | 25% | Under 5 |
| 2 | 7.1% | Above 5 |
| 5 | 17.9% | Above 10 |
| 3 | 10.7% | Above 30 |
| 11 | 39.3% | None |

**Table 2: The Percentage of the New Words Created by Kurdish Translators.**

As it shows, 7 translators (25%) thought they had created under five new Kurdish words. 2 translators (7.1%) created above five words, 5 translators (17.9%) created above ten words, 3 translators (10.7%) created above 30 words, and 11 translators (39.3%) confirmed that they had not created any new words during translating into Kurdish.

**Question 3:** Has translating into Kurdish made you use more synonyms? Why is it so?

| |
|---|
| To avoid repetition and redundancy |
| To attract readers' attention |
| For aesthetics |
| To enrich the text |
| For further clarifications |
| To have an effective text |
| To make the text easier |
| To familiarize Kurdish readers with more synonyms |

**Table 3: The Reasons for Using Kurdish Synonyms during Translation**

**Question 4**: Which general type of translation do you stick with the most?

Foreignization or Domestication.

هەواڵنامەی کتێب

| Number of Frequency | Percentage | Translation Type |
|---|---|---|
| 18 | 64.3% | Domestication/ پەتیخوازی |
| 10 | 35.7% | Foreignization/ بێگانەخوازی |

**Table 4: The Percentage of the Translation Types Used by Participants**

Concerning the translation strategies, 18 translators (64.3%) said that they followed the Domestication strategy, while 10 translators (35.7%) preferred Foreignization.

**Question 5**: Can the translation process prevent a language from extinction?

| Number of Frequency | Percentage | Viewpoint |
|---|---|---|
| 15 | 53.6% | Yes |
| 12 | 42.9% | Maybe |
| 1 | 3.6% | No |

**Table 5: The Percentage of Translation Effect in Language Extinction**

In response to whether or not translation can be effective in saving and keeping a language alive, 15 translators (53.6%) believed that translation is effective in doing so. However, 12 translators (42.9%) seemed to be doubtful and said that translation might be effective, while 1 translator (3.6%) said that translation is not effective in such a case.

**Question 6:** Do you use a formal language when translating into Kurdish?



**Figure 1: The Percentage of Formal Language Use in Translation**

In fact, 21 translators (75%) claimed that they used formal language during translating into Kurdish, while 7 translators (25%) said that they might use standard language during translating.

**Question 7:** What are the main challenges during translating into Kurdish?

| Number of Frequency | Percentage | Challenges |
|---|---|---|
| **18** | **64.3%** | Finding correct equivalents |
| **5** | **17.9%** | Structural differences |
| **19** | **67.9%** | Cultural differences |

**Table 6: The Percentage of the Challenges in Translation**

As the researchers displayed three main translation challenges, 18 translators (64.3%) believed that finding correct equivalents is the main challenge. And so, 5 participants (17.9%) believed that the difference in structural agreement between two languages is the main challenge; however, 19 translators (67.9%) believed that the main challenge in translating into Kurdish is cultural differences between languages.

**Discussions**

It is clear that participants have been through different experiences and worked on various subjects when translating the source language into the target language, and also, they are of different ages with varying levels of education. Owing to such facts, we came across several different contributions and answers from them. To start with, participants with less experience, which is between 1 to 6 years, have created more new Kurdish words in comparison to those who have experience above ten years. That is, seven participants, with more than ten years of translation experience, said that they had not created any new words, and only one experienced participant said that he/she had created more than 30 new words. In contrast, most of the less experienced participants declared that they had created at least more than five new words. Surprisingly, two of

هەواڵنامەی کتێب

the participants with only 3 years of experience said they had created more than thirty words. Besides, five of the less experienced participants said that they had created more than 5 new words.

Concerning translation types, Daniel (2009) claims that Domestication and Foreignization are strategies in translation, regarding the degree to which translators make a text conform to the target culture. Domestication is the strategy of making text closely conform to the culture of the language being translated to, which may involve the loss of information from the source text. Foreignization is the strategy of retaining information from the source text and involves deliberately breaking the target language conventions to preserve its meaning.

The findings appeared to be under the researchers' second hypothesis. The participants with more than ten years of experience chose both types. However, the number of those who followed the Domestication type was twice more than those who followed Foreignization. All the participants, with 1 to 3 years of experience, chose Domestication translation. Admittedly, all the female participants preferred Domestication translation over Foreignization.

According to Venuti (1995), when translating, it's the translator's task to convey the source language's cultural norms and preserve their meaning and foreignness to the target language text. He estimates that the theory and practice of English-language translation have been dominated by fluent domestication. He strictly criticized the translators who, to minimize the foreignness of the target text, reduce the foreign cultural norms to target-language cultural values. The domesticating strategy "violently" erases the cultural values and thus creates a text that has been written in the target language and follows the cultural norms of the target reader. He strongly advocates the foreignization strategy. Thus, an adequate translation would be the one that would highlight the foreignness of the source text, and instead of allowing the dominant target culture to assimilate the differences of the source culture, it should rather signal these differences.

The participants' perspectives turned out to be different from the researchers' hypothesis. It was expected that the majority of the participants would believe that translation could play a very effective role in saving or/and developing a native language. However, the findings show that 12 participants, which is 42.9%, were not certain about the notion that translation could be effective in preventing a native language from extinction, and they chose the option "maybe". Specifically, all the female participants chose the option "maybe". Admittedly, one participant believed that translation

has no role in language saving. To our surprise, some of the participants who chose the option “maybe” were those who said that they had created five to ten new Kurdish words.

Besides, since most of the participants followed the Domestication translation, nineteen of them, 67.9%, said that one of the challenges in translation was “cultural differences”. However, Venuti (1995) argues that in translating, it’s the translator’s task to convey the source language's cultural norms and preserve their meaning and foreignness to the target language text.

**Conclusions and Recommendations**

In brief, translation regenerates the native language and preserves its cultural status. It can also contribute to the creation of new words, phrases, and other elements. This can be daunting if there is no support from the authorities or limited funding for this approach that can play a role not less than the role of policy making and international relations, especially for a struggling nation like the Kurdish nation Kurdistani nations.

The translation will not only preserve the native Kurdish language, but it can easily modernize it to be on the same level as international languages, especially for a nation that can have about 50+ million speakers if there is no discrimination or assimilation. Besides, it can be a two-way tool to promote Kurdish studies, for example, the translation of Kurdish art, literature, culture, and philosophic books, researches, and articles will further expand the horizon of the Kurdish language or any native and indigenous language for that matter.

The above research has shown that translation does not only preserve languages from extinction, it also helps re-generating, reforming, renewing, and reconciling struggling people with their language, whether for political reasons or hegemony of dominant nations or ruling nations. The paper has shown that languages can expand syntactical and semantic value via creating new words and phrases by localization and creation through combining words.

Another aspect that gives hope for Kurdish language preservation is the willingness and dedication of highly trained and experienced Kurdish translators. The selected number of translators has also indicated that this has not been easy for them to conceptualize meaning and craft new words simultaneously. Nevertheless, the words could be there as Kurdish is a very rich language, but the issues lie in government planning, especially in the ministries of Education and Higher Education and Scientific Research. Centralizing the English language has been very harmful in university

هەوالنامەی کتێب

faculties and schools alike. Televisions and companies now struggle to find a good translator or interpreter who has a good knowledge of the indigenous mother tongue, Kurdish for example. Besides, Domestication of knowledge or words has shown to be more effective in the preservation of local and indigenous languages than Foreignization. This, therefore, also requires adjustment and renewal of translation departments so that their graduates can master the foreign languages and study or revisit their mother language.

The researchers also suggest that the subsequent research should be done through qualitative and quantitative methods to a large degree. This will help find out why indigenous languages are losing their battle to hegemonic or internationally known languages, or why there is a lack of self-respect or esteem amongst the speakers of indigenous languages. This can be multi-disciplinary research to provide answers to questions that need much more scrutiny and study. In doing so, the participants could be interviewed directly in person to answer the questions: *why do you think translation does not have an influential role in saving and preventing a native language from extinction? And why do you think you should use Domestication or Foreignization the most?*

**Bibliography**

Bandia, P. F. (2007) 'Translation as Culture Transfer: Evidence from African Creative Writing', *TTR : traduction, terminologie, rédaction*, 6(2), pp. 55–78. doi: 10.7202/037151ar.

Daud, D. D. W. R. W. (2018) *Teach Science , Math in mother tongue*, *New Straits Times*. Available at: https://www.nst.com.my/opinion/letters/2018/05/374708/teach-science-math-mother-tongue.

Ellaf, P (2009). Wata w Wargeran. Mukryani Association-Hawler

Gile, Daniel (2009). Basic concepts and models for interpreter and translator training. Amsterdam Philadelphia: John Benjamins Pub. Co. pp. 251–252. ISBN 978-90-272-2433-0.

House, J (2013). Translation. Oxford University Press: New York

Kouega, J.-P. (2017) 'Borrowing , translation and endogenous knowledge preservation', *American Journal of Humanities and Social Sciences Research (AJHSSR)*, (Xx), pp. 1–8.

Mason, I. A. and Talcott, C. L. (1999) 'Actor languages: Their syntax, semantics, translation, and

equivalence', *Theoretical Computer Science*, 220(2), pp. 409–467. doi: 10.1016/S0304-3975(99)00009-2.

Micawar, K (2014). Binemakani Wergeran. Mukryani Association-Hawler

Sawant, D. G. (2013) 'Preservation of Endangered Languages Through Translation', *Research Scholar*, 1(2), pp. 94–98. Available at: http://www.researchgate.net/publication/237065349_Preservation_of_Endangered_Languages_Through_Translation.

Smoking, D. M. S. (1999) 'New Prairie Press'.

*The United Nations Permanent forum on Indigenous Issues* (2021) *UNited Nations*. Available at: https://www.un.org/development/desa/indigenouspeoples/news/2021/02/20th-session-of-the-permanent-forum-on-indigenous-issues-2021/.

Uzeri, A and Rasul, H (2019). An Introduction to English-Kurdish Translation. 2nd edition: Saya Center-Sulaimani

Venuti, Lawrence (1995). The Translator's Invisibility. New York: Routledge. ISBN 978-0-415-11538-4.

هەوالنامەی کتێب

# Appendices




## Appendix A1: The Percentage of Participants' level of Education




## Appendix A2: The Percentage of Participants' Age




**Appendix B1: The Percentage of Participants' Gender**




**Appendix B2: The Percentage of Participants' Experience Years**

# بێبنەمایی زمان و ئیتۆسی وەرگێڕان

## ڕۆنانی شوناس و بەرهەمهێنانەوەی ئایدۆلۆژی لە وەرگێڕانی کوردیدا

دوکتۆر مەسعوود بینەندە
دوکتورای کۆمەڵناسی و بەرپرسی بەشی لێکۆڵینەوەی توێژینگەی کوردستان‌ناسیی زانکۆی کوردستان، سنە-ئێران(m.binandeh@uok.ac.ir)
دوکتۆر بەیان کەریمی
دوکتورای فەلسەفە، مامۆستای زانکۆی کوردستان، سنە-ئێران

### پوختەی وتار:

"وەرچەرخانی زمانی" لە سەدەی بیستەم، لە ژێر کاریگەریی بۆچوونەکانی هایدگێر[61] و ویتگێنشتایندا[62] و هەروەها ڕەوتی هێرمێنیوتیک (گادامێر[63] و ڕیکور[64])، زمانی هێنایە ناوەندی تێفکرینی فەلسەفی و بیرۆکەی زانستی. ئاماژە بە "فۆڕمی وەرگێڕان" نە تەنیا وەکوو ڕاگواستنی واتا و ناوەڕۆک بەڵکوو وەکوو دینامیزمی سەرەکیی زمان، لە بۆچوونەکانی "جۆرجیۆ ئاگامبێن"[65]دا پرۆژەی وەرچەرخانی زمانیی بە تەواوکۆیی گەیاند و هاوکات دەورێکی بنەمایی لە دابڕانی تیۆرییەکانی زمان و وەرگێڕان لە مێژووی میتافیزیکی ڕۆژئاواییدا گێڕا. لەم وتارەدا هەوڵ دەدرێت لە بازنەی «پرۆژەی ڕەخنەگرانەی هزری–ئەدەبی ناشوێن»دا، پرسی وەرگێڕان لە زمانی کوردیدا پرۆبلێماتیزە بکرێتەوە و چوارچێوەیەکی ڕێڕەوناسانە بۆ خوێندنەوە و ڕەخنەکاریی پراکتیسی وەرگێڕان (زمان)، و هەروەها ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەویدی(شوناس) دیاری بکرێت. لەم وتارە، لە چوارچێوەی تیۆریی ئاگامبێندا، سێ ئیتۆسی سەرەکیی وەرگێڕانی کوردی کە وەکوو دژکردەوەی ڕووبەڕووبوونەوە لە هەمبەر زمانی ئەویدیدا دەرکەوتووە شرۆڤە دەکرێت و چۆنیەتیی ڕۆنانی شوناس و بەرهەمهێنانی ئایدۆلۆژی لە لایەن ئەو ڕەوتانەوە دیاریدەکرێت. ئیتۆسی یەکەم لە بازنەی پەرچەکرداری لاوازی و نەزۆکیی "زمانی خۆ" لە ئاست "زمانی ئەویدی"، بەرەو نەلێکردنی ترۆما و خەساری هەژێنەر پێهەڵدەنێت و لە پراکتیسی وەرگێڕاندا شکۆ و ڕەسەنایەتی بەرهەمدەهێنێتەوە؛ و لە ئاکامدا خۆ لە گۆڕانکاری و کاریگەریوەرگرتن دەبوێرێت. ئیتۆسی دووەم بە تەواوەتی وەبەر خەساری زمانی ئەویدی دەکەوێت و لەم بەرانبەرکێیەدا، شوناسی خۆی دەدۆڕێنێ و بۆ قەرەبووی ئەو کەلێن و بۆشاییە بنەماییە، هەوڵ دەدات لە پراکتیسی وەرگێڕاندا گوتاری ئایدۆلۆژیک بەرهەمبێنێتەوە. ئیتۆسی سێیەم دژوازی و قەیرانەکانی دۆخی ڕووبەڕووبوونەوە لە هەمبەر ئەویدی بە ئاوەڵاییەوە وەردەگرێت و هەوڵ دەدات زمانی خۆ لە ژێر تیشکی توانست و پوتانسییەلەکانی زمانی ئەویدی، تووشی گۆڕانکاری و گەشە بکات. تەنیا لە پراکتیسی وەرگێڕانی هاوبەستەی ئیتۆسی سێیەم، واتە لە ناشوێنی وەرگێڕاندایە کە زمانی کوردی مەودایەک بۆ تێفکرینی بەردەوام و ئاوەزی بنەمایی وەگەڕدەخات و لە تەنگەبەریی گوتاری نارسیسیستیی ڕەسەنخوازانە و هەروەها داخراویی گوتاری ئایدۆلۆژیک ڕزگار دەبێت. بۆ ئەم مەبەستە چەن دەقی وەرگێڕان لە زمانی کوردیدا بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ دەقە سەرەکییەکانیدا (ئینگلیزی و فارسی)،

[61] Martin Heidegger
[62] Ludwig Wittgenstein
[63] Hans Georg Gadamer
[64] Paul Ricoeur
[65] Giorgio Agamben

لێکدەدرێتەوە و ئیستراتیژەکانی دەق بە کەڵکوەرگرتن لە میتۆدی ڕەخنەگرانەی "شیکاریی گوتار"[66] (فێرکلاف[67] و لاکلائۆ[68]) و لە ژێر تیشکی بۆچوونەکانی ئاگامبێندا ڕاڤەدەکرێت و چۆنیەتیی پێکەربەندی و ڕۆنانی شوناس لەو دەقانەدا دیاریدەکرێت.

**وشە سەرەکییەکان:**

**ئاگامبێن، ئێتۆسی وەرگێڕان، ئەویدی، ڕۆنانی شوناس، گوتاری ڕەسەنایەتی، ناشوێن، وەرگێڕانی دیالێکتیکی.**

**سەرەتا:**

ڕەوتی وەرچەرخانی زمانەوانی (Linguistic turn)، لە ژێر کاریگەری ڕوانگەکانی هایدگێر و ویتگنشتاین سەبارەت بە زمان و هەروەها پاشتر جەختی سەرەکی ڕەوتەکانی پێکهاتەخوازی و پاش پێکهاتەخوازی لە سەر زمان، ڕەوتێکی پتەو و بەربڵاوی لە بوارە جیاوازەکانی فەلسەفە و زانستە کۆمەڵایەتیەکان و ئەدەب و جوانناسیدا بەدیهێنا. ئەم ڕەوتە کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر گۆڕینی دەوری ناچالاک (passive) و کەرەستەمەندانە بۆ دەورێکی کارا و سازێنەر لەمەڕ زمان و دیاردەکانی پێوەندیدار بە زمانەوە هێنایە ئاراوە. ڕەخنەی هایدگێر بەرانبەر بە ڕەوتی دیاردەناسی[69]، ئاماژەی بەو ڕاستییە دا کە ئەم ڕەوتە، گرنگی بە دەوری زمان لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی جیهانی واقیع نادات و خودئاگایی[70] و فامستکردن[71]، وەکوو بابەتێکی سەربەخۆ لە ڕەوتی ناسینی جیهان ڕەچاودەکات. ویتگنشتاینی دووەم ئایدیای "گەمە زمانییەکان"ی[72] هێنایە کایەوە کە تێیدا کارکردی زمان لە گواستنەوەگەرییەوە بۆ کارکردێکی کۆمەڵایەتی و بەکارهێنەرانە گۆڕدا و پێگەی زمان لە ئاستی وێنەی واقیع[73]ەوە بۆ پلەی ڕۆنانی واقیع بەرزکرایەوە. بەم پێیە ڕوانگەی ئیسێنس باوەڕەکان (Essentialist) کە ڕەهەندێکی گەوهەرییانەیان بۆ واتا ڕەچاو دەکرد و دەوری «زمان»یان لەو پرۆسەیەدا کەمتر دەنرخاند، جێگای خۆیان بۆ ڕوانینێکی کردارخوازانە[74] و کۆچێکەرانە[75] سەبارەت بە واتا چۆڵ کرد.

"گرنگیی زمان لە ڕوانینی تەفسیرخوازیی زەینیدا چەشنێک ئایدیای زمانناسیی کۆمەڵایەتی بەرهەمهێنا کە بنەمای زۆرێک لە جۆرەکانی زانستە نوێیە کۆمەڵایەتییەکان بوو، هەر لە هاوپەیوەندخوازیی سیمبۆلیکیی "جۆرج هربرت‌مید"، کۆمەڵناسیی مەعریفەی "مانهایم" و قوتابخانەی

[66] Critical Discourse Analysis
[67] Norman Fairclough
[68] Ernesto Laclau
[69] Phenomenology
[70] Self-consciousness
[71] Perception
[72] Language game
[73] Picture theory of language
[74] performative
[75] constructivism

نیوڤیبەریی "وینچ و ڕێکس"ەوە بگرە تاکوو سەروو پێکهاتەخوازیی[76] "ژاک دریدا"، پۆستمۆدێرنیزم، کۆسازخوازی[77] و ڕیالیزم." (دلانتی،1383، ص95)

هایدگێر لە کتێبی "بوون و کات" و هەروەها لە "نامەیەک سەبارەت بە ئۆمانیسم" دا دەوری سەرەکیی زمان ڕەچاودەکات و لە درێژەی بیروبڕوای ئایدیالیزمی ئاڵمانیدا؛ بۆ نموونە هامان[78]، کە بایەخێکی ئەوتۆیان بە زمان ئەدا، زمان دەهێنێتە نێو چەقی بیری فەلسەفیی سەردەمەوە: "زمان دیاردەیەکە بیری پێ دەکەینەوە، نە وەک ئەوەی کە بیروڕاکانمانی پێ وەربگێڕینەوە"، "زمان و ئەندێشە یەک شتە"، "هیچ بوونێکی بێ زمان و هیچ زمانێکی بێ بوون ناتوانێت لە ئارادا بێت." (بە گێڕانەوەی خالیقی، 1382، ل 196).

هایدگێر بە دەربڕینی ئەم تێزە سەرەکییە کە بیر و ئاوەزی ئێمە لە ڕێگای زمان و لە نێو ماڵی زماندا دێتە هەبوون و هەروەها لە بنەڕەتدا "ئێمە لە ڕێگەی زمانەوە پێکدەهێنرێین" (هەمان، 201) ئاماژە بە دەوری بەرهەمهێنەر و کۆسازێنەری زمان ئەدات و لە دیاردەناسیی ڕووت و ڕەها و هەروەها لە ڕەوتی ئاگایی تەوەریی فەلسەفەی ڕۆژئاوایی دووردەبێتەوە. هایدگێر لە سمیناری توور(1968) دا ئەم ڕستە بەناوبانگە دەردەبڕێ کە "من ناتوانم پەڕاوپەڕی سنووری ئەندێشەی خۆم ببینم بەڵام ئێوە دەتوانن"، بەم پێیە جۆرجیۆ ئاگامبێن، کە لەو سمینارەدا ئامادە بووە، پاشتر دەڵێت:"من سنوورەکانی ئەندێشەی هایدگێرم بینیوە و ئێستا دەمهەوێ لە ئاقارەکانی تێبپەڕم". ئاگامبن پێیوایە کە بیرۆکەی "زمان یانەی بوونە (هایدگێر)"، هەرچەندە بناغەی نەرێنیی زمانی قووڵتر کردۆتەوە بەڵام بەم حاڵەوە لە ئاسۆی بیری میتافیزیکیدا ماوەتەوە، "بەو بۆنەوە کە هایدگێر، بوون لە جێگا یان تۆپۆسی نەرێنێتی (negativity) دادەنێت. بەو واتایەی کە، باسکردن لە "زایەڵە"ی بێدەنگی کە مرۆڤ بەرەو ئەزموونی هەبوون ڕادەکێشی لە ئەنجامدا لە پێناوی پاراستن و هێشتنەوەی بابەتی نەوتراو لە زماندا؛ کە هێگێل باسی لێ کردبوو، کردار دەنوێنێ". (ئاگامبن، 1391، ل 27)

ئاگامبێن پێیوایە هەم هێگێل و هەم هایدگێر بابەتی نەرێنی ڕادەکێشنە ناخی مرۆڤ و بەمپێیە شوناسی مرۆڤ وەکوو یانەی ڕووداانی "زمان" پێناسە دەکەن، بەڵام ئەم هەوڵە هەردەم ڕەگەزی میتافیزیکی پێوە دەمێنێتەوە. هۆکارەکەی ئەوەیە کە لێرەدا هایدگێر بابەتی نەرێنی و ئاوارتە یان نەناسراو و بێزمان لە هەمبەر زماندا دادەنێ و لە ئاکامدا ڕەسەنایەتی و باڵادەستی بەو سەرچاوە نادیار و "ڕازئاوی"[79]یانە دەبەخشێت کە لەهەمبەر زمان دانراون(بوون، بێدەنگی و هتد). ئاگامبێن لە ڕێگای پراکتیسێکی ڕادیکاڵەوە هەوڵی دابڕان لە هایدگێر و هەروەها ڕاکێشانی فەلسەفەی زمانیی ئەو بیرمەندە

[76] Post-structuralism
[77] Constructivism
[78] Johann Georg Hamann
[79] Mystical

بۆ هەناوی بۆچوونەکانی خۆی لە مەڕ زمانەوە ئەدات. ئاگامبێن دوانەی هاوگرتووی "زمان" و "مەرگ"، کە هەم لە بۆچوونی مێژووی فەلسەفەی ڕۆژئاواییدا ("مرۆڤ بوونەوەرێکی قسەزانە[80]")، و هەم لە ڕوانگەی هایدگێردا، وەکوو گەوهەر و چارەنووسی بنەمایی مرۆڤ دێتە ئەژمار، لە پێکهاتەی هەبوونی مرۆڤ دادەماڵێ و ئەم بڕیارە دێنێتە ڕۆژەڤەوە کە "زمان ئەویدی مرۆڤە". لەم ڕوانگەوە هەبوون یان هەر دیاردە و گەوهەرێکی بنەمایی لە دەرەوەی زمانەوە نییە کە بتوانێ باڵ بە سەر زماندا بکێشێ یان لە ڕێگای زمانەوە دەنگ و ڕەنگ و ئۆتۆریتەی خۆی دەرببڕێ، بەڵکوو هەمووی ئەمانە دیاردەیەکی "زمانی"ن و لە کەلێنەکانی نێو پانتایی زمانەوە سەرهەڵدەدەن. ئاکامی ئەم شۆڕشە کۆپێرنیکییەی ئاگامبێن ئەوەیە کە چیدی زمان "یانە" و "جێنەزەرگەی" هیچ ئەویدیەکی تر نییە بێجگە لە مرۆڤ. کەوایە بە بڕوای ئاگامبێن بۆ دابڕان لەو نەریتە میتافیزیکییەی ڕۆژئاوا کە تا ئێستا ئیتۆسی مرۆڤی بەپێی بونیادێکی نەرێنی فامکردووە و بەردەوام ڕێگەی بەرەو نیهیلیزم بڕیوە، پێویستە پێناسەیەکی نوێ لە زمان بهێنینە ئاراوە کە لەویدا "هیچ چەشنە بابەتێکی «نا–وترا[81]» و نەرێنی بە پێشمەرج دانەنرێت و تەنێ زمان بە نیشتمانی بنەمایی و ئەرێنی مرۆڤ بزانرێ"(هەمان، ل 23).

کەوایە فۆرموولاسیۆنی ئاگامبێنی پێمان دەڵێت:

_ زمان ڕەگەز و گەوهەری مرۆڤ نییە و لە ئاست مرۆڤ ئەویدییە.

_ زمان تەنیا یانەی مرۆڤە و هیچ بابەتێکی نەرێنیی تێیدا ناگونجێت.

_ زمان کۆگشتبوون (totality)ێکی بێبنەمایە و لەو بێبنەماییەدایە کە مرۆڤ دەتوانێت بە شێوەیەکی جیاواز ئاخاوتن بکات، بیربکاتەوە و کردار بنوێنێت.

## زمان و وەرگێڕان

هیچ تیۆرییەکی وەرگێڕان نییە کە پشت بە تیۆرییەکی زمانییەوە نەبەستێت و لە چوارچێوەی پانۆبەرینی زماندا پێناسەکانی خۆی بونیاد نەنێت. لە ڕوانگەی هایدگێرەوە کە وەرگێڕان تەنانەت لەنێو خودی زماندا بە میکانیزمێکی سەرەکی ڕەچاودەکات تا بۆچوونە نوێیەکانی هێرمۆنۆتیک کە لە هەر چەشنە فامست و تێگەیشتنێکدا پرۆسێسی وەرگێڕان دەبینێت (گادامێر و ڕیکۆر)، جەخت لە سەر ئەو ڕاستییە دەکەن کە وەرگێڕان دینامیزمی بنەمایی زمانە، کەوایە بەبێ ستراتیژی زمانی و بەبێ چوارچێوەیەکی تیۆرییانە لە مەڕ زمان، پێناسەی وەرگێڕان نەشیاو و ناتەواوە. پۆل ڕیکۆر لە تەنیشت دوو تەوەری سەرەکی "هێرمۆنۆتیکی سیمبول" و "هێرمۆنۆتیکی دەق"دا، ئاماژە بە "هێرمۆنۆتیکی

[80] Zoon Logon Echon
[81] Unsayable

وەرگێڕان" دەدات و پێیوایە ئەم سێ تەوەرە هێرمۆنۆتیکییە لە پرۆسەیەکی زمانیدا یەکتر تەواو دەکەن. (بابک معین، 92، ل 181)

گادامێر هەروەها "چالاکیی وەرگێڕان" بە چالاکییەکی تەواو هێرمۆنۆتیکی دەداتە قەڵەم (هەمان، ل 186) و سەرەڕای کێشە و ناتەباییی بنەمایی وەرگێڕان، ئەو دیاردەیە لەگەڵ خوێندنەوە و تەفسیرکردندا هاوئاست دەنرخێنێ و پێیوایە لە هەر دوو پراکتیسی خوێندنەوە و وەرگێڕاندا "بنەڕەتی کاری هێرمۆنۆتیک بریتییە لە تێپەڕاندنی مەودا، بە تایبەت مەودایەکی زەمەنی کە دەق لە وەرگێڕ یان خوێنەر جیادەکاتەوە". (هەمان، ل 188)

ئەگەر لە تێرم و دەستەواژەی ئاگامبێن بۆ بەپرۆبلێماتیککردنی فۆرمی "وەرگێڕان" کەڵک وەربگرین، ئەم پرسیارەمان بۆ جێباز دەبێت: "من دەقێک لە زمانی ئەویدییەوە بۆ زمانی خۆم وەردەگێڕمەوە"، چ واتایەکی هەیە؟ واتە بەپێی بۆچوونی ئاگامبێن لێرەدا "من" و "ناوئاخنی دەق" و "ئەویدی" لە "ئێپۆخە"[82]یەکی دیاردەناسانە لە نێو کەوان دەکەون و خودی کرداری "وەردەگێڕمەوە" و دیاردەی "وەرگێڕان" بەرجەستە دەبێتەوە، واتە هەموو گوتەزاکانی تر لە پراکتیسی وەرگێڕاندا بەرهەم دەهێنرێنەوە و شێواز بە خۆوە دەگرن. کەوایە "شوناسی خۆ" و "ناوەڕۆکی دەق" و "چەمکی ئەویدی"، هەموو لە ڕەوتی دیالێکتیکی زماندا و بە پێی پراکتیسی وەرگێڕان کۆساز دەدرێن و ناتوانن خاوەنی ئێسێنس و گەوهەرێکی "لە پێش"(Apriori) یان بوونناسانە (ontological) بن. بێبنەماییی زمان وا دەکات مرۆڤ بتوانێت خۆی لە ئەویدیی زماندا دیهاوێژی (projection) بکات و بە خوێندنەوە، وەرگێڕان و بەرهەمهێنانەوە، شوناسێک بۆ خۆی دابینبکات و کردارێک بە ئەنجام بگەیەنێت. کەوایە بەپێی تێزی سەرەکیی ئاگامبێن کە زمان، تەنانەت زمانی خۆ (زمانی دایک) بە ئەویدی دەزانێ، ئەو هەل و دەرفەتە بۆ مرۆڤ دەڕەخسێت کە لە ڕووبەڕووبوونەوەی زمانی ئەویدیدا، لە زمانی خۆی دوور بکەویتەوە و بە گۆڕینی سووچی نیگا[83]، کەمووکورتی و هەروەها توانستەکانی زمانی خۆی بناسێت. ڕیکۆر لە ڕستەیەکدا دەڵێت:

"زمانەکان سیستەمێکی داخراو نین" (هەمان، ل 198)

کەوایە تایبەتمەندیی ڕێفلێکسیڤی زمان، هەلی دوورلێکەوتنەوە و چاودێریکردنی زمانی خۆمان، پێ دەبەخشێ و بە گشتی ئیمکانی وەرگێڕانمان بۆ دەستەبەر دەکات. تەواوی خوێندنەوە نوێیەکانی شوناس جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە شوناس وەکوو سازدراوێکی کۆمەڵایەتی لە هەمبەر ئەویدیدا پێکدەهێنرێت و ئەم پێوەندییەش پێوەندییەکی دووجەمسەرانەی ڕەق و تەق و نەگۆڕ نییە، بەڵکوو:

[82] Epoche، تێرمێکی دیاردەناسانە، بە واتای تەعلیق و دواکەوتنی داوەری، واتە چرکەساتێک کە تێیدا تەواوی ئەو شتانەی جیهانی پێ ناس دەکەین بنێردرێنە لاوە و تووشی ڕاوەستان بین.

[83] Standpoint

"کاتێ من چەمکی وەرگێرانم بەرجەستەکردەوە و وەکوو شێوازێکی سەرەکیی بیرکردنەوە ئاماژەمپێدا، لە ڕاستیدا مەبەستم ئەوە بوو کە نە تەنیا پێوەندیی ئێمە لەگەڵ مۆدێرنیتەی ڕۆژئاوایی لە ڕێگای وەرگێڕانەوە دەستەبەر دەکرێت بەڵکوو گرنگتر لەوە، پێوەندیی لەگەڵ خۆماندا، هەروەها لە ڕێگای وەرگێڕانەوە دێتەئاراوە. ئەگەر هەر چەشنە بیرکردنەوە شێوەیەک وەرگێڕانە بێت، کەوایە نە تەنیا بۆ ناسینی کانت و هێگێل، بەڵکوو بۆ ناسینی ڕابردووی خۆمان هەروەها، پێویستمان بە وەرگێڕانە." (فرهادپور، 88، ل239)

ئەم بڕیارەی فەرهادپوور کە خۆی وەکوو وەرگێڕێکی کارا لە بەستێنی فیکر و ڕۆشنبیریی ئێرانیدا دەرکەوتووە، ئاڵۆزی و چەندڕەهەندیبوونی پێکهاتنی شوناس لە ڕەوتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەویدیدا دیاری دەکات و ئەو ڕاستییە ڕووندەکاتەوە کە وەرگێڕان قەدەرێکی مێژوویی ئێمەیە وەکوو وڵاتانی پەراوێزنشین، هەروەها یەکێ لەو ڕێگایانەیە کە لەوێوە دەتوانین تەنانەت پێناسەیەک لە خۆمان بەرهەمبێنین و لە ئاست نەریت و ڕابردووی خۆمان ئاگادار ببینەوە. فەرهادپوور پاش دەربڕینی ئەم بڕیارە هەنگاوێکی تر دەهاوێژێ و ڕادەگەیەنێت کە پاش سەرهەڵدانی تیۆرییەکانی پاشپێکهاتەخوازان و بە تایبەت پاش ڕوانگەی "لاکان"ی[84] تایبەت بە زمان و سووژە، چیدی جەختکردن لەسەر ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەویدی و دەستهاویشتن بۆ وەرگێڕان بە مەبەستی ناسینی خۆ، بەتەنیا تەواوی حەقیقەتی ئەم چیرۆکە دەرنابڕێت. بەو بۆنەوە کە تەنانەت لە وەرگێڕانیشدا ناتوانین ئەو وێنە و ئاماژە تەواوکۆ و خوویستە لە زمان و فەرهەنگی خۆمان بدۆزینەوە.

"ئێمە چیدی بەرەوڕووی کەلێنێک لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا نین کە هەر کامەیان وەکوو تەواوکۆیەکی هاوگرتوو لە یەک جەمسەردا جێگایان بۆخۆیان خۆش کردبێت". (هەمان، ل 250)

خاڵی سەرەکیی ئەم تێزەی فەرهادپوور ئەوەیە کەلێنێک کە ئێمە لە ڕۆژئاوا جیا دەکاتەوە و هەروەها پراکتیسی وەرگێڕان و پاشترناسینی خۆمان مومکین دەکات دەکەوێتە نێو دڵی "ئەویدیی مەزن"ی[85] ڕۆژئاوا، و هاوکات ڕەوایەتی یەکگرتووی ئەو ئەویدییە تووشی بۆشایی و کەلێن دەکات؛ لەوێوە شوناسی ئێمەش گیرۆدەی هەمان کەلێن و دابڕان دەبێت و خەونی بەرهەمهێنان و نواندنەوەی فیگۆرێکی سەقامدار و بێبزاوتە لە خۆمان دەڕەوێنێتەوە. بەم پێیە پرۆژەی "نەریتخوازیی ئایدۆلۆژیک" و "گەڕانەوە بۆ خۆ" دەبێتە دیاردەیەکی وەهمی و لە بنەمادا ناتەبا و نەشیاو دەنوێنێت. وەرگێران پراکتیسێکی زمانییە کە لە ڕێگای ستراتێژیی ناوەندشکێنی (deconstruction)یەوە، سامانی دووجەمسەرگەرانەی «جیهانی زمان/ جیهانی سەرووزمان» تێکدەچڕژێنێ و وەکوو دینامیزمێکی

[84] ژاک لاکان(Jacob Lacan) خاوەنی دوو ئەزموونی پێکهاتەخوازانە و پاشپێکهاتەخوازانە لە بەرهەمەکانی خۆیدایە؛ هەرچەندە هەندێ لە لایەنگرانی لاکان، بیرۆکە سەرەکییەکانیی بەدەر لە بازنەی ئەو دوو ڕەوتە دەنرخێنن(بۆ نموونە ئیسلاوی ژیژەک).

[85] Big other

تایبەت بە خودی زمان، دەور دەگێڕێت. ئەم دینامیزمە زمانییە دۆخی ڕووبەڕووبوونەوەی "ئێمە/ئەویدی" وەکوو ئیمکانی وەرگێڕان دێنێتە ئاراوە و بەم پێیە سووژە لە "زمانی ئەویدی" دا بە هەمان چەشنی "زمانی خۆ" دیهاوێژ دەکات و پرۆسەی ڕۆنانی خودئاگایی و "شوناسی کەلێندار و ناهاوگرتوو"[86] بەڕێوەدەبات. هەربۆیە لە ئاکامی پراکتیسی وەرگێڕاندا، ئەمە شکۆ و سەروەریی "زمانی ئێمە" نییە کە "دەقی ئەویدی"، پاوان و داگیردەکات بەڵکوو ئەوە دینامیزمی زمانە کە کەلێنەکانی گوتاری خۆ و فەرهەنگیی ئێمە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ نامۆیی فەرهەنگیی ئەویدیدا ئاشکرا دەکات و لەوێوە ئێمە، "خۆمان" وەکوو "ئەویدی" ئەزموون دەکەین. لێرەدا دەتوانین کۆبەندی ئەو بۆچوونانەی تا ئێستا ئاماژەی پێدرا لە سێ پاژی تێز و ستراتیژ و پراکتیسدا کۆبکەینەوە:

- **سێ تێزی سەرەکی سەبارەت بە زمان**

1_ زمان ئامراز یان موڵکی ئێمە نییە، زمان بە شێوەیەکی بنەمایی لە ئاست مرۆڤ ئەویدییە. (ئاگامبێن)

2_ تەنیا یانە[87]ی مرۆڤ زمانە؛ واتە زمان یانەی هیچ بابەتێکی نەرێنی نییە. (ئاگامبێن و گادامێر)

3_ زمان ئێسێنس و گەوهەری شتەکانە واتە ناوئاخن و فۆرمی جیهانمان بۆ کۆساز دەدات. (هایدگێر، گادامێر، ئاگامبێن)

- **سێ ستراتیژی سەرەکی سەبارەت بە زمانی ئەویدی (بیانی)**

1_ زمانی ئەویدی (بیانی) هاوچەشنی زمانی خۆ (دایک)، لە بنەڕەتدا بۆ ئێمە ئەویدییە و تەنیا جیاوازی لە چەندێتی ڕادەی ئەم "دیترییبوون"ە دایە، نەک لە چۆنیەتیی ئەم جیاوازییەدا. (ئاگامبێن، گادامێر)

2_ زمانی ئەویدی داتوانێت وەکوو زمانی خۆ، یانە و جێنەزەرگەی ئێمەی مرۆڤ بێت؛ و هەڵبژاردنی چەشنی ئەم یانەیە تەنیا بڕیارێکی ئاکارمەند و ئەخلاقییە نەوەک مەعریفەناسانە. (ئاگامبێن)

3_ زمانی ئەویدی هاوشێوەی زمانی خۆ، پێوەندیی بە "سەرچەشنێکی زمانی"ی سەرەکییەوە هەیە، کە سنوورەکانی ئەندێشە و دەربڕینی ئێمە دیاری دەکات. (هایدگێر، گادامێر، ڕیکۆر، ئاگامبێن)

- **سێ پراکتیسی سەرەکی لە وەرگێڕانی کوردیدا:**

---

[86] Split Identity

[87]House؛ لێرەدا ئاماژەیەک بە بۆچوونی سەرەکیی هایدگێر سەبارەت بە زمان دراوە کە پێی وایە زمان یانەی بوونە(بە ئاڵمانی: Sprache ist das Haus des Seins)، و ئاگامبێن بە گۆڕینی ئاڕاستەی ئەم بۆچوونەی هایدگێر، ئەم بوونە زمانمەندە تەنیا بۆ مرۆڤ مسۆگەر دەکات.

1_ بۆشایی و هەروەها توانستەکانی زمانی کوردی لە پراکتیسی وەرگێڕاندا واتە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ زمانی ئەویدیدا دەرکەوتووە. (پێکهاتنی شوناسێکی خەیاڵی)

2_ لە پراکتیسی وەرگێڕانی کوردیدا، ناهاوسەنگی و کەلێنی زمانی ئەویدی دێتە ناو دەڤەری زمانی خۆ و لە سیستەمی هێماییی دەلالەتدا شوناسێکی کەلێندار، ناسەقامگرتوو و بزۆز بەرهەمدەهێنێت.

3_ پراکتیسی وەرگێڕانی کوردی بەستێن و ئاسۆیەکی فامستکردنی پێکهێناوە کە سووژەی کورد، تەنیا لەو پانتاییەدا دەتوانێ بیربکاتەوە و کرداری داهێنان بهێنێتە گۆڕێ.

ئەم سێ ئاستە لە ڕاستیدا چوارچێوەی تیۆریی بڕیارەکانی ئەم وتارە سەبارەت بە دۆخی وەرگێڕانی کوردی پێکدەهێنن.

ئاگامبێن بۆ دەربازبوون لە مێژووی متافیزیکی ڕۆژئاوایی، بێبنەماییی زمان و هەروەها بێبونیادیی خۆدی مرۆڤی هێنایە ڕۆژەڤەوە و ڕایگەیاند کە مرۆڤ بێجگە لەو ئاخافتنەی کە دەری دەبڕێ و لەو کردارەیدا کە دەینوێنێ، هیچ بنەمایەکی تری نییە. "ئیتۆسی مرۆڤ خودی پراکسیسی کۆمەڵایەتی و وتاری مرۆڤانەیە، کە لە پێش چاوی خۆیاندا بە شێوەیەکی ڕوون بەرچاوکەوتووە". (ئاگامبێن، 1391، ل 44و 43)

لە ئاکامی وەرگێڕان واتە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەویدیدا، بازنەی توانست و لاوازییەکانی فۆرمی ئێستای زمانی ئێمە دەردەکەوێت. لە هەمبەر ئەو دۆخە قەیراناوییەدا سێ "ئیتۆس"[88]ی سەرەکی لە لایەن وەرگێڕەکانەوە وەکوو پەرچەکردار دێنەبەرهەم، کە هەر کامە و وەڵامێک بۆ بێبنەمایی و بۆشاییی "زمانی ئێمە" تۆمار دەکەن:

**ئا) ئیتۆسی یەکەم حاشا لە ترۆما و شۆکی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ توانستەکانی ئەویدی و لاوازییەکانی ئێمە دەکات و بە گەڕانەوە بۆ ڕەسەنایەتی و خەیاڵی نارسیستی، هەوڵ دەدات بنبەست و نەزۆکیی زمانی خۆ لەبیرباتەوە و بە خۆویستی و شکۆدارکردنی مێژووی ڕابردوو، ئەو کەلێنە پڕبکاتەوە.**

**ب) ئیتۆسی دووەم لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەویدیدا، یەکسەر بەرەو خەیاڵی مەزنایەتی و تەواوکۆیی ئەویدی ڕادەکێشرێ و بەم پێیە نکوڵی لە زمانی خۆ و فەرهەنگی جیاواز لە ئەویدی دەکات. لەم ئیتۆسەدا پراکتیسی وەرگێڕان شێوازی کردارێکی ئایدۆلۆژیک بە خۆوە دەگرێت کە لە ڕێگای**

[88] ئیتوس وشەیەکی یونانییە کە لە ئیتیک بە واتای ئاکار داشکاوە. ئاگامبێن دەڵێت ئەم وشەیە هەم بە واتای هابیتاس(منش) و خوو و ڕەوشتە هەم بە واتای شوێنی جێگیربوون و نیشتنەوە. لێرەدا ئیتوس بە واتای ڕەوشتێکی مەبەستدارانە هاتووە.

**خەیاڵکردی خۆبەئەویدیکردن (خۆبەدەستەوەدان)ەوە، پەرچەکردارێک لەهەمبەر ترۆما و شەپۆکی حوزوور و ئامادەیی ئەویدی بەرهەمدێنێت.**

**پ) لە ئیتۆسی سێیەمدا دیالکتیکی «زمانی ئێمە/زمانی ئەویدی» و هەروەها واقعی ترۆما ڕاگیر دەکرێ و هاوکات هەوڵدەدرێت لە توانستەکانی ئەویدی بۆ بەهێزکردنی خۆ و دەربازبوون لە خەیاڵی نارسیستیی ڕەسەنخوازانە و هەروەها نەلێکردنی خۆبەدەستەوەدان و لەخۆدەرچوونی ئایدۆژۆژیک کەڵک وەربگیردرێت.**

لە نێوان ئەم سێ ئیتۆسەدا، بێگومان ئیتۆسی سێیەم کە دژوازییەکان و ترۆماکانی وەرگێڕان بە ئاوەڵایی وەردەگرێ و لە ناخی ململانێکانیدا ئەزموونی خۆی بەرەو پێش دەبات، باشتر دەتوانێ ڕێگایەک بۆ کرانەوە و باڵاکردنی زمانی خۆ لە ڕێگای قۆرسایی و هەژمۆنی زمانی ئەویدییەوە بدۆزێتەوە. کەوایە هەر وەرگێڕانێک کە بەپێی ئیتۆسی یەکەم و دووەم بیهەوێت یان بەرۆچوون بە ناخی ڕەسەنایەتی و نکۆڵیکردنی لاوازی و کەموکورتی زمانیی خۆ، یان بەئایدۆلۆژیککردنی زمان، خۆی لە واقیعی هەژێنەری پراکتیسی وەرگێڕان بدزێتەوە، تەنیا دەتوانێت نەزۆکیی ناوەڕۆک و فۆرمی مەنگ و وەستاوی زمانی خۆی بەرهەمدەهێنێتەوە.

ئومید میهرەگان بە کەڵکوەرگرتن لە بۆچوونەکانی واڵتر بێنیامین سەبارەت بە وەرگێڕان، ئاڕاستەکانی ئەو چەشنە خۆدزینەوە لە ئاستی ململانێی وەرگێڕان لە زمانی فارسیدا دیاری دەکات و بە شێوەیەکی گونجاو ڕەخنە و گازندەیان لێ دەگرێت.

"مەبەستم لێرەدا ئاماژە بە هەندێ هەوڵی سەیروسەمەر لە ئێراندایە بۆ گەیشتن بە زمانی ڕەسەن، بە دەربڕینێکی باشتر، "فارسی ڕەسەن"... لە لایەکەوە، ئایدۆلۆژیای "**فارسی را پاس بداریم**" درێژەی هەیە و لە لایەکی ترەوە ڕادیکالیزمێکی ڕووت کە هەموو ئەرکی وەرگێڕ تەنیا لە ڕۆنانی وشەدا کورت دەکاتەوە: وەک وەرگێڕانەکانی "میرشەمسەدین ئەدیبسوڵتانی" (سنجش خرد ناب، رسالەی منطقی/فلسفی ویتگنشتاین)".(مهرگان، 87، لل 88 و 91)

بێگومان بەو هۆیە کە زمانی کوردی توانستەکانی لەم بوارەدا لە ئاست زمانی فارسی زۆرترە، ئەگەری ڕاکێشرانی وەرگێڕانەکان بەم لایەنەدا زۆرترە. واتە کوردی بەپێی هەلومەرجی مێژوویی پاراوتر ماوەتەوە و وشە و دەستەواژەی بێگانەی کەمتر تێهاوێژراوە، کەوایە دەنگی بانگەشەی ڕەسەنایەتی دلێرترە و هەروەها ئیمکانی ڕاگرتنی ئەو فۆرمە چەقبەستووە و بەرهەمهێنانەوەی لە پانتایی وەرگێڕاندا زۆرترە. بەڵام ئەم چەشنە ڕووبەڕووبوونەوەیە لە ئاست ناتەواوی و نەزۆکییەکانی

زمانی خۆ لە پرۆسەی وەرگێڕاندا، تەنیا چەشنێک حەز و خولیای نارسیستی ئێمە سارێژ دەکات و بەم شێوەیە ڕێگای هەرچەشنە گۆڕانکاری و پەرەسەندنی زمانی لەمپەر دەکرێت.

**نمونەی یەکەم(1): (ئاڵمانی بۆ کوردی)**

**"لە بیرۆکەی بایەخی ڕەهای خواستی ڕووتدا، بە بێ گوێدانە ئەو سوود و قازانجەی ئێمە لەودا بە دی دەکەین، جۆرە سەیر و نامۆییەکی تێدایە کە ناچارەکیی، سەرەڕای ئەو تەباییەی لەگەڵ هەستی ناوکۆییدا هەیەتی، جۆرە گومانێک دەورووژێنی کە مرۆڤ باوەڕ بکات ئەم بیرۆکەیە بنچینەکەی وەهم و ئەندێشەیەکی بەرزە و سروشت لەو مەبەستەیدا، بۆچی دەبێ خواستمان پابەندی ژێر بێ بە هەڵە تێگەیشتووە، بۆیە دەمانەوێ ئەم بیرۆکەیە و لەم ڕوانگەیەوە تاقیبکەینەوە."(کانت، 2007، ل21)**

لەم وەرگێڕانەدا لە زمانی مەبەست (کوردی)دا هیچ هەوڵێک بۆ گۆڕانکاری و ئەملاوئەولاکردنی وشە و دەستەواژە و دەستێوەردان نابینین، کە وایە دەق لە هەندێ وشەی کوردی پێکهاتووە کە نە تەنیا ڕووناکی و وزەی زمانی ئاڵمانی (زمانی کانت) ڕاناگوێزرێتە ناو زمانی کوردی، بەڵکوو زمانە کوردیەکەش تووشی چەشنێ بنبەست و ڕاوەستان دەکات. لەم دەقەدا هەروەها سەردێڕ و ڕستەی وەک: "**لە زانینی ژیرەکی هەمەکیی ئاکارەوە بەرەو زانینی فەلسەفیی**"، "**دابەشکردنی گشت بنچینە شیاوەکیەکانی ئاکار کە دەکرێ لە چەمکی بنەڕەتی ناتەبایی پەسەندکراوەکەوە بکەونەوە**" و... هەندێ نموونەی تر وەبەرچاو دەکەوێ و بۆمان ڕووندەکاتەوە ئێتۆسی وەرگێران لەم شێوازەدا هیچ چەشنە دیالۆگێک لەگەڵ ئەویدیدا پێکناهێنێ و تەنیا دەنگی "زمانی خۆ" بە بێ بیستنەوە دووپاتدەکرێتەوە. پراکتیسی وەرگێران لێرەدا هەوڵ نادات خۆی لەبەردەم کاریگەرییەکانی زمانی ئاڵمانی ئاوەڵا بکات بەڵکوو هەوڵ ئەدات بۆشاییەکانی زمانی خۆ بە زمانی ئاشنای خۆمان داپۆشێ و نامۆییەکی قوڵتر واتە سەرلێشێواویی هزری بەرهەمبێنێت.

**نموونەی دووەم(2): (عەرەبی بۆ کوردی)**[89]

English text:

A principle of discontinuity, then: the fact that there are systems of rarefaction does not mean that beneath them or beyond them there reigns a vast unlimited discourse, continuous and silent, which is quelled and repressed by them, and which we have the task of raising up by restoring the power of speech to it.(Foucault,1988, p67)

[89] دەقە عەرەبییەکەی لێرەدا نەهێنراوە و تەرکیز کراوەتە سەرچاوەی دەقە عەرەبییەکەی کە ئینلیزی بووە.

هەواڵنامەی کتێب

**وەرگێڕانی کوردی:**

**"بنەمای نەبوونی بەردەوامی (principle of discontinuity): بوونی سیستەمگەلێکی کاملترکردنی گوتارەکان مانای ئەوە نییە کە لە سەرەوەی ئەم گوتارانەوە یان لە پشتییانەوە گوتارێکی گەورەی بەردەوامی بێدەنگ باڵ بە سەریاندا دەکێشێت و، لای خۆیەوە خۆی بە سەرکوتکراو و چەپێنراو دەبینێتەوە، و ئێمەش لە سەرمانە ئەم گوتارە ببووژێنینەوە بەوەی کە دواجار وشەی بۆ بگەڕێنینەوە."(فۆکۆ، 2013، ل 39)**

**وەرگێڕانی فارسی:**

**یکی از آنها اصل ناپیوستگی است: وجود دستگاههای رقیق‌تر کردن گفتار به معنای آن نیست که زیر آنها، یا ورای آنها، قلمروی از حاکمیت اعظم گفتاری نامحدود، پیوسته و خاموش وجود دارد که خود به خود سرکوب یا پس زده شده‌اند و گویا وظیفه ما این خواهد بود که با بازسپردن زمام سخن به دست آنها دوباره اعتلایشان دهیم.(فوکو، 1380، ل 46)**

لێرەدا **rarefaction** بە واتای پاڵاوتن و کەمکردنەوەی بارستاییە، مەبەستی فۆکۆ ئەو تایبەتمەندییەی گوتارەکانە کە تەنگەبەری و سنوورێک بۆ دەربڕین و کردارنواندنی مرۆڤەکان بەرهەمدەهێنن. کەوایە لێرەدا "پاوانکردن" و "سنووردارکردن"، وەکوو هاوتایەکی گونجاو بۆ دەستەواژەی "ڕێریفاکشێن"، زۆر باشتر لە "کاملترکردن"(کوردی) و "رقیق‌ترکردن"(فارسی)، مەبەستی بەرئاماژەی فۆکۆ دەگەیەنێت.

لە وەرگێڕانی کوردی کتێبی "**the order of discourse**"ی فۆکۆدا کە چەند دێڕێکمان لێکدایەوە لە لاپەڕەی 92دا هاتووە کە بۆ وەرگێڕانی ئەم کتێبە لە سێ سەرچاوەی عەرەبی و ئینگلیزی و فارسی کەڵک وەرگیراوە، ئەمە لە حاڵێکدایە کە دەقی کوردی بە هیچ کلووجێک لهگەڵ دەقی ئینگلیزیدا تەبا نییە و تەنانەت هاوتەریب لەگەڵ دەقی فارسیش ناچێتە پێش. وەرگێڕانی ئەم چەند ڕستانەی خوارەوە ببینن: (ibid,p67)

Four notions, then, must serve as the regulating principle of the analysis: the event, the series, the regularity, the condition of possibility. Term for term we find the notion of event opposed to that of creation, series opposed to unity, regularity opposed to originality, and condition of possibility opposed to signification.

"کەواتە دەبێت چوار ئاماژەبۆکراو وەک پرەنسیپی ڕێکخەری شیکاریی بەکاربهێنرێن: ئاماژەبۆکراوی ڕووداوەکە، زنجیرە، خۆرێکخستن، و ئاماژەبۆکراوی مەرجی شیاویی لەگەڵ ئاماژەدا. ئەم چوار ئاماژەبۆکراوەی کۆتایی (ئاماژە و ڕەسەنایەتی و یەکێتی و داهێنان)،..."(هەمان، ل 40)

بەپێی ڕوانگەی بینیامینی، تەنیا خێروبێری ئەم وەرگێڕانە ئەوەیە کە لە بەرانبەرکێی زمانی ئەویدیدا، لاوازی و بێدەرەتانی زمانی ئێمە و وەرگێڕەکانمان نیشاندەدات، بەڵام بە بێ ئەوەی لە شەپۆکەکانی ئەم بێ دەرەتانییە کەڵک وەربگرێ، دەخزێتە ناو سەرلێشێواویی زمانی و هەروەها هەڵە و بێسەرەوبەری وشە و واتاوە. کاتێ ئیتۆسی ڕەسەنخوازانە لە قووڵایی مەبەستی خۆیدا ڕۆدەچێ، دەبێتە بڕیارێکی ناوچەگەرانە کە دیاردەی هەموانەکی و گشتگیری زمان لە تەنگەبەریی سنووردراری ناوچە، شارۆچکە و بنزاراوەیەکی تایبەتدا قوربانی دەکات و بە بەرهەمهێنانەوەی زمانێکی ئێجگار خۆماڵی، کرانەوە و ئاوەڵایی زمان نەفیدەکاتەوە.

<u>**نموونەی سێیەم(3): (ئینگلیزی بۆ کوردی)**</u>[90]

English text (1): Christ almighty (p72)

**وەرگێڕانی کوردی:** مەسیحی پایەبڵند! (ل206)

**وەرگێڕانی فارسی:** خدای من!(ص132)

E text (2): then I grabbed my shoes and got in the closet and shut the door. Boy, my heart was beating like a bastard. (p95)

**وەرگێڕانی کوردی:** دەیجا پرم دایە پێڵاوەکانم و چوومە دۆلابەکەوە و دەرکەم داخت، دڵم وەک زۆڵ لێیدەدا. (ل269)

**وەرگێڕانی فارسی:** بعدش کفشامو ورداشتم و رفتم تو گنجه و درو بستم. پسر، قلبم همچنین می‌زد که داشت از سینه‌م می‌افتاد بیرون. (ص171)

E text (3): you give me a royal pain in the ass, if you want to know the truth. (p72)

**وەرگێڕانی کوردی:** ئەگەر ڕاستت دەوێت تۆ ئازارێکی شاهانەت بە قوونم گەیاند. (ل206)

**وەرگێڕانی فارسی:** ڕاستشو بخوای حالمو به هم می‌زنی.(ص132)

[90] ورگێرانی رۆمانی جی.دی سالینجێر"catcher in the rye"، بۆ کوردی " پاسەوانێک لە مەزرا"، ژوان جەلال،2012،سلێمانی.

هەواڵنامەی کتێب

E text (4): it was a Saturday and it was raining like a bastard out. (p43)

**وەرگێڕانی کوردی:** شەمەیەک بوو، باران زۆڵانە دەباری.(ل125)

**وەرگێڕانی فارسی:** روز شنبه‌ای بود و مث چی بارون می‌اومد.(ص80)

E text (5): what're you trying to be fucking funny? (p77)

**وەرگێڕانی کوردی:** دەتەوێ خۆت هەزەلی کەی. (ل222)

**وەرگێڕانی فارسی:** می‌خوای خوشمزگی کنی؟ (ل141)

لەم نموونەیەدا ئیتۆسی بەئایدۆلۆژیککردنی زمان لە دەقی وەرگێڕدراودا بە باشی دەردەکەوێت، واتە دەقی وەرگێڕدراو لە بەر تەوژمەکانی زمانی ئەویدی و فەزای نامۆ و بێگانەی ژیانی ئەوان خۆی پێراگیر نابێت و تەواوی بێواتاییی زمانی ئەویدی وەکوو واتایەک لە زمانی خۆدا بەرهەمدینێتەوە. ئیدیۆمی "**باران زۆڵانە دەباری**" وەکوو ڕستەیەکی ئاشنا! ڕاستەوراست هاتۆتە ناو زمانی مەبەست و لێرەدا کارکردی ئایدۆلۆژیکی ورەبەردانی زمانیی بەباشی ڕوونکردۆتەوە.

**بەئایدۆلۆژیککردنی زمان**

یەکێ لە دواهاتەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی زمانی ئەویدی لە پراکتیسی وەرگێڕاند، دەرکەوتنی کەلێنێکی مەزنە کە جیاوازیی مێژوو و فەرهەنگیی دووجەمسەریی بەرانبەر دەردەخات و هاوکات هەستکردن بە بۆشایی و کەمایەسییەکی بنەمایی دەورووژێنێت. وەک لە دیاردەی بەجێمانی فەرهەنگی (cultural lag)دا جیاوازیی نێوان دوو ئاست فەرهەنگی واتە ماتریالی و زەینی، ناهاوسەنگی و شەپۆکیک لە سیستەمی کۆمەڵگا پێکدەهێنێت، کە زۆرجار بە دیاردەی شۆکی فەرهەنگی ( culture shock) ناودەبردرێت.

"هەستی تێکچڕان کەوا تاکەکان هەستی پێدەکەن، کاتێک ڕووبەڕووی فەرهەنگێکی جیاواز و نامۆ دەبنەوە، مەترسییەک لەسەر گریمانەکانی شێوەڕوانینی خۆ[یان] بەدیدێنێت."( Lawson, Garrod, 2001, p57)

"وەرگێڕان ئاسایش و ئاسوودەیی زمانی دایکی دەشڵەژێنێت، بێ هۆ نییە کە پاسەوانانی فەرهەنگ و هۆگرانی زمانی ڕەسەن تا ئەوڕادەیە لە وەرگێڕانی خراپ ترسیان هەیە." (مهرگان، 1387، ل111،112)

ئەم شۆکە فەرهەنگییە کە دۆخی مەنگ و ڕاوەستاویی زمانی دایک دەشڵەژێنێت، لە ڕێگای پراکتیسی وەرگێڕانەوە مومکین دەبێت. ئەم ترۆمایە زۆرجار، بەشدارانی ئەم ڕووبەڕووبوونەوە تووشی سەکتەیەکی کوشندە دەکات و ورە و بڕواداری بە زمان و فەرهەنگی خۆیان تێکدەشکێنێت. لە ئاکامی ئەم چەشنە ڕووبەڕووبوونەوەیە، ئیتۆسێکی ترسئاژۆیانە بەرجەستە دەبێتەوە کە تێکەڵاوێک لە هۆگری و نەفرەتکارییە، واتە لە لایەکەوە لەژێر شەپۆکی هەژێنەری ئەویدیدا هۆگر و لایەنگری بێئەملاولای ئەو دیترییە دەبێت و هاوکات ڕق و نەفرەتێک لە ڕابردووی فەرهەنگی خۆ، لا بەرجەستە دەبێتەوە. بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە کە لە پرۆسێسی بەرانبەرکێی فەرهەنگی و پراکتیسی وەرگێڕاندا ڕوودەدات، دەستهاوێشتن بۆ گوتاری ئایدۆلۆژیک و بارگاویکردنی زمان بە توخمە نەرێنییەکان کە ئێسێنس و گەوهەرێکی ژوورزمانییان بۆ دابیندەکرێت وەکوو کردارێکی سەرەکی بەڕێوەدەچێت.

لە ڕوانگەی ڕەخنەگرانەی شیکاریی گوتارەوە چەشنێک بەکارهێنانی زمان، دەبێتە هەوێنی بەرهەمهێنانی ئایدۆلۆژیا، بەو واتایەی کە لەپێناو پێکهێنانی دەسەڵات و پاراستنی پێوەندییەکی نابەرابەر لە نێوان مرۆڤەکان و هەروەها لە هاوگریی گرووپە کۆمەڵایەتییەکاندا بەڕێوەدەچێت.

"پراکتیسەکانی گوتار هەوڵدەدەن دەست و پێوەندییە نابەرابەرەکانی دەسەڵات لە نێوان گرووپە کۆمەڵایەتییەکاندا وەکوو چینە کۆمەڵایەتییەکان، ژنان و پیاوان، کەمایەتی و زۆرینە ئەتنیکییەکان، بەرهەمبهێنێتەوە. ئەم کاریگەرییانە، وەکوو کاریگەریی ئایدۆلۆژیک هەژمار دەکرێن." (یورگنس و فیلیپس،1389، ل113)

نۆرمەن فێرکلاف هەرچەشنە بەکارهێنانێکی زمان وەکوو ڕووداوێکی پێوەندیگرانە پێناسەدەکات و سێ ڕەهەندی سەرەکی بۆ دەستنیشان دەکات.

"دەق: وتار، نووسراوە، وێنە یان کۆبەندیک لەوانە،

پراکتیسی گوتاریی، کە بەرهەمهێنان و بەرخۆری دەق دەگرێتەوە،

پراکتیسی کۆمەڵایەتی". (هەمان، ل120)

فۆرمی وەرگێران، لێرەدا لە تێپەڕاندنی پرۆسێسی دەق، پراکتیسی گوتاری و پراکتیسی کۆمەڵایەتییەوە دێتەبەرهەم. واتە دەقێکی سەرچاوە لە زمانی مەبەستدا بەرهەمدەهێنرێتەوە و ئەم کۆسازدانە بەپێی میکانیزمی نێواندەقیتی(intertextuality) و نێوانگوتاریێتی (interdiscursivity) بەڕێوەدەچێت. لە ڕەوتی بەرسازدانەوەدا، هەر دەقێک وەکوو ڕووداوێکی پێوەندیگرانە، هاوگری ڕووداوەکانی پێشەوەی خۆیەتی(نێواندەقیتی)، و هەروەها لە گوتار و ژانرەکانی تر لەم ڤەژین و ڕۆنانەوەدا کەڵک وەردەگرێت (نێوانگوتارێتی). (هەمان، ل128،129)

هەواڵنامەی کتێب

**نموونەی چوارەم (4): ( عەرەبی بۆ کوردی)**[91]

_ ئەگەر ویژدانی پڕعەقیدە بوایە...(ل68)

_ بێگومان(تەصەوور) لە هەر دوو حاڵەتەکاندا، ناتەواو و بەتاڵە، چونکە لە قاڵبی مادديەتدا کارەبا قابیلی(تەصەوور)نی‌یە... (ل70)

_ ئیتر مونکیر چۆن ئینکاری دەکات. (ل74)

_ مەلایین و ملیۆنەها ساڵ_ بگرە لە مەلایین و ملیۆنیش زۆرتر و زیاتر لە حسابی ساڵەکاندا... (ل24)

_ ئەویشە هێجگار ئیحتماڵێکی دوورە، ئەگەر موستەحیل و مەحاڵ نەبێت... (ل27)

**هەروەها بەکارهێنانی ئەم وشانە:** غەفڵەت، یەعنی، ئیعتیماد، قەناعەت، خاسیەت، تەسەلسول، بالفعل، عالم، ئیحتیمال، ئەندازەگیری، مخلص، ئیغریقی کۆن، عیبادەتخانە، شاهید، عەبدایەتی، تەعالا، مسافە، قوتب، عەجایەبات، هیدایەت، نەزم و تەرتیب، حەتمی، ئەسباب و وەسیلە و ....

پراکتیسی وەرگێران لەم دەقەدا، پراکتیسێکی گوتارییە کە لە کاتی ڕاگواستنی واتا و فۆڕمدا نێواندەقێتی لەگەڵ کۆی ئەو دەقە ئاینی و مەزهەبییانەدا دەکات، کە لە چوارچێوەی ڕێسای گوتاریی ئاینی ئیسلام و زمانی هاوپێوەندیی(عەرەبی)دا بەرهەمهاتووە. ئەم شێوازی وەرگێرانە هەروەها لە پێوەند لەگەڵ کامیۆنیتی و کۆمەڵگایەکی ئاینیدا بەرهەمهاتووە کە وەکوو خوێنەر و بەردەنگ لە ڕەوتی وەرگێراندا کاریگەرییان نواندووە و پاشتر لە ژێر ڕێکداری و جومگەبەندیی(articulation) ئەم دەقەدا، شوناسی تایبەتیان بەرهەمدەهێنرێتەوە. پراکتیسی وەرگێران لەم شێوازەدا، لەهەمبەر هەژموون و باڵادەستیی گوتاری ئاینی و زمانی عەرەبی، ورەی دادەبەزێت و هەست بە بۆشاییەکی بنەمایی دەکات بەلام لە دژکردەوەدا لەباتی خۆهاوێشتنە ناو دژوازی و ئانتاگۆنیسمی دۆخەکە و ڕەخساندنی ململانێیەکی دیالێکتیکی، خۆی لە درێژەی ڕووبەڕووبوونەوە دەبوێرێت و هەوڵدەدات بە ئایدۆلۆژیککردنی زمان و لە ڕێگای چەپاندنی گوتاری سونەتخوازانەوە کەلێنی بۆشاییەکە پڕبکاتەوە. ئەم چەشنە خۆدەربازکردنە، لە ڕاستیدا لە ڕێگای فانتێزییەوە بەڕێوەدەچێت. فانتێزییەک کە مەیلی وەرگێران دەوروژێنێت و بە شێوەیەکی وەهمی و لە ڕێگای خەیاڵکردنی ئایدۆلۆژیکەوە، کامگرتوو و بەئەنجامگەیشتووی دەکات.

[91] القرضاوی، یوسف(1997) **بوونی خوا**، وەرگێڕانی حسن پێنجوینی، هەولێر:چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە

"فانتێزی لە بنەڕەتدا سیناریۆیەکە کەلێنی نامومکینێکی بنەمایی پڕدەکاتەوە، پەردەیەکی نواندن کە بۆشاییەک داپۆش دەکات... کەوایە چەمکی فانتێزی کۆمەڵایەتی هاوتای پێویستیی چەمکی ناکۆکی یان ئانتاگونیزمە، فانتێزی لە ڕاستیدا هەر ئەو شێوازەیە کە کەلێنی ئانتاگونیستیی تێیدا دەشاردرێتەوە." (ژیژک،1384، ل190)

فانتێزی ئاینخوازی لێرەدا پراکتیسی وەرگێڕان بەرەو نواندنی باڵادەستیی فەرهەنگ و زمانی ئەویدی بە شێوەیەکی بنەمایی ڕادەنێت و سووژەیەکی نەریتخواز بەرهەمدێنێت کە "زمانی خۆ" بە شێوەیەکی کەرەستەمەندانە بۆ دەربڕینی "واتای بەرزەجێ و پیرۆز" بەکاردەهێنێت و بەم شێوەیە نە لە ڕێگای کەڵکوەرگرتن لە وزە و پوتانسییەلەکانی "زمانی ئەویدی"، بەڵکوو لە ڕێگای لەخشتەبردنی "زمانی خۆ"وە، ئیتۆسی ڕۆنانی شوناسی ئایدۆلۆژیک بەئەنجامدەگەیەنێت. پرۆسەی بەئایدۆلۆژیککردنی زمان زۆرجار لە ڕێگای بەکارهێنانی هەندێ «دالی سەرەکی»یەوە بەڕێوەدەچێت کە دەق لە بازنەی ڕێسایەکی گوتاریی تایبەتدا پێکەربەندی دەکات و ئاڕاستەی خوێندنەوەی بەردەنگ، بەرەو کردنەوەی واتای کۆدبەندیکراو دابیندەکات. چوار وشەی "هەڤاڵ"، "هاوڕێ"، "هاوەڵ" و "ڕەفیق" لە بواری واتاوە لێکچوو و یەکسانن، بەڵام لە پراکتیسی وەرگێڕاندا، ئیماژ و هێمای ئایدۆلۆژیک لەخۆدەگرن و لە پێناو بەرهەمهێنانی فیگۆرێکی دیاریکراودا کردار دەنوێنن. "هەڤاڵ" بۆ هاونەتەوەبوون، "هاوڕێ" بۆ هاونیشتمانی، "هاوەڵ" بۆ برادەری دینی و "ڕەفیق" بۆ هاوهەڵوێستییەکی تایبەت بەکاردەهێنرێت. پراکتیسی گوتاری ڕەسەنخوازانە لە وەرگێڕاندا، دەقێک بەرهەمدەهێنێت کە لە ترسی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ جیاوازی و نامۆیی "هەرێمی ئەویدی"، گەڕانەوەیەک بۆ وەهمی شکۆداری و باڵادەستیی خۆ بەدیدێنێت کە لێرەدا بە ئیتۆسی ڕەسەنخوازانە ناودێر دەکرێت.

"ئایدۆلۆژیای حەشار لە پشتی ئەم ڕەسەنخوازییە شتێ نییە مەگەر هەوڵێک بۆ لە داوخستنی تەواوکۆی واتا و دەسەڵاتگرتن بەسەر زماندا و هەروەها کەرەستەمەندکردنی زمان، شتێ ناگۆڕدرێ، کەلێنی نێوان زمان هێشتا لە جێگای خۆیدایە، بەڵام لە دەقی وەرگێڕدراوی "ڕەسەندا"، ئەم کەلێنە تەنیا دەشاردرێتەوە. دۆزینەوەی سەیر و سەمەر و "وردبینانە" وەکوو ئاڵترناتیوێکی دەروونشیکارانەیە بۆ دامرکاندنی ترس لە کەلێنی دەسکردی وەرگێڕان. لەلایەکی ترەوە، حەزی دانانی بەرانبەرە وردبینانە و "ڕەسەنە فارسییەکان"، بە واتای خولیای دەروونهاوێژی و بەخۆماڵیکردنی واتای شاردراوە لە زمانی بیانیدایە. بێبڕوایی بە گیانی زمانی خۆ ئەم خولیایە ئاڵۆزتر دەکات، کەوایە ئێمە ئەو شتەی کە نیمانە، لە ئاستی وشەکاندا بەدەسکرد بەرهەمی دێنین. ئێمە لە کەلێن و بۆشاییەکان دەترسین، کەلێنێک کە لە خودی ئەندێشەدا حوزووری هەیە و بەم شێوەیەش ڕەسەنخوازی لە زماندا، لە "هزری ڕەسەن"یشدا ڕەنگدەداتەوە؛ هزرێک تینووی ئاخێزگە و شتە ڕەسەنەکان، ئەویش بەو وەهمەوە کە واتا و حەقیقەتی وەگەڕخستووە، یان سەلماندنی وەهمئاژۆی "ئەو شتەی کە خۆمان پێشتر بوومانە". بۆ نموونە، ئەدیب

سوڵتانی بۆ وشەکانی "ریاضیات"، "دیالکتیک"، "بعد"، "حاضر مطلق" بە ڕیزبەند بەرانبەرەکانی "مزداهی"، "دویچمگوییک"، "دورامون"، "هروسیپ باشندە"ی وەکوو هاوتای فارسیی ڕەسەن و "پڕاوپڕ" هاوردووە. گاڵتەی ئەم وشە بەرانبەرانە، ئاماژە بە گاڵتەی خودی ئەندێشەیە، هزرێک کە زاری لە ڕۆچوونی خۆی دەترەقێ و تێدەکۆشێ دوو لێواری ئەم کەلێنە بە ڕووکەشیانەترین شێوە پێک بلکێنێتەوە." (مهرگان، 1387، ل92،93)

**نموونەی پێنجەم(5): ( تورکی بۆ کوردی)**[92]

_ هەنگین بۆت دیار دەکەوێ... (ل11)

_ دەی گۆ، لە پەنجەرەکانڕا....

_ دە جلوبەرگی ڕێبوارێکی لە سەفەر وەگەڕایدا، دەگەڵ... (ل25)

_ تێ نۆڕێ ساڵانی ژیانم بۆش و بەتاڵ، سارد و سڕن!... (ل27)

_ لە گوین سەرم، دڵیش داوی سپی کۆتمی لە سەرەخۆ دۆش داماوە...

_ کێهە شەیتان بەوجۆرەی لە خشتە بردی. (ل28)

_ ڕاست دەوێ...وانێک...ئاهاا...دیتت؟ (ل29)

_ دە شەقڵەیەک باوێ... (ل30)

_ ئەمانە چڵەداری هیشک بەولاوە چیدیکە نین. (ل31)

_ دەگەڵ کێدا و ئەوە کەنگێ؟ (ل32)

_ سەرم لەسەر ڕانت با وەحەسێ... (ل33)

_ ئیتر ناخەنم تۆ دلگیر ببی، ...لۆ دەگرییی؟ (ل 39 )

_ دڵم لەهەر پەیڤێکت دەیلێی چشتێکی سۆسە دەکا. (ل37)

_ بۆ چاوت خۆی لێم وەدەشێرێ؟ لۆ سەیری نێوچاوم ناکەی؟ (ل38)

_ هێمان پێویستیم بە حەز لێکران هەیە. (ل40)

---

[92] حیکمەت، نازم (2006) **گوێ ئاگردان یا ئەشقێکی ناکام**، وەرگێرانی شوکور مستەفا، هەولێر:بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیری ڕامان

_ بیرت لە خۆڕایی ماندی مەکە...(ل 41)

ئاخنینی دەقی وەرگێڕدراو بە وشە و دەستەواژەی زاراوە و بنزاراوەکان، هەرچەندە لە ڕەهەندێکەوە وەکوو کەڵکوەرگرتن لە توانستەکانی زمانیی خۆ دێتە ئەژمار بەڵام لە ڕاستیدا پەرچەکردارێکە بەرانبەر ئەو کەلێنەی زمان، کە لە ڕەوتی وەرگێڕاندا دەم بازدەکات و بەم چەشنە واتە بە ستراتیژی "زاراوە و بنزاراوەسەروەری"، نکۆڵی لێدەکرێت. دەستهاوێشتن بۆ دەستەواژەی لەبیرکراو و ڕۆنانەوەی دەق بە فانتێزیی ناوچەگەرانە، لە درێژەی هەمان پراکتیسی گوتاری ڕەسەنخوازانەدا دەڕواتە پێش کە هەوڵدەدات ئەویدی نامۆ و نائاشنا لە ڕێسای خۆمانەی زمانی دایکی و زمانی لادێ و ناوچەدا، خۆماڵی بکات و هەژموونی و باڵادەستیی فەرهەنگی خۆ بەسەر فەرهەنگی ئەویدیدا بسەپێنێت. بێگومان ئەم ئێتۆسی ڕەسەنخوازییە کە لە شێوازی نووسینی هەندێ لە نووسەران و وەرگێڕکارانی بەناوبانگی کورددا، بەخەستی وەبەرچاودەکەوێت، پاشتر دەبێتە سەرچاوە و هایپرلینکی وەرگێڕەکانی تر و ڕەوتێکی پەتیخوازانە و ناوچەگەرانەی لەم جۆرە، لە پانتایی وەرگێڕانی زمانی کوردیدا دەهێنێتە کایەوە.

<u>**نموونەی شەشەم(6): (فارسی بۆ کوردی)**</u>[93]

...هەرچەندە بە پێوانەی گەڕەکی ماوەیەک بوو کەوتبووە ناو ئەو تەوەرەوە، چونکە لێرە کچان زوویان مێرد دەکرد-یانی زوویان بەشوو دەدان. (ل 304)

...تا ئاوڕیان دەدایەوە چرچ و لۆچیان دەکەوتنە سەرچاوان...

...دەو نێوەیدا تەنیا هەر لاوەکانن کە بەردەوام دەخننەوە و لەهیچەیرا شادی و پێکەنینێ پەیدا دەکەن، تەنانەت لەو پیرەمێردەشرا.(ل366)

...و من وەگریە هاتبووم کە ئەو کوڕەی ئاغای سلێمانی کە ئەودەمی لە قوتابخانەی ناوەندی دەیخوێند و ...(ل370)

ئەوە لە تارانێم، دەخوێنم_ چ خوێندنێک! ئیدی هەرچی بێ ئەوە دەخوێنم؛ زیاترم هەر ڕوخساری وی دەنێو کتێبەکاندا دەخوێندەوە: هەر کە کتێبێکم لێکدەکردەوە ڕووی وی لەلایەکی وشەکانەوە وەک مانگی چواردەی پشت کێوێکی تاریک هەڵدەهات و وەدەر دەکەوت؛ (ل655)

هەولێرنامەی کتێب

[93] یونسی، ئیبراهیم(2006) **گۆڕستانی غەریبان**، وەرگێڕانی غەریب پشدەری، هەولێر: بڵاوکراوەی موکریانی.

...ئەوجا دەهاتە سەر نۆکەر و قەرەواشان و زۆر بە کورتی ناوی دینان و دەیبڕییەوە- ئاوای دەمن دەگەیاند کە شێوازێک هەیە، گەورە و گچکایەتی، و خوو و خدەیەک کە دەبێ ڕەبەرچاوبگیرێ، بەڵام من ئەوانەم ناچنە دەگوێوە... (ل655)

ئەم چەشنە ناوچەگەرییە کە لەم وەرگێڕانەشدا بەرهەمهێنراوەتەوە ئاکامی هەمان پراکتیسی ڕەسەنخوازانەیە کە دەیهەوێت سیمایەکی ئاشنا و ناوچەیی بەسەر دەقدا بکێشێت و لەوێوە واتە لە ڕێگای فانتیزی خۆویستانەوە شوناسی خۆی لە هەمبەر هەژمەتی ئەویدی و توخمە نامۆکانیدا بپارێزێت.

فەرهادپوور لە درێژەی بڕیاری "**وەرگێڕان بە واتای ناسینی خۆ وەکوو ئەویدی**"، لە وتاری "**تفکر و ترجمە**"دا، دەڵێت: "بە پێی ئەو شتەی وترا، ئەم بانگەشەیە کە وەرگێڕان تەنیا شێوازی ڕاستەقینەی تێفکرینە، بەم واتایە کە هیچ ئەندێشەیەکمان نییە کە چەشنێک وەرگێڕان نەبێت. پرسەکە ئەوە نییە کە ئێمە دەبێت سەرقاڵی وەرگێڕان بین، پرسەکە ئەوەیە کە لە سەردەمی ئێستادا هەر کارێک دەکەین لە بنەڕەتدا وەرگێڕانە و ئەم بڕیارە تەنیا شێوازێکی ترە لە جەختکردن لەسەر هۆگری و داڵغەی ئێمە بۆ دۆخێکی تایبەت، واتە هەمان دۆخی مۆدێرنیتەی ئەوروکەی من و ئێوە." (فرهادپور، 1388، ل 243)

کاتێک وەرگێڕ لە ڕووبەڕووبوونەوەی قورسایی و نامۆیی فەرهەنگی ئەویدیدا، بڕیاری ڕاوەستانی خۆڕاگرانە ئەدات و هاوکات کێش و بارستایی زمانی ئەویدی بە سەر زمانی خۆ وەردەگرێت، ئیتۆسێکی جیاواز لە ئیتۆسەکانی تر دێتەکایەوە کە لێرەدا بە ئیتۆسی ڕەخنەگرانەی دیالێکتیکی ناوی لێدەبەین. بەپێی ئەم ئیتۆسە پراکتیسی وەرگێڕان دەبێتە ئاسۆیەکی گشتگیر، و تێفکرین و فامکردنی ئێمەی تێدا چێ دەکرێت. (پراکتیسی ژمارە 3، سێ پراکتیسی سەرەکی لە وەرگێڕانی کوردیدا)

کەوایە وەرگێڕان لەم شێوازەدا تەنیا هەوڵێک بۆ ناسینی ئەویدی یان ناسینی خۆ لە ئەویدیدا نییە کە ئاماژە بە شوناسێکی هاوگرتوو و چەقبەستوو و لەپێش دەکات، بەڵکوو تێکۆشانێکە بۆ ڕاگواستنی بابەتی نا-ڕاگواستنخواز و کائۆس و دژوازییەکانی گوتاری ئەویدی بۆ زمانی خۆ و ڕۆچوونی تەواوی ئەو بانگەواز (interpellation) و ناولەسەردانانە ئایدۆلۆژیکانەی کە وەهمی سوبژێکتیڤیتەیەکی ئاگا و کارا و تەواوکۆیان پێکهێناوە.

ڕەوایەت (narrative) و چۆنیەتیی ڕەوایەتکردن و گێڕانەوە، دەورێکی سەرەکی لە ڕۆنانی شوناس و بەرهەمهێنانەوەی ئایدۆلۆژیک دەبینێت. "هەرچەشنە ڕەوایەتێک چەشنێک پراتیکی سیاسییە، ئەمە لەسەر هەموو ڕەواتێک تەنانەت کورتەئاسترین جۆر، کە تەنیا بۆ گاڵتەجاڕی بەرهەمدێت، جێبازە. واتە، ڕەوایەتەکان بە شێوەیەکی ئەوتۆ هەڵگری باری سیاسی و ئایدۆلۆژیکن." (جی، تولان،1383، ل181)

پراکتیسی وەرگێران چەشنێک ڕەوایەتکردنە کە لە چوارچێوەی ڕێسا و ڕیزبەندییەکی گوتاریدا، دەقی سەرچاوە لە بەستێنی زمانی مەبەستدا ڕەوایەت دەکاتەوە. ڕەوایەتی هەر وەرگێڕانێک لە فەزایەکی نێوانسۆبژێکتیڤدا و لە پانتاییەکی نێوانڕەوایەتیدا بەرهەمدەهێنرێت. "دەتوانین بەو ئاکامە بگەین کە پێوەندیی نێوانزەینی چەشنێک ئاڵووێری بە کۆمەڵی ڕەوایەتەکانە. هەر ئەم ئاڵووێرەی ڕەوایەتانە لە دڵی مندالدانی ڕەوایەتسازدایە کە سوبژێکتیڤیتەیەک پێکدەهێنێ و خودی سوبژێکتیڤیتەش وەکوو ڕەوایەت پێکهاتەمەند دەکرێت."(مکوئیلان، 1388، ل29)

<u>نموونە حەوتەم(7): ( فارسی و ئینگلیزی بۆ کوردی)</u>

Constant revolutionising of production, uninterrupted disturbance of all social conditions, everlasting uncertainty and agitation distinguish the bourgeois epoch from all earlier ones. All fixed, fast-frozen relations, with their train of ancient and venerable prejudices and opinions, are swept away, all new-formed ones become antiquated before they can ossify. All that is solid melts into air, all that is holy is profaned, and man is at last compelled to face with sober senses his real conditions of life, and his relations with his kind. (Marx & Engels, Marxist.org)

**وەرگێڕانی یەکەم:**

**ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانەی بەردەوامی بەرهەمهێنان، شلۆقبوونی هەمیشەیی هەموو پەیوەندییەکانی کۆمەڵایەتی و، ئەم بزوتنەوە بەردەوامە و نەبوونی ئاسایش بە بەردەوامی، ئەمانە هەموویان سەردەمی بۆرژوا لە هەموو سەردەمەکانی پێشوو جیادەکاتەوە. هەموو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە ئاساییەکانی و نەریتی کۆنی ناو کۆمەڵ و بیروباوەڕێکی کەلە پێشوودا پشت بە ڕێزوحورمەت تەماشاکراون لێک هەڵدەوەشێتەوەو لەناودەچن. بەڵام ئەو پەیوەندی و نەریتە تاوانەش کە شوێنی ئەوانی پێشویان دەگرنەوە پێشئەوەی قایم و بتەوبن، پیردەبن و زەمانیان بەسەردەچێت. هەرچی ئەوەی دەرەبەگی بێ و جێگیربووبێ وەک دوکەڵ دەڕوێتەوە. هەرچی پیرۆزبێ بەرق و کینەو سوکایەتی تەماشای دەکرێت، لەئەنجامدا خەڵکی ناچاردەبن کە بە ڕوون و ئاشکرایی زروفی ژیان و پەیوەندییەکانی ناو خۆیان تەماشابکەن.**

(مارکس و ئەنگێلس، وەرگێڕانی جەلال دەباغ، 1993)

**وەرگێڕانی دووەم:**

**نانەوەی شۆڕشی بەردەوام لە بەرهەمهێنان و نانەوەی ئاژاوەی هەمیشەیی لە هەموو پێوەندییەکی کۆمەڵایەتی و نادڵنیایی و دڵەڕاوکە و بێسەقامیی بێکۆتا، سەردەمی بۆرژوازیی لە هەموو سەردەمێکیتر جیا دەکاتەوە. هەموو پێوەندییەکی بەستوو و نەگۆڕ، بە پێشداوەری و بڕوای کۆن و بەڕێزی تەکیانەوە، هەر هەموو پەراوێز دەکرێن و هەموو پێوەندییەکی تازە ڕسک، پێش ئەوەی پتەو و جێگیر ببن کۆن دەکەون، ئەوەی پتەو و بەستووە، بە دووکەڵ و هەبا دەبێ، هەرچی پیرۆزە دونیایی دەبێ و لە دوایيدا مرۆڤ ناچار دەبن بە سەبر و ئەقڵەوە لەگەڵ دۆخی ڕاستەقینەی ژیان و پێوەندیی خۆیان لەگەڵ هاوچەشنانی خۆیان ڕووبەڕوو ببنەوە.(مارکس و ئەنگێلس، بەگێڕانەوەی بێرمەن، 2005، ل 114)**

**(ئەزموونی مۆدێرنیتی، وەرگێڕانی مەنسوور تەیفووری، سلێمانی:2005)**

وەرگێڕانی یەکەم لە دەسپێکدا بە شێوەیەکی پەسیڤ و ناکارا دەستپێدەکات و کردی شۆڕشەکە ڕەچاوناکات، بەڵام وەرگێڕانی دووەم بە کردی "نانەوەی شۆڕش"ەوە دەسپێدەکات. دەتوانین بڵێین پراکتیسی وەرگێڕانی یەکەم لەم دەسپێکەدا چەشنێک ڕەوایەتی دیتێرمینیستی بەرهەمدەهێنێتەوە و گۆڕانکارییەکە بە شێوەیەکی پێکهاتەیی و میکانیکی سەیردەکات، بەڵام لە پراکتیسی وەرگێڕانی دووەمدا هەوڵدەدرێت دەورێکی کاراتر و بەرچاوتر بە ئەکتەرەکانی ئەم شانۆیە واتە چینی بۆرژوا لە ئاست پێکهاتە قەبە و قورسەکان ببەخشێت. بە پێی بیرۆکەکانی فێرکلاف وەرگێڕانی یەکەم لە بەستێنی مێژوویی هەرەسهێنانی یەکێتی سۆڤییەتدا بە نێوانگوتارێتی لەگەڵ ڕووداو و ڕەوایەتە زاڵەکانی ئەو سەردەمەدا بەرهەمهاتووە و هەڵگری ڕوانینی ئایدۆلۆژیکیی ئەو سەردەمەیە.

"بەکارهێنانی زمان – لەهەر دەقیکدا- بەردەوام لە یەک کاتدا، سازێنەری (1) شوناسە کۆمەڵایەتییەکان، (2) پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، و (3) سیستەمە مەعریفی و بڕواییەکانە... واتە، هەر دەقێک بەش و دەوری گچکەی خۆی لە پێکهێنانی ئەم لایەنانە لە کۆمەڵگا و فەرهەنگ بەڕێوەدەبات. لە بابەتی تایبەتدا وێدەچێت یەکێ لەم سێ لایەنە لەوانی تر گرنگتر دەربکەوێت، بەڵام گریمانەی ئاوەزپەسەنتر و کارسازتر ئەوەیە هەرسێکیان تا ڕادەیەک ڕووبدەن." (کوک،1391، ل156)

سیستەمی مەعریفی، وەرگێڕانی یەکەم وشەی solid بە دەرەبەگی و جێگیر پێناسە دەکات کە ئەوە ڕووندەکاتەوە، پراکتیسی گوتاریی دەق لە پێناو پراکتیسێکی کۆمەڵایەتیدا بەڕێوەدەچێت کە لەوێدا سیستەمی دەرەبەگایەتی هێشتا خاوەنی قورسایی و هێزە و دەتوانێ وەکوو سەرچەشنی پتەوی و جێگیربوون ئاماژەی پێبدرێت. بەڵام پراکتیسی گوتاریی وەرگێڕانی دووەم لە بەستێنێکی کۆمەڵایەتیی جیاوازدا (شارنشینی) کە ڕەگ و ڕیشاڵەکانی دەستوپێوەندییەکانی کۆنی دەرەبەگایەتی تێکچڕژاوە وێنای ئەو بگۆڕێت و بزۆزییە دەکات. هەروەها دەقی یەکەم، ڕقهاوێشتن و سووکایەتیپێکردنی

پیرۆزییەکان بە "پرۆفانیزاسیۆن" دەداتە قەڵەم و کۆدبەندی ئەم دیاردەیە بە پێی ناکۆکییەکی بنەمایی پیرۆز/ناپیرۆز بەڕێوەدەبات. واتە نیشاندار (marked) کردنی جەمسەرێک بە پێی نادیاربوون و ئاساییبوونی جەمسەری زاڵ وەکوو میکانیزمێکی نیشانەناسانە بەدیدێنێت و ئانتاگونیزمی بنەماییان بەرهەمدەهێنێتەوە. شوناسی کۆسازدراوی گوتاری دەقی یەکەم هەڵگری ئەم ململانێیە ئاشتیهەڵنەگرانەیە کە لە ئاکامدا بە بێحورمەتبوون و ترۆبوونی لایەنی نیشاندار کۆتایی پێدێت. پراکتیسی گوتاریی دەقی دووهەم ئەم گۆڕانکارییە بە دونیاییبوونەوە ناوزەد دەکات کە میکانیزمی بەعەقڵانیبوونی لە پشتەوە دەبینرێت و دوایش مرۆڤەکان بە سەبر و عەقڵەوە ناچار بە ڕووبەڕووبوونەوەی دەبن.

بەپێی بۆچوونی فێرکلاف، ڕادەی زۆری نێوانگوتاریتی لە ڕەوایەتدا، گۆڕانکاری و چەنددەنگی دیاریدەکات و بە پێچەوانەوە، ڕادەی کەمیی ئەم دیاردەیە ئاماژە بۆ بەرهەمهێنانەوەی و ڕاگرتنی دۆخی هەبووندار دەکات و ئیرادە و ویستێکی پارێزخوازانە ئاشکرا دەکات. لە وشە و دەستەواژەکانی وەرگێڕانی یەکەمدا ڕەهەندی بووتیقایی و ئەدەبی لاوازە و هیچ هەوڵێک بۆ وەسف و شرۆڤە لەئارادا نییە، کەوایە پراکتیسی وەرگێڕانی ئەم دەقە بە کورتبوونی ئاستی نێواندەقیتی و هەروەها نێوانگوتاریتی، ئاڕاستەیەکی ئۆتۆریتەخوازانە و پارێزخوازانە بەرهەمدێنێتەوە و شوناسێکی جێگرتوو و چەقبەستوو کۆساز دەدات. بەڵام پراکتیسی وەرگێڕانی دەقی دووەم بە کەڵکوەرگرتن لە ڕەهەندی بووتیقایی و هەروەها ئاستی فراوانتری نێوانندەقیتی و نێوانگوتاریتی لە پێناو ڕۆنانی سووژەیەکی سەردەمیانەتردا کە ڕەگەزی هیبریدی و فرەچەشنی پێوە دیارە، ئیتۆسێکی دیالێکتیکی و ڕەخنەگرانە بەرهەمدەهێنێت. لە چوارچێوەی ئەم ئیتۆسەدا ڕێگایەک بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەویدی دێتە ئاراوە کە نە بەرەو ئەنجامی نارسیسیستی و ڕەسەنخوازانە دادەکێشرێ و نەش بە ئایدۆلۆژیککردنی زمان، خۆی لە کەلێن و دژوازییەکانی ترۆماتیکی دۆخی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەویدی دەبوێرێت.

### بەرەنجام: ناشوێنی وەرگێڕان

بێگومان هیچ وتار و بڕیارێک ناتوانێت دەور و پێگەی زمان لە هەبوون و ژیانی مادی و فەرهەنگی مرۆڤدا بە تەواوەتی دەسنیشانبکات. چ بڕیاری ویتگنشتاینی "هیچ شتێک لە دەرەوەی کایە زمانییەکاندا بوونی نییە" و چ بڕیاری دریدایی "هیچ شتێک لە دەرەوەی دەقدا لە ئارادا نییە"، تەنانەت ناتوانێ ئەو وەبەرگری و تەواوگرییەی زمان بنوێنێت. هێشتنەوەی هەر چەشنە بابەتێکی دەرەوەیی، چ ئەرێنی و چ نەرێنی هاوپێوەند لەگەڵ مێژووی میتافیزیکی ڕۆژئاواییدا دەمێنێتەوە کە بەردەوام زمان بە بەستێنی سەرهەڵدان و دەرکەوتن و هەروەها شاردنەوەی بابەتە سەروزمانییەکان پێناسە دەکات. بە

پێی گفتێکی ئاگامبێنی، زمان تەنیا لە زماندا دەناسرێت و هەر ئەزموونێکی مرۆڤ ئەزموونێکی زمانییە (linguae experimentum).

زمان سازێنەر و بەرهەمهێنەری ئێمە و جیهانی ئێمەیە، گوتاری سووژە و بەسووژەبوون لە زماندا ڕوودەدات و تەواوی ڕووداوەکان و ڕووبەڕووبوونەوەکان لە زماندا دێتە ئەنجام. زمان هەم ئەویدی و هەم ئەویدیسازە و، نیشتنەوە و داهاتنی مرۆڤ (هبوط) لە پانتایی زماندا تەواوی ڕەوایەتی مرۆڤایەتیی بەرساز داوە. کەوایە: زمان کەرەستە و دەسکردی ئێمە نییە، زمان بە شێوەیەکی بونیادی لە ئاست مرۆڤدا "ئەویدی"یە (ئاگامبن). زمان هەروەها تەنیا، یانەی مرۆڤە؛ واتە زمان یانەی هیچ بابەتێکی نەرێنی (negativity) نییە و تەنانەت هەستی و هەبوون لە کەلێنەکانی لانگ و پارۆلی زماندا سەرهەڵدەدەن. (ئاگامبێن)

ئێسێنس و گەوهەری شتەکان واتە ناواخن و فۆڕمی جیهان لە لایەن زمان و میکانیزمەکانیەوە بەرساز دەدرێت، دەسەڵاتێکی بەرسازێنەر و ڕۆنێنەری جیهان بەو چەشنەی هایدگێر باسی دەکات؛"[زمانی سەرەکی]... وەکوو دەسەڵاتی سازێنەری جیهان(world-forming power) ڕوودەدات.." (بە گێڕانەوەی کریچلی،92، ل132)

دۆخی زمانیی ئێستای مرۆڤی کورد وەکوو دۆخی زمانیی زۆربەی نەتەوەکانی تر لە ڕووبەڕووبوونەوە لهگەڵ زمان و فەرهەنگی ئەویدیدا بەرهەمهاتووە و ئەم بەرانبەرکێیە بە پێی سێ پراکتیسی سەرەکی لە پانتایی وەرگێڕانی کوردیدا هاتۆتە ئاراوە: کەمایەسی و هەروەها پۆتانسێیلەکانی زمانی کوردی لە پراکتیسی وەرگێڕاندا واتە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ زمانی ئەویدادا دەرکەوتووە و لەم پرۆسێسەدا پێشمەرجەکانی پێکهاتنی شوناس مومکین کراوە. لە پراکتیسی وەرگێڕانی کوردیدا، ناهاوسەنگی و کەلێنی زمانی ئەویدی دێتە ناو زمانی خۆ و لە سیستەمی هێماینی دەلالەتدا شوناسێکی کەلێندار، ناسەقامگرتوو و بزۆز بەرهەمدێنێت، کە وەکوو بەستێنێکی لەبار دەبێتە چوارچێوەیەک بۆ بیرکردنەوە و ئاوەزدەربڕینی سووژەی بەرهەمهاتوو. کەوایە پراکتیسی وەرگێڕانی کوردی بەستێن و ئاسۆیەکی فامکردنی پێکهێناوە کە سووژەی کوردی، تەنیا لەو پانتاییەدا دەتوانێ بیربکاتەوە و کرداری داهێنانی تێدا بەڕێوەببات. لە خوێندنەوە و لێکدانەوەی دەقە وەرگێڕدراوەکان بۆ کوردی سێ ئێتۆسی سەرەکی وەبەرچاودەکەوێت کە هەرکامە و کارکردێکی جیاواز دەنوێنێت و بەرەو ڕۆنانی شوناسێکی تایبەت پێ هەڵدەنێت.

ئا) ئێتۆسی یەکەم بە نکۆڵیکردنی ترۆما و شۆکی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەویدی، بە گەڕانەوە بۆ ڕەسەنایەتی و خەیاڵی نارسیستی، هەوڵدەدات بنبەست و نەزۆکیی "زمانی خۆ" لەبیرباتەوە و بە خۆویستی و شکۆدارکردنی مێژووی ڕابردوو ئەو کەلێنە پڕبکاتەوە. پراکتیسی وەرگێڕان لەم

چواچێوەیەدا ستراتێژێکی ڕەسەنخوازانە پەیرەودەکات کە لەوێدا بۆ هەر دیاردە و هێمایەکی نامۆ و نائاشنا بابەتێکی خۆماڵی و خۆکرد دەسنیشاندەکرێت و ڕێگا لە دیالۆگی زمانی و ڕاکێشانی وزە و تواناکانی زمانی بیانی بۆ ناو زمانی خۆ دەگیردرێت. بەرەنجامی ئەم چەشنە پراکتیسە زمانییە لە ئەنجامدا بەرەو چەشنێک نارسیسمی ناوچەگەرانە و زاراوە و بنزاراوە سەروەرانە دەکێشرێت.

ب) ئیتۆسی دووەم لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەویدیدا، بەرەو خەیاڵی مەزنایەتی و تەواوکۆیی ئەویدی ڕادەکێشرێ و بەم پێیە "زمانی خۆ" و "فەرهەنگی ئێمە" نکۆڵی و نەفی دەکاتەوە. لەم ئیتۆسەدا پراکتیسی وەرگێران شێوازی کردارێکی ئایدۆلۆژیک بە خۆوە دەگرێت کە بە کەڵک وەرگرتن لە فانتازیای مەیلی "حەقیقەت لەدەست ئەویدی مەزندایە"، هەوڵدەدات کەلێنەکانی "ئەویدیی مەزن" لەبیربکات و لە هێما ئایدۆلۆژیکەکانی ئەو بۆ پڕکردنەوەی کەلێن و بۆشاییەکانی خۆی کەڵک وەرگرێت. تەواوی ئەو دەقانە کە بە ڕادەیەکی زۆر لە وشە و دەستەواژەی بیانی ئاخێنراون و تەنانەت ڕێزمان و ڕێسای زمانی کوردیشیان لەو پێناوەدا بە خەسار بردووە لەم بازنەیەدا هەژمار دەکرێن.

پ) لە ئیتۆسی سێیەمدا دیالکتیکی زمانی ئێمە/زمانی ئەویدی و هەروەها واقعی تروما ڕادەگیردرێ و هاوکات هەوڵدەدرێت لە تواناکانی ئەویدی بۆ بەهێزکردنی خۆ و دەربازبوون لە خەیاڵی نارسیستیی ڕەسەنخوازانە و، هەروەها نەلێکردنی لەخۆدەرچوونی ئایدۆژۆژیک کەڵک وەربگرێت. لە پراکتیسی وەرگێرانی ئەم ئیتۆسەدا کرانەوەیی (openness) و ئاوەڵایی زمان دەردەکەوێ و بەستێنێکی لەبار بۆ دیالۆگ و ئاڵوویر، لەگەڵ ئەویدی دێتە کایەوە.

ناشوێنی وەرگێران هەروەها باس لە دۆخی دژواز و نامۆکینی وەرگێران دەکات؛ بەو چەشنەی کە پراکتیسی وەرگێران لە نێوان جیاوازیی بنەمایی شوێنەکان و هاوچەشنبوونی بنەڕەتییاندا، ناشوێنێکی دژواز و شوێنسڕاوە بەرهەمدێنێت کە نە سەنتزی شوێنە جیاوازەکانە و نەش ڕاگواستنیان و هاوشێوەکردنیان؛ بەڵکوو هەوڵێکە بۆ هاوتەرییکردن و تێپەڕاندنی بنەمای شوناسی شوێنمەندانە. پۆل ڕیکۆر وەرگێران بە هەوڵێکی پارادۆکسیکاڵ لە نێوان دوو بەستێنی دژبەیەکی وەرگێرانبەرداری (translatability) و وەرگێرانەبەرداری (non-translatability) دەداتە قەڵەم؛ واتە هەوڵێکی ناشوێنمەندانە بۆ وەرگێران لە کاتی بەئاگابوون لە سنووری زمانییەکان و هەروەها جیاوازیی ژینگە-جیهانە فەرهەنگییەکان کە بەردەوام فۆبیای بابەتی نامۆ و پاتراندی ئەویدی بەرهەمدەهێننەوە. هەر بۆیە ڕیکۆر بە ئاوڕدانەوە لە فرۆید[94]، وەرگێران بە چەشنێک یادەوەریی شینگێڕانە دەزانێت کە بە پێچەوانەی سووژەی مەخولیایی، واقیعی لەدەسچوونی واتای سەرەکی و ڕەسەنی قبووڵکردووە و هاوتەنیشتبوونی "لەدەستدان/ بەرهەمهێنانەوە"ی لە زەمەنمەندییەکی شیاوی بەرهەمی وەرگێڕدراودا وەگەڕ خستووە.

[94] Remembering, Repeating and Working-Through, have written by Sigmund Freud /1914

وەرگێڕان سەرەڕای هەموو شتێک (despite everything)، ملپێچکردنی خەونی واتاسەروەریی ڕەسەنخوازانەیە بۆ هەرێمی ئاسایی و نامۆمکینی زمان؛ واتە نەلێکردنی هەرچەشنە پێوەرێکی ڕەها (absolute criterion) بۆ پراکتیسی ڕاگوێزکردن و خۆبەدەستەوەدان و خۆتەسلیمکردن بە ناڕێسای زمان کە تەنیا (نا)ڕێسای خۆی پەیڕەو دەکات (self-reference). کەوایە پراکتیسی ناشوێنی وەرگێڕان بە واتای دووبارەنووسی و شپرزەکردن و لارولوێرکردنی دەقی سەرەکییە بەو واتایەی کە بابەتی وەرگێڕدراو هاوتەنیشتی دەقی سەرەکی دەڕواتە پێش و هیچکات هەوڵنادات خۆی لە هاوشوێن و هاوشێوەکردنی دەقی سەرەکیدا پێناسە بکات. ستراتێژی ناشوێن لە وەرگێڕاندا هاوچەشنی ڕوانگەی بێنیامینی ڕووی لە داهاتوویە و هەوڵدەدات "ڕێگایەک بۆ ڕاهاتن لەگەڵ نامۆیی زماندا" بدۆزێتەوە. وەرگێڕانی هەر بەرهەمێک نە لە وەرگێڕانێکی دیاریکراودا بەڵکوو بەردەوام لە وەرگێڕانێکی تردا خۆ دەنوێنێت، هەر بۆیە لێرەدا یەکێ لە سەرەکیترین تێزەکانی ناشوێن واتای خۆی دەبینێتەوە کە: "**وەرگێڕان داهاتووی وەرگێڕانە**".

ناشوێنمەندیی وەرگێڕان وەهمی ڕاگوێزکردنی واتای سەرەکی و ئۆرجیناڵی دەق دەڕەوێنێتەوە و کەسایەتیی وەرگێڕ لە فیگۆری نووسەر و بەرهەمهێنەردا پێناسە دەکات؛ داهێنەرێک کە گوێ لە جیهانی ئەویدی دەگرێت و واتا سەرکوتکراوەکان و بابەتە پەراوێزکەوتەکان دەنوێنێتەوە. پراکتیسی ناشوێنمەندانەی وەرگێڕان چەشنێک دەروونشیکاریی ترۆمای سەرەکی دۆڕاندن و ونکردنی هەمیشەیی کچێنی و عەزەببوونە؛ هەروەها هوشیاربوونەوە و سەرکەوتن بەسەر بابەتی نامۆ و دەسپێڕانەگەشتووی ئەویدیدا، نە لە ڕێگای تێگەیشتن و بەرهەمهێنانەوەی هاوشێوە و تەواوکۆ بەڵکوو لە ڕێگای هەڵێنجانی توخمە ناڕەسەنەکان و دەنگە نەبیسراوەکان و خاڵە نەبینراوەکاندا. کەوایە بەپێی بیرۆکەیەکی فۆکۆیی کە دژوازی تێفکرین دەخاتە پێش چاو ("چۆن دەتوانین بیر لە شتێک بکەینەوە کە ناتوانین بیری لێ بکەینەوە")؛ دەتوانین دژوازی و نامومکینیی وەرگێڕان لەم پرسیارە پرۆبلێماتیکەدا بەم چەشنە دابڕێژینەوە: "چۆن دەتوانین بەرهەمێک وەربگێڕینەوە کە لە ڕاستیدا ناتوانین وەریبگێڕینەوە؟"؛ ئەم پرسیارە ناشوێنمەندانەیە بەرەو چەشنێ ئانتالۆژیای وەرگێڕان ڕاماندەنێت کە نامومکینیی وەرگێڕان و نادابینکراویی ئەو ڕەوتە لە بەستێنی خودی زماندا دەبینێتەوە؛ واتە ئەویدیبوون و نامۆیی بنەمای زمان. تەنانەت زمانی دایکی بۆ ئاخێوەرانی خودی ئەو زمانە، هەڵگری دۆخی نامۆیی و غەریبکەوتنەوەیە؛ و ڕووی لە ناشوێن، تەماویبوون، ئاڵۆزی، و نادابینکراوییە و بە شێوەیەکی بنەمایی و بەردەوام ڕێگا بەرەوە نا-پێوەندی (non-communication) دەبات. کەوایە بۆ فامستکردن و تێگەیشتنی بابەتی نامۆ لە "زمانی خۆ"دا، پێویستە نامۆیی و غوربەتی زمانی ئەویدی ئەزموون بکەین و لەویوە ڕێگا بۆ پلۆرالیسمی زمانی و چەندێتیخوازی فەرهەنگی ئاوەڵا بکەین.

جورج ئەشتاینێر وتەنی "پاش بابێل، تێگەیشتن وەرگێرکردنە"؛ واتە لە دۆخی پاشبابێلیی تێکچرژانی زمانەکاندا(incoherent Babylon)، تەواوی ساتەکانی ژیانی زمانمەندانەی مرۆڤ چەشنێک وەرگێرانە؛ و لەم پرۆسێسەدا تەنانەت زمان بە واتای گشتی (جویس وتەنی) چەشنێک زاراوەیە کە قەت بە گەلاڵەی تەواوکۆ ناگات و بەردەوام لە زمانشکێنی و ئاژاوەبێژییەکاندا تووشی رۆنان و کۆسازدانی لەبراننەهاتوو دەبێت. هەروەها کە هیچ میتۆدۆلۆژییەکی هیرمۆنۆتیکی بۆ وەگەڕخستنی واتای سەرەکی لە ئارادا نییە و واتا لە پێشدا فامکراوە؛ لە بەستێنی وەرگێراندا هەروەها هیچ ڕێڕەوناسییەکی پێوەر لە ئارادا نییە و واتا لە پێشدا لە نامۆیی و پچرپچربوونی واتای وەرگێراندا بەئەنجامگەیشتووە. ناشوێنی وەرگێران هەردوو ستراتێژی سەرچاوەپێوەری و مەبەستپێوەری لە وەرگێراندا ڕەتدەکاتەوە و لە نێوانی بەرانبەرکێی دوانەی وەرگێرانبەرداری و وەرگێراننابەرداریدا ناشوێنێک بۆ شێوازسڕینەوە (dis-schemination) و وەرگێرانی دووبارە (translating back) دەهێنێتە ئاراوە و دەست بۆ بابەتی نامومکینی وەرگێران دەبات. ئەگەر "زمان گوتنێکە جیهان دەجوولێنێ" (هەمان،128)، کەوایە شێوازی ئەم گوتن و دەربڕینەیە (واتە فۆرمی وەرگێران)، کە چۆنیەتیی گۆڕان و کۆسازدانی جیهان دیاری دەکات. ئەگەر ئێستاش مارکس وتەنی "کێشە گۆڕینی جیهانە"، ئەوا ئەم گۆڕینە لەرێگای پراکتیسێکەوە بەرێوەدەچێت کە هاوپێوەند لەگەڵ زماندایە و دەوری زمان وەکوو پراکتیسێکی گرنگ لەو ململانێیەدا حاشای لێناکرێت. زمانی کوردی لە ڕێگای پراکتیسی وەرگێرانەوە سەرقاڵی ئەزموونی ئێستایی و مۆدێرنیتەی خۆیەتی، ئەزموونێک کە دەتوانێ لە چوارچێوەی ئیتۆسی ڕەخنەگرانەی ناشوێن و ژیان و بەرخۆدان لە بەستێنی بابەتی نامومکیندا جێگایەک بۆ ئەندێشە و تێرامان بکاتەوە.

## سەرچاوەکان:

آگامبن، جورجو (1390) **کودکی و تاریخ**، ترجمەی پویا ایمانی، تهران: نشر مرکز.

آگامبن، جورجو (1391) **زبان و مرگ**، ترجمەی پویا ایمانی، تهران: نشر مرکز.

بابک معین، مرتضی (1392) **چیستی ترجمە در هرمنوتیک گادامر و ریکور**، تهران: انتشارات سخن، ص 187.

بێرمەن، مارشال (2005) **ئەزموونی مۆدێرنیتی**، وەرگێرانی مەنسوور تەیفووری، سلێمانی: مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان.

تولان، مایکل. جی (1383) **روایت**، ترجمەی ابولفضل حری، تهران: انتشارات بنیاد سینمایی فارابی.

حیکمەت، نازم (2006) **گوێ ئاگردان یا ئەشقێکی ناکام**، وەرگێرانی شوکور مستەفا، هەولێر: بەرێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیریی ڕامان.

خالقی، احمد (1382) **قدرت، زبان و زندگی روزمره**، تهران: انتشارات گام نو.

دلانتی گرارد (1383) **علم اجتماعی** (فراسوی تعبیر گرایی و واقعگرایی)، ترجمەی محمد عزیزبختیاری، تهران: دانش و اندیشه معاصر.

راتال، مارک (1392) **چگونه هایدگر بخوانیم**، ترجمەی مهدی نصر، تهران: نشر رخداد نو.

سالنجەر، جەی. دی (2012) **پاسەوانێک لە مەزرا**، وەرگێڕانی ژوان جەلال، سلیمانی: ناوەندی غەزەڵنووس.

سلینجر، جی، دی (1384) **ناتور دشت**، ترجمەی محمد نجفی، تهران: انتشارات نیلا.

فرهادپور، مراد (1388) **پارەهای فکر**، مقالەی تفکر/ترجمه ص 231-264، تهران: نشر طرح نو.

فوکو، میشل (1380) **نظم گفتار**، ترجمەی باقر پرهام، تهران: موسسەی انتشارات آگاه.

فۆکۆ، میشێل (2013) **ڕیزبەندیی گوتار**، وەرگێڕانی دانا شوانی و هاوار محەمەد، هەولێر: بەڕێوەبەرایەتیی چاپخانەی ڕۆشنبیری.

القرضاوی، یوسف(1997) **بوونی خوا**، وەرگێڕانی حسن پێنجوینی، هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

کانت، ئیمانۆییل (2007) **دانانی بنەمای میتافیزیکی ئاکار**، وەرگێڕانی د. حەمید عەزیز، هەولێر: چاپخانەی ئاراس.

لی، آلیسون و پوینتون، کیت (1391) **فرهنگ و متن**، ترجمەی حسن چاوشیان، تهران: پژوهشکدەی مطالعات فرهنگی و اجتماعی.

مارکس، کارڵ و ئەنگێلس، فرێدریش (1993)، **مانیفێستی کۆمۆنیست**، وەرگێڕانی جەلال دەباغ، سوید: لوند.

مکوئیلان، مارتین (1388) **روایت**، ترجمەی فتاح محمدی، تهران: انتشارات مینوی خرد.

مهرگان، امید (1387) **الاهیات ترجمه**، تهران؛ نشر رخداد نو.

یورگنسن، ماریان و فیلیپس، لوئیز (1389) **تحلیل گفتمان**، ترجمەی هادی جلیلی، تهران: نشر نی.

یونسی، ئیبراهیم (2006) **گۆڕستانی غەریبان**، وەرگێڕانی غەریب پشدەری، هەولێر: بڵاوکراوەی موکریانی.

Foucault, Michel, **the order of discourse**, in Young, Robert (1981) Untying the text: A post-structuralist reader, Rutledge & kegan Paul, Boston& London, P 48- 78.

Lawson, tony& Garrod, Joan (2001), **dictionary of sociology**, USA: Fitzroy Dearborn

Marx & Engels, Library: 1848: **Manifesto of the Communist Party**: Chapter 1: www.marxists.org

# پراگماتیک و وەرگێڕانی ئەلەکترۆنی لە پەندی پێشیناندا

پ. د. عبدالواحد مشیر مەحمود دزەیی
بەشی کوردی کۆلێژی زمان
زانکۆی سەلاحەددین/ هەولێر
ئیمەیڵ: abdulwahid.mahmood@su.edu.krd

## پوختە:

ناونیشانی باسەکە بریتییە لە (پراگماتیک و وەرگێڕانی ئەلەکترۆنی لە پەندی پێشیناندا)، ئەم باسە لەژێر ڕۆشنایی پراگماتیک ئەنجامدراوە بە پێی ڕێبازی وەسفی شیکاری، بە مەبەستی گەیشتن بە وەڵامی؛ ئایا وەرگێڕانی ئەلەکترۆنی سەرکەوتوو دەبێت لە وەرگێڕانی پەندی پێشینانی زمانی کوردیدا؟

لەم باسەدا تویژەر گریمانەی ئەوەی کردووە، کە وەرگێڕانی ئەلەکترۆنی سەرکەوتوو نابێت لەبەر چەند هۆکار و گرفتێک، کە لەم باسەدا بە شێوەیەکی پراکتیکی دەخرێنەڕوو. لەگەڵ خستنەڕووی ڕۆڵی پراگماتیک لەم نێوەندەدا، هەروەها ئەوەش دەخرێتەڕوو، بۆچی وەرگێڕانی کەسی و ئەلەکترۆنی بەیەک ناگەن لە مەبەستدا؟

پەندی پێشینان قسەیەکی ڕێکە و هونەرێکی تایبەتی تێدایە و هەڵقوڵاوی ژیانی کۆمەڵایەتیی خەڵکە و تەنها کارێکی زمانەوانی نییە و بەس، بەڵکو پێویستی بە شارەزایی کۆمەڵایەتی و کلتوورییە. بیری سەرەکیی وەرگێران گواستنەوەی زانیارییە و گەیاندنی زانیاریش ئەستەمە لە وەرگێڕانی ئەلەکترۆنیدا کتومت بگواسترێتەوە، چونکە کەلێن و بۆشایی زۆر هەیە، هەر بۆیەش ئەگەر هەر وەرگێڕانێک تێست بکەین و بیگەڕێنینەوە بۆ هەمان زمانی سەرەتای خۆی ئەوا لە دەقی پێشووی ناکات، چونکە هەر دەقێک وەرگرین دوو جۆرە زانیاری تێدا دێتە بەرچاو (زانیاری دەربراو و زانیاری دەرنەبراو) ئەو زانیارییانەی کە بە وشە دەربڕاون بە ئاسانی وەرگێڕ دەتوانێت بیگوازێتەوە، بەڵام ئەو زانیارییانەی بە وشە دەرنەبراون، کە پێشخان و پاشخانەکان Back round دەگرێتەوە، ئەرکێکی قورسە و دەکەوێتە ئەستۆی وەرگێڕ، وەرگێڕی ئەلەکترۆنی ناتوانێت لە گواستنەوەی واتای دەرنەبراوادا سەرکەوتووبێت

باسەکە جگە لە پێشەکی و ئەنجام لە دوو بەش پێکهاتووە بەشێکی تیۆری لەگەڵ بەشێکی پراکتیکی، لەگەڵ ئەنجام و کورتەی باسەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی.

## پێشەکی:

### ١- ناونیشانی باسەکە:

ناونیشانی باسەکە بریتییە لە (پراگماتیک و وەرگێڕانی ئەلەکترۆنی لە پەندی پێشیناندا).

### ٢- ڕێبازی باسەکە:

ئەم باسە لەژێر ڕۆشنایی پراگماتیک ئەنجامدراوە بە پێی ڕێبازی وەسفی–شیکاری.

### ٣- سنووری باسەکە:

باسەکە پراگماتیک وەک ئاستەنگێک سەیردەکات لە سەرنەکەوتنی وەرگێڕانی ئەلەکترۆنی لە پەندی پێشیناندا لەم باسەدا پەندێکی زمانی ئینگلیزی وەرگێڕانی ئەلەکترۆنی بۆ دەکرێت لە ڕێگای ئەپڵیکەیشنی Bing Microsoft Translator.

### ٤- گرنگیی باسەکە:

وەرگێڕانی ئەلەکترۆنی (Machine Translation)(MT) لەم سەردەمەدا گرنگیی زۆری هەیە، لەبەر زۆری و چڕیی زانیاری بڵاوبووەوە و کەمیی وەرگێڕی کەسی، باسی وا لەم کاتەدا گرنگیی زۆری دەبێت بۆ پڕکردنەوەی کەموکوڕییەکان و بەرەوپێشبردنی وەرگێڕی ئەلەکترۆنی، کە پێویستییەکی سەردەمە.

## ٥- ئامانج لە باسەکە:

ئەم باسە بە مەبەستی گەیشتن بە وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە ئەنجامدراوە:

+ ئایا وەرگێڕانی ئەلەکترۆنی سەرکەوتوو دەبێت لە وەرگێڕانی پەندی پێشینانی زمانی کوردیدا؟
+ هەڵەکانی وەرگێڕانی ئەلەکترۆنی چین بە پێی ئاستەکانی زمان؟
+ گرفتەکانی وەرگێڕانی ئەلەکترۆنی چین؟ پراگماتیک لەم گرفتە ڕۆڵی چییە؟
+ پراگماتیک وەک گرفت چۆن چارەسەردەکرێت لە وەرگێڕانی ئەلەکترۆنی؟

## ٦- گریمانەی باسەکە:

لەم باسەدا توێژەر گریمانەی ئەوەی کردووە، کە وەرگێڕانی ئەلەکترۆنی لەبەر چەند هۆکار و گرفتێک سەرکەوتوو نابێت، کە لەم باسەدا بە شێوەیەکی پراکتیکی دەخرێنەڕوو. لەگەڵ خستنەڕووی ڕۆڵی پراگماتیک لەم نێوەندەدا هەروەها ئەوەش دەخرێتەڕوو بۆچی وەرگێڕانی کەسی و ئەلەکترۆنی لە مەبەستدا بەیەکناگەن؟

## ٧- ناوەڕۆکی باسەکە:

باسەکە جگە لە پێشەکی و ئەنجام لە دوو بەش پێکهاتووە. بەشێکی تیۆری، کە ئەم تەوەرانە لەخۆدەگرێت: پێناسەی وەرگێڕانی ئەلەکترۆنی، قۆناغە مێژووییەکانی وەرگێڕانی ئەلەکترۆنی و هەنگاوەکانی وەرگێڕانی ئەلەکترۆنی، شێوازەکانی وەرگێڕانی ئەلەکترۆنی، گواستنەوەی واتا لە وەرگێڕانی ئەلەکترۆنی، وەرگێڕانی ئەلەکترۆنی و پراگماتیک، لەگەڵ بەشێکی پراکتیکی، کە ئەم تەوەرانە لەخۆدەگرێت: پەندی پێشینان و وەرگێڕان، وەرگێڕانی ئەلەکترۆنیی پەندی پێشینان، کەموکوڕیی وەرگێڕانی ئەلەکترۆنی، وەرگێڕانی چەند پەندێکی ئینگلیزی، کەموکوڕیی وەرگێڕانی ئەلەکترۆنی لە پەنددا، ڕۆڵی پراگماتیک لە چارەسەرکردنی وەرگێڕانی پەند، لەگەڵ ئەنجام و کورتەی باسەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی.

# بەشی یەکەم: وەرگێڕانی ئەلەکترۆنی و پراگماتیک:

## ١- پێناسەی وەرگێڕانی ئەلەکترۆنی:

لەم سەردەمەی تێیدا دەژین سەردەمی فرەزمانییە، پێویستیی میللەتانیش بۆ زانیاری زۆرە، لێرەدا وەرگێڕان ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت. جا لەبەر زۆریی سەرچاوەی زانستی و کەمیی وەرگێڕ زانایان بیریان لە وەرگێڕی ئەلەکترۆنی کردەوە بە تایبەتیش دوای داهێنانی کۆمپیوتەر و ئەو گەشە و پێشکەوتنەی بەسەریدا هات.

زمانەوانیی کۆمپیوتەری زانستێکە گرنگی بە چارەسەری زمانی دەدات لە ڕێگای کۆمپیوتەرەوە لەسەر بنەمای خەوارزمی، کە بە هاوسەرگیریی زمان و کۆمپیوتەر دادەنرێت، چارەسەری ئەلەکترۆنی بۆ زمان لە ئەنجامی تێکەڵبوونی زانستەکان هاتوتە ئاراوە، زانستێکە چارەسەری زمان لە ڕێگەی کۆمپیوتەرەوە دەکات. (بلعید:٢٠٠٩:٢٠٠) ئەم زانستە دەچێتە خانەی زانستە درکپێکەرەکان و زیرەکیی دەستکرد، بەم پێیە پێناسەکەی دەبێتە: لێکۆڵینەوەیە لە سیستەمی کۆمپیوتەر بۆ بەرهەمهێنانی زمانی

سروشتی بە پێی تێڕوانینێکی زانستی و کۆمپیوتەری. (كليه الحاسبات و المعلومات:١:٢٠٠١) یان دەتوانین بەوە پێناسەی بکەین: لقێکە لە لقەکانی چارەسەری ئەلەکترۆنی زمان و گرنگی بە وەرگێڕانی ئەلەکترۆنی دەدات لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر، (موسى:١٩٧٨:١١) ئامانج لەم وەرگێڕانە ساناکردنی دەستەیەکە کە تەنها زمانێک دەزانن.

## ٢- قۆناغە مێژووییەکانی وەرگێڕانی ئەلەکترۆنی:

بیرۆکەی وەرگێڕانی ئەلەکترۆنی دەگەڕێتەوە بۆ بیروڕاکانی دیکارت (Descartes) و لایبنز (Leibniz)، کە لە هەوڵی ئەوەدابوون زمانێکی جیهانیی فەلسەفی و لۆجیکی دابنێن، کە بتوانرێت بە ئامێر پرۆگرام بکرێت لەوانەش زمانی سپرانتۆ (طالبي::١٢:٢٠٠٨).

زانایانی بواری بیرکاری و ئەندازە یەکەم کەس بوونە توێژینەوەیان لەسەر وەرگێڕانی ئەلەکترۆنی کردووە، مێژووی وەرگێڕانی ئەلەکترۆنی بە سێ قۆناغ تێپەڕیوە:

### قۆناغی یەکەم:

ساڵی (١٩٤٠) تا ساڵی (١٩٦٥) یەکەم ئەزموون دەستیپێکرد، لەم قۆناغەدا بناغەی کاری وەرگێڕانی ئەلەکترۆنی دانرا و دواتر زیاتر گرنگی پێدرا، لە سەردەمی جەنگی سارد دەزگا هەواڵگرییەکانی ئەمریکا بۆ وەرگێڕانی خێرای بەڵگەنامەکان و زیاتر جەخت کرایە سەر وەرگێڕانی خێرا، لە زمانی ڕووسییەوە بۆ زمانی ئینگلیزی لەم قۆناغەی لە وەرگێڕاندا پشتبەسترا بە:

- فەرهەنگی ئەلەکترۆنی نێوان دوو زمان.
- بەکارهێنانی ڕێگاکانی کردنەوەی کۆدە نهێنییەکان.
- ڕیزکردنی دووبارە وشەکان.
- وشە وەک یەکەیەکی سەرەکی بۆ وەرگێڕان بەکارهێنرا.
- گرنگیدان بە بنیاتی ڕستە بۆ دیاریکردنی پەیوەندیی سینتاکسیی نێوان پێکهاتەکانی.
- پشتگوێخستنی کاریگەریی دەوروبەر لەسەر واتای وشەکان.
- شیکردنەوەی واتایی هیچ ڕۆڵێکی نەبوو لە پرۆگرامەکانی وەرگێڕانی ئەلەکترۆنیدا.

**قۆناغی دووەم:**

ئەم قۆناغە لە ساڵی (١٩٦٥) تا ساڵی (١٩٧٥) دەگرێتەوە، وەرگێڕانی ئەلەکترونی لەم قۆناغەدا گەشەی ڕێژەیی بەخۆوەبینی لەسەر ئاستی زمانەکانی ڕۆژئاوایی و چینی و یابانی و لەم قۆناغەدا هەندێ گرفتی وەرگێڕان چارەسەرکرا، لەوانەش هەڵبژاردنی زاراوە بۆ دەوروبەری پێویست و ئەم قۆناغەی وەرگێڕان ئەم تایبەتمەندییانەی خوارەوەی هەبوو:

- گۆڕانی واتا.
- داماڵین لە واتا.
- لەبەر لێکنەچوونی بنیاتی زمان گواستنەوەی واتا ئەستەم دەبێت.
- ڕەچاونەکردنی باکگراوەندی زمان لە زمانی بنچینە و گواستراوەدا.

**قۆناغی سێیەم:**

ئەم قۆناغە لە ساڵی (١٩٧٥) تا ئێستا دەگرێتەوە و لەم قۆناغەدا وەرگێرانی ئەلەکترۆنی پێشکەوتنی زیاتری بەخۆوەبینی لە ئەنجامی هاتنەکایەی سیستەمی ویندۆز (windows)، ئەم قۆناغەی وەرگێران تایبەتمەندییەکانی بریتیبوون لە:

+ زیادکردنی زاراوەی نوێ لە بواری زانست و تەکنەلۆجیادا.

+ پاشەکەوتکەردنی کات و ئەرک بۆ وەرگێڕ و توێژەری زمانی لە ڕێگای دۆزینەوەی دەستووری گشتگیری زانیارییەوە.

+ دۆزینەوەی ڕێگایەکی کاریگەری تایبەت بە هەوڵ و ڕێکەوتن بۆ یەکخستنی زاراوەکان.

+ بەرهەمهێنانی فەرهەنگی تایبەتی نوێ بە شێوەیەکی خولاو و بە ئەرکێکی کەمتر.(بلعید:٢٠٠٩: ٢٠٠)

## ٣- هەنگاوەکانی وەرگێرانی ئەلەکترۆنی:

**هەنگاوی یەکەم:**

لەم هەنگاوەدا دەق بە زمانی سەرچاوە (Source Language) دەنووسرێت دەبێت بە شێوەیەک بێت، کە ئاسان بێت بۆ وەگێرانی ئەلەکترۆنی، دواتر دەقی وەرگێڕدراو بە زمانی مەبەست (Target Language) ئامادە دەبێت.

+ دواتر وەرگێڕی زمان دەبێت پێداچوونەوە بۆ وەرگێرانەکە بکات، چونکە وەرگێڕی ئەلەکترۆنی جیاوازی لە نێوان ناوی تایبەت و وشەی ئاساییدا ناکات دەبێت ئاگاداری ئەوە بین، کە ناوی تایبەتی وەرگێرانی بۆ ناکرێت.

+ وەرگێڕی ئەلەکترۆنی شیکردنەوەی وشەسازی بۆ دەقەکە دەکات، بۆ ناسینی بەش و پێکهاتەکانی بەپێی ئەو خشتەیەی کە لە پرۆگرامی بەرنامەی وەرگێرانەکەدا هەیە.

+ دوای شیکردنەوەی مۆرفۆلۆجی پرۆسەی گەڕان لە فەرهەنگ دەستپێدەکات. بۆ نموونە وشەیەکی وەک (Schools) دەبێت لە ڕووی وشەسازییەوە بەم شێوەیە شیبکرێتەوە (Schools) واتە (قوتابخانە + مۆرفیمی کۆ)، چونکە لە فەرهەنگ تەنها (School) تۆمارکراوە. دواتر وەرگێڕی ئەلەکترۆنی هەندێ وشەمان دەداتێ، کە لە فەرهەنگیدا نییە بۆیەش وەرگێڕەکان وشە دەدەنە وەرگێڕی ئەلەکترۆنی لەگەڵ زانیارییەکانی گەردانکردن، بۆیەش وەرگێڕی ئەلەکترۆنی جارێکی تر لە فەرهەنگەکەیدا بەدواداچوون دەکات، دوای ئەمەش شیکردنەوەی ڕستەسازی بۆ دەقەکە دەکات. (نیوبرت:٤٥:٢٠٢)

**هەنگاوی دووەم:**

لەم هەنگاوەدا وەرگێرانی کۆمپیوتەری دوو هەنگاوی تر دەهاوێت:

– هەنگاوی وەرگێران، لەم هەنگاوەدا وەرگێڕی ئەلەکترۆنی وشەکان لە زمانی سەرچاوە بۆ زمانی مەبەست لە ڕێگای فەرهەنگی دوانەیی زمانەکە دەگوازێتەوە.

– هەنگاوی پرۆسەی وەرگێرانی پێکهاتەکان، لەم هەنگاوەدا وەرگێڕی ئەلەکترۆنی گواستنەوە و وەگێرانی ڕێزمانی بەرانبەری نێوان دوو زمانەکە دەکات وەک: بکەر و بەرکار و دیارخەر و دیارخراو و ئامرازەکانی خستنەسەر... هتد. (نیوبرت:٤٦:٢٠٠٢)

**هەنگاوی سێیەم:**

لەم هەنگاوەدا قۆناغی لێکدان و گونجاندن دەستپێدەکات، بە واتایەکی تر دەتوانین بڵێین دەربڕینە بە زمانی ئامانج کە سیستەمی ڕێزکردن دەگرێتەوە، بۆ نموونە دانانی کار لە کۆتاییی ڕستە و دانانی بکەر لەسەرەتای ڕستە... هتد. کە ئەم هەنگاوانە دەگرێتەوە:

-بەرهەمهێنانی مۆرفۆلۆجی: لەم هەنگاوەدا یاساکانی ڕستەسازی و وشەسازی لە زمانی ئامانج پیادەدەکرێن بۆ نموونە: وشەی فرۆشت + جێناو = فرۆشتم

– شیکردنەوە:

+ گواستنەوە (وەرگێرانی سەرەتایی)

+ دورستکردنی ڕستە بۆ زمانی ئامانج. (البقاوی:٢٠٠٢:٢٦٠)

## ٤- شێوازەکانی وەرگێرانی ئەلەکترۆنی:

سێ شێواز هەن بۆ وەرگێرانی ئەلەکترۆنی(MT) (Machine Translation) کە بریتین لە:

آ– وەرگێرانی ئەلەکترۆنی، لەگەڵ پێداچوونەوەی دواتر (post-editing):

هەموو وەرگێرانێکی ئەلەکترۆنی بۆ دەقی زانستی پێویستی بە پێداچوونەوە هەیە، بە ڕێژەی ٢٪ لە ڕووی پێکهاتەوە پێویستی بە ڕاستکردنەوەی وشەی فەرهەنگی هەیە، بەڵام ئەگەر وەرگێرانی دەقەکە بە مەبەستی تێگەیشتنی واتای گشتی بێت، ئەوا پێویستی بە پێداچوونەوە نییە. ئەم شێوازەی وەرگێڕان سیستەمی سیستران (Systran) پیادەی دەکات، کە ئەمینداریەتی کۆمەڵەی ئابووری ئەوروپی (EEC) لە لۆکسمبۆرگ بەکاریدێنێت، هەروەها هێزی ئاسمانی ئەمریکاش هەمان سیستەم بەکاردێنێت.

ب– وەرگێرانی ئەلەکترۆنی لەگەڵ پێداچوونەوەی پێشتر (pre-editing):

بەو واتایەی مرۆڤ ئەو دەقەی دەیەوێت وەریبگێڕێت ڕستە قورسەکانی ئاسان دەکات و لە وشە فرەواتاکان دووریدەخاتەوە، بە واتایەکی تر دەقەکە بۆ وەرگێڕی ئەلەکترۆنی ئاساندەکرێت، تا تێیبگات، ئەم زمانەش پێی دەگوترێت زمانی گونجاو بۆ ئەلەکترۆنی (Machine Acceptable Language)، کە کورتکراوەکەی بریتییە (MAL)، کەواتە ئەم شێوازە پشت بە هەمئاهەنگیی نێوان وەرگێڕی ئەلەکترۆنی و وەرگێڕی مرۆڤ دەبەستێت. واتە دەقی گونجاو بۆ وەرگێڕی ئەلەکترۆنی ئامادە دەکرێت.

ج– وەرگێرانی وتوێژ (Interactive):

لەم شێوازەی وەرگێراندا، داواکاریی وەرگێڕی ئەلەکترۆنی، لە کاتی وەرگێراندا ڕاوێژ لەگەڵ خۆی یا وەرگێڕی مرۆڤی تر دەکات، گرفتی ئەم وەرگێرانە لەوەدایە لە کاتی پرۆسەی وەرگێراندا پێویستیمان بە وەرگێڕی مرۆڤی تر دەبێت، لەم جۆرەی وەرگێراندا بە درێژاییی وەرگێران دەبێت وەرگێڕی مرۆڤ شانبەشانی وەرگێڕی ئەلەکترۆنی کاربکات. (دیداوی:١٩٨٦:١١١)

## ٥- گواستنەوەی واتا لە وەرگێرانی ئەلەکترۆنیدا:

ئەرکی سەرەکیی وەرگێران گواستنەوەی واتایە، ئەمەش تا ڕادەیەک ئەستەمە بتوانرێت بگوازرێتەوە، چونکە کەلێن و بۆشایی زۆر لە نێوان واتای فەرهەنگی و واتای مەبەست هەیە، بەم پێیە گواستنەوەی واتای مەبەست زۆر قورس دەبێت لە وەرگێراندا بە تایبەتی لە وەرگێرانی ئەلەکترۆنیدا، هەربۆیەش ئەگەر هەر وەرگێرانێک تاقیبکەینەوە و بیگەڕێنینەوە بۆ هەمان زمانی سەرەتای خۆی، ئەوا لە دەقی پێشووی ناکات، چونکە هەر دەقێک وەرگرین دوو جۆرە زانیاری دێتە بەرچاو (زانیاری دەربڕاو و زانیاری دەرنەبڕاو) ئەو زانیارییانەی کە بە وشە دەربڕاون کە بە ئاسانی وەرگێرانی ئەلەکترۆنی

دەتوانێت بیگوازێتەوە، بەڵام ئەو زانیارییانەی کە بە وشە دەرنەبڕاون کە پێشخان و پاشخانەکان Back round دەگرێتەوە، ئەرکێکی قورسە و دەکەوێتە ئەستۆی وەرگێڕ، لە پێشخاندا وەرگێڕ وا گریمانە دەکات، کە بەشێک لە زانیارییەکان لای خوێنەر هەیە، بۆیە ئاماژەی پێناکات و رایناگەیەنێت و بۆ خۆی دەیانپارێزێت، ئەمەش بە گوێرەی رادەی رۆشنبیریی بەرانبەرەکەی دەگۆڕێت و پاشخانیش ئەو زانیارییانەیە، کە لە مێشکی مرۆڤدا هەیە و لە کاتی رووبەڕووبوونەوەی دەق و گوتارە جۆراوجۆرەکاندا چالاک دەبێت، وەرگێڕ پشت بەستوو بە زانیارییەکانی پێشووی خۆی ڕاستییە نەگوتراوەکان لە دوو توێی دەقەکەدا دەردێنێت. (دزەیی،٢٠١٥:ج٨٩) بەم پێیە دەتوانین بڵێین گواستنەوەی واتا لە وەرگێڕانی ئەلەکترۆنیدا بە ڕێژەیەکی کەمە بە تایبەتی لە پەندی پێشیناندا زۆر سەرکەوتوو نییە.

## ٦- وەرگێڕانی ئەلەکترۆنی و پراگماتیک:

لە وەرگێڕانی ئەلەکترۆنیدا وشە وەک یەکەیەکی سەرەکی بەکاردەهێنرێت و گرنگی نادرێت بە بنیاتی ڕستە و پەیوەندیی نێوان پێکهاتەکانی، هەروەها کاریگەریی دەوروبەر لەسەر واتای وشەکان پشتگوێخراوە و وشە لە واتا لاوەکییەکان داماڵدراوە، ئەمانەش پێچەوانەی ئامانجی پراگماتیکە، کە گرنگی بە گوتن و دەوروبەر دەدات و چارەسەری ناوێزەیی واتایی و لادانی واتایی دەکات، ئەمەش لە وەرگێڕانی ئەلەکترۆنیدا نییە، هەر بۆیە هیچ وەرگێڕێکی ئەلەکترۆنی لە وەرگێڕانەکەیدا ناتوانێت سەرکەوتووبێت، بۆیە وەرگێڕانی وتوێژ (Interactive) باشترین چارەسەرە بۆ گەیاندنی مەبەست نەک واتای فەرهەنگیی وشەکان، بۆ نموونە ڕستەیەکی وەک:

١- بەهرە چێژی لە پەرتووکەکە وەرگرت.

٢- براکەم مانگێکی هێنا.

٣- پەشێوم خوێندەوە.

بۆ ئەم جۆرە ڕستانە دەبێت خوێندنەوەیەکی دورست بکرێت، بە واتایەکی تر دەبێت واتای مەبەست بخرێتەڕوو و هەر ئەو واتا مەبەستەش وەربگێڕدرێت، ئەگینا وەرگێڕانی واتای فەرهەنگی ئامانج ناپێکێت، بۆ نموونە ڕستەی یەکەم واتای ئەوە دەدات: بەهرە پەرتووکێکی خوێندەوە، ڕستەی دووەمیش واتای ئەوە دەدات: براکەم ژنێکی جوانی هێنا، ڕستەی سێیەمیش واتای ئەوە دەدات دیوانەکەی پەشێوم خوێندەوە. (دزەیی:٢٠١٥ب:١٣٥)

ئاشکرایە هەر ڕێژەیەکی سەرکەوتنی وەگێڕانی ئەلەکترۆنی وەربگرین، ئەوا ڕێژەیەکی زۆر بەرز نییە، پراگماتیک گرفتێکی سەرەکی سەرنەکەوتنی ئەم وەرگێرانەیە، چونکە وەرگێڕانی ئەلەکترۆنی واتای فەرهەنگی دەگوازێتەوە نەک واتای مەبەست، جا هەموو ئەو دەربڕینانەی بە مەبەست گوتراون وەک شیعر و ئیدیەم و پەند و قسەی نەستەق لە وەرگێڕانی ئەلەکترۆنیدا هەر هەموویان سەرکەوتوو نابن، هەربۆیەش دەتوانین بڵێین، ڕێژەی سەرکەوتنی گواستنەوەی واتا سفرە لەبەر پچڕانی پەیوەندیی ئاسایی نێوان هێما و تەن و کاریگەریی هێز و ئاوازە و دەوروبەر، بەمەش واتا دەبێتە مەبەستی قسەکەر، بۆ نموونە ڕستەیەکی وەک: You're so beautiful. وەربگێڕین بۆ سەر زمانی کوردی دەبێتە: تۆ زۆر جوانی. بۆمان ڕوونابێتەوە، ئایا بە توانج یا بێ توانج گوتراوە.

## بەشی دووەم: وەرگێرانی ئەلەکترۆنی پەندی پێشینان:

### ١- پەندی پێشینان و وەرگێران:

پەندی پێشینان قسەیەکی رێکە و هونەرێکی تایبەتی تێدایە و هەڵقوڵاوی ژیانی کۆمەڵایەتیی خەڵکە، هەروەک (یۆری سۆکۆلۆڤ) دەڵێت: پەندی پێشینان لە ڕستەی کورت و ئاسان پێکهاتووە لە ئاخاوتنی ڕۆژانەی خەڵکی بەسەر زماندا دێن و بڕگە و وشەکانی جۆرە مۆسیقایەکی تایبەتیان تێدایە. (ڕەسول:١٧٤:١٩٧٩) پەندی پێشینان ڕەنگدانەوەی باری کۆمەڵایەتییە بە هەموو بەش و دیاردە و سوچەکانییەوە. (ڕەسول:١٠٤:١٩٧٩) بۆ نموونە: دەستی ماندوو لەسەر سکی تێرە. ئەوە دەگەیەنێ (کارکردن ڕۆڵێکی گرنگ دەگێرێت لە خۆشگوزەرانکردنی ژیاندا). جا ئەگەر پەندێکی ئینگلیزی وەک: Rome was not built in a day وەربگێرین بۆ سەر زمانی کوردی:

ا– وەرگێرانی واتایی:

واتای فەرهەنگی ئەم پەندە بریتییە لە: (ڕۆما بە ڕۆژێک دورست نەکراوە)، ئەم ڕستەیە لە شێوەی هەواڵداندا دێتە بەرچاو، بەڵام لێکدانەوەی ئەم واتایە بۆ کەسانی ئاسایی جێگای پرسیارە و مەبەست بەدەستەوە نادات، چونکە بۆچی قسەکەر یان نووسەر ئەم هەواڵە دەدات، کە زانیارییەکەی زانراوە و هەموو کەس دەزانێت شارێکی وا گەورە بە ڕۆژێک دورست ناکرێت، ئایا ئەو کاتە واتایەکی گونجاوە لەگەڵ دەوروبەرەکە؟ لێکدانەوە کارێکی زمانەوانی نییە و بەڵکو شارەزایی کۆمەڵایەتی و کلتوورییە. لێرەدا ئەم پەندە ڕوونکردنەوەی زیاتری پێویستە و زۆر شت ڕاستەوخۆ دەرنەبڕاوە.

ب– وەرگێرانی لێکدانەوە:

وەرگێرانی لێکدانەوە دەربڕینی بیرێکی تایبەتی ئەگەیەنێ بە بەکارهێنانی وشەی ئاسانتر لە وشەکانی دەقە بنەڕەتییەکەوە، بە واتایەکی تر گۆڕینەوەی هێمایە بە هێمایەکی تر بۆ دەربڕینی هەمان واتا. (عەزیز:١٣٥:١٩٨٤) واتای ڕاستەقینەی ئەم پەندە بریتییە لە: (هەموو کارێک پێویستی بە سەبر هەیە) کورد گوتەنی (دنیا بە شەو و ڕۆژێک دورست نەکراوە) واتە: کاری گەورە مرۆڤ نابێت پەلەی تیا بکات و مرۆڤ دەبێت، ئارامیی هەبێت بۆ ئەو کارەی کە دەیەوێت بیکات، ئەم ئیدیەمە لە چۆنیەتی لایداوە، چونکە لەگەڵ واقیعدا ناگونجێت و لە ڕوانگەی کردەی قسەییش هەواڵدان نییە، بەڵکو داخوازی و ئامۆژگارییە بۆ گوێگر، تاکو لە کارەکانیدا پەلە نەکات و پشووی درێژ بێت. (دزەیی:٢٠١٥ج:٩٧)

### ٢- کەموکوریی وەرگێرانی ئەلەکترۆنی:

سەرکەوتنی وەرگێران دەوەستێتە سەر سروشتی زمانەکان، جا چەند زمانی سەرچاوە و زمانی ئامانج لە یەک دووربن، ئەوا وەرگێرانەکە ورد نابێت، چونکە زمانەکان لە ڕووی ڕێزمان و تایبەتمەندی و بەکارهێنان جیاوازن، بەمەش ئاویتەبوونی دوو زمانی وا قورستر دەبێت هەر بۆیەش وەرگێران بۆ دەقێکی شیعری یان ئاینی زۆر قورس دەبێت.

زۆر گرفت بۆ وەرگێرانی ئەلەکترۆنی هەن، لەوانەش گۆڕانی واتا بە پێی خوێنەر و کات و سەردەم، هەروەها کێشەی خوازە و خواستن و درکە لە پەند و قسەی نەستەق کە پێویستی بە شارەزایی کلتووری هەیە، چونکە وەرگێرانی ئەلەکترۆنی زانیاریی پاشخانی نییە، دەتوانین گرنگترین کێشەکان لەم خاڵانە کۆبکەینەوە: (طالبی:٣٩:٢٠٠٨)

**یەکەم: کێشەی لێڵیی فەرهەنگی:**

وەک وشە فرەواتا و هاوبێژەکان

ا- فرەواتایی(Polysemy) :

ئەو وشانە دەگرێتەوە کە زیاتر لە واتایەکیان هەیە، بۆ نموونە وشەی (operation) ی ئینگلیزی وەرگرین، چوار جۆرە واتای هەیە: بە واتای کردەی نەشتەرگەری و سەربازی و سەفقەی سیاسی و بازرگانی دێت، ئەم واتایانە لە دەوروبەردا ڕووندەبێتەوە. (دزەیی:٢٠١٥ب:١٢١)

ب- هاوبێژی Homonymy :

ئەو وشانە دەگرێتەوە کە لە بنچینە و واتادا لەیەک جیاوازن و هەریەکەیان سەر بە یەک کێڵگەی واتاین و لە خوازە نزیکە وەک: تیژ: بە واتای: خێرا و تیژی بیبەر، تیژی چەقۆ دێت. (دزەیی:٢٠١٥ب:١٢٢)

ج- کێشەی خوازەی ڕەها:

بەکارهێنانی وشە بۆ مانایەکی تری جیاجیا لە مانای بنەڕەتی خۆی، بە هۆی بوونی پەیوەندییەک لە نێوان هەردوو واتادا ئەم پەیوەندییەش لێکچوون نەبێت و نیشانەیەکیش هەبێت قەدەغەی مانای یەکەم بکات وەک: سەری سپی بووە، لێرەدا سەر مەبەست (پرچ)ە. (دزەیی:٢٠١٥ب:١٢٦)

د-کێشەی یۆفیمیزم:

جوانی دەربڕینە بۆ وشە ناشیرن و نائاساییەکانی ناو کۆمەڵگا وەک: (دەست بەئاو گەیاندن، بێنوێژ، سەرئاو، سەرجێگا، زەکەر، لەش، گیان، ...هتد. (دزەیی:٢٠١٥ب:١٢٧)

ە- کێشەی خوازەی ژیری:

دانەپاڵی وشەیەک بە وشەیەکی ترە، کە مافی درانەپاڵی نەبێت، ئەگەر لەبەر پەیوەندیی نێوانیان نەبێت وەک (دزەیی:٢٠١٥أ:٨٨):

کە چەرخ ئەسکەندەری دی دەردە دارە

وتی: ئەم هەمبووە هەمــ دەردی دارا

مەحوی

لێرەدا دەبینین، بینین دراوەتە پاڵ (چەرخ) و ناتوانێت (ئەسکەندەر ببینێت).

و- کێشەی ڕێزگرتن:

هەندێ وشە بۆ ڕێزگرتن و بەرزکردنەوەی بەرانبەر بەکاردەهێنرێت، ئەمەش وا دەکات ببێتە فرەواتا وەک: بەندە، خزمەتکار، ...هتد (دزەیی:٢٠١٥ب:١٢٩)

**دووەم: کێشەی لێڵی:**

لێڵواتایی ڕستە و ڕۆنانە ڕێزمانییەکان دەگرێتەوە کە بریتین لە:

١- کێشەی لێلی ڕستە:

ئەو ڕستانە دەگرێتەوە، کە دوو واتا یان زیاتری هەیە وەک:

- ئاوات وەک ساکار نانووسێت.

ئەم ڕستە دوو واتای هەیە:

- ئاوات و ساکار هەردووکیان نانووسن.
- ساکار باشتر لە ئاوات دەنووسێت.

هۆکاری لێلی ئەم ڕستەیە، وشەکان نەبوون، بەڵکو ڕۆنانی ڕستەکان بوون. (دزەیی:٢٠١٥ب:١٢٩)

### ٢- کێشەی لێڵیی دەوروبەر:

(ماتیۆس) بۆ ڕوونکردنەوەی ڕۆنانێک، کە بنەمای هاوڕێیەتی تیا بەزێنرابێت ڕوونکردنەوە دەدات و دەڵێت:

–مرۆڤ گورگە.

(ماتیۆس) پێیوایە (گورگ) لەگەڵ مرۆڤ ڕێکناکەوێت، چونکە (گورگ) سەر بە کێڵگەی ئاژەڵە، بۆیە لەسەرمانە ئێمە سیمایەکی تر بۆ (گورگ زیاد بکەین) ئەویش (+ دڕندەیی)یە، زیادکردنی ئەم سیمایە بۆ (گورگ) وادەکات ڕۆنانەکە گونجاوبێت، واتە دەبێت ئێمە لێکدانەوەیەکی داتاشراو بۆ (گورگ) بکەین، بەوەی واز لە هەندێ سیمای بێنین و هەندێک سیمایی تر زەق بکەینەوە، هەر وەک نموونەکانی پێشوو تر. (دزەیی:٢٠١٥ب:١٣٦)

### سێیەم: کێشەی جیاوزینەکردن لە نێوان ناوەکان:

جیاوازینەکردن لە نێوان وشە و زاراوە، یان ناوی دەوڵەت و ناوی باڵندە یەکێکە لە گرفتە سەرەکییەکان بۆ نموونە ڕستەی: (صنع فی ترکیا) بۆ زمانی فەرەنسی دەبێتە: (Fabriqué en Dinde,) واتە: دورستکراوە لە عەلەشیش.

### ٣- وەرگێڕانی چەند پەندێکی ئینگلیزی:

لە وەرگێڕانی پەنددا واتای فەرهەنگیی وشەکان واتای ڕاستەقینە ناگوازنەوە، پەند مەبەستی لە دواوەیە لەبەرئەوە واباشە لە وەرگێڕانی پەنددا وەرگێرانی لێکدانەوەیی بۆ بکرێت و مەبەست ڕوونبکرێتەوە تا بزانرێت بە چ مەبەستێک گوتراوە: ئایا توانجە؟ ئاگادارکردنەوەیە؟ بێزاری دەربڕینە؟... هتد. لە هەمان کاتدا وا باشە کە بەرانبەری پەندی وەرگێڕدراو، واتا بەراوردەکەی لە زمانی ئامانجدا بخرێتەڕوو، هەر وەک لەم خشتەیەی خوارەوە ڕوونکراوەتەوە:

| بەراوردی پەندەکە لە کوردیدا | وەرگێرانی بۆ کوردی | پەندی ئینگلیزی |
|---|---|---|
| گیا لەسەر بنجی خۆی دەڕوێتەوە. | باڵندە پەرداراەکان بە مێگەل بەیەکەوە دەفڕن | Birds of feather flock together |
| بەقەدەر بەرەکەی خۆت پێت ڕابکێشە. | پاڵتۆکەت بە گوێرەی قوماشەکەت بدوورە | Cut your coat according to your cloth |
| چاکە بکە و بیدە بە ئاوا | چاکە بکەن و فرێیبدەنە ئاو | Do good and cast it into the sea |
| ماڵی بای بە بای دەڕوات | ئەوەی بە ئاسانی بەدەستبێت بە ئاسانیش دەڕوات | Easy come, easy go |
| دۆست ئەوەیە لە تەنگانەدا بە | هاوڕێ لە کاتی پێویست | A friend in need is a |

| | | |
|---|---|---|
| هاناتەوەبێت. | | friend indeed |
| هیچ دوکەڵێک بێ ئاگر نییە | هیچ دوکەڵێک بێ ئاگر نییە | No smoke without fire |
| **لێو لە ددانان لە پێشترە** | **خێرخوازی لە ماڵەوە دەست پێدەکات** | Charity begins at home |
| **هەرچی سمێڵی سووربێت هەمزاغا نییە** | **ئەوەی بریسکایەوە زێڕ نییە** | All that glitters is not gold |
| **لە دووی چوان مەچوو** | **باش نییە بۆ شیری هەڵچوو بگریت** | It is no good crying over spilt milk |
| **چێشتی زۆر کابانان یان سوێرە یان بێ خوێیە** | **زۆری دەستان خواردن دەسوتێنێ** | Many hands burn the food |

(شارەزا، ١٠٧:١٩٨٣)

ئەگەر پەندی بەراورد دانرا زیاتر واتای مەبەست دەگوازرێتەوە و وەرگر لێی تێدەگات، هەربۆیە ئاماژەکردن بۆ پەندی بەراورد لە زمانەکان و دانانی لە پرۆگرامەکانی وەرگێڕانەکانی ئەلەکترۆنی کارئاسانی بۆ گەیاندنی واتای مەبەستی پەند و ڕوونکردنەوەی واتاکەی دەکات.

## ٤- کەموکوری وەرگێرانی ئەلەکترۆنی لە پەندا:

(Hutchins هتشنس) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات ئەستەمە بگەینە وەرگێرانێکی ئەلەکترۆنی باش، کێشە واتاییەکان ناتوانن چارەسەر بکرێن تا نەبینە خاوەنی زانیارییەکی گشتیی باش (Hutchins:1986:27) لەبەرئەوەی وەرگێرانی ئەلەکترۆنی پشت بە واتای فەرهەنگیی وشەکان دەبەستێت، لە فەرهەنگی ئەلەکترۆنیی نێوان دوو زمان یان زیاتر و گرنگی نەدان بە کاریگەریی ڕێزمانی و پشتگوێخستنی کاریگەریی دەوروبەر لەسەر واتای وشەکان و نەگواستنەوەی واتای مەبەست، ئەوا وەرگێرانی ئەو بابەتانەی، کە ڕەهەندی پراگماتیکییان هەیە تووشی گرفت دەبن، لەوانەش وەرگێڕانی پەندی پێشینان، بۆ نموونە وەرگێڕانێکی ئەلەکترۆنی بە پرۆگرامی Microsoft Translator Bing بۆ پەندێکی ئینگلیزی: A burnt child dreads the fire بکەین ئاوا وەرگێڕان دەکات:



ئەگەر بێت و وەرگێرانێکی گونجاو بۆ ئەم پەندە بکەین دەبێتە:
(منداڵی سووتاو لە ئاگر دەترسێت)، کە تا ڕادەیەک مەبەست بەدەستەوە دەدات، کە بەرانبەر ئەم پەندە کوردییە دەوەستێت: مارانگاز لە خشەی گوریس دەترسێ (شارەزا، ١٩٨٣: ٩٠)، واتە ئەوەی شتێکی بەسەرهاتبێ و ئازاری کێشابێت، دەبێتە تاقیکردنەوەیەکی ناخۆش و ئەو ترسەی هەردەمێنی، هەرچی شتی لەو بچێت دەیترسێنێت، ئەگەر واش نەبێت.
هەروەک دەبینین وەرگێرانی ئەلەکترۆنی ئەم پەندە کە وەرگێرانەکەی بریتییە:
منداڵێکی سووتاو ئاگرەکە دەدرێتەوە.
ئەم وەرگێرانە کەموکوڕی زۆری تێدایە بە پێی ئاستەکانی زمان کە بریتین لە:
+ کەموکوڕی وشەسازی:
١- نەبوونی ئامراز بۆ بەرکاری ناڕاستەوخۆ کە بریتییە لە (لە).
٢- بەکارهێنانی مۆرفیمی نەناسیاوی (ێک) لە بری (ی).
٣- دانانی مۆرفیمی ناساندن بۆ (ئاگر) کە بەرکاری ناڕاستەوخۆیە.
+ کەموکوڕی ڕستەسازی:
١- نەبوونی ڕێکەوتنی ڕێزمانی نێوان کەرستەکان.
٢- لەبەرئەوەی کاری ڕستەکە تێنەپەرە، ئەوا بەرکاری ناڕاستەوخۆ وەردەگرێت، ئاشکراشە بەرکاری ناڕاستەوخۆ پێویستی بە ئامرازە و ئەم ئامرازەش بوونی نییە.
٣- لەبەرئەوەی دوای منداڵ دیارخەر هەیە کە (سوتاوە)، ئەوا پێویستی بە (ی) دیارخەر هەیە، بەڵام لە بری ئەو ئامرازی نەناسیاوی دانراوە کە گونجاو نییە.
+ کەموکوڕی سیمانتیکی:
١- لەبەر ئەوەی کاری (دەدرێتەوە) ی ڕستەکە نەگونجاوە، بۆیە پچڕانی واتایی دوروست دەکات، بەمەش تێگەیشتن لەم وەرگێرانە قورس دەبێت.
٢- نەبوونی ڕێککەوتنی واتایی نێوان کەرستەکانی (ئاگر) و (دراندن).
+ کەموکوڕی پراگماتیکی:
ئەم وەرگێرانە هیچ مەبەستێک بە دەستەوە نادات، بۆیە بە قسەی بێمانا دادەنرێت.

## ٥- ڕۆڵی پراگماتیک لە چارەسەرکردنی وەرگێرانی پەندا:

سیستەمی وەرگێرانی ئەلەکترۆنی لە چوار پێکهاتەی سەرەکی پێکدێت:
+ پێکهاتەی ناسینەوەی وشە و ڕۆنان لە دەقی سەرچاوە و دواتر شیکردنەوەی زمانەوانی بە پێی ئاستەکانی وشەسازی و ڕستەسازی و واتاسازی.
+ پێکهاتەی فەرهەنگیی دوو زمان یان زیاتر، کە بریتییە لە چەند فەرهەنگێکی ئەلەکترۆنی دابەزێنراو بۆ کۆمپیوتەر.
+ پێکهاتەی ڕێزمانی بەراوردی نێوان زمانەکان، کە یاساکانی ڕۆنانی ڕستە و گرێی نێوان زمانەکان بەراورد دەکات. (الزهیری:٢٠١٩:٢)

+ پێکهاتەی بەرهەمهێنان، کە ئەنجامی شیکردنەوەی وشە و ڕستە دەخاتەڕوو بە زمانی مەبەست.

هەروەک دەبینین پێکهاتەی واتایی لەم سیستەمەدا، بۆ ئەوەی واتا ئاسایی و نائاساییەکان لەیەک جیابکەینەوە نابینرێت، وەیا ڕاستیان بکاتەوە هەروەک لە گەڕانی گۆگڵ بەدیدەکرێت دەبینین هەر هەڵەیەک هەبێت وتووێژت لەگەڵ دەکات و پرسیارت لێدەکات و هەڵبژاردنت پێدەدات و پێتدەڵێت: تۆ مەبەستت کامەیە؟

پێکهاتەی پێداچوونەوەی پڕاگماتیکی کاریگەریی زۆری لەسەر بەرزکردنەوەی ڕێژەی گونجانی واتا و گەیاندنی مەبەست دەبێت.

## ئەنجام:

١- پراگماتیک ئاستەنگێکی گەورەیە بۆ گواستنەوەی واتای مەبەست لە زمانی سەرچاوەوە بۆ زمانی مەبەست، چونکە وەرگێڕانی ئەلەکترۆنی تەنها واتای فەرهەنگی دەگوازێتەوە.

٢- لە وەرگێڕانی ئەلەکترۆنیدا هیچ گرنگییەک بە مەبەستی قسەکەر و دەوروبەری ئاخاوتن نەدراوە، هەربۆیەش چەندین کێشە بۆ دەربڕینە ڕەوانبێژییەکان و لێڵەکان دێتە ئاراوە و بەمەش وەرگێڕانی ئەلەکترۆنی تا ڕادەیەک سەرکەوتنی ڕێژەیی و سنووردارە.

٣- وەرگێڕانی ئەلەکترۆنی پێویستی بە یەکەیەکی پێداچوونەوەیە بۆ ڕاستکردنەوەی کەموکوڕییەکان و نزیککردنەوەی واتای دەربڕاو بە دورستی و مەبەستداری دەربڕینەکان بە تایبەتی وشە خوازە و خواستراو و هونەرەکانی تری ڕەوانبێژی و توانج و... هتد، چونکە کارئاسانی دەکات بۆ تێگەیشتنی زیاتر.

٤- دابەزاندنی یەکەیەکی پراگماتیکی بۆ پرۆگرامەکانی وەرگێڕانی ئەلەکترۆنی، تا کەموکوڕییە واتاییەکان چارەسەربکات، بۆ نموونە فەرهەنگێکی بەراوردی پەندی پێشینانی تیادابنرێت بۆ ئەوەی واتای مەبەست بە سانایی بگوازێتەوە.

٥- لەم دۆخەی ئێستادا بۆ ئەوەی وەرگێڕانی ئەلەکترۆنیی پەند سەرکەوتووتربێت، پێویستە دوو شێواز تێکەڵ بکرێن ئەویش وەرگێڕانی وتووێژ لەگەڵ پێداچوونەوەی دواتر بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵە کلتوورییەکان.

## الملخص:

هذا البحث المعنون ب (البراغماتية والترجمة الإلكترونية في الامثال)، تم في ضوء علم التداول متبعا فيه المنهج الوصفي، إذ جاء بهدف الوصول إلى إجابة مقنعة و حتمية فيما إذا كانت الترجمة الإلكترونية عملية ناجعة وناجحة في ترجمة الامثال في اللغة الكوردية أم لا . قد افترض الباحث أن الترجمة الإلكترونية لا تفي بالغرض في الوقت الحاضر، و لن تنجح في ايصال المعنى المراد إلى المتلقي لوجود عثرات خاصة من اهمها اهمال علم التداول في مكونات الترجمة الإلكترونية، إن الهدف من هذا البحث هو ايجاد وسيلة مناسبة لنقل المعنى المقصود من خلال ادراج المكون التداولي لمكونات الترجمة الإلكترونية، لأن في كل نص يوجد نوعين من المعاني (المعاني السطحية والمعاني العميقة) فالمعاني (السطحية) يتم التعبير عنها بكلمات و يمكن نقلها من قبل الترجمة الإلكترونية بسهولة مطلقة، أما المعاني (العميقة) فلا يمكن التعبير عنها بكلمات عفوية مباشرة كما هو حاصل في الترجمة الإلكترونية، لأن هذا النوع من الترجمة يخرجها من مسارها الدلالي، لذلك نستطيع أن نجزم بأن الترجمة الإلكترونية لن تنجح في نقل المعنى المقصود إلى

المتلقي .و قد تكون هذا البحث من مقدمة و محورين مذيلا بعدة نتائج، أما المحور الأول فجاء تحت عنوان( الترجمة الإلكترونية وعلم التداول) و المحور الثاني تناول ( الأمثال والترجمة الإلكترونية) مع الملخص باللغتين العربية والإنجليزية.


## Abstract:

The title of the research is (pragmatics and electronic translation in proverbs), which is carried out according to the science of circulation and descriptive approach, to reach an answer whether electronic translation will succeed in translating proverbs in the Kurdish language.

In this research, the researcher assumed that electronic translation would not succeed due to neglecting the science of circulation in the components of electronic translation.

The research aims to find an appropriate means to convey the intended meaning through the inclusion of the deliberative component of the electronic translation components because in any text there are two types of meanings (the declared meanings and the undeclared meanings) the declared meanings are expressed in words and can be easily conveyed by electronic translation.

However, the undeclared meanings are not expressed in words; therefore, electronic translation will not succeed in conveying the intended meaning.

The research consists of two chapters, except for the introduction and the results, the first chapter under the title electronic translation and circulation science, and the second chapter under the title proverbs and electronic translation with an abstract in Arabic and English language.


هەوالنامەی کتێب

## سەرچاوەکان:

### ١- بە کوردی:


١- دزەیی، عەبدولواحید موشیر(٢٠١٥أ) پراگماتیک و ڕەوانبێژی، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

٢- دزەیی، عەبدولواحید موشیر(٢٠١٥ب) زانستی سیمانتیک، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە ،هەولێر.

٣- دزەیی، عەبدولواحید موشیر (٢٠١٥ج) لێکۆڵینەوە پراگماتیکییەکان، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە،هەولێر.

٤- ڕەسول، شوکریە (١٩٨٩) ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، چاپخانەی خوێندنی باڵا هەولێر.

٥- ڕەسول، عیزەدین مستەفا (١٩٧٩) لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی چاپی دووەم، بەغدا.

٦- شارەزا، کەریم (١٩٨٣) پەندی بەراوردکاری لە نێوانی ئینگلیزی،عەرەبی، کوردی، چاپخانەی سەمیر ئەمیس، بەغدا.

٧- عەزیز، یوئێل یوسف، ئەلواستی، سەلمان، ئەلنەجم، عەبدولوەهاب(١٩٨٤)، وەرگێڕانی ئەدەبی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.


### ٢- بە عەرەبی:


١- الزهيرى، نبيل(٢٠١٩)، الترجمة الآلية والترجمة البشرية إمكاناتها واقتصادياتها،الحوار المتمدن-العدد:

15:40 - 29 / 8 / 2019 - 6335

https://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=647860

٢- البقاوي، محمد (٢٠٠٢) الترجمة والتعريب بين اللغة البيانية واللغة الحاسوبي،المركز الثقافي العربي، الدار البيضاء، المغرب.

٣- بلعيد، صالح (٢٠٠٩) دروس فى السانيات التطبيقيه، دار هومه، الجزائر.

٤- ديداوي، محمد (١٩٨٦) مجلة اللسان العربي، مكتب تنسيق التعريب، الرباط، المغرب، العدد (٢٦).

٥- طالبي،آمنة فاطمة الزهراء (٢٠٠٨) إشكالية حدود الترجمة الآلية :ترجمة نظام (سيستران) للمتلازمات اللفظية (إنجليزية- عربية) رِسالە ماجستير، جامعة منتوري، قسنطينة، كلية الآداب و اللغات رِقم قسم الترجمة، الجزائر.

٦- كلية الحاسبات و المعلومات (٢٠١١) المعالجة الآلية للغة العربية، جامعة القاهرة.

٧- موسى،علي حلمي (١٩٧٨) دراسة إحصائية لجذور اللغة العربية، معجم الصحاح باستخدام الكمبيوتر، الهيئة المصرية للكتاب.

٨- نيوبرت، ألبيرت (٢٠٠٢) الترجمة وعلوم النص، ترجمة: محي الدين الحميدي ، الرياض للنشر، الرياض.

## ٣- بە ئینگلیزی:

1- Hutchins, W.J (1986) Machine Translatio8n: Past, Present, Future, Ellis Howard Limited.

2- https://www.translationjournal.net/July-2017/are-translators-worried-about-mt-taking-their-jobs-yes-and-no.html

# سنووردارێتیی وەرگێڕانی نموونە لە بابەتە زمانەوانییەکاندا

پ. ی. د. شیروان حسین حمد
زانکۆی ڕاپەڕین
sherwan983@uor.edu.krd

## پێشەکی

ئەم توێژینەوە لەسەر گریمانەی ئەوە بنیاد دەنرێت، کە ئایا وەرگێڕ لە کاتی وەرگێڕانی بابەتێکی زمانەوانیدا چۆن سەروکار لەگەڵ نموونەکاندا دەکات؟ چونکە دەشێ هیچ بەربەست و لەمپەرێک لە بەردەم وەرگێڕانی شیکردنەوە و پێناسەی چەمکە زمانییەکاندا نەبێت، بەڵام کە دەیهەوێت نموونەکان وەربگێڕێت بۆ زمانی دووەم، هەندێ بەربەست و گرفتی دێنە پێش، ئەوانیش خۆیان لە نەگونجان و جیاوازیی نموونەکان لە نێوان زمانی یەکەم و دووەمدا دەبینێتەوە. بەمەش وەرگێڕ ناچار بە وەرگێڕانێکی سنوردار دەبێتەوە. یان پێویستی بە هێنانەوەی نموونەی گونجاو لە زمانی دووەمدا دەبێت و پێویستە چاو لە نموونەکانی زمانی یەکەم بپۆشێت، ئەمەش دەبێتە پرسیارێک، کە ئایا ڕێگەپێدراو و گونجاوە؟ یان نموونەکان وەربگێڕێت، کە زۆرجار ئەو مەبەستەی لە زمانی یەکەمدا هەیانە لە زمانی دووەمدا نایپێکن. یان ئەوەتا نموونە وەرنەگێڕێت و وەک خۆیان بنوسێتەوە، ئەمەش بۆ خوێنەر دەبێتە گرفت چونکە ئەگەر واتای نموونەکان نەزانێت ناتوانێت تێگەیشتنی تەواوی بۆ دیاردەکە هەبێت.

ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت ئەم ئاریشەیە بکاتە کەرەستەی توێژینەوە و بە شێوەیەکی پراکتیکی بەدواداچوون بۆ ئەم مەسەلەیە بکات. بۆ ئەو مەبەستەش کتێبە وەرگێڕدراوەکانی (کورش صفوی) کە لە زمانی فارسییەوە کراون بە کوردی دەکاتە کەرەستەی توێژینەوە. ئەو گرفت و لەمپەرانەی کە لەم ڕووەوە دێنە پێشەوە لە ڕوانگەی ئەم کتێبانە دیارییاندەکات.

گرنگیی توێژینەوەکە لەوەدایە، کە گرفتێک دەخاتەڕوو، کە هەمیشە لەپێش وەرگێڕی بابەتە زمانییەکاندا ئامادەگیی هەیە. هەروەها دەیەوێت بە شێوەکی پراکتیکی ئەم گرفتە و شێوازەکانی چارەسەرکردنی لای وەرگێڕ پیشانبدات. بۆیە پەنا دەبەینە بەر ڕێبازی شیکاریی وەسفی لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیەدا.

لەنێو تیۆرەکانی وەرگێڕانیشدا پشتمان بە تیۆری وەرگێڕانی دەقی بەستووە، کە جەخت لەسەر وەرگێڕانی زمانی نووسین دەکاتەوە.

بۆ ئەم مەبەستەش توێژینەوەکە دابەشی دوو بەش دەکەین، لە بەشی یەکەمدا، کە بەشی تیۆری و بنەمایە باس لە وەرگێڕان و جۆرەکانی وەرگێڕان و سنووردارێتی و بەربەستەکانی بەردەم وەرگێڕان دەکات. بەشی دووەم، کە بەشێکی پراکتیکی و لێکدانەوە و شیکردنەوەی داتاکانە، تێیدا شێوازەکانی وەرگێڕانی نموونە لە بابەتە زمانەوانییەکان پیشاندەدرێت، لەگەڵ خستنەڕووی شێوازەکانی وەرگێڕانی نموونە لەو بەرهەمانەی کۆرش صفوی کە وەرگێڕدراون بۆ زمانی کوردی دواتر سنووردارێتیی وەرگێڕانی هەریەک لەو شێوازانە و گرفتەکان و لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکان پیشاندەدرێت.

**وشە کلیلییەکان:** وەرگێڕان، وەرنەگێڕان، سنووردارێتیی وەرگێڕان، نموونەی زمانی، بابەتە زمانەوانییەکان

## بەشی یەکەم: تیۆر و بنەما

### ١-١: وەرگێڕان چەمک و پێناسە

بە واتای وشەیی وەرگێڕان لە فەرهەنگی گشتیدا مانای هەڵگێڕانەوە یان ئاوازۆکردنەوە دەدات، وەک زاراوەش پێناسەی جۆراوجۆر و هەمەچەشنی بۆ کراوە، بە جۆرێک نایدا پێیوایە (وەرگێڕان بریتییە لە داڕشتنەوەی نزیکترین هاوتای سروشتی پەیامی زمانی بۆ وەرگێڕدراو و لە زمانی لێوەرگێڕدراو، یەکەم لە ڕووی واتاوە و دواتر لە ڕووی شێوازەوە). (اسماعیل سعیدان ١٣٩٢: ١٥) کەواتە لەم ڕوانگەیەوە وەرگێڕان داڕشتنەوەی واتایە، نەوەک گواستنەوەی واتا وەک خۆی. بۆیە ئەگەر چاوەڕوانی واتایەکی یەکسان بکەین لە وەرگێڕاندا ئەوە بەدوای شتێکی مەحاڵدا دەگەڕێین. (بۆ پێناسەکان بڕوانە: پەروین عوسمان، ٢٠٠٩: ١٧-١٩)

هەرچی ڕۆمان یاکۆپسنە، پێیوایە چەمکی وەرگێڕان زۆر لەوە فراوانترە، بە جۆرێک هەموو زمان لە وەرگێڕاندا دەبینێتەوە، چونکە دەڵێت (لە بنەڕەتدا شێوەی تێگەیشتنمان دەربارەی شت دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕینەوەی نیشانەکانی زمان بە نیشانەی دیکە.) (یۆئیل یوسف و ئەوانی تر١٩٨٤: ١٧) بەڵام ئەوەی ئێمە لەم توێژینەوەیەدا دەمانەوێت هەڵوەستەی لەسەر بکەین، ئەم جۆرە تێگەیشتنە فراوانەی وەرگێڕان نییە، بەڵکو ڕوانگەیەکی سنووردارتری هەیە، بەو چەشنەی کە وەرگێڕان (بریتییە لە وەرگێڕاندنی وتە یان نووسراوێک لە زمانێکی وەک زمانی بنەڕەتییەوە بۆ سەر زمانێکی تر یان زمانی مەبەست).

(کورش سەفەوی، ٢٠٠٥: ٧) بەم پێیە لە چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیەدا وەرگێڕان خۆی لە گواستنەوەی واتا لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەبینێتەوە.

ڕوونە، کە لە ڕوانگەی ئەو پێناسانەی کە بۆ وەرگێڕان کراون و دەکرێن، هەردوو لایەنی زمان واتە زمانی نووسین و قسەکردن دەگرێتەوە، بە جۆرێک دەوترێت کە (وەرگێڕان بە پلەی یەکەم، کردارێکە لە زماندا ئەنجام دەدرێت). (میشل ئۆستینۆف، ٢٠١٧: ١٤٥) بۆیە لە دیاریکردنی جۆرەکانی وەرگێڕاندا هەردوو چەشنی وەرگێڕانی زارەکی و وەرگێڕانی نووسین جیاکراونەتەوە، بەڵام ئەوەی ئێمە کردوومانە بە کەرەستەی توێژینەوە تەنها وەرگێڕانی نووسینە. ئەویش بەو جۆرە پێناسەدەکرێت کە (بریتییە لە وەرگەڕاندنی دەقێک لە زمانی بنەڕەتەوە بۆ سەر زمانی مەبەست، بێ ئەوەی مەبەست و واتاکەی دەسکارییبکرێت). (کورش سەفەوی، ٢٠٠٥: ٧) بۆیە ئێمە لەگەڵ جۆرێکی تایبەت لە وەرگێڕان مامەڵەدەکەین کە دەقێکی تایبەت دەگرێتەوە. ئەم دەقەش ئەو نموونە و داتایانە دەگرێتەوە کە بۆ شیکردنەوە و خستنەڕووی توێژینەوە و بەرهەمە زمانییەکان بەکارهاتوون.

بەڵام دیسان ئەمەش هەر بەو ئاسانییە نییە، چونکە لە پاڵ چەمکی وەرگێڕان، چەمکێکی ترمان هەیە ئەویش (مەحاڵیی وەرگێڕان یان وەرنەگێڕان)ە، (بەو قۆناغەی دەگوترێت کە تیایدا وەرگێڕان بە بنبەست دەگات ئەمەش بۆ ئەو تایبەتمەندی و جیاوازییە زمانی و کلتورییانە دەگەڕێتەوە کە لە نێوان زمانی سەرچاوە و زمانی مەبەستدا هەن). (علی حمد و دلێر صادق، ٢٠١٧: ٢٣٨) زۆرجار وەرگێڕ دەیەوێت بە ڕێگەیەکی دیکە چارەسەری ئەو بنبەستانە بکات و بەسەر ئەو کۆسپ و لەمپەرانەدا زاڵ بێت کە دێنە پێشی، چونکە لە نێوان وەرگێڕان و وەرنەگێڕانیشدا، ئاستێکی تر هەیە، ئەویش ئەو بەربەستانەن کە دێنە پێش وەرگێڕ و وەرگێڕ بە ڕێگەی جیاجیا هەوڵی وەرگێڕانیان دەدات.

### ١-٢: جۆرەکانی وەرگێڕان

لە ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە پۆلێنی جۆرەکانی وەرگێڕان دەکرێت، هەندێ لە جۆرەکان لە ڕوانگەی سروشتی بابەتی وەرگێڕدراو پۆلێندەکرێن، کە ئەوانیش وەرگێڕانی زارەکی و وەرگێڕانی نووسراوە. کە (وەرگێڕانی زارەکی بریتییە لە وەرگێڕانی وتەیەک لە زمانی سەرچاوە بۆ زمانی ئامانج بە جۆرێک کاریگەریی ئەو وتەیەی قسەکەری زمان بگوازرێتەوە بۆ گوێگری زمانی ئامانج) (پەروین عوسمان، ٢٠٠٩: ٨٦) کەواتە ئەم جۆرە وەرگێڕانە زیاتر دەچێتە چوارچێوەی زمانی قسەکردن. ئەمەش لە لایەن توێژەرانەوە

هەولێر ئامەدی کتێب

کراوەتە چەند جۆرێکەوە، بەڵام لەبەرئەوەی کەرەستەی توێژینەوەکەی ئێمە دەقی نووسراوە، بۆیە بە وردی باسیاننناکەین.

وەرگێرانی نووسراو، یەکێکی ترە لە جۆرەکانی وەرگێران کە تێیدا دەقێکی نووسراو لە زمانی سەرچاوەوە وەردەگێردرێتە سەر زمانی ئامانج. کە ئەم جۆرەیان کەرەستەی توێژینەوەکەی ئێمەیە.

لە ڕوانگەی سروشتی وەرگێرانەوە، وەرگێران دەکرێت بە دوو جۆری سەرەکی، وەرگێرانی وشەبەوشە و وەرگێرانی ئازاد. لە وەرگێرانی وشەبەوشەدا، (وەرگێر هەوڵدەدات بۆ تاکبەتاکی وشەکانی زمانی سەرچاوە بەرانبەرێک لە زمانی مەبەست بدۆزێتەوە و دابنێت و لە ڕووی ڕۆنانەوە لە یەکەم ڕستەوە تا کۆتا ڕستە دەبێت وەک خۆی بێت). (اسماعیل سعیدان، ١٣٨٧: ١٧) هەرچی وەرگێرانی ئازادە وەک لە ناوەکەیدا دیارە وەرگێر ئازادی هەیە لەوەی کە چەمکی هەر ڕستەیەک یان گوتنێک بە زیادکردن یان کەمکردنەوەی وشەیەک یان چەند وشەیەک، هەروەها بە گۆڕینی ڕۆنان و پێکهاتەی ڕستەکانی زمانی سەرچاوە بۆ زمانی مەبەست بگوازێتەوە. لێرەدا دەستی وەرگێر کراوەتر دەبێت. بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین کە (وەرگێران ناتوانێت تەنها پەیوەست بێت بە دیاردەی زمانزانینەوە، توانای وەرگێران فراوانترە لە توانای زانینی دوو زمان، وەرگێران پێکدێت لە توانایەکی کلتووری و دەقی و بواری چالاکیی و شارەزایی و ئەزمون). (فردوس آقاگل زادە، ١٣٩٤: ١٧١) ئەو داتایانەی کە ئێمە لەم توێژینەوەیەدا بەکارمانهێناون، ئەوەندەی کە وەرگێردراون پەنابراوەتە بەر وەرگێرانی وشەبەوشە. لەم چەشنەی وەرگێراندا تاڕادەیەک پۆلێنەکە وردتر دەکەنەوە بەپێی یەکەکانی وەرگێران لەوانە وەرگێرانی وشەیی، وەرگێرانی ڕستەیی و وەرگێرانی دەقی. (بڕوانە: دیاکۆی هاشمی: http://yageyziman.com/wergerran.htm) بەجۆرێک کە دەشێ بە گوێرەی ئامانجی وەرگێر یەکەکانی وەرگێران وشە، یان دەستەواژە (گرێ)، یان پارستە (ڕستەی شوێنکەوتە)، ڕستە، یان پەرەگراف بێت. (اسماعیل سعیدان، ١٣٨٧: ١٧) لەناو ئەو داتایەی کە ئێمە وەک کەرەستەی توێژینەوە وەرمانگرتووە، هەریەک لە یەکەکانی وشە، گرێ، پارستە و ڕستە و پەرەگراف هەن، کە نووسەرەکان بۆ شیکاری لایەنی تیۆری هێناویانن.

لەگەڵ بەرەوپێشچوونی تەکنەلۆژیا و جیهانی ئەلیکترۆنی پۆلێنێکی تری وەرگێران هاتەکایەوە، کە لەسەر بنەمای وەرگێر، وەرگێران پۆلێندەکات، ئەوانیش وەرگێرانی مرۆڤی Human translation و وەرگێرانی ئامێری Machine translation جۆرێکی تریش کە لە تێکەڵکردنی هەردوو جۆر پێکدێت کە پێی دەوترێت وەرگێرانی تێکەڵ mixed or machine aided translation. (فردوس آقاگل زادە، ١٣٩٤: ١٧١)

وەرگێرانی دەقی مەبەست لێی وەرگێرانی نووسینە، لەناو جۆرەکانی دەقیشدا لە ڕووی تایپۆلۆژییەوە هەمەچەشنن، لەوانە دەقی زانستی یان ئەدەبی و ئاینی و ...هتد. ئێمە لەم توێژینەوەیە دەقی زمانی وەردەگرین، کە دەچێتە خانەی دەقی زانستییەوە.

زۆرجار لە ڕوانگەی وەرگریشەوە وەرگێڕان پۆلێندەکرێت، ئایا خوێنەر ئاساییە یان تایبەتە، کەرەستەی توێژینەوەکەی ئێمە بۆ خوێنەری تایبەتە ئەوانەی کە پسپۆڕی زمانن یان ئەوانەن کە سەلیقەی زمانییان هەیە.

## ١-٣: سنووردارێتیی وەرگێڕان

یەکێک لە گرفتەکانی وەرگێڕان سنووردارێتییە، ئەوەش ڕوونە کە (لە ڕاستیدا زۆربەی بابەتەکانی وەرگێڕان لە پڕاکتیکدا تووشی ڕێگری و لەمپەر دەبنەوە، هەرئەمەش وای کردووە کە بیرۆکەی دژە وەرگێڕان لای هەندێ کەس سەرهەڵبدات). (ادیت گراسمن، ١٣٩١: ٤٥) بەڵام دەبێ ئەو ڕاستییە بزانین لە نێوان وەرگێڕان و وەرنەگێڕان پلەیەک یان خاڵێکی ناوەڕاستینە هەیە، کە ئەویش بریتییە لە سنووردارێتی. ئەمەش بەو واتایە دێت، کە هەندێ دەق و نووسین زۆر بە ئاسانی وەردەگێڕدرێن و هیچ گرفت و لەمپەرێکیان لەبەردەمدا نییە. بەڵام لە بەرانبەردا هەندێ دەق و نووسین هەن خۆیان بەدەستەوە نادەن و وەرناگێڕدرێن وەرگێڕ لێیان دەگاتە بنبەست. (بڕوانە: علی حمد، دلێر صادق، ٢٠١٧: ٢٣٨).

دەبێت ئەم ڕاستییە بزانین کە ئەمە لە هەندێ نموونە و لە هەندێ دەقدا دێتە پێشەوە. بەو واتایەی کە (هەندێ جار وەرگێڕ لە کاتی وەرگێرانی دەقێکدا، وەرگێڕ توشی هەندێ ڕستە دەبێت کە وەرگێڕانیان مەحاڵە. لە حاڵەتێکی وادا ئەو وشانەی کە لە زمانی بنەڕەتیدان بەهۆی ئەو زانیارییانەی کە لە خۆیان گرتووە ڕێگە لە وەرگێڕان دەگرن). (کورش سەفەوی، ٢٠٠٥: ٧٩)

لە نێوان ئەم دوو جەمسەرەشدا هەندێ وەرگێڕان هەن کە کێشە و گرفت و لەمپەر دێتە بەردەمیان، کە دەشێ ئەو گرفتانەش بۆ لایەنی زمانی لە سیستەمی دەنگی و پێکهاتەی سینتاکسی و وردەکاری (مفردات) و دەستەواژەی ئیدیۆمی و شێواز بگەڕێتەوە. یان دەشێ گیروگرفتەکان بۆ لایەنی ڕۆشنبیری (کلتوور) بگەڕێتەوە. (بڕوانە: یۆئیل یوسف عەزیز و ئەوانی تر، ١٩٨٤: ٨١) هەندێک لەو گرفتانەش بە خوێندنەوە و شارەزابوون لە کلتووری زمانی سەرچاوە و پەیداکردن و دەوڵەمەندکردنی لایەنی زمانیی وەرگێڕ چارەسەربکرێن. سەربارى ئەوانەش هێشتا هەندێ نموونە و کەرەستەی وا لە هەر زمانێکدا هەن، کە وەرناگێڕدرێن. بەڵام ناشێ لەبەر ئەم بەربەست و سنووردارێتییە، دەستبەرداری وەرگێڕان ببین. بۆیە دەبێت چارەسەری تر بدۆزرێتەوە. بەپێی داتای ئەم توێژینەوەیە، وەرگێڕ پەنای

بردووەتە بەر شێوازی جیاجیا بۆئەوەی خۆی لەم بەربەستە ڕزگاربکات. چونکە وەرگێڕ بەهەر شێوەیەک بێت دەیەوێت زانیارییە ئاماژەپێکراوەکان بگەیەنێتە خوێنەرەکەی، بەڵام کە دەگاتە حاڵەتی وەرنەگێڕان دوو حاڵەتی لە بەردەمدا دەبێت، یەکەمیان بەکارهێنانی ژێرنووس (پەراوێز) بۆ زانیاری بەخشین. دووەمیان نووسینی پێشەکی وەک نموونەی بابەتەکان. (کورش سەفەوی، ٢٠٠٥: ٨٠) لەو داتایانەی کە بوونەتەوە کەرەستەی توێژینەوەکەمان ئەم دوو ڕێگەیە زۆر پەنای براوەتەبەر.

## بەشی دووەم: شیکردنەوە و لێکدانەوەی داتاکان

### ٢-١: شێوازی شیکردنەوە و هەڵبژاردنی کەرەستەی توێژینەوە

کەرەستەی ئەم توێژینەوە ئەو نووسین و بەرهەمانە دەگرێتەوە کە لە زمانی فارسییەوە کراون بە زمانی کوردی، دیارە ئەم دوو زمانەش پەیوەندییەکی پتەوی ڕیشەییان پێکەوە هەیە. لە ڕووی فەهەنگی و کلتورییەوە خاڵی هاوبەشیان هەیە، ئەمەش کاریگەریی لەسەر وەرگێڕان دەبێت. لەم بەشەدا هەوڵدەدرێت، کە بە وردی ئەو چوار بەرهەمەی کۆرش سەفەوی بکرێن بە بنەمای شیکردنەوەکەمان، کە ئەوانیش پێکدێن لە:

١- حەوت گوتار دەربارەی وەرگێڕان، ڕەفعەت مورادی، ئەم کتێبە لەبارەی وەرگێڕانە، و لە دووتوێی سەد و چوار لاپەڕەدا، لەلایەن خانەی وەرگێڕانەوە لە ساڵی ٢٠٠٥چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

٢- چەند لایەنێکی واتاسازی، وەرگێڕانی دلێر سادق. ئەم کتێبە پێکهاتووە لە بابەتی واتاسازی و لە دووتوێی حەفتا و دوو لاپەڕەی قەبارە بچووک لە ساڵی ٢٠٠٦ لەلایەن دەزگای چاپ و پەخشی موکریانی بڵاوکراوەتەوە.

٣- لە زمانەوانییەوە بۆ ئەدەبیات، وەرگێڕانی عوسمان دەشتی، ئەم کتێبە لە دوو بەرگ پێکهاتووە، بە قەبارەی مام ناوەندی و لە دووتوێی حەوت سەد لاپەڕەدا لەلایەن زانکۆی کۆیە، لە ساڵی ٢٠١٨ بڵاوکراوەتەوە.

٤- ناسینی واتاسازی، وەرگێڕانی شیروان حسێن خۆشناو، ئەم کتێبەش لە دووتوێی سەد و پەنجا و شەش لاپەڕە لەلایەن دەزگای ئاوێر لە ساڵی ٢٠٢٠ بڵاوکراوەتەوە.

دوای ئەوە هاتووین هەریەک لەو کتێبانەمان وەک کەرەستەی توێژینەوەکە وەرگرت، تاوەکو ئەوە پیشانبدەین کە وەرگێڕەکان چۆن مامەڵەیان لەگەڵ نموونەکان کردووە. دوای ئەوەی کە شێوازی مامەڵەکردنمان لەگەڵ نموونەکان جیاکردووەتەوە و پۆلێنکردووە، ڕێژەی هەریەک لە شێوازەکانمان بەجیا لای هەریەک لە وەرگێڕەکان پیشانداوە. دواتر

لەسەر بنەمای هەر چوار وەرگێڕیش بە خشتە و چارت ڕێژەی گشتیمان خستوەتەڕوو. لە شیکردنەوەی ئامارەکاندا پشتمان بە بەرنامەی (spss) بەستووە. لە کۆتاییشدا هۆکارەکانی بەردەم وەرگێڕانی نموونەکانمان لەسەر بنەمای ئەو داتایانە پیشانداوە.  لە کاتی وەرگرتن و ئاماژەدان بە نموونەکان بەپێی ڕیزبەندی ژمارەکانی (١-٤)مان داوە بە وەرگێڕەکان و ئەو ژمارەیەی کە لە تەنیشت ژمارەی وەرگێڕ هاتووە، ژمارەی ئەو لاپەڕەیەکە کە نموونەکەی تێدا هاتووە. ئەگەر سەرچاوەکەش دوو بەرگ بووبێت، بە (ب١، ب٢) بەرگەکان دیاری کراون.

## ٢-٢: شێوازەکانی وەرگێڕانی نموونەکان

بەپێی شیکردنەوەی کەرەستەکانی بەردەستمان وەرگێڕەکان پەنایان بردووەتە بەر ئەم شێوازانەی خوارەوە:

### ٢-٢-١: وەرگێڕانی تەواوەتیی نموونە:

لەم شێوازەدا وەرگێڕ نموونەکەی وەک خۆی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، وەکو دەقی ئاسایی مامەڵەی لەگەڵ کردووە و خوێنەر نموونەی زمانی یەکەمی لەبەردەستدا نییە، بە تەنها نموونەی زمانی بۆوەرگێڕداروی لەبەردەستە. بە نموونە وەرگێڕی (٢) و (٤) لە هەندێ حاڵەتدا پەنایان بردووەتە بەر ئەم شێوازە، بە تایبەت لەو شوێنانەی کە هەستیان کردووە نموونە وەرگێڕداوەکە لە هەردوو زماندا هەمان ئامانج بۆ بنەما تیۆرییەکە دەپێکێت، بە نموونە:

– (گوڵاڵە) جۆرێکە لە  (گوڵ) (٢: ١٨)

– لە زمانی ئۆتۆماتیکیدا، کلۆریدی سۆدیۆم، لەگەڵ خوێ یەک شت نین، لەبەرئەوەی کە لە زمانی زانستدا، (کلۆریدی سۆدیۆم) لەپاڵ (کلۆریدی مەگنسیۆم)و ... هتد دەشێ پۆلینبکرێ. لە زمانی ئۆتۆماتیکیدا لە پاڵ (بیبەر)، (ساس) (خەرتەلە) و ... هتد دەشێ پۆلێنبکرێ. (٢: ٥٧)

– بە نموونە (پیاوی باش)، (کچی باش)، (کتێبی باش)، (خواردنی باش)، و ...هتد. بەڵام ئەگەر ئاوڵناوی (کۆن) لەبەرچاوبگرین، مەسەلەکە جیاواز دەبێت، ئێمە لە فارسیدا دەتوانین (کتێبی کۆن)، (قوماشی کۆن)، (فەرشی کۆن) بەکاربێنین. (٤: ١٠٨)

### ٢-٢-٢: وەرگێڕانی هاوشانی نموونەکان:

مەبەست لەم جۆرە وەرگێڕانە، ئەوەیە کە وەرگێڕ نموونەکە دەکات بە زمانی دووەم، لەپاڵیشدا نموونەی زمانی یەکەم وەک خۆی دەنووسێتەوە لەم دۆخەدا نموونەکە بە هەردوو زمان لەناو دەقەکەدا بوونیان دەبێت، هەرچەندە ئەمە یارمەتی خوێنەر دەدات بۆ

تێگەیشتن لە نموونەکان، بەڵام لە هەمان کاتدا گرفتی ئەوە دێتە پێشەوە کە زۆرجار نموونەی زمانی یەکەم هەمان حاڵەت لە زمانی دووەمدا بەرجەستە ناکات. لە کەرەستەی توێژینەوەکەماندا وەرگێری (١) زۆرترین نموونەکانی بەم چەشنە وەرگێڕاوە، بۆ نموونە:

*- وشەی قەرزکراوی وەک: (بشقاب) (قاپ)، (استکان) (پیاڵە)، (قفل) (قوفڵ)، (فیوز) (فیۆز)، (پریز) (پلاک) و ... هتد بۆشاییەک لە زمانی فارسیدا پڕدەکەنەوە. (١: ٥٣).*

*- حوض پر از آب بود (حەوزەکە پڕبوو لە ئاو) (حوض مالامال از آب بود.) (حەوزەکە لێواولێو بوو لە ئاو). (١: ٩٨)*

*- (ایستادن/ وەستان) لە شوێنی (صبرکردن/ ئارامگرتن) و (دیدن/ بینین) لە بری (فهمیدن/ تێگەیشتن) یاخود (شنیدن/ بیستن) بەکاربراوە. (٣: ب١: ٩٨)*

## ٢-٢-٣: وەرنەگێڕانی نموونەکان:

جۆرێکی تری هەڵسوکەوتکردنی وەرگێڕ لەگەڵ نموونەکاندا ئەوەیە کە نموونەکە وەک خۆی و بە زمانی یەکەم دەنووسێتەوە، واتە وەریناگێڕێت. ئەمەش لە سەرێکەوە بۆ خوێنەر دەبێتە لەمپەر بەوەی کە ناتوانێت لە پەیامەکە بگات، چونکە بەشێک لە تێگەیشتنی بابەتە زمانییەکان پەیوەستە بە نموونەکانەوە. لە سەرێکی ترەوە وەرگێڕ خۆی لە نەگونجانی نموونە لەگەڵ شیکردنەوەکاندا دەبووێرێت، چونکە وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا زۆرجار لە کاتی وەرگێڕانی نموونەدا، نموونەی زمانی یەکەم بە وەرگێڕدراوی لە زمانی دووەمدا هەمان مەبەست ناپێکێت.

- هوشنگ رفت.
- هوشنگ دلش رفت.
- هوشنگ از هوش رفت ..................(٢: ٦٧-٦٨)
- زبانش توان ستایش نداشت

روانش گمان نیایش نداشت (٣: ب١: ٧٧)

## ٢-٢-٤: گۆڕینی نموونەکان:

لەم شێوازەدا وەرگێڕ نموونەکان نەوەردەگێڕێ، نە وەک خۆیان و بە زمانی یەکەم دەیانهێڵێتەوە، نە ئەوەشە کە بە هەردوو زمانەکە نموونەکان دەنووسێتەوە. بەڵکو نموونەیەکی گونجاو لە زمانی دووەم دەدۆزێتەوە و لەبری نموونەی زمانی یەکەم بەکاریدەهێنێت. ئەمەش هەرچەندە دەستپاکیی وەرگێران کەمدەکاتەوە، بەڵام تێگەیشتن و

شیکاریی تیۆرییەکان ئاساندەکات، ئەمە بە تایبەت بۆ ئەو نموونانە گونجاوە کە لە کاتی وەرگێڕاندا، مەبەستی زمانی یەکەم نادەن بەدەستەوە.

*– لەبری ئەم نموونەیە لە زمانی کوردیدا وشەی (خۆفرۆش)مان هەیە، کە بە هەمان مەبەست بەکاردێت. (٤: ٢٨)*

*– لە زمانی کوردیدا، (چاوپیسی) و (چاوەزار) بەرانبەر ئەو ئیدیەمە بەکاردێت، کە وشەی (پیس) و (زار) لەگەڵ وشەی (چاو)دا دێت و چاوەڕێی واتای گشتیی وشەکە لە هەردوو وشە پێکهێنەرەکەی ناکرێت. (٤: ٢٩)*

ئەم شێوازە زیاتر لە نموونە ئیدییەمییەکاندا بەکاردێت، و بە زۆری وەرگێر لە پەراوێزدا ئاماژەیەک بەم گۆڕینە دەدات، تاوەکو دەستپاکیی وەرگێڕان بپارێزێت.




شێوەی ژمارە (١)
شێوازەکانی وەرگێڕانی نموونە

هەولامەی کتێب

### ٢-٣: شێوازەکانی وەرگێڕانی نموونە بەگوێرەی وەرگێڕەکان

لەم پارەی بەشی دووەمماندا، ئاماژە بە هەریەک لەو شێوازانە دەکەین، لەلای هەر وەرگێڕێک. بە جۆرێک جۆر و ڕێژەی هەر شێوازێک پیشاندەدەین. بۆئەوەی شێوازی زاڵ لای هەر وەرگێڕێک و بەگشتیش لە زمانی کوردیدا دیارییبکەین.

### ٢-٣-١: شێوازەکانی وەرگێڕی یەکەم:

ئەم وەرگێڕە لە وەرگێڕانی نموونەکانیدا پەنای بردووەتە بەر هەریەک لە شێوازەکانی هاوشانی و وەرگێڕانی تەواوەتی. بە جۆرێک ڕێژەی هەرە زۆری نموونەکانی بە هاوشانی

وەرگێڕاوە، واتە لەتەک نموونە کوردییەکە نموونەکەی بە زمانی فارسیش نووسیوەتەوە. تەنها لە چەند نموونەیەکدا نەبێت کە بە زمانی فارسی نموونەکانی نەنووسیوە. ڕێژەکەی بەم شێوەی خوارەوە پیشاندەدەین.




شێوەی ژمارە (٢)

ڕێژەی شێوازەکانی وەرگێڕی یەکەم

بەم پێیە لای ئەم وەرگێرە ڕێژەی ٩١%ی نموونەکانی بە شێوازی وەرگێڕانی هاوشان و ٩%ی بە وەرگێڕانی تەواوەتی وەرگێڕاوە.

**٢-٣-٢: شێوازەکانی وەرگێڕی دووەم:**

وەرگێڕی دووەم هەریەک لە شێوازەکانی وەرگێڕانی تەواوەتی و وەرنەگێڕان و بە جۆرێک، کە ڕێژەی زۆری نموونەکانی وەرنەگێڕاوە و وەک خۆی بە زمانی فارسی نووسیونەتیەوە. ئەمەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە وەرگێڕ باوەڕی وابووە بە وەرگێڕانی نموونەکان دژبەری لە نێوان لایەنی تیۆری و پراکتیکی دروستدەبێت. ڕێژەکەی بەم شێوەیە دەبێت:




شێوەی ژمارە (٣)

ڕێژەی شێوازەکانی وەرگێڕی دووەم

لای ئەم وەرگێڕەش ٨٩%ی نموونەکان وەرنەگێڕدراون و ١١%یش بە شێوازی وەرگێڕانی تەواوەتی وەرگێڕدراون.

### ٢-٣-٣: شێوازەکانی وەرگێڕی سێیەم:

ئەم وەرگێڕە، بەشی هەرە زۆری نموونەکانی وەرنەگێڕاوە، ڕەنگە ئەمەش بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە نموونەکانی ئەم کتێبە بە زۆری نموونەی دەقی ئەدەبین، لە نێویشیاندا شیعر. بەڵام ئەمەش بەو واتایە نایەت کە شیعر وەرنەگێڕدرێ. جگە لەم شێوازە بە شێوەیەکی کەم وەرگێڕانی هاوشان و وەرگێڕانی تەواوەتی بەکارهێناوە.




شێوەی ژمارە (٤)

ڕێژەی شێوازەکانی وەرگێڕی سێیەم

لای ئەم وەرگێڕە ٧٩%ی نموونەکان وەرنەگێڕدراون و ١٢%ی نموونەکان وەرگێڕانی هاوشانیان بۆکراوە و ٩%یش بە تەواوی وەرگێڕدراون.

### ٢-٣-٣: شێوازەکانی وەرگێڕی چوارەم:

لەم کتێبەدا وەرگێڕ سێ شێوازی لە وەرگێڕانی نموونەکاندا بەکارهێناوە، ئەوانیش وەرگێڕانی تەواوەتی، وەرگێڕانی هاوشان، گۆڕینی نموونەکان. لەو شوێنانەی کە وەرگێڕانی نموونەکان کاری لە ڕوونکردنەوەی لایەنی تیۆری نەکردبێت، ئەوا بە تەواوی وەرگێڕدراون، لەو شوێنانەشی کە نموونەی زمانی یەکەم بە هیچ ڕێگەیەکی وەرگێڕان یارمەتی گەیاندنی بیرۆکەکەی لە زمانی دووەمدا نەدابێت، پەنابراوەتە بەر گۆڕین، و لەهەندێ باریشدا نموونەکان بە هاوشانی بە هەردوو زمان هاتوون. ڕێژەکە بەم شێوەی خوارەوەیە:

هەواڵنامەی کتێب




شێوەی ژمارە (٥)

ڕێژەی شێوازەکانی وەرگێڕی چوارەم

لای ئەم وەرگێڕەش ٥٥%ی نموونەکان وەرگێڕانی تەواوەتی و ٢٧%ی وەرگێڕانی گۆڕین و ١٨%ی وەرگێڕانی هاوشانیان بۆکراوە.

**٢-٣: تێکڕای شێوازەکانی وەرگێڕانی نموونە**

ئەگەر ئەنجامی هەر چوار وەرگێڕەکە پێکەوە کۆبکەینەوە ئەوا تێکڕای شێوازەکانی وەرگێڕانی نموونە بەم شێوەی خوارەوە دەبێت.




شێوەی ژمارە (٦)

ڕێژەی شێوازەکانی وەرگێڕان لای سەرجەم وەرگێڕەکان

ڕێژە و ژمارەکانی ئەم شێوەی سەرەوە پێمان دەڵێت وەرنەگێران بە ڕێژەی هەرە بەرز بە٤٣% لە پلەی یەکەمدا دێت. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە زۆربەی نموونەکان شیانی وەرگێڕانیان تێدا نەبووە، یان وەرگێڕەکان نەیان ویستووە، وەریانبگێڕن، ئەمەش

دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە لە زمانی مەبەستەوە بۆ زمانی ئامانج نموونەکان هەمان ڕاستی دەستەبەرناکەن.

پلەی دووەم بۆ شێوازی وەرگێڕانی هاوشانە بە ڕێژەی ٣٢%. وەرگێڕ لەپێناو پاراستنی لایەنی زانستیی دەقی زمانی لیوەرگێڕاو و بۆ وەرگێڕدراوی داناوەتەوە، ئەمەش تاڕادەیەک یارمەتی خوێنەر دەدات لە تێگەیشتنی دیاردەکە، هەرچەندە لەوانەیە لە هەندێ کاتدا لە هەردوو زماندا هەمان ئامانج نەپێکن.

پلەی سێیەم لەناو شێوازەکاندا بۆ شێوازی وەرگێڕانی تەواوەتی تەرخانکراوە، ئەمەش لەو نموونانەدایە کە لە زمانی ئامانجدا وەرگێڕانیان هیچ کاریگەرییەکی لەسەر لایەنی زانستی و گەیاندنی مەبەست نەبووە.

دوا پلە بۆ شێوازی گۆڕین تەرخانکراوە کە ڕێژەی ٦% ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە وەرگێڕەکان خۆیان نەخستووەتە بەر بەرپرسیارێتیی گۆڕینی نموونە و هێنانەوەی نموونەیەکی جیاواز. کە هەرچەندە ئەمە یارمەتی تێگەیشتن دەدات، بەڵام تاڕادەیەک لە وەرگێڕان دووردەکەوێتەوە.

**٢-٤: بەکارهێنانی شێوازەکانی وەرگێڕانی نموونە**

مەبەست لەوەیە کە لەناو ئەو چوار شێوازە بەکارهاتووە، لای هەریەکێک لە وەرگێڕەکان چەند شێواز بەکارهاتوون. کە لەم چارتەدا پیشاندراوە:




شێوەی ژمارە (٧)

ڕێژە و شێوازەکانی وەرگێڕان لای هەر وەرگێڕێک

ئەم شێوەی سەرەوە پیشانماندەدات کە بە گشتی چوار شێوازی وەرگێڕانی نموونە لای وەرگێڕەکان دەبینرن، وەرگێڕانی تەواوەتی زۆرترین دووبارەبوونەوەی هەیە و لای هەر چوار وەرگێڕ دەبینرێت. لە پلەی دووەمدا وەرگێڕانی هاوشان دێت، کە لای چوار

وەرگێڕ هەیە و لە پلەی سێیەم و بە ئاستێکی بەرز وەرنەگێڕان لای دوو وەرگێڕ بەکارهێنراوە و لە پلەی چوارەمیشدا گۆڕین دێت کە تەنها لای یەک وەرگێڕ هەیە. هیچ یەکێک لە وەرگێڕەکان هەر چوار شێوازەکەی بەکارنەهێناوە، بە جۆرێک دوو وەرگێڕ سێ شێواز و دوو وەرگێڕیش دوو شێوازیان بەکارهێناوە.

## ئەنجام:

لە ئەنجامی کۆکردنەوە و شیکردنەوەی داتای توێژینەوەکەمان دەگەینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١- وەرگێڕی بابەتەکانی زمانناسی لە زمانی کوردیدا، تووشی سنووردارێتی و بەربەست دەبێت لە وەرگێڕانی نموونەکاندا، بۆیە پەنادەبەنە بەر شێوازی جیاجیا تاوەکو خۆی لەو سنووردارێتی و بەربەستانە ڕزگاربکات.

٢- بەپێی سروشتی نموونەکان و تێڕوانینی وەرگێڕەکان پەنابراوەتە بە شێوازی جیاجیا، ئەو نموونانەی کە وەرگێڕانیان کاریگەری لەسەر گەیاندنی چەمکی بابەتە زانستییەکە نەبوویێت وەرگێڕدراون، ئەوانەشی کە ئەم گرفتەیان دروستکردووە، یان وەرنەگێڕدراون، یان وەرگێڕدراون و دەقی زمانی سەرچاوەشیان لەگەڵ نووسراوەتەوە یان نموونەکان گۆڕاون.

٣- بەرزیی ڕێژەی وەرنەگێڕانی نموونە بە کۆی گشتیی وەرگێڕەکان، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ڕێژەیەکی بەرچاوی نموونە زمانییەکانی شیانی وەرگێڕانیان تێدا نییە، چونکە ئەو مەبەستەی لە زمانی سەرچاوە بۆی هێنراوەتەوە، لە زمانی ئامانجدا هەمان مەبەست بەدەستەوە نادەن. ئەمەش بێزاری لای خوێنەر و تاڕادەیەک تێنەگەیشتن دەهێنێتە ئاراوە.

٤- دانانەوەی نموونەکان بە زمانی سەرچاوە لە دەقی زمانی ئامانجدا، واتە پێکەوەهاتنی هەردوو نموونەکە بە شێوەیەکی هاوشان، یارمەتی خوێنەر دەدات، وەرگێڕیش تاڕادەیەک لە بەرپرسیاریەتی وەرنەگێڕان و گۆڕین دووردەخاتەوە، هەرچەندە لێرەشدا مەرج نییە هەردوو نموونەکان خزمەت بە هەمان بنەمای تیۆری بکەن.

٥- وەرگێڕانی تەواوەتیی نموونەکان کە بە ڕێژەیەکی زۆر نابینرێت، لە ڕوانگەی خوێنەرەوە باشترین شێوازە بەڵام لەبەر هاوسەنگنەبوونی نموونەکان لە ڕووی زانستییەوە لە هەردوو زماندا وەرگێڕەکان زۆر کەم دەتوانن پەنای بۆ ببەن.

٦- گۆڕین گونجاندنی نموونەکانی زمانی سەرچاوەیە، لەگەڵ زمانی مەبەست بەڵام لەبەرئەوەی دەچێتە چوارچێوەی دەسکاریکردنی دەقە ڕەسەنەکە و پێویستی بە وەرگێڕێکی پسپۆڕی ورد هەیە، بە کەمترین شێوە پەنای بۆبراوە.

## سەرچاوەکان:

### بەزمانی کوردی

– پەروین عوسمان۲۰۰۹، واتا و وەرگیڕان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلأت، دەزگای توێژینەوەو بلأوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.

– دیاکۆی هاشمی: وەرگێڕان، (http://yageyziman.com/wergerran.htm

–علی حمد عثمان، دلێر صادق کانبی۲۰۱۷، گۆڤاری توێژەر، ژمارەی تایبەت بە کۆنفرانسی زمانی دایک، https://www.doi.org/10.31918/twejer.17mlc.7.

– کورش سەفەوی۲۰۰۵، حەوت گوتار دەربارەی وەرگێڕان، وەرگێڕانی: ڕەفعەت مورادی، بەڕێوبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، سلێمانی.
– کورۆش سەفەوی ۲۰۰٦، چەند لایەنێکی واتاسازی، وەرگێڕانی: دلێر سادق، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی موکریانی، هەولێر.
– کورش صفوی ۲۰۱۸، لە زمانەوانییەوە بۆ ئەدەبیات، بەرگی یەکەم و دووەم، وەرگێڕانی: عوسمان دەشتی، چاپخانەی ڕۆژهەلأت، بلأوکراوەکانی زانکۆی کۆیە.
– کورش صفوی ۲۰۲۰، ناسینی واتاسازی، وەرگێڕانی شیروان حسێن خۆشناو، چاپی یەکەم، دەزگای ئاوێر، هەولێر.
– میشل ئۆستینۆف۲۰۱۷، وەرگێڕان تیۆرەکانی وەرگێڕان، پرۆسەی وەرگێڕان، وەرگێڕان: فەرشید شەریفی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،سلێمانی.
– یۆئیل یوسف و ئەوانی تر۱۹۸٤، وەرگێڕانی ئەدەبی، وەرگێڕانی: غازی فاتیح وەیس، بەڕێوبەرایەتی چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

### بەزمانی فارسی:

– ادیت گراسمن۱۳۹۱، چرا ترجمه مهم است؟ ترجمه مژده دقیقی، مجله ادبیات تطبیقی، ۱/۳ (بهارو تابستان) پیاپی۵.

–اسماعیل سعیدان ۱۳۹۲، اصول و روش کاربردی ترجمه، چاپ سوم، رهنما، تهران.
– فردوس آقاگل زاده ۱۳۹٤، زبانشناسی کاربردی، زبانشناسی کاربردی و مسایل میان رشتەای زبان، انتشارات علمی، تهران.

## ملخص البحث

هذا البحث بعنوان (محدودية ترجمة النماذج من المواد اللغوية)، والذي يحاول بشكل عملي، ان يحدد العوائق والمشاكل ويحللهم، والذي تقف عائقا امام المترجم الكوردي، عندما يريد ترجمة الكتب اللغوية الى اللغة الكوردية. ولهذا، اختار الباحث اربعة كتب للمؤلف (كورش صفوي) المكتوبة باللغة الفارسية ومترجمة الى اللغة الكوردية، مادة لبحثه هذا. ولهذا ارتأى الباحث ان يقسم بحثه الى فصلين، كالأتي:

**<u>الفصل الاول</u>**: خصص للمباديء الاساسية والجوانب النظرية.

**<u>الفصل الثاني</u>**: خصص للجانب العملي وتحليل مادة البحث المختارة، الا وهي الأربعة كتب للمؤلف المذكور.

وفي النهاية تطرقنا الى اهم نتائج البحث.

مفاتيح الكلمات: الترجمة، غير مترجم ، محدودية الترجمة، نماذج لغوية، المواد اللغوية.

## Abstract

This paper entitled (The limitation of translating the sample in the linguistic subjects). It tries to apply and identify the obstacles that face the Kurdish translators while the translate the books of linguistic into Kurdish language. For this reason, four books (Kurshy Safawy) are translated from percian language into Kurdish language. These are the main subjects of the paper. The paper is divided into two parts: the first part is devoted to the theoretical part. The second part is devoted for practice and analysis. In the end the results are shown.

Key words: translation, untranslation, limitation of translation, sample of language, linguistics subjects.

# The Position of Books Written in Kurdish versus Books Translated into Kurdish in the Framework of Polysystems Theory

*English Department, College of Education and Languages, Charmo University Email: kazi.saleh@charmouniversity.org*

*Harem Abdalla Majeed*

*Translation Department, College of Languages, University of Sulaimani Email: harem.majeed@univsul.edu.iq*

***Abstract*** - The position that translated books into Kurdish occupy in the literature compared to original Kurdish writings is one of the areas that has scarcely been addressed and investigated. Therefore, this paper attempts to investigate the tendency and preference of Kurdish readers in terms of reading books written initially in Kurdish or instead reading translated books into Kurdish. It also explores any potential reasons behind their choices with the aim of identifying the position of translated books into Kurdish based on Itamar Even- Zohar's polysystem theory of translation. To do so, two different questionnaires were distributed to two types of participants: publishers and readers, and the majority of the participants, especially the publishers, were interviewed as well.

The results show that most published books are translated from other languages into Kurdish and are more popular than originally. Most of themost published books are translated from other languages into Kurdish and are more popular than originally written Kurdish books. This popularity is not only stated by the publishers but it is also confirmed by the majority of the readers who responded to the questionnaire. This trend reveals that translated literature occupies a significant position within the Kurdish literary system and culture for a range of political, historical, cultural, ideological, and personal factors, which are not stable and their instability affects the status of the literary system in a given culture.

**Keywords:** Polysystem theory, translated books, Kurdish books, literary system, ideology, culture

## I. Introduction

In all dialects and language varieties, Kurdish written literature is a very rich field compared to other written forms in any other discipline. One can find abundant numbers of all literary genres in Kurdish libraries written by classical as well as modern authors, within the Iraqi Kurdistan region and elsewhere. However, it is surprisingly interesting to see that Kurdish libraries and bookstores are overwhelmed by translated literature with this abundance. Those translations are primarily, but not exclusively, sourced from languages such as English, French, Arabic, Persian, and Turkish.

The position that Kurdish literature occupies within the national literary polysystem seems to be challenged by the translated literature and thus there seems that each strives to dominate the central position. This statement, however, remains a hypothesis to this point since it has not been investigated and thus substantiated to this moment. Therefore, this paper is an attempt to investigate the state of both Kurdish literature and translated literature in order to see which one holds the central position. It also aims to find potential factor(s) that may play a role in granting one category

هەوالنامەی کتێب

(i.e. Kurdish literature versus translated literature) a superior position over the other.

To do so, the investigation adopted the polysystem theory proposed by Even Zohar (1978/2004). It also utilized the outcomes of two differently designed questionnaires and distributed them to two different groups of people; publishers and readers of both originally written literature in Kurdish and translated literature into Kurdish.

The significance of this investigation is that it tries to identify the position of the two categories of literature that exist within the Kurdish literary system to see which one holds a primary or central position. This identification can then provide a substantiated insight to publishers who work in the Kurdistan Region of Iraq to know which category is desired and thus popular among the Kurdish readership.

## II. Polysystem theory

Polysystem theory was developed by the Israeli scholar Itamar Even Zohar in the 1970s based on ideas which he borrowed from the Russian Formalists of the 1920s and the Czech Structuralists of the 1930s and 1940s (Munday, 2016:170). His idea originated from his questioning of "the function of translated literature for a literature as whole or its position within that literature" (Even-Zohar, 1978/2004:199). In their Dictionary of Translation Studies, Shuttleworth and Cowie define polysystem as "a stratified conglomerate of interconnected elements, which changes and mutates as these elements interact with each other" (1997/2004:146). According to the definition, a specific national literary polysystem that develops as a result of the continuous tension between different literary models, genres and traditions (Baker and Malmkjaer 1998/2001: 177). The tension is primarily between canonized and non-canonized literary genres and forms. The former represents the established and accepted form, while the latter is more innovative and novel. Each form tried to occupy the central position within the literary system of that nation.

Traditionally, the canonized or "high" literary forms occupy a central position, whereas the non-canonized "low" ones hold a peripheral position. Considered part of the low form is the translated literature, which at times may hold "an influential role" (Shuttleworth and Cowie 1997/2004: 147). This statement, in effect, refers to the fact that translated literature also forms a part of the polysystem. This goes in line with Even Zohar's view that translated literature is "no longer a phenomenon whose nature and borders are given once and for all but an activity-dependent on the relationship within a certain cultural system" (1990: 51).

This theoretical background is laid as a point of departure towards investigating and thus identifying the position that both Kurdish literature and translated literature into Kurdish hold within the polysystem of Kurdish national literature. The findings can be a piece of evidence based on which we can then reveal any factor(s) that potentially contributes to assigning a central or peripheral position to one form.

## III. Questionnaires, respondents, and methodology

Two different questionnaires were designed for is study, which were distributed to two different groups; publishers and readers. The questionnaires asked participants a number of various questions focusing mainly on the popularity of books originally written in Kurdish as opposed to books translated into Kurdish, and factors that underlie that popularity.

The questions for the readers focused on the number of books read, the ratio of books read which were written in Kurdish in contrast to those translated to Kurdish. Moreover, the reason for preferring one type over the other was investigated.Tthe genre of the books and the level of satisfaction with books written in Kurdish and/ or translated into Kurdish constituited another part of the paper.The questions for the publishers, on the other hand, included questions about the number of published books annually, the ratio of translated books vs. books initially written in Kurdish, the preferable type by the readers, and reasons for that preference.

The responses were collected and sorted to quantitatively analyze them, based on which then the qualitative analysis was conducted to reveal any potential factors that may identify the position of the dominant literary form, namely books written initially in Kurdish or books translated into Kurdish. The qualitative analysis depended on the open questions asked in the questionnaires, where the respondents had the chance to explain their responses and provide further details concerning those specific questions.

## IV. Results and Discussions

According to Even-Zohar, “there are three prominent cases when translated literature occupies a central position in a literary system” which are:

a. When ‘young’ literature is being established and looks initially to more established literature for ready-made models.

b. When literature is ‘peripheral’ or ‘weak,’ and it imports those literary types which it is lacking.

c. When there is a vacuum in the literature of the country, where no type holds sway, it is easier for foreign models to assume primacy. (Munday 2016:172)

These three cases are outcomes and different factors play a role in determining the dominancy of one kind of literature i.e., translated vs. non-translated. Those factors are discussed based on the results of the investigation. Polysystems theory is a multilayer perspective regarding the sociocultural context and position of literature, and it is not easy to say which factor has made one type more prominent, it is instead the combination of all. Here we discuss the underlying factors concerning our investigation and context:

**a.** Quantity of books, writers, translators and topics

Kurdish intellectuals often state that the Kurdish literature is abundant with various books from various disciplines and fields. This statement is made since the establishment of the Kurdish government where the region started to enjoy its semi-independence. This, in effect, paved the way

کتێبخانەی هەولێر

for the publication of a great number of books across a wide spectrum, especially before the financial crisis in 2014. Dozens of publishing houses worked in the region and their publications covered almost all disciplines, from fiction to non-fiction, from children's to adults', etc. However, the number of published books has been declining steadily due to the financial crisis that the region has been going through from 2014 (Rostam, 2018) until now.

Based on the data derived from the interviews with the participating publishers of the Second Sulaimaniyah International Book Fair (2020), in which more than 198 publishers participated, it was revealed that the number of foreign books outnumbers Kurdish books. Moreover, the data also showed a discrepancy in terms of published books in the region on an annual basis. The interviewed publishers indicated several factors for that discrepancy, particularly the lack of financial support. The majority of the Kurdish publishers noted that their resources are limited due to some factors, which can mainly be grouped as follows:

- Reading is not embedded in the Kurdish culture and so Kurdish individuals are not particularly keen on reading (see Rostam 2018; Saleh 2018).
- Owing to the financial crisis, a limited number of books are sold in the region.
- The government used to buy the majority of the books from the publishers for its institutions, but this has also declined because of the financial crisis.
- A printed Kurdish book does not exceed 500 copies, which are not usually sold in sufficient quantities and are rarely sold out. This is not financially viable to the publishers.
- Private Kurdish publishers do not get support from the government, nor other non-governmental institutions and organizations. Likewise, publishers who used to have the government's support do not have such luxury anymore (Rostam, 2018).

The abovementioned factors have played a significant role in the quantity of published books in Kurdish. This, in effect, has created a gap that is, to a great extent, occupied by foreign and translated literature into Kurdish.




Chart 1 affirms what the data analysis presented regarding popularity and financially viable books in Kurdistan Region. It indicates that translated books are far more popular than Kurdish

books and are more enjoyed by their regular readers.

Another factor that has increased the popularity of translated books is related to their abundant quantity, but it is the limitation of Kurdish books in the diversity of subjects and disciplines they cover. While most respondents expressed their love for fiction and despite the availability of well-praised fictional books in Kurdish, it was revealed that translated fiction into Kurdish is beginning to proclaim a recognized position within the literary system. This is because translators usually choose best-sellers within the literary domains to translate. This tendency further asserts Even-Zohar's view that when literature is 'weak', it tends to 'import those literary types which it is lacking' (1978/2012:164).




Chart 2 shows genres of the published books in Iraqi Kurdistan, and it indicates that literary and religious books are the two most popular genres and thus occupy the highest two positions in the hierarchy. Following these two, the third most popular genre is human development books. This is a newly emerging genre that has received much attention over the last few years in the region. Books from these three popular genres are available as initially written in Kurdish and translated into Kurdish, with the translated ones being more popular.

The popularity of the majority of the translated books in these three specific disciplines can be explained to their translators and the nature of these disciplines. Some translators are not only entirely professional in what they translate but also tend to be creative. A translator's creativity plays a crucial role in any translation process because it incorporates 'the original's mode of signification' (Benjamin, 1992: 79) while reconciling the two notoriously conflicting notions of fidelity and freedom (Aranda, 2009: 24). For example, Kurdish translators like Azad Barzinji are

well-known for the translations they produce within the literary domain and so, their published translations are highly praised and as such, are very popular among readers. The translations are characterized by fluidity and capturing the voice, music and spirit of the original without slavishly following it to the letter. Therefore, the readers enjoy such translated work. It can be argued that it is the nature of literary texts which permits such translators to try and thus demonstrate their creative skills. The validity of this argument lies in the nature of literary texts as they 'invite creative engagement' (Boase-Beier, 2007: 55). However, the translator's creativity skills still play a significant role and should not be denied.

On the other hand, the element of trust can go against the translated books. Some readers view translated literature as a distorted version of the original or that the sense of originality is lost in translation. One reader notes that "in the best case if we consider the original writing an image, the translation would be the reflection of that image." Moreover, some other readers question the translators' competence in reproducing the spirit of the original in Kurdish. This cohort of readership often prefer originally written books over the translated ones.

**b.** Ideology

On a higher level of the natural personal preference of the readers, the subject of ideology intervenes. Although ideology is a very controversial concept and element in Translation Studies as well as in a wide range of various disciplines, we do not discuss it in this context as it is not our aim. Instead, we focus on the role and effect of ideology on the readers' choice of reading as to read books written initially in Kurdish or books translated into Kurdish.

In this respect, Kurdish is the language of a stateless nation and further to this, it is not standardized until this moment, "Kurds nither have a standard nor an official language" (Nawkhosh, 2020: 36). The factors behind these are multifaceted and discussing them falls outside the scope and aims of this study. However, what is particularly relevant here is that the subsequent regimes of Iraq as well as those of the neighboring countries, have always worked on undermining Kurdish as a language and instead seized every opportunity they had to glorify their languages through utilizing various strategies (Saleh, 2016: 4).

Among such strategies was the Arabization campaign launched by the Baath regime, which systematically weakened the sense of Kurdish nationalism and infused a sense of Arabic nationalism into the minds of the Kurds (ibid: 5). As a result, the Kurds were largely exposed to Arabic through various channels, including TV, radio, and printed media, among others.

Reading and writing in Arabic "were considered prestigious" (Nawkhosh, 2020: 41). Moreover, receiving education and training in Arabic was far more prestigious among the Kurds at that time. These factors had a profound impact on what was primarily published, which came in response to the choices and preferences of the educated elite at the time. Consequently, Arabic publications and translated literature from Arabic were widely available and read by the Kurdish readership.

However, following the US invasion of Iraq and the presence of the Americans along with many non-governmental organizations caused a dramatic shift in the trend. The Kurdish society

opened up to the outside world. This time English held primacy in the region and became the prestigious language. Since then, the use of English is highly considered by the intellectual and educated elite. Most people who are proficient in English prefer to read English books while those who do not know the language read translations from English into Kurdish, and those from other languages. This was explicitly articulated among the respondents to our questionnaire (see chart three below).




Nevertheless, part of the respondents expressed their preference for translations of religious books from Arabic. According to them, Kurdish authors are not as religiously knowledgeable as Arab ones and so their publications do not satisfy their religious needs and curiosity. Others pointed out that because Kurdish authors lack linguistic competence in Arabic, their understanding of the rich Islamic literature available in Arabic negatively affects their ability to write informative books on qualitatively acceptable religion. Therefore, if readers do not understand the Arabic books, they prefer to read their translated versions in Kurdish.

Some readers tend to read the translated literature away from the ego-driven motives to be aware of other nations' cultures and traditions. This is one of the main functions of translation: to be the communication bridge and trespass the language barrier among different nations worldwide.

Against this overwhelming majority in favor of translated books, some respondents preferred Kurdish books for a mere ideological reason. They believe that Kurdish readers should direct their interest towards Kurdish publications to improve the language and thus encourage and promote more publications in Kurdish, not just in literary domains but also in non-literary, especially specialized domains.

c. Textual features and organization

While the above-mentioned factors are all related to the content of the published books based on the data analysis and interviews, the consideration and organization of the textual features

are also contributing factors for the Kurdish readers' choices and preferences in books. Based on the questionnaires and interviews, it was revealed that translated books are quite often easier to read as they are textually better organized, a feature they conceive under the influence of the originals. The organization includes thematization, information flow, sentence structure and length, paragraphing, punctuation marks and chapter divisions. These textual features, as a result, present a user-friendly book that is easier to read and enjoy, too.

Unlike the translations, Kurdish sentences are often longer, and often more than one idea is presented in a sentence, while the rule of thumb for English sentences is one idea per sentence. Paragraphs consisting of one very long sentence are prevalent and normative in Kurdish (Saleh, 2016: 187). Moreover, the thematization element is not rightly phrased in Kurdish books, making the book hard to read and follow. Above all these reasons, the respondents pointed out that translated texts are often simplified in the translation process, and as such many think that reading translated books is more comprehendible, and their topics are easier to follow. That said, a relatively small percentage of the respondents noted that while the Kurdish publications are not usually textually organized and coherent, some translated books tend to exhibit textual and linguistic inaccuracies as well as an abundance of borrowings therein. They find some translated books hard to read, and as such, they don't enjoy the experience. Therefore, they prefer reading Kurdish books.

## V. Conclusions

The tension between publications originally written in Kurdish and translated books into Kurdish was quantitatively and qualitatively investigated in this paper to see which one occupies the central position within the literary system. The participants' responses to our questionnaires and interviews were discussed within the context of a range of factors to analyze their indications and implication. The results showed that while the majority of the participants preferred reading translated literature, which indicated that it has a dominant position within the literary polysystem, it was also implied that such a position is not stable. The instability of translated literature depends on a range of ideological, financial, social, linguistic and textual factors that are subject to change themselves.

# References

Aranda, L. V., 2009. Forms of creativity in translation. *Cadernos de Tradução* , 1(23).

Baker, M. & Malmkjar, K., 1998/2001. *Routledge Encyclopedia of Translation Studies.* 2nd ed. London & New York: Routledge.

Benjamin, W., 1992. The Task of Translator. In: R. Schulte, ed. *Theories of Translation.* Chicago: University of Chicago Press, pp. 71-82.

Boase-Beier, J., 2007. Lessening the grip of the text: theory as an aid to creativity. In: Perteghella, ed.

*Translation and Creativity*. London: Continuum, pp. 47-56.

Even-Zohar, I., 1978. Polysystems Theory. In: *Translation Studies Reader.* London & New York: Routledge.

Even-Zohar, I., 1990/1997. Polysystem Studies. In: L. Venuti, ed. *Translation Studies Reader.* 2nd ed. London: Routledge.

Even-Zohar, I., 1990. Poetics Today. *International Journal for Theory and Analysis of Literature and Communication,* 11(1).

Munday, J., 2016. *Introducing Translation Studies.* 4th ed. New York: Routledge. Rostam, N., 2018. *No More Books: In Iraqi Kurdistan, Publishing Business Faces Final Chapter.* [Online]

Available at: https://www.niqash.org/en/articles/economy/5850/ [Accessed 5 February 2021].

Nawkhosh; Salam, 2010. *Standardness of Kurdish Language Between the Language of Politics and the Policies of Languages,* Erbil. Minra Publications.

Saleh, A. M., 2018. *کێشەی نەخوێندنەوە لە رۆژی جیهانی خوێندنەوەدا.* [Online]
Available at: https://www.khaktv.net/all-detail.aspx?jimare=13061&type=farhang
[Accessed 20 February 2021].

Saleh, K., 2016. *The role of translation competence of medical experts in English-Kurdish specialised medical translations (unpublished PhD thesis).* London: University of London.

Shuttleworth, M. & Cowie, M., 2014. *Dictionary of Translation Studies.* New York: Routledge.

هەولێرنامەی کتێب

## Appendix 1: Questions for the Readers.

1. Educational level
2. How many books do you read each year?
3. Which one of the following do you read more?

- ◯ Books originally written in Kurdish
- ◯ Translated books into Kurdish

4. If you choose A or B in the previous question, please give the reason(s) for your choice.
5. What types of books (or genre) do you read most?
6. Are you satisfied with the published Kurdish books in terms of quality and quantity? Why?
7. Are you satisfied with the translated books into Kurdish in terms of quality and quantity? Why?
8. Do you know any other language?

- ◯ Yes
- ◯ No

9. Which one of the following do you prefer most?

- A book written in a language other than Kurdish.
- Translation of that book in Kurdish.
- A similar book written originally in Kurdish.

10. Do you think translated books or books originally written in Kurdish are more valuable? why?

**Appendix 2: Questions for the Publishers**

1. Name of the Publisher/Bookshop
2. How many books do you have approximately (or publish each year)?
3. How many of them are written in Kurdish, how many are translated to Kurdish?
4. Which type is sold more?
5. What do you think the reason(s) is?
6. What are the most sold genres?
7. Are they written in Kurdish or translated into Kurdish?
8. Why do you think readers buy translated books?
9. Is it only the language barrier that makes the readers read translated books or there are other reasons?
10. Are readers satisfied with the Kurdish books in terms of quality and quantity?
11. Are readers satisfied with the translated books in terms of quality and quantity?

# Difficulties in Translating Technical Terminology from English into Kurdish

Rfaai Rashid Mohammad
Assistant Lecturer at Translation Techniques Department, Erbil Administrative Technical Institute-EPU
Email: rfaai.muhammed@epu.edu.iq
Dastan Abdullah Saeed
Assistant Lecturer at English Department, College of Basic Education, Salahaddin University-Erbil
Email: dastan.saeed@su.edu.krd

## Abstract

Îngilîzkî ra ver bi zazakî zaf eserê nêameyê açarnayene. Esero ke hetê E.A. Nolan ra nusaîyayo, hetê Ugur Sermîyanî binameyê *Hesirê Granîa* açarîyayo zazakî. No eser heman serre, hetê weşanxaneyê Apecî ra bi zazakî weşanîyayo. Goreyo ke nameyê ci ra fehm beno eser, estanika hinare ke mabeynê keltan û kurdan de ortax ra behs keno.

**2.5. Eserê ke Fariskî ra Açarîyayê**

Cêr de kunyeyê eserê ke fariskî ra tercumebîyê zazakî ameyê dayenê. Dîwana Baba Tahîr esil bi xo fariskî nîya la açarnayox, fariskî ra açarnayiş tercîh kerdo. Seke îfade bîyo Feqî Çolig, ziwanê cîyayan ra di dîwanê açarnayê zazakî. Înan ra yewî, eser o Dîwonê Baba Tahîrê Uryanî yo. Kitab, 285 rîpel a û yew rîpel de vera fariskî de tercumeyê ci zazakî nusîyayo. Dîwana Baba Tahîr esil bi xo, dîyalektîkê lurkî de nusîyaya la Feqî Çoligî tercume fariskî ra kerdo. Tewr ewilî eserê kurdkî, dîyalektîkê lurkî de ameyê dayiş. Eserê Baba Tahîrî xususen dubeytî ci semedê edebîyatê kurdkî muhîm ê. No dîwan, zaf ray açarîyaya fariskî. Newzad Valêrî, xêncê şîîranê Ahmed Arîfî binameyê *Mergê Reng û Mosafîr* de şîîrê Sohrab Sepehrî, binameyê *Mergê Reng û Rayirwanî* açarnayî zazakî. Şîîrê ke nê kitabî de ca gênê, hîna ver sey *Vate*, *Tîroj* û *Nûbihar* kovaran de weşanîya yê.

### 2.6. Eserê ke Ziwananê Bînan ra Tercumebîyê

Mîyanê eserê ke ziwananê bînan ra tercumebîyê de, çand heb kitabê gedeyan estê ke hetê J. Îhsan Esparî ra swedkî ra tercumebîyê. Nê her di eserî întîbaqê swedkî bîyê û Esparî nê eserî uca ra tadayê her di eserî zî seba wendişê ciwanan ameyê kilmkerdiş, nê adaptasyonî tercumeyê zazakî bîyê.

J. Îhsan Esparî reyna kitabanê Gunilla Wolde ra *Kreşa Emma, Tûte û Malîne, Emmaya Eksî, Tûte bi Pişê Kay Keno, Tûte Hurdî* swedkî ra tercumeyê zazakî kerdê. Nê kitabê Gedeyan heme serra 2007î de Weşanxaneyê Apecî ra weşaneyayê. Reyna swedkî ra kitabê Lotta Olsson û Maria Jönssonî bi nameyê *Morîs Berberî Het, Morîs Merga Girde de, Morîs û Serê Sibayî, Morîs Keyeyî Ewnîyêno* tercumeyê zazakî kerdê nê kitabî zî serra 2009î de terefê

Eserê tewr muhîman ra di hebî zî reyna terefê Esprî ra swedkî ra tercumeyê zazakî bîyê. Esparî *Robinson Crusoe* yê Daniel Defoeyî û *Notre-Damea Parîsî* yê Victor Hugoyî halê adaptaskerdeyê swedkî tercumeyê zazakî kerdê. Nê her di berhemî seba wendişê ciwananê Swedijan ameyê kilmkerdene û adaptekerdene. Esparî nê her di berhemî ziwanê eslîyê berheman ra nê, swedkî ra tecumeyê zazakî kerdê. *Notre-Damea Parîsî* 88 rîpelî û *Robinson Crusoe* zî 118 rîpelî yo. Esparî swedkî de tercumeyê Maj Bylockî sey bingeyî ya girewto. Tercumeyê tercumeyî seba zazakî baş nîyo.

Asmên Jêle ya ke serra 1991î ra na hete Ewropa de cuyena bi nameyê *Antolojiyê Sairunê Dina* 68 şaîranê dinyayî ra 300 hebî şîirî tercumeyê zazakî kerdê. Labelê no antolojî zî ziwanê diyînî ser ra ameyo kerdene (Bingöl, 2019: 174).

### Encam

Zazakî zî sey ziwananê bînan, dorûdorê de yew têkilî ronena. Na têkilî tewr zêde xo warê tercumeyî de nîşan dana. Sayeyê açarnayîşan de sewbîna ziwanî, kulturî, berhemî, tarîx ûsn ziwanî de tesîrdar benê. Açarnayîşî mabênê ziwanan de, kulturan de û miletan de pirde peywendî awan kenê. Zazakî de ziwananê sey tirkî, erebkî, fariskî, îngilîzkî, almankî ûsn zaf eserî tercume bîyê. Berhemê ke tirkî ra û kurmanckî ra tadayayî hîna hûmarêka zêde de yê.

Prosesê derbasê nuştişî de zazakî kovaranê zafziwanan de xo rê ca vînayo. No serdem de xususen tirkî ra zaf şîirî tercumeyê zazakî bîyê. Çunke açarnayoxê nê serdemî zêde polîtîze bîyê û eslê xo de ziwanê bîyanî zî nêzanayê. Reyna zî sayeyê nê açarnayîşan de zazakî ver ba dinyayî abîyaya û edebîyatê nuştekî yê zazakî aver şîyo. Badê serra 1980î gelek roşnvîrê zazayan barkerdo û şîyê Ewropa, înan uca de gelek berhemî tercumeyê zazakî kerdê. Espar, Malmîsanij, Lezgîn ûsn kesan cîya ziwanan ra zaf berhemî tercume kerdê. Metnê Quranê pîrozî erebkî ra tercume bîyo, kitabê Seîdê Nûrsî tirkî ra tecume bîyê, fariskî ra taye kitabê şîîran tercume bîyê ûsn. Kes eşkeno nê tercumeyan sey metnê dînî û metnê edebî tesnîf bikero. Her tercume, her hewldayena tercumeyî seba zazakî

berêko neweyî akeno û zazakî aver beno. Qandê cû tercumekerdiş averşîyayîşê ziwanan de qonaxêko muhîm o.

**Çimeyî**


Abisel, N. (2015). *Sînemaya Bêveng*. Çev: Esat Şanlı, Dîyarbekir: Komelaya Akademiya Sînemayê ya Rojhelata Navîn.

Ammann, M. (2008). *Akademik Çeviri Eğitimine Giriş*. Çev: Emine Deniz Ekeman, İstanbul: Multilingual.

Andranîk. (2010). *Dêrsim, Raywanî û Cografya,* Çev: Roşan Lezgîn, Îstanbul: Vate.

Anna-C.& Tidholm, T. (2009). *Ture Roşeno û Ewnîyêno*. Çev: J. Îhsan Espar, Stockholm: Weşanxaneya Apecê.

Aydar, H. (1996). *Kuran-ı Kerimin Tercümesi Meselesi*. İstanbul: Kuran Okulu Yayıncılık.

Bawer M. &Yapıcı, A. (2015). *Batirsok*. Çev: Ronya Bewran, Dîyarbekir: Weşanxaneya Hîva.

Bawer M. (2015). *Hirç û Rovî*. Çev: Ronya Bewran, Dîyarbekir: Weşanxaneya Hîva.

Bawer M. (2015). *Masîke*. Çev: Ronya Bewran, Dîyarbekir: Weşanxaneya Hîva.

Bedirxan, C. A. (2008). “Kerr, Kor û Rut”, Çev: Malmîsanij, *Vate*: *Kovara Kulturî*, Hûmare: 10 (30), Îstanbul, Zimistan.

Bedirxan, C. A. (2008). “Zarê Dumilî û Mewlûda Usman Efendî”, *Vate: Kovara Kulturî*, Hûmare: 9 (29), Îstanbul, Payîz.

Bingöl, H. (2019). “Zaza Şiir Tarihi Üzerine Bir İnceleme”. Ed: Nurettin Beltekin-Ahmet Kırkan, *Sözden Yazıya Zazaca*. İstanbul: Nûbihar.

Birgül, F. (2016). *Rêberê Bikarardişê Setê Gulgulînê Gedeyan*. Çev: Roşan Lezgîn, Diyarbekir: DİSA.

Can, M. (2017). “Metnê Kurmanckîyê kr Çarnîyayê Kirmanckî Ser”, *Kovara Zarema*, Sal: 4, Hejmar: 11, Îlon, Cotmeh, Mijdar, Kanûn.

Canşad, M. (2016).“Yew Qisimê “Mem û Zîn”A Ehmedê Xanî”, *Vate: Kovara Kulturî*, Hûmare: 48, Îstanbul, Wisar.

Cigerxwîn. (1995). “Biray û Lacê Şêx Seîd Efendî”, Çev: J. Espar, *Çira*: Kovara Komeleya Nivîskarên Kurd Li Swêdê, Hejmar: 2, Spånga/Sweden, Hezîran.

Cirokbej (2016). “Mar û Merdim”, Çev: Hesen Aslan, *Newepel: Rojnameyo Kulturî*. Hûmare 84, Dîyarbekir, Sibate.

Çolîg, F. (2014). *Tefsîrê Qurônê Kerîm Zazakî*. İstanbul: Astun Yayınları.

Çolîg, F. (2016). *Dîwonê Baba Tahîrê Uryanî*. İstanbul: Astun Yayınları.

Çolîg, F. (2016). *Dîwonê Îmamê Şafîî*. İstanbul: Astun Yayınları.

Defoe, D. (2005). *Robinson Crusoe*. Çev: J. Îhsan Espar, Îstanbul: Weqfa Kurdî ya Kulturî li Stockholmê.

Göktürk, A. (1986; 1998; 2000). *Çeviri: Dillerin Dili*. Yapı ve Kredi Yayınları.

Grûba Xebate ya Vateyî (2019). *Sözlük Türkçe-Kırmancca (Zazaca), Ferhengê Tirkî-Kirmanckî.* İstanbul: Vate.

Hezanî, M. M. (2016). *Tefsîrê Roşnayî*. Dîyarbekir: Enstîtuya Kurdî Amed.

Hugo, V. (2005). *Notre-Damea Parîsî*. Çev: J. Îhsan Espar, Îstanbul: Weqfa Kurdî ya Kulturî li Stockholmê.

Kırkan, A. (2019). *Zazacanın Fonetik Açıdan İncelenmesi; Kuzey, Güney ve Merkez Zazacasının Karşılaştırılması*. Basılmamış Doktora Tezi, Diyarbakır: Dicle Üniversitesi Sosyal Bilimler Enstitüsü.

Küçük, M. (2013). *Eski Anadolu Türkçesine Dönemine Ait Satır Arası İlk Kuran Tercümesi*. Ankara: TDK Yayınları.

Lescot, R. (2014). *Bi Kirdkî/Zazakî Memê Alan*. Çev: Roşan Lezgîn&N. Celalî, Dîyarbekir: Roşna.

Löfgren, U. (2008). *Rindo Kincanê Xo Şuweno*. Çev: J. Îhsan Espar, Stockholm: Weşanxaneya Apecê.

Muhamed, H. (2016). “Panc Hezarî Çekuyê Kurdkî Quran de!”, Çev: Roşan Lezgîn, *Newepel*: *Rojnameyo Kulturî*, Hûmare 93, Dîyarbekir, Teşrîna Peyêne.

Nolan, E. A. (2016). *Hesirê Grania*, Trc: Ugur Sermîyan, Stockholm: Weşanxaneya Apecê.

Nordqvist, S. (2008). *Xuşka min li ku ye?*. Çev: J. Îhsan Espar, Stockholm: Weşanxaneya Apecê.

Nûrsî, S. (2010). *Vateyê Qijkekî*, Çev: Serdar Bedirxan, Îstanbul: Weşanxaneyê Nûbihar.

Nutku, Ö (2015). *Hunerê Dramî*, Çev: Deniz Gündüz, Dîyarbekir: Komelaya Akademiya Sînemayê ya Rojhelata Navîn.

Olsson, L.&Jönsson, M. (2009). *Morîs Berberî Het*, Çev: J. Îhsan Espar, Stockholm: Weşanxaneya Apecê.

Olsson, L.&Jönsson, M. (2009). *Morîs Keyeyî Ewnîyêno*. Çev: J. Îhsan Espar, Stockholm: Weşanxaneya Apecê.

Olsson, L.&Jönsson, M. (2009). *Morîs Merga Girde de*. Çev: J. Îhsan Espar, Stockholm: Weşanxaneya Apecê.

Olsson, L.&Jönsson, M. (2009). *Morîs û Serê Sibayî*. Çev: J. Îhsan Espar, Stockholm: Weşanxaneya Apecê.

Özbay, A. (2015), *Kulîlk*, Çev: Emrah Kelekçier, Çapa Yekem, Dîyarbekir.

Rıfat, Mehmet (yay. haz.) (2004) *Çeviri (bilim) Nedir? Başkasının Bakışı*. İstanbul. Dünya Yayıncılık.

Roşan, S. (1995). “Bircanê Diyarbekirî ra Mektubêke”, *Çira*: *Kovara Komeleya Nivîskarên Kurd Li Swêdê*, Hejmar: 2, Spånga/Sweden, Hezîran.

هەولامەی کتێب

Roşan, S. (1995). “Gozêre 2”, *Çira: Kovara Komeleya Nivîskarên Kurd Li Swêdê*, Hejmar: 4, Spånga/Sweden, Kanûna Pêşîn.

Roşan, S. (1995).“Gozêre 4; Heskerdiş, Rindî û Zilm”, *Çira: Kovara Komeleya Nivîskarên Kurd Li Swêdê*, Hejmar: 5, Spånga/Sweden, Bihar.

Roşan, S. (1995).“Gozêre”, *Çira*: *Kovara Komeleya Nivîskarên Kurd Li Swêdê*, Hejmar: 3, Spånga/Sweden, Îlon.

Saint-Exupéry A. (2017). *Şazadeo Qıckek*. Çarnayışê Zazaki: Mesut Asmên Keskin, İstanbul: Dersim Yayınları.

Stolze, R. (2013). *Çeviri Kuramları Giriş*. Çev: Dr. Emra Durukan, İstanbul: Değişim Yayınları.

Suçin, M. H. (2007). *Öteki Dilde Varolmak*. İstanbul: Multilingual.

Tahir Gürçağlar, Ş. (2016). *Çevirinin ABCsi*. İstanbul: Say Yayınları.

Wolde, G. (2007). *Emmaya Eksî*. Çev: J. Îhsan Espar, Stockholm: Weşanxaneya Apecê.

Wolde, G. (2007). *Kreşa Emma*. Çev: J. Îhsan Espar, Stockholm: Weşanxaneya Apecê.

Wolde, G. (2007). *Tûte bi Pişê Kay Keno*. Çev: J. Îhsan Espar, Stockholm: Weşanxaneya Apecê.

Wolde, G. (2007). *Tûte Hurdî yo*. Çev: J. Îhsan Espar, Stockholm: Weşanxaneya Apecê.

Wolde, G. (2007). *Tûte û Malîne*. Çev: J. Îhsan Espar, Stockholm: Weşanxaneya Apecê.

Yazıcı, M. (2004). *Çeviri Etkinliği Disiplinler Arasından Çeviriye Bakış*. İstanbul: Multilingual.

Yazıcı, M. (2005) *Çeviribilim Temel Kavram ve Kuramları.* İstanbul: Multilingual.

Yazıcı, Mine (2004) *Çeviri Etkinliği*. İstanbul: Multilingual.

Yıldırım, K. & Bingöl İ. & Lezgîn R.(2012). *Edebiyatê Kirmanckî ra Nimûneyî (Zazaca Edebiyatından Örnekler),* Mardin: Mardin Artuklu Üniversitesi Türkiyede Yaşayan Diller Enstitüsü Yayınları.

Yusif, A. (2015). “24 Serrîya Koçkerdişê Mela Ehmedê Palo de”, Çev: Roşan Lezgin, *Newepel: Rojnameyo Kulturî*, Hûmare 76, Dîyarbekir, Hezîrane.

# وتارەکان
# (١)

## بایەخی وەرگێڕان لە ناسینی توانستی زماندا

مەسعوود بابایی

بەرایی

جیاوازیی نێوان فەرهەنگ و شوناسەکان لەوەدا نییە، کە چەندین جۆری مرۆڤ هەن ـ ئەگەریش کەسانێک بڕوایان بەوە هەبێ ،کە چەندین جۆری مرۆڤ هەن و داوەرییەکی نەژادناسانە لەمەڕ کولتووری مرۆییەوە بکەن، ئیدی لەو دۆخەدا شتێک بە ناوی گفتوگۆی فەرهەنگەکان بێواتا دەبێت ـ جیاوازییەکە تەنیا لەو ئەزموونانە دایە، هەر کام لە کولتوورەکان لە ڕەوتی ژیانی مێژووییان وەدەستی دێنن؛ مەودایەک کە لە نێوان جوگرافیا و ژینگەی گەلان دایە. هەوێنی بیچمگرتنی فەرهەنگەکانە و دوو فەرهەنگ ناتوانن هاوکات یەک شێوە ژیان و یەک بیچمی کولتووریی هاوشێوەیان هەبێت. هەموو جیاوازییەک دەتوانێ مەودایەک دروست بکات و من لەو باوەڕەدام مەودا و جیاوازی هەوێنی سەرەکیی ڕەخسانی هەموو کولتوورێکە.

دەوترێ کولتوورەکان پێکەوە گفتوگۆ دەکەن، هەر بەو چەشنەی کە پێکەوە دەجەنگن. هەم گفتوگۆ و هەم جەنگ بەرەنجامی هاوشێوەیی و جیاوازین. یەکەم ئەزموونەکانی نەتەوە لەمەڕ جیهانەوە بەریەککەوتنییەتی لەگەڵ سروشت و دیاردە و دەوروبەری. ئەم بەریەککەوتنە لەتەک سروشت لە زەینییەتی نەتەوەدا سیستمی زەینی و زمانیی نەتەوە پێکدێنێ. کەس ناتوانێ بسەلمێنێ نەتەوەکان شێوەی ڕاڤەکردنی سروشت و جوگرافیاو دیاردەکانیان یەک شێوەیە. بوونی هاوشێوەیی لە ڕاڤەکردنی جیهانی دەوروبەر لەنێو کولتوورەکاندا هەر بە بارتەقای بوونی جیاوازییە لە ڕاڤەکردنی هەمان جیهاندا. واتە لەبەرئەوەی مرۆڤین دەکرێ ڕاڤەکانمان هاوشێوە بن، هەر لە هەمانکاتدا لەبەر ڕاڤەی مرۆییمان ڕاڤەکانمان جیاوازن.

زمان کە ئامرازی واتادارکردنی جیهانە، لە هەنگاوی یەکەمدا ڕێکخەری پۆلێنبەندیی دانایی ئێمەیە. هەر وشەیەک خۆی بەرەنجامی ڕاڤەیەکە بۆ دیاردەیەک، بەڵام لە ڕاستیدا وشە یەکەیەکی واتاییە کە خۆی وەرگێڕانی ڕاڤەی دیاردەیەکی سروشتی یا مرۆییە. دەتوانین بڵێین یەکەم هەنگاوی ناولێنان لە هەر فەرهەنگێکدا وەرگێڕانی ڕاڤەی ئەو کولتوورەیە لە زمانی نەتەوەیی خۆیدا کە بە هیچ شێوەیەک ناکرێ لە فەرهەنگێکی دیکەدا دەقاودەق دووپات بکرێتەوە. لەم سۆنگەوە ناکرێ هیچکام لە ڕێککەوتنە زمانییەکان بە پێوەری ڕاست و هەڵە هەڵسەنگێنین، بەڵام دەتوانین هەڵێنجان و ڕاڤەی ڕەوشتیی دیاردە سروشتییەکان هەڵسەنگێنین و بە پێوەری ڕاست و هەڵە لێیان تێبگەین. ڕاڤەی ڕەوشتیی دیاردەکان

هەواڵنامەی کتێب

ئەگەر بە تەوتمیزم یا هەر داوەرییەکی ڕەوشتی و فیکری بگات، دەکرێ شایانی ڕەتکردنەوە و سەلماندن یا ڕاست و چەوتی بێت، بەڵام ناکرێ لەبەر چەوتیی ڕاڤەیەکی ڕەوشتی، واتای فەرهەنگیی وشەیەک کە لەسەر بنەمای ڕێککەوتنە ـ واتە مەودا ـ جیاوازی ـ بە هەڵە یان ڕاست بزانیت. هەربۆیە هەر بایەخدانانێکی ڕەوشتی بە پێوەری ڕاست و چەوت بۆ وشەکانی زمانێک نارەوایە. لەو باوەڕەدام ئەگەر ئەم بەڵگەهێنانەوەیە ڕاست بێت ئیدی ناتۆرەی دواکەوتوویی زمانی یا لاوازیی زمانی ناتۆرەیەکی نابەجێیە. بەڵام ڕەوایە بڵێین هزری پێشکەوتوو و دواکەوتوو هەیە. زمان چ بخوازین ئەوە دەردەبڕێ، ئەرکی زمان گوزارەکردنە لە بیرۆکە بەدەر لە بایەخدانانی ڕەوشتی. بایەخدانان ئەرکێکی ڕاڤەییە کە لەسەر وشەکانی زمان بار دەکرێ. ئەگینا زمان بە واتای پەتی و دارِنراو (مجرد) لەمبارەوە بێلایەنە.

****

هیچ وەرگێڕانێکی دەقاودەق لە ئارادا نییە و بانگەشەی وەرگێڕانی دەقاودەق بانگەشەیەکی بێمانایە. چونکە وەرگێڕان لە بنەڕەت ڕا چەشنی کولتوور لەسەر بنەمای مەودا ـ جیاوازی ڕۆنراوە، ئەگەر مەودا ـ جیاوازیی کولتووریی لە ئارادا نەبێ هیچ وەرگێڕانێک نالوێ.

ـ بۆ پەیداکردنی شوێن و هەڵکەوتێک لە دنیادا پێویستە دەروازەی دنیاکانی دیکە بکەینەوە. وەرگێڕان ئامرازی کردنەوەی دەرگاکانە. بەهەر حاڵ لەگەڵ ئەوەی یەکێک لە ئامانجەکانی وەرگێڕان پردی گواستنەوەی فەرهەنگییە، بەڵام ئەم ئامانجە تاکە ئامانج نییە، چونکە مەسەلەکە تەنیا گوێزرانەوەی ئەپستمۆلۆژیی کولتوورەکان نییە، بەڵکوو پتەوکردنی پێگەی کولتوورەکانە. بایەخی وەرگێڕان لەوەدا نییە کە تەنیا من لەتەک ئەویدی ئاشنا دەکات، بەڵکو لەوەدایە کە لەگەڵ ئەوەی گفتوگۆی من و ئەو دەرەخسێنێ، لە هەمانکاتدا گفتوگۆی "من" و "خۆم" دەهێنێتە ئاراوە، واتە گفتوگۆی نێوەکیی کولتوورەکان بە ئامانجی پەردەلادان لەسەر قوژبنە تاریکەکانی کولتوور لە ڕێگەی زمان و کارکردی واتایی زمانەوە. وەرگێڕان دەتوانێ توانستە زمانییەکان دەربخات. تەنانەت ئەگەر زێدەڕۆیی نەبێ دەتوانێ ئەپستمۆلۆژیی زمان ـ بە جیا لە ئەپستمۆلۆژیی کولتوور دەربخات. بە بۆچوونی من لە زماندا ئەپستمۆلۆژییەک هەیە کە لە خودئاگا و یادەوەریی کولتووردا نەماوەتەوە. تەنانەت بڕواشم بەوە هەیە، کە ئەگەر زەینی کولتوور کۆمەڵە بابەت و باوەڕ و گوتەزاگەلێ بخاتە بۆتەی فەرامۆشییەوە، لێکۆڵینەوەی زمانی دەتوانێ لەڕێگەی ڕەمزشکێنییەوە، فەرامۆشکراوەکان بێنێتەوە نێو زەین. لە لێکۆڵینەوەی زمانیدا دەکرێ ئەم کارە بکەیت، بەڵام جێی سەرسوڕمان نییە ئەگەر بڵێم لە ڕەوتی وەرگێڕانیشدا ئەم کارە دەلوێ.

وەرگێڕان بریتییە لە گواستنەوەی ئاسۆی واتایی وشە، ڕستە، چەمک، زاراوەی زمانێک بۆ ئاسۆیەکی واتایی دیکە بە تایبەتمەندیی جیاواز و دوور و نزیک و هاوشێوە بە مەبەستی فرچکگرتنی

ئەپستمۆلۆژیی کولتووریێکی مرۆیی لە ئەپستمۆلۆژییەک کە ڕەنگە خاوەنی ئەو جۆرە ئەپستمۆلۆژییە نەبێت. کەوابوو ئامانجێکی دیکەشمان بۆ دەردەکەوێ کە ئەویش بوون بە خاوەنی ئەپستمۆلۆژییەکی دیکەیە.

دیارە بابەتەکە دەتەنێتەوە و ئاکامی دیکەیشی بەدوادا دێت. خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە لەم خاوەنداریییەتەدا ئەزموونی زمانیی دیکەش خەرمانی ئەزموونی زمانی نەتەوە دەڕازێنێتەوە کە بریتییە لە ڕۆچوون و کنەکردنی زمان بۆ گوزارەسازی لە ڕێگەی دۆزینەوەی کارکردی واتایی. واتە ئەزموونی زمانێکی دیکە لە زمانی مندا، دەبێتە هۆی بەرووی خۆداکرانەوە و ڕۆچوونی زمان بەنێو خۆیدا بەمەبەستی دۆزینەوەی ناخودئاگای خۆی کە سەردەمانێک فەرهەنگ فەرامۆشی کردووە. لەم ڕۆچوونەدا یا وشەکان زیندوو دەبنەوە یان توانستی ڕێزمانی لە داڕشتن و لێکداندا دەردەکەوێ. یەکێک لەو توانستانەی زمانی کوردی توانایی مۆرفیمیکاڵە کە دەتوانێ ئاراستەی واتایی و کارکردی واتایی جیاواز لە ڕێگەی داڕشتنەوە بە زمان ببەخشێ.

توانایی مۆرفیمیکاڵا:

بەشێکی گەورە لە وشەگەلی زمانی بەشێوەیەکی بنجی لە زماندا هەن و لەشێوەی وشەی سادەدا دەردەکەون. ئەم وشە سادانە بە چەشنێکی ڕەسەن ڕەگداکوتاون و سیمای سەرەکیی جیاوازیی زمانی پێکدێنن. ئەم وشە سادانە لە تێکرای وشەکانی دیکەی زمان بۆ نموونە (لێکدراو و داڕێژراو) مێژوویان درێژترە و ئەپستمۆلۆژیی بنەڕەتیی زمانەکان پێکدێنن.

وشە سادەکان دەربڕی تاک دیاردەی سروشتین، هەربۆیە لە بیچمی تاک دیاردەی واتاییدا دەردەکەون و هاوواتاکانیشان لە یەک کێڵگەی ئاماژەیی و ئاسۆییدا دەردەکەون.

وشە لێکدراوەکان بەگشتی دەرخەری دیاردەی لێکدراون و نیشاندەری یەکگرتنی دوو بوون یا زیاترن. واتە دوو دیاردە یا زیاتر لە سروشتدا لە باری واتاییەوە لە زماندا یەکدەگرن و وشەی لێکدراو دروست دەبێ. وشە داڕێژراوەکان لە توانایی مۆرفیمیکاڵی زمانەوە ئاخێز دەکەن. بەشێکی دیاری واتاسازی و چەمکسازیی زمانی بەهۆی ئەم وشە داڕێژراوانەوەیە.

مۆرفیم هەم وشەیە و هەم داڕێژەری وشە و واتای نوێ. مۆرفیمە سەربەخۆکان بەگشتی وشەیان پێدەگوترێ و بەشێوەیەکی سەربەخۆ واتادارن و ئەم وشانە لیکسیکۆنین، واتە لە فەرهەنگ و وشەنامەی زماندا یەکەیەکی واتایی سەربەخۆن.

بەشێکی دیکەی مۆرفیمەکان وشەدارێژن، واتە دەتوانن ئاراستەی واتایی جیاواز بخوڵقێنن. ئاراستەی واتایی جیاواز دەتوانێ باری واتایی بە یەکەیەکی دەنگی ببەخشێ و لەم دۆخەدا وشە نوێیەکانی زمان لەدایک دەبن. کەوابوو پێویستە ئاراستەی واتایی پێناسە بکەین.

زمان ڕواڵەتێکی سادە و نێوەڕۆکێکی تێکتەنراوی هەیە. مرۆڤ لەلایەکەوە لەسەر بنەمای ڕەنگ، دەنگ، بۆن و چەشە و هەستی ورکان (لامسە) دەتوانێ بە پێوەندیی دیداری و ژنەفتەنی و هەستەکی و چێژەکی، دەوربەری بناسێت. دیار و ئاشکرایە هەستگەلی دیداری و ژنەفتەنی زیاتر لە هەستەکانی دیکە لە بیچم و فرچکی زماندا نەخش دەگێڕن. زمانەکان بەرلەوەی کۆمەڵە یەکەیەکی دەنگی و واتایی بن، ڕۆنراوی وێنە و وێنان. جیهانی دەرەکی لە پرۆسەی زمانسازیدا دەوری هەرەسەرەکی دەگێڕێت. هەربۆیە مرۆڤ سەرەتا دیاردە لەڕێگەی هەستی بینینەوە بۆ زەین ڕایەڵ دەکات، ئەم ڕایەڵکردنەی وێنە بۆ زەین، پاش پرۆسەی پەڕژاندن لە مێشکدا واتایەکی هۆشەکی پەیدا دەکات. توانایی مێشکی مرۆڤ لە وێناسازیدایە کە یارمەتیدەری دروستکردنی بیرەوەرییە. گوێزرانەوەی جیهانی دەرەکی بۆ نێو زەین لەڕێگەی وێنەوە و پاشان پەڕژاندنی لە زەیندا، هێڵی ئاسۆیی زمان ڕایەڵا دەکات. ئەم هێڵە ئاسۆییە ڕاستەوخۆ پێوەندیی بە بەرکەوتی جیهانی زەین و هۆشە لەتەک جیهانی دەرەوە. بەڵام دەرکەوتی زمانی بەرەنجامی بەرکەوتی جیهانی دەرەکییە لە ڕێگەی ڕاڤەوە. ڕاڤە جووڵەی نێوەکیی ئاوەزە کە دەتوانێ تێگەیشتن بەرهەم بێنێ. بەرهەمهێنانی واتا لەلایەن مرۆڤەوە قۆناغی دووەمە. قۆناغی یەکەم هەروەک وتمان بەرکەوتی جیهانی زەین و هۆشە لەتەک دیاردەی سروشتی و دەورووبەر لە ڕێگەی گواستنەوەی وێنەوە. گواستنەوەی جیهانی وێنەداری سروشت بۆ نێو مێشک دەبێتە هۆی دروستبوونی ڕەهەند و ئاراستەی ئاسۆیی زمان. ئاراستەی ئاسۆیی هەمان هێڵی ئاسۆیی زمانە بەگوێرەی ڕێسای (وێنە و وێنا)وە کە بە ڕاڤەکردنی، یەکەم هەنگاوی ناولێنان دروست دەبێ. تێکڕای زمانەکان بەم قۆناغەدا تێپەڕیون، ئەمە یەکەم جۆری واتاسازییە کە لەودا جیهانی هەمەکی بەهۆی کۆمەڵە یەکەیەکی دەنگیی وێنەدارەوە پاژبەند دەکرێ (دیاردە) لە سای (دەنگ و واتا)وە دەستەمۆ دەبێ. دەتوانین بەشێوەیەکی دیکە بێژین ئەمە وەرگێرانی جیهانە لە ڕێگەی "کۆددانان" یا "ڕەمزپەڕژان" ەوە.

لایەنێکی دیکەی "واتاسازی" ـ کە لە هەمووی گرنگترە ـ لەو کاتەدا سەرهەڵدەدا کە مرۆڤ خۆی دەبێتە ناسکار و بەرناسی خۆی (سۆبجێکت و ئۆبجێکت) واتە هاوکاتیی زمان و بیرکردنەوە لەپێناو دەربڕینێکی تازە هەم بۆ جیهانی دیاردە و هەم بۆ بوونی مرۆیی ئێمە. ئەگەر هێڵی ئاسۆیی زمان بریتی بێت لە واتادارکردنی جیهان بەهۆی ناولێنانەوە، هێڵی ستوونیی زمان واتابەخشین بە ماک و بونیادی بووندارانەی مرۆڤی خاوەن ژیارە کە جارێکی دیکە دەیهەوێ بە ڕاڤەی ڕاڤەکان یا بە وەرگێرانی وەرگێردراوەکان، شێوازێکی نوێتری دەربڕین بۆ بیچمێکی دیکەی ژیانی هزری بڕەخسێنێ. "ژیانی هزری" چەمکێکە کە ئێمە دەتوانین بەهۆیەوە خۆمان لە ژیانی پەتیی"زیندەناسانە"(بایۆلۆژیک)دەرباز

بکەین."ژیانی هزری" چەمکێکە کە لەو جۆرە ژیانەدا "مرۆڤ لە "ئاژەڵێکی بایۆلۆژیک"ەوە دەبێت بە"بوونەوەرێکی کولتووری". زمان لەم قۆناغەدا"نێوەکی" دەبێتەوە. چونکە مرۆڤ" لەپێناو ناسین و تێگەیشتن لە" خۆی" و "دەورووبەر" نەک بە توخمی دەرەکی، بەڵکو پشت بە"ئایدیاکان" دەبەستێ. لێرەدا ڕەهەندی دووەم واتە هێڵی ستوونیی زمان زەق دەبێتەوە کە تیایدا مۆرفیمەکان یارمەتیدەرێکی گەورەی چەمکسازیی دەروونناسانە و فەلسەفی و زانستی و... هتد ن. بەڵام دیار و ئاشکرایە کە تەنانەت هێڵی ستوونیش پێوەندیی بە جیهانی سروشتەوە هەیە، کە بە کۆمەڵە هێڵێکی تەکووز و ناتەکووزی ئەندازەیی (هندسی) تەنراوە. ئەم تێکتەنرانەی سروشت لە ڕۆحی لاساییگەرانەی مرۆڤدا، تێکتەنرانی زمانی لێدەکەوێتەوە کە ئامرازەکانی تێکتەنرانی زمان بریتین لە مۆرفیمەکان و ئامرازەکان و ...هتد. هەر بۆیە زمان نەک تەنیا دیاردەکانی وەرگێڕاوەتە سەر وشەکان، بەڵکو هێڵە ئەندازەییەکانی سروشتیشی وەرگێڕاوە ـ بەگوێرەی هێڵی ئاسۆیی و ستوونیی زمان ـ واتە هەمان ئەندازیاریی سروشت لە ئەندازیاریی زماندا هەیە. هەر بۆیە زمان دەتوانێ لە داڕشتنەوەی ئەندازەیی ئەپستمۆلۆژیی مرۆڤدا تا بێ بنەتا (مالانهایە) ئێپیستیمە بەرهەم بێنێ. تەنیا مەرجی پێویست بۆ ئەم کارە مرۆڤی بیرکەرەوەیە کە ڕەخسێنەری "ژیانی هزری"یە.

ناسینی جیهانی دەرەکی و نێوەکیبوونەوەی ئەم ناسینە دەبێتە هۆی دەلاندنی ئاوەز لە"بیرۆکە"دا. بیرۆکە فاکتی ڕەسەنی ئاوەزە. وێنە و وێنا فاکتی کەتواری دەرەکین. دیارە "بیرۆکە" هەرچەند بەرەنجامی ڕاڤەی جیهانی دەرەکییە، بەڵام ڕەنێوهێنانەوەی واتایەکە کە سروشتکرد نییە؛ تەنانەت ئەگەر ئەو واتایە جۆرە هەڵێنجانێک لە دیاردەی سروشتی بێت. "بیرۆکە" یەکەم دەرکەوتەی سەرهەڵدانی کولتووری مرۆییە. چونکە لە"بیرۆکە"دا مەسەلەکە تەنیا واتادارکردنی دیاردە و لێکەوتەی دیاردەیی نییە، بەڵکو مەسەلەکە "سەرهەڵدانی سیستمی بایەخدانانی ڕەوشتی، دینی، ڕۆحانی، فەلسەفی"ە لەو وشانەی کە گوزارەکەیان لە ناخ و نێواخنی هزر و ویژدانی مرۆڤدا ڕەگی داکوتاوە. لەم قۆناغەدا دەراوی واتا لە"نێوەکی"ەوە بۆ "دەرەکی" یە، بەپێچەوانەی قۆناغی یەکەمی"ناولێنان" و "واتادارکردن" کە لە"دەرەکی"ەوە بۆ"نێوەکی"یە. هەربۆیە "نۆژەنکردنەوەی مرۆیی جیهان لە بیرۆکەدا" بە مرۆییکردنی واتای جیهانە لە چوارچێوەی زماندا کە ئەمە لەدایکبوونی کولتووری لێدەکەوێتەوە. ئەمەش بەگوێرەی ئەزموونی ڕاڤە و فرەچەشنیی ڕاڤەکان کولتووری جیاوازی گەلان و نەتەوەکان دەخولقێنێ. کەوابوو ئەگەر قۆناغی یەکەمی واتادارکردنی جیهان بە وەرگێڕانی جیهان بۆ زمانی مرۆڤ ناودێر بکەین، پاش فرچکگرتنی کولتوورەکان بەهۆی ڕاڤەهەمەچەشنەکانەوە، قۆناغی دووەمی وەرگێڕان دەسپێدەکات کە من بە "قۆناغی وەرگێڕانی نێوان کولتووری"پێناسەی دەکەم.

"قۆناغی وەرگێڕانی نێوان کولتووری" بیچمی بەرهەستی وەرگێڕانە کە "نێوان ـ زەینی" و "نێوان ـ دەقی"یە. ئەم وەرگێڕانە گواستنەوەی ئەزموونی "زەینی" و "هزری" و "زمانی"ی کولتوورێکە کە دەق



هەواڵنامەی کتێب

لەوەوە بەرهەم هاتووە؛ بۆ نێو "زەین" و"هزر" و"زمان"ی کولتووری نەتەوەیەک کە هەروەک وترا ڕەنگە خاوەنی ئەو ئەزموون یا ئەپستمۆلۆژییە نەبێت. لە نیگای یەکەمدا وادەردەکەوێ کە وەرگێڕان تەنیا گواستنەوەی کۆمەڵە وشەیەک لە زمانێکی دیکە بۆ کۆمەڵە وشەیەکی دیکەیە؛ بەگوێرەی ڕێزمانی زمانێک کە دەقی سەرەکیمان لەوەوە وەرگێڕاوە. بەڵام ئایا تەنیا بە پەیڕەویکردن لەم پێناسە فۆرماڵە دەتوانین ڕۆحی دەق بگوازینەوە؟ بەڵگەنەویستە کە ئامانجی وەرگێڕان خزمەتکردن بە زمانی نەتەوەییە. دەقی وەرگێڕدراو دەبێ ئەسکالتی دەقی سەرەکی بێت، بەڵام ئەم ئەسکاڵتە دەبێ ببێتە هەوێنی گوزارەسازی لە زمانی"من"دا. واتە دەبێ سەرەڕای وەرگێڕانی چەمکەکان، بتوانم بەو"چەمک"انە بیربکەمەوە. ئەگەر وەرگێڕانی گوزارەیەک فۆرماڵ بێت ناتوانێ"بیرۆکەساز" بێت. مەبەست ئەوەیە ناتوانێ ئاوەز بجووڵێنێ. وێنای وشەیی ئاوەز دەجووڵێنێ، لەبەرئەوەی ئاراستەی واتایی دەستنیشان دەکات. دەستنیشانکردنی ئاراستەی واتایی، دۆزینەوەی شێوەی کارکردی زمانە بۆ وەدیارخستنی چۆنییەتی سازوکاری ئاوەز لە زماندا. وەرگێڕانی فۆرماڵ زیان بە"زوڵاڵبوونەوەی زمان" دەگەیەنێ و بەپێچەوانەوە زمان"تاریک" دەکات. تاریکبوونی زمان بریتییە لە کەڵەکەبوونی کۆمەڵە چەمک و وشە و زاراوەیەک کە وێنا و ئاراستەی واتاییان نییە، تەنیا کۆمەڵە مۆرفیمێکن کە ئەرکی داڕشتنێکی فۆرمالیان پێ سپێردراوە بەڵام لەباری واتاییەوە "ئاوەزوروژێن"نین، واتە ناتوانی بەهۆیانەوە بیربکەیتەوە، بەکورتی داڕێژراوێکی ڕوونکەرەوە نین.

لە زۆربەی بوارەکانی وەرگێڕان لە زمانی کوردیدا وەرگێڕانی فۆرمال هەم لەباری وشە و زاراوە و چەمک و ئیدیۆم (واتای پراگماتیک) دەبینرێ. هەوڵ دەدرێ لە درێژەی باسەکەدا بە چەند نموونەیەک ئەم لایەنە ڕوون بکرێتەوە.

دۆخی وەرگێڕان لە زمانی کوردیدا، چەشنی شەپۆل و لێشاوێک وەرێکەوتووە، بەڵام تا ئێستا هەڵسەنگاندنێکی ئەوتۆ بۆ کۆمەڵێک لەو بەرهەمە وەرگێڕدراوانە نەکراوە. تێگەیشتنی باو ئەمەیە کە گوایە ئەرکی وەرگێڕان هاوردەکردنی بیر و ئەزموونی نوێیە بۆ نێو زمانی کوردی و ئێمە دەبێ لەم ڕێگەوە کولتووری خۆمان دەوڵەمەند بکەین. لە نیگای یەکەمدا ئەم گوتەیە ڕاست دێتەبەرچاو، بەڵام ئەگەر لێی وردبینەوە مەسەلەکە هاوردەکردن نییە، بەڵکو مەسەلەکە ئامادەکردنی زمانی کوردییە بۆ قۆناغەکانی داهاتووی گەشەکردنی فەرهەنگ. کەڵەکەکردنی کۆمەڵە بەرهەمێکی وەرگێڕدراو ئامانج نییە، ئامانجەکە "زمانسازی"یە لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە. هەربۆیە چۆنییەتیی وەرگێڕان دەبێ بابەتی گەنگەشە بێت نەک کەڵەکەکردنی بەرهەم. ئامانجی وەرگێڕان دەبێ ئەوەبێت، کە ئێمە ئامادە بکات "چۆن بنووسین". واتە وەرگێڕانی دەقێکی فەلسەفی، دەبێ خۆمان و زمانەکەمان فێری "چۆن نووسین" بکات. ئەگینا ئەگەر نەتەوەیەک هەتاهەتایە کاری ببێتە وەرگێڕان، لە"پیشەسازیی فەرهەنگ" دووردەکەوێتەوە. هەر بۆیە ئەگەر وەرگێڕانی دەقێکی بێگانە بۆ سەر زمانی کوردی نەتوانێ فێری ئەزموونی بیرکردنەوە

و نووسینم بکات، واتای ئەوەیە کە کاری وەرگێڕانەکە ئامانجی خۆی نەپێکاوە. واتای ئەوەیە کە توانستی زمانەکەی منی دەرنەخستووە. ئێستە پرسیارەکە ئەوەیە ئەو ئامانجە بالآیە، واتە: "ناسینی توانستی زمان" چییە؟

تێکرای زمانەکان تواناییەکی پەنگراو (بالقوە)یان تێدایە، بەدەر لەو تواناییەی کە لە بەکارهێنان و ئاخاوتندا هەیە، تواناییەک لە نێواخنی زماندا هەیە کە دیارە و ئاشکرایە هەمووان پەی پێنابەن. ئەم توانستە لە پێکهاتەی زمان دایە، لە مۆرفۆلۆژی، سینتاکس و مۆرفۆ- سینتاکسدا. پێکهاتە(ستراکچەر) ی زمان لە پێکهێنە(ترکیب)ی دایە. واتە لە مۆرفیمەکان و ئامرازەکانیدا. ئاراستەدان. بەم مۆرفیمانە ئاراستەی واتایی جیاواز دروست دەکەن، هەروەک وترا ئەم مۆرفیمانە ئەندازیاریی سروشتن لە زماندا. هەر بۆیە دەتوانن ئەم توانستە لە ئەندازیاریی جیهانی ئاوەز و فەلسەفەدا بخەنەگەڕ. لێرەدا مەبەست لە وەگەڕخستن بە واتای خستنەگەڕی هوشیارییە لە دۆزینەوەی کارکردی مۆرفیم لە ئاراستەدان، بە واتا بۆ دارشتنی واتای نوێ. با سەیرێکی ئەم مۆرفیمانە بکەین:

هەڵا - دا - پێ - تێ - لێ/ هەروەها ئەم چاوگانەی (ڕشتن، ڕوانین). ئەم مۆرفیمانە دەتوانن سیمای نوێ و واتای نوێ بەم دوو چاوگە ببەخشن، وەک:

هەڵڕشتن، دارشتن.

پێروانین، لێروانین، تێروانین.

بۆ نموونە (نالی) لەم دوو دێرە شیعرەدا توانیویەتی بە دۆزینەوەی ئاراستەی واتایی پەی بە واتای نوێ ببات:

- لوتفی بانگوش بوو کەوا لەم حوجرەدا زاناندمان   گەر بەنی ئادەم بخنکێتن سەراوە نەک بناو

لەم دێرە توانستی (اندن) نەک بۆ بە(تێپەڕ) کردنی کردار، بەڵکو بۆ ئافراندنی واتای نوێ بەکارهاتووە. بەواتای "هەم خۆمان فێربووین و هەم فێری فێرکردنیش بووین".

نموونەی دووەم:

گاهێ دەبێ بە ڕەوح و دەکەی باوەشێنی دڵ   گاهێ دەبێ بە دەم دەدەمێنی دەمی غرور

سەرنج لە دەم بدەن: دەم و دەمێن و دەماندن و دەدەمێنی. نالی بە وردبوونەوە لە"دەمە"ی کوورەی ئاسنگەری، ئەم واتایەی هەڵێنجاوە. ئەمەش جۆرێکی دیکەی دۆزینەوەی توانستی زمانە.

یەکێک لەو پەرۆشیانەی وەرگێڕ، پەرۆشیی پێکانی واتایە ـ گوایە وەک خۆی! ـ وەک بڵێی ئەگەر وشە بە وشە بابەتەکە وەربگێڕێت یان یەکە پێکهێنەرەکانی وشەکە وەربگێڕێت، ئیدی وەرگێڕانێکی سەرکەوتووی وەدیهێناوە. ئەم وەرگێڕانە لەبەرئەوەی فۆرمی وشەی وەرگێڕاوە نەک ڕۆحی وشە و لایەنی نێوەکیی واتای وشەی وەرنەگرتووە دەتوانین بە وەگێڕانی"فۆرمال" ناودێری بکەین.

بۆ نموونە وشەی monologue یەکێک لەو زاراوانەیە کە هەم لە تیۆریی ئەدەبی و هەم لە هونەری شانۆ و سینەما بەکارهاتووە و ڕیشەی بەکارهێنانیشی لە شانۆنامە گریکییەکاندایە. ئەگەر لە کاتی وەرگێڕاندا ئێمە کەرتەکانی ئەم زاراوەیە جیا بکەینەوە mono – logue و ئەوکات هەرکام لەم یەکە جیاوازە واتاییانە وەربگێڕین واتا کوردییەکەی بەم چەشنە دەردەچێ: تاک + بێژی = تاکبێژی. بەمە دەوترێ وەرگێڕانی فۆرمال. ئەگەر سەرنجی ئێمەش فۆرمال بێت ڕەنگە هەڵەکە نەبینین چونکە یەکگرتنی مۆرفیمی لە زمانێکدا بەگوێرەی بونیادی سینتاکسیی ئەو زمانەیە. هەروەها، کەرتە پێکهێنەرەکانی واتایەک مەرج نییە تەنیا یەک واتایان هەبێت. هەر بەو چەشنەی کە (لۆگ و لۆگۆس) یەک واتایان نییە و بەگوێرەی بەستێنەکان واتایان دەگۆڕێ. ئایا مەبەستەکە ئەوەیە یەک کەس لەگەڵ خۆیدا قسە دەکات یان نا؟ بەر لە وڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستە باس لەوەش بکەین زمانەکانی فارسی و عەرەبی ئەم زاراوەیان وەرگێڕاوە و دیارە وەرگێڕان لە زمانی عەرەبی و فارسی بۆ سەر زمانی کوردی یەکێک لە کێشەکانی هەڵەی زاراوەییە. لە فارسیدا بە"تک گفتار" وەرگێڕاوە و لە زمانی عەرەبیدا بە دوو شێوەی"حوار داخلی" و"حوار ذاتی" وەرگێڕدراوە. لەسەر بنەمای وەرگێڕانە فارسییەکە یا بەگوێرەی وەرگێڕانە فارسییەکە کراوە بە "تاکبێژی" و لەسەر بنەما یا بەگوێرەی وەرگێڕانە عەرەبییەکە بە "گفتوگۆی ناوەوە" وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی. لە وڵامی پرسیاری پێشووماندا دەبێ بڵێین: کێ لەگەڵ کێ قسە دەکات؟

لە مۆنۆلۆگیشدا بەربێژ(مخاطب) هەیە. بەڵام بەپێچەوانەی دیالۆگ لە مۆنۆلۆگدا بەربێژەکان دوو مرۆڤ نین، دوو کەسی گریمانکراون، یا دوو کەسیەتین لە یەک کەسیەتیدا. هیچ مۆنۆلۆگێک بەبێ لەبەرچاوگرتنی بەربێژێکی خەیاڵکرد سەرهەڵنادات. مۆنۆلۆگ گفتوگۆی "من"ی کۆمەڵایەتی و"خۆم" واتە شوناسی بووندارانەیە کە بریتییە لە کیانی بوونی من. ئەم دوو شوناسە واتە شوناسی کۆمەڵایەتی "من" و شوناسی بووندارانە یا"خۆم" پێکەوە دەدوێن. کەوابوو ئەگەر لە لۆژیکی واتاوە سەیری بابەتەکە بکەین ڕەنگە بە ئاکامێکی زۆرجیاواز بگەین. ئەگەر ئەم شێوە تێگەیشتنە لە واتای مۆنۆلۆگ لەگۆڕێدا بێ، کەوابوو"وشەی تاکبێژی" زۆر بێمانا دەردەچێ و ئیدی واز لەم دارشتنە دێنین و لە لۆژیکی واتا نزیک دەکەوینەوە. من ئەمە بە"وشیاریی زمانی" ناودەنێم کە پەیوەستە بە لۆژیکی زمانەوە نەک فۆرمی زمان.

لە داڕشتنی ئەم زاراوە بە زمانی کوردی دەبێ یەکەم: ئاراستەی واتایی لەبەرچاو بگرم. ئاراستەکە گفتوگۆی (من لەگەڵ خۆم)ە. دووەم: کەوابوو دەبێ بەربێژەکان دەستنیشان بکەم واتە "من" و"خۆم". سێیەم: پاش ئەوە دەبێ بزانم ئایا لە (ناو)ەوە دایبرێژم یان لە کردارەوە. دیارە گفتوگۆکردن کردارێکی زمانییە، بەڵام لەهەمانکاتدا مۆنۆلۆگ ڕووی لەدەرەوە نییە و "نێوەکی"یە. هەربۆیە تاکبێژی بەپێچەوانەی مۆنۆلۆگ ڕووی لە دەرەوەیە، ئەمە لە کاتێکدایە کە "تاک" وەک کەرتی یەکەمی وشەکە ڕوون نییە دەیهەوێ چ واتایەک بگەیەنێ. ئایا دەیهەوێ واتای "دانە دانە قسەکردن" بگەیەنێ؟! کەوابوو هیچکام لە واتا و ئاراستەی واتایی مۆنۆلۆگ لەم مانایەدا نییە. هەربۆیە دەبێ لە داڕشتنی شیاوی ئەم زاراوەدا هەم ئاراستەی واتایی کە بریتییە لە گفتوگۆی" زەین لەگەڵ زەین" یا هەمان "من" و"خۆم" لەبەرچاو بگرم. هەروەها چاوگی کردارەکە دەستنیشان بکەم کە بتوانێ نێوەکیبوونی ئەو"کردار"ە بگەیەنێ. هەربۆیە چاوگی"دواندن" لەمبارەوە شیاوە، چونکە "دواندن" بەپێچەوانەی "ئاخاوتن" و"قسەکردن" توانایی ئاراستەوەرگرتنی هەیە. هەر بۆیە دەکرێ بە یارمەتیی"خۆ" کە ئاماژەیەکی نێوەکیی دەروونناسانە و دەربڕی "ناخ"ە و شوناسی بووندارانەی منە و چاوگی "دواندن" کە توانایی ئاراستەوەرگرتنی هەیە ئەم زاراوەیە دابڕێژم و مۆنۆلۆگ بە "خۆدواندن" وەربگێڕم کە هەم ئاراستەی واتایی مۆنۆلۆگی وەرگرتووە و هەم باری دەروونناسانە و دەروونشیکارانەش دەگەیەنێ. کەوابوو هەم دەتوانین لە ژانری هونەری و ئەدەبیدا بەکاری بێنین هەم لە بابەتی دەروونناسی و دەروونناشیکاریدا بڕشتی بەکارهێنانی هەیە. لەوەش زیاتر بەگوێرەی وێنای زمانی"زوڵاڵ"یشە.

ئەوەی لەسەرەوە لەمەڕ شیکردنەوەی واتای مۆنۆلۆگ باسکرا نموونەیەکە لە چەندین نموونە کە دەکرێ بەگوێرەی لۆژیکی بەڵگەهێنانەوەی واتایی لانیکەم بەشێکی زۆری زاراوەکان لە زمانی کوردیدا بدۆزینەوە یا دابڕێژین. ئاسایی و سروشتییە کە زمانێک خاوەنی وشە یا زاراوە یا چەمکێک نەبێ. هەر وشەیەک بۆ خۆی ئەزموونێکە کە ڕەنگە ئەو ئەزموونە لە زمانێکی دیکەدا نەبێ، کەوابوو ئاساییە کە وشەکەش لە فەرهەنگی زمانەکەی مندا نەبێ. بەڵام خۆ دەکرێ بە سەرنجدان لە بەستێنی واتایی وشەکە و لێوردبوونەوە لە بنەمای لۆژیکی بەڵگەهێنانەوەی واتایی لە فەرهەنگی زمانەکەماندا وشەکە دابڕێژین. بەڵام لە داڕشتندا پێویستە ئاخێزگەی واتا لەبەرچاو بگرین. مەبەست ئەوەیە ئەو "وشە"یە ئایا لە "سروشت"ەوە ئاخێزاوە یا بەرهەمی پەتیی زەینی کولتوورە لەڕێگەی داهێنانی چەمک یا کەرەستەوە کە کولتوورەکەی من ئەو ئەزموونەی نەکردووە. دیارە ئەمە نابێ بە کەموکووڕیی کولتوورەکەی "من" لەقەڵەم بدرێت، لەبەرئەوەی دەسکەوتە مرۆییەکان لە سەرنج و گۆشەنیگای جیاوازەوە وەدیدێن. ئەوەی کە گرنگە توانای هزریی ئێمەیە بۆ پەیبردن بە جیهانی دەوروبەر، چونکە هەروەک وتمان زمان بێلایەنە، چی بخوازین ئەو بەدەر لە هەر بایەخدانانێکی ڕەوشتی، توانستەکانی پێشکەش بە ئێمە دەکات. دیارە ئەوەش دەزانم کە کەسێکی وەک "پۆل ڕیکۆر" دەڵێ: "زمان فاشیستە". ئەگەر مەبەست لە زمان،"زمانی

ڕەها و ڕەهای زمان" بێت، من لەتەک ڕیکۆردا هاوڕا نیم. بەڵام ئەگەر مەبەست" بایەخدانانی ڕەوشتیی کارەکتەری زمانی" بێت، دەکرێ گوتەکەی ڕیکۆر پەسند بکەین. هەرچەند لەو باوەڕەدانیم مەبەستی "ڕیکۆر" زمانی ڕەها و ڕەهای زمان" بێت؛ چونکە ئەم گوتەیەی ڕیکۆر لە چوارچێوەی دەق و ڕاڤەی دەق دایە نەک لە چوارچێوەی زمانناسیدا بە واتای ڕەها و داڕنراوی خۆی.

هەروەک وتمان وەرگێران دەتوانێ توانستی زمان وەدیار بخات، بەڵام ئەمە پێوەندیی بە وەرگێڕەوە هەیە کە تا چ ڕادەیەک لە زمان دەکۆڵێتەوە. ئەگەر کەسێک زمان وەک ئامرازێکی پەتی بۆ دەربڕین و تێگەیشتن بزانێت، ئێمە نابێ هیچ چاوەڕوانییەکمان لەو کەسە هەبێت کە بتوانێ پەی بە توانستی زمان ببات. زمان لەگەڵ ئەوەی ئامرازی گەیاندنی واتایە و ڕەخسێنەری تێگەیشتنە، لە هەمانکاتدا بەرهەمهێنی تێگەیشتنە لە ڕێگەی تکنیکەکانی ڕاڤەوە. مەگەر تکنیکەکانی ڕاڤە چین، بێجگە لە هەماهەنگیی بیرۆکە و لۆژیکی ئاوەزی لەگەڵ گوتەزا زمانییەکان. زمان لەگەڵ ئەوەی کە دەربڕە، لەگەڵ ئەوەشدا ئاسۆی دەربڕینی تازەشمان بۆ دەکاتەوە. لە مەسەلەی ڕاڤەدایە کە دەوترێ زمان هەم چەواشەکارە و هەم ڕوونکەرەوە، گوتە بەناوبانگەکەی ڕیکۆریش کە دەڵێ:" زمان فاشیستە" هەر لەم بوارەدا شایانی تێڕامانە.

ـ زمانی کوردی لەگەڵ ئەوەی زمانێکی فرەچەشنە. بەسەر چەندین زار و شێوەزاردا دابەشکراوە. ئەم دۆخە هەم هەڕەشەیە هەم دەرفەت. کەوابوو ئەمە یەکێک لە توانستەکانی ئەم زمانەیە. کاتێک باس لە بەڕووی خۆداکردنەوە دەکەین ـ هەروەک پێشتر باسمانکرد ـ مەبەستمان بەڕووی خۆداکردنەوەی ئەم زمانەیە. واتە سەرنجدان لە لقەکانی خۆی. هەر زار و شێوەزارێکی ئەم زمانە لە جوگرافیایەکی تایبەتدا خاوەنی ئەزموونی خۆیەتی. چونکە هەم جوگرافیای سروشتی و هەم باوەڕی خەڵکی خۆولاتیی ئەو ناوچانە ڕەنگە پڕبێت لە ئەزموونی ناوێزەی زمانی. گەڕان و پشکنین بەنێو ئەم زارانەی زمانی کوردی بە شێوەیەکی زانستییانە و زمانناسانە و بەکارهێنانی ئەم ئەزموونە لە زمانێکی تۆکمەدا لە پرۆسەی"زمانسازی"ی کوردیدا توخمێکی کاریگەرە، بەڵام ئایا نووسین ناتوانێ وەها کارێک بکات و تەنیا وەرگێران ئەم کارەی لە دەست دێت؟ پێشتر وتمان لێکۆڵینەوەش دەتوانێ ئەم ئامانجە بپێکێ.

وەرگێران لەبەرئەوەی نێوانزەینی و نێواندەقییە پابەندە بە گواستنەوەی تێکرای وشە و واتاکان. وەرگێڕ ناتوانێ پەنا بۆ "کایەی ئازادی خەیاڵ" ببات. بەڵکو پابەندە بە پلەبەندیی واتایی دەقەوە. واتە ناتوانێ جێگۆڕکێ بە وشەکان بکات. وشەکان لە وەرگێڕاندا ئەگەر لانیکەم هاوبارتەقا نەبن، لانیکەم دەبێ باری واتاییان ڕەنگدانەوەی یەکتر بێت. لە"نووسین"دا نووسەر دەتوانێ بە چەندین شێوازی دەربڕینی جیاواز مەبەستەکەی بگەیەنێ و "کایەی ئازادی خەیاڵ" و "ئازادیی هەڵبژاردنی وشە" مانۆڕی ئەدەبیی دەق دەخولقێنێ. لە وەرگێڕاندا دەکرێ کەمێک چێژی ئەدەبیی دەق زیاتر بکەین، بەڵام ناتوانین مانۆڕ بدەین.

واتە ڕێگەی زمانپاراوی و زمانهەراوی و پاراوبێژی لەڕێگەی کایەی وشەییەوە زۆر کەمترە، چونکە پلەبەندیی واتایی دەقی لێوەرگێڕدراو ڕێگە بە وەها کایەیەکی وشەیی نادات. هەربۆیە گەڕان بەدوای دەربڕینی شیاو و نزیکترین واتا دەبێتە هۆی وروژاندنی هەستیاریی ئێمە لە هەڵبژاردنی یەکەی واتایی شیاو. ئەمە ناچارمان دەکات لەنێو زمانەکەماندا کنە بکەین و ئەمەش توانستی زمان دەباتە قۆناغێکی دیکەوە.

نموونەکان بۆ شیکردنەوە:

ڕۆیشتن / چوون = داچوون، هەڵچوون، لێچوون، پێچوون، بەسەرچوون، پێداچوونەوە، تێچوون، چەندوچوون،

ڕۆیشتن؟ ......... ڕۆیشتن لەیەک واتادا لەتەک چوون یەکدەگرێ و لەوانیدی جیادەبێتەوە. واتە توانستێک کە بۆ وشەسازی لە "چوون"دا هەیە، لە چاوگی"ڕۆیشتن"دا ئەو توانستە نییە. کەوابوو دەکرێ دوو وشە لە یەک واتادا یەکبگرن، بەڵام لە واتاکانی دیکەدا یەکنەگرن. کاتێک دەوترێ"هەر هاوواتایەک دەقاودەق هاوواتا نییە" مەبەست توانستەکانی ئەو واتایانەن کە لە یەک بەستێندا یەکدەگرن و لە بەستێنەکانی دیکەدا لێک جیا دەبنەوە. ئێمە بە ڕەچاوکردنی "واتا بەگوێرەی بەستێن" دەتوانین توانستەکە بناسین.

هەواڵنامەی کتێب

هاوواتا/ هاوگوێرە (مرادف، معادل)

کاتێک باسی هاوواتایی دەکەین مەبەستمان ئەو واتایانەن کە وشەیەک هەیەتی و بەگوێرەی لۆژیکی واتاکەی لە هێڵی ئاسۆیی خۆیدا واتاکانی دوور و نزیکن.

دوو بابەت هاوواتا نین. چونکە گوتەزان، واتە زادەی وشە نین، زادەی گوتنن (مقولە). هەربۆیە هاوگوێرەی یەکدین نەک هاوواتا. زۆرجار هاوواتا و هاوگوێرە (مرادف و معادل) بە وەکیەک دەزانرێن و ئەمەش پێوەندیی بە نەناسینی بەستێنی سەرهەڵدانی واتاوە هەیە.

ـ واتای فەرهەنگی (قاموسی) و واتای پراگماتیک

یەکێک لە هۆیەکانی لێڵیی واتایی تێکەڵبوونی واتای فەرهەنگی و واتای پراگماتیکە. هەندێ جار لەنێوان واتای لیکسیکی و واتای پراگماتیک مەودای واتایی دروست دەبێ. لە واتای پراگماتیکدا "وشە" لە بەکارهێنانی لیکسیکی دەترازێ و واتای سیمانتیکی دەگۆڕێت بۆ واتای پراگماتیک. ئەم هەڵەیە لە

نووسینی فەرهەنگە کوردییەکاندا هەیە و لەبەر ئەمە تێگەیشتن لە واتای ڕاستەقینەی وشەی ئاستەم کردووە. لە واتای پراگماتیکدا وشە واتاکەی دەبەسترێتەوە بە واتای پەیامی ڕستەوە. هەربۆیە وشە لە دۆخی ئیدیۆمی و پەندی فۆلکلۆریکدا واتایەکی لێکترازاو دەگەیەنێ. بە گەڕاندنەوەی ئەو وشانە لە دۆخی پراگماتیکییەوە بۆ دۆخی فەرهەنگی ـ سیمانتیکی جۆرێکی دیکە توانستی زمانیمان بۆ ئاشکرا دەبێ.

بۆ نموونە لە ئیدیۆمی" بە ئاوی ئاموون و تووونی بابا چی" دا وا لێکدراوەتەوە کە " توون" و "توونا"بە واتای لەنێوچوون و مردن و تیاچوون بەکارهاتووە، بەڵام لەڕاستیدا واتای "توون" بە شوێنێک دەوترێ کە بیچمێکی قەپوشکەیی و تێکچڕژاوی هەبێ کە مرۆ تیایدا بزر دەبێ کە ئاکامەکەی بە"لەنێوچوون" کۆتایی دێت. هەربۆیە، لێکدانەوەی توون بە تیاچوون هەڵەیە، چونکە شوێنەکە وەها تایبەتمەندییەکی هەیە کە دەبێتە مایەی تیاچوون. دەستەواژەی تەفروتوونا کە لەڕاستیدا "تەفرەوتوونا"یە واتای ئیدیۆمیی "مەرگ"ە نەک واتای ڕاستەقینەی دەستەواژەکە. هەربۆیە "تووناوتوون" واتای "هزارتو"ی فارسی و "متاهە"ی عەرەبی دەگەیەنێ. ئەم کنەکردنە لە زماندا و گەڕاندنەوەی وشە بۆ واتای ڕاستەقینەی خۆی دەتوانێ لە ئەنگاوتنی واتای چەمکی یارمەتیدەر بێت. ئەم توانستە لەو کاتەدایە کە ئێمە لە وەرگێڕانی وشەکاندا لە زمانی خۆماندا ڕۆدەچین و ئەم "ڕۆچوون"ە دەتوانێ ببێتە هۆی"زوڵاڵسازیی زمانی".

بەرەنجام:

ـ توانستی زمانی لە ئاخنەی زماندایە کە لەڕێگەی ڕاڤە و بەڵگەهێنانەوەی لۆژیکی واتاییەوە، خۆی دەردەخات. وەرگێڕان لەبەرئەوەی بەراوردی زمانی و لەقەرەدانی دوو زمان و دوو دەقە و دەبێ ئەسکاڵتی دەقی سەرەکی بێت، بەهۆی دەروەستبوونێک کە دروستی دەکات وەرگێڕ ناچار بە کنەی زمانی و گەڕان و گوزارەسازی دەکات. توانستی زمان تەنیا لە ڕێگەی ڕاڤە و بیرکردنەوە و ئاوەزمەندی دەردەکەوێ، چونکە لە وەرگێڕاندا زمان دەبێتە هەوێنی بە ڕووی خۆداکردنەوە. بە ڕووی خۆداکردنەوەی زمان لە وەرگێڕاندا بریتییە لە کنە لەنێو زماندا بۆ گەیاندنی باشترین واتا یا وردترین واتا یا ئەوپەڕی واتا.

لەم ڕێڕەوەدا دۆزینەوەی توانستی واتا گەورەترین دەسکەوتی وەرگێڕانە کە بتوانین "بیرۆکەسازی"بکەین، چەمک و زاراوەکان دابڕێژین و دواجار بەیارمەتیی چەمک و زاراوەکان کە دۆزیومانەتەوە یان دامانڕشتوون بیربکەینەوە. هەربۆیە بە سادە سەیرکردنی وەرگێڕان تەنیا سادەبێژی لێدەکەوێتەوە. هیچکات سادەبێژی بەواتای پاراوبێژی نییە. هەرگیز سادەبێژی و زمانپاراوی

ناتوانێ پەردەکانی هەست بدڕێنێ و دەروازەی ئاوەز بکاتەوە. من لەو باوەڕەدام کە دەبێ زمانی ئێمە بتوانێ بەربێژی ئاوەز بێت، نەک تەنیا سۆزەکان بجوولێنێ. دۆزینەوەی توانستی زمانی دەتوانێ هەم هێلی ئاسۆیی زمان و هەم هێلی ستوونیی زمان زولاڵ بکاتەوە. نەخشی وەرگێڕان لەمبارەوە لە دروستکردنی زمانی یەکگرتووشدا جێی بایەخە. چونکە زمانێک دەتوانێ بە کەوتنەنێو پرۆسەی چەمکسازیی، بالادەستیی خۆی بسەلمێنێ. مەبەست لە بالادەستی، گوزارەسازییە. گوزارەسازی بەشێکی گەورەی پۆلێنبەندیی داناییە. پۆلێنبەندیی دانایی لەکاتی بەراوردکردنی فاکتەکان و گوتەزاکان و چەمکەکان و زاراوەکان و ئەزموونەکانی ژیانی هزریی مرۆڤ پێکەوە دەنرێ. وەرگێڕان دەربڕینی ئاکامی ئەم بەراوردەیە لە زماندا لە چوارچێوەی هاوگوێرەی گوزارەیی، ئەگەر بتوانین ئەم کارە بکەین، دەتوانین بڵێین کەوتووینەتە پرۆسەی "زمانناسازی"یەوە لەپێناو پەیداکردنی جێگەیەک بۆ "ژیانی هزری"مان لە جیهاندا.

هەواڵنامەی کتێب

(٢)

## وەرگێڕان وەک دۆنادۆنێک لە کلتووری جیهانی

هەندرێن/ زانکۆی سۆران

ڕەنگە زۆرینەی ئەو دەقە وەرگێڕدراوانە بۆ کوردیی جێگەی متمانە نەبن و وەرگێڕەکانیش شارەزاییەکی باشیان نە لە زمانی دایک و پێداویستییەکانی و نە لە کلتووری ئەو زمانانەی کە لێیوە وەریدەگێڕن نەبێت.

ئەگەر وەرگێڕان دۆنادۆنێک لە کلتووری جیهانی بێت، ئەوا گەرەکە وەرگێڕانی ئێمە ئەوەی کە زمانی کوردی گەرەکییەتی مەیسەر بکات. وەرگێڕان پرۆسەیەکە لە دۆنادۆنی ڕووحیی ڕۆشنبیریی خۆی و ئاشنابوون بە کلتووری ئەوانی تر. ئێستا وەرگێڕان لە بواری ڕۆشنبیریی کوردیدا، بووەتە جۆرێک لە کار، لێ هەمیشە دەبیستین کە ئەو کاری وەرگێڕانە، نە مایەی ڕەزامەندی و گۆڕینی خوێنەرە و نە خواستی بەجیهانبوونیشیمان مەیسەر دەکا.

نەک ببێت بە بەشێک لە گوتار (دیسکۆرس)ی ئایدیۆلۆژی ئەوانی تر؟

وەرگێڕانی کوردی لە بری ئەوەی وەڵامی بەشێک لە داخوازییە ڕۆشنبیرییەکانی خوێنەری دابێتەوە، بووەتە بەشێک لە گوتاری زاڵی ئایدیۆلۆژیی ئەوانی تر. بۆیە پێویستە بپرسین: ئایا کاتێک وەرگێڕی کوردی دەقێکی بیانی دەکوردێنێ، چەند ئاگایانە ڕەهەندە جیاوازەکانی گوتاری کولتووریی ئەو زمانە بیانییە ڕەچاودەکا؟

ئایا بە هەند وەرگرتنی ڕەهەندی کلتووری لە وەرگێڕاندا، مانای گونجاندنە لەگەڵ کلتووری ئەوی تر یان مانای ئامادەبوون و جیاوازییەکی ئێستێتیکیی زمان- بوونیەتی لە جیهاندا؟

لێرەدا دەخوازین تەنێ هزرگەلێکی جیاواز لەمەڕ ڕەهەندی کلتووریی دۆنادۆنی وەرگێڕان و گرفتەکانی وەرگێڕانی کوردی بەدیاربخەین.

## پەیڤە کلیلییەکان: وەرگێڕان، زمان، دۆنادۆن، کلتوور، گوتاری ئایدیۆلۆژیی زمانی ئەوی تر

گواستنەوەی ئەزموونی ڕۆشنبیریی ئەوانی تر، چۆن کاریگەرییەک لەسەر بابەتی وەرگێران دروستدەبێت؟

خودی وەرگێران دەبێتە بابەتێکی سەرنجراکێش. بەمجۆرە مێژووی وەرگێران کردەیەکی دۆنادۆنی کلتوورییە. مێژووی هزریی مرۆڤایەتی بەرهەمێکن لەو کردە ئالۆگۆڕییەی وەرگێران. وەرگێران هەمیشە چەشنە تێگەیتشتنێک، گۆڕانێک، گومانێک، جوولەیەک و ... تاد لە بیرکردنەوەی مرۆڤ دەسازێنێ.

ئەگەر ئەفراندن بریتی بێت لە دۆزینەوەی جیهانێکی نادیار یان گۆڕانێک لە ئەزموونی مرۆڤ، ئەوا وەرگێران خۆی لە خۆیدا جۆرە داهێنانێکی ترە لەو زمانەی کە وەرگێڕ دەیگوازێتەوە. وەرگێران جۆرە تێگەیتشتنێک لە وانی تر بە ئێمە دەبەخشێ.

ئەمەیش وایکردووە کۆمەڵگەکان بە بوونێکی جیاوازەوە لە جیهاندا ئامادە بن. کاتێک گریکی دێرین لە لایەن ڕۆمەکانەوە رووخا، کلتوور و زمانی لاتینی بە گواستنەوەی کلتووری لەدایکبوو، کە بوو بە میراتێکی جیاواز لە گریکی. دواجاریش لە ژێر کاریگەریی ئەفلاتووندا، مەسیحەت بەجیهانبینییەکی جیاوازەوە لە جیهاندا ئامادەبوو.

هەر وەک ئیسلام لە ژێری کاریگەریی وەرگێرانی کلتووری ئەوانی ترەوە، جیهانێکی جیاوازی دۆزییەوە. هزرڤانێکی وەک ابن الروشد و ئەوانی تر، لە دەقەکانی ئەریستۆ و یۆنانییەکان، بەو دۆنادۆنی کلتوورییەوە، هزرگەلێکی لەناو بڕوادارانی ئیسلام سازکرد کە ئێستایش زیندووە.

ڕێنسانس لە سەدەی چواردە و پانزدەی ڕۆژئاوا، بە وەرگێرانی کلتووری یۆنانی پەرەیسەند، کە ڕۆشنگەریی لێ بەرهەمهات. دواجاریش ئەو ئەوروپایەی کە بە هزر و زانستەوە بەسەر دونیادا باڵادەستە، کە بوونێکی جیاوازە لەوەی یۆنان.

زمانەکان لەگەڵ وەرگێرانی کلتووری ئەوانی تر لەگەڵ جیهاندا بە گۆ هاتن، بوونی جیاوازیی خۆیان دەرخست. ئەوها زمان خۆی بە بیر دێتەوە، تاکوو ببێت بە خۆی.

کەواتە وەرگێران ونبوون نییە لە گوتاری ئایدیۆلۆژیی ئەوانی تر. کاتێک وەرگێڕ دەقێک لە زمانی ئەوانی تر، عەرەبی، ئینگلیزیی و ... هتد دەگوازێتەوە بۆ کوردی تەنێ ڕووبەڕووی وشە وەرگێران نابێتەوە، بەڵکە ڕووبەڕووی کلتووری ئەو زمانەیش دەبێتەوە.

ئەمەش لە کارخستنی گوتاری ئایدیۆلۆژی زمانی باڵدەستی ئەوی ترە. لەو ڕوانگەیەوە وەرگێران لە بواری ڕۆشنبریی ئێمەدا، پرۆسەی دۆنادۆنێکی کلتووریی نییە بۆ ئامادەبوون لە جیهاندا، بەڵکوو بوونە بە بەشێکە لە گوتاری باڵادەستی ئایدیۆلۆژیی ئەوی تر.

ئێمە پێویستە لە تەک ئەو سەرسوڕمانەمان بەو کردەی وەرگێرانەدا، گەرەکە وەرگێڕان ئەو گوتارە ئایدیۆلۆژییەی ئەوی تر لەکاربخات نەک کارای بکات. کاریگەریی ئەو گوتارە لە ئێستای ڕۆشنبیریی کوردیدا، لە بری ئەوەی خۆمان بگوازینەوە بۆ ناو جیهان و زمان باڵا بکەین، وایکردووە زانینی زمانی ئەوانی تر و کەمکردنەوە لە زمانی کوردی، ببێتە برەودان و ڕەوایەتیدان بە گوتاری باڵادەستی ئایدیۆلۆژیی زمانی ئەوانی تر.

ئەمەیش وایکردووە، گوتاری زاڵی پۆستکۆلۆنیالیزم لە زمان و ژیانی ئێمەدا ئامادەبێت.

وەرگێڕان بەشداریکردنە لە داهێنانەوە و لەدایکبوونەوەی کلتوورێکی جیاواز لە کۆبەندی (کۆنتێکست)ێکی جیاوازدا لەگەڵ گەشەی وەرگێڕاندا، ئەدەب و هونەری کوردی، لە بری دۆناودۆنیی کلتووریی کوردی لە جیهانی ئەوانی تر، بووەتە بەشێک لە گواستەنەوەیەکی نەرێنی گوتاری زاڵی ئایدیۆلۆژیی ئەوانی تر.

بۆیە هزر، بابەت و خەیاڵی ئەدەب و هونەری ئێستای کوردیی، لە بری بە دیارخستن و دەرکەوتنی بوونی ناوەکیی کوردیی بێت، گواستنەوەی گوتاری ئایدیۆلۆژی ئەوانیترە.

وەرگێڕان لە بیرکردنەوەی ئێمەدا، نەبۆتە کردەی داهێنانی نووسین، بەڵکوو وەرگێڕان بووەتە لەکارخستنی نووسین.

**ئەنجام**

وەرگێڕان کردەیەکە لە دۆنادۆنی جیهانی، چونکە لەگەڵ وەرگێرانی دەق لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە، کلتوورێکی نوێ لەدایکدەبێت و زمانیش گەشەدەکا. بۆیە مێژووی هزری مرۆڤایەتی، پڕۆسەیەکە لەو کردەیە. وەرگێڕانی کوردی گەشەی کردووە، لێ ئەو گەشەکردنە، نەبۆتە سازکردنی کلتوورێکی نوێ و بوونێکی نوێی کوردی، بەڵکوو زیاتر کردەیەکە لە کاسبیی و کەمکردنەوە لە زمانی کوردی و گواستنەی گوتاری زاڵی ئایدیۆلۆژیی ئەوانی تر.

هەواڵنامەی کتێب

# موقع الترجمة الكردية و تحيّرها في الترجمة العالمية

## المؤتمر الدولي السنوي الرابع لمركز هندرين للأبحاث اللغوية و الثقافية / جامعة سوران

# Status and Perplexion of Kurdish Translation in World Translation

## Fourth Annual International Conference of Hendren Center for Language and Cultural study \Soran University

# 29-28, March, 2021